هاوكار محيّدين جەليل

# دۆزى كورد له توركيا
# له سالآنی (۱۹۸۰-۱۹۹۹)

پرۆفیسۆر- دکتۆر جەبار قادر غەفور پێشەکی بۆ نووسیوە

* ناوی کتێب: دۆزی کورد لە تورکیا لە ساڵانی (١٩٨٠–١٩٩٩)
* ناوی نووسەر: هاوکار محێدین جەلیل
* سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود .
* نەخشەسازی: عیسام موحسین.
* چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.
* لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی ژمارە (   ).
* تیراژ: ٥٠٠ دانە.
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(   )ی ساڵی ٢٠١٢ی پێدراوە.

تێبینی: ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا نامەی ماستەر بووە، بە شەرپەرشتیی پرۆفیسۆر دکتۆر جەبار قادر غەفور، لە ساڵی (٢٠٠٩)دا پێشکەشی بەشی (مێژوو)ی کۆلێجی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی کۆیە کراوەو بە پلەی (زۆرباشە) وەرگیراوە.

**پێشکەشە بە:**

- باوکم و دایکم و براکانم و خوشکەکەم.
- هەموو ئەو کەسانەی لە پێناو چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە تورکیا و هێنانەدیی داهاتوویەکی گەش بۆ باکووری کوردستان تێدەکۆشن.

**سوپاس بۆ:**

- خوای گەورە کە لە قۆناغەکانی خوێندنم دا توانای پێبەخشیم.
- سەرپەرشتیاری بەڕێزم (پ.د.جەبار قادر) کە ئەرکی سەرپەشتیکردنی توێژینەوەکەی لە ئەستۆ گرت و سەرنجو تێبینییە ورد و بۆچوونە زانستییەکانی پاڵپشتییەکی زۆری تەواوکردنی ئەم نامەیە بوون.
- (دایك و باوکم) کە زۆر دڵسۆز بوون لە تەواوکردنی ئەم نامەیە.
- براکانم: کاك نەوزاد کە زۆر یارمەتیی دام، هەروەها کاك هاوژین لە وەرگێڕانی زمانی تورکیدا پاڵپشتی سەرەکیم بوو.
- کاك (جەوهەر ئەحمەد) لە سەنگەسەر کە لە ئەنجامدانی هەندێ چاوپێکەوتن و پێدانی سەرچاوە و پێداچوونەوەی زمانەوانی و ڕێنووسیدا زۆر هاوکاریی کردم.
- کتێبخانەکانی (کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، گشتی سلیمانی، ممتاز حەیدەری...).
- بەڕێز (محەمەد عەلی) کە لە دروستکردنی نەخشەی باکووری کوردستاندا هاوکاری کردم.
- بەڕێزان (د. جەعفەر عەلی رەسول، د. عیماد عەبدولقادر) و هەموو ئەو کەسانەی تر، کە لە تەواوکردنی خوێندن و نامەی ماستەرەکەم دا هاوکارییان کردم.

## کورتکراوەی هێماکان:

| ل | لاپەڕە |
|---|---|
| چ | چاپ |
| و. | وەرگێڕ |
| ب | بەرگ |
| ب.ش | بێ شوێنی چاپ |
| ب.س | بێ ساڵی چاپ |
| ژ | ژمارە |
| ع | العدد |
| ت. | ترجمة |
| گ | طبع |
| ص | الصفحه |
| د. | دکتور– الدکتور |
| د.س | دون سنة الطبع |
| د.م | دون مکان طبع |
| ج | الجزو |
| **P.** | **Page**(لاپەڕە) |
| **S** | **Sayfa**(لاپەڕە) |
| **Ç** | **Çap**(چاپ) |
| **Ç.** | **Çeviren** (وەرگێڕانی) |
| **B** | **Baskı**(چاپ) |
| **H** | **Hazirlayan**(ئامادەکرن) |
| **a.g.e** | **adı geçen eser** (سەرچاوەی پێشوو) |
| **A.e** | **Ayni eser**(هەمان سەرچاوە) |

# ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەكی | ١- ٤ |
| پێشەكی نووسەر | ٥- ١٥ |
| **بەشی یەكەم/ دۆزی كورد لە توركیا لـە دامـەزرانی كۆمـارەوە تـا ساڵی ١٩٨٠** | **١٦- ٥٣** |
| باسـی یەكـەم/ كورتەیـەكی مێـژوویی دۆزی كـورد لـە توركیـا لـە ساڵانی (١٩٢٣- ١٩٣٨) | ١٧- ٢٦ |
| باسـی دووەم/ پێـشهاتە سیاسـییەكانی بـاكووری كوردسـتان لـە جەنگی دووەمی جیهانییەوە تا كۆتایی شەستەكان | ٢٧- ٣٥ |
| باسـی سـێیەم/ بـارودۆخی بـاكووری كوردسـتان لـە حەفتاكانـداو دامەزراندنی پارتو ڕێكخستنە سیاسییە كوردیەكان | ٣٦- ٥٣ |
| **بەشی دووەم/ دۆزی كورد لە نێوان ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٤)** | **٥٤- ٩٢** |
| باسی یەكەم/ كودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ | ٥٥- ٦٧ |
| باسـی دووەم/ هەڵوێـستی كودەتاچـیەكان بەرانبـەر بـە كـورد (١٩٨٠- ١٩٨٣) | ٦٨- ٧٤ |
| باسـی سـێیەم/ مافـەكانی كـورد لـە دەسـتوری سـاڵی ١٩٨٢ی توركیادا | ٧٥- ٨١ |
| باسی چوارەم/ سەرهەڵدانی خەباتی چەكداری | ٨٢- ٩٢ |
| **بەشی سێیەم/ دۆزی كورد لە كـاتی شـەڕی چـەكدارییدا (١٩٨٤- ١٩٩١)** | **٩٣- ١٤٥** |
| باسی یەكەم/ پارتی كرێكارانی كوردستانو كاردانەوەی حكومەتی توركیا | ٩٤- ١١٧ |

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| باسی دووەم/ گەشەسەندنی دۆزی کورد، لەسەر ئاستی دەرەوەو ناوخۆی تورکیادا | ١١٨- ١٢٦ |
| باسی سێیەم/ پارتو بزاڤە سیاسییە کوردییەکان (١٩٨٤-١٩٩١) | ١٢٧- ١٣٣ |
| باسی چوارەم/ گۆڕانکارییە هەرێمیو جیهانییەکانو دۆزی کورد لە تورکیادا | ١٣٤-١٤٥ |
| **بەشی چوارەم/ سەردەمێکی نوێ لە مێژووی کورد لە تورکیا** | **١٤٦- ٢١٦** |
| باسی یەکەم/ هەوڵەکانی چارەسەر کردنی دۆزی کورد | ١٤٧-١٦٩ |
| باسی دووەم/ پارتی کرێکارانی کوردستانو پەرەسەندنی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد لە نەوەدەکاندا | ١٧٠- ١٩٧ |
| باسی سێیەم/ گیرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و گۆڕانکاری لە هاوسەنگیی هێزەکاندا | ١٩٨- ٢١٦ |
| ئەنجام | ٢١٧- ٢١٩ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٢٢٠- ٢٣٨ |
| نەخشەی باکووری کوردستان | ٢٣٩ |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی | ٢٤٠- ٢٤١ |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی | ٢٤٢- ٢٤٣ |

## پێشەکی

وردبوونــەوە لــە رووداوەکــانی بزووتنــەوەی نەتــەوەیی و دۆزی کــورد لــە ســەردەمە جیاوازەکــانی مێــژووی نوێمانــدا، و لێکدانــەوەی پــرس و کێــشەکانی یارمەتی هەموو ئـەو کەسانە دەدەن کـە دەیانـەوێ لـە بـارودۆخی ئـەورۆی کـورد تێبگەن. ئەمە چەندە بۆ خوێنەرانی ئاسایی راست و دروستە، چەندین ئەوەندە بۆ سیاســەتمەداران و چــاودێرانی سیاســی و شــیرۆڤەکاران راســتە. لــەم دیــدەوە لێکدانەوەی رەوتی مێژوویی کورد لە تورکیا و سیاسـەتەکانی حکومەتـە یـەك لـە دوای یەکەکانی ئەو وڵاتە و هەڵوێست و کاردانەوەی کوردانی ئەوێ گرنگیـی خـۆی دەسەپێنێ.

زوربەی خوێنەرانی کورد بە شێوەیەك لە شـێوەکان ئاگـاداری هەنـدێ لایـەنی مێــژووی کــوردن لــە تورکیــا، بــە تایبــەتی رووداوە خوێناوییــەکانی بیــستەکان و سییەکانی سەدەی رابردوو، کاتێ کـوردانی ئـەو بەشـەی کوردسـتان لـە بەرامبـەر سیاسەتی توانەوە و قڕکردنی کاربەدەستاندا زنجیرەیەك سەرهەڵدان و راپـەرینیان بەرپا کرد، کە بـە شـێوەیەکی بێبەزییانـە لـە لایـەن سـوپاوە سـەرکوت کـران. لـە کۆتایی سییەکانەوە، واتا لە دوای سەرکوتکردنی راپەرینی دەرسـیمەوە لـە سـاڵی ١٩٣٨ تا نێوەراستی شەستەکان بێدەنگییەکی ترسناك باڵی گرتبوو بـە سـەر ئـەو بەشەی کوردستاندا و لە دونیای دەرەوە دابڕێنرا بوو.

لە شەسـتەکان و حـەفتاکان کـوردان هێـدی هێـدی تێکـەڵاوی ژیـانی سیاسـی دەبنــەوە، لــە دەســپێکدا لــە ریــزی پــارت و رێکخــراوە سیاســیی و رۆشــنبیرییە تورکیاییەکان. بەڵام لە نێوەراستی شەستەکانەوە و بە هۆی سیاسەتی نادروسـتی ئـەو پـارت و رێکخراوانـەوە لـە مـەڕ مافـە رەواکـانی کـورد، گـروپ و رێکخـراوی رۆشنبیری و سیاسی کوردستانی سەرهەڵدەدەن.

رووداوەکانی شۆرشی ئەیلول لە باشوری کوردستان رۆڵێکـی گـەورەیان بـینی لەم بەئاگاهاتنەوەی کوردانـدا. لـە بەرامبـەردا حکومەتـە یـەك لـە دوای یەکـەکانی تورکیا لەسەر سیاسەتی نکۆڵی کـردن لـە کـورد و پێـشێل کردنـی سـەرەتاییترین مافەکانی هاوڵاتیانی کورد بەردەوام بوون.

کودەتـای ١٢ ئـەیلولی ١٩٨٠ خـاڵێکی وەرچـەرخان بـوو لـە مێـژووی کـوردی تورکیادا. لە تەك فاکتەرە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکانـدا، ڕۆڵـی فاکتـەری کـوردیش کـەم نـەبوو لـە ڕوودانـی ئـەو کودەتایـە. یـەکێ لـە ئامانجـە سـەرەکییەکانی کودەتاچییەکان لە گۆڕانی هەوڵ و تەقەلاکانی کورد بوو، کە ماوەیەك بوو وەخۆ کەوتبوون بۆ بە دەستهێنانی هەندێ لە مافەکانیان و بە گەرمی لە ململانێی هێـزە توندەڕەوە چەپ و ڕاستەکاندا تێوەگلابوون.

کودەتاچییەکان دەسەڵاتی ڕەهایان لە وڵات گرتە دەست و بێبەزییانە کەوتنە گیان کورد و هێزە دیموکراتخواز و چەپەکان. لە بارێکی پـر لـە تـرس و تۆقاندنـدا دەستوری ١٩٨٢ یان بە سەر دانیشتوانی وڵاتدا سەپاند، ئەو دەسـتورەی تـاوەکو ئـەوڕۆش، سـەرباری هـەموو گۆڕانکارییـەکان، کۆسـپێکی دیـارە لـە بـەردەم دیموکراتیزە کردنی تورکیا و چارەسەرکردنی دۆزی کوردا.

لە بەرامبەر پاڵەپەستۆ و چەوسانەوەی بێدەرەتانی دەوڵەتدا کوردان پـەنایان بردە بەر چەك و لە ١٥ ئابی ١٩٨٤ پارتی کرێکارانی کوردسـتان شـەڕی چـەکداری لە تورکیا دەستپێکرد. دەسەڵاتدارانی تورکیا پێیان وابوو کە ئـەم سـەرهەڵدانەش وەکو ئەوانی پێشوو لـە نێودەبـەن و جـارێکی تـر کـورد بێـدەنگ دەکەنـەوە، لـێ ئەزموونی ئەم بیست وپێنج ساڵەی دوایـی دەریخسـت کـە ئـەم بزووتنـەوە نوێیـە جیاوازە لە سەرهەڵدانەکانی بیستەکان و سـییەکانی سـەدەی ڕابـردوو لـە بـاکوری کوردسـتان. ڕووداوەکـانی هەشـتاکان و نـەوەدەکان دۆزی کوردیـان لـە تورکیـا گەیاندە ئاستێکی دژوارتر و باڵاتر.

لێرەوە و دوای ئەوەی هەموو هەوڵە سەربازی و سیاسـی و دیبلۆماسـییەکانی دەوڵەت بۆ لە نێوبردنی بزاڤی چەکداری و سیاسی کورد لە تورکیـا نەگەیـشتن بـە ئاکام، باس لە چارەسەرکردنی " پرسی یا کێشەی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئـەنادۆڵ " هاتە کایەوە. باسەکان لە دەسپێکدا بە دەوری چاکسازی ئـابوری و کۆمەڵایەتیـدا لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا دەخولانەوە. داننان بـە ڕەهەنـدە سیاسـی و ئەتنیکییـەکانی دۆزی کوردا تا ئێستاش بۆ گەلێ لایەن لە تورکیا هێڵی سوورە.

بـەدیل گـرتنی سـەرۆکی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان عەبـدوڵا ئۆجـەلان دەرفەتێکی گەورە بوو لە بـەردەم تورکیـادا بـۆ چارەسـەرکردنی دۆزی کـورد لـەو

وڵاتـه، لـێ نەتەوەپەرسـتیی کاربەدەسـتانی دەوڵـەت بەرچـاوی گـرتن ئـەو هەڵـە زێرینەی لە دەسـتدان. ئەگـەر بـای " سـەرکەوتن" نەچـووبایە بـە لوتیانـدا ژیـانی سەدان لاوی کـورد و تورکیـان دەپاراسـت و رێگـەیان لـە ئـێش و ئـازاری هـەزاران بنەماڵە دەگرت.

ئەم هەنگاوانەی باس لە چارەسەرکردنی دۆزی کورد دەکەن لە تورکیا ئاستی گەشەکردنی ئەم دۆزە دەگەیەنن. دۆزی کورد بە درێژایی مێژووی کۆمـاری تورکیـا برینێکی سەختی ئەم وڵاتەیە و لەم چارەکە سەدەی دواییشدا بووەتە هۆی زیان و زەرەرێکی زۆر لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بۆ ئەو وڵاتە.

بە بێ گۆڕانکاری ریشەیی لـە سیاسـەتەکانی حکومـەتی تورکیـا بەرامبـەر بـە کورد و داننان بە کوردا وەکو گروپێکی ئەتنیکی لە تورکیا و گونجانـدنی دەسـتور و قانوونەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئەم راستییەدا ناکرێ چاوەروانی ئەوە بین کە ئـەو دۆزە چارەسـەر بکـرێ. لـە کـەش و هـەوای دژواری تورکیـادا پرۆسـەیەك دەسـتی پێکـردووە و رووبـەرووی کۆسـپ و تەگـەرەی زۆر دەبێتـەوە، لـێ ئەنجامەکـەی دابینکردنی مافە رەواکانی گەلی کورد دەبێ.

بابـەتی ئـەم کتێبـە هەوڵێکـە بـۆ لێکدانـەوەی دۆزی کـورد لـە هەشـتاکان و نەوەدەکانی سەدەی رابردوو. نووسەرەکەی لـە بـەر رۆشـنایی زانیارییـەکانی ئـەو سەرچـاوانەی دەسـتی پێیـان گەیـشتووە و هەنـدێ لـە بەشـدارانی رووداوەکـان هەوڵیـداوە وێنەیـەکی نزیـك لـە راسـتییەوە پێـشکەش بـە خوێنـەران بکـات. بەدەسـتهێنانی زانیـاری تـەواو دەربـارەی رووداوەکـانی ئـەو سـەردەمە مێژووییـە کارێکی ئاسان نیە و تاوەکو ئێستا گەلێ لە نهێنییەکانی لـە تاریکیـدا ماونەتـەوە. بـە هـەموو پێوەرێـك بابـەتی توێژینەوەکـە پرسـێکی زانستی و سیاسـی گرنگـە و نووسەرەکەشی وەکو توێژەرێکی گەنج هەنگاوی یەکەمی لە گەشـتی توێژینـەوەی زانستیدا بە سەرکەوتوویی هـەڵهێناوە و هیـوادارم بـۆ تێـزی دکتۆراکـەی لـە سـەر درێژەدان بەم بابەتە بەردەوام بێت.

**جەبار قادر**

**٦/ ٨/ ٢٠١٠**

## پێشەکی

دۆزی نەتەوەیی کورد، لە کۆماری تورکیادا، بەلای بالاترین کاربەدەستانی ئەو ولاتەشەوە بە کێشەی سەرەکیی ئەوڕۆی تورکیا دادەنرێت، کە بەبێ چارەسەری ماوەتەوە و سەرجەم لایەنەکانی ژیانی سیاسیی ئەو ولاتەی گرتۆتەوە. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، پرسی چارەسەرکردنی ئەو دۆزە خۆی بە سەر باری سیاسیی تورکیادا دەسەپێنێت. مانەوەی ئەو دۆزە بەبێ چارەسەری بووەتە یەکێ لە گرفتە سەرەکییەکانی دیموکراتیزەکردنی ژیانی سیاسیی ئەو ولاتە، هەروەها کۆسپێکە لەبەردەم خۆگونجاندنی لەگەڵ پێوەر و نۆرمەکانی یەکێتیی ئەوروپادا، کە زیاتر لە چل ساڵە هەوڵدەدا ببێتە ئەندامی ئەو قەوارە سیاسی و ئابوورییە گرنگەی دونیای ئەمڕۆ. هۆکاری سەرەکیی گەشەکردنی دۆزی کورد لە تورکیا لەو سیاسەتەوە سەرچاوەی گرتووە، کە حکومەتی تورکیا بە درێژایی سەدەی ڕابوردوو لە بەرانبەر کورددا گرتبوویە بەر. مەبەستمان لە سیاسەتی نکۆڵیکردن لە هەبوونی کورد نەك تەنها وەکو نەتەوە یا گەلێکی سەربەخۆ، بەڵکو تەنانەت وەکو گرووپێکی ئەتنیکیی خاوەن تایبەتمەندیش. کاربەدەستانی تورکیا بە درێژایی مێژووی کۆماری تورکیا نەك تەنها لەسەر ئەو سیاسەتانە، کە تا ئەم ساڵانەی دواییش بەردەوام بوون، بەڵکو بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ لە هەوڵی ئەوەدا بوون شوێنەواری کورد لەو ولاتە بسڕنەوە، چ لە ڕێگەی سەرکوتکردن و بەکارهێنانی هێزی سەربازییەوە و چ لە ڕێگەی تواندنەوەی کوردەوە لەنێو دانیشتوانی تورکدا. لە ئەنجامدا بۆ هەموو لایەك دەرکەوت کە ئەو جۆرە سیاسەتانە نە لە تورکیا و نە لە هیچ شوێنێکی دی دونیا ناتوانن نەتەوەیەك لەبەین بەرن، بە تایبەتی لەم سەردەمەدا، کە سەردەمی جیهانگیری و شۆڕشی زانیارییە و هۆشیاریی نەتەوەیی لەنێو کورددا گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز، کە لەبەردەم هەوڵی تواندنەوە و چەوسانەوەی نەتەوەییدا ڕێگرێکی سەرەکییە. لە دوای تاقیکردنەوە تاڵ و سەرنەکەوتووەکانی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی تورکیا و لە کۆتایی هەشتاکانەوە کاربەدەستانی ئەو ولاتە بە ناچاری کەوتنە باسکردنی دۆزەکە، هەڵبەتە نەك بە نێوی دۆزی کورد، بەڵکو بە نێوی دۆزی

باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ یا باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا. بۆ ئەوەی زۆر لەگەڵ گوتار و ئایدیۆلۆژیای ڕەسمی دەوڵەتدا ناکۆك نەبن و هێڵە سوورەکان نەبەزێنن، کاربەدەستان تا پێیان کرابا باسیان لە شتێك بە نێوی دۆزی کورد نەدەکرد و ئەگەر بە ناچاریش ئاماژەیان بە نێوەرۆکی سیاسی و ئەتنیکی ئەو دۆزە بکردایە ئەوا باسیان لە هاوڵاتیانی (تورکی بە ڕەچەڵەك کورد) دەکرد. هەروەها هەمیشە، تاوەکو ئەوڕۆش، کە بە ئاشکرا باس لە دۆزی کورد دەکەن (ئەوان بە کێشە یا بە پرس باسی لێوە دەکەن، بەڵام ئێمە پێمان ڕاستترە بە دۆز واتا دۆزێکی نەتەوەیی باسی لێوە بکەین)، هەمیشە خۆیان لە ڕەهەندە سیاسی و ئەتنیکییەکەی دەدزنەوە و زیاتر باس لە ڕەهەندی ئابووری و کولتوری و کۆمەڵایەتی دەکەن. هەرچەندە ئەم ڕەهەندانەشمان زۆر لا گرنگە، بەڵام پێمان وایە بێ چارەسەرکردنی ڕەهەندە سیاسی و نەتەوەییەکانی دۆزی کورد لە تورکیا، ناکرێ تەنها لە ڕێگەی پڕۆژەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتورییەوە ئەم دۆزە چارەسەر بکرێت.

لێکدانەوەی ئەم گۆڕانکارییانە لە مێژووی دۆزی کورد لە تورکیادا، گرنگیی بابەتی ئەم توێژینەوەیە (دۆزی کورد لە تورکیا لە ساڵانی ١٩٨٠–١٩٩٩)دا دەخاتە ڕوو. ئەمە نەك تەنها ئەرکێکی زانستییە بۆ لێکدانەوەی سەردەمێکی گرنگی مێژووی سیاسیی کورد لە باکووری کوردستان، بەڵکو دەتوانێ سودی پراکتیکیشی هەبێ بۆ هەموو ئەو لایەنانەی دەیانەوێت بەدوای چارەسەری ڕاستەقینەدا بۆ دۆزی کورد لە تورکیادا بگەڕێن.

هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٠ وەکو ساڵی دەستپێك بۆ توێژینەوەکە، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لەم ساڵەدا سێیەمین کودەتای سەربازی لە تورکیا ڕوویدا و لاپەرەیەکی نوێ و دژوار لە مێژووی کوردی ئەو وڵاتەدا، دەستی پێ کرد، کە چەوسانەوە و سەرکوتکردن و بەرتەسکردنەوەی ئازادییەکان، خاڵە سەرەکییەکانی بوون. ئەم کودەتایە لە چرکەیەکی مێژووییدا ڕوویدا، کە ناوچەکە گۆڕانکاریی گەورەی بە خۆوە دەبینی، شۆڕشی گەلانی ئێران و گەیشتنی سەدام حوسێن بە لوتکەی دەسەڵات لە عێراق و شەڕی نێوان عێراق و ئێران و پەرەسەندنی خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان و ڕابوونی کوردی ڕۆژهەڵات و گەلێ ڕووداوی تر، داهاتووی هەرێمەکەیان خستبووە ژێر پرسیارەوە.

کودەتاچییەکان دەستیان بەسەر هەموو دامودەزگا مەدەنی و سیاسییەکانی وڵاتدا (بۆ ماوەی سێ ساڵ) گرت و بۆ ساڵانی داهاتووش پێگەیەکی بەهێزیان بۆ خۆیان دابین کرد، کە تا ئەوڕۆش تورکیا ناتوانێ لێی ڕزگار ببێت. لە ویلایەتەکانی کوردستان باری نائاساییان ڕاگەیاند و هەموو چالاکییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کوردییان قەدەغە کرد و کەوتنە ڕاونان و سەرکوتکردنی هێزە کوردی و دیموکراتخوز و چەپەکانی تورك و دەیان هەزار کەسیان لە زیندان قایم کرد. هەروەها ئەم ساڵانە سەدان چالاکوانی سیاسی و ڕۆشنبیریان چ لە کاتی دەستگیرکردنیاندا و چ لەژێر ئەشکەنجە لە زیندانەکاندا کوشت.

هاوتەریب لەگەڵ ئەو سیاسەتانەدا، کودەتاچییەکان دەستوری ساڵی ١٩٨٢یان لە کەشوهەوایەکی پڕ لە ترس و فشاردا و لە ڕاپرسییەکی ڕووکەشدا بەسەر گەلانی تورکیادا سەپاند. بەندەکانی ئەم دەستورە بە بەراورد لە گەڵ دەستورەکانی ساڵی١٩٢٤ و ساڵی ١٩٦١دا گەڕانەوە بوو بۆ دواوە. ئەم دەستورە لەسەر نکۆڵیکردن لە هەبوونی کورد و قەدەغەکردنی زمانی کوردی نەك هەر بەردەوام بوو، بەڵکو هەموو ئەو کەلێنانەی کە ڕۆشنبیرانی کورد توانیبوویان کەڵکی لێ وەربگرن بۆ دەرکردنی هەندێ گۆڤار و بڵاوکراوە لە نێوەراستی شەستەکانەوە، لەم دەستورەدا بەتەواوی داخران. ئەم دەستورە، کە گۆڕانکاری زۆر لەم ساڵانەی دوایی لە بەندەکانیدا کراوە، لە گەڵ ئەوەشدا تاوەکو ئێستا بە کۆسپێك لەبەردەم پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی ژیانی سیاسیی تورکیا و چارەسەرکردنی دۆزی کورد لەو وڵاتەدا دادەنرێت.

دیاریکردنی ساڵی ١٩٩٩یش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە ١٥ی شوباتی ئەو ساڵەدا عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) دەستگیرکرا و ئەم ڕووداوەش کاریگەریی لە سیاسەتی پارتی کرێکارانی کوردستاندا لێکەوتەوە و گۆڕانکاریی لە هاوسەنگیی هێزەکاندا هێنایە ئاراوە، حکومەتی تورکیاش ئەم ڕووداوەی بە کۆتاییهاتنی پارتی کرێکارانی کوردستان دەبینی.

ئەم تویژینەوەیە هەوڵی ئەوە دەدات، کە ڕاستییە مێژووییەکانی دۆزی کورد لە تورکیا لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوودا بخاتە ڕوو،

سیاسەتەکانی حکومەتی تورکیا و گروپ و ڕێکخراوە کوردییەکان، لەو وڵاتەدا بخاتە ژێر تیشکی لێکدانەوە و شیکردنەوەوە. بە بێ ئەم شیکردنەوە و لێکدانەوانە مرۆڤ ناتوانێت لە پێشهات و ڕووداوەکانی ئەوڕۆی باکووری کوردستان و باری کورد لەو وڵاتە و سیاسەتەکانی پارتی دادو گەشەپێدان بە باشی تێ بگات.

هەستیاری و گرنگیی بابەتەکە وای کردووە کە پشت بە تەنها میتۆدێک نەبەسترێت، بەڵکو بە پێی پێویستیی باسەکە چەند میتۆدێکی جیاواز بەکار هێنراوە، بە شێوەیەکی تایبەت: میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، لە باسکردن و گێڕانەوەی ڕووداو و پێشهاتەکاندا کورۆنۆلۆژیای (گێڕانەوەی ڕووداوەکان بە گوێرەی ساڵی ڕوودانیان) لە پێشچاو گیراوە. هەروەها لەبەرئەوەی باس لە بابەتێکی مێژووی سیاسیی هاوچەرخ دەکەین، ناچار بووین جار جار پەنا ببەینە بەر میتۆدی شیکاری و بەراوردکاری، کە بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکان بەرچاو دەکەوێت.

ئەم نامەیە لە چوار بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمی توێژینەوەکەمان بۆ دۆزی کورد لە تورکیا، لە دامەزراندنی کۆمارەوە تا ساڵی ١٩٨٠ تایبەت کراوە و سێ باس دەگرێتە خۆ. لە باسی یەکەمدا کورتەیەکی مێژوویی دۆزی کورد لە تورکیا لە ساڵانی (١٩٢٣–١٩٣٨) خراوەتە ڕوو، تێیدا بە کورتی باس لە جوڵانەوەی کەمالیی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی تورکیا و ڕاگەیاندنی کۆمار لە ساڵی ١٩٢٣دا کراوە، هەروەها هەڵوێستی جوڵانەوەکە بەرانبەر بەکورد ڕوون کراوەتەوە و باس لە سەرهەڵدانی ڕاپەڕینە کوردییەکانی ئەو قۆناغە کراوە، کە بریتین لە ڕاپەڕینەکانی شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥) و ئاگری داغ (١٩٢٧–١٩٣٠) و دەرسیم (١٩٣٧–١٩٣٨) کە وەڵامی کورد بوون بۆ سیاسەتەکانی نکۆڵیکردن و چەوسانەوەی نەتەوەیی لەلایەن کاربەدەستانی نوێی وڵاتەوە.

باسی دووەمیشمان بۆ پێشهاتە سیاسییەکانی باکووری کوردستان لە جەنگی دووەمی جیهانییەوە تاوەکو کۆتایی شەستەکان تەرخان کرد و تێیدا باسمان لە سەرهەڵدانی سیستەمی فرە پارتایەتی و دامەزراندنی پارتی دیموکرات لە ساڵی

١٩٤٦ کـردووه. وەکـو دەزانـین لەگـەڵ پەیـدابوونی ئـەم سیـستەمەدا دەنگـی هاوڵاتیانی کورد لە کاتی هەڵبژاردنەکانـدا سـەنگی خـۆی پەیـدا دەکـا و پارتـەکان دەکەونە گەمەکردن لەگەڵ هەندێ لە توێژەکانـدا بـۆ بەدەسـتهێنانی دەنگـەکانیان لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا و دەتوانین بڵـێین: ئـەم گەمـە سیاسـییە لـە سـاڵی ١٩٥٠ تاوەکو سەرەتای نەوەدەکان لە برەو دا بـوو، هەمیـشە لـە کـاتی هەڵبژاردنەکانـدا هەندێ دروشم و هیوا دەدران بە هاوڵاتیانی "باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا " کە لـە دوای هەڵبژاردنەکان یەکسەر لە بـیر دەکـران. هـەر لـە سـێیەری ئـەو سیـستەمەدا ڕۆشنبیرانی کورد لە کۆتایی پەنجاکانەوە نەختە نەختە دەکەونە جموجۆڵەوە، تـا لە شەستەکاندا دەتوانن هەندێ چالاکی بە ئاشکرا ئەنجام بدەن.

باسی سێیەمیش کراوە بە دوو تەوەرەوە، لە یەکەمیانـدا بـاس لـە بـارودۆخی بـاکووری کوردسـتان کـراوە لـە حـەفتاکانی سـەدەی ڕابـوردوودا، لـە تـەوەری دووەمیـشدا بـاس لـە سـەرهەڵدانی پـارت و ڕێکخـستنە سیاسـییە کوردییـەکانی حەفتاکان و چالاکییەکانیان کراوە.

بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیـە بـۆ باسـی دۆزی کـورد لـە سـاڵانی (١٩٨٠–١٩٨٤) تەرخان کراوە و لە چوار باس پێکدێت.

باسی یەکـەمی ئـەم بەشـە بـۆ کودەتـای ١٢ی ئـەیلولی ١٩٨٠ تـەرخانکراوە و تێیدا بارودۆخی تورکیا بەر لە کودەتاکە و هۆکارە سیاسی و ئـابووری و فاکتـەرە دەرەکییـەکان و پـلان و ئەنجامـدانی کودەتاکـە ڕوون کراونەتـەوە و بـاس لـە چۆنێتیی دەستگرتنی سوپا بەسەر دامودەزگاکـانی حکومەتـدا و کاریگەرییـەکانی لەسەر ڕەوشی سیاسیی تورکیادا کراوە، هەروەها بـاس لـە سـەپاندنی دەسـتوری نادیموکراتی ساڵی ١٩٨٢ بەسەر گەلانی تورکیادا کراوە.

لـە باسـی دووەمـی ئـەم بەشـەدا هەڵوێـستی کودەتاچـییەکان و سیاسـەتی سەرکوتکارانەیان بەرانبەر بە گەلی کورد لە ساڵانی (١٩٨٠–١٩٨٣) بە پـشتبەستن بە بەڵگە و سەرچاوەکان خراونەتە ڕوو.

هەرچـی باسـی سـێیەمی ئـەم بەشـەیە ئـەوا بـۆ شـیکردنەوەی ماددەکـانی دەستوری ساڵی ١٩٨٢ تەرخان کراوە کـە لـە هـیچ یەکێکیانـدا دان بـە سـادەترین مافـەکانی گـەلی کـورددا نـەنراوە و لەوێـدا تـەنها بـاس لـە مافـەکانی نەتـەوە و

هاوڵاتیانی تورك كراوه و هه‌موو هاوڵاتیانی ناتورك پشتگوێ خراون و ڕێگه‌یان لێ گیراوه به مافه نه‌ته‌وه‌یی و كولتوری و زمانه‌وانییه‌كانی خۆیان شاد ببنه‌وه.

باسی چواره‌میش كراوه به دوو ته‌وه‌ره‌وه، له یه‌كه‌میاندا به‌كورتی باس له شێوازی خه‌باتی چه‌كداری و مافی بڕیاردانی چاره‌نووسیی گه‌لان له‌ژێر ڕۆشنایی په‌یماننامه و بڕیاره‌كانی ڕێكخراوی نه‌ته‌وه یه‌كگرتووه‌كاندا كراوه و گرێدراوه به مافی خه‌باتی كورد له كوردستاندا. هه‌روه‌ها چه‌ند پێناسه‌یه‌كی ئه‌و ڕێكخراو و كۆنگرانه‌ش كراوه كه باسیان له خه‌باتی چه‌كداری كردووه و ئاماژه‌ش به سه‌ره‌تای ده‌ستكردن به خه‌باتی چه‌كداریی پارته كوردییه‌كان له كوردستاندا كراوه، كه هاوواتان له‌گه‌ڵ ئه‌و پێناسانه‌ی كراون. هه‌رچی ته‌وه‌ری دووه‌میشه بۆ سه‌رهه‌ڵدانی خه‌باتی چه‌كداریی پارتی كرێكارانی كوردستان له ١٥ی ئابی ١٩٨٤ ته‌رخانكراوه و باس له چۆنییه‌تیی ئاماده‌كاریی ئه‌م پارته و چوونی ئه‌ندامانی بۆ ده‌ره‌وه‌ی توركیا و خۆڕێكخستنیان و دواتریش گه‌ڕانه‌وه‌یان بۆ باكووری كوردستان و ده‌ستكردنیان به‌و شێوازه‌ی ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌یه له گه‌ڵ حكومه‌تی توركیادا كراوه.

به‌شی سێیه‌می لێكۆڵینه‌وه‌كه، كه به ناونیشانی (دۆزی كورده له كاتی شه‌ڕی چه‌كداریدا له ساڵانی ١٩٨٤–١٩٩١) و چوار باسی له خۆ گرتووه.

باسی یه‌كه‌م كراوه به دوو ته‌وه‌ره‌وه، له یه‌كه‌میاندا له میانه‌ی گه‌شه‌كردنی ڕێكخستنه‌كانی پارتی كرێكارانی كوردستان له دوای ڕاگه‌یاندنی خه‌باتی چه‌كداری، قسه له به‌هێزبوونی ئه‌م پارته له ڕووی سیاسی و سه‌ربازییه‌وه كراوه، هه‌روه‌ها باس له هه‌ڵمه‌ته‌كانی بۆ سه‌ر سوپای توركیا و پاسه‌وانانی گوند و كۆنگره و كۆنفرانس و بڕیاره‌كانی كراوه. له ته‌وه‌ری دووه‌میشدا كاردانه‌وه‌ی حكومه‌تی توركیا له به‌رانبه‌ر هێرشه چه‌كدارییه‌كانی پارتی كرێكارانی كوردستان خراوه‌ته ڕوو، باس له ڕێوشوێنه‌كانی حكومه‌ت و هه‌نگاوه‌كانی بۆ ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی چه‌كدارانی ئه‌م پارته كراوه.

باسی دووه‌میش بریتییه له گه‌شه‌سه‌ندنی دۆزی كورد له‌سه‌ر ئاستی ده‌ره‌وه و ناوخۆی توركیا. له‌سه‌ر ئاستی ده‌ره‌وه باس له‌و په‌ره‌سه‌ندنانه كراوه كه ڕێكخراوه نێوده‌وڵه‌تییه‌كان له بڕیاره‌كانیاندا ناڕه‌زاییان به‌رانبه‌ر به كار و

کردەوەکانی حکومەتی تورکیا دژ بە گەلی کورد دەربڕیوە و جەختیان لە ڕێگەچارەی سیاسییانەی دۆزی کورد کردۆتەوە، ئاماژەش بە کۆنگرە جیهانییەکان کراوە، کە بۆ دۆزی کورد لە تورکیا بەستراون یاخود لە خشتەی بەرنامەکانیاندا باسیان لێوە کردووە. لە سەر ئاستی ناوخۆی تورکیاش باس لە پەرەسەندنی دۆزی کورد لەسەر رووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تورکیا و پارتە سیاسییەکانی تورکیا کراوە، لەوانەش ئەو ڕاپۆرتەی کە پارتی گەلی سۆسیال دیموکرات (SHP) لە تەممووزی ١٩٩٠ بۆ باشکردنی بارودۆخی باکووری کوردستان خستییە ڕوو.

باسی سێیەم بۆ پارت و بزاڤە سیاسییە کوردییەکان (١٩٨٤–١٩٩١) تەرخان کراوە و تێیدا باس لە سەرهەڵدان و چالاکییەکانیان لەو ماوەیەدا کراوە.

باسی چوارەمیش گۆڕانکارییە هەرێمی و جیهانییەکان و دۆزی کورد لە تورکیادا ڕوون دەکاتەوە و باس لە کۆتاییهاتنی جەنگی نێوان عێراق و ئێران (١٩٨٠–١٩٨٨) و کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و داگیرکردنی کوێت لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە ٢ی ئابی ١٩٩٠ و پاشانیش سەرهەڵدانی شەڕی کەنداو، لە هەمووشی گرنگتر ئەو بارودۆخەی دوای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ لە باشووری کوردستان هاتە ئاراوە باس دەکات و پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ عێراق و کوردەکانی باشووری کورستان و هەڵوێستی تورکیا لەمەڕ ئەو گۆڕانکارییانە و پەیوەندییان بە دۆزی کوردەوە لە تورکیا و کاریگەرییان لەسەر پارتی کرێکارانی کوردستان ڕوون کراونەتەوە.

بەشی چوارەم و دوابەشی توێژینەوەکە بریتییە لە لێکدانەوەی سەردەمێکی نوێی مێژووی کورد لە تورکیا و بەسەر سێ باسدا دابەش کراوە.

باسی یەکەم بۆ هەوڵەکانی چارەسەرکردنی دۆزی کورد لەتورکیا تەرخان کراوە لە ماوەی سەرۆکایەتیی تورگوت ئۆزال (١٩٨٩–١٩٩٣) و تێیدا باس لە هەنگاوەکانی ئۆزالو دید و بۆچوونی نەرێنیی دەسەڵاتدارانی تورکیا لەمەڕ چارەسەرکردنی سیاسییانەی ئەو دۆزە کراوە و لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەیان لە بارەوە دراوە، دواتریش باس لە هەوڵ و هەنگاوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەم بارەیەوە کراوە.

باسی دووەمی ئەم بەشەش پارتی کرێکارانی کوردستان و بزاڤی کوردی لە نەوەدەکاندا لەخۆ دەگرێت و خەباتی ئەم پارتە بە تایبەت لە ساڵی ١٩٩٢ بەدواوە لە باکوورو باشووری کوردستان خراوەتە بەر باس و هەنگاوەکانی دژ بە حکومەتی تورکیا و گەشەسەندنەکانی لە بواری سەربازی و سیاسی و دیبلۆماسی و ڕاگەیاندنەوە باس کراوە، لە تەك ئەمەشدا باس لە هەوڵەکانی حکومەتی تورکیا دژ بەو پارتە لە باکوور و باشووری کوردستان و لایەنگرانی کراوە.

باسی سێیەم بۆ گیرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و گۆڕانکاری لە هاوسەنگیی هێزەکاندا تەرخان کراوە. سەرەتا باس لە فشار و هەڵوێستی حکومەتی تورکیا بەرانبەر حکومەتی سوریا بۆ کۆتاییهێنان لە پشتیوانیکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان کراوە و دواتریش دەرچوونی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە سوریا لە ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨ و چوونی بۆ وڵاتانی ئەورووپا بە مەبەستی بەدەستهێنانی مافی پەنابەریی سیاسی باس کراوە، لە کۆتاییشدا چۆنێتیی دەستگیرکردنی لە کینیا لە ١٥ی شوباتی ١٩٩٩ و ئەو لایەنانەی، کە ڕۆڵیان لە گیرانیدا هەبووە و ئەو گۆڕانکارییانەی دوای دەستگیرکردنی هاتنە ئاراوە ئاماژەیان پێدراوە.

وێڕای ئەوەی تێزی دکتۆرایەك بە ناونیشانی (القضية الكردية في تركيا، دراسة في التطور السياسي للقضية الكردية منذ بدايتها وحتى عام ١٩٩٣)، کە (وصال نجيب عارف العزاوي) لە ساڵی ١٩٩٤ پێشکەشی کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی بەغدای کردووە، بەڵام ئەم توێژەرە لەبەر کۆمەڵێ هۆ نەیتوانیوە هەموو ڕەهەندەکانی پرسەکان بە شێوەیەکی زانستیانە و بابەتیانە لێك بداتەوە، یەکەم چونکە ئەو کارە لە سێبەری دەسەڵاتی حکومەتی بەعسدا نووسراوە و هەموو دەزانین باسکردنی دۆزی کورد لەو کاتەدا چەند دژوار بووە. دووەمیش سەردەمی لێکۆڵینەوەکە زۆر دوورودرێژە و پێویستی بەئامادەکردنی چەندین نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا هەیە. سەرباری ئەمانە دەستی نەگەیشتووە بە کۆمەڵێ سەرچاوە و ئەدەبیاتی پارتە سیاسییەکان بە تایبەتی پارتی کرێکارانی کوردستان، کە ئێمە توانیومانە بە دەستیان بێنین و سودیان لێ وەربگرین. گرنگییەکی زۆریشم بە مێژووی خەباتی پارتی کرێکارانی کوردستان داوە، کە ئەو کەمتر گرنگی پێیداوە، وێڕای ئەوە بابەتەکە گرنگی و بایەخی تایبەتیی خۆی هەیە و دەشێت

توێژینــەوەی تــری لەســەر بکرێــت. لــە لایــەکی تریــشەوە بەشــێکی زۆری ئــەو نووسینانەی لەسەر ئـەو بابەتـە نووسـراون لایـەنگیرییان تێدا کـراوە و دیسانەوە ئەوەش پێویستی توێژنەوەیەکی بێلایانە دێنێتە ئاراوە.

لـەم توێژینەوەیـەدا سەرچـاوەیەکی زۆر لـە کتێـب و گۆڤـار و ڕۆژنامـە بـەکار هێنــراون، ژمارەیـــەکی زۆری کتێبـــەکان بـــە زمـــانی عـــەرەبی و کـــوردین و ژمارەیەکیــشان بــە زمــانی ئینگلیــزی و تــورکی بــەکار هێنــراون. هەنــدێ لــە سەرچاوەکان بۆ یەکەمجار بەکار هـاتوون و لـە توێژینـەوەکانی تـردا سـودیان لـێ وەرنەگیراوە، لەوانـەش لێکۆڵینـەوەی (**Ismet G Imset**)، بـە ناونیـشانی ( **The PKK Freedom Fighter or Terrorists**) کە توێژینەوەیکی زانستی قووڵـە و سودی زۆری بۆ ئەم نامەیە هـەبوو. ئیـسمەت جـی ئیمـسەت نووسـەرێکی تورکـە، بێلایەنانە نووسیویەتی و لێکۆڵینەوەکەی تایبەتە بە پارتی کرێکارانی کوردسـتان، تێیدا خـەباتی ئـەم پارتـە و پەرەسـەندنەکانی لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٨٧–١٩٩٥) شــیی کردۆتــەوە و تیــشکی خــستۆتە ســەر بــارودۆخی ئــەو کاتــەی تورکیــا و زانیارییەکانی بە شێوەیەکی دروست بەدەستەوەداون.

هەروەها کتێبی (یاسا دەستورییەکانی تورکیا و کورد لە سـەردەمی نوێیـدا)، کـە لەلایـەن کوردناسـی بـەناوبانگی ڕوسـیاوە (م.ئـە. حەسـرەتیان) نووسـراوە و د.دلێر ئەحمەد وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بـە تایبـەت لـە شـیکردنەوەی قانون و هەندێ لە ماددەکانی دەستوری ساڵی ١٩٨٢ی تورکیا زانیـاریی زۆری لـێ وەرگـیراوە. نووسـەر کـە شـارەزای مێـژووی تورکیایـە، بـە وردی لـە نـاوەرۆکی دەستور و قانونەکانی تورکیای پەیوەندیدار بە گەلی کـوردی کۆڵیوەتـەوە و شـیی کردونەتەوە و باسی لەو کردەوە و تاوانانەش کـردووە کـە حکومـەتی تورکیـا، بـە ناوی دەرچوون لە دەستور و قانونەکانەوە، دژ بە گەلی کورد ئەنجامی داوە و لـەو ڕێگەیەشـــەوە سروشـــت و ئایـــدۆلۆژیای دەوڵـــەتی تورکیـــای شـــی کردۆتـــەوە. بەرهەمەکانی حەمید بۆزئەرسلانیش لەوانە کتێبەکەی بە ناوی (مێـژووی تورکیـای هاوچەرخ) گرنگیی خۆی هەیە و شوێنی لە توێژینەوەکەدا دیارە.

هەندێ سەرچاوەی تریش بە بنـەما وەرگـیراون و لـە زۆربـەی توێژینەوەکـەدا بەکار هاتوون و زۆر پـشتیان پـێ بەسـتراوە. لەوانـەش کتێبـی (الاکـراد ومـستقبل

تركيا)، كە لەلایەن نووسەری ئەمریکی (میخائیل م. جونتر) نووسراوە و (د.سعاد محمد ابراهیم خضر) وەری گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، گەلێ زانیاریی سەبارەت بە پارتی کرێکارانی کوردستان لە ڕووی سیاسی و سەربازی و پەیوەندییەکانی دەرەوەی و...هتد لەخۆگرتووە و ڕێوشوێنەکانی حکومەتی تورکیای دژ بەو پارتە و لایەنگرانی شی کردۆتەوە. کتێبی (مێژووی هاوچەرخی کورد)ی (دیڤید مەکداول)یش، کە ئەبوبەکر خۆشناو لە فارسییەوە وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، گرنگی و بایەخی خۆی بۆ توێژینەوەکە هەبووە.

کتێبی (ئیتنۆ نەتەوایەتیی کوردی) نووسەری بە ڕەگەز فارس، نادر ئینتیساریش کە لەلایەن عەتا قەرەداخی (لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی) وەرگێڕدراوە، لەم توێژینەوەیەدا شوێنی گرتووە. نووسەر بەشی چوارەمی کتێبەکەی بۆ باکووری کوردستان تەرخان کردووە و چەند زانیاریی گرنگی بە دەستەوە داوە و لە دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە تاوەکو ساڵی ١٩٩١ زۆر سودی لێ بینراوە.

زیاد لە نووسینێکی نووسەری عەرەب محەممەد نوردەین بەکار هێنراوە. لەوانەش کتێبی (تورکیا لە سەردەمی گۆڕاندا)، کە لە وەرگێڕانی (ئازاد بەرزنجی)یە بۆ سەر زمانی کوردی. نووسەر کە لە کاروباری تورکیادا پسپۆڕە، لەو کتێبەیدا کە لە ساڵی ١٩٩٧ نووسیویەتی، هەمەلایەنە لە بارودۆخی سیاسیی تورکیا و گەلی کوردی لەو وڵاتە کۆڵیوەتەوە و ئاماژەی بە پەیوەندییە هەرێمییەکانی ئەو وڵاتە داوە و خەباتی گەلی کورد و سیاسەتی توندوتیژیی حکومەتی تورکیای دژ بە کورد ڕوون کردۆتەوە و گرنگییەکی زۆریشی بە پڕۆژەی گەشەپێدانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ (**GAP**) داوە، کە لە هەردوو بەشی سێیەم و چوارەمدا زۆر سودی لێ بینراوە. هەروەها چەند ژمارەیەکی بڵاوکراوەی (شؤون ترکیة) بەکار هێنراوە کە نووسەر ئامادەی کردووە و لەلایەن (ناوەندی توێژینەوەی ستراتیژی و لێکۆڵینەوە و بە بەڵگەنامەکردن)ی بەیروتی لوبنان بڵاو کراوەتەوە.

هەندێ سەرچاوە و لێکۆڵینەوەی تریش، کە لەلایەن مێژوونووس و نووسەرانی کوردەوە لەسەر دۆزی کورد لە تورکیا بە شێوەیەکی ئەکادیمی

نووسراون کەڵکیان لێ وەرگیراوە. لەوانەش هەردوو کتێبەکەی د.جەبار قادر، بە ناوی (قضایا کردیة معاصرة، کرکوك، الانفال، الکرد وترکیا) لە ڕوونکردنەوەی هەندێ پرس، لەوانەش: سەپاندنی دەستوری ساڵی ١٩٨٢ بەسەر گەلانی تورکیا و خستنە ڕووی هەندێ ماددەی ئەو دەستورە سودی لێ بینراوە. کتێبی (چەند بابەتێکی مێژووی کورد) لە باسکردنی بەرهەمەکانی ڕۆشنبیرانی کورد و پەیوەندییەکانی هەردوو حکومەتی تورکیا و عێراق و کاریگەرییان لەسەر گەلی کورد، لە تەك کتێبەکەی تریدا، بەکار هاتووە.

ئەو بەرهەمانەش لە پەراوێزی ئەو توێژینەوەیەدا زۆر دەکەونە بەرچاو بە تایبەت لێکۆڵینەوەکەی د.جاسم تۆفیق خۆشناو(مەسەلەی کورد و یاسای نێودەوڵەتان)، د.حامد محمود عیسی (القضیة الکردیة في ترکیا)، د.عبدوالفتاح علی البوتانی (دراسات ومباحث في تاریخ الکرد والعراق المعاصر)، جۆناتان سی راندڵ (کوردستان یان کلۆڵی نەتەوەیەك)، کریس کۆچێرا (کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستدا) و (بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و هیوای سەربەخۆیی) بەرگی دووەم، کەنداڵ و عەبدولڕەحمان قاسملو و ئەوانی تر (گەلێکی پەژموردە و نیشتیمانی پەرت) لەگەڵ چەند بەرهەمێکی یوسف ابراهیم الجهمانی لەوانەش (اوج آلان، ترکیا والاکراد). ژمارەیەکی زۆریش ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و ئەدەبیاتی پارتی کرێکارانی کوردستان بە تایبەت ڕۆژنامەی وڵات بەکار هێنراوە و ڕەچاوی لایەنگیرییان لە نووسینەکانیاندا کراوە و چەند چاوپێکەوتنێکی کەسییش ئەنجام دراون. جگە لەم بەرهەمانەش ژمارەیەکی زۆرتری سەرچاوە بۆ ئامادەکردنی ئەو توێژینەوەیە بەکار هێنراون کە لە لیستی سەرچاوەکاندا بەرچاو دەکەون.

وەك ئاشکرایە هەموو لێکۆڵینەوەیەك کەم تا زۆر دووچاری هەڵەو کەموکوڕی دەبێت، هەڵبەتە لێکۆڵینەوەکەی منیش لەو هەڵەو کەموکوڕیانە بێبەش نەبووە، بە تایبەت نەزانینی زمانی ئینگلیزی و تورکی، لە بەردەممدا، ئاستەنگێکی گەورە بووە، چونکە کۆمەڵێك سەرچاوەی زۆر بە تورکی نووسراون و نەمانتوانیوە، سودیان لێ وەرگرین. گرفتێکی تر پەیوەندیی هەیە بە بەڵگەنامەکانی حکومەتی تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان، کە تا ئێستاش بە شاراوەیی و نهێنی ماونەتەوە و بەردەست نەکەوتوون.

**بەشی یەکەم**

# دۆزی کورد لە تورکیا
# لە دامەزرانی کۆمارەوە تا ساڵی ١٩٨٠

**بەشی یەکەم/ دۆزی کورد لە تورکیا لە دامەزرانی کۆمارەوە تا ساڵی ١٩٨٠:**

**باسی یەکەم/ کورتەیەکی مێژوویی دۆزی کورد لە تورکیا لە ساڵانی (١٩٢٣– ١٩٣٨):**

بارودۆخی گشتیی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ – ١٩١٨) و دەرهاویشتەکانی بوونە هۆی تێکشکان و خۆ بەدەستەوەدانی دەوڵەتی عوسمانی، بەپێی ئاگربەستی (مۆدرۆس) و هەڵاتنی سەرکردەکانی (کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی) بۆ دەرەوەی وڵات. دارمانی دەوڵەتی عوسمانی، زەمینەی لەباری بۆ کورد و گەلانی تری ژێر دەستی ئەو دەوڵەتە ڕەخساند، تا لە بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیان، نزیك ببنەوە. لەم بارودۆخەشدا کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان، لەپێناو بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورددا جارێکی تر کەوتنەوە چالاکی. دیارترینی ئەم ڕێکخراوانەش بریتی بوون لە: کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان و کۆمەڵەی تەعالی کوردستان (کردستان تعالی جمعیتی) و کۆمەڵەی تەشکیلاتی کۆمەڵایەتی (تشکیلاتی اجتماعی جمعیتی)[1]. لە کاتی بەستنی

---

[1] کۆمەڵەی سەربە خۆیی کوردستان بە چەند ناوێکی جیاواز، ناوی هێنراوە، وەك (کۆمیتەی سەربەخۆیی کوردستان، لیژنەی سەربەخۆیی لە قاهیرە، لیژنەی کورد لە قاهیرە، کۆمەڵەی کوردستان لە قاهیرە) و پێش کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٨ بە سەرۆکایەتیی میر (سورەیا بەردخان) لە قاهیرە دامەزراوە، بەڵام بە پێی هەندێك سەرچاوەی مێژوویی، محەممەد عارف پاشای ماردینی سەرۆکی کۆمەڵەکە بووە و میر سورەیا دامەزرێنەر و سکتێری گشتیی کۆمەڵەکە بووە. کۆمەڵەی تەعالی کوردستانیش لە ١٩ی تشرینی دووەمی ١٩١٧ لە ئەستەنبوڵ بە سەرۆکایەتیی شێخ عەبدولقادری نەهری و بە جێگریی ئەمین عالی بەدرخان دامەزراوە و لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩١٨ بە ڕەسمی

کۆنگرەی ئاشتیی پاریس دا (١٩١٩)، ئەم ڕێکخراوانە (جەنەڕاڵ شەریف پاشا)یان ڕاسپارد، کە نوێنەرایەتیی داخوازییەکانی گەلی کورد، بکات[(١)]، بۆ ئەوەی لە دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانی ڕزگاری بێ و مافە نەتەوەییەکانی خۆی بەدەست بهێنێ[(٢)].

ئەنجامی ئەم کۆنگرەیە پەیماننامەیەك بوو، کە لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠، لە نێوان هاوپەیمانان و دەوڵەتی عوسمانیدا، مۆرکرا، بە ناوی (پەیمانی سێڤر)[(٣)]. بەندەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤)ی ئەم پەیماننامەیە تایبەتن بە کورد و ئەمە یەکەمین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتییە کە دان بە هەندێ لە مافەکانی کورددا دەنێ[(٤)].

---

کۆمەڵەکە ڕاگەیەنراوە. کۆمەڵەی تەشکیلاتی کۆمەلایەتیش لە ٢٠ی ئایاری ١٩٢٠ دوای پەیدابوونی ناکۆکی، لە نێوان ئەمین عالی بەدرخان، کە سەرۆکایەتیی لایەنی سەربەخۆ خوازانی دەکرد، لەگەڵ شێخ عەبدولقادر، کە لەگەڵ ئەوەدابوو کوردستان لەژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بمێنێتەوە و مافی خۆ بەڕێوەبردنی خۆجێی بدرێتێ، لەلایەن ئەمین عالی بەدرخانەوە دامەزرا. بڕوانە: علي تتر توفيق، الحياة السياسية في كردستان ١٩٠٨ — ١٩٢٧، ت. تحسين ابراهيم الدوسكي، مطبعة خاني، دار سپيريز للطباعة والنشر، دهوك، ٢٠٠٧، ص١٥٦—١٩٤.

(١) بۆچوونی واش هەیە کە جەنەڕاڵ شەریف پاشا نوێنەرایەتیی هەموو ڕێکخراوەکانی نەکردووە و تەنها بەنوێنەرایەتیی کۆمەڵەی تەعالی کوردستانی بەشداریی لەو کۆنگرەیەدا کردووە. بڕوانە: جليلي جليل وآخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، ت.د.عبدي حاجي، ط١، دار الرازي للطباعة والنشر والتوزيع، لبنان—بيروت، ١٩٩٢، ص١٠٤.

(٢) بڕوانە: عبدالفتاح علي يحى البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية، ملاحظات تاريخية ودراسات أولية، ط١، مطبعة وزارة التربية، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠١، ص١٤؛ بلەچ شێرکۆ، کێشەی کورد، مێژینەو ئێستای کورد، و. محەمەد حەمەباقی، چ٣، ب.ش، ١٩٩٢، ل٦٣؛ علي تتر توفيق، المصدر السابق، ص١٥٦—١٩٤.

(٣) ڕاستترە بڵێین (سێڤر) وەك لە زمانی فەرەنسیدا دەوترێت، نەك (سیڤەر).

(٤) بڕوانە: كمال مظهر احمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ت. محمد الملا عبدالكريم، دار افاق عربية للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٤، ص٣٤٤—٣٤٧؛ جاسم تۆفیق خۆشناو، مەسەلەی کورد و یاسای نێودەوڵەتان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٥٩—١٦١.

دوابەدوای داگیرکردنی دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن وڵاتە هاوپەیمانەکانەوە، لە ساڵی ١٩١٩ بزووتنەوەی کەمالی (بە ناوی مستەفا کەمال) سەری هەڵدا و زۆربەی خاکی تورکیای ئەوڕۆی گرتەوە و هەندێ دەوروبەری کوردیش پشتیوانییان لە خەباتی کەمالییەکان کرد و ژمارەیەکیان لە کۆنگرەی ئەرزەڕۆم لە تەمموزی ١٩١٩ بە مەبەستی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی گەلی کورد، بەشدارییان کرد[١]، بەڵام ئەم کۆنگرەیە، ڕایگەیاند: "ویلایەتەکانی ئەرزەڕۆم و سیواس و دیاربەکر و خەربوت و وان و بتلیس بەشێکی دانەبڕاون لە دەوڵەتی عوسمانی و ناکرێت جیا بکرێنەوە و دابەش بکرێن لەژێر هیچ بڕوبیانوویەك..." [٢]. دواتریش کۆنگرەی سیواس، کە لە ئەیلولی ١٩١٩ بەسترا، کەمالییەکان خۆیان لە مافی نەتەوەکان (بە تایبەتی گەلی کورد) لادا و بڕیارەکانی هەردوو کۆنگرەش بوونە بنچینەیەك بۆ (پەیماننامەی نەتەوەیی)[٣]. ئەنجومەنی نوێنەرانیش لە کانوونی دووەمی ١٩٢٠ بڕیاری لەسەر دا و تیایدا دان بە مافەکانی کورددا نەنرا[٤].

جوڵانەوەی کەمالییەکان هەر لە سەرەتاوە دژ بە جوڵانەوەی کورد و دامەزراندن و پێکهێنانی هەر کۆڕ و کۆمەڵێکی کوردی بوو. لە ساڵی ١٩١٩ یانەی دیاربەکریان داخست و بە توندی ڕاپەڕینی (قۆچگیری)یان لە ساڵی ١٩٢١ سەرکوتکرد[٥].

---

[١] عبدالرحمان قاسملو، کوردستان و کورد، لێکۆڵینەیەکی سیاسیی و ئابووری، و. عبدالله حسن زادە، ب.ش، ١٩٧٣، ل٥٣.

[٢] جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص١٠٥-١٠٦.

[٣] بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی بەندەکانی پەیماننامەی نەتەوەیی بڕوانە: احمد نوری النعيمي، الحياة السياسية في تركيا الحديثة (١٩١٩-١٩٣٧)، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٩٠، ص٢٠-٢١.

[٤] بڕوانە: جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص١٠٥-١٠٦.

[٥] ئەم ڕاپەڕینە لەلایەن کۆمەڵەی تەعالی کوردستانەوە سەرپەرشتی دەکرا، کە دوابەدوای شکستی جوڵانەوەی مەلاتیە، لە ساڵی ١٩٢٠دا بەرپابوو. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: هانز-لۆکاس کییسێر، ڕاپەڕینی کوردە عەلەوییەکانی دەرسیم (١٩١٩ - ١٩٢١ قۆچگیری)، و. نەجاتی عەبدوڵڵا، چ٢، چاپخانەی شڤان، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦.

کورد، کە بەشداری لە جەنگی ڕزگاری تورکیادا کرد[1]، بەو ئامانجەی بەڵێنەکەی مستەفا کەمال (وەك برا لەگەڵ تورکەکاندا بژین) دەیانگەیەنێت بە مافەکانی خۆیان، بەڵام دوای سێ مانگ لە سەرکەوتنیان لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩٢٢، مستەفا کەمال، لە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکیاTürkiye Büyük) (Millet Meclisi وتی: "ئەو دەوڵەتەی ئێستا لە پێکەوەنانی بووینەوە دەوڵەتی تورکە"[2].

جولانەوەی کەمالیەکان دوابەدوای تێکشکاندنی هێزەکانی یۆنان و ڕزگارکردنی تورکیا لە هێزە بیانییەکان لە ساڵی ١٩٢٢ و هەڵوەشاندنەوەی سەڵتەنەت، لە تشرینی دووەمی ١٩٢٢ [3]، (پەیماننامەی لۆزان)یان لەگەڵ وڵاتە هاوپەیمانەکاندا، لە ٢٤ی تەممووزی ١٩٢٣ مۆر کرد، کە بە هیچ شێوەیەك باسی مافەکانی کوردی تێدا نەکرابوو. ئەو بەندانەشی کە باسی کەمینەکان دەکەن (٣٧–٤٤) تایبەتن بە کەمینە ئایینییە ناموسڵمانەکان (بە بێ ناوبرنی هیچ کەمینەیەکی ئایینیی). لە لایەکی تریشەوە لۆزان هەموو مافەکانی گەلی کوردی پوچەڵ کردەوە، کە لە چوارچێوەی پەیمانی (سێڤر)دا دانیان پێدا نرابوو، هەروەها دانی نا بە سەربەخۆیی تورکیا[4]، کە لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٢٣بوو

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی هەڵوێست و بەشداریکردنی کورد لە جەنگی ڕزگاری تورکیادا بڕوانە: حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط، مكتبة مدبولي، مطبعة اطلس، القاهرة، ١٩٩٢، ص٣٥٧–٣٥٨؛ قادر سليم شمو، موقف الكرد من حرب الاسقلال التركية ١٩١٩–١٩٢٢ط١، مطبعة خاني، دار سبيريز للطباعة والنشر، دهوك، ٢٠٠٨.

[2] بڕوانە: کەندالّ و ئەوانی تر، گەلێکی پەژمووردە و نیشتمانی پەرت، کورد و کوردستان، و. لە عەرەبی و فارسییەوە: م. گۆمەیی، لە ئینگلیزییەوە:أ. حەوێزی، ب.چ، سوید، ١٩٩٨، ل١٢٩–١٣٠.

[3] بڕوانە: يوسف ابراهيم الجهماني، اتاتوركية القرن العشرين، ط١، دار حوران للطباعة والنشر والتوزيع، سوريا–دمشق، ٢٠٠٠، ص١٧–١٩؛ عزيز الحاج، القضية الكردية في العشرينات، ط٢، مطبعة الانتصار، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بغداد، ١٩٨٥، ص١٧.

[4] بڕوانە: بيار مصطفى سيف الدين، السياسة البريطانية تجاه تركيا وأثرها في كوردستان (١٩٢٣ – ١٩٢٦)، ط١، دار سبيريز للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٤، ص١٤٥–١٥٧؛

بـە کۆمـاری تورکیـا بـە سـەرۆکایەتیی (مـستەفا کـەمال). لـە ئـاداری ١٩٢٤یـشدا خەلافەتی ئیـسلامی هەڵوەشـێندرایەوە و دەسـتورێکی نـوێش لـە نیـسانی هـەمان سـاڵدا بـۆ تورکیـا دانـرا، کـە لەلایـەن ئەنجومـەنی نیـشتمانیی گـەورەی تورکیـاوە بڕیاری لەسەر درا[1].

ئەم دەستورە، تەنها باسی لە مافەکانی هاولاَتییانی تورك دەکرد و مافی کورد و میللەتانی تری ناتورکی پشتگوێ خستبوو. بە پێی مـاددەی (٢) زمـانی تـورکی بە زمانی ڕەسمی ولاَت دانراوە و بـە پێـی مـاددەی (٨٨)یـش هـەموو دانیـشتوانی ولاَت بە تورك دادەندرێن[2].

لێرە بە دواوە قۆناغێکی تر لـە مێـژووی بزاڤـی کـورد لـە تورکیـا دەسـت پـێ دەکـات. لــە بەرانبــەر هەوڵــەکانی حکومــەتی تورکیــا بــۆ داخــستنی قوتابخانــە کوردییــەکان و هــەنگاونان بــۆ ســڕینەوەی نــاوی کــورد لــە کتێبــە مێــژوویی و فەرهەنگەکان و قەدەغـەکردنی ڕۆژنامـە و چـاپکراوە کوردییـەکان و بـەکارهێنانی وشەی (تورکی چیایی) لـەبری نـاوی کـورد و پـەیڕەوکردنی سیاسـەتی توانـەوەی کورد و گـەلێ فاکتـەری دی بوونـە هـۆی بـەرپا بـوونی ڕاپـەڕینی سـاڵی ١٩٢٥ بـە سەرۆکایەتیی شێخ سەعیدی پیران[3].

---

**Meherdad R. Izady, Kürtler(Bir Al Kitbı), Ç.Cemal Atila, B1, Can ofset, Can Yayinları, Istanbul,2004, S133-134.** چـاپە کوردیەکـەی: میهـردادی ئیـزەدی، چـەردە باسـێك لـە بـارەی کوردانـەوە، و. ئـەمین شـوان، چ١، دەزگـای چـاپ و پەخـشی سەردەم، سلیمانی، ٢٠٠٧،ل١٤١.

(1) ابراهیم خلیل احمـد وآخـرون، ترکیـا المعاصـرة، مرکـز الدراسـات الترکیـة، مدریـة دار الکتـب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، ١٩٨٨، ص٢٨.

(2) بڕوانە: جەبار قادر، چەند بابەتێکی مێژووی کورد، چ١، دەزگای چاپ و پەخـشی سـەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٠٠. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: اسماعیل بیشکـچی، النظـام في الاناضـول الشرقیة، الاسس الاجتماعیة – الاقتصادیة والبنـی القومیـة، ت. شـکور مـصطفی، ج٢، ط١، دار ئاراس للطباعة والنشر، أربیل، ٢٠٠١، ص١٠٤–١٠٥.

(3) بڕوانـە: ئیحـسان نـوری بیتلیـسی، شۆڕشـی نەتـەوەیی کـورد لـە تورکیـا، هـۆی بایـەخی سـوپایی–چـۆنیەتی لەشکرکێـشیو بـەڕێوەبردنی، و. م.جـەمیل ڕۆژبـەیانی، دەزگـای

سـەرەتای ئـەم کاردانەوەیـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی دامەزرانـدنی (کۆمەڵەی سەربەخۆی کوردستان)[1]، کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٢ لـە ئـەرزەڕۆم بـە شێوەیەکی نهێنی، بە سەرۆکایەتیی خالید بەگی جبرانلی و یوسف زیای نوێنـەری بدلیس دامەزرا[2]. لە کۆبوونەوەیەکی نهێنیدا لە شاری حەڵەب لە کانوونی یەکەمی ١٩٢٤ بڕیـاری بـەرپاکردنی جوڵانەوەیـەکی چـەکداری لـە ٢١ی ئـاداری ١٩٢٥ لـە کوردسـتان درا لـەژێر سـەرکردایەتیی خالیـد بـەگی جبرانلـی و ئیحـسان نـوری پاشادا[3].

---

ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کـوردی، زنجـیرەی ژمـارە (٢٩٢)، دار الحريـة للطباعـة، بغـداد، ١٩٩٣، ل١١-٢٢؛ کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین (کامەران مەنتك)، کوردسـتان لـە نێـوان ململانێـی نێودەوڵـەتیی و ناوچـەییدا (١٨٩٠ - ١٩٣٢)، چ١، دەزگـای چـاپ و پەخـشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٢٠٥-٢٠٧.

(1) ئـەم ڕێکخـراوە پێـشی دەوترێـت (ئـازادی) و بۆچـوونی جیـاواز هەیـە دەربـارەی مێـژووی دامەزراندنی و جیاوازە لەو ڕێکخراوەی کە لە ساڵی ١٩١٨، بە هەمان ناوەوە دامەزراوە. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەم ڕێکخراوە بڕوانە: ڕۆبەرت ئۆڵسن، ڕاپـەڕینی شـێخ سـەعیدی پیران، و. ئەبوبەکر خۆشناو، دەزگای چاپ و پەخشی سـەردەم، سـلێمانی، ١٩٩٩، ل٧٩-٨٤ ؛ علی تتر توفيق، المصدر السابق، ص٢٣٩-٢٥٦؛ مارتین فان برونسن، ئاغا و شـێخ و دەوڵەت، و. کوردۆ علی،ب٢، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سـلێمانی، ٢٠٠٣، ل٢٨١-٢٨٣.

(2) بڕوانە:

**Nuri Dêrsımı, Kürdıstan Tarihınde Dersim, Can Matbaaçilik, Doz Yaynıları, Istanbul, 2004, s181.**

(3) بڕوانە: صبرية احمد لافي، الاكراد في تركيا، دراسـة سياسـية واقتـصادية واجتماعيـة، سلـسلة الدراسات التركية رقم ٢٢، معهد الدراسات الأسيوية والأفريقية، الجامعة المستنصرية، بغـداد، ١٩٨٥، ص٨٦.

ئـەم کۆمەڵەیـە دەورێکـی گرنگـی بینـی لـە ڕێکخستنی ڕاپـەڕینی ئەفسەرە کوردەکان لە سەربازگەی بەیتوشەباب[1]، کە لە ئەنجامی بەهەڵە لێکدانـەوەی ئـەو تەلە گرافە بوو، کە یوسف زیا بـەگ بـۆ ئەفـسەری پلـە یـەك (عـەلی ڕەزا)ی بـرای ناردبووی، بەمەش ڕاپەڕینەکە دەستی پێ کـرد، بـووە هـۆی گیرانـی خالیـد بـەگی جبران و یوسف زیا و چەندانی تر[2].

دوابەدوای گیرانی هەردوو سەرکردەی کۆمەڵەکە و بزاڤەکە، شـێخ سـەعید لـە پراکتیکدا بووە کەسـی یەکـەم لـە جوڵانەوەکـە و سـەرکردایەتیی ڕاپـەڕینی سـاڵی ١٩٢٥ی کرد، کـە بـەر لـەوادەی خـۆی لـە شـوباتی ئـەو سـاڵەدا هەڵگیرسـا و (١٤) ویلایــەتی کوردســتانی تورکیــای گرتــەوە[3]، حکومــەتی تورکیــاش بەمەبەســتی دامرکاندنـەوەی ئـەم ڕاپەڕینـە ژمارەیـەکی زۆر هێـزی بـەکارهێنا و، سـەرەنجام توانیی ڕاپەڕینەکە کپ بکاتەوە و شێخ سەعیدی سەرکردەی ڕاپەڕینەکەش بە دیل بگرێت[4]. لە حوزەیرانی هەمان ساڵیشدا (دادگای سەربەخۆ لە دیاربەکر) دادگـایی (٤٧) شۆڕشگێڕی کوردی کرد و بڕیاری خنکاندنی بە سەریاندا سـەپاندن و (شـێخ سەعید)ی سەرکردەی ڕاپەڕینەکەش لە پێـشەوەیان، بـۆ ڕۆژی دواتـر حوکمەکـەی جێبەجێ کرا[5]. ئەمە جگە لەوەی ئەنجامی هێرشی هێزەکانی تورکیـا بـووە هـۆی

---

(١) نـادر ئینتـسار، ئیتنـۆ نەتەوایـەتی کـوردی، و. عـەتا قـەرەداخی، چ١، چـاپخانەی قـانع، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١١٥.

(٢) بڕوانە: قدري جميل باشا، (زنـار سـلوبي)، مـسألة كردسـتان ،٦٠عامـا مـن النـضال المـسلح للشعب الكردي ضد العبودية، ط٢، بيروت، ١٩٩٧، ص٩٦.

(٣) بڕوانـە: م.س. لازاريـف وآخـرون، تـأريخ كردسـتان، ت. عبـدي حـاجي، ط١، مطبعـة حجـي هاشم، أربيل، ٢٠٠٦، ص٢١٩. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەم ڕاپەڕینە بڕوانە: كمال مظهر احمد، انتفاضة ١٩٢٥ في كردستان تركيا، ط١، رابطة كـاوا للثقافـة الكرديـة، لبنـان–بـيروت، ٢٠٠١؛ م.ا. حەسـرەتیان، ڕاپــەڕینی کـوردان ١٩٢٥، و. جـەلال دەبـاغ، چ٢، چـاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە، دەزگـای توێژینـەوە و بڵاوکردنـەوەی موکریـانی، هـەولێر، ٢٠٠٦؛ ڕۆبەرت ئۆڵسن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣–١٥٨.

(٤) بڕوانە: بلەچ شێرکۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩.

(٥) بڕوانە: م.س. لازاريف وآخرون، المصدر السابق، ص٢٢١.

خاپووركردنی كوردستان و كوژرانی هـەزاران كەسی بێتـاوان، كـە زۆربـەیان ژن و منداڵ بوون[1].

دوابەدوای سەركوتكردنی ئـەم ڕاپەڕینـە حكومـەتی توركیـا دەسـتی كـرد بـە گواستنەوەی هۆزە كوردەكان بۆ ناوچەكانی ڕۆژئاوای ئـەنادۆڵ و نیـشتەجێكردنی پەنابەرانی توركی بەلقان لە شوێنیان[2]. لەم میانەیەشـدا قـانونی (١٠٩٧) یـان لـە ١٦ی حـوزەیرانی ١٩٢٧ پەسـەند كـرد، كـە دەسـەڵاتی بـە حكومـەت دەدا بـۆ گواستنەوەی (١٤٠٠) كەس لەگەڵ (٨٠) خێزان بۆ ولایەتەكانی ڕۆژئاوا[3].

كردەوەكـانی حكومـەتی توركیـا بـە مەبەسـتی لـەناوبردن و توانـەوەی گـەلی كورد بوون لـەناو نەتـەوەی توركدا. ئەمـەش بـەرگریكردنی گـەلی كـوردی لـەپێناو گەیشتن بە مافەكانی كـز نـەكرد، بـەڵكو لـە سـاڵی ١٩٢٧ ڕێكخـراوە نەتەوایەتییـە كوردییـەكان لـە كۆمەڵـەی (خۆییبـون)دا یـەكیان گـرت[4]، كـە لـە كوردەكـانی دەرەوەری وڵات پێكهاتبوو. لە ساڵی ١٩٢٧ ئەم كۆمەڵەیە یەكەم كـۆنگرەی خـۆی لە هاوینەهەواری (بەحەمدون) لە لوبنان بەست[5].

---

(1) بڕوانە: كمال مظهر احمد، المصدر السابق، ص٦٩.

(2) بڕوانە: خليل علي مراد وآخرون، القضية الكردية في تركيـا وتأثيرهـا علـى دول الجـوار، مركـز الدراسات التركية، جامعة الموصل، ١٩٩٤، ص٢٩.

(3) بڕوانە: اسماعيل بيشكجي، النظام في ...، ص١٢٦-١٢٧.

(4) خۆییبون لە ئەنجامی یەكگرتنی چـەند ڕێكخراوێك پێك هـات، لەوانـەش (كۆمەڵـەی تـەعالی كوردستان، كۆمەڵەی تشكیلاتی كۆمەڵایەتی، لیژنەی سەربەخۆیی كوردسـتان...). بڕوانـە: م.س لازاريف وآخرون، المصدر السابق، ص٢٢٦.

(5) بڕوانـە: عبـدالرحمن قـاسملو، سەرچـاوەی پێـشوو، ل٦٢. بـۆ زانیـاریی زیـاتر دەربـارەی خۆییبون بڕوانـە: ڕۆهـات ئـالاكۆم، خۆییـبون و شۆڕشـی ئـاگری، و. شـوكور مـستەفا، چ١، چـاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە، دەزگـای چـاپ وبڵاوكردنـەوەی ئـاراس، هـەولێر، ٢٠٠٠؛ عبدالستار طاهر شـريف، الجمعيـات والمنظمـات والاحـزاب الكرديـة في نـصف قـرن ١٩٠٨ – ١٩٥٨، ط١، شـركة المعرفـة للطباعـة والنـشر، بغـداد، ١٩٨٩، ص٦٣-٨١؛ نـژیار نعمـان باجلوري، الحركة القومية الكوردية التحررية في كوردستان تركيا ١٩٢٧ – ١٩٣١، ط١، مطبعة حجي هاشم، دار سبيريز للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠٧، ص٦٥-١٠٤.

خۆیبون هەوڵی دەدا هەموو هێزە کوردییە پەرت و بڵاوەکان لە چوارچێوەی یەك بەرنامەدا ڕێك بخات و سەرپەرشتی ڕاپەڕینی ئاگری (١٩٢٧-١٩٣٠) کرد. بۆ ئەم مەبەستەش جەنەڕاڵ (ئیحسان نوری پاشا)ی وەك نوێنەری سەربازیی خۆی لە چیای ئاگری (ئارارات) دەستنیشان کرد، کە هێزە چەکدارەکانی کوردی ڕێکخست و بەڕێوەبەرایەتییەکی مەدەنیشی بە سەرۆکایەتیی (ئیبراهیم پاشای حەسکی)[١] پێك هێنا و ڕۆژنامەیەکیشیان بە ناوی (ئاگری)یەوە دەرکرد[٢].

لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٠دا زۆر ناوچەی کوردی بەدەست شۆڕشگێڕانەوە بوون، بەمەش حکومەتی تورکیا، ناچاربوو هێزێکی سەربازیی گەورە ڕەوانەی ئەو ناوچانە بکات، لەژێر سەرکردایەتیی (صالح پاشا)دا و دوای مانگێك شەڕکردن، ئەم هێزە شکستی هێنا، بەڵام بەهۆی هاوکاریی ئێران، توانییان پشت لە شۆڕشگێڕان بگرن و کردەوە سەربازییەکان بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی ئاگری ساڵی ١٩٢٧، تا کۆتایی ساڵی ١٩٣٠ بەردەوام بکەن. بە پێی زانیارییە ڕەسمییەکانی حکومەتی تورکیا ئەو کردەوانە بوونە هۆی کوژرانی زیاتر لە هەزار کەس و سوتانی (٢٠٠) گوندی کوردی لە ناوچەکانی چیای ئاگری[٣]. سەرەنجام ڕاپەڕینەکە شکستی هێنا و ئیحسان نوری پاشا و هەندێ لە یاوەرانی ڕایان کرد بۆ ئێران و شۆڕشگێڕەکانی تر دەستگیر کران و بڕیاری لە سێدارە دانیان بۆ دەرکرا[٤]. دواتر حکومەتی کەمالی قانونی ژمارە (١٨٥٠)ی دەرکرد، کە بەپێی ئەم

---

[١] ئیبراهیم پاشای حەسکی، سەرۆکی ناحیەی بۆتی و لە عەشیرەتی هەسە سوریە، لە ساڵی ١٩١٥ لە بایەزید دژی لەشکری ڕوس شەڕی کردووە. پێش هاتنی جەنەڕاڵ ئیحسان، لە چیای ئاگری هێزێکی چەکداری پێکەوەناوە و لە ساڵی ١٩٣٠ دوای شکستی ڕاپەڕینی ئاگری، لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە کوژراوە. بڕوانە:

**Yilmaz Çamlıbel, Gilîdax Bêxwedî Nîn e ,serhildana Çîyayê Agirîyê, Ç1, Barış Matbaa-Mücellit, Weşanên Deng, Istenbol, 2005, S 64-65.**

[٢] بڕوانە: قدری جمیل باشا (زنار سلوبی)، المصدر السابق، ص١١٧-١١٨.

[٣] بڕوانە: م. س. لازاریف وآخرون، المصدر السابق، ص٢٢٧.

[٤] بڕوانە: ڕۆهات ئالاکۆم، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەم ڕاپەڕینە بڕوانە: ئیحسان نوری پاشا، ڕاپەڕینی ئاگری، و. ئەرسەلان بایز، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ب.ش، ١٩٩٥؛ . **Yilmaz Çamlıbel, A.G.E**

قانونه، هەر کردەوەیەك لەلایەن سوپاوە، بەرانبەر دانیشتوانی ناوچەکانی ڕاپەڕین ئەنجام بدرابا، بە تاوان دانەدەنرا[١].

سیاسەتی حکومەتی تورکیا دوای ڕاپەڕینی ئاگری، بریتی بوو لە فشار خستنە سەر کورد، بە تایبەتی لادێنشینەکان و گواستنەوەی بە کۆمەڵیان و دوورخستنەوەی شێخ و ئاغا و سەرۆکهۆزانی کورد لە کوردستان و بە زۆر ڕاپێچکردنی لاوانی کورد بۆ خزمەتی سەربازی لە سوپای تورکیادا[٢].

لە ٥ی ئایاری ١٩٣٢ حکومەتی تورکیا قانونێکی دەرکرد بە مەبەستی ڕاگواستنی بە کۆمەڵی کورد لە کوردستانەوە و نیشتەجێ کردنیان لە ناوچەگەلێکدا، کە لە (١٠٪)ی دانیشتوانی ناوچەکە زیاتر پێکنەهێنن[٣]. عابدین ئۆیزمەن (**Abidin Özmen**)ی چاودێری گشتیی شارەکانی ڕۆژهەلاتیش (چاودێری گشتیی ناوچەی یەك) ڕاپۆرتێکی خستە ڕوو، کە تیایدا پلانی تواندنەوەی گەلی کوردی دانابوو بە نیشتەجێکردنی تورك لە شوێنیان و قەدەغەکردنی زمانی کوردی و سەپاندنی زمانی تورکی و چەندین کاری تر[٤]. لە

---

[١] بڕوانە: ڕۆهات ئالاکۆم، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.

[٢] نادر ئینتسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨.

[٣] بە پێی ئەم قانونە، کورد لە هەموو مافە سیاسی و ئەتنیکیەکانی بێبەش کرا و تورکیای بەسەر چوار ناوچەدا دابەش کرد، کە سیانیان لە کوردستان بوون، بڕیاردرا یەکێ لەو ناوچانە بە تەواوی لە دانیشتوان چۆڵ بکرێ و بکرێتە ناوچەیەکی قەدەغەکراو. بڕوانە: جەلادەت عالی بەدرخان، لەبارەی کێشەی کوردەوە، سەبارەت بە یاسای دوورخستنەوە و بڵاوەپێکردنی کوردان، و. زریان ڕۆژهەلاتی،چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

[٤] عابدین ئۆزمەن ئەم ڕاپۆرتەی بۆ وەزارەتی کاروباری ناوخۆی تورکیا بەرزکردۆتەوە کە لە (٢٣) لاپەڕە پێکهاتووە و تیایدا پێشنیازی ڕاگواستنی کۆمەڵێك تورکی لە ڕۆژئاوای تورکیاوە بۆ ناوچەکانی (وان، دەشتی موش، شارۆچکەی بولانق، مەلازگرد و پارێزگا کوردییەکان) دەکرد، هەروەها، پێشنیازی دوورخستنەوەی منداڵانی کوردی لە ماڵ و دایك و باوکیان و کۆکردنەوەیان لە فێرگەی شەوانەی تایبەتدا دەکرد، بۆ ئەوەی بە گیانێکی تورکانە پەروەردە بکرێن و مافی ئەوەیان نەبێت بەزمانی کوردی قسە بکەن. بۆ خوێندنەوەی تەواوی ڕاپۆرتەکە بڕوانە: عەزیز شەمزینی، جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان، و. فەرید ئەسەسەرد، چ٤، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٩١–٢٠١.

٢١ی حوزەیرانی ١٩٣٤یش قانونی ژمارە (٢٥١٠) لەلایـەن ئەنجومـەنی نیـشتمانیی گەورەی تورکیاوە دەرکرا. ئەم قانونە بە ڕووکەش باسی تورکە ڕاگوێزەکراوەکانی بەلقانی کردبوو، بەلاّم لە ناوەڕۆکدا دژی کەمە نەتەوایەتییەکان و بـە تایبـەت دژی کورد ئاراستە کرابوو[١].

لە ساڵی ١٩٣٥، ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکیـا، قـانونێکی تایبـەتی بۆ پێکهێنانی ولایەتی دەرسـیم دەرکـرد. ئـەم قانونـە، دەسـەلاّتێکی زۆی بـە والی ولایەتەکە دەدا لە ڕووی سەبازی و بەڕێوەبردنەوە و مافی گواستنەوەی دانیشتوانی هەبوو بۆ ناوچەکانی تر و ئەو بڕیارانەی دادگاش دەری دەکردن، بەبێ هیچ جـۆرە پێداچـوونەوەیەك پەسـەند دەکـران[٢]. هـەروەها سـاڵی ١٩٣٦ دوای ئـەوەی دەسـەلاّتدرانی تورکیـا نـاوی (دەرسـیم)یـان گـۆڕی بـۆ (تونجـەلی)، ناوچـەی (بەڕێوەبردنی پشکنینی گشتی چوارەم) بە سەرۆکایەتیی جەنەڕاڵ عەبدوڵلاّ ئـەلپ دۆغـان (**Abdullah Alpdoğan**) پێـك هـات، کـە بـارودۆخی نائاسـایی سـەپاند بەسەر ولایەتەکەدا و داوای لە دانیشتوانەکەی کـرد بـڕی (٢٠) هـەزار پارچـە چـەك تەسلیم بکەن، ئەگینا دووچاری سزایەکی توند دەبنەوە[٣]. ئەم جۆرە بەڕێوەبردن و کارگێڕییە توندوتیژەی حکومەتی تورکیـا، سـەرەنجام بـووە هـۆی سـەرهەڵدانی ڕاپـەڕینی دەرسـیم (١٩٣٧-١٩٣٨) بـە ڕێبەرایـەتیی (سـەید ڕەزای دەرسـیم)[٤].

---

[١] ئەم قانونە، تورکیای دابەش دەکرد بۆ سێ هەرێم. هەرێمی یەکەم ئەو ناوچانەی دەگرتەوە، کە کولتوری نەتەوەیی تێدا چڕبووبۆوە. هەرێمی دووەم دەستنیـشانکرابوون بـۆ تێکـەلاّوی نیشتەجێبووەکان و تەرخان کرابوون بۆ ئـەوەی لەگـەڵ کولتـوری تـورکی ڕابـێن. هـەرێمی سـێیەم لەبـەر هۆکارەکـانی (تەندروسـتی، ئـابووری، کولتـوری، سیاسـیی و سـەربازی و ...هتد) نیشتەجێبوون و هاتوچۆی تیادا قەدەغە بوو. بـۆ خوێندنـەوەی تـەواوی قانونەکـە بڕوانە: م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی تورکیـا و کـورد لـە سـەردەمی نوێـدا، و. دلێر ئەحمەد، چ١، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٤٦-٤٨.

[٢] بڕوانە: خليل علي مراد وآخرون، المصدر السابق، ص٦٨.

[٣] جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص١٨٠.

[٤] ڕۆنیە لۆمبۆرن، کورد گەلێکی بێ ولاّت، و: ئەمجەد شاکەلی، سوید، ١٩٩٤، ل٣٣.

حکومەتی تورکیاش بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە هێزێکی نزیکەی (٢٥) هەزار سەربازی تێدا بەکار هێنا، کە بووە هۆی کوژرانی هەزاران کەس و وێرانبوونی گوند و ناوچە کوردییەکان[1]، هەروەها حکومەتی تورکیا توانی سەید ڕەزای سەرکردەی ڕاپەڕینەکە، بە تەڵەی گفتوگۆ کردن لە ئەرزنجان دەستگیر بکات و دادگای سەربازیش لە تشرینی دووەمی ١٩٣٧ لەگەڵ یازدە شۆڕشگێڕی تر، بڕیاری خنکاندنیانی دا[2]. دوابەدوای ئەم ڕووداوەش، ڕاپەڕینی دەرسیم بۆ چەند مانگێک بەردەوام بوو، تا لە تشرینی یەکەمی ١٩٣٨ بە تەواوی دامرکێندرایەوە[3].

لە لایەکی تریشەوە، حکومەتی تورکیا بە هاوکاریی حکومەتی عێراق و ئێران کەوتنە هاوکاری دژ بە گەلی کورد و پڕوپاگەندەی ئەوەیان بڵاو دەکردەوە گوایە ئەم ڕاپەڕینانە بە هانی دەوڵەتانی بیانی ڕوو دەدەن و ترس بۆ هەموویان دێنێتە کایەوە، بۆیە بڕیارياندا بەیەکەوە کورد سەرکوت بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی ١٩٣٧ پەیمانی (سەعد ئاباد)یان مرۆکرد. ئەم پەیمانە جگە لەوەی سروشتێکی دژە سۆڤیەتی هەبوو، بە شێوەیەکی سەرەکیش دژی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتیمانی کوردیش بوو[4].

---

[1] بڕوانە: حامد محمود عيسى، المصدر السابق، ص٣٧٠.

[2] بڕوانە: جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص١٨١.

[3] بڕوانە: نادر ئینتسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەم ڕاپەڕینە بڕوانە: کریس کوچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، و. حەمەکەریم عارف، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٥٥–١٦٥؛ کەندال و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣–١٤٤؛ خليل علي مراد وآخرون، المصدر السابق، ص٧٠–٧٩.

[4] ئەم پەیمانە لە نێوان (تورکیا، ئێران، عێراق و ئەفغانستان) لەژێر چاودێری بەریتانیادا مۆرکرا. بڕوانە: عبدالرحمن قاسملو، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢–٧٣.

**باسی دووەم/ پێشهاتە سیاسییەکانی باکووری کوردستان لە جەنگی دووەمی جیهانییەوە تا کۆتایی شەستەکان:**

لە پاش هەرەسهێنانی ڕاپەڕینی دەرسیم، باکووری کوردستان لە بێدەنگییەکی گشتگیردا مایەوە و هیچ جموجۆڵێك بەدی نەکرا. ئەو خوێنڕێژی و پەرتەوازەکردنەی هاووڵاتیان و سپاردنی کاروباری ناوچەکە بە سوپا و دامەزراندنی بنکەی چاودێری، بۆ ئەوە بوو کورد نەتوانێ جارێکی تر پەنا بباتە بەر چەك بۆ خەبات لەپێناو مافە نەتەوەییەکانی خۆیدا[1].

دەسەڵاتدارانی تورکیا لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانی و دوای ئەو شەڕە و هاتنە کایەی سیستەمی فرە حیزبی، ناچار بوون دەست لە سیاسەتی گواستنەوەی بە کۆمەڵی کورد هەڵگرن و هەندێ گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانیاندا بکەن، چونکە بە کۆتاییهاتنی سیستەمی تاکپارتی، دەنگی کورد لە هەڵبژاردنەکاندا سەنگی پەیداکرد و پارتە ڕکابەرەکان، ناچار بوون حیسابی بۆ بکەن. ئەمە دەبێتە دیاردەیەك لە ژیانی سیاسیی تورکیا و باکووری کوردستاندا و لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا باکووری کوردستان وەبیر سیاسەتمەداران دەکەوێتەوە و دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکان هەموو پەیمان و دروشمەکان لەبیر دەچنەوە[2].

لە کانوونی دووەمی ١٩٤٦دا ئەندامە ناڕازییەکانی پارتی گەلی کۆماری (Cumhuriyet Halk Partisi-CHP)[3] بڕیاری دامەزراندنی حیزبێکی نوێیاندا بە ناوی پارتی دیموکرات (Demokrat Partisi-DP) کە بە زوویی دەورێکی گرنگی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تورکیادا بینی[4].

---

[1] کەندالّ و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٩.

[2] بڕوانە: جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص٢١٢.

[3] ئەم حیزبە لەسەر بنچینەی کۆمەڵەی پاراستنی مافی ویلایەتەکان لە ساڵی ١٩٢٣ بە سەرۆکایەتیی مستەفا کەمال دامەزراوە، دوای مردنی مستەفا کەمال لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٣٨، عسمەت ئینەنۆ بوو بە سەرۆکیی حیزبەکە و سەرۆککۆماری تورکیا. بڕوانە: ابراهیم خلیل احمد وآخرون، المصدر السابق، ص٤١-٤٤.

[4] بەناوبانگترین سەرۆکەکانی ئەم حیزبە (جەلال بایار، عەدنان مەندەریس، فوئاد کۆپەرلو و ڕەفیق کورالتان بوون). ابراهیم خلیل احمد، المصدر السابق، ص٤٦.

دیموکراتەکان، چاویان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥٠ بوو، بۆ بەدەستهێنانی دەنگی هەموو ئەوانەی کە لە سیاسەتەکانی پارتی گەلی کۆماریش بێزار بوون، هەندێ باسیان لە ئازادیی مەدەنی و ڕۆڵی شێخ و تەریقەتەکان و خاوکردنەوەی سیاسەتەکان بەرانبەر بە ئایین و بیروباوەڕی ئایینی خەڵك دەکرد، هەروەها هەڵسوکەوتیان بەرانبەر بە ئاغا و دەرەبەگەکان زۆر توند نەبوو، ئەمانە لە ساڵی ١٩٢٣ەوە ئازارێکی زۆریان چەشتبوو، بە دەستی پارتی دەسەڵاتدار. جگە لەمەش، داکۆکییان لە ئازادیی ئابووری (بەتایبەتی ریفۆرمی زەوی) دەکرد[1].

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥٠ شکستهێنانی پارتی گەلی کۆماری بە سەرۆکایەتیی عیسمەت ئینەنۆ (**Ismet Inönü**) و سەرکەوتنی پارتی تازە دروستبوی دیموکرات بوو، کە کوردەکان (بە شێوەیەکی گشتی) دەنگیان پێیدا[2]. ئەم هەڵوێستەی کوردان، ئەوەندە لە خۆشەویستی بۆ پارتی دیموکراتی و پرۆگرامەکەی نەبوو، ئەوەندەی لەبەرئەوەی پارتی گەلی کۆماری لەناو کورددا مایەی رقو کینە بوو، بەهۆی ئەوەی لە رووی نەتەوەییەوە نکوڵیی لە بوونی گەلی کورد دەکرد و زمان و جلوبەرگی کوردی قەدەغە دەکرد و ڕاپەڕینەکانی کوردی بە زۆرداری دادەمرکاندەوە. لە رووی ئایینیشەوە تورکیای لە ئیسلام دوورخستۆتەوە و تەریقەتە سۆفییەکانی سەرکوت کردووە و خوێندنگا ئایینییەکانی داخستووە[3].

---

[1] بڕوانە: دیڤید مەکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، و. ئەبوبەکر خۆشناو، چ. دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٦٤٨-٦٥٧.

[2] نادر ئینتسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩-١٢٠. لەم هەڵبژاردنەدا، پارتی دیموکرات (٥٣٪)ی دەنگەکانی بەدەست هێنا و (٣٦٩) کورسی لە ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکیادا هێنا، دوای دەستبەردار بوونی عیسمەت ئینەنۆ، (جەلال بایار) بووە سەرۆککۆمار و (عەدنان مەندەریس)یش وەزارەتی نوێی پێك هێنا. احمد نوری النعیمي، السیاسة الخارجیة الترکیة بعد الحرب العالمیة الثانیة، دار الحریة للطباعة، بغداد، ١٩٧٥، ص٨٢.

[3] بڕوانە: فەرۆز ئەحمەد و ئەوانی تر، تورکیا نەبەرد لەپێناوی مانەوەدا، و. خالد بەکر مەحمود و ئەوانی تر، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٢٦-٢٢٧.

له پرۆگرامی پارتی دیموکراتیشدا، هیچ مافێکی سیاسی و نەتەوەیی تایبەت بە کورد بەدی نەدەکرا، تەنها پارتی دیموکرات لە کاتی هەڵبژاردندا بەڵێنی دابوو، کە هەموو دانیشتوانی وڵات، بە یەك چاو سەیر دەکا و ئەگەر دەسەڵات بگرێتە دەست هەوڵ دەدا ویلایەتەکانی کوردستانی تورکیا ببوژێنێتەوە، بەڵام هەر کە دەسەڵاتی گرتە دەست ئەو بەڵێنانەی لە بیر کرد[1].

لە ٣ی ئابی ١٩٥١، لە ڕێگەی ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکیاوە، قانونێکی نوێی بۆ نیشتەجێبوون، لە بارەی هەمواركردنی ماددەکانی قانونی ژمارە (٥٠٩٨) بە ژمارە (٨٥٢٦) دەرکرد[2]، لەوەش زیاتر حکومەتەکەی مەندەریس لە ساڵی ١٩٥٥ لەگەڵ (عیراق و ئێران و پاکستان)دا پەیماننامەیەکیان بەست، کە ناونرا بە (پەیماننامەی بەغدا)[3]. ئەم پەیماننامەش پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هەبوو بە دۆزی کوردەوە، ڕاستریش سەرکوتکردنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد و هەوڵەکانی لەپێناو سەربەخۆیی و سەربەستی دا، یەکێك بوو لە ئامانجە گرنگەکانی ئەو پەیماننامەیە[4].

---

(١) جبار قادر، قضايا كردية معاصرة، كركوك– الانفال – الكرد وتركيا، ط١، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٦، ص١٦٦.

(٢) بە پێی ئەم قانونە، بڕیار درا بە دامەزراندنی لیژنەیەك کە لە سێ کەس پێك دێت، بە نوێنەرایەتیی وەزارەتەکانی (کشتوکاڵ، گواستنەوە، گەیاندن، تەندروستیو زەمانەتی کۆمەڵایەتی) کە پێویستە لەسەریان ئەو ناوچانە لە هەرێمەکاندا دیاری بکەن کە ترس نایانگرێتەوە (بۆ نمونە تونجەلی، ساسۆن، زیلان..هتد) دەتواندرێت لە کاتی پێویستدا ناوەندی نیشتەجێبوونی لێ دروست بکرێت. بە پێی ئەم قانونە، ئەو کەسانە دەتوانن لەم ناوەندە نیشتەجێییانە بژین کە بە پێی سیستمی ئیداری گوێزراونەتەوە بۆ ولایەتەکانی ڕۆژئاوای تورکیا لە دوای ١ی کانوونی دووەمی ١٩٣٨. واتا دوای راپەڕینەکەی دەرسیم. جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص٢١٤–٢١٥.

(٣) ئەم پەیماننامەیە جێگەی پەیماننامەی سەعد ئابادی ساڵی ١٩٣٧ گرتەوە و دواتر بەریتانیاش هاتە ناو ئەو پەیماننامەیەوە و کارو فەرمانی بەرگریش خرابووە ژێر دەسەڵاتی ئەمریکاوە، دوای دەرچوونی عیراق لێی، دوای شۆڕشی١٤ی تەمموزی ١٩٥٨، ناوی ئەم پەیماننامەیە بوو بە (سەنتۆ). کەندال و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١.

(٤) جبار قادر، قضايا كردية معاصرة...، ص١٩٨.

سەرەڕای هەموو کردەوەکانی حکومەتی تورکیا بۆ لەناوبردن و تواندنەوەی گەلی کورد لەناو نەتەوەی تورکدا، بەڵام خەباتی گەلی کورد، لەپێناو داواکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی، بەردەوام بوو، کە لەم سەردەمەدا زیاتر خۆی لە شێوەی خەباتی ڕۆشنبیریدا دەنواند. سەرەتای ئەم بوژانەوە ڕۆشنبیرییە و بلاو بوونەوەی هەستی نەتەوەییە دەگەڕێتەوە بۆ دوای شۆڕشی تەمموزی (١٩٥٨)ی عیراق و ڕادیۆ کوردیەکەی بەغدا و ڕادیۆی قاهیرە و ئێزگەی یەریڤان، کلێەو گڕی بیری میلییان لە کوردستانی تورکیادا هەڵگیرساند[١].

لە ساڵی ١٩٥٨ (موسا عەنتەر و جانیب یۆڵدرم)، کە لەخوێندەواران و ڕۆشنبیرانی دیاربەکر بوون، هەفتەنامەیەکیان بە ناوی (**Îlerî Yurt**) واتە (نیشتیمانی پێشڤەچوو) دەرکرد، کە بایەخی بە مەسەلە ناوچەییەکان دەدا[٢]، بەلأم حکومەتی تورکیا بە توندی بەرپەرچی ئەم پەرەسەندنە نوێیەی دایەوە. کاتێك لە ساڵی ١٩٥٩ (٤٩)[٣] ڕۆشنبیری کوردی بە تۆمەتی ئەنجامدانی چالاکیی ڕۆشنبیری قەدەغەکراو و هەوڵی جوداخوازانە دەسگیر کردن و دادگاش بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردا سەپاندن، بەلأم دواتر بە چەند ساڵێك زیندانی حوکم دەدرێن و لە ساڵی ١٩٦١ ئازاد دەکرێن[٤].

---

[١] کەندالْ و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢.

[٢] کریس کۆچێرا، کورد ...، ل٤٣٥.

[٣] گرووپی (٤٩)یەکان لە جولأنەوەی کوردیدا، یاخود لە ژیانی سیاسیی تورکیدا ڕۆلێکی بەرچاویان هەبوو کە پێك هاتبوون لە کەسانی وەکو (سەعید ئێلچی، شەرەفەدین ئێلچی، نورەدین یلْماز، مەدەت سەرحەد، سەعید قورمزی توپراك (د.شڤان)، جانیب یلْدرم، موسا عەنتەر، یەشار کایا و ناجی کوتلای). بڕوانە: حەمید بۆزئەرسەلان، کوردایەتی و جولأنەوەی کورد لە ماوەی نێوان ١٨٨٩–٢٠٠٠، گۆڤاری (دۆسێی تورکیا)، ژمارە (٤)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، تشرینی دووەمی ٢٠٠٦، ل٨١.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ یەکێك لە ٤٩ کەسەکە (یەشار کایا)، هەولێر، ١١ی شوباتی ٢٠٠٨.

له ٢٧ی ئایاری ١٩٦٠ کودەتایەکی سەربازی له تورکیا ڕووی دا، که یەکێك له هۆکاره ڕاگەیاندراوەکانی ئەم کودەتایه پەرەسەندنی دۆزی کورد و گوایه خۆ لێکەڕکردنی حکومەتی بایار و مەندەریس بوو[1].

حکومەتی کودەتاچییەکان، زوو دڵسۆزیی خۆیان بۆ هەمان سیاسەتی پێشوو (بەرانبەر بە کورد) ڕاگەیاند. هەر لەو ساڵەدا (٤٨٥) کوردیان لە سەربازگەی (سیواس)دا بۆ ماوەی چەند مانگێك گرت و (٥٥) کەسیان له خاوەن زەوی و ئاغا و سەرۆك هۆزەکانی کوردستان، بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای تورکیا، بۆ ماوەی (٢) ساڵ، دوورخستەوه، کە زۆربەیان ئەندامی پارتی دیموکرات بوون[2]. ئەمەش دوابەدوای دەرکردنی قانونی ژماره (١٠٥) بوو، که له ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٦٠ دەرکرا و بەپێی ئەو قانونه ئەو خێزانە کوردانەی مایەی گومانی کاربەدەستان بوون دەبوایە بە زۆره ملێ، لە زێدی خۆیان، ڕابگوێزرێن بۆ ناوچەکانی تری

---

[1] ئەم کودەتایه لەلایەن ئەفسەره باڵاکانی سوپاوه، بە سەرۆکایەتیی جەنەڕاڵ (جەمال گێۆرسیل) ئەنجام درا و دەستیان گرت بەسەر هەموو دەزگا حکومیەکان و بارەگای سەرۆککۆمار و ماڵی سەرکرده دیارەکانی پارتی دیموکرات، هەروەها سەرۆککۆمار (جەلال بایار) و سەرۆکی حکومەت (عەدنان مەندەریس) و سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکیا (ڕەفیق کورالتان) و ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی سوپا و گەوره ئەفسەرانی سوپا و پۆلیس لەلایەن کودەتاچیەکانەوه دەستگیر کران. دوای کودەتاکەش (کۆمیتەی یەکێتیی نیشتیمانی) لە جەنەڕاڵەکان سازکرا. بڕوانە: ابراهیم خلیل احمد وآخرون، المصدر السابق، ص٥٠؛ یوسف ابراهیم الجهماني، اوج آلان، ترکیا والاکراد، ط١، دار حوران للطباعة والنشر، سوریا–دمشق، ١٩٩٩، ص٣٧. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عبدالجبار قادر غفور، انقلاب عام ١٩٦٠ في ترکیا (تحلیل دوافعه الأقتصادیة والسیاسیة) ، مجلة (دراسات ترکیة)، العدد (١)، مرکز الدراسات الترکیة، جامعة الموصل، ١٩٩١.

[2] میخائیل م. جونتر، الاکراد ومستقبل ترکیا، ت. سعاد محمود ابراهیم خضر، مرکز کردستان للدراسات الأستراتیجیة، السلیمانیة، ٢٠٠٧، ص١٧؛ عبدالفتاح علي البوتاني، دراسات ومباحث في تاریخ الکورد والعراق المعاصر، ط١، مطبعة حاجي هاشم، اربیل، ٢٠٠٧، ص١٦٩.

تورکیا. بەدەر لەمەش بە پێی قانونی ژمارە (١١٤)، کە لە هەمان بەرواردا دەرکرا، (١٢٧) مامۆستا لە زانکۆکانی تورکیا دەرکران بەتۆمەتی کارکردن لەپێناوی کوردستانی سەربەخۆدا[١].

کودەتاچییەکان دەسەڵاتیان لە کۆمیتەی یەکێتیی نیشتیمانی، کە پێکیان هێنا، کۆدەکردەوە. یەکێك لە کارەکانی ئەم کۆمیتەیە، گۆڕینی ناوی ئەو گوند و شارۆچکانە بوو کە ناوی کوردییان هەبوو، بە پێی قانونی ژمارە (١٥٨٧)[٢]. هەروەها لە کانوونی دووەمی ١٩٦١، کۆمیتە، قانونێکی نوێی دانا، بەو پێیە خوێندنگای تایبەت (بە بەشی ناوخۆییەوە) لە ناوچە کوردنشینەکان دامەزران، مەبەست لەم خوێندنگایانەش ئەوەبوو، کە منداڵانی کورد لە کەسوکاریان دابڕێن و بە هەستی تورکچێتی گەورە بکرێن[٣].

لە تشرینی دووەمی ١٩٦١ سەرکردەی کودەتاچییەکان جەنەڕاڵ جەمال گیۆرسیل (**Cemal Gürsel**) کوردەکانی تورکیای ئاگادار کردەوە کە: نە یارمەتی بارزانی بدەن و نە چاو لە ڕاپەرینەکەی ئەو لە کوردستانی عیراقدا بکەن. خۆ ئەگەر یارمەتییاندا، یان چاویان لێکرد، ئەوا هێزی چەکداری تورکیا، بێ دوودڵی، بۆمبارانی شار و لادێکانیان دەکات، تا ئەندازەی تەختکردنیان لەگەڵ زەویدا[٤].

---

(١) جلیلي جلیل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٥٥-٢٥٦.

(٢) بە پێی ئەم قانونە، ئەو ناوانەی لەگەڵ کولتور و ئاکار و ڕێوشوێنی (نەتەوایەتی)دا ناگونجێن و بە سوکایەتی دەرهەق بە کۆماری دەژمێردرێن، ناتوانن بە شێوەیەکی ئاسایی لە دامودەگاکانی حکومەتدا تۆماریان بکەن. دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩٦.

(٣) دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦٢؛ کەندال و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣.

(٤) نووسەر، ساڵی ١٩٦٠ی بۆ ئەم هەڵوێستەی جەمال گێورسیل بەکارهێناوە، بەڵام ساڵەکە بە هەڵە نووسراوە، چونکە لەو ساڵەدا شۆڕشی ئەیلول هەڵنەگیرسابوو، بەڵکو لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ ئەم شۆڕشە هەڵگیرسا. بڕوانە: نادر ئینتسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢١.

له لایـەکی تریـشەوە لـەو ساڵەدا کاتێك کتێبەکـەی محەمـەد شـەریف فـرات (ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات و مێـژووی وارتـو) چـاپ کرایـەوە، کـە جـەمال گیۆرسـیل خۆی پێشەکی بۆ نووسیبوو، کتێبەکە بانگەشـەی ئـەوەی دەکـرد کـە گـەلی کـورد بوونی نییەو تورکی ڕەسەنن[1]. شایانی باسـە، نووسـەری ئـەم کتێبـە، بـە ڕەگـەز کوردە و بانگەشەی ئـەوەی دەکـرد کـە کـورد، تـورکی ڕەسـەنە. بـە وتـەی دێـرك کینان لە ئاکـامی ئەمـەدا و وەکـو کاردانەوەیـەك لـەدژی ئـەو بۆچـوونانە، لـە ٨ی ئایاری ١٩٦١ کوردەکان لە (ماردین، دێرك، سـیڤەرەك، دیاربـەکر، بـدلیس و وان)، خۆپیـشاندانیان کـرد و دروشمـی ئـەوەیان هـەڵگرتبوو (ئـەوان تـورك نـین، بـەڵکو کـوردن)، هـەروەها داخـوازی ئـەوەیان دەکـرد (حکومـەتی تورکیـا دان بـە مافـە نەتەوەییەکانیاندا بنێت). لە ئەنجامدا لەماردین (١٢١) کوژراو و (٣٥٤) بریـندار و، لە دیاربەکر (١٩٤) کوژراو و (٤٠٠) برینداری لێکەوتەوە[2].

لە درێژەی سیاسەتی دژایەتیکردنی گەلی کورد، لـە سـاڵی ١٩٦٢، کەمالیـستەکان، (دکتـۆر عـەزیز ئۆغڵـو)ی کـوردی وەزیـری تەندروسـتی تورکیایـان بـە تـاوانی ئـەوەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی و جوداخوازی بـەهێز کـردووە، ناچـارکرد دەسـت لـەکار بکێشێتەوە[3].

کاتێك دەستوری تازەی تورکیا (کـە لـە ٢٧ی ئایـاری ١٩٦١ دانـرا)، مۆڵـەتی ئازادیی ڕادەربڕین و بڵاوکردنەوە و مافە کۆمەڵایەتی و ئابووریـەکانی دەدا و دانـی

---

[1] بڕوانـە: اسماعیـل بیـشیکجي، کردسـتان مـستعمرة دولیـة، ت. زهـیر عبـدالملك، دار APEC للطباعة والنشر، السوید، ١٩٩٨، ص١٦٠.

[2] درك کینان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠–٤١.

[3] دکتۆر عەزیز ئۆغڵو لە (پارتی تورکیای نوێ)، بەشدار بوو لە پێکهاتنی کابینەی وەزاری کـە لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٦٢دا، پێکهات، لە ماوەی کورتی دەسەڵاتیدا گرنگیەکی تایبەتی بـە چاککردنی ئاستی تەندروستی لـە کوردسـتانی تورکیـا دا و لـە چـاو هـەموو حکومەتـەکانی پێشوو گەلێك نەخۆشخانەی زیاتری لە کوردستان دروست کرد. نادر ئینتسار، سەرچـاوەی پێشوو، ل١٢٢.

بـه مـاف سـەندیکای کرێکارانـدا دادەنـا[1]، ڕۆشـنبیرانی کـوردیش، جـارێکی دی، هەوڵیاندا، ئەم هەلـە بقۆزنـەوە و چـەند گۆڤـارێکی مانگانـەیان بـە هـەردوو زمـانی کـوردی و تـورکی بڵاوکـردەوە. وەکـو گۆڤـاری ڕۆژانـو، گۆڤـاری (دیجلـە–فـرات، ١٩٦٢–١٩٦٣)، گۆڤـاری (دەنـگ، ١٩٦٣)[2]. هـەروەها سـاڵی ١٩٦٢ هەنـدێ لـە لیبراڵەکان گۆڤارێکیان بە نـاوی (بـارش دنیاسـی– جیهـانی ئاشـتی) دەرکـرد، کـە بەشێك لە لاپەڕەکانی تەرخانکران بۆ نووسینەکانی موسا عەنتەر دەربـارەی زمـان و کولتــور و فۆلکلــۆری کــوردی[3]، بــەڵام لــە هــاوینی ١٩٦٣، سەرنووســەر و نووسەرەکانیان گیران و تۆمەتی شیوعیەت و جوداخوازییان درایە پاڵ[4].

وێڕای ئەو کار و کردەوانەی کەمالیستەکان، خراپبوونی بارودۆخی ئـابووری و کۆمەڵایەتیی باکووری کوردستان و مانەوەی ناوچە کوردییەکان بە دواکەوتوویی و پشتگوێ خراوی، هەروەها سەرهەڵدانی جوڵانەوەی چـەکداری کـورد لـە باشـووری کوردسـتان لـە ئـەیلولی ١٩٦١ دا، بوونـە هـۆی پەرەسـەندنی چـالاکی سیاسـی و نەتــەوەیی کوردەکــان لــە تورکیــا و دامەزرانــدنی ڕێکخــستن و چــڕکردنەوەی چالاکیەکانیان لەناو پارتە چەپەکانی تورکیادا[5].

---

[1] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦٣.

[2] گۆڤـاری (دیجلـە – فـرات) لەلایـەن موسـا عەنتـەرەوە دەرکـرا، کـە هەشـت ژمـارەی لـێ بڵاوکرایەوە، گۆڤاری (دەنگ)یـش لەلایـەن یەشـار کایـا و مـەدەت سـەرحەد بڵاوکرایـەوە و دوای گیرانی سەرحەدیش ژمـارە سـێی لـێ بڵاوکرایـەوە و دواتـر گۆڤارەکـە ڕاگـیرا. بڕوانـە دیڤیـد مەکـداول، سەرچـاوەی پێـشوو، ل٦٦٣؛ جليلـي جليـل وآخـرون، المـصدر الـسابق، ص٢٥٦–٢٥٧.

[3] ئەم گۆڤارە، ئەحمەد حەمدی سەرۆکی بەڕێوەبردنی بوو کە یەکێك بـوو لـە کۆنـە هـاوەڵانی مستەفا کەمال. کەندالْ و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٤.

[4] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦٣.

[5] بڕوانـە: سـعد نـاجي جـواد، دراسـات في المـسألة القوميـة الكرديـة، ط١، دار العربيـة للعلـوم، بيروت، ٢٠٠٥، ص٢٤–٢٦.

له ساڵی ١٩٦٣ بەدواوە، بەشێکی زۆری کورد، بە تایبەت ڕۆشنبیرانی کورد، دەچنە ناو (پارتی کرێکارانی تورکیا)(Turkıye İşçi Partisi–TİP)[(١)] و چالاکانە کاردەکەن. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی١٩٦٥ بۆ پەرلەمان، (١٥) کاندیدی ئەم پارتە دەردەچن، کە چواریان کوردن و (دکتۆر تاریق ئیکینجی) نوێنەری دیاربەکر لەنێویاندا بوو. پاشان لە سالآنی (١٩٦٨ – ١٩٦٩) بوو بە سکرتێری گشتی پارتەکەو ساڵی ١٩٦٩ محەمەد عەلی ئەسلان (کە کورد بوو)، بوو بە ڕێبەری ئەم پارتە[(٢)]. هەر لەو ماوەیەدا،پارت و ڕێکخراوی تایبەت بە کورد و کوردستان دادەمەزرێن.

لە ساڵی ١٩٦٥ پارتێکی کوردی لەو جۆرە، بە ناوی (پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا) بە سەرۆکایەتیی (فایق بوجاك) دامەزرا، کە دوای هەشت مانگ لەدامەزراندنی پارتەکە، (فایەق بوجاك) دەکوژرێ و گەلێ کەس، وای بۆ دەچن کە دەوڵەت و هێزە شاراوەکانی بۆخۆیان کوشتوویانە، دوای ئەوە، (سەعید ئێلچی) سەرکردایەتیی پارتەکە دەگرێتە دەست[(٣)]. ئەمە لەکاتێکدا، بە پێی ماددەکانی (٨٩، ٩٠) لە قانونی پارتە سیاسییەکان، ژمارە (٦٤٨) کە لە تەمموزی ١٩٦٥ وەرگیرا، ڕێگە لە دامەزراندنی هەموو پارتێکی نەتەوەیی دەگرێ کە پارێزگاری لە بەرژەوەندیی کەمە نەتەوایەتییەکان بکات، یان کار لەپێناو بەخشینی مافی ئۆتۆنۆمی (خۆبەڕێوەبردن)دا بکات، لە هەر ناوچەیەك لە ناوچەکانی وڵات[(٤)].

---

(١) پارتی کرێکارانی تورکیا، لە شوباتی ١٩٦١ دامەزراوە و لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٢ (محەمەد عەلی ئەیبار) بە سەرۆکی گشتی ئەم پارتە هەڵبژێردرا. بڕوانە: مجموعة من الباحثين السوفيت، تاريخ تركيا المعاصر، ت. هاشم صالح التكريتي، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، من منشورات مكتب الفكر والتوعية في الاتحاد الوطني الكردستاني، سليمانية، ٢٠٠٧، ص٤٠٣–٤٠٥.

(٢) کریس کۆچێرا، کورد ...، ل٤٣٧.

(٣) فەروز ئەحمەد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٨. بڕوانە: هەمان بەش و باسی سێیەم.

(٤) جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٦٢.

وێڕای ئەو گوشـارانەی کـە لـە شەسـتەکاندا پـەیڕەو دەکـران، کوردەکـان هـەروەك پێشوو بە زمانی کوردی یان تورکی درێژەیان بە بابەتی پەیوەست بـە کولتـوری کـوردی دەدا[1]. لە ساڵی ١٩٦٦ یەکەمین ڕۆژنامەی سۆسیالیستیی کوردی، لە ئەنقەرە بـە نـاوی ڕێبازی نوێ (Yeni Akış) دەرکرا، کە (محەمەد عەلی ئەسلان) بەڕێوەبەری نووسـینی بوو، هەروەها (محەمەد ئەمین بـۆز ئەرسـەلان)یـش پـەرتوکێکی لـەژێر نـاوی کێـشەکانی ڕۆژهەلات (Doğu'nun Sorunları) بلاوکردەوە[2]. موسا عەنتەریش لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٧ فەرهـــەنگێکی (کـــوردی – تـــورکی) بـــلاو کـــردەوە، (محەمـــەد ئـــەمین بـــۆز ئەرسەلان)یش کتێبی دەرسی سەرەتایی (ئەلف بێی کوردی) و (مەم‌و زیـن)ی وەرگێـڕا، بـەلام لـە سـاڵی ١٩٦٩ بـەو هۆیـەوە گـیرا[3]. لـە هەمووشـی گـرنگتر، دوو پەرتوکـە کۆمەلایەتییەکەی کۆمەڵناسی تورك (ئیسماعیل بێشکچی) بـوو، بـە نـاوی (گۆڕانکـاری و دۆزەکانی ڕۆژهەلات: هـۆزی کۆچـەری عـەلیکان) کـە لـە سـاڵی ١٩٦٩ بـلاوی کـردەوە و تێزی دکتۆراکەیەتی. لەگەڵ پەرتوکی (دۆزی ڕۆژهـەلاتی ئـەنادۆڵ: بناغـە کۆمەلایـەتی و ئابووری و ئەتنیکییەکان)[4].

---

[1] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦٨.

[2] بڕوانە: وصال نجیب عارف العزاوي، القـضیة الكردیـة في تركیـا (دراسـة في التطـور الـسیاسي للقضیة الكردیة منذ بدایتها وحتی عام ١٩٩٣)، اطروحة دكتورا (غیر منشورة)، كلیـة العلـوم السیاسیة، جامعة بغداد، ١٩٩٤، ص١١٨.

[3] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦٨. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی کتێبەکـەی محمـد ئەمین بۆز ئەرسەلان، بڕوانە: جەبار قادر، چەند بابەتێکی... ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠–١٢٢.

[4] ئیـسماعیل بێشکـچی، دوای بلاوکردنـەوەی ئـەو بەرهەمانـەی دوای کودەتـای ١٢ی ئـاداری ١٩٧١، دەستگیر کرا، بەلام دوای لێبووردنی گشتی ئەو ساڵە، ئازادکرا و چـەندین بەرهـەمی بلاوکـردەوە، وەکـو کتێبـی (میتـۆدی زانـست) لـە سـاڵی ١٩٧٦ و دواتـریش زنجیرەیـەکی تایبەتی، لـەژێر نـاوی (پیـادەکردنی تورکیانـەی میتـۆدی زانـست) بلاوکـردەوە کـە کتێبـی یەکەمی ئەو زنجیرەیە، بە ناوی (نیشتەجێکردنی زۆرەملێی کوردان) بوو لە سـاڵی ١٩٧٧دا و دووەمین کتێبیشی بە ناوی (تێزی تورکی بۆ مێژوو:تیۆری زمـانی خـۆر و دۆزی کـورد) و کتێبی سێیەمیـشی بـە نـاوی (پرۆگرامـە کۆمەڵـە–فرقـە–ی گـەلی کۆمـاری سـاڵی ١٩٢٧ و

بۆ بەرپەرچدانەوەی چالاکیەکانی گەلی کورد و لەپێناو درێژەدان بە سیاسەتی چەوساندنەوە، حکومەتی تورکیا، لە شوباتی ۱۹٦۷، قانونی ژمارە (٦/۷٦۳۵)ی دەرکرد، کە بەو پێیە، زمانی کوردی بە تەواوی قەدەغەکرا[١].

لە لایەکی تریشەوە، حکومەتی تورکیا، لە ڕێی ڕاگەیاندنەوە، دەستی کرد بە هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەکردن، دژ بە گەلی کورد و وروژاندنی ڕای گشتیی تورکیا[٢]. لەم میانەیەشدا، ڕۆژنامەی (ئوتوکێن) دوای ئەوەی لە نیسان و حوزەیرانی ۱۹٦۷ وتارێکی پڕ لە هێرشی دژ بە کورد بڵاوکردەوە، بووە هۆی کاردانەوەی کورد و ژمارەیەك کورد لە (یەکێتییەکانی کرێکارانی شۆڕشگێڕ– DISK–) کە لەو ساڵەدا دامەزرا و پارتی کرێکارانی تورکیا و ئەنجومەنەکانی خوێندکاران لە ۳۱ی ئابی ۱۹٦۷ خۆپیشاندانێکی سەرانسەری لە کوردستان بەرپاکرا. لە سیلڤان زیاتر لە (۱۰) هەزار کەس و لە دیاربەکریش زیاتر لە (۲۵) هەزار کەس لەپێناو داواکردنی مافە نەتەوایەتیەکانیان بەشدارییان تێدا کرد[٣].

لە کۆتایی شەستەکانیشدا، نە تەنها هۆشیاریی نەتەوایەتی لەنێو کوردەکان، بەڵکو هۆشیاریی سیاسیش پەرەی سەندبوو. وەك ئەو کۆبوونەوە و

مەسەلەی کورد) بوو کە لە ساڵی ۱۹۷۸، بڵاوی کردەوە، کتێبی چوارەمیشی، بە ناوی (زاگۆنی تونجیلی ساڵی ۱۹۳۵ و جینۆسایدی دەرسیم)بوو. بێشکچی لەسەر ئەو کتێبانەی ساڵی ۱۹۷۹، گیرایەوە و پێش کودەتای ساڵی ۱۹۸۰ بەردرا، بەڵام ساڵی ۱۹۸۱، بەهۆی نامەیەکەیەوە کە لە زیندانی (تۆپ تاش)ەوە بۆ سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی سویسرا نووسیبووی، شەش ساڵی تر، زیندانی کرایەوە، تا لە ساڵی ۱۹۸۷، بەردرا، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم، زیندانی کرایەوە، لەسەر گفتوگۆیەك کە بۆ گۆڤاری ئۆێزگوێر گێلەجەك (Özgür Gelecek) کردبووی و داکۆکی لە مافە ئێتنیکییەکانی کورد کردبوو. بڕوانە: جەبار قادر، چەند بابەتێکی...، سەرچاوەی پێشوو، ل۲٤–۳۰.

[١] بڕوانە: گۆینتەر دێشنەر، کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، و.بۆ عەرەبی: عەبدولسەلام بەرواری، و بۆ کوردی حەمە کەریم عارف، چ۱، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ۲۰۰٤، ل۱۲۵.

[٢] بڕوانە: وصال نجيب عارف العزاوي، القضية الكردية...، ص۱۱۹.

[٣] بڕوانە: کریس کۆچێرا، کورد ...، ل٤۳۸–٤۳۹.

خۆپیشاندانانەی لە ساڵانی (١٩٦٨– ١٩٦٩) لە شارەکانی (هیلفان، سیڤەرەك، دێرك، قزڵتەپە، سیلڤان، عێنتاب، مەلاتیە، دیاربەکرو هەندێ شاری تر) لەپێناو داواکارییە نەتەوایەتییەکان و داواکارییان بۆ بلاّوکردنەوەی دەستورێکی دیموکراتی، لە ژیانی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و رۆشنبیری و نەتەوایەتیدا، سازکران[١]. ئەمەش سەرەتای رێکخستنی چالاکییە سیاسییەکانیان بوو.

## باسی سێیەم/ بارودۆخی باکووری کوردستان لە حەفتاکاندا و دامەزراندنی پارت و رێکخستنە سیاسییە کوردییەکان:

### یەکەم/ بارودۆخی باکووری کوردستان لە حەفتاکاندا:

ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦٩ – ١٩٧١) تورکیا، دووچاری پەشێوی و نائارامییەکی توند هاتبوو، کوردەکان، زیاتر لایەنگرییان لە چەپەکان دەکرد و پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵیاندا هەبوو[٢].

ئەم پەیوەندییە، گەیشتە ئەو رادەیەی کە پارتی کرێکارانی تورکیا، لە ساڵی ١٩٧٠، لە کۆنگرەی چوارەمیدا، بۆ یەکەمجار، دان بە بوونی گەلی کورددا بنێ و رایگەیاند "گەلی کورد لە رۆژهەلاّتی تورکیادا هەیە". ئەم راگەیاندنەش بووە هۆی ئەوەی حکومەتی تورکیا، بە پارتێکی نایاسایی لە قەڵەمی بدا و سەرکردەکانی دادگایی بکرێن[٣].

لەم ماوەیەیەدا، گروپی راست و چەپی تورکیا دووچاری پێکدادان بوونەوە. گروپی گورگە بۆرەکان (**Bozkurtlar**)، کە کۆماندۆی چەکداری پارتی

---

[١] بروانە: جلیلي جلیل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٦١؛ صلاح سعدالله، المسألة الکردیة في ترکیا، مرحلة جدیدة، ط٢، د.م، د.س، ص٢٣.

[٢] فەروز ئەحمەد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٥.

[٣] بروانە: مجید جعفر، کردستان– ترکیا، دراسة اقتصادیة اجتماعیة سیاسیة في تحت التخلف الاستعماري، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، سلیمانیة، ٢٠٠٦، ص٣١١–٣١٢.

بزووتنـــەوەی نەتـــەوەیی (**Milliyetçi Hereket Partisi– MHP**)[1] بـــە سەرۆکایەتیی ئەلپ ئەرسلان تورکەش (**Alparslan Türkeş**)بوون و لـە کۆتـایی شەسـتەکاندا چـەند کردەوەیـەکی تیرۆریـستییان بـۆ سـەر ڕۆشـنبیران و سیاسەتمەدارانی کورد و گروپە چەپەکان ئەنجام دا بوو[2]. دوای ئـەم کردەوانـەش چەپی توندڕەوی تورکیا، بڕیاریـدا خـەباتی چـەکداری بکـات[3]. دوو گروپـی تـازە دروستبووی تورك، بەرەی– پارتی ڕزگـاریخوازی گـەلی تورکیـا ( **Türkiye Halk Kurtuluş Partisi– Cephesi**) بـە سـەرۆکایەتیی مـاهیر چـایان (**Mahir Çayan**) و لەشـکری ڕزگـاریخوازی گـەلی تورکیـا ( **Türkiye Halk Kurtuluş Ordusu**) بە سەرۆکایەتیی دێنیز گەزمیش (**Deniz Gezmiş**) لـە سـاڵی ١٩٧١دا هێرشیان کردە سـەر بانکـەکان و سـەربازانی ئـەمریکایان لـە تورکیـادا بـە بارمتـە گرتن[4].

دوای خراپبوونی بارودۆخ لە ١٢ی ئاداری ١٩٧١، دووەمین کودەتای سەربازی لە تورکیادا ڕوویـدا.[5] وەزیـری نـاوخۆی تورکیـا، ڕایگەیانـد سـێ هـۆ بوونـە هـۆی

---

[1] ئەم پارتە، لە ساڵی ١٩٦٥، بە سەرۆکایەتیی (ئەلپ ئەرسلان تورکەش)ی یەکێك لە ڕابەرانی کودەتای ئایاری ١٩٦٠، لە کەسانی ڕاستڕەوی نەتەوەیی، لەسەر بناغـەی (پـارتی کۆمـاری نەتـەوەیی جوتیـاران (CKOP) دامەزرانـد، یـەکێك لـە دروشمـەکانی بـریتی بـوو لـە: (دامەزرانـدنی دەوڵەتێکـی تـورکی هاوڕەگـەز، کـە دەبێـت دروسـتکردنی ئیمپراتۆریـەتێکی تـورکی، لـە ئەدریاتیکـەوە بـۆ چـین لەبەرچـاو بگرێـت... )، بڕوانـە: حەمیـد بۆزئەرسـلان، مێـژووی تورکیـای هاوچـەرخ، و.نـەجاتی عەبـدوڵڵا، چ١، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٠٣؛ کەندال و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١–١٨٢.

[2] بڕوانە: ئیـسماعیل بێشکـچی، سـی و سـێ گوللـە، و. ئاسـۆس هـەردی، ئۆفـسێتی دەزگـای سەردەم، ب.ش، ١٩٩٩، ل٣٧١–٣٧٢.

[3] حەمید بۆزئەرسلان، مێژووی...، ١٠٣.

[4] دیڤید مەکداول، سەرچـاوەی پێـشوو، ل٦٧١؛ کەنـداڵ و ئـەوانی تـر، سەرچـاوەی پێـشوو، ل١٨٧.

[5] ئەم کودەتایـە لەلایـەن جەنەڕاڵـەکانی سـوپای تورکیـاوە، ئـەنجام درا، بەمـەش حکومـەتی حیزبی عەدالەت بە سەرۆکایەتیی (سلیمان دێمیرێـل) ناچـار بـە وازهێنـان کـراو حکومـەتی تازە لە (١٩٧١/٣/٢٦) بە سەرۆکایەتیی (نیهاد ئیرم) پێکهات. بڕوانە: ابراهیم خلیل احمد، المصدر السابق، ص٦٠–٦١.

ئەنجامـدانی کودەتـا، ئـەوانیش: دەرکـەوتنی چـەپی تونـدڕەو، وەسـتانەوە دژی ڕاستڕەوی توندڕەو، بە وتەی خۆیان کێشەی "جوداخـوازی "بـاکووری کوردسـتان بوون. بە پێی ڕاگەیاندنی وەزیری ناوخۆ، بڕێکی زۆر چەك و تەقەمەنی لە باکووری کوردسـتان دۆزرابـۆوە و ئـەو مـەلا مـستەفای بـارزانی بـەوە تۆمـەتبار کـرد کـە یارمەتیی "جوداخوازان" دەدات[1]. ئەم ڕاگەیاندنەی وەزیـری نـاوخۆش، مەترسـی تورکیا لە بەرەوپێشچوونی دۆزی کورد لە باشووری کوردستاندا پیشان دەدات، بە تایبەتی دوای بەدەستهێنانی مافی خۆبـەڕێوەبردن بـە پێـی ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە لە کاردانەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیـە لـەناو کوردەکانی باکووری کوردستاندا کەوتبوونە ترسەوە[2].

دوای کودەتـا، دەسـەڵاتی سـەربازی لـە ٦٧ ویلایەتەکـەی تورکیـا لـە ١٢ ویلایەتی تورکیا و زانکۆ گەورەکان و لە ئامەد و سێرت بـاری نائاسـایی ڕاگەیانـد، هـەروەها دەسـتی بـە هەڵمـەتێکی فراوانـی سـەرکوتکاری دژ بـە هێـزە چـەپ و کوردییەکان کرد و هەزاران کوردیان لە ئامەد و سلیڤان و ناوچەکانی تری باکووری کوردسـتان گـرت، کـە ژمارەیـەکیان ئەنـدامی (یانـەکانی کولتـوری شۆڕشـگێڕی ڕۆژهـەڵات – DDKO) و پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی تورکیـا و نوێنـەرانی ڕۆشنبیری کوردی بـوون و بـە تـاوانی هەوڵـدان بـۆ دامەزرانـدنی دەوڵـەتی کـوردی سەربەخۆ دادگایی کردن[3].

دەسەڵاتی سـەربازی لـە تورکیـادا مایـەوە تـاوەکو سـاڵی ١٩٧٣ هەڵبـژاردنی گشتی لە تورکیا ئەنجام درا و حکومەتی هاوبەش لـە نێـوان پـارتی گـەلی کۆمـاری

---

(1) دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧١.

(2) سامی شـۆڕش، تورکیـا و ئـەوروپا، کـورد لـەو بازنەیـەدا، چ١، چـاپخانەی خـانی، دەزگـای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر،٢٠٠٧، ل٤٧.

(3) لەناو دەستگیرکراوانی چینی ڕۆشنبیری کورد، کەسانی وەك: (تاریق زیـا ئـاکینجی، جانیـب یڵدرم، موسا عەنتـەر، کـەمال بورقـای، نـاجی قـوتلای، م. ئـەمین بـۆز ئەرسـەلان، یوسـف ئیلینجی و کۆمەڵناسی تورك ئیسماعیل بێشکچی) هەبوون. بڕوانە: جليلي جليـل وآخـرون، المصدر السابق، ص٢٦٨–٢٦٩؛ دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧١.

(بــە ســـەرۆكايەتيى بولــەنت ئەجەويــد (Bülent Ecevit) و پــارتى ڕزگــاريى نيشتيمانى (Milli Selamet Partisi)[1] ئيسلامى (بـە سـەرۆكايەتيى نەجمـەدين ئەربەكان) پێكهـات و لـە تـەممووزى ١٩٧٤ لێبـوردنێكى گشتى دەركـرا و بەمـەش خەباتكارانى چەپ و ژمارەيەكى زۆر لە زيندانييە سياسييەكانى كورد، ئـازاد كـران و سەر لەنوێ، ژيـانى سياسـيى كـورد لـە توركيـادا، دەسـتى پـێ كـردەوە[2]، كـە لەپێناو بەديهێنانى مافە نەتەوايەتيەكانى كورد دەستيان بە خەبات كرد و خۆيـان لە (پـارتى سۆسياليـستى كوردسـتانى توركيـا-PSKT) و كۆمەڵـە سياسـييەكانى (ڕزگارى، ئالاَى ڕزگـارى، كـاوە، كـوك و ئـەوانى تـر)دا دەبينيـەوە وەك لـە باسـى داهاتوودا باسيان دەكەين[3].

لە تشرينى دووەمى ١٩٧٤دا، دواى ئەوەى ئەجەويد بە بيانووى ڕێگە گرتن لە لەناوبردنى توركەكانى قوبرس، هێرشى كردە سەر قـوبرس، هاوپـەيمانێتيى نێـوان ئەجەويد و ئەربەكان هەڵوەشايەوە و حكومـەتى كـاتى سـەعدى ئيرمـەك (Saadi Irmak) لە (١٧ى تشرينى دووەم– ٣١ى ئادارى ١٩٧٥) پێكهات و دواتر سـلێمان دێميرێـل (Süleyman Demirel) دەســەلاَتى گرتــەوە دەســت، دواى ئــەوەى

---

[1] ئـەم پارتـە، لـە كـانوونى دووەمـى ١٩٧٠دا، لەلايـەن (دكتـۆر نەجمـەدين ئەربـەكان)ەوە دامـەزراوە، كـە ناسـراوە بـەوەى سـەر بـەڕەوتى ئيـسلامييە و دژايـەتى دێميرێـل دەكـات، ڕۆژنامەى ميللى گازێت (Milli Gazet) بە شێوەيەكى ناڕەسمى، بـە زمانحـالَى ئـەم پارتـە دانراوە. ئەو لايەنانەى كە بيردۆزەكەى تێدا چڕ دەكردەوە، ئەوەبوو كە: (ولاَت ڕووبـەڕووى هێرشێكى ئيمپرياليزمى و كۆمۆنيستى دەبێتەوە، كە دەيەوێ دژى بيروبـاوەڕى پێكهێنـانى دەوڵەتێكى ديـنى بوەسـتێتەوە). لـە هەڵبـژاردنى حـوزەيرانى ١٩٧٧دا، ئـەم پارتـە تـوانى (٨٪)ى دەنگەكان بەدەست بهێنێ... بڕوانە: ابراهيم خليل احمد وآخرون، المصدر السابق، ص١٧٥–١٧٦.

[2] يوسف ابراهيم الجهماني، اتاتوركية...، ص٤٨–٤٩؛ وصـال نجيـب عـارف العـزاوي، القـضية الكردية...، ص١٤٦؛ حەميد بۆزئەرسلان، مێژووى ...، ل١٠٨–١٠٩.

[3] جبار قادر، قضايا كردية معاصرة...، المصدر السابق، ص١٧٤.

بەرەیەك بە ناوی (بەرەی نەتەوەیی) لە نێوان ئەو و نەجمەدین ئەربەکان و ئەلپ ئەرسەلان تورکەش پێکهات[1].

لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە توندوتیژی و هەڵمەتی گروپەکانی ڕاست، بە تایبەتی گروپی گورگە بۆرەکان بۆ سەر چەپەکان لە لادێ و شارەکاندا زۆرتر بوو، جگە لە زانکۆ و گەڕەکە میلییەکانی ئەستەنبوڵ و ئەنقەرە پێکدادانەکان ناوچە کوردییەکانی وەك سیواس و ئەرزەرۆم و مەراش و مەلاتیەشی گرتبۆوە و بەشێك لەو پێکدادانەش ئەو هەڵمەتانە بوون کە دووچاری کوردە عەلەوییەکان دەبوونەوە، بەهۆی ئەوەی گەنجانی کوردە عەلەوییەکان، لایەنگرییان لە چەپی توندڕەو دەکرد. ئەنجامدانی ئەو کردەوانەش بە رووکەش بەو مەبەستە بوو کە توندوتیژی نەهێڵن، بەڵام لە ڕاستیدا سوپا کردەوەکانی ڕاسترەوەکانیان پشتگوێ دەخست و بە دوای چەپەکاندا دەگەڕان. لە کۆتایی مارسی ١٩٧٥ تاوەکو نیسانی ١٩٧٦ میلیشیای توندڕەو و پۆلیسی تورك شەست کوردیان کوشت. هەروەها لەو ئاژاوانەی، کە لە مانگی نیسان لە مەلاتیە و لە مانگی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا لە مەرعەش ڕوویاندا، بە پێی ڕاپۆرتە ڕەسمیەکان (١٠٩) کوژراو و (١٧٥) برینداری لێکەوتەوە کە زۆربەیان کوردە عەلەوییەکان بوون. ئەم کردەوانە بە جۆرێك پەرەیان سەند، لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ ڕۆژانە (٢٠-٣٠) کەس لە باکووری کوردستان دەکوژران. کاتێکیش بوڵەنت ئەجەوید لە کۆتایی ئەوساڵە بۆ ماوەیەکی کەم دەسەڵاتی گرتەوە دەست و بۆوە سەرۆکوەزیران، بەهۆی کوشتاری مەراش، جارێکی دی لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا باری نائاسایی ڕاگەیاند[2]، لە ساڵی ١٩٧٩ سەرۆکایەتی سەربازی لەژێر بارودۆخی نائاساییدا بڕیاری قەدەغەکردنی بڵاوکراوەی چەپ و کوردییەکانی دا بە تایبەتی گۆڤاری ڕزگاری و ڕۆژا وڵات و گەنجێی دیموکراتی شۆڕشگێڕ (دێڤرمچی دیموکرات گێنچلیك)[3].

---

[1] کەندال و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١؛ حەمید بۆزئەرسلان، مێژووی...، ل١٠٩.

[2] بڕوانە: دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧٥-٦٧٦؛ کەندال و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١؛ حەمید بۆزئەرسلان، مێژووی...، ل١٣٨.

[3] بڕوانە: جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٨٦.

**دووەم/ پارت و ڕێکخستنە سیاسییە کوردییەکان:**

**١- پارتی دیموکراتی کوردستان-تورکیا :(PDK-T)**

بە وتەی یەکێك لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا (شاکیر ئیۆزدەمیر) ئەم پارتە لە (١١ی تەممووزی ١٩٦٥) لە دیاربەکر دامەزراوە و دواتر (فایق بوجاك) ی پارێزەر و نوێنەری ئورفە لە ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکیا، بووە بە سەرۆکی[١]. ئەم پارتە، کە بەشێوەیەکی نهێنی دامەزرا، لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە هاوبیر بوو لەگەڵ (پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق) بە سەرۆکایەتیی بارزانی[٢]. ئەندامانیشی، بەزۆری لە پیشەوەران و ڕۆشنبیران و خوێندەواران و پیاوماقوڵانی کوردستان پێك دەهاتن[٣].

پارتی دیموکرات، هیچ ڕۆژنامەیەك یان ئۆرگانێکی چاپکراوی نەبوو، بەڵام لە ڕێی بڵاوکراوەکانیەوە، دەتوانین بڵێین: خەباتی لەپێناو ئۆتۆنۆمی کارگێڕی بۆ کورد لە چوارچێوەی تورکیادا دەکرد، لەگەڵ دانانان بە مافەکانی کورددا بۆ پێشخستنی کولتوری نەتەوەیی و زمانی کوردی و ئازادیی نەتەوەیی کورد. لە نیوەی دووەمی شەستەکاندا ئەم پارتە پێگەی خۆی لەنێو کورداندا پەیداکرد بوو، لە تشرینی دووەمی ١٩٦٦ لە کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە لە گەڵاڵە بەسترا بەشداری کرد. لەم کاتەدا پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا، هەوڵەکانی خۆی بۆ پشتگیریی برازاقی کوردەکانی عێراق بەهێز دەکرد و لەژێر کاریگەریی بارزانیدا بوو. لە ڕاستیدا وەك لقێکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق کاری دەکرد[٤].

---

[١] ئەندامانی دامەزرێنەری ئەم پارتە، پێك هاتبوون لە: (سەعید ئێڵچی، دەورناس، شاکیر ئیۆزدەمیر، دەروێش ئاککوڵ، عومەر تورهان). بڕوانە: عبدالفتاح علي البوتاني، دراسات ومباحث ....، ص١٧٢.

[٢] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦٥.

[٣] کریس کوچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و هیوای سەربەخۆیی، و. ئەکرەمی میهرداد، ب. دووەم، سەنتەری چاپ و پەخشی نما، سلیمانی، ٢٠٠٢، ل٤٣٦.

[٤] بڕوانە: جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ٢٦٢.

دوابــەدوای کــوژرانی (فایــەق بوجــاك) بــەپێی پیلانێــك لەلایــەن حکومــەتی تورکیاوە، (سەعید ئێلچی) دەبێت بەسکرتێری ئـەم پارتـە[١]، سـاڵی ١٩٦٨ یـش بــەهۆی هەڵمــەتی دەزگــای هــەواڵگری تــورکی (Milli Istihbarat -MIT- Teşkilati) بۆ سەر ڕێکخستنەکانی ئەم پارتە زۆربەی سەرکردەکانی دەگیرێن[٢].

بەهۆی تەشەنەکردنی بیروباوەڕی چەپ بۆ ناو پارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی تورکیا لە ساڵی ١٩٦٩ دووچاری پارچـەبوون دەبێـت. باڵێکیـان بـە سـەرۆکایەتیی (سەعید ئێلچی) دەبێت وەکو درێژە پێدەری ئەم حیزبە. دەتوانین بڵێین ئەم باڵـە نوێنەرایەتیی ڕاستڕەو و پارێزگارەکانی دەکرد و باڵێکی تریشیان بە سەرۆکایەتیی (دکتـۆر سـەعید قـورمزی تـوپراك-دکتـۆر شـڤان- و مـستەفا تـوران) بـوو، کـە نوێنەرایەتیی گەنجانی چەپیان دەکرد و دەیانویـست ئـەم پارتـە بگـۆڕن و بیکـەن بـەپارتێکی چـەپ[٣]. ئـەم پەرتبوونـەش هاوکـات بـوو لەگـەڵ ئـەو گۆڕانکـاری و لێکترازانانـەی کـە لـەنێو پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی عێـراق و بـاڵی مەکتـەبی سیاسـیدا ڕوویـدا و ڕەنگدانـەوەی لەسـەر هـەموو پارتـەکانی هـەر چـوار پارچـەی کوردستان هەبوو.

لە ساڵی ١٩٧٠ پارتی دیموکرات لەیەکەم کۆنگرەیدا، بڕیاری لەسەر بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی داو بەدەستهێنانی مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کـوردی لـە تورکیادا وەکو ئامـانج دەستنیـشانکرد[٤]، بـەڵام ئـەو پەرتبوونـەی کـە ئـەم پارتـە دووچاری بوو بوو، ڕێی گەشەسەندنی لێگرت و بەرەو لاوازیی برد. باڵی ڕادیکاڵ بە ســەرۆکایەتیی دکتــۆر شــڤان، هاتــە باشــووری کوردســتان، بــە مەبەســتی خۆئامادەکردن بۆ شۆڕشی چەکداری، دژی حکومـەتی تورکیـا و سـەعید ئێلـچیش تاوەکو کودەتا سەربازییەکەی ساڵی ١٩٧١ لە تورکیادا مایەوە[٥].

---

[١] Meherdad R. Izady, a.g.e, S 379. چاپە کوردییەکەی، ل٤٨٨

[٢] عبدالفتاح علي البوتاني، دراسات ومباحث ...، ص ١٧٥،١٨٠.

[٣] وصال نجيب عارف العزاوي، القضية الكردية...، ص١٢٣-١٢٤.

[٤] جبار قادر، قضايا كردية... ، ص١٩٩.

[٥] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣.

له ساڵی ١٩٧١ سەعید ئێلچی سکرتێری پارتی دیموکرات، بەرەو باشووری کوردستان هات و لەلایەن دکتۆر شڤانەوە کوژرا[١]. دوابەدوای ئاشکرا بوونی کوشتنی، پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق دکتۆر شڤانی دەستگیر کرد و دادگایی کرد، دوای دادگایی کردنیشی لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٧١دا بڕیاری کوشتنی جێبەجێ کرا[٢].

دوابەدوای ئەم ڕووداوەش (شەرەفەدین ئێلچی) بەشێوەیەکی کاتی بۆ سکرتێری حیزب هەڵدەبژێردرێ و لە کۆنفرانسی حیزبدا لە دیاربەکر، کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧١ دا بەسترا (دەروێش سەعدۆ) دەبێتە سکرتێری حیزب[٣].

پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا، لە کۆبوونەوەی هەشتەمی لیژنەی مەرکەزیدا، کە لە ساڵی ١٩٧٤ بەسترا، بەرنامەیان بۆ پارتەکەیان دانا و تێیدا ئامانجی پارتەکەیان بە بەدەستهێنانی مافی چارەنووسی گەلی کورد، لە ڕێگەی شۆڕشی نیشتیمانی و خەباتی دیموکراتی گەلی کورد، دەستنیشان کردبوو، بە پێی ماددەی دووەمیش: زمانی کوردی بە زمانی ڕەسمی باکووری کوردستان دادەنێن و بڕیاری دامەزراندنی هێزی چەکداری دەدەن، لە ماددەی حەوتەمیشدا جەخت لەسەر پێویستیی دیاریکردنی سنوری باکووری کوردستان بە پێی ڕەگەز و جوگرافیا و ئابووری و مێژوو دەکەنەوە[٤].

له ساڵی ١٩٧٥دا ئەم پارتە کۆنفرانسی سێیەم دەبەستن، لەو کۆنفرانسەدا، باڵێکی ئۆپۆزسیۆن دەرکەوت و ئیدانەی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقی کرد بەهۆی هاوکاریکردنی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و داوای دەکرد بزاڤی کوردی ڕوو لە یەکێتیی سۆڤیەت بکات [٥].

---

[١] فرەنسۆ هریری، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی تورکیا و دامەزراندنی حزبە کوردستانییەکان لەوێ، گۆڤاری (کادر)، ژمارە(٢٨) ، گۆڤاری ڕۆشنبیری پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق، حوزەیرانی ١٩٩٢، ل١٠.

[٢] بڕوانە: عبدالفتاح علي البوتاني، دراسات ومباحث ....، ص١٨٠-١٨١.

[٣] عبدالفتاح علي البوتاني، دراسات ومباحث ....، ص١٨٢.

[٤] بڕوانە: جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٧٠-٢٧١.

[٥] وصال نجيب عارف العزاوي، القضية الكردية...، ص١٢٤.

له ساڵی ١٩٧٧یشدا پارتی دیموكرات كۆنگرەی سێیەمی خۆی بەست و تێیدا كوردستانێكی سەربەخۆ و دیموكرات و یەكگرتوویان بڕیاردا و دژ بە سیستەمی "ئیمپریالیستی" و "فاشیستی" و "دەرەبەگایەتی" وەستانەوە و سۆسیالیزمیان وەك ئامانجێك لە بەرنامەی خۆیاندا جێبەجێ كرد و دووبارە جەختیان لە خەباتی چەكداری كردەوە[١]، لەم كۆنگرەیەدا، باڵی گەنجی چەپی پارتی دیموكرات، سەركردایەتیی حیزبیان گرتە دەست و سەرجەم ئەندام و گروپە پارێزگارەكانیان لە ڕیزەكانی حیزب دەركرد. لێرە بەدواوە، ئەم ڕەوتە بەشێوەیەكی نیمچە ئاشكرا، بە ناوی ڕزگاریخوازانی نەتەوەیی كوردستان (كوك) دەناسران و بنكەشیان لە هەندێ شار و گوندەكانی كوردستان هەبوو، خەباتی چەكداریشیان كردبووە ئامانج[٢]، كە لە لاپەڕەكانی داهاتودا باسی دەكەین. باڵی ڕاستڕەوەكانیش بە ناوی (پارتی دیموكراتی كوردستان توركیا – كۆمیتەی كاتی) درێژەیان بە چالاكییەكانیاندا[٣].

### ٢- پارتی دیموركراتی كوردستان لە توركیا:

له ساڵی ١٩٦٩ دا كاتێ پارتی دیموكراتی كوردستانی توركیا بوو بە دوو باڵ، ئەو ڕەوتەی دكتۆر شڤان سەرۆكایەتیی دەكرد، ناوی جوڵانەوەكەیان بە ناوی سەركردەكەیانەوە واتە (شڤان)وە ناسرا[٤].

لەو كاتەی كە زۆربەی سەركردەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان لە زینداندا بوون، كاروباری حیزب كەوتبووە دەست ئەندامانی ئەم باڵەوە، ئەوەبوو لە

---

[1] **Mijar, Gelo kevneşopên PDK - KUK ê û xebatkarên PDK - BAKUR ji hevdu çi dixwazin?, Thursday, 27.April 2006 (http://www.pdk-xoybun.com).**

[٢] حامد محمود عیسی، المصدر السابق، ص٣٧٦.

[٣] باڵی ڕاستڕەوەكان، لە كۆتایی هەشتاكاندا، خۆیان ڕێكخستەوە و هەر بە ناوی (پارتی دیموكراتی كوردستانی توركیا) مانەوە. چاوپێكەوتن لەگەڵ عەبدوڕەحمان چیایی، ئەندامی كوك، هەولێر، ٧ی ئابی ٢٠٠٩.

[٤] سعد ناجي جواد، المصدر السابق، ص٣٢٨.

ئەنقەرە بەشێوەیەکی نهێنی لەگەڵ ١٤ کەس پارتێکی نوێیان بە ناوی (پارتی دیموکراتی کوردستان لە تورکیا) پێکهێنا، کە دکتۆر شڤان سکرتێری بوو[١].
دواتریش دکتۆر شڤان هاتە باشووری کوردستان بە مەبەستی خۆئامادەکردن بۆ شۆڕشی چەکداری دژی حکومەتی تورکیا[٢].

ئەم پارتە بارەگایان لە گوندی (قومریە)ی سەر بە زاخۆ بوو لە باشووری کوردستان، دوابەدوای کوژرانی دکتۆر شڤان لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە[٣]. لایەنگرانی دکتۆر شڤان، کە خۆیان بە هەڵگری بیروباوەڕی (مارکسیزم–لێنینیزم) دادەنا، خۆیان ڕێکخستەوە و لەژێر ناوی کۆمەڵەی کولتوری دیموکراتی شۆڕشگێڕ (**DDKD**) کەوتنە کارکردن بۆئەوەی وەك چەترێکی قانونی کەڵکی لێوەربگرن، لە کۆکردنەوەی خەڵك و ڕێکخستنەکانیاندا[٤]، هەروەها بەشێوەیەکی ئاشکرا، لەناو کۆمەڵەکانی (ژنانی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) و (مامۆستایانی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) لە کوردستانی تورکیادا کاریان دەکرد[٥]. لە ساڵی ١٩٧٧ ناوی پارتەکەیان بوو بە پارتی کارگەری کوردستان (کیپ)[٦]. ئەمانە گۆڤارێکیان بە ناوی (لاوانی شۆڕشگێڕ و دیموکراتی) و ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی (ژیانی نوێ) دەردەکرد کە عومەر چەتین سکرتێری بوو[٧].

---

(١) عبدالفتاح علي البوتاني، دراسات ومباحث ...، ص١٨٠.

(٢) نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣.

(٣) بڕوانە: عبدالفتاح علي البوتاني، دراسات ومباحث ...، ص١٨٠–١٨١.

(٤) ڕاپۆرتێك دەربارەی کوردستانی تورکیا، گۆڤاری (کۆمەڵە)، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ژمارە(١) ، خولی(٢) ، کانوونی دووەمی ١٩٨٢، ل٣١–٣٢.

(٥) جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٧١.

(6) **Emin Demirel, Terör, B.5, Çalış Ofset, IQ Kültür Sanat Yayıncılık, Istanbul, 2001, S 618.**

(٧) فرەنسۆ هەریری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

### ٣- یانەکانی کولتـوری شۆڕشـگێڕی ڕۆژهـەڵات Doğu Devrimci Kültür Ocağı (DDKO):

ئەم یانانە لـە سـاڵی ١٩٦٩ لەئەنقـەرە و ئەسـتەنبوڵ و دواتـریش لـە تـەواوی کوردستان دامەزران. زۆربەی ئەوانەی لـەم یانانـەدا کاریـان دەکـرد، یـان ئەنـدامی پارتی کرێکارانی تورکیا بوون، یان لایەنگری ئـەو بـوون[١]. بەرنامـەی ئـەم یانانـە، جگە لـەوەی لایـەنێکی سیاسـیان هـەبوو، لایـەنێکی کۆمەڵایەتیـشیان هـەبوو، بـۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاریی جوتیاران و ژنان و بڵاوکردنەوەی کولتـوری یەکسانی و ڕیفـۆرمی کۆمەڵایـەتی[٢]، هـەروەها بـۆ پەرەپێـدانی زمـان و فۆلکلـۆری کـوردی و مێژوو و ئەدەبی کورد تێدەکۆشان[٣].

ئــەم یانانــە، لــە بڵاوکراوەکانیانــدا بانگــەوازی تێکۆشــانیان لــە بەرانبــەر ئیمپریـالیزمی ئـەمریکا و ئاغـا و موڵکدارەکان و سـەرمایەدارانی گـەورە دەکـرد و سەبارەت بە جوڵانەوەی کورد لە کوردستان، زانیاریی دەدا، هەروەها ڕەخنەی لـە لایەنگرانی حکومەت و لە بیروباوەڕی کەمالیـستی و هەنـدێ ڕۆشـنبیرانی چـەپیش دەگرت[٤]. ئەم یانانە ژمارەی ئەندامەکانی دەگەیشتە ٢٠ هەزار ئەندام کە لە ساڵی ١٩٧٠ دا ڕابەرەکانی گیران و لە ئەستەنبوڵ و دیاربەکر دادگایی کران[٥].

### ٤- کۆمەڵەکانی کولتوری دیموکراتی شۆڕشـگێڕ Devrimci Demokratik Kültür Dernegleri (DDKD):

---

[١] بڕوانە: دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦٩.

[٢] فەروز ئەحمەد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٦.

[٣] ئەم یانەیە، لە ئەنقەرە و ئەستەنبوڵ (٩) بڵاوکراوە و (٢٤) بەڵگەنامەی تری بـڵاو کـردەوە.
بڕوانە: جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٦٣.

[٤] بڕوانە: حەمید بۆزئەرسەلان، کوردایەتی و...، ل٨٧-٨٨.

[٥] فەروز ئەحمەد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٦-٢٤٧.

لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٤–١٩٧٥دا، ئەندامەکانی پێشووی **(DDKO)**کە ڕێگەیان لەبەردەمدا داخرابوو، ڕێکخراوەکەیان دروست کردەوە بە ناوی (کۆمەڵەی کولتوری دیموکراتی شۆڕشگێڕ)[١].

ئەم کۆمەڵەیە لە ڕاستیدا سێ ڕێکخراوی سەربەخۆی لە (ئەستەنبوڵ، ئەنقەرە و ئەزمیر) لە دەوری خۆی کۆکردەوە و پاشان چالاکی لە کوردستانیش فراوان کرد، کە لە (دیاربەکر، قزڵتەپە، دێریك، جەزیرە، هەکاری، وان و چەند شارێکی دیکە) چالاکیەکانی بەشێوەیەکی فراوان دەرکەوت[٢].

**(DDKD)** خۆی بە ناونیشانی بزووتنەوەی نیشتمانی دیموکراتی لەسەر بناغەی ئایدۆلۆژیای مارکسیزم دەناساند و دوو بڵاوکراوەی بە ناوی (ژیانی نوێ) و (تیرك) دەرکرد، ڕێکخراوێکی ناوەندیشی بۆ چواربەشی کوردستان (عێراق، ئێران، تورکیا، سوریا) و گرتنە بەری خەباتی چەکداری پێشنیاز کردبوو، پەیوەندیی زۆر کەمیشی لەگەڵ پارتە چەپەکانی تورکیادا هەبوو[٣].

### ٥- کۆمیتەی هەڤرا **HEVRA**:

ئەم کۆمیتەیە لە ئەوروپا دامەزرا، کە پێی دەوترا (کوردە شورشگێڕەکانی تورکیا لە دەرەوەی وڵات). ئەم کۆمیتەیە خوێندکاران و کرێکارانی کوردی تورکیای لە ئەوروپا دەگرتە خۆی و ناوەندی چالاکیشیان لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بوو، ژمارەیەك لقیشیان لەولآتانی ئەوروپا کردەوە و لقێکیشیان لەتورکیادا هەبوو. لەبڵاوکراوەکانی ئەم کۆمیتەیەش، (ڕوناکی) بوو، کە لە سویسرا چاپ دەکرا و لە تورکیاشدا بە نهێنی بڵاوکراوەیان دەردەکرد[٤].

---

[١] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥–١٢٦.

[٢] حامد محمود عيسى، القضية الكردية في تركيا، ط١، مكتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠٣، ص٣٠٢.

[٣] بڕوانە: کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب. دووەم ، ل١٤٦–١٤٧.

[٤] مديرية الأمن العامة (مركز التطوير الأمني) ، الجمهورية التركية ، الجارة الشمالية، د.م، د.س، ص٨٨.

### ٦- پارتی دیموکراتی شۆڕشگێڕی کوردستان:

ئەم پارتە لەلایەن (مستەفا توران) ەوە لە دیاربەکر دامەزرا، کە کادری پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا بوو، پێش پارچە بوونی. پێشنیازەکانی ئەم حیزبە، دووپاتکردنەوەی سەربەخۆیی و پاشکۆیەتی نەکردنی هیچ دەوڵەت یان لایەنێك بوو، هەروەها سود وەرگرتن لەهێڵی ماویی دژە سۆڤیەتی بوو لە کاروباری سیاسی و سەربازیدا. دوابەدوای مردنی (مستەفا توران) لە ساڵی ١٩٧٢دا لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی تورکیا بەشێوەیەکی نادیار، ئەم پارتەش کۆتایی پێهات[١].

### ٧- پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا (PSKT):

لە دیسەمبەری ١٩٧٤ دامەزراوە. سکرتێری گشتی ئەم پارتە (کەمال بورقای) بوو، کە پێشتر ئەندامی پارتی کرێکارانی تورکیا بوو[٢]. بورقای لەگەڵ شەش ئەندامی تردا (پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا) یان پێکهێنا، بەڵام تاساڵی ١٩٧٩ بە ناوی گۆڤارەکەیان (ڕێیا ئازادی) (**Özgürlük Yolu**) کە یەکەمین ژمارەی لە حوزەیرانی (١٩٧٥) بڵاوکرایەوە ناویان دەرکردبوو[٣].

لە ساڵی ١٩٧٧ پارتی سۆسیالست، جگە لە (ڕێیا ئازادی) ڕۆژنامەیەکی تریشی بە ناوی (ڕۆژا وڵات) بەهەردوو زمانی کوردی و تورکی دەرکرد و چاپخانەیەکیشی بە ناوی چاپخانەی (ڕێیا ئازادی) کردەوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٩ حکومەتی تورکیا دەستی بە سەر ئەم بڵاوکراوانەدا گرت و قەدەغەی کردن[٤].

---

[١] مدیریة الأمن العامة، المصدر السابق، ص٨٤-٨٥.

[٢] بڕوانە: فرەنسۆ هەریری، سەرچاوەی پێشوو،ل١٦.

[٣] ئەم شەش ئەندامە بریتی بوون لە (ئیحسان ئاکسۆی، یڵماز شامیلبل، نەزیف خەلیلی، مەهدی زانا و زیا ئاجار، فاروق ئاراس). بڕوانە: کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب. دووەم ، ١٤٢-١٤٣.

[4] **Jîana Kemal Burkay (www.kurdistan.nu).**

ئـەم پارتـە، لـە ڕێگـەی ئەدەبیاتەکانیـەوە، دەورێکـی بەرچـاوی هـەبوو لـە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی چـەپی مارکسی لـە بـاکووری کوردسـتاندا[1]، ئامـانجی سەرەکیشی، لە قۆناغی یەکەمدا، بەرپاکردنی شۆڕشێکی دیمـوکراتی نەتـەوەیی و لـە قۆنـاغی دووەمیـشدا بـەرپاکردنی شۆڕشـێکی سۆسیالـستی بـوو. لـەپێناو بەدەستهێنانی مافی چارەنووسی گەلی کوردیش، دوو دیـدی هـەبوو، ئـەویش: یـان دامەزراندنی یەکێتییەکی فیـدڕاڵی لـە نێـوان هـەردوو کۆمـاری (کـوردی و تـورکی) لەسەر بنچینەیەك، کە هەمان مافی یەکسانی لەگـەڵ گـەلی تورکیـدا هـەبێت ، یـان دامەزراندنی دەوڵەتێکی سـەربەخۆی کوردییـە. یـەکێکی تـر لـە ئامانجـەکانی ئـەم حیزبە، لەکاتی سەربەخۆ بوونی کوردستان، کارکردنـە بـۆ ئـەوەی زمـانی کـوردی ببێتـە زمـانێکی ڕەسمـی لـە کوردسـتان و کارکردنـە بـۆ بەرەوپێـشبردنی بـواری پەروەردەیی و ڕۆشنبیریی کوردستان[2].

کـەمال بورقـای سـکرتێری پـارتی سۆسیالـست لـە باسـکردنی بـارودۆخی کۆمەڵایـەتیی کوردسـتاندا، پێـی وایـە، لەبەرئـەوەی بونیـادی کۆمەڵایـەتیی کوردستان، لە شـێوەی نیمچە دەرەبەگایـەتی دایـە، بـۆ دەسـتگرتن بەسـەر ئـەو بونیادە کۆمەڵایەتییەدا، پێویستە شۆڕشێکی کشتوکاڵی بەرپا بکرێت، کە تـەنها لە ڕێی شۆڕشی سۆسیالیستیەوە دێتە دی[3].

---

[1] حامد محمود عیسی، المصدر السابق، ص٣٧٧.

[2] بڕوانە: ندیم البکتین، ترکیا بوابة استراتیجیة للأمبریالیة العالمیة، ط١، لندن، ١٩٨٧، الملحق رقم (٣) ، (لا یمکننا الوصول الی التحرر الا مـن خـلال مواصـلة النـضال...) ، نـص المقابلـة التي اجراها الصحفي النمساوي (فردیناند هنر بسلر) مع کمال بورقاي السکرتیر العام للحزب الأشتراکي في کردستان ترکیا، ص٣٤٢، ٣٤٦.

[3] نفس المصدر، ص٣٤٤،٣٤٥.

### ٨- ڕێکخراوی ڕزگاریی کوردستان:

ڕزگـاری، لـه حەفتاکانـدا، گروپێـك بـوون كـه لـه سـاڵی ١٩٧٦، لـه ڕێـی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەك بە ناوی (ڕزگاری)یەوە ناسران[١]، ئـەم گروپـە، لەلایـەن مومتاز کۆتان و ڕۆشەن ئەسلان و گروپێکی تری مارکسی دامەزرا کە زۆربەیان لـە (DDKO) وازیان هێنابوو، پێشتریش، ئەندام بوون لە پارتی کرێکارانی تورکیا[٢].

سەرەتای چـالاکییەکانی ئـەم گروپـە، لـە بـری حیزبێکـی سیاسـی، چـالاکیی ڕۆشنبیری بوو، (کە بریتی بوو لە چاپکردنی نامیلکـە دەربـارەی مێـژووی کـورد و جوڵانەوەکەی) و بانگهێشتکردنیان لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانیان[٣].

لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٧٧، ئـەم گروپـە، پـشتگیری ئەجەویـد و پارتەکـەیان نـەکرد، بڕواشـیان وابـوو: تـەنها شۆڕشـی سۆسیالیـستی کـە لەلایـەن کرێکـارانی کوردەوە سەرکردایەتی بکرێت، زامنی مافـە نەتەوەییـەکانی کـورد (لـە تورکیـادا) دەکات[٤].

### ٩- ئاڵای ڕزگاری:

لە سـاڵی ١٩٧٨دا، ڕێکخـراوی ڕزگـاری، ناکۆکییـان تێکـەوت و بـوون بـە دوو بەشەوە و دوو گۆڤاریان دەردەکرد، (ئاڵای ڕزگاری) لەلایـەن (ئیـبراهیم گوچـلو) و (ئیکـرام دەلـەن) و (خەدیجـە یەشـار)ەوە دەردەکـرا، هۆکـاری جیابوونـەوەیان

---

[١] ستافی گۆڤاری ڕزگـاری، بـریتی بـوون لـە: (خەدیجـە یەشـار- بەرپرسـی گۆڤـار، ئیـبراهیم گوچـلو، مەمەنـد ئـوزوك، ئۆرهـان کۆتـان و ئیکرام دەلـەن). چـاوپێکەوتنی(ماجـد خـەلیل فەتاح) لەگـەڵ خەدیجـە یەشـار، سـلیمانی، ١١ی کـانونی یەکـەمی ٢٠٠٨؛ نـادر ئینتیـسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٦.

[٢] بڕوانە: کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب. دووەم ، ل١٤٤-١٤٥.

[٣] مديرية الأمن العامة، المصدر السابق، ص٨٩.

[٤] ئەمانە، دوای کودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠، وەك هەموو پـارت و کۆمەڵـە کوردییـەکانی تـر، چوونە ئەوروپا و ساڵی ١٩٨٧دا، بوون بە پارتێکی مارکسی، کە مومتـاز کۆتـان سـکرتێری بـوو.نـادر ئینتیـسار، سەرچـاوەی پێـشوو، ل١٢٦-١٢٧؛ کـریس کۆچـێرا، بزووتنـەوەی نەتەوەیی...، ب. دووەم ، ل١٤٦.

ئایدیۆلۆژی بوو، پێیان وابوو دەبێ بە شێوەیەکی کرداری (لە کوردستان) خەبات بکەن، نەك وەکو ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیری، هۆکارێکی تری جیابوونەوەیان، پەیوەندیی بە خەباتی کورد لە باشووری کوردستانەوە هەبوو، ئەمانە پشتیوانییان لە یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان (ی.ن.ك) دەکرد، بە پێچەوانەی کۆمەڵەی ڕزگاری کە پشتیوانیان لە پارتی دیموکراتی کوردستان– سەرکردایەتیی کاتیی (پ.د.ك) دەکرد. ئاڵای ڕزگاری، گروپێکی مارکسی بوون و ئامانجیان سەربەخۆبوونی کوردستان بوو[١].

ئەم گروپە، داوای بەرنامەیەکی ئایدیۆلۆژی وەهای دەکرد کە ڕەچاوی بارودۆخی ڕاستەقینەی کورد بکات و گۆڕانکاریی پێویست لەپرەنسیپی مارکسیدا بکات، تا لەگەڵ دۆخی کوردستاندا بگونجێت، هەروەها، ڕەخنەیان لەیەکێتیی سۆڤیەت و ڕەفتاری بەرانبەر بە کورد دەگرت[٢].

### ١٠– ڕێکخراوی کاوە و دەنگی کاوە:

لە سەرەتای خۆڕێکخستنەوەی پاشماوەی حیزبەکەی (دکتۆر شڤان)دا، هەندێ لە کادیرەکانی، لەسەر ناکۆکیی چین و سۆڤیەت، ناکۆکییان تێکەوت بوو، ئەوانەی لایەنگری چین بوون، ڕێکخراوی کاوەیان دامەزراند[٣].

ڕێکخراوی کاوە، لە ساڵی (١٩٧٦–١٩٧٧) دامەزرا و لەنێو لاوانی کورددا، پێشوازییەکی باشی لێکرا[٤]. ئەمانە، بە زۆری ئەندامانی ڕێکخراوی (DDKD)

---

[١] چاوپێکەوتنی (ماجد خەلیل فەتاح) لەگەڵ خەدیجە یەشار، سلیمانی، ١١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٨.

[٢] دوای کودەتای ١٢ی ئەیلوی ١٩٨٠، ڕابەرانی ئەم کۆمەڵەیە، هاتنە باشووری کوردستان و دواتر، هەریەك، لە: خەدیجە یەشار و ئیبراهیم گوچلو دەچنە سوریا، ئیبراهیم دەلەنیش دەچێتە ئەوروپا و دووچاری پەرتبوون و دابەشبوون دەبن. چاوپێکەوتنی (ماجد خەلیل فەتاح) لەگەڵ خەدیجە یەشار، سلیمانی، ١١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٨؛ نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧.

[٣] ڕاپۆرتێك دەربارەی کوردستانی تورکیا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

[٤] بڕوانە: حەمید بۆزئەرسەلان، کوردایەتی و...، ل٩٠.

بـوون لـه ئەنقـەرە و ئامانجیـان یـەکگرتنی هـەموو کـورد بـوو (لـەناو دەوڵـەتێکی سەربەخۆی کوردیـدا)[1]. چـالاکیی ڕێکخراوەییـشیان بـە شـێوەیەکی فـراوان لـەناو ڕیزەکـانی کرێکـاران و خوێندکارانـدا دەبینـرا. چـالاکییە سیاسییەکانیـشیان لـە ناوچەکانی کوردستانی تورکیادا دەست پێ کرد، هەروەها، بنکە و ناوەنـدیان، بـۆ ڕاهێنانی ئەندامەکانیان، لەسەر چەکی جۆراوجۆر دروست کرد و بەشداریـشیان لـە ئەنجامدانی چەند کردەوەیەکی چەکداریدا کرد، بـەڵام لەلایـەن دەزگـای ئاسایـشی تورکیـاوە، دووچـاری ڕاوەدوونـان و گـرتن بوونـەوە کـە زیـاتر لـە ٢٠٠ ئەنـدامی ناسراویان گیران و دەستیشگیرا بەسەر برێك لە چەکەکانیاندا[2].

ئەم پارتە، سکرتێر یان سەرۆکی نەبوو، ساڵی ١٩٧٦، (فەرید ئۆزەن)، یەکێك بوو لە کەسە دیارەکانی ڕێکخراوی کاوە. دوای دەرکەوتنی ناکۆکی لە نێـوان چـین و ئەلبانیا، ئەم پارتەش دووچاری پارچـە بـوون بـوو. ئەوانـەی لایـەنگری ئـەلبانیا بـوون، بـە نـاوی (کـاوە) مانـەوە و ئەوانـەی لایـەنگرانی چـینیش بـوون، (دەنگـی کاوە)یان دامەزراند[3]. ئەمەش بووە هۆی لاوازبوون و دابڕانیان لە جەماوەر[4].

### ١١- تێکۆشین:

ئەم کۆمەڵەیە، لە ساڵی ١٩٧٨دا، بەهۆی جیـاوازیی بیروبۆچـونی نەتـەوەییان لە بەرەی- لەشـکری ڕزگـاریخوازی گـەلی تورکیـا، جیابوونـەوە و (تێکۆشـین)یـان دامەزرانـد. ئەمانـە، بڕوایـان بـە خـەباتی چـەکداری (لـەپێناو سـەربەخۆیی کوردستاندا) هەبوو، لە ئەڵمانیا و فەرەنسادا چالاکییان هەبوو[5].

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ (مستەفا ئەکسەل)، ئەنـدامی پـارتی کـاوە، هـەولێر، ٢٨ی حـوزەیرانی ٢٠٠٨.

[2] مديرية الأمن العامة، المصدر السابق، ص٨٧-٨٨.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ (مستەفا ئەکسەل)، هەولێر، ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٨.

[4] حامد محمود عيسى، المصدر السابق، ص٣٧٩.

[5] **Emin Demirel, a.g.e, S 618.**

**١٢- بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانی نەتەوەیی کوردستان (KUK):**

لە کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ساڵی ١٩٧٧دا، دوای ئەوەی باڵی گەنجی چەپ، دەستیان بەسەر ئەو پارتەدا گرت، لە ساڵی ١٩٧٨دا، ڕێکخراوێکیان بە ناوی ڕزگاریخوازانی نەتەوەیی کوردستان دامەزراند کە ئامانجیان کوردستانێکی سەربەخۆ و دیموکرات بوو(١)، ستراتیژیان مامەڵەنەکردن بوو لەگەڵ هیچ داگیرکەرێکی کوردستان. ئەمانە، بڕوایان بە خەباتی چەکداری هەبوو، چەند کۆمیتەیەکی ناوەندیشیان هەبوو، لە ناوچە سنورییەکانی گوندی (یەك ماڵە)ی سەر بە قەزای ئولوبە، چیای (چڕاڵ) لە باشووری قەزای ئەروخ، چیای (جودی)ی نێوان سنوری باکوور و باشووری کوردستان، چیای کارتۆی نزیك (بیتو شەباب)، بارەگایان هەبوو، هەر کۆمیتەیەکیش هێزی چەکداری خۆی هەبوو. چەند جارێکیش، لەگەڵ سوپای تورکیا، شەڕیان کرد، هەروەها، لەگەڵ گروپی ئاپۆچییەکاندا (کە لە خوارەوە باسی دەکەین)، دووچاری شەڕو پێکدادان هاتن(٢).

**١٣- پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK):**

پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە سەرەتای حەفتاکاندا، وەك گروپێکی ئایدیۆلۆژی چەپگەرای توندڕەو (کە دروشمی مارکسی- لێنینی هەڵگرتبوو) لە ناوەندەکانی خوێندنی باڵای تورکیادا دەرکەوت(٣).

دەربارەی سەرەتاکانی دروستبوونی ئەم پارتە عەبدوڵا ئوێج ئالان(٤) دەڵێت:

---

(1) A.e, S 614.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڕەحمان چیایی ئەندامی کوك، هەولێر،١٧ی ئابی ٢٠٠٩.

(٣) تقرير مركز دراسات الشرق الأوسط، مستقبل القضية الكردية في الشرق الأوسط، الأردن- عمان، اكتوبر٢٠٠٠، ص٢٤.

(٤) عەبدوڵڵا ئوێج ئالان لە ساڵی ١٩٤٨دا لەگوندی (ئۆمەرلی) سەر بە ناوچەی شانلی- ئورفە، لە خێزانێکی جوتیار لەدایك بووە. ماوەیەك لە ئەدەنە، لە کێڵگەیەکی توتندا کاری دەکرد و لە ساڵی ١٩٦٦دا، بۆ یەکەمجار سەردانی ئەنقەرەی کردووە، تاوەکو تاقیکردنەوە بۆ وەرگرتنی لە زانکۆ پێشکەش بکات. ئۆجەلان لەسەرەتادا کەسێکی نوێژکەر بووە، زۆر جار

"لــە نیــسانی ١٩٧٣دا لــە کــەنارەکانی (بەنــداوی چــوبوك) ی ئەنقــەرەی پایەتەخت، وەك گروپێکی شەش کەسی... گفتوگۆمان دەکرد، کە ڕاستتر ئەوەیـە وەك گروپێکــی کوردســتانی بجولێینــەوە، هۆکــاری سەرەکیــشمان بــۆ ئــەوە دەگێرایـەوە، کـە کوردسـتان کۆلۆنیـەکی کلاسـیکە.."[1]. لـە سـاڵی ١٩٧٤دا ئـەم گروپـە وەك ڕەوتێکـی ئایـدیۆلۆژی بەدەرکـەوت و دەگاتـە ئـەنجامێك بـەوەی کـە چارەسەری دۆزی کورد لە ڕێگەی بنەماکانی بیروباوەڕی مارکسی بەدی بهێنیٚ[2].

ئەنـدامانی ئـەم گروپـە بەشـداری یـەکێك لـە ڕێکخـراوە چـەپەکانی تورکیـادا دەکەن کە لە ساڵی ١٩٧٣دا بەدەرکەوت بە ناوی: کۆمەڵـەی دیمـوکراتی خوێنـدنی باڵای ئەنقەرە (ADYOD)[3]. بە وتەی ئۆێج ئالان ماوەی نێوان سـالأنی (١٩٧٤–١٩٧٦) ماوەی گەشەکردنی ئەم گروپە بوو لەناو (ADYOD)دا[4].

---

ئامـادەی ئـەو کۆبوونەوانــە دەبـوو، کـە لـە مزگـەوتی (ماڵتەپـە) دەکـران، لەگـەڵ ئـەو کۆبوونەوانـەی بـۆ دژایـەتیکردنی شـیوعیەت دەبەسـتران. لـە تەمـەنی هـەژدە سـاڵیدا، لـە خوێندنگایەکی پیشەیی، خوێندنی تەواوکردووە و دواتر لە خزمەتگوزاری مەدەنی دیاربەکر بۆ ماوەی ساڵێك کاری کردووە. خوێندکاری کۆلیژی زانستە سیاسییەکان بووە لـە زانکـۆی ئەنقەرە و لە ساڵی ١٩٧٠شدا بەهۆی بەشداریکردنی لە خۆپیشاندانێکی خوێندکاریدا حەوت مانگ زیندانی کراوە و دواتر بیروباوەڕی چەپی هەڵگرتووە و زۆر کاریگەر بووە بـە هـەردوو سەرکردەی چـەپڕەوی ڕادیکـاڵی حـەفتاکان (دەنیـز گـەزمیش و مـاهیر چـایان). لـە سـاڵی ١٩٧٣دا توانی سەرۆکایەتیی کۆمەڵەی دیموکراتی خوێندنی باڵای ئەنقەرە (Adyod) بکـات و ئەنـدامێکی کـارای (DDKD) بـووە.... بڕوانـە: سـامی شـۆڕش، سەرچـاوەی پێـشوو، ل١٥٧– ١٥٨؛میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٤٣–٤٦.

[1] عەبـدوڵڵا ئـۆج ئـالان، بـەرگریکردن لەگـەلێك، و. لوقمـان عەبـدوڵڵا، چ١، چـاپخانەی ڕەنـج، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕاگەیاندنی (پ.چ.د.ك) ، ب.ش، ب.س، ل٣٦٩.

[2] بڕوانە: رعد عبدالجليل مصطفى الخليل، صراع الأستيعاب والانفصال، دراسة في تجربة "حزب العمال الكردسـتاني" في تركيـا، الوحـدة الوطنيـة ومـشكلة الأقليـات في العـالم الثالـث، مركـز دراسات العالم الثالث، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، مطبعة التعليم العالي في الموصل، ١٩٨٩، ص١١٣–١١٤.

[3] نفس المصدر، ص١١٤.

[4] عەبدوڵڵا ئۆج ئالان، بەرگریکردن لەگەلێك، ل٣٦٩.

ئـەم گروپـە ئایدۆلۆژییـە، لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٧٣-١٩٧٧)دا، پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینی، لەماوەی ئەو پێنچ ساڵەدا، هەوڵیاندەدا، بیروباوەڕەکـانی (مارکسیزم-لینینزم) لەگەڵ بارودۆخی کوردستان دا بگونجێنن، هەروەها دەستیان بـە پرۆسـەی گەڕانـەوە بـۆ کوردسـتان کـرد و پێیـان وابـوو بنـەماکانی بـیری "شۆڕشگێری" لە شارە گەورە و سەرەکییەکانی تورکیا (مترۆپۆڵەکانەوە) بۆ شار و گوندەکانی کوردستان دەگوازنەوە[١].

ئەم گروپە، کە بە ئاپۆچییەکان (ئاپۆچیلەر-پـەیرەوانی ئـاپۆ) ناسرابوون، لەگـەڵ گروپـەکانی تـری تورکیـا جیـاواز بـوون، بـەوەی لایـەنگرانی خۆیـان بـەزۆری لـەناو (کرێکارانی) تورکیادا ڕێك دەخست. لە ساڵی ١٩٧٧دا، ئاپۆچیەکان، "فاشیـستەکان" و گروپی گورگە بۆرەکان و پیاوانی حکومەت و ئەوانەی پشتیوانیان لێدەکردن، هـەروەها چەپەکانی تورك و چینی موڵکدار و خاوەن زەوییەکانی کوردیـان بـە دوژمـن دەزانـی[٢]، بـەڵام هێزەکـانی ئاسایـشی تورکیـا، لـە ڕیـزی ئامانجەکانیـدا نـەبوو، تـاوەکو کـاتێکی ئاسودەتری بۆ دامەزراندنی پارتێك هەبێت و دەوڵەت هێرشی نەکاتە سەر[٣].

لە ١٨ی مایسی ١٩٧٧ (حەقی قەرار)ی یاریدەدەری یەکەمی ئۆیج ئـالان لـە شـاری عێنتاب دەکوژرێ. ئاپۆچـییەکان، پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی تورکیـای لـە ڕێگـەی ڕێکخراوی (ئەستێرەی سور)ی سەر بە لەشکری ڕزگاریخوازی گەلی تورکیـا بـە کوشـتنی حەقی قەرار تۆمەتبار دەکەن. بەڵام باقی برای حـەقی قـەرار، کـە دواتـر بـووە ئەنـدامی لیژنەی بـاڵا (بـەڕێوەبردن)ی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان، ئاپۆچـییەکان بـە کوشـتنی براکەی تۆمەتبار دەکات[٤].

---

(١) بڕوانە: عەبدوڵڵا ئۆجەلان، هەڵبژاردە (دەربارەی بەرگریکردن لە نیشتیمان و قۆنـاغی نـوێی بزاڤی بەرخودانمان)، و.بروسك، لە بڵاوکراوەکانی (PKK) ، هەولێر،١٩٩٣، ل٦٧-٦٨.

(٢) دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨٦.

(٣) مـراد خۆشـەڤی حسۆ، گۆڕانکارییـەکانی کوردسـتانی عێـراق و پەیوەندییـەکانی تورکیـا و عێراق ١٩٩٠-٢٠٠٥، و. نووسەر، چ١، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨،ل١٧٥.

(٤) حەسەن جودی، مێژوویێك لە ئاگر، نهێنی خۆڕاگری بزووتنەوەی ئاپۆچی، دیمانەیـەك لەگـەڵ (جەمیل بایك)دا، چ١، لـە بڵاوکراوەکـانی ڕاگەیانـدنی (پ.چ.د.ك)، ب.س، ل١٧٥؛ حەسـەن ئەحمـەد مـستەفا، بـاکووری کوردسـتان لـە گـڕاوە سیاسـییەکاندا، ئامـادەکردنی قەنـدیل محەمەد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ب.ش، ٢٠٠٠، ل١٩.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٧ ئۆیج ئالان لە شاری (عێنتاب) یەکەم ڕەشنووسی پرۆگرامی پارتی کرێکارانی کوردستان دەنووسێ[١]. لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧٨یش دوای دروستکردنی چەندین کۆمەڵ لە ویلایەتە کوردییەکاندا، ئەم گروپە یەکەم کۆنگرەیان لە گوندی (فیس)ی سەر بە دیاربەکر بەست، کە چوار ڕۆژی خایاندو (٢٠-٢٣) ئەندام بەشدارییان تێدا کرد و بڕیاری دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) درا[٢]. لەم کۆنگرەیەدا کۆمیتەی ناوەندی دروستکرا و (٧) ئەندام بۆ ئەم کۆمیتەیە هەڵبژێردران، کە بریتی بوون لە عەبدوڵڵا ئۆیج ئالانی سەرۆکی پەکەکە، محەمەد قەرە سونگور، جەمیل بایك (هەڤاڵ جومعە)، مەزڵوم دۆغان، محەمەد خەیری دورموش، باقی قەرار و شاهین دۆنمەز[٣]. لەناو کۆمیتەشدا لیژنەی باڵا (بەڕێوەبردن) لە عەبدوڵڵا ئۆیج ئالان، محەمەد قەرە سونگور و شاهین دۆنمەز پێکهێنرا[٤].

دوای کۆنگرە پارتی کرێکارانی کوردستان چەند نووسینگەیەکی دروست کرد، وەکو نووسینگەی ڕێکخستن، کە جەمیل بایك و شاهین دۆنمەز و کەسێکی تری بە ناوی سلیمان، لە خۆی دەگرت و ئەرکی ئەم نووسینگەیەش ڕێکخستنی پەکەکە و چاودێریکردنی ئەندامانی بوو، هەروەها نووسینگەی ئایدیۆلۆژی، کە مەزڵوم دۆغان و کەسیرە یڵدرم (فاتمە)ی خێزانی ئۆیج ئالان و دوران کالکان (عەباس)ی لە خۆیدەگرت، لەگەڵ نووسینگەی سەربازی، کە محەمەد قەرە سونگور بەرپرسی بوو، ئەرکیشی ڕێکخستنی بواری شەڕکردن بوو[٥].

ئەم گروپە ئاغا و موڵکدارەکانی کورد و لایەنگرانی حکومەتی کردە ئامانجی هێرشەکانی، لە ٣٠ی تەمموزی ١٩٧٩ لە سیڤەرەك هێرشی کردە سەر محەمەد جەلال

---

(١) عەبدوڵڵا ئۆج ئالان، بەرگریکردن لەگەلێك، ل٣٦٩.

(٢) بڕوانە: خليل علي مراد وآخرون، المصدر السابق، ص١٢٠؛ هەڤاڵ جوومعە، مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی قوتابخانەی ناوەندی پارتی، ب.ش،ب.س، ل٢٧٣،٢٧٧.

(٣) حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٧.

(٤) هەڤاڵ جوومعە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٧.

(٥) هەڤاڵ جوومعە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٨-٢٧٩.

بوجـاكی سـەرۆك عەشـیرەتی بوجـاك و نوێنـەری حیزبـی عەدالـەت، بـەڵام بوجـاك بـە برینداری ڕزگاری بوو، لەو ڕۆژەشدا پارتی کرێکارانی کوردستان بەیاننامەی دامەزرانـدنی بڵاوکردەوە[1].

ئەم پارتە زاراوەی "سۆشیال شۆڤێنییەکان"ی بۆ گروپە چـەپەکان بـەکاردەهێنا و گـروپ و ڕێکخـراوە کوردییـەکانی بـە "ناسیۆنالیـستە دواکـەوتووەکان" یـان بـە "ڕیفۆرمخوازە نەتەوەییەکان" ناودەبرد و توندوتیـژی لەنێوانیانـدا ڕوویـدا، بـە تایبـەتی لەگەڵ (کوك)، بە وتەی توێژەریك، پارتی کرێکارانی کوردسـتان، هێرشـی دەکـردە سـەر گروپ و ڕێکخراوە کوردییەکان[2]. هەرچی پارتی کرێکارانیشە ئەوا کۆمەڵەکانی کولتوری دیموکراتی شۆڕشگێر (DDKD) و (کوك) و ئـاڵای ڕزگـاری و ڕێگـەی ئـازادی تۆمـەتبار دەکـات، بـەوەی لـە بەرەیەکـدا بـە نـاوی یـەکێتیی هێـزە دیمـوکراتی و نەتەوەییـەکان (UDG) دژ بە وان یـەکیان گرتـووە و هێرشـی کردۆتـە سـەریان و ئەنـدامانی ئـەوانیان کوشتووە[3].

ئەم پێکدادانانە، لە کۆتایی حەفتاکاندا ئـاڵۆزیی ناوچـە کوردییـەکانی لێکەوتـەوە و بووە هۆی کوژرانی سەدان کورد[4].

---

[1] دیڤید مەکدوال نووسیویەتی هێرشەکە، لە ئابی ١٩٧٩ ئەنجام دراوە، بەڵام بە پشت بەسـتن بە هەڤاڵ جوومعە هێرشەکە، لە ٣٠ی تەمموزی ئـەو ساڵەدا ئـەنجام دراوە. بڕوانـە: دیڤیـد مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨٧؛ هەڤاڵ جوومعە، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٥.

[2] مراد خۆشەڤی حسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٥.

[3] حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٢.

[4] بڕوانە: حەمید بۆزئەرسەلان، کوردایەتی و...، ل٩٦.

# دۆزی کورد لە نێوان ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٤)

**بەشی دووەم/ دۆزی کورد لە نێوان ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٤):**

**باسی یەکەم/ کودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠:**

کودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ کە لەلایەن سوپاوە ئەنجام درا، بیانووەکەی هەمان بیانووی هەردوو کودەتای ساڵانی (١٩٦٠ و ١٩٧١) بوو، کە ئەویش بریتی بوو لە پارێزگاری لە ڕژێمی سیکولاری کۆماری کەمالی و ڕزگارکردنی وڵات لە تەنگژەی سیاسی و ئابووری و سنوردانان بۆ توندوتیژی لە شەقامی تورکی و کێشەی درێژخایەنی کوردی[1].

پاساوێکی سەرەکی کودەتاکە، کردەوەکانی توندوتیژی بوو لە نێوان گروپە توندڕەوە چەپ و ڕاستەکان کە تورکیا لە ساڵانی حەفتاکاندا بە خۆیەوەی بینی. ئەمەش بە شێوەیەکی ئاشکرا، گوزارشتی لە نائارامیی سیاسی و سروشتی فەرمانڕەوایی دەکرد. هۆکاری ئەم توندوتیژییە سیاسییەش بە پلەی یەکەم بۆ هێزە سیاسییە ناکۆك و دژ بەیەکەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی دەگەڕایەوە، کە خۆی لە پارتە توندڕەو و میانڕەوەکان، ئاشکرا و نهێنییەکان، ڕاستڕەو و چەپڕەوەکانیاندا دەبینییەوە. ئەمە جگە لە ناکۆکییە دینییەکانی نێوان سوننە و شیعە لە لایەك و بوونی ناکۆکیی نەتەوایەتی و ناکۆکیی تایفی لە لایەکی ترەوە، ڕووداوەکەی (ماراش– مەرعەش)یش کە لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٨دا ڕوویدا، درێژکراوەی ئەو ناکۆکییە مەزهەبیە بوو، کە پێشتر ئاماژەمان پێیدا[2].

---

[1] رضا هلال، السيف والهلال: تركيا من اتاتورك الى اربكان: الصراع بين المؤسسة العسكرية والاسلام السياسي، ط١، دار اللشروق، القاهرة، ١٩٩٩، ص١٥١.

[2] بڕوانە: وصال نجيب عارف العزاوي، المؤسسة العسكرية التركية (دراسة في الدور السياسي ١٩٦٠–١٩٨٠)، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ١٩٨٨، ص١٤٧–١٤٨.

به پێی هەندێك گێڕانەوە، بیرۆكەی ئەنجامدانی كودەتا، لە ساڵی ١٩٧٨ەوەو بە تایبەت دوای ئەو ڕووداوە توندوتیژییە دەستی پێ كردووە كە ئەو كات بولەنت ئەجەوید لەسەر دەسەلاّت بوو، باری نائاسایی لە (١٣) ویلایەتی توركیادا ڕاگەیاند، كە (ئەنقەرە و ئەستەنبوڵ و مەراش) لە نێوانیاندا بوو[١].

دوابەدوای ئەو ڕووداوە، بارودۆخی توركیا، پشێوی و ئاڵۆزییەكی زۆری بە خۆیەوە بینی، كە بە هۆیەوە، ژمارەیەكی زۆر قوربانییان لێكەوتەوە[٢]. هاندەری سەرەكی ئەم پشێویانەش، كار و كردەوەكانی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی (MHP) بوو بە سەرۆكایەتیی (ئاڵپ ئەرسەلان توركیش) كە چەپڕەوەكانیان تیرۆر دەكرد[٣].

جەنەڕاڵەكان، لە نێوەڕاستی ساڵی ١٩٧٩دا، نەخشەی یەكەمیان بە مەبەستی ئەنجامدانی كودەتا دانا، بەلاّم ئەم نەخشەیە، لەبەر كۆمەڵێك هۆكار، جێبەجێ نەكرا، لەوانەش: خۆ لادان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سەندیكا كرێكارییەكان، كە پشتیوانی ئەجەویدیان دەكرد، هەروەها شەرمەزارنەكردنی پێگەی ئەجەوید لە گفتوگۆكانیدا لەگەڵ سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و هاتنەكایەی ئاشتەوایی لە نێوان بولەنت ئەجەوید و سلیمان دێمیرێل دا و پێكهێنانی حكومەتێكی یەكێتیی نیشتمانی، كە بێسەروبەری لە وڵاتدا چارەسەر بكات[٤].

ئەم هۆكارانە وایان لە جەنەڕاڵەكان كرد، كە دەست لە بیرۆكەی ئەنجامدانی كودەتا هەڵگرن و چاوەڕوان بن تاوەكو دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكان لە ١٤ی تشرینی یەكەمی ١٩٧٩دا[٥]، كە لەم هەڵبژاردنەدا حیزبی گەلی كۆماری دۆڕاو

---

[١] ابراهيم خليل احمد وآخرون، المصدر السابق، ص٦٨.

[٢] بروانە: مصطفى الزين، أتاتورك وخلفاؤه، ط١، دار الكلمات والنشر، بيروت– لبنان، ١٩٨٢، ص٣٢٧.

[٣] يوسف ابراهيم الجهماني، اتاتوركية...، ص٥٦" جرجيس حسن، تركيا في الاستراتيجية الامريكية بعد سقوط شاه، ط١، ب.م، ١٩٩٠، ص٥٢.

[٤] ابراهيم خليل احمد وآخرون، المصدر السابق، ص٦٨.

[٥] لەم هەڵبژاردنەدا حیزبی گەلی كۆماری، لە (١٥) ویلایەت، تەنها (٢٩,١٤٪)ی دەنگەكانی بەدەست هێنا و حیزبی عەدالەتیش، (٤٦,٨٣٪)ی دەنگەكانی بەدەست هێنا،. بڕوانە: فلاديمير ايفانوفيتش دانيلوف، الصراع السياسي في تركيا، الأحزاب الساسية والجيش، ت. يوسف ابراهيم الجهماني، ط١، دار حوران للطباعة والنشر والتوزيع، سوريا–دمشق، د.س، ص٣٤٦.

حکومــەتی ئەجەویــدیش کۆتــایی هــات و دواتــریش حکومــەتێکی کەمینــە بــە سەرۆکایەتیی (سلیمان دێمیرێل) بە پشتیوانی نوێنەرانی حیزبی ڕزگاری نیشتمانی (MSP) و پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی پێکهات[١].

لەم قۆناغـەدا، دوو کێـشەی سـەرەکی ڕووبـەڕووی حیزبـی عەدالـەت (Adalet Partisi) و حیزبە ڕاستڕەوە هاوپەیمانەکانی دەبۆوە، کە هەمان ئەو کێشانە بـوون کەوا ڕووبەڕووی حکومەتی ئەجەوید دەبوونەوە. ئەوانیش بریتی بوون لە نائـارامی و ناسـەقامگیریی سیاسـی تورکیـا و ئـەو تەنگـژە یـەك بـەدوای یەکانـەی کـە لـە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیـدا، وڵات دووچـاریان دەبـۆوە. حیزبـی عەدالـەت، نەك هـەر نـەیتوانی ئـەم دوو کێشەیە چارەسـەر بکـات، بـەڵکو کردەوەکـانی وەك پشتیوانیکردنی ڕاسـتڕەوە تونـدڕەوەکان، کێـشەکانی قـوڵتر کـردەوە[٢]. ئەمـەش بەوەی کە بە شێوەیەکی ئاشکرا دیاربوو (پارتی بزووتنەوەی نەتـەوەیی) لەپـشت زۆر لە کردەوەکـانی توندوتیـژیی سیاسـییەوە بـوو، بـەڵام لەبەرئـەوەی حکومـەت پێویـستی بـە پـشتیوانیی ئـەم حیزبـە هـەبوو، هـیچ لێکۆڵینەوەیـەکیان لەگەڵـدا نەدەکرا[٣].

دوابــەدوای پێکهێنــانی حکومــەت لەلایــەن دێمیرێلــەوە، لــە بەرانبــەردا، ئەجەویدیش هەوڵی دەدا بەرەیەکی هاوپەیمانی نوێ، لە نێوان پارتەکەی و (پارتی ڕزگاریی نیشتمانی)دا دروست بکات، لەپێناو دانانی ئاستێك بۆ ئـەو ڕێوشـوێنانەی کـە حکومەتەکـەی دێمیرێـل بـۆ کـۆتکردنی ئازادییـە گشتییەکان دەیخستنە ڕوو، دوای ئەوەی سنورەکانی باری نائاسایی فراوان کرد لە وڵاتدا، بە جۆرێـك کـە (٢٠) ولایەتی دەگرتەوە[٤].

ئەنجامی ئەو ململانێ و پێکدادانە سیاسییەی کـە تورکیـای گرتبـۆوە، ببـووە هۆی ئەوەی ژمارەیـەکی زۆر قوربـانی لێبکەوێتـەوە، بـە جۆرێـك لـە نێـوان سـاڵی

---

[١] بروانە: مصطفى الزين، المصدر السابق، ص٣٢٧-٣٢٨.

[٢] فلاديمير ايفانوفيتش دانيلوف، المصدر السابق، ص٣٥٤.

[٣] بروانە: فيروز احمد، صنع تركيـا الحديثـة، ت. د. سـلمان داود الواسـطي و د.حمـدي حميـد الدوري، بيت الحكمة، قسم الدراسات الاجتماعية، د.م، د.ت، ص٤٠٣.

[٤] بروانە: ابـراهيم الـداقوقي، اكـراد تركيـا، ط١، دار المـدى للثقافـة والنـشر، سـورية- دمـشق، ٢٠٠٣، ص٢٧٣.

(۱۹۷٥–۱۹۸۰)دا ژمـارەی قوربانیـانی کـارە توندوتیژییـەکان، نزیکـەی (٥۷۱۳) کـوژراو و (۱۸٤۸۰) برینـداری لێکەوتـەوە[1]. لەبەرئـەوە، بیرۆکـەی ئەنجامـدانی کودەتا، جارێکی دیکە، لەنێو گەورە ئەفسەرەکانی تورکیـادا، سـەری هەڵدایـەوە. ئەمەش لەکاتێکدا هاتـە ئـاراوە، کـە لـە ۹ی کـانوونی یەکـەمی ۱۹۷۹دا جەنـەڕاڵ کەنعان ئێڤرین (Kenan Evren)[2] و جێگرەکەی جەنەڕاڵ حەیـدەر سـالتك (Haydar Saltık) چوونە باکووری کوردستان بۆ سەرپەرشتیکردنی مانۆڕی هەنـدێ لـە یەکـە سەربازییەکان، کە نزیکەی هەزار کیلۆمەترێك لە ئەنقەرەی پایتەختەوە دوور بـوو. جەنەڕاڵ کەنعان ئێڤرین ڕازی نەبوو، چونکە پێی وابوو ئەنجامدانی کودەتا هێـشتا کاتی نەهاتووە و پێی وابوو دێمیرێل زۆری نەماوە و تەنها مانگێکی لـە دەسـەلاّتدا ماوە، هەروەها ئەنجامـدانی کودەتـاش لـەو کاتـەدا لـە نـاوەوەو دەرەوەدا وا لێـك دەدرایــەوە بــەوەی تــەنها ئارەزوویــەکی ســەربازییە بــۆ دەســتگرتن بەســەر دەسەلاّتدا[3].

دەتوانین بڵێین دواکەوتنی ئەنجامـدانی کودەتـای سـەربازی و ڕەتکردنـەوەی لەلایەن جەنەڕاڵەکانەوە لەو کاتەدا، دوو هۆکاری هەبوو، ئەوانیش بریتین لە:

١– بۆچوونی سـوپا وابـوو کـە هـەردوو کودەتاکـەی سـالاّنی (۱۹٦۰ و ۱۹۷۱) ئامانجی تەواوەتی خۆیان بە باشی نەپێکاوە، بۆیە نەیاندەویـست هـەمان هەڵەکانی پێشوو دووبارە بکەنەوە.

٢– هەستیان دەکرد کە ئەنجامـدانی کودەتـا کاریگەرییـەکی گـەورەی دەبـێ لەسەر ڕای گشتی نـاوخۆ و دەرەوە، لەبەرئـەوە، دەیانویـست وا پیـشان

---

[1] حەمید بۆزئەرسلان، مێژووی ....،ل١١٠.

[2] جەنەڕاڵ کەنعان، لەو کاتەدا، تەمـەنی (٦٢) سـاڵی تێپەڕانـدبوو، ئەفـسەری پیـادە بـووە و خوێندنی ئـەکادیمیای سـەربازی لـە سـاڵی ۱۹۳۸دا تـەواو کـردووە و بەشـداری لـە شـەڕی کۆریـادا کـردووە، لـە سـاڵی ۱۹٦۱، پلـەی لیـوای پێـدراوە و سـاڵی ۱۹۷۷، دێمیرێـل بـە سەرکردەی هێزە وشکانییەکانی تورکیـای دانـاوە. بڕوانـە: ابـراهیم خلیـل احمـد وآخـرون، المصدر السابق، ص١٨٣.

[3] بڕوانە: مصطفى الزين، المصدر السابق، ص٣٢٩.

بدەن کە ئامانجیان پارێزگاریکردنە لە دیموکراتی نەك دەستگرتن بە سەر دەسەڵاتدا، ئەوەش ئەوکاتە بۆ ڕازیکردنی وڵاتانی ڕۆژئاوا ئاسان نەبوو[1].

ئەم هۆکارانە وایان کرد لەبری ئەنجامدانی کودەتا، لە کانوونی دووەمی ١٩٨٠ ئاگادارکردنەوەیەك ئاراستەی سەرۆکی پارتە سیاسییەکان بکەن، ئەوە بوو سەرۆکی دەستەی ئەرکان (جەنەڕاڵ کەنعان ئیڤرین) و سەرکردەی هێزی زەمینی و سەرکردەی گشتی هێزەکانی جەندرمە نامەیەکیان ئاراستەی سەرۆککۆمار فەخری قۆروتویرك (Fahri Korutürk) کرد و تێیدا جەختیان لەوە کردەوە کە (هێزە چەکدارەکان ناچارن بانگەواز ئاراستەی دەزگا دەستوورییەکان لە وڵاتدا بکەن بۆئەوەی بەرپرسیارێتی بگرنە ئەستۆی خۆیان، بە تایبەت حیزبە سیاسییەکان بۆ ئەوەی ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن و ڕێوشوێن دژ بە بەرەڵایی و بێ سەروبەری و تیرۆر و لێکترازانەکان بگرنە بەر، کە گەشە دەکات، هەروەها بۆ پاراستنی یەکێتیی خاکی تورکیا). سەرباری ئەم داخوازییانە، جەنەڕاڵەکان بەرپرسیارێتیی گەورەی ئەو بارە ئاڵۆزەشیان خستە ئەستۆی حیزبە سیاسییەکان، کە دەسەڵاتیان بە دەستەوە بوو[2].

لە بەرانبەر ئەو ئاگادارکردنەوەیەدا، ئەجەوید پێی وابوو: ئەمە دەستتێوەردانی سوپایە لە کاروباری سیاسی و هەڕەشەیە لە دەسەڵاتی دیموکراتی، بەڵام لە بەرانبەردا دێمیرێل ڕازی بوو لەسەر ئەو پرەنسیپە بنچینەییانەی کە بیرخەرەوەکە لەخۆی دەگرتن، ئەوانیش کۆتاییهاتنی ململانێی سیاسی و وەستانی کردەوە تیرۆرییەکانە[3].

دوابەدوای ئەم ئاگادار کردنەوەیە، بارودۆخی ناهەمواری تورکیا، هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهات، بەڵکو کردەوەکانی توندوتیژی و تاڵانکردنی بانك و دوکانەکان، بەردەوام بوون، دژایەتیکردنی پارتە سیاسییەکان لەگەڵ یەکتری و قسە بە یەکتر گوتن و یەکتری تاوانبارکردن (لەنێو پەرلەمان و

[1] وصال نجیب عارف العزاوي، المؤسسة ...، ص١٥٤.
[2] بروانە: فلادیمیر ایفانوفیتش دانیلوف، المصدر السابق، ص٣٧٨.
[3] وصال نجیب عارف العزاوي، المؤسسة ...، ص١٥٥-١٥٦.

دەرەوەیدا) وایان کرد بوو گەڕەلاوژێیەکی سیاسی و ئاسایشی و ئەخلاقی، سەرجەم تورکیا بگرێتەوە[1]، هەروەها حاڵەتەکانی مانگرتن و ڕووداوەکانی کوشتن لە جاران پتر بوون، هەروەك لە شوباتی ١٩٨٠دا (سەندیکای کرێکارانی پێشکەوتوخواز)[2] سەرکردایەتیی مانگرتنێکی گشتیی کرد و دواتریش مانگرتنەکان فراوانتر بوون و ژمارەی قوربانییەکانی توندوتیژیش بە پێی هەندێك ئامار، ڕۆژانە دەگەیشتە (٢٠–٣٠) کەس[3]، کە لە نێویاندا کەسایەتیی دیاری وەك نیهاد ئەریم (Nihat Erim)ی سەرۆکوەزیری پێشوو، کەمال تویرکلەر (Kemal Türkler)ی سەرۆکی سەندیکا کرێکارییەکانی شۆڕشگێڕ (دیسك)ی تێدابوون[4].

جگە لەمانە، ئەوەی تەنگژەکەی لە ڕووی سیاسییەوە زیاتر قوڵ کردەوە، ئەوەبوو کە ماوەی سەرۆکایەتیی فەخری قۆروتوریك لە ٢٦ی نیسانی ١٩٨٠دا کۆتایی هات و ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەش، بۆ ماوەی پێنج مانگ، نەیتوانی سەرۆککۆمارێکی تازە هەڵبژێرێت، تاوەکو دواتر ئیحسان سەبری چاغلیانگیل (Ihsan Sabri Çağlayangil)ی سەرۆکی ئەنجومەنی پیران و وەزیری دەرەوەی پێشوو (بەوەکالەت)، کرا بە سەرۆکی وڵات[5]. ئەنجامی ئەو کێشەیەش، دەرکەوتنی نەخشەی تایبەت بوو، بۆ دەستگرتنی سوپا بەسەر دەسەڵاتدا، ئەوە بوو لە کۆبوونەوەیەکدا (کە لە بارەگای ئەرکانی گشتیدا کرا) سەرکردەکانی سوپا، بە تەواوی لەسەر ئەنجامدانی کودەتا ڕێککەوتن، بەڵام ڕۆژی

---

[1] مصطفى الزين، المصدر السابق، ص٣٣٠.

[2] ئەم یەکێتییە، لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٧، لەلایەن سەندیکاکانی چەپەوە، بە سەرۆکایەتیی (تورك ئیش) دامەزراوە، پەیوەندی توندوتۆڵی بە پارتی کرێکارانی تورکیاوە هەبوو. لە ئایاری ١٩٧٥دا، کۆنگرەی خۆی بەست و ژمارەی ئەندامەکانی دەگەیشتە نزیکەی شەش سەد هەزار کەس، چەندین خۆپیشاندانی لە نێوان ساڵەکانی (١٩٧٠–١٩٨٠) لە تورکیادا کردووە...بڕوانە: ابراهيم خليل احمد وآخرون، المصدر السابق، ص١٧٨–١٧٩.

[3] بڕوانە: ابراهيم خليل احمد و خليل علي مراد، إيران وتركيا (دراسة في التاريخ الحديث والمعاصر)، دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة موصل، ١٩٩٢، ص٣٠١–٣٠٢.

[4] بڕوانە: فيروز احمد، المصدر السابق، ص٣٩٤–٣٩٥.

[5] ابراهيم خليل احمد وآخرون، المصدر السابق، ص٦٩.

جێبەجێکردنی کودەتاکە، دیاری نەکرا، دوا دەرفەتیش بۆ سەرکردەی پارتەکان ئەوەبوو: رێکبکەون و حکومەتێکی هاوبەش لە هەموو لایەنە جیاوازەکان پێك بهێنن، هەروەها وڵات لە رێگەی دیموکراتی و ئاشتییەوە لە کێشە و قەیرانەکان رزگار بکەن[1]. لەم رووەشەوە، جەنەراڵ کەنعان ئێڤرین لە ١٦ی ئایاری ١٩٨٠دا، بۆ دووەم جار، رایگەیاند کە: (سوپای دڵسۆز، لەسەر رێگەی ئەتاتورك چاودێریی پێشکەوتنی رەوتی رووداوەکان دەکات)[2]. لە ٣٠ ئابی هەمان ساڵیشدا، لە نامەیەکیدا بۆ سوپا، رایگەیاند: (هێمنی و قانون ناتوانرێت بە تەنیا لە رێگەی فەرمانرەوایی ویلایەتەکانەوە دابین بکرێت...)[3]. واتە جەنەراڵ ئێڤرین مەبەستی بوو کە لاوازی و خەمساردیی حکومەت و فەرمانرەوای ویلایەتەکان لە چارەسەرکردنی ئەو دۆخە توندوتیژییە، پیشان بدات کە تورکیای گرتبۆوە. لە لایەکی تریشەوە ئەم راگەیاندنانەی، ئاگادارکردنەوەی حکومەت و ئاماژەیەکی راستەوخۆ بوو بۆ نزیکبوونەوەی وادەی دەستگرتنی سوپا بەسەر دەسەڵات و ئەنجامدانی کودەتادا.

کاتێك جەنەراڵەکان بیریان لە کودەتا دەکردەوە و ئەوەی هانی دەدان، تەنها توندوتیژی سیاسی و کردەوەکانی خوێنڕشتن نەبوو، کە تورکیای گرتبۆوە، بەڵکو یەکێکیتر لە هۆکارەکان، خراپبوونی بارودۆخی ئابووریی تورکیا بوو[4]. ئەم خاڵەش بە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکان دادەنرێت، کە تیایدا ئابووریی تورکیا تووشی هەڵاوسانێکی زۆر هاتبوو، ئەو هەڵاوسانە لە ساڵی ١٩٧٧دا گەیشتە رێژەی (٤٠٪) و ساڵی ١٩٧٨یش بەرز بۆوە بۆ رێژەی (٦٠٪) و کۆی تێکڕای هەڵاوسان لە شوباتی ١٩٨٠دا گەیشتە (١٣٧٪) و دواتریش کەم بۆوە بۆ (٩٥٪). نرخی لیرەی تورکیش بۆ چەند جارێك لە نێوان ساڵانی (١٩٧٩-١٩٨٠)دا بەرێژەی (٤٨٪) نرخی خۆی لەدەستدا[5]. جگە لەمانە گەندەڵی و بەرتیلوەرگرتن لە سەرجەم

---

[1] وصال نجيب عارف العزاوي، المؤسسة ...، ص١٥٧.

[2] فلاديمير ايفانوفيتش دانيلوف، المصدر السابق، ص٣٧٩.

[3] ابراهيم خليل احمد وخليل على مراد، المصدر السابق، ص٣٠١.

[4] بروانە: فيروز احمد، المصدر السابق، ص٣٩١.

[5] بروانە: وصال نجيب عارف العزاوي، المؤسسة ...، ص١٦٤.

دامودەزگاكانی جێبەجێكردن و قانونانان و دادوەریدا، لە هەموو ئاستەكاندا بڵاو بووبووەوە. وێڕای زۆریی ڕێژەی هەڵاوسان، قەرزی دەرەكیشی بە شێوەیەك ڕووی لە زیادبوون كردبوو، كە لە كۆتایی ساڵی ١٩٧٩دا گەیشتبووە (١٤,٦) ملیار دۆلار. ئەم بارودۆخەش، ببووە هۆی گەشەكردنی بزووتنەوەی كۆچكردن لە لادێوە بۆ شارەكان و سەرەنجام: زیاد بوونی بێكاریی لێكەوتەوە و دواتریش زنجیرەیەك مانگرتنی بەدوای خۆیدا هێنا، كە ژمارەیەكی زۆر لە كۆمەڵگا پیشەسازییەكانی گرتەوە، ئەمەش بووە هۆی نزمبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنان[1].

بەدەر لە خراپیی بارودۆخی سیاسی و ئابووریی توركیا، ئەگەری ئەنجامدانی كودەتا لەلایەن ئەفسەرە بچووكەكانی سوپاوە، (كە لە دەرەوەی ڕیزبەندیی سەركردایەتیی سەربازیدابوون) هۆكارێكی تری كودەتاكە بوو. ئەمەش بەوەی لەم كاتەدا زۆر پڕوپاگەندە بڵاو ببۆوە، كە دەیان وت: ئەگەر جەنەڕاڵ ئێڤرین كودەتاكەی نەكردایە، ئەوا سەركردەكانی تر، كە پلەیان لەو نزمتر بوو، كودەتایان ئەنجام دەدا، بە جۆرێك ئەو كارە دەبووە هۆی پشێوی و گۆڕینی ڕژێمی سیاسی و لادان لە پرەنسیپەكانی ئەتاتورك. جەنەڕاڵ ئێڤرینیش دوای كودەتاكە، چەند بەیاننامەیەكی دەركرد و لە ناویاندا بە یاننامەی ژمارەی (٦)ی ئاراستەی هێزە چەكدارەكانی توركیا كرد و داوای لێكردن ئەو فەرمانە جێبەجێ بكەن كە لە سەركردایەتیی سوپاوە وەری دەگرن. ئەمەش ئاماژە بەوە دەكات كە سەرچاوەیەكی تر هەبێ بۆ فەرمان دەركردن كە لەگەڵ فەرمانەكانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی (Milli Güvenlik Konseyi)دا[2] دژ بە یەك بووبێت و لە

---

[1] بڕوانە: جرجیس حسن، المصدر السابق، ص٥١.

[2] (ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی)، دوابەدوای كودەتا، بە سەرۆكایەتیی (جەنەڕاڵ كەنعان ئێڤرین) و چوار سەركردەی دیكەی سوپا پێكهات، كە بریتی بوون لە: جەنەڕاڵ (نورەددین ئارسین) سەركردەی هێزی زەمینی و جەنەڕاڵ (تەحسین شانگایات) سەركردەی چەكی ئاسمانی و جەنەڕاڵ (نەجات تومیر) سەركردەی هێزی دەریایی و جەنەڕاڵ (ساوات سیلاسون) سەركردەی پۆلیس. دەستەی ئەم ئەنجومەنە، فەرمانڕەوایی توركیایان كرد تاكو ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی لە تشرینی یەكەمی ١٩٨٣دا. بڕوانە: ابراهیم خلیل احمد وآخرون، المصدر السابق، ص١٨٤. فیروز احمد، المصدر السابق، ص٤٠٧.

دەرەوەی ڕیزبەندیی سەرکردایەتیی سەربازیدا بێت. بۆ ئەمەش وەك (وصال نجیب عارف العزاوی) باسی دەکات، گومان دەکرێت کۆمەڵێك ئەفسەر لە هێزە چەکدارەکان پەیوەندییان بە (پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی)یەوە هەبووبێت. لەم ڕووەشەوە، جەنەراڵ ئێڤرین، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، لە ١٦ی ئەیلولی ١٩٨٠ وتی: "ئەگەر ئەو دەستپێشخەرییە نەبوایە، ئەوا هێزە نهێنی و خائینەکان، دزەیان دەکردە ناو هێزە چەکدارەکان و لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا، بەردەوام فیتەنەیان بڵاو دەکردەوە"[(١)].

هۆکارێکی تری سەرەکی کودەتاکە مەترسیی پەرەسەندنی بزاڤی کورد بوو لەم قۆناغەدا، لەبەرئەوە سەرکردە سەربازییەکان خۆیان ئامادە کردبوو بە زۆردارەکی و بەکارهێنانی ئەوپەڕی هێزەوە، بزاڤی کورد سەرکوت بکەن. ئەمە جگە لە دەرکەوتنی مەترسیی پەرەسەندنی بزووتنەوەی چەپ، کە داوای یەکسانی و دادی کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی گرفتەکانی هەژاری و بێکاریی دەکرد[(٢)].

وێڕای ئەو کاریگەرییانەی کە پەیوەندییان بە ڕەوشی ناوخۆی تورکیاوە هەبوو، ئەنجامدانی کودەتاکە، کاریگەریی دەرەکیشی لە پشتەوە بوو. تورکیا کە لە (هاوپەیمانێتیی باکووری ئەتڵەسی – ناتۆ–)دا[(٣)] ئەندام بوو. دوای دەستتێوەردانی یەکێتیی سۆڤیەت لە وڵاتی ئەفغانستان و دوای بەرپا بوونی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا، گرنگیی ستراتیژیی تورکیا لە چوارچێوەی ناتۆدا زیاتر بەدەرکەوت[(٤)]. ئەمەش لەبەرئەوەی ڕووخانی ڕژێمی

---

[(١)] بڕوانە: وصال نجیب عارف العزاوي، المؤسسة ...، ص١٦٩–١٧٠.

[(٢)] بڕوانە: فەرۆز ئەحمەد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٠.

[(٣)] ئەم هاوپەیمانێتییە، لە ٤ی نیسانی ١٩٤٩ لە واشنتۆن، لە نێوان هەر یەك لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەنەدا، بەلجیکا، دانیمارك، فەرەنسا، ئایسلەندە، ئیتالیا، لۆکسەمبۆرگ، هۆڵەندە، نەرویج، پۆرتوگال و شانشینی یەکگرتوودا مۆرکرا. لە ساڵی ١٩٥٢، هەریەك لە یۆنان و تورکیاشی گرتە خۆیی و ساڵی ١٩٥٥یش ئەڵمانیای فیدراڵ چووە ناو ئەو هاوپەیمانێتییەوە. ابراهیم خلیل احمد وآخرون، المصدر السابق، ص٢٠٨.

[(٤)] بڕوانە: فیرو احمد، المصدر السابق، ص٣٩١–٣٩٢. بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی پەیوەندییەکانی تورکیا و ناتۆ بڕوانە: احمد نوري النعیمي، ترکیا و حلف شمال الاطلسي، المطبعة الوطنیة، الاردن–عمان، ١٩٨١.

شای ئێـران، لەدەسـتدانی گـەورەترین پایگـەی ئـەمریکا بـوو لـە ناوچـەکەدا، بـەو هۆیەشەوە تورکیا بۆ ئەمریکا گونجاوترین شوێن بوو بۆ ئەوەی لەوێوە بەرەنگاری مەترسییەکانی هەردوو تەوژمی چـەپ و ئیـسلامی ببێتـەوە. لەبەرئـەوە و لـەپێناو بەهێزکردنی پێگەی ستراتیژی ناتۆ لە تورکیا و فراوانکردنی بنکە سەربازییەکانیان لە ناوچـەکانی ڕۆژهـەلاتی ئـەو وڵاتـەدا تێدەکۆشـان، کـە هاوسـنوور بـوون لەگـەڵ هەردوو وڵاتی هەرەشەکەری یەکێتیی سۆڤیەت و ئێران[1].

لە لایەکی تریشەوە بە هاتنە سەرکاری ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران، مەترسی لـە ناردنـە دەرەوەی شـۆڕش بـۆ وڵاتـانی تـری ئیـسلامی و پەرەسـەندنی ئیـسلامی سیاسی و بزووتنەوەی ئیسلامگەرایی لە ناوخۆی تورکیادا، هەڵبەتە هۆکار بوو بـۆ وەخۆکەوتنی جەنەراڵەکان، ئـەوەی ئـەو مەترسییەشـی زیـاتر کـرد، ئـەوەبوو کـە شـەش ڕۆژ پـێش ئەنجامـدانی کودەتـا، حیزبـی ڕزگـاریی نیـشتمانی فـستیڤاڵێکی فراوانی بە ناوی (قودس)ەوە ڕێکخست، کە تێیدا دروشمـی ڕزگـارکردنی (قـودس) بەرز کرابووەوە و ئەو حیزبە کەوتبووە سەرزەنشتکردنی ڕژێمی عەلمانی تورکیا و داوای دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی دەکرد لەو وڵاتەدا[2]. دوای ئـەم ڕووداوە، سەرکردەکانی سوپا کۆبوونەوەیەکیان لـە مـاڵی جەنـەراڵ ئێڤـرین بەسـت و تێیـدا ڕێککەوتن لەسەر ئەنجامدانی کودەتاکـە و کاتـژمێری (٤:١٥) ڕۆژی هـەینی و ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ بە سەرۆکایەتیی جەنەڕاڵ ئێڤرین کودەتاکە ئەنجام درا[3].

لە بەیاننامەی سـەربازیی ژمـارە (١)ی کودەتاچییەکاندا، کـە کاتـژمێر (٦)ی بەیانی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠بلاو کرایەوە، هۆکارەکانی ئەنجامدانی کودەتاکە لەلایەن سـوپاوە ڕوون کرابوونـەوە. لـەو بەیاننامەیـەدا هـاتبوو: (دەوڵـەت و دامودەزگـا سەرەکییەکان ئیفلیج بوونە و لە کارکردن کەوتوون، بونیادی دەستوریش پڕ ببـوو لـە نـاکۆکی دژ بـە یـەك، هـەروەها پارتـە سیاسـییەکان، سـوور بـوون لەسـەر

---

[1] دڵشاد مەجید، تورکیـا لـە دووڕیـانی دەسـەلاتی ژەنراڵـەکان و دەسـەلاتی سیاسـییەکاندا، چاپخانەی ڕەنگاڵە، هەولێر، ١٩٩٥، ل٢٦.

[2] بڕوانە: فەرۆز ئەحمەد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٠" رضا هلال، المصدر السابق، ص١٥١.

[3] ابراهيم خليل احمد وآخرون، المصدر السابق، ص٦٩، ١٨٣.

هەڵوێستەکانیان و هیچ کۆدەنگییەکی پێویست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵات نەبوو. لە ئەنجامی هەموو ئەم هۆکارانەدا، هێزە جوداخوازەکان چالاکییان زیاتر ببوو، ژیان و موڵکی هاووڵاتیان پارێزراو نەبوو. کۆنە پەرستەکان و ئەوانەی خاوەنی بیروباوەڕی خواروخێچن لەبری هەڵگرانی بیری ئەتاتورك گەشەیان دەکرد، هەروەها هێرشەکان هەموو لایەکی کۆمەڵگای گرتبووەوە، وەك قوتابخانە و زانکۆکان و دەستە دادوەرییەکان و ڕێکخراوە کرێکارییەکان و ئەوانی دی، وڵاتیان بەرەو لێکترازان و شەڕی ناوخۆ دەبرد)[1]. لەم ڕاگەیاندنەدا، کودەتاچییەکان، پڕوپاگەندەیان دەکرد کە کودەتایان لەپێناو پاراستنی کۆماری تورکیا و گەڕانەوەی فەرمانڕەوایی (عەلمانی) و لادانی ئەو کۆسپانە کردووە کە هاتوونەتە بەردەم دیموکراتیەت لە تورکیادا[2].

دوای کودەتا، جەنەڕاڵەکان، دەستیان گرت بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا و پەرلەمانیان هەڵوەشاندەوە و چالاکیی پارتە سیاسییەکان و سەندیکا کرێکارییەکان بە سەندیکای کرێکاری چەپ (دیسك) و یەکێتی سەندیکاکانی ڕاستڕەوی توندڕەو (میسك)ەوە ڕاگرت، هەروەها دوای خۆبەدەستەوەدانیان، هەریەك لە سلیمان دیمیرێل و نەجمەدین ئەربەکان و بولەنت ئەجەویدیان دەستگیر کرد، جگە لە (ئەلپ ئەرسەلان تورکیش) کە سەرۆکی حیزبی بزووتنەوەی نەتەوەیی بوو، ماوەی دوو ڕۆژ، خۆی لە شوێنێکی نادیار شاردەوە و دواتر خۆی بەدەستەوەدا، هەروەها کودەتاچییەکان باری نائاساییان بەسەر هەموو وڵاتدا سەپاند و هاووڵاتیانیان لە چوونە دەرەوەی تورکیا قەدەغە کرد[3].

دواتر ئەنجومەنێکی سەرکردایەتی (ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی) جەنەڕاڵ ئیڤرینی بۆ سەرۆکی کۆمار هەڵبژارد و ئەویش بویلەنت ئولوسو (**Bülent Ulusu**)ی ڕاسپارد بۆ ئەوەی وەزارەتێکی تازە لە کەسانی تکنۆقرات و کارگێری ناسراو پێك

---

[1] بروانە: نوبار هوفسبیان (المحرر) و فیروز احمد وآخرون، ترکیا بین الصفوة البیروقراطیة والحکم العسکري، ط۱، مؤسسة الأبحاث العربیة، بیروت- لبنان، ۱۹۸۵، ص۲۰۳.

[2] یاسراحمد حسن، ترکیا، البحث عن مستقبل، ط۱، دارالمصریة اللبنانیة، القاهرة، ۲۰۰٦، ص۸۰-۸۱.

[3] بروانە: رضا هلال، المصدر السابق، ص۱٤۱" یاسر احمد حسن، المصدر السابق، ۸۰.

بهێنێت، ئەم وەزارەتەش لە ٢١ی ئەیلولی ١٩٨٠دا، وەك دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەستی بە کارەکانی کرد[١].

لەپێناو گەڕاندنەوەی دیموکراسیش بۆ وڵات، لە ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٨١دا (ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی) ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری (**Danışma Meclisi**) پێکهێنا بۆ کارکردن لەپێناو داڕشتنی دەستورێکی نوێ بۆ تورکیا، کە شوێنی دەستوری ساڵی ١٩٦١ بگرێتەوە. دەقی دەستورەکەش لە ئابی ١٩٨٢دا خرایە ڕوو، تێیدا دەسەڵاتێکی زۆر درا بە سەرۆککۆمار کە پێشتر وێنەی نەبووە[٢]. لە تشرینی دووەمی ١٩٨٢دا، دوابەدوای ڕایفراندۆمێکی ڕووکەشی جەماوەری، کە ٩٢٪ی خەڵکی دەنگیان بۆیدا، دەستورەکە قبوڵ کرا[٣].

دەسەڵاتدارانی سەربازی بۆ ڕەخنە گرتن لەو دەستورە، هیچ دەرفەتیان بە خەڵك نەدا و جەنەڕاڵ ئێڤرینی سەرکردەی کودەتا، دەربارەی ڕیفراندۆمی دەستورەکە وتبووی: ئەگەر میللەت نەشڵێ بەڵێ بۆ دەستوری نوێ، ئێمە هەر دەسەلات بەجێ ناهێڵین[٤]. لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆمەکەشدا هەڵمەتێکی سەرکوتکاری و ڕاوەدوونان و دەستگیرکردنی فراوانیان دەست پێ کرد، بە جۆرێك کە هەڕەشەیان لە کەسانی ناڕازیی لەپرۆسەکە دەکرد بەوەی شەش مانگ زیندانی دەکرێن، یاخود بۆ ماوەی پێنج ساڵ ماف هەڵبژاردنیان نامێنێ[٥]. لەوەش زیاتر، لە کوردستاندا، پڕوپاگەندە و هەڕەشەی وایان بلاّو

---

[١] ئەم وەزارەتە، لە هەندێ وەزیری حکومەتی هەردوو کودەتاکەی ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٧١ پێکهات، کە وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆ و پەروەردە درا بە ئەفسەرە خانەنشین کراوەکان، هەروەها، کەسانی تکنۆقرات و مامۆستایانی زانکۆش، هەندێ وەزارەتیان پێدرا و تورگوت ئۆزالیش، کە ناسرابوو بە (لێهاتوویی ئابوری)، بوو بە جێگری سەرۆکوەزیران و لێپرسراوی کاروباری ئابووری. بڕوانە: ابراهیم خلیل احمد و خلیل علي مراد، المصدر السابق، ص٣٠٣" ابراهیم الداقوقي، المصدر السابق، ص٢٧٨.

[٢] ابراهیم خلیل احمد وخلیل علی مراد، المصدر السابق، ص٣٠٣.

[٣] نوبار هوفسبیان (المحرر) و فیروز احمد وآخرون، المصدر السابق، ص٢٥١.

[٤] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٠٦.

[٥] جبار قادر، قضایا کردیة...، ص٢٤١.

دەکـردەوە، ئەگـەر هـەر کەسـێك دژ بـە دەسـتور دەنـگ بـدات، ئـەوا دووچـاری ئەشکەنجە دەبێت. لە گوندەکانیشدا گوشاریان خستبووە سەر ڕیشسپیو موختار و پیاومـاقولآنی کـورد، بـۆ ئـەوەی دەنـگ بـە دەسـتورەکە بـدەن. لـە کـاتی دەنگدانیشدا لەسەر سندوقەکانی دەنگدان پـۆلیس و جەندرمـە ڕاوەسـتابوون[1].

ئەمانە هەمووی بە پێچەوانەی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی ئەنجامـدانی ڕیفرانـدۆم و هەڵبژاردنە، چونکە پێویستە پرۆسـەی دەنگدان بەشـێوەیەکی ئازادانـە و نهێنـی ئەنجام بدرێت، تەنانەت بۆ هەڵسوڕێنەرانی پرۆسەکەش نییە بزانن دەنگدەر چۆن و بۆ کێ دەنگ دەدات.

لە بارودۆخێکی لەو جۆرەدا، هـەر وا چـاوەڕوان دەکـرا کـە زۆرینـەی خـەڵکی تورکیا بە بەڵێ دەنگ بە دەستورەکە بدەن، هەرچەندە ئەنجامە ڕاگەیـەنراوەکانی ڕیفراندۆمەکـە لـە ڕاسـتییەوە دوور بـوون و بـە پێـی بەرژەوەنـدیی کاربەدەسـتان ڕاگەیەنرابوون، بۆ نموونە لە کوردستانی تورکیا ئەوانەی هەر دەنگیان نەدا یـاخود دژ بـە دەسـتور دەنگیانـدا زۆر لـەوە زیـاتر بـوون کـە بـە فـەرمی لـە وڵات ڕاگەیەنرابوون[2]، لە ولایەتی هەکاری (٣٠٪)ی خەڵکی دەنگیان نـەدا، لـە دەرسـیم (٢١٪) و سێرت (١٩٪) و مـوش (١٨٪) و لـە هەریـەك لـە ولایەتـەکانی دیاربـەکر و ئیلازیگ و ماردین زیاتر لە (١٠٪)ی دانیشتوانی دەنگیان نەدا، بەڵام سـەبارەت بـە دەنگدانیش دژ بەو دەستورە لە بینگیۆل گەیشتە ڕێژەی لە (٢٣٪) و لە دیاربـەکر (١٨٪) و لـە هەریـەك لـە دەرسـیم و هـەکاری و ئـیلازیگ و مـوش (١٥٪)ی دژ بـە دەستور دەنگیان دا[3].

بەم شێوەیە دەردەکەوێت، کە ژمارەیەکی زۆر دەنگدەران لەو نۆ پارێزگایـەی کـە زۆرینـەی دانیـشتوانەکانیان کـوردن، دژ بـە دەسـتور، دەنگیـان دا، یـاخود بەشداری ڕیفراندۆمەکەیان نەکرد. بۆنموونە لە گوندێکی نزیك ماردین، کـە ژمـارەی دانیشتوانەکەی هەزار کـەس دەبـوو، تێکڕایـان بـۆ دەنگـدان نەچـوون. لەبەرئـەوە

---

[1] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٠٦.

[2] هەمان سەرچاوە،ل١٠٦.

[3] بڕوانە: جبار قادر، قضايا كردية...، ص٢٤١.

جەنەڕاڵ ئێڤرین لە وتەکانیدا لە شاری قارس و ئارتڤین، هێرشی کردە سەر ئەوانەی دژ بە دەستور دەنگیان دابوو، بە "خیانەتکارو جوداخواز" ناوزەدی کردن و ژمارەیەکی بەرچاو کە دەستورەکەیان ڕەت کردبووەوە وەك سزایەك، دەستگیر کران. تەنها لە دەوروبەری شاری ماردین (١٠) ریشسپی گیران و جوتیارێکی زۆریش بەر هەڵمەتی گرتن کەوتن. ئەم هەڵمەتی گرتنەش، لە شارەکانی (بینگیۆل، دیاربەکر، سێرت و موش) درێژەی هەبوو[(١)].

لەپێناو گەڕانەوەی ژیانی سیاسی بۆ وڵات، لە ٢٤نیسانی ١٩٨٣شدا قانونی تازەی هەڵبژاردن دەرکرا، کە تیایدا، کاربەدەستان مەرجیان بۆ ئەو پارتە سیاسییانە دانا کە دەیانەوێ بۆ ژیانی سیاسی بگەڕێنەوە، بەو پێیەش، دەبوو پارتەکان ناوی تازە و سەرکردایەتیی تازەیان هەبێ، کە لەسەردەمانی پێشوودا پۆستی سیاسییان وەرنەگرتبێت، هەروەها بەپێی فەرمانێك، بەشێکی زۆریان، بۆماوەی (٥-١٠) ساڵ لە کار و چالاکیی سیاسی بێبەش کران[(٢)]. لە هەڵبژاردنی ٦ی تشرینی دووەمی ١٩٨٣شدا لە کۆی دوانزە پارتی سیاسی تەنها سێ پارت لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەییەوە مافی بەشداریکردنیان پێدرا، ئەوانیش پارتی دیموکراتی نەتەوەیی (- MDP -**Milliyetçi Demokrasi Partisi**)[(٣)] و پارتی نیشتیمانی دایك (- **Anavatan Partisisi** -ANAP)[(٤)] و پارتی گەل (- HP -

---

[(١)] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٠٨.

[(٢)] بڕوانە: ابراهیم خلیل احمد، المصدر السابق، ص١٨٥.

[(٣)] پارتی دیموکراتی نەتەوەیی، لە ١٦ی ئایاری ١٩٨٣، بە سەرۆکایەتیی (تورگوت سوناڵپ) بە بەشداری (٤٠) لە هاوکارانی، بە پاڵپشتی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، دامەزراوە. لە ١٣ی تەممووزی ١٩٨٥دا، یەکەم کۆنگرەیان بەست و (ئویلکو سۆیلەمەسئۆغلۆ) بە سەرۆکی ئەم پارتە هەڵبژێردرا. بڕوانە:

**Milliyetçi Demokrasi Partisi,**

**(tr.wikipedia.org/wiki/Milliyet%C3%A7i_Demokrasi_Partisi).**

[(٤)] پارتی نیشتیمانی دایك، لە ٢٠ ئایاری ١٩٨٣، بە سەرۆکایەتیی ئابوورینـاس، (تورگوت ئۆزال)ەوە دامەزراوە، پارتێکی ڕاستڕەوە و ئامانجیان ئەوە بووە شوێنی پارتی داد بگرنەوە، بڕوانە: ابراهیم خلیل احمد وآخرون، المصدر السابق، ص١٨٦.

(Halkçı Parti)[1] بوون، كە تیایدا پارتی نیشتمانی دایك بە سەرۆكایەتیی تورگوت ئۆیزال (Turgut Özal) بە ڕێژەی (٤٥,٢)ی دەنگەكانی بەدەست هێنا و سەركەوت و لە ٧ی كانوونی یەكەمی هەمان ساڵیشدا، جەنەڕاڵ كەنعان ئێڤرین، تورگوت ئۆیزالی بۆ پێكهێنانی كابینەی وەزارەت ڕاسپارد[٢].

بەم شێوەیە، یەكەم حكومەتی مەدەنی لە دوای دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لەلایەن سەكردەكانی سوپا لە ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠دا و دوای سێ ساڵ فەرمانڕوایەتیكردنیان پێك هێنرا.

**باسی دووەم/ هەڵوێستی كودەتاچییەكان بەرانبەر بە كورد (١٩٨٠ – ١٩٨٣):**

هەرچەندە كودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠، بە پاساوی گێڕانەوەی دیموكراتی و پاراستنی ئارامی و سەقامگیریی وڵات ئەنجام درابوو، لێ سوپای توركیا، چالاكیی سیاسییانە و هەموو جۆرە ئۆپۆزسیۆنێكی سەركوت كرد[٣]. دوای كودەتاكە، سیاسەتی حكومەتی توركیا بەرانبەر كورد، شێوازێكی نوێی گرتە خۆ و سەركردە سەربازییەكان، وەك ئەوانەی پێش خۆیان، ڕایانگەیاند: كە دان بە هیچ مافێكی نەتەوەیی كورددا نانێن[٤]. ئەم هەڵوێستەش بە ڕوونی لە قسەكانی جەنەڕاڵ ئێڤرینی سەركردەی كودەتاچییەكاندا دەردەكەوێت، كە لە سەرەتای ساڵی ١٩٨١دا وتی: "هەموو لایەنە جوداخوازەكان، بێبەزەییانە تێكدەشكێندرێن"[٥]، هەروەها لە وتەیەكی تریدا بۆ گۆڤاری (دیرشپیگل)ی

---

[١] پارتی گەل، لە ٢٠ی ئاداری ١٩٨٣، بەسەرۆكایەتیی (نەجدەت جەلپ) بە ئامانجی جیگرتنەوەی پارتی گەلی كۆماری، دامەزراوە و (یلماز هاستورك) بووە بە سەركرتێری گشتی، لە كۆنگرەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٨٥دا، (ئایدن گوڤێن گولكان) بووە بە سەرۆك و (خەلیل ئیبراهیم شاهێن) بوو بە سكرتێری ئەم پارتە. بڕوانە:
.Halkçı Parti ,(tr.wikipedia.org/wiki/Halk%C3%A7%C4%B1_Parti).

[٢] بڕوانە: ابراهیم الداقوقي، المصدر السابق، ص٢٩٢–٢٩٤.

[٣] نادر ئینتسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.

[٤] م. س. لازاریف وآخرون، المصدر السابق، ص٣٤٢.

[٥] وصال نجیب العزاوي القضیة الكردیة...، ص١٨١.

ئەڵمانی لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٨١دا، وتی: "کورد چەند جارێك لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئەتاتورکدا ڕاپەڕیون و شۆڕشیان بەرپا کردووە. پیلانێکی جەهەنەمیمان لەبەردەمە، هەرکاتێك کۆماری تورکیا لاواز بوو، کوردەکان هەڵدەگەڕێنەوە و دەیانەوێ تورکیا بە پارمەتیی هێزە دەرەکییەکان دابەش بکەن...". هەروەها وتی بەڵێ " کورد هەن، بەلام لێناگەڕێین ولات دابەش بکەن و ناتوانن هیچ شتێك لە ئێمە بستێنن، ئێمە بە هەموو تواناوە کار بۆ ئەوە دەکەین ئەم کێشەیە لە ڕەگوڕیشەوە هەڵکێشین"[١].

دەسەلاتی سەربازیی تورکیا، دوابەدوای کودەتاکە، هەڵمەتێکی فراوانی سەرکوتکارییان دەست پێ کرد، بە جۆرێك کە لە ڕەوشی هەردوو کودەکاتەی ساڵی ١٩٦٠ و ساڵی ١٩٧١ جیاواز بوو[٢]. هەر لە سەرەتاوە لە کوردستاندا هەڵمەتێکی فراوانی دەستگیرکردنی نیشتیمانپەروەرانی کوردیان دەست پێ کرد و باری نائاسایی لە شارەکانی بە وتەی تورك "ڕۆژهەلات و باشووری ڕۆژهەلاتی ولات" ڕاگەیەندرا، هەروەها سەرجەم چالاکیە سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیرییەکان قەدەغە کران و سەرجەم ئەو بلاوکراوە کوردییانەی کە نووسینیان بە کوردی بلاو دەکردەوە، قەدەغەکران و خاوەنەکانیان دەستگیر کران و وەکو هەموو جارەکانی تر، بەوە تاوانبار کران کە گوایە ئەو چالاکییانە دەبنە هۆی (پارچەبوونی یەکێتیی نەتەوەیی تورکی)[٣]. لەوەش زیاتر، کوردستان کرا بە سەربازگەیەکی فراوان، بۆ یەکەکانی سوپای دووەم و سێیەم و یەکە تایبەتییەکانی کۆماندۆ و دەزگای هەواڵگری (میت) (Millî İstihbarat –MIT– Teşkilatı)ی تورکی، لەم میانەشدا، سوپای دووەمیان، کە پێکهاتبوو لە زیاتر لە (١٠٠) هەزار سەرباز، بە بیانووی ئەنجامدانی مانۆڕە سەربازیەکانیان بۆ ویلایەتی (مەلاتیە) گوێزرایەوە[٤]. دواتریش دەستکرا بە پرۆسەیەکی پشکنین و گەڕان بە دوای چەکداو، بەم هۆیەشەوە جوتیارانی کورد و خەڵکی ناوچە کوردنشینەکان

---

[١] لە: جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٨٨.

[٢] بڕوانە: کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب. دووەم، ل١٥٥.

[٣] وصال نجيب عارف العزاوي، القضية الكردية...، ص١٥٠.

[٤] بڕوانە: جرجيس حسن، المصدر السابق، ص٩٥، ٩٧.

دووچاری لێدان و سوکایەتیپێکردن و ئابڕوو بردن بوونەوە[١]. هەروەها هێرشێکی سەرتاپاگیریان کردە سەر هێزە جەماوەرییەکانی تورك و هێزە نیشتمانییە کوردییەکان، دەیان هەزاریان دەستگیر و زیندانی کرد و سەدان کەس لە کاتی دەستگیرکردنیان کوژران و چەندانی دیکەش لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە لەناوچوون[٢]. بەگوێرەی هەندێ سەرچاوە لە ماوەی دەسەلاتی ڕاستەوخۆی کودەتاچییەکاندا لە ساڵانی (١٩٨٠–١٩٨٣) زیاتر لە (١٧٠٠٠) کورد زیندانی کران[٣].

بە پێی ئاماری چاپەمەنییە کوردییەکانی دەرەوەی وڵات، لەو ماوەیەدا، زیاتر لە (١٧٠) هەزار کەس لە کورد و تورك و نەتەوەکانی تر، لە تورکیادا، گیران و زیندانی کران و (٢٠٠) کەس بەهۆی ئەشکەنجەوە گیانیان لەدەستداوە، لە ئەنجامی پەلامار و ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیاش نزیکەی (٧٠٠) کەس کوژران و (٤٨) کەسیش لەوانەی دژی حکومەت بوون لە سێدارە دران و (١٧٠)ی تریش بە لە سێدارەدان حوکم دران، کە زۆربەی ئەو قوربانیانە کورد بوون[٤].

لە ئەنجامی ئەو هەڵمەتی دەستگیرکردن و زەبر و زەنگەی سوپای تورکیاش، بەشێك لە گروپە چەپەکانی کورد، پەنایان بۆ باشووری کوردستان هێنا و لە ناوچە سنوریەکان بارەگایان دانا[٥]، هەروەها بەشێکی تریشیان پەنایان بۆ (سوریا و لوبنان و وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا) برد و لەوێوە لە ڕێگەی دەرکردنی بڵاوکراوەوە تیشکیان دەخستە سەر بارودۆخی کوردستان و سەرنجی خەڵکیان بۆ سیاسەتی حکومەتەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرەبارەی دۆزی کوردی ڕادەکێشا[٦].

---

(١) بڕوانە: گۆینتەر دێشنەر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨–١٢٩.
(٢) بڕوانە: حامد محمود عیسی، المشکلة الکردیة...، ص٣٧٩–٣٨٠.
(٣) بڕوانە: وصال نجیب عارف العزاوي، القضیة الکردیة...، ص١٨١.
(٤) جلیلي جلیل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٩١.
(٥) فەرۆز ئەحمەد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٢.
(٦) جلیلي جلیل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٩١.

وێرای ئـەم هێرشـانە، ڕژێمـی جەنەڕاڵـەکان بڕیـاری دروسـتکردنی هـەرێمێکی پاراستنی بە قولایی (١٠–٢٠)کم و بە درێژایی سـنورەکانی تورکیـا لەگـەڵ وڵاتـانی عێـڕاق و ئێـران و سـوریادا. هـەروەها بـە بیـانووی لـەناوبردنی "چـەتەگەرییەوە" هەزاران بنکەی ئـابووری و بازرگانییـان لـە (عێنتـاب، دیاربـەکر، بـدلیس، باتمـان، بایەزیـد و...چـەند شـارێکی تـر) داخـست[1]. کاربەدەسـتان ئابلۆقـەی ئـابووری و تەندروستییان دژ بە دانیشتوانی گوندەکانی کوردستان تونـدتر کـرد و زۆرجـاریش لە شارە کوردنیشینەکاندا ئیشوکاریان بـە کوردەکـان نـەدەدا، تـاوەکو ناچـاریان بکەن کـۆچ بکـەن و مامۆسـتایانی خوێنـدنگا و فەرمانبـەرانی کوردیـان بـۆ ناوچـە تورکنشینەکان دوور دەخستەوە[2]. لەوەش زیاتر، هـەروەکو جـاران فێرکردنیـان، بە زمانی دایك و قسەکردن و نووسینی کوردی و گوێگرتن لە مۆسـیقای کـوردی و لەبەرکردنی جلی کوردییان لە کورد قەدەغە دەکرد[3].

لەم بارەیەشەوە (فەییاز ئۆزومو)، لێپرسـراوی پۆلیـسی سـەربازی و جێگـری یەکەمی والیی دیاربەکر، ڕاپۆرتێکی دەربارەی قەدەغەکردنی قسە کردن بە زمـانی کوردی لە ٨ی تەمموزی ١٩٨١ ئاراسـتەی سـەرجەم یەکـە ئیدارییـەکانی سـەر بـە دەوڵەت لـە ناوچـەکەدا کـردووە و تێیـدا جـەختی لەسـەر ئـەوە دەکـردەوە (هـەر فەرمانبەر و کرێکارێکی حکومەت لە فەرمانگەکاندا لە کاتی دەوامـی ڕەسمیـدا بـە کوردی قسە بکـات ڕووبـەڕووی سـزای قـانونی دەبێتـەوە و تـا ئـەو کاتـەی وەکـو هاوڵاتی تورکی بژین پێویستە بە زمانی تورکی بـدوێن. پێویـستە ئـەو فەرمانـە بـۆ هەموو ئەو کەسانە بخوێنرێتەوە، کە لە دامودەزگاکـانی دەوڵەتیـدا کـار دەکـەن و پێیــان مــۆر بکرێــت و کۆپییــەکی مــۆرکراویش لای بەڕێوەبــەری فەرمانگــەکان بپارێزرێت)[4]. بـەم شـێوەیە دەسـەڵاتی سـەربازیی تورکیـا نیـشانیدا، کـە دان بـە

---

[1] نفس المصدر، ص٢٩٠.

[2] بڕوانە: جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٠.

[3] جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٩٠.

[4] بۆ خوێندنەوەی تەواوی دەقـی نووسـراوەکە بڕوانـە: جاسـم تۆفیـق خۆشـناو، سەرچـاوەی پێشوو، ل٣١٧–٣١٨.

سەرەتاییترین مافی گەلی کورددا نانێت کە ئەویش ئاخاوتن بە زمانی دایکی هاوڵاتیانی کوردە.

لە ئاداری ١٩٨١دا (شەرەفەدین ئێلچی) وەزیری کاری گشتی لە ئیدارەکەی بولەنت ئەجەویدا (١٩٧٨–١٩٧٩)، تەنها لەبەرئەوەی وتبووی: "من کوردم، لە تورکیا کورد هەیە "، لەلایەن دادگای عورفی ئەنقەرەوە بە تۆمەتی ئەنجامدانی چالاکی کوردانە و پاڵپشتیکردنی جوڵانەوەی کورد لە تورکیا، بە دوو ساڵ و سێ مانگ، زیندانی حوکم درا[1].

لە کانوونی یەکەمی ١٩٨٢دا وەزیری پەروەردەی تورکیا (حەسەن ساغلام–Hasan Sağlam)، بە هەموو پارێزگاری شارەکانی ڕاگەیاند کە: (هەڵپەڕکێی فۆلکلۆری ناسراو بە "شایی عەشایەری" تا ئێستا لەلایەن دانیشتوانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات بە مەبەستی ئیتنی و جیاخوازی بەکار دەهێندرێت. هەروەها دەرکەوتووە کە ئەو گۆرانییانەی لە کاتی شایی و هەڵپەرکێ دەگوترێن مەترسی و هەڕەشە لە یەکپارچەیی خاك و یەکێتیی نەتەوەییمان دەکەن، پێویستە هەموو هۆیەك بەکار بهێنرێن تا ئەوگۆرانییانە بە زمانێکی جیاواز لە زمانی تورکی نەگوترێن)[2].

سەرباری ئەمانە و لە درێژەی سیاسەتە شۆڤێنیەکانیدا بەرانبەر بە گەلی کورد، لە ئایاری ١٩٨٣دا، ئەنجومەنی ڕاوێژکاری، قانونێکی دەربارەی ڕاگواستن و نیشتەجێکردن (Milli Iskan Yasasi) پەسەند کرد. بە گوێرەی ئەم قانونە و بە بیانووی پاراستنی (ئاسایشی نەتەوەیی) دەسەڵاتدارانی تورك، بۆیان هەبوو بە زۆر خەڵك لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دی بگوازنەوە. لەسەر بنەمای ئەم قانونەش، چەندین خێزانی کورد، بەرەو شارەکانی ڕۆژئاوای تورکیا، دوور خرانەوە[3]. لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵیشدا قانونی ژمارە (٢٩٣٢)یان دەرکرد، کە بە شێوەیەکی وردتر، جەختی لەسەر قەدەغەکردنی زمانی کوردی

---

[1] نادر ئینتسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٢" ابراهيم الداقوقي، المصدر السابق، ص٢٨٥.

[2] دیڤید مەکداوڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩٦؛ جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٨.

[3] بڕوانە: م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١١٦.

دەكردەوە. بەپێی ئەم قانونە، دەوڵەتی توركیا، دەربڕینی هەر بیروباوەڕێك، جگە لـە زمـانی ڕەسمـی ئـەو دەوڵەتانـەی كـە خـۆی دانـی پێیانـدا نـاوە، بـە هـەموو شێوەیەك، قەدەغە دەكات. هـەروەها ئـەم قانونـە ئەوەشـی چەسـپاند كـە زمـانی دایكی هاوڵاتیانی توركیـا، زمـانی توركییـە و بـە كارهێنـانی هـەر زمـانێكی دیكـە، قەدەغە دەكرێت، هەروەها لە كۆبوونەوە و گردبوونەوە گشتییەكاندا نابێـت هـیچ (بانگەوازێك، دروشمێك، پۆستەرێك...هتد) جگە لە زمانی توركی، بە هیچ زمانێكی دی بنووسرێت، بـە پێچەوانەوە سەرپێـچیكەران، ڕووبـەڕووی سـزای زینـدانیكردن دەبنـەوە بـۆ مـاوەی شـەش مـانگ تـا سـاڵێك[1]. لـەوەش زیـاتر، دەسـەڵاتداران پرۆسەیەكی فراوانی گۆڕینی ناوی گوند و شارۆچكە كوردییەكانیان بۆ ناوی توركی دەسـت پـێ كـرد و تەنانـەت ناوانـی منداڵانیـشیان بـە نـاوی كـوردی، بـەگوێرەی قـانونی ژمـارە (١٥٨٧) قەدەغـەكرد[2]. جـەختێكی نوێتریـان خـستە سـەر زیندووكردنەوەی ئەو تیۆرەی كە گوایە كورد خێڵێكی توركی ئاسیای ناوەند بوونە و لـە هـەمان ڕەگـەزی تـوركن. كۆمـەڵێك وتـار، كـە ئـەم هێڵـی بیركردنەوەیـەیان كردبووە بنەمای خۆیان، لە گۆڤار و بڵاوكراوە ئەكادیمییەكاندا بڵاو كرانەوە[3].

دەسەڵاتی توركیا وێڕای ئەم ڕەفتارانەی، لە كـار و كردەوەكانیـدا، بـەردەوام بـوو، بـە مەبەسـتی بەسـەربازیكردنی كوردسـتان. لـەم پێناوەشـدا بـە هاوكـاریی ئەمریكییـەكان، لـە ناوچـەی هـەكاری فرۆكەخانەیـەكی سـەربازیی دروسـت كـرا، فرۆكەخانەی ولایەتی (وان)یش فراوانتر كرا، لە لایەكی دیكەشەوە توركیا بەردەوام لەلایەن ئەمریكاوە پـشتگیری دەكـرا تـاوەكو دژ بـە كـوردان چـالاكی بنـوێنن، بـە تایبەت لەو شارانەی كە لە سنورەكانی سوریا و ئێران و عێراق نزیك بوون[4].

لـە سـاڵی ١٩٨٣دا، ڕژێمـی سـەربازی، بـۆ ڕاوەدوونـانی گروپـە سیاسـییە كوردییەكان، بە ڕێككـەوتن لەگـەڵ هـەردوو وڵاتـی ئێـران و عێـراق و قۆسـتنەوەی

---

[1] بڕوانە: میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٢٣.

[2] بڕوانە: جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٣-٣٢٤.

[3] بڕوانە: نادر ئینتسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣١-١٣٢.

[4] بڕوانە: م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەكانی...، ل١٠٤-١٠٥.

ڕێککەوتننامەی ساڵی (١٩٧٨)[١]ی نێوان عێراق و تورکیا، هەروەها قۆستنەوەی بارودۆخی شەڕی نێوان ئێران و عێراق (١٩٨٠–١٩٨٨)، دەستی بە پرۆسەیەکی سەربازی (بۆ لەناوبردنی سەرکردە کوردەکان لە ڕۆژهەلاتی تورکیادا) کرد، بە تایبەتیش لەسەر بنەمای ڕێککەوتننامەی ساڵی (١٩٨٢)[٢] لەگەڵ عێراقدا، هێزەکانی تورکیا، لە ئایاری ١٩٨٣دا، بە قوڵایی (٣٠)کم، هاتنە ناو سنوری باشووری کوردستانەوە[٣].

ئەم هێرشەی هێزەکانی تورکیا، دوای چەند هەڵمەتێکی کەمی پارتی کرێکارانی کوردستان هات، کە لەسەر سنوری تورکیا دەیکردنە سەر سەربازانی تورکیا و دواتر دەگەڕانەوە باشووری کوردستان، ئەمەش بیانووی بۆ تورکیا دروست کرد، تاوەکو هێرش بکاتە سەر باشووری کوردستان، کە ئەوکات لەژێر دەسەلاتی پێشمەرگەدابوو[٤]. بە گوێرەی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، ئەم لەشکرکێشییە بە مەبەستی پاراستنی ئاسایش بووە لە ناوچەکەدا[٥].

---

[١] ئەم ڕێککەوتننامەیە، لە بەرواری ٢٥ی ئابی ١٩٧٨، دەقەکەی لە ڕۆژنامەی (میللیەتی) تورکیدا، بلاو کرایەوە. بە پێی بەندی یەکەمی ئەم ڕێککەوتننامەیە، گەر هات و کەسانی سەر بە دەولەتێك – لەم دووانە–، بچنە نێو سنوری دەولەتەکەی دیکەوە، دەگیرێن و دەدرێنەوە دەست دەولەتەکەی خۆیان. بە پێی بەندی سێیەمیش، لەکاتێکدا، چوونە نێو ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی دی ڕوویدات، ئەو لایەنەکەی دی، بە خێرایی ئاگادار دەکات. بە پێی بەندی چوارەمیش، هەردوولا ئەو تەدابیرانە وەردەگرن کە دەبنە هۆی وەستاندنی ئەو کارە وێرانکارییانەی، لە ناوچە سنورییەکانی هەدوو لا دەکرێن. بۆ خوێندنەوەی تەواوی بەندەکانی ئەم ڕێککەوتننامە بڕوانە: جەبار قادر، چەند بابەتێکی...، ل٨٣.

[٢] ئەم ڕێککەوتنە بە شێوەیەکی نهێنی، لە ئەنقەرە، لە نێوان (عێراق و تورکیا)دا مۆرکرا کە تێیدا بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٧٨ی دووپات دەکردەوە. جەبار قادر، چەند بابەتێکی...، ل٨٤.

[٣] بڕوانە: جبار قادر، قضایا...، ص١٧٨" حامد محمود عیسی، المشکلة الکردیة...،ص٣٨٠–٣٨١.

[٤] بڕوانە: عەلی تەتەر نێرەوەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی جەنگی عێراق ئێراندا (١٩٨٠–١٩٨٨)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٩٨.

[٥] جەبار قادر، چەند بابەتێکی....، ل٨٤.

ڕاگەیاندنەکانی تورکیاش، ئەو هێرشەیان زۆر بە گەورە و کاریگەر پیشاندا و حەیدەر کوتلوی سیاسەتمەداری تورکیش ڕایگەیاند، کە هێزەکانی تورکیا، دوو هەزار نیشتیمانپەروەری کوردیان لە باشووری کوردستان گرتووە، ڕۆبەرت ئۆلسنیش دەڵێ: تورکەکان بە سەدان ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستانیان گرتووە، بەڵام ئەمە ڕاست نییە، چونکە لەو کاتەدا ئەندامانی ئەم پارتە لە باشووری کوردستان زۆر کەم بوون، جگە لەوەش هێزەکانی تورکیا، خەڵکی شوان و گاوانی سەر سنوری باکووری کوردستانیان دەگرت و وەکو چەکدارانی ئەو پارتە، لە ڕاگەیاندنەکانیاندا، پیشانیان دەدان[1].

ئەم هێرشەی هێزەکانی تورکیا بۆ سەر باشووری کوردستان، لەو قۆناغەدا بە ئامانجی تەنگهەڵچنین بووە بە جوڵانەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی گەشەکردووی کوردی لە باشووری کوردستان، لەو قۆناغەدا، بۆ ئەوەی کار نەکاتە سەر بزاڤی کوردەکانی تورکیا[2]، کە لە ئەنجامدا دوای ئەوەی دووچاری بەرگرییەکی توندی هێزەکانی پێشمەرگە بوونەوە و دوای سەرزەنشتکردنیان لەلایەن کۆمەڵەی نێودەوڵەتییەوە، ناچار بوون ناوچە کوردییەکان جێ بهێڵن و لە عێراق پاشەکشێ بکەن[3].

### باسی سێیەم/ مافەکانی کورد لە دەستوری ساڵی ١٩٨٢ی تورکیادا

دوای دەستگرتنیان بەسەر فەرمانڕەوایەتی وڵاتدا، کاربەدەستانی نوێی تورکیا، هەوڵیاندا سیاسەتەکانیان بەرانبەر بە کورد، لە دەستوردا جێگیر بکەن، ئەو دەستورەی لە دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێکی ڕووکەشی لە تشرینی دووەمی ١٩٨٢دا بەسەر گەلانی تورکیادا سەپێندرا، وەك لە باسی یەکەمدا ئاماژەمان پێدا.

---

[1] عەلی تەتەر نێروەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٠؛ ڕۆبەرت ئۆلسن، مەسەلەی کورد و پەیوەندییەکانی ئێران و تورکیا، و. ڕێبوار کەرم وەلی، چ١، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٧٤.

[2] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٠٥.

[3] جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٩٢" حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية...، ص٣٨٠-٣٨١.

لێرەشدا هەوڵ دەدەین ئەو ماددانەی دەستورەکە بخەینە ڕوو کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە گەلی کوردەوە هەیە و دژ بە مافەکانی وەستاوەتەوە.

دەستورەکە (بە ڕووکەش) وەك زۆربەی دەستورەکانی وڵاتان، دانی بەوەدا ناوە کە گشت هاووڵاتیان بەرانبەر بە قانون یەکسانن. لە پێشەکی دەستورەکەشدا هاتووە: هەموو هاووڵاتییەکی تورك (Turk Vatandaşi)، نەك هاووڵاتی تورکیا(Turkya Vatandaşi) ماف بەدەستهێنانی ژیانی هەیە لە بوارەکانی کولتوری نەتەوەیی و پێشکەوتن و بیناکردنی قانون و گەشەپێدانی مادی و ڕۆحی خۆیدا. ئەمە هەڵبەتە تەنها هاوڵاتی تورك دەگرێتەوە، واتا ئەوانەی تورك نین و هاوڵاتیی تورکیان، دەبێ ئەم قانونە پەیوەندیی بە وانەوە نەبێ. ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ ئەوەی لە ماددەی (١٠)دا هاتووە، کە دەڵێ: (هەموو کەسێك بە بێ جیاوازیی زمان، ڕەگەز، ڕەنگ، بیروڕای سیاسی و فەلسەفی و دین و مەزهەب و....هتد، لە بەرانبەر قانوندا یەکسانن)[1]. لێرەدا جیاوازییەکی زۆر بەدی دەکرێت، بەوەی وەك لە پێشەکی دەستورەکەدا هاتووە، تەنها نەتەوەی تورك توانای بەدەستهێنانی ئەم مافانەی هەیە و هیچ نەتەوەیەکی دی بۆی نییە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێشێلکارییەکی زەقە بۆ ئەو پرەنسیپە دەستورییەی کە لە ماددەی دەیەمدا هاتووە و تیایدا گشت هاوڵاتیان لە بەرانبەر قانوندا بەیەکسان دادەنێت، بەڵام لە ڕاستیدا، تەنها نەتەوەی تورك مافی تێدا هەیە.

لە ماددەی (٢)دا هاتووە (کۆماری تورکیا، تێدەکۆشێت بۆ ئاسودەیی کۆمەڵایەتی و پشتیوانیی میللی و تێگەیشتنی دادپەروەری و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، ئەمەش بە نەتەوە پەروەری ئەتاتورکەوە بەستراوەتەوە...)[2]. جگە لەم ماددەیەش چەندین حاڵەت و دۆخی دی هەیە، کە لە دیباچەکەدا هاتووە و وەسفی ئەتاتورك دەکات بە (سەرکردەی ئازا)[٢]. ئەمەش ئەوە

---

[1] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٠٨.

(2) **Türkiye Cumhuriyeti 1982 Anayasasi, H.Enver Bozkort, b 1, BRC Matbaa çilik, Istanbul, 2005, S3.**

[٢] ليلاف حمدامين عزيز، الحقوق الساسية للكرد في الدول التي تضم كردستان، دراسة تحليلة مقارنة، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، سليمانية، ٢٠٠٧، ص٢٠٤.

دەگەیەنێت، کە ئەم دەستورەش بە هەمان شێوەی دەستورەکانی پێشووتر پەیوەیستە بە دید و بۆچوونەکانی مستەفا کەمالەوە و ئەوان دەکات بە بنەما.

ماددەی سێیەمی دەستوریش، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە (دەوڵەتی تورکیا خاك و میللەتەکەی یەك قەوارەیە و دابەش نابێت و زمانەکەشی تورکییە). ئەمەش لەکاتێکدا، (کە لە تورکیادا) چەند نەتەوەیەکی دیکەی جیاوازی وەك (کورد و عەرەب و لاز و...ئەوانی تر) دەژین، بەلأم تەنها حساب بۆ نەتەوەی تورك کراوە، ئامانجیش لەم قانونە زۆر ڕوونە و مەبەست لێی بەرپەرچدانەوەی هەموو هەوڵێکە، کە لەپێناو سەربەخۆیی نەتەوەکان (بەتایبەت نەتەوەی کورد) لە تورکیادا بدرێت. بە هەمان شێوە، لە ماددەی پێنجەمیشدا هاتووە کە (ئامانج و ئەرکە بنچینەییەکانی دەوڵەت، پێکەوەژیان و سەرفرازیی نەتەوەی تورکە...)[1].

سەرەڕای هەموو ئەمانە دەستوری ساڵی ١٩٨٢ی کۆماری تورکیا بە شێوەیەکی ڕەها سەروەری تەنها بۆ نەتەوەی تورك دەگەڕێنێتەوە، وەك لە ماددەی شەشەمدا هاتووە (نەتەوەی تورك سەروەریی تەواوی هەیە، بە بێ هیچ کۆت و مەرجێك، ئەم سەروەرییەش، لە ڕێگەی دامودەزگای تایبەت، بەرجەستە دەکات، بەپێی ئەو بنچینانەی کە لە دەستوردا نیشان دراون)، هەروەها دەسەلأتی قانونداناان و دادوەریش بە هەمان شێوە تەنها بۆ نەتەوەی تورك دەگەڕێنێتەوە، هەروەك لە ماددەی حەوتدا هاتووە: (دانانی دەسەلأتی قانون، بە ناوی نەتەوەی تورکەوە، بە دەست ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکیاوەیە)، لە ماددەی نۆیەمیشدا هاتووە: (دەسەلأتی دادوەری، کە بە ناوی نەتەوەی تورکەوە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات، دادگایەکی سەربەخۆیە)[2]. لەم ماددانەشدا دیسانەوە هەڵوێستێکی ڕەگەزپەرستانەی ناکۆك بە بنەماکانی دیموکراتی دەسەلأتدارانی تورکیا بەرانبەر بە گەلە ناتورکەکان نیشان دراوە، بەوەی کە هەموو دەسەلأت و سەروەرییەکان تەنها بۆ نەتەوەی تورك دەگێڕێتەوە.

---

(1) **Türkiye Cumhureti 1982 Anayasasi, a.g.e, S4.**

(2) لیلاف حمدامین عزیز، المصدر السابق، ص٢٠٦.

ئەم دەستورە، وێڕای ئەوەی لە ماددەی دەیەمیدا هاتووە کە هەموو کەس بە یەکسان دادەنێت لە بەرانبەر قانوندا، کەچی لـە مـاددەی چـواردەدا دەڵـێ: (هـیچ کام لەو ماف و ئازادییانەی کە لەم دەستورەدا هاتوونـە، کـەس نـاتوانێ بـەکاریان بێنێ بە مەبەست و ئامانجی تێکدانی یەکپارچەیی دەوڵەت، وڵات، نەتـەوە و نـابێ بەکار بێن بۆ هەڕەشەکردن لەسەر بـوونی دەوڵـەت و کۆمـاری تورکیـا)[١]. هـەموو ئەو باسوخواسانە دەربارەی یەکپارچەیی و یەکێتیی خاکی تورکیـا مەبەسـتەکەی ڕوونە، چونکە بە لای ئەوانەوە، کێیە ئەوەی تاوانبار دەکرێ بـەوەی کـە دەیـەوێ یەکێتیی خاکی تورکیا پارچە پارچە بکات، ئەوە کوردە.

لـەماددەی حەڤدەشـدا هـاتووە: (هـەموو کـەس، مـاف ژیـان و پاراسـتن و پێشخستنی کیانی مادی و مەعنەوی خۆی هەیـە....)، هـەروەها دواتـر نووسـراوە (کەس ئازار و ئەشکەنجە نادرێت و نـابێ کـەس هەڵـسوکەوتێك بکـات، کـە لەگـەڵ خەسڵەتە مرۆڤایەتییەکاندا نەگونجێت)[٢].

گەر بێتو بەراوردێك بکەین لە نێوان ئـەم دەقـە و بـارودۆخی کرداریـدا، ئـەوا جیاوازییـەکی زۆر بـەدی دەکرێـت، چـونکە وەك ئاشـکرایە لـە تورکیـادا سـەرجەم نەتەوە غەیرە تورکەکان دووچاری چەندین حاڵـەتی دەسـتدرێژیکردن بونەتـەوە و لــەکاتی دەســتگیرکردنیان ئەشــکەنجە دراون و ڕەفتــاری نابــەجێ بەرانبــەریان کراوە[٣].

سەرکردەکانی کودەتاکە، سەرەڕای ئەمانە، لە ڕێگەی قانونەوە، گواستنەوە و هاتوچـۆی خەڵکیـشیان لـە نـاوخۆی وڵاتـدا سـنوردار کـرد و زەمینەشـیان بـۆ ڕاگواستنی نوێ خۆشتر کرد، ئەمەش بە پێی ئەوەی کە لە ماددەی (٢٣)ی هەمان دەستوردا هاتووە کە دەڵێ: (ئازادیی شوێنی نیشتەجێبوون دەتواندرێت سنور دار بکرێـت بـە مەبەسـتی نەهێـشتنی تـاوان، دابینکردنـی پێـشکەوتنی کۆمەڵایـەتی و ئابووری و جێبەجێکردنی دروستکردنی شار، کە هەموو هۆیـەکانی خۆشـگوزەرانی

---

[١] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١١٢.

[2] **Türkiye Cumhuriyeti 1982 Anayasasi, a.g.e, S9.**

[٣] بڕوانە: ليلاف حمدامين عزيز، المصدر السابق، ص٢٠٧-٢٠٨.

و پارێزگاریی موڵکەکانی دەوڵەتی تێدا بێت)[1]. لێرەدا، وەکو هاوبیرەکانیان لە عێراقی سەدام حوسێندا باسیان لە دێ و شارۆچکەی شارستانی دەکرد، لەکاتێکدا ئەمانە ئۆردوگای زۆرەملێ بوون و ژیان تێیاندا زۆر سەخت بوو.

ئەم ماددەیە بە پێچەوانەی ماددەی سیانزەی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤە، کە بەم پێیە (هەموو کەسێك ئازادە لە گواستنەوە یان دیاریکردنی شوێنی نیشتەجێبوون لەناو سنوری هەر دەوڵەتێکدا...)[2]. لە ڕاستیدا ئەم ماددەیە بە مەبەستی سنور دانان و کۆنترۆڵکردنی جموجۆڵی چالاکوانانی کورد بووە لە باکووری کوردستان و دواتریش وەك لە باسی ڕابوردوودا ئاماژەمان پێدا بە بیانووی پاراستنی ئاسایشی دەوڵەتەوە زیاتر جەختیان لە سەر ئەمە کردەوە، کە قانونێکی تریان دەربارەی ڕاگواستن و نیشتەجێبوون (میللی ئیسکان یاساسی) دەرکرد و بەو بیانووەشەوە چەندین خێزانی کوردیان بەرەو شارەکانی ڕۆژئاوای تورکیا دوورخستەوە.

دەستوری ساڵی ١٩٨٢ی کۆماری تورکیا، وێڕای ئەو بەندانەی سەرەوە، لەپێناو قەدەغەکردنی تەواوەتیی زمانی کوردیدا، ژمارەیەك مەرج و بەندی وەك بەربەست داناوە، بە تایبەت لە بەندەکانی ژمارە (٢٦، ٢٨)دا زیاتر خۆیان دەبیننەوە، کە ئەم مەسەلەیەیان بە ئاشکرا خستۆتە ڕوو. وەك لە بەندی (٢٦)دا هاتووە (هەر زمانێك بە قانون قەدەغە کرابێت، نابێ نە لە قسەکردن و نە بۆ بیروباوەڕ بڵاوکردنەوە بەکاربێت. هەر نووسراوێك، وەکو دیکۆمێنتێك، چاپەمەنی، فۆتۆگراف، قەوان و کاسێتی ڤیدیۆ و میدیاکان سەرپێچی لەم پرەنسیپە بکەن، بە بڕیاری دادگا و ناوەندە بەرپرسیارییەکان دەستگیر دەکرێن...). لە بەندی (٢٨)ەمیشدا هاتووە (هیچ بڵاوکراوەیەك ڕێگەی پێنادرێت ئەگەر بە زمانێك بێ، کە بە قانون قەدەغەکرابێ)[3]. تەنها زمانیش کە بە قانون قەدەغە کراوە، ئەوە زمانی

---

[1] جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٨٩.

[2] بڕوانە: خاموش عمر عبدالله، تأثير قوانين الطوارئ على حريات الأفراد في الدساتير، دراسة مقارنة، منشورات مركز كردستان للدراسات الأستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٧، ص١٧٥.

[3] جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٢.

کوردییه و ساڵی دواتریش زیاتر جەختیان لەسەر قەدەغەکردنی زمانی کوردی کردەوە و لەم بارەیەوە ماددەی (٢٩٣٢) یان دەرکرد[١].

ئەم جۆرە حاڵەتی قەدەغەکردنەی زمان، بەم شێوەیە، پێشتر لە دەستوری ساڵی ١٩٦١دا بوونی نەبووە. هەرچەندە پێشتریش چاپ و بڵاوکردنەوە بە زمانی کوردی هەر قەدەغە بوو. بەڵام هەندێ جار چاپەمەنی کوردی لە چەند شوێنێکدا بڵاو دەکرایەوە[٢].

لە ماددەی (٤٢)شدا بە هەمان شێوە دەڵێ: (جگە لە زمانی تورکی، هیچ زمانێکی دی، ڕێگەی پێنادرێت لە دەزگاکانی فێرکردندا وەك زمانی دایك بخوێندرێت). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا منداڵانی کەمینە نەتەوەییەکان مافی خوێندن و فێرکردنیان بە زمانی خۆیان نییە و هەر دەبێ بە زمانی تورکی بخوێنن[٣]. بەم شێوەیە، دەسەڵاتدارانی تورکیا، جگە لە زمانی تورکی، ئامادە نەبوون دان بە هیچ زمانێکی تردا بنێن و لە ڕێگەی ئەم ماددانەوە بەکارهێنانی هەموو زمانێکی تریان قەدەغە کرد. لێرەشدا دیسانەوە سیاسەتی سەرانی کودەتا، بۆ تواندنەوەی کەمینە نەتەوەییەکانی ناو تورکیا دەردەکەوێت.

لە ماددەی (٦٦)ی دەستوردا هاتووە: (هەموو هاووڵاتییەکی کۆماری تورکیا تورکە، هەر منداڵێك باوك یان دایکی تورك بێت بە تورك پێناسە دەکرێ. هیچ تورکێك مافی هاووڵاتیبوونی لێ ناستێنرێتەوە ئەگەر کارێك نەکات ناکۆك بێت لەگەڵ دڵسۆزیی نیشتمانیدا)[٤].

ئەگەر سەیری زۆربەی ماددەکانی ئەم دەستورە بکەین، دەبینین دەسەڵاتدارانی تورکیا، وێڕای ئەوەی سەرجەم مافەکانیان بۆ نەتەوەی تورك گێڕاوەتەوە، هەوڵیشیان داوە سەرجەم نەتەوە ناتورکەکان بە تورك لە قەڵەم بدەن و تەنها دان بە بوونی نەتەوەی تورك لە تورکیادا بنێن[٥]. ئەمەش بە ڕوونی

---

[١] میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٢٣.

[٢] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١١١-١١٢.

[٣] جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٨٩.

[4] **Türkiye Cumhuriyeti 1982 Anayasasi, a.g.e, S41.**

[٥] بڕوانە: جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٨٩.

لـەو ماددانــەی ســەرەوەدا دەردەکــەوێت و لــە دیباچــەی دەســتورەکە و لــەناو دەسورەکەشدا چەندین حاڵەتی لەم جۆرە دەبینین. وەکو (نیـشتمانی هەمیـشەیی تـورك)، (دەوڵـەتی تورکیـای پـیرۆز)، (نەتـەوەی تـورکی بلیمـەت). لـە مـاددەی حەفتاشدا هاتووە (هەموو تورکێك مافی ئەوەی هەیە بەشداری لە بەڕێوەبەرایـەتیی گشتی ولاَتدا بکات...). لە ماددەی حەفتاوشەشـیدا هـاتووە (هـەموو تورکێـك کـە تەمەنی سی ساڵ بێت، دەتوانێ بە ئەندام پارلەمان هەڵبژێردرێت)[1].

جگە لەوانەی، کە باسمان کرد، ئەگەر لە ڕوانگـەی سیاسـییەوە سـەیری ئـەم دەستورە بکەین و لێی ورد ببینەوە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کـە ماددەکـانی دژ بە خەباتی ڕزگـاریخوازیی گـەلی کـورد ئاراسـتە کـراون، بـەوەی جگـە لـە مـاددەی چـواردە، کـە ئاماژەمـان پێـدا، لـە مـاددەی (٦٨)یـشدا هـاتووە کـە: (پـەیڕەو و پرۆگرامی پارتە سیاسییەکان نابێت ناکۆك بن لەگەڵ یەکپارچەیی دەوڵـەت و ولاَت و نەتەوەدا)[2]. ئەمەش مەبەستی ڕێگە نەدانە بـە دامەزرانـدنی پـارت و ڕێکخـراوی کوردی، کە هەوڵی جیابوونەوە و سەربەخۆیی بدات.

لە ماددەی (١٢٢)شدا ئاماژە بەوە دەکات لە بارودۆخی پەیدابوونی کردەوەی توندوتیژیدا یان لە کاتی ڕوودانی شـەڕ و ڕاپـەڕین لـە دژی نیـشتمان و سیـستەمی کۆماریدا، یـان بـەهۆی مەترسـیی دەرەوە، کـە هەڕەشـە لـە دابەشـکردنی ولاَت و نەتــەوە دەکــات، ســەرۆککۆمار لەگــەڵ ســەرۆکایەتیی ئەنجومــەنی وەزیرانــدا کۆدەبێتەوە و لە دوای کۆبوونەوە لە ئەنجومەنی ئاسایـشی نەتـەوەیی، دەتوانێـت باری نائاسایی، کە لە شەش مانگ زیاتر نەخایەنێت لە ولاَت ڕابگەیەنێت...[3].

لە ماددەی (١٤٣)شدا هاتووە (پێشنیازی دامەزراندنی دادگاکـان دەکرێـت بـۆ پاراسـتنی ئاسایـشی دەوڵـەت و تەماشـاکردن و پێداچـوونەوەی ئـەو کێـشانەی پەیوەنـدییان بــەو چــالاکیانەوە هەیــە، کــە دژی یــەکێتیی نەتــەوەی تــورك و یەکپارچـەیی خـاکی ولاَت ئـەنجام دەدرێـن و دژی ئاسایـشی نـاوەوە و دەرەوەی ولاَتن)[4].

---

[1] جبار قادر، قضايا...، المصدر السابق، ص٢٠٢.

[2] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١١٢.

(3) **Türkiye Cumhuriyeti 1982 Anayasasi, a.g.e, S 86-87.**

[4] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١١٣.

لـه خـستنەڕووی هەنـدێ لـه ماددەكـانی دەسـتوری سـاڵی ١٩٨٢ی كۆمـاری توركیا كه پتر پەیوەندییان به كورد و نەتەوەكانی دیكەی نێو توركیاوه هەیه و به شـیكردنەوه و لێكدانـەوەیان، ئـەوه دەردەكـەوێت كـه بـه هـیچ شـێوەیەك لـه دەقـەكانی دا، باسـی بـوونی نەتـەوەی كـورد و هـیچ نەتەوەیـەكی دیكـەی غـەیره تـوركی نێـو وڵاتـی نـەكردووه، بـەڵكو دەتـوانین بڵـێین سیاسـەتی بـه تـورككردنی بەرانبەر ئەو گەلانه پەیڕەو كردووه. گەرچی له ماددەی یەكەمی ئـەو دەسـتورەدا هاتووه: (توركیا، دەوڵەتێكی كۆماری دیموكراتییه)، بەڵام باسی سـادەترین مـافی نەتــەوەكانی دیكــەی نــەكردووه و لــه بــەردەم فێربــوون بــه زمــانی خۆیــان و پەیڕەوكردنی نەریت و بۆنه گرنگه نەتەوەییەكانیان و گوزارشـتكردن لـه ئـیرادەی خۆیان ڕێگر بووه[1].

گەر بێتو بەراوردێك له نێوان ئەم دەستوره و دەستورەكانی پێشتردا بكـەین، (دەسـتوری سـاڵی ١٩٢٤و سـاڵی ١٩٦١)، دەتـوانین بڵـێین: كـه دەسـتوری سـاڵی ١٩٨٢ به بەراورد لەگـەڵ قانونـه بنەڕەتییـەكانی سـەردەمی كۆماریـدا، لـه گـەلێك بواردا، بـه هـەنگاوێك بـۆ دواوه دادەنـدرێت. ئەمـه جگـه لـەوەی ئاواتـەكانی گـەلی كوردی پشتگوێ خستووه و دانی به مافه نەتەوایەتییەكانی دا نـەناوه، لـه هـەمان كاتـدا گوزارشـتێكی قانونیانەیـه بـۆ سیاسـەتی تواندنـەوەی كـورد و گـشت كەمـه نەتەوایەتییەكانی تر، لەلایەن حكومەتی توركیاوه[2].

### باسی چوارەم/ سەرهەڵدانی خەباتی چەكداری

بەر لـەوەی بـاس لـه قۆناغـەكانی خۆئامـادەكردن و دەسـتكردن بـه خـەباتی چەكداری (لەلایەن پارتی كرێكـارانی كوردسـتانەوه) بكـەین، سـەرەتا، بـه كـورتی باس له خەباتی چەكداری و پێناسه كردنـی وەك لایـەنێكی پەیوەندیـدار بـه مـافی چارەنووسـی گـەلان و ڕەوایـەتیی ئـەو خەباتـه (بـه شـێوەیەكی گـشتی) لەلایـەن كۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوه دەكەین:

---

(1) بڕوانه: لیلاف حمدامین عزیز، المصدر السابق، ص٢١٠.

(2) م.ئه. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەكانی...، ل١١٣،١٠٨.

**یەکەم/ خەباتی چەکداری و مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان:**

بنەماکانی مافی چارەنووسی گەلان، بە هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی و لەژێر کاریگەریی ئەو کارەسات و زیانە زۆرەی کە لە جەنگەکە کەوتەوە و ئەزمونی کۆلۆنیزەکردنی گەلێ ناوچەی جیهان و دەیان وڵات و گەلان، بووە جێی بایەخ پێدان[1]، ئەم بایەخپێدانەش لە چواردە بەندەکەی سەرۆکی ئەمریکا (ودرو وڵسن)دا هات، کە لە ٨ی کانوونی دووەمی ١٩١٨دا پێشکەش بە کۆنگریسی کرد[2].

لە ئەنجامی ڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانیشدا، جارێکی تر، بنەماکانی مافی گەلان، بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان، گرنگییەکی زۆری لای گەلە جیاوازەکانی جیهان پەیداکرد[3]، لە دوای دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیش، لەساڵی ١٩٤٥دا، ئەم ڕێکخراوە، کۆمەڵێك بڕیاری دەربارەی مافی چارەنووس و مافی گەلان دەرکرد، کە تایبەت بوون بە تێکۆشانیان دژ بە داگیرکەرانی بیانی و ڕژێمە ڕەگەزپەرستییەکان. ئەم مافەش، بە یەکێك لە لایەنە زیندووەکانی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان دادەنرێت[4]، کە تیایدا بنچینەکانی یەکسانی، لە مافەکانی گەلان و دیاریکردنی مافی چارەنووسیانی

---

[1] مافی چارەنووسی گەلان، بۆ یەکەم جار، لە شۆڕشی فەرەنسای ساڵی ١٧٨٩ ئاماژەی پێکرا، کاتێك سەرکردەکانی ئامادەییان پیشاندا بۆ پشتگیریکردن و کۆمەککردنی گەلان، لەپێناو بەدەستهێنانی مافی چارەنووسیان، دواتریش لە ڕاگەیاندنی ئاشتی شۆڕشی بەلشەفی دا هات لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧. بڕوانە: احمد محمد رفعت و صالح بكر الطيار، الارهاب الدولي، ط١، مركز الدراسات العربي– الأوروربي، د.م، ١٩٩٨، ص١١٩–١٢٠.

[2] بڕوانە: سامي جاد عبدالرحمن واصل، أرهاب الدولة في اطار القانون الدولي العام، منشأت المعارف بالأسكندرية، د.م، د.س، ٣٠٤–٣٠٥.

[3] بڕوانە: احمد محمد رفعت و صالح بكر الطيار، المصدر السابق، ص١٢٠–١٢١.

[4] ئەم پەیماننامەیە، بەشێوەیەکی ڕوون ئاماژە دەکات بەوەی، دیاریکردنی چارەنووس، بنچینەیەکە بۆ ئاشتی و ئاسایشی وڵاتان، ئەو مافەش، لە ماددەی یەکەم و پەنجاوپێنجی پەیماننامەکەدا هاتووە، بڕوانە: يوسف كوران، جريمة الأرهاب والمسؤلية المترتبة عنها في القانون الجنائي الداخلي والدولي، مركز كردستان للدراسات الأستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٧، ص٧٦–٧٧.

بەیەکەوە گرێدا و کردی بەوبناغەیەی کە پێویستە پەیوەندیی دۆستانەی نێوان وڵاتانی لەسەر بنیات بنرێت[1].

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە بڕیارەکانیدا، جەختی دەکردەوە لەسەر شێوەی قانونی مافی چارەنووسی گەلان، لەپێناو بەدەستهێنانی سەربەخۆییان[2]. لەم ڕووەشەوە لە ١٤ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٠دا، کۆمەڵەی گشتی، بڕیاری ژمارە (١٥١٤)ی دەرکرد، کە تایبەتە بە بەخشینی سەربەخۆیی گەل و وڵاتانی داگیرکراو[3]. بەڵام ئەم بڕیارە، تایبەتە بەو کۆلۆنیایانەی لەژێر دەسەڵاتی ئیستعماری ئەورووپیدا بوون، نەك ئەو نەتەوە و وڵاتانەی بە وڵاتێکی ترەوە لکێنراون. هەروەها، کۆمەڵەی گشتی، جەختی لەسەر تێکۆشانی گەلان (بۆ گەیشتن بەو مافی سەربەخۆییە) بە هەموو ڕێگەیەك، دەکردەوە، لە وانەش خەباتی چەکداری[4]. بڕیاری ژمارە(٢١٢٦) یشی لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠دا، لەم بوارەدا، خۆی دەبینێتەوە، کە بە هەموو ڕێگەیەك، ڕەوایەتی دەدا بە خەباتی گەلانی داگیرکراو و گەلانی ژێردەستی دەسەڵاتداریێتیی بیانی، لەپێناو دیاریکردنی چارەنووسیان[5]. ئەم مافەش، لە کۆمەڵێك بەڵگەنامە و بڕیاری کۆمەڵەی گشتی و بڕیارە نێودەوڵەتییەکاندا دووپات کراوەتەوە[6].

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە بڕیاری ژمارە (٢٦٢٥) (لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠دا) پێناسەی خەباتی چەکداریی کردووە، بەوەی " ئەو بزووتنەوانەن کە خەبات دەکەن، لەپێناو: سەربەخۆبوون لە داگیرکەر و داگیرکەرانی بیانی و حکومەتە ڕەگەزپەرستەکان، لەپێناو گەیشتن بە مافی

---

(1) سامی جاد عبدالرحمن واصل، المصدر السابق، ٢٢٣–٢٢٤.

(2) احمد حسین سویران، الأرهاب الدولي في ظل المتغیرات الدولیة، ط١، منشورات الحلبي الحقوقیة، لبنان– بیروت، ٢٠٠٥، ص٨٦.

(3) بڕوانە: احمد محمد رفعت و صالح بكر الطیار، المصدر السابق، ص١٢٤.

(4) احمد حسین سویران، المصدر السابق، ص٨٨–٨٩.

(5) بڕوانە: احمد محمد رفعت و صالح بكر الطیار، المصدر السابق، ص١٢٥–١٢٦.

(6) بۆ خوێندنەوی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، بڕوانە: سامي جاد عبدالرحمن واصل، ص٢٣٥–٢٣٨.

دیــاریکردنی چــارەنووس بــۆ گەلــەکانیان"[1]. کــۆنگرەی دیبلۆماســیی ســاڵی ١٩٧٧[2]یش بەم جۆرە پێناسەی دەکات "ئەو بزووتنەوە چەکداریانەن کە خـەبات دەکـەن و دژایـەتیی داگیرکـەر دەکـەن، لـەپێناو دیـاریکردنی چارەنووسـیان"[3]. هەروەها قانونناسەکانیش جەخت لەسەر ڕەوایەتیی ئەو جۆرە خەباتـە دەکەنـەوە و هەندێکیان بەرەنگاریی چەکداری پێناسە دەکەن بـەوەی "ئـەو جەنگانەیـە، کـە هێزە نیشتمانپەروەرەکان لە دەرەوەی هێـزە چـەکدارییە نیزامییـەکان، ئـەنجامی دەدەن، لەپێناو بەرگریکردن لـە بەرژەوەندییـە نیـشتمانی و نەتەوەییـەکانیان، دژ بە هێزەکانی بێگانە، جا ئەو هێزانە لە چوارچێوەی ڕێکخراوەیەکدا بـن، کـە لـەژێر سەرپەرشتی و ئاراستەکردنی دەسەڵاتێکی قـانونی و واقعیـدا بێـت، یـاخود لـەژێر سەرپەرشـتی و ئاراسـتەکردنی خۆیـدا بێـت، ئـەم چـالاکیانەش، لەسـەر خـاکی نیشتیمان دەست پێ بکەن یان لە دەرەوەی خاکی نیشتمان بێت"[4].

هەندێکی تر لە قانونناسەکان بزووتنـەوەکانی ڕزگـاریخوازیی نیـشتمانی، کـە خەباتی چەکداری دەکەن، پێناسە دەکەن بەوەی "ئەو بزووتنەوانەن کە پشت بـە مافی گەل دەبەستن بۆ گەڕانەوەی هەرێمە داگیر کراوەکەیان و قـەوارەی خۆیـان، ئەمـەش بـە پـشتگیریی جـەماوەری تـوڕە لـە داگیرکـەر، بەدەسـت دەهێـنن. ئـەم بزووتنەوانەش، بەزۆری لە خاکی وڵاتانی دەوروبەردا شـوێنی خۆیـان دەکەنـەوە و لـە ڕێگـەی ئـەو وڵاتـەوە پـشتیوانییەکانیان پێـدەگات و ڕاهێنـان بـە هێزەکانیـان دەکەن..."[5].

---

[1] یوسف کوران، جریمە الٳرهاب ...، ص٧٨.

[2] ئەم کۆنگرەیە، لە ساڵی ١٩٧٧، لە جنێف بەسـترا کـە هەنـدێ مـەرجی دەربـارەی بـەرگری لەخۆکردن، تێدا هاتبوو. بڕوانە: رزاق حمد العوادي، جرائم الحرب والعدوان اخلالا بالـشرعية الدوليـــــــة وانتهاكـــــــا للقـــــــانون الـــــــدولي الانـــــــساني (http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=113322).

[3] یوسف کوران، جريمة الأرهاب ...، ص٧٨.

[4] سامی جاد عبدالرحمن واصل، المصدر السابق، ص٢٢٦.

[5] بڕوانە: سامی جاد عبدالرحمن واصل، المصدر السابق، ص٢٢٧.

ئـەم پێناسـانە بـۆ ئـەم وڵاتانـە بـەكاردەهێنرێن كـە كۆلۆنیـان و لەلایـەن دەوڵەتانی كۆلۆنیالییەوە داگیركراون، بەڵام، كوردستان، تـاوەكو ئێستا، لەلایـەن نەتـەوە یـەكگرتووەكان، یـان ڕێكخـراوە نێودەوڵەتییەكانـەوە، بـە ناوچـەیەكی كۆلۆنیزەكراو پێناسە ناكرێ، بۆیە زۆر جـار ئـەم پێناسـانەی بـە سـەردا نـادەن و جوڵانەوە ڕزگاریخوازەكەی بە جوڵانەوەیەكی چـەكداری، یـان بـە تیرۆریـستی نێـو دەبەن. ئەو خەباتەش، لەلایەن گەلی كوردەوە، وێڕای ئـەو ڕاپـەڕین و شۆڕشـانەی كە لە سەدەی نۆزدەوە تاوەكو جـەنگی دووەمـی جیهـانی، بـەردەوام دەبێـت، لـە شۆڕشـی ١١ی ئـەیلولی ١٩٦١دا دەركـەوت، كـە لەلایـەن (پـارتی دیمـوكراتی كوردستان)ەوە بە سەرۆكایەتیی بارزانی هەڵگیرسا[1].

دوا بە دوای سـەرهەڵدانی شۆڕشـی ئـەیلول، (پـارتی دیمـوكراتی كوردسـتانی ئێران) لەپێناو بەدیهاتنی مافەكانی كورد، لە ڕۆژهـەڵاتی كوردسـتان و ڕووخانـدنی ڕژێمی شاهەنشاهی، بڕیاری خەباتی چەكداری داو جوڵانـەوەی چـەكداریی سـاڵانی (١٩٦٧–١٩٦٨)ی لە ناوچەكانی (بانە، سەردەشت، مهاباد) بەرپا كرد، كە ماوەی ١٨مانگ، درێژەی كێشا[2].

لـە بـاكووری كوردسـتانیش، لـە دوای جـەنگی دووەمـی جیهانییـەوە، یەكـەم جوڵانـەوەی چـەكداری، لەلایـەن پـارتی كرێكـارانی كوردسـتانەوە، لـە ١٥ی ئـابی ١٩٨٤دا، دژ بە حكومەتی توركیا بەرپا كرا، كە لـە لاپـەڕەكانی داهـاتوودا، باسـی دەكەین.

---

[1] فاتح رەسول، بنچینەی مێژووی بیرۆكەی چەپ لـە كوردسـتان، چ٢، چـاپخانەی چـوار چـرا، سلیمانی، ٢٠٠٥، ل٣٣٤؛ م.س.لازاریـف وآخـرون: المـصدر الـسابق، ص٣٢٣. بـۆ زانیـاریی زیـاتر دەربـارەی قۆناغـەكانی خـەباتی چـەكداری بڕوانـە: سـەعدی عوسمـان، بزاڤـی ڕزگاریخوازی كوردی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.

[2] م.س.لازاریـف وآخـرون: المـصدر الـسابق، ص٣٢٣" بـۆ زانیـاریی زیـاتر دەربـارەی ئـەم جوڵانەوەیـە بڕوانـە: یاسـین خالـد سەردەشـتی، خوێندنەوەیـەكی مێـژوویی جوڵانـەوە چـەكدارییەكەی كوردسـتانی ئێـران لـە سـاڵانی ١٩٦٧–١٩٦٨، چ١، ب.ش، ٢٠٠٢؛ د.عبدالرحمن قاسملو و عبدالله حسن زادە، كورتـە مێـژووی حزبـی دیمـوكراتی كوردسـتانی ئێران، كۆمسیۆنی چاپەمەنی حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران، ب.ش، ٢٠٠٢.

**دووەم/ دەستکردن بە خەباتی چەکداری**

پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)، دوای دامەزراندنی لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٧٨ و لە ماوەی کارکردنیدا، تاوەکو کودەتای ١٩٨٠، توانیی ژمارەیەك لە کرێکاران و جوتیاران و هەندێ کەس و گروپ لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و بیروباوەڕە چەپەکانی لەنێو ئەو توێژانەدا بڵاو بکاتەوە[1]، بەڵام دوابەدوای کودەتاکەی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠، لە ئەنجامی ئەو هەڵمەتی دەستگیرکردنەی سەرکردە سەربازییەکان دەستیان دایە، سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە (١٧٩٠) ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستان گیرا بن. ژمارەیەکیشیان بە زیندانکردنی هەتا هەتایی حوکم دران[2]، لەناویاندا هەریەك لە (محەمەد خەیری دورمش و کەمال پیر و مەزلوم دۆغان) ی تێدابوون، کە لە سەرکردە و دامەزرێنەرانی ئەم پارتە بوون[3]. جگە لەمە لە بەیانێکی فەرمیی دەسەڵاتی سەربازیدا، پەکەکە ناسێنرا بە "ڕێکخراوێکی نهێنیی جوداخواز، کە ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی مارکسی — لینینییە، لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، لە ڕێگەی خەباتی چەکدارییەوە"[4].

لە ئەنجامی فشار و هەڵمەتی دەستگیرکردنی ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان و بەهۆی بوونی ڕێکخراوە فەلەستینییەکان لە (سوریا و لوبنان)،

---

[1] بڕوانە: رعد عبد الجليل، المصدر السابق، ص١١٥

[2] هەندێکی تر، ژمارەی گیراوانی ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان، بە (٢٣٣١) کەس دادەنێن کە لەناویاندا، (٩٧)یان، لەلایەن دادگای عورفی دیاربەکر، بە لە سێدارەدان حوکم دران. بڕوانە: ابراهيم الداقوقي، المصدر السابق، ص٢٨٥–٢٨٦.

[3] (مەزلوم دۆغان) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەستەی دامەزرێنەرانی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو، کە لە ساڵی ١٩٨١دا دەستگیر کرا و لە ساڵی ١٩٨٢دا لە یادی جەژنی نەورۆزدا، لە زیندان خۆی سوتاند. (کەمال پیر) و(محەمەد خەیری دورمش)یش بە هەمان شێوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون، دوابەدوای خۆسوتاندنی مەزلوم دۆغان، دوای (٦٤) ڕۆژ مانگرتن لە خواردن، لە گەڵ دوو ئەندامی تر، بە ناوی (عەلی چیچەك) و (عاکف یلماز)، لە زیندان گیانیان لە دەستدا. بڕوانە: عەبدوڵڵا ئۆجەلان، هەڵبژاردە، ل١٠٦–١٠٧.

[4] بڕوانە: میخائيل م. جونتر، المصدر السابق، ص٧٣.

عەبدوڵڵا ئۆیچ ئالان بڕیاری چوونە دەرەوەی دا بۆ سوریا و لە مایۆی ساڵی ١٩٧٩دا، چووە سوریا[١].

سەبارەت بەم پاشەکشەکردنە، عەبدوڵڵا ئۆیچ ئالان پێی وایە ڕاکردنیان بۆ سوریا و لوبنان پێویست بووە تاوەکو بتوانن لە ڕووی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ڕێکخستن و سەربازییەوە، لەو وڵاتەدا، خۆیان ئامادە بکەن، هەروەها بۆ نزیکبوونەوە لە ڕێکخراوە فەلەستینییەکان[٢].

دوابەدوای پاشەکشە کردنیان بۆ دەرەوەی تورکیا، ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە بنکەکانی فەلەستینیەکان، لە سوریا و لوبنان، جێگیر بوون، بە تایبەت لە بنکەکانی (بەرەی گەلی ڕزگاریخوازیی فەلەستین- سەرکردایەتیی گشتی) و (بەرەی دیموکراتی ڕزگاریخوازیی فەلەستین)، تەنانەت لەکاتی هێرشی ئیسرائیل بۆ باشووری لوبنان، لەساڵی ١٩٨٢، چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هێرشە، (١٢) کوژراو و (١٥) دیلیان دا، ئەوەش بەمەبەستی دەرخستنی دڵسۆزی بوو بۆ هاوپەیمانە فەلەستینی و سورییەکانیان، بۆئەوەی ڕێگەیان پێ بدرێ کەسەربازگەی تایبەت بە خۆیان لە (بیقاع)ی لوبنان دابمەزرێنن، هەروەها چالاکییەکانیان بە یارمەتیی حکومەتی سوریا، زیاد بکەن[٣]. ئەمەش دوژمنایەتیی ئیسرائیلی دژ بە پارتی کرێکاران لێکەوتەوە و دواتر ئەو وڵاتە لە بواری هەواڵگری و سەربازیدا، هاوکاریی حکومەتی تورکیای کرد.

دوای جێگیربوونی ئەندامانیشیان لە سوریا و لوبنان، لە ١٥ی تەمموزی ١٩٨١دا پارتی کرێکارانی کوردستان کۆنفرانسی یەکەمی لە لوبنان بەست و بڕیاری گەڕانەوەی بۆ کوردستان و ئامادەکاریی بۆ خەباتی چەکداری درا[٤]. هەروەها چاوی بە شێوازی مامەڵەکردنی پێشووی لەگەڵ پارتی (کوک)دا گێڕایەوە و لەو بوارەدا ڕەخنەی لەخۆی گرت. بڕیاریشیدا پەیوەندیی لەگەڵ (پارتی دیموکراتی

---

[١] بڕوانە: نفس المصدر، ص٤١"

[٢] بڕوانە: عەبدوڵڵا ئۆجەلان، هەڵبژاردە، ل٧٨.

[٣] خليل علي مراد وآخرون، المصدر السابق، ص١٣٤.

[٤] حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٣.

کوردستان–عێراق) دروست بکات، بۆئەوەی پێگەیەکی پتەوی لە باکووری عێراقدا هەبێت، کە لە سنور پەڕینەوە لەوێوە زۆر ئاسانتر بوو لە ڕەتبوون لە سنوی سوریا و تورکیا، بۆیە بڕیاری دا: پەیوەندی لەگەڵ کوردەکانی باشووری کوردستان دروست بکات[١].

لە ٢٠ی ئابی ١٩٨٢، پارتی کرێکارانی کوردستان، دووەمین کۆنگرەی خۆی (لە سوریا) بەست و بڕیاری گەڕانەوەی بۆ کوردستان دووپات کردەوە و لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لە تورکیادا بڕیار درا دەست بە شەڕی پارتیزانی بکەن، ئەم بڕیارەش دوای مەشقکردنی ئەندامانیان درا لە دۆڵی (بیقاع)ی لوبنان[٢]. هەروەها ستراتیژێکی سێ قۆناغییان بۆ خەباتی پارتەکەیان داڕشت، کە ئەوانیش (بەرگری، هاوسەنگیی هێز، هێرشکردن) بوون[٣].

لەو ماوەیەدا، پارتی کرێکارانی کوردستان، چەند سەرکردەیەکی سەربازی نارده سەر سنوری نێوان باکووری کوردستان و ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، بۆئەوەی لە ناردنەوەی گروپە چەکدارییەکان لە لوبنانەوە هاوکارییان بکەن و لەو سنورانەدا جێگیریان بکەن، کە بریتی بوون لە (محەمەد قەرە سونگیور) و مەعسوم قۆرقماز (عەگید) و کەسێکی تر بە ناوی (حەسەن). هەروەها چەند گروپێکی چەکدارییان نارده باکووری کوردستان، لەوانەش هەردوو گروپی (شاهین کلاوز) و گروپی (فەرحان)بوون. لەکاتی دەربازکردنی ئەو گروپانەش بۆ ناو باکووری کوردستان، یانزە کەسیان لە بۆسەیەکی سەربازانی تورکیا کوژران، کە هەشتیان لە گروپی (شاهێن کلاوز) بوون و لە کاتی پەڕینەوەدا لە (چەمی هیزڵ) کوژران[٤]. لە ساڵی ١٩٨٣شدا سەدان شەڕکەریان لە ناوچەی بۆتان (جەزیرە) خڕ کردەوە[٥].

---

[١] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨٨.

[٢] حەســەن جــودی، سەرچــاوەی پێــشوو، ل٧١٤؛ **Hamit Bozarsalan, Türkıye'nin Modern Tarihi, F.Heval Bucak, B.1, B.Berdan Matbaasi, Avesta Basin Yayin, Istanbul, 2008, S**

[٣] میخائیل م. جونتر، المصدر السابق ص٧٤،٧٥.

[٤] حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو،ل٣٠٣، ٣٢٣.

[٥] خلیل علي مراد وآخرون، المصدر السابق، ص١٢٠.

لـه مـاوەی دەسـەڵاتی ڕژێمـی سـەربازیدا (١٩٨٠-١٩٨٣)، پـارتی کرێکـارانی کوردستان، تەنیا چەند هێرشێکی جیاجیای ئەنجام دا، هەندێ سەربازی تورکی لە ناوچـە سـنوریەکان کوشـت[١]. ئەنجامـدانی ئـەم هێرشـانەش لەکاتێکدا بـوون کـە پەکەکە تاوەکو ١٥ی ئابی ١٩٨٤ بە ڕەسمی دەستکردن بە خـەباتی چەکداری دژ بە هێزەکانی تورکیا ڕانەگەیاند. لەبەرانبـەر ئـەو هێرشانەشـدا، حکومـەتی تورکیـا بەرپەرچـی ئـەو کـارەی دایـەوە و لـە ئایـاری سـاڵی ١٩٨٣دا هێرشـێکی تۆڵـە سـەندنەوەیان لـە ناوچـە سـنوریەکان ئـەنجام دا و هاتنـە نـاو خـاکی باشـووری کوردستانەوە، بەڵام زۆرترین زیان بەر کوردەکانی عێراق کەوت. لەو کاتەشدا، کـە وا دەهاتە بەرچاو: ئەنقەرە و بەغدا لە دژی کوردەکان یەکیان گرتووە، بارزانی لـە مۆرکردنی ڕێککەوتننامەیـەك لـە تـەممووزی ١٩٨٣دا دوودڵـی نـەکرد و مۆڵـەتی بـە پارتی کرێکارانی کوردستاندا، سود لە باشووری کوردستان وەربگرێت، تـەنیا بـەو مەرجەی هیچ حیزبێکیان زیان بە حیزبەکەی تـر نەگەیـەنێت. بۆیـە لێـرە بـەدواوە باشـووری کوردسـتان و ناوچـە سـنورییەکانی هاوسـنوری سـوریا و ئێـران، بوونـە مەیدانی چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان[٢].

دوابـەدوای کۆتاییهـاتنی فـەرمانڕەوایی ڕژێمـی سـەربازی و هاتنـە سـەرکاری حکومەتی مەدەنی، بە سەرۆکایەتیی تورگوت ئـۆزاڵ، لـە ١٩ی کـانوونی دووەمـی ١٩٨٣، سەرۆکوەزیران بەرنامەی حکومەتی خوێنـدەوە و پێـشکەشی ئەنجومـەنی نیشتیمانیی گەورەی تورکیای کرد و لە وتەیەکیدا وتی: "حکومەتی ئێمـە بریتییـە لە حکومەتێکی ناسیۆنالیستی.... بۆچوون و تێگەیشتنی ئێمـە بـۆ ناسـیۆنالیزم و

---

[١] بڕوانە: بيار مـصطفى سـيف الـدين، تركيـا وكوردسـتان العـراق، "الجـارين الحـائرين"، ط١، مطبعة خاني، دهوك، ٢٠٠٨، ص١٤٠.

[٢] ئەو ڕێککەوتننامەیە، ناوی (پرەنسیپەکانی یەکگرتن) بـوو، کـە تێیـدا (پ.ك.ك) و (پ.د.ك) پێکهـاتن، کـە پابەنـدبوونێکی یـەکگرتوویان هـەبێ، دژ بـە هـەر جـۆرە ئیمپریالیزمێـك لـە سەروشـیانەوە ئیمپریـالیزمی ئـەمریکی و دژی پلانـەکانیان لـە ناوچـەکەدا بوەسـتنەوە. هەروەها، جەختیان کردەوە لە وەی کە نابێ دەست لە کاروباری ناوخۆیی یەکتر وەربـدەن و نابـێ کـارێکی وا بکـەن، کـە زیـان بـە ئـەوی تریـان بگەیـەنێ. بڕوانـە: دیڤیـد مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨٨؛ مراد خۆشەڤی حسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٨.

بۆ داكۆكیكردن له [دەقەكانی] دەستورە دەربارەی سەربەخۆیی و یەكپارچەیی نەتەوەی تورك و یەكێتی وڵات. دەستوری ناسیۆنالیزمی توركی ئێمە، لەگەڵ بۆچوونەكانی ئەتاتورك سەبارەت بە ناسیۆنالیزم هاوجووتە كە دەبنە بنەمای فكری و كار و چالاكیەكانی ئێمە"[1]. له لایەكی تریشەوە، حكومەت بەڵێنیدا بە بەردەوامیی دژ بە خەباتی كورد لە باكووری كوردستاندا بوەستێتەوە. واتە مەبەستی بوو درێژە بە سیاسەتی حكومەتەكانی پێشوو بدات لە سەركوتكردنی جوڵانەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی كوردیدا[2].

حكومەتی توركیا، لەو قۆناغەدا، نەیدەویست تەنها لە ڕێگەی سیاسی و سەربازییەوە چارەسەری دۆزی كورد بكات، بەڵكو بڕیاری ئەوەی دابوو، كارێكی وا بكات گەشە بە ناوچە كوردییەكان بدات، چونكە بە ڕای ئەو، ئەو گرژییەی لە كوردستانی توركیادا هەیە كەم دەبێتەوە[3]. ئەم باوەڕەش لەوەوە سەرچاوەی دەگرت، كە پێی وابوو دواكەوتوویی ئابووری و كۆمەڵایەتیی ناوچە كوردنشینەكان، هەستی جوداخوازیی، لای كوردەكان، پتەو دەكات، لە سەر ئەم بنچینەیەش پرۆژەی (گەشەپێدانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ–GAP)ی پەرە پێدا، كە لەسەرەتای شەستەكانەوە، سەری هەڵدابوو، لەساڵی ۱۹۸۳دا بە چڕی كاری تێدا دەكرد و تا ئێستاش بەردەوامە. ئەم پرۆژەیە، كە چەند وێستگەیەكی كەهرۆ ئاوی و تونێلی بۆ ئاودێری لەسەر ڕووباری (دیجلە و فورات) لەخۆی دەگرێ، دوای تەواوبوونی، گەشەكردنێكی هەمەلایەنی، بە بوارەكانی كشتوكاڵ و پیشەسازی و بازرگانی دەدا و ئاستی بژێویی ناوچە كوردنشینەكانی دابین دەكرد، بەمەش پێیان وابوو لەم ڕێگەیەوە كورد "واز لە بیروباوەڕی جیابوونەوە لە دەوڵەت و سەربەخۆیی" دەهێنێ، لە لایەكی تریشەوە، بۆ بڕینی پشتگیریی دەرەوە، لە پارتی كرێكارانی كوردستان، فشار لەسەر دەوڵەتەكانی (سوریا و

---

[1] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەكانی...، ل١١٦

[2] هەمان سەرچاوە، ل١١٦.

[3] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەكانی...، ل١١٦.

عێراق)ی دراوسێی تورکیا دروست دەکەن، کە سودیان لە ئاوی دیجلە و فورات وەردەگرت[1]. ئەمەش لە ساڵەکانی دواتردا دووپات دەبێتەوە.

زیادبوونی سیاسەتی دژ بە چالاکییەکانی کورد، لەلایەن حکومەتی تورکیاوە، هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی خەباتی چەکداری لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستان، لە ساڵی ١٩٨٤دا[٢]. ئەم خەباتەش، بە پێی تێڕوانینی ئایدیۆلۆژیی پارتی کرێکارانی کوردستان، شێوازێکی بنەڕەتییە بۆ تێکۆشانی، هەروەها وای دەبینێ کە جەنگێکی درێژ خایەن بەرپا دەکات، ئەو جەنگەش پشت دەبەستێت بە توندوتیژی، بۆ ئەوەی بەرەنگاریی ئەو چەوساندنەوەیە ببنەوە، کە بەسەر گەلی کورددا سەپێنراوە[٣].

بۆ دەستکردن بە خەباتی چەکداری، سەرەتا، پارتی کرێکارانی کوردستان، لە هاوینی ساڵی ١٩٨٤دا، (هێزی ڕزگاری کوردستان– HRK –)ی دروست کرد، کە لە باشووری کوردستانەوە، هێرشیان دەکردە سەر مەفرەزەکانی پۆلیس و سوپا[٤]. لە ١٥ی ئابی ١٩٨٤دا، ئەم هێزە هێرشێکیان کردە سەر شارەکانی (شرناخ و ئەرۆخ و شیروان)، لە ویلایەتی (سێرت) و شارۆچکەی (شەمدینان) لە ویلایەتی هەکاری، دوای ئەوەی هەموو پەیوەندییە تەلەفونییەکانی ناوچەکەی بڕی. ئەم چالاکییەش ناونرا بە (تەقە بکە و ڕابکە)، هەروەها بڵاوکراوەیەکیشیان بڵاو کردەوە، کە ناونیشانی (ئێمەیان پێ لەناو نەچوو)ی لە خۆ گرتبوو[٥].

لە ڕاگەیەنراوێکی ڕەسمیدا، هاتووە: ئەو هێرشە، بۆ سەر بنکەکانی پۆلیس و شوێنی نیشتەجێبوونی ئەفسەران چڕ کرابۆوە، هەروەها لەو ڕاگەیاندنەدا هاتووە:

---

[1] بڕوانە: محمد نور الدين، تركيا الجمهورية الحائرة، مقاربات في الدين والسياسية و العلاقات الخارجية، ط١، مركز الدراسات الأستراتيجية والبحوث والتوثيق، بيروت، ١٩٩٨، ص٧٤.

[٢] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤.

[٣] ریناس جانو، حزب العمال الكردستاني، دراسة سياسة–تحليلية، گۆڤاری (خامە)، ژ. (٣)، سەنتەری خامە بۆ ڕاگەیاندن و لێکۆڵینەوەی قوتابیان، هەولێر، بەهاری ٢٠٠٦، ل٢٨٠.

[4] **Martin Van Bruinessen, Kürdistan Üzerine Yazilar, Ç.Nevzat Kiraç…, B4, B.Sena Ofset, Iletişim Yaynlar, Istanbul, 2004, S365**.

[٥] ابراهيم الداقوقي، المصدر السابق، ص٢٩٧.

لەماوەی ئەو شاڵاوەی کە کرایە سەر ناوچەکانی (سێرت و هەکاری)، سەربازێك کوژراوە و دوانزەی تریش بریندار بوون[1].

ئەم هێرشەی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە، کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو، لەسەر ناوەندەکانی دەسەڵاتداری تورکیا، بە جۆرێك سەرۆککۆماری تورکیا، جەنەڕاڵ کەنعان ئێڤرین، سەردانی شەمدینانی کرد و لە وتارێکدا وتی: "ئەو کارانە جگە لە پیلانێك، کە دەسەڵاتەکانی بێگانە دەیچێنن، هیچی تر نییە، کە لەو ڕێگەیەوە، دەیانەوێت تورکیا دابەش بکەن، لە ڕێگەی هەندێك خائینەوە، کە بۆ دەرەوەی تورکیا هەڵاتوون و لەگەڵ دەسەڵاتی بێگانە، هاوکاری دەکەن و خەیاڵ بە گەڕانەوەی تورکیا دەبینن بۆ ئەو بارودۆخەی کە لە پێش کودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ هەبوو، بەڵام لێرەوە ڕایدەگەیەنین کە دەوڵەتەکەمان، بەهێزە و تەسلیمی باندە تیرۆریستەکان نابین"[2].

بەم شێوەیە، پارتی کرێکارانی کوردستان خەباتی چەکداری خۆی دەست پێ کرد، ئەم خەباتەش، بەردەوام دەبێت و گەشە دەکات، کە لە بەشەکانی دواتردا ئاماژەی پێدەدەین.

---

[1] بڕوانە: صبرية احمد لافي، المصدر السابق، ص١٢٠.

[2] ابراهيم الداقوقي، المصدر السابق، ص٢٩٧.

بەشی سێیەم

# دۆزی كورد لە كاتی شەڕی چەكداریدا (١٩٨٤-١٩٩١)

**بەشی سێیەم/ دۆزی كورد لە كاتی شەڕی چەكداریدا ( ١٩٨٤-١٩٩١ )**
**باسی یەكەم/ پارتی كرێكارانی كوردستان و كاردانەوەی حكومەتی توركیا :**

## یەكەم/ پەرەسەندنی خەباتی چەكداریی پارتی كرێكارانی كوردستان :

دوای ئەنجامدانی یەكەم هێرشی چەكداری، بۆ سەر یەكەكانی سوپای توركیا، لە ١٥ی ئابی ١٩٨٤دا، هێزەكانی پارتی كرێكارانی كوردستان، لە هێرشەكانیان بەردەوام بوون و هێرشیان كردە سەر سەربازانی تورك و ئاغا و موڵكدارە كوردەكان. لە تشرینی یەكەمی ١٩٨٤دا، سێ كەسیان لە ئەندامانی هێزێك كوشت، كە لێپرسراوێتیی سەرۆككۆماریان لە گەڤەر (یوكشك ئاڤا) بە ئەستۆوە بوو، پاشان لە بۆسەیەكدا، هەشت سەربازیان لە (چوكورجە)ی هەكاری كوشت. لە ساڵی ١٩٨٥یشدا لە شەڕێكی سەخت، لە (سیڤەرەك)، شەست پارتیزان و سەرباز و مەدەنی كوژران و لە ئەنجامی ئەو هێرش و پەلامارانەدا، تا ئابی ١٩٨٥ نزیكەی دووسەد كەس لە حەفتا پێكدادانی چەكدارانەدا كوژران. بەم كردەوانەشی، بەرە بەرە، سەرنجی خەڵكی بۆ لای خۆی ڕاكێشا و مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی حكومەتی توركیا (لە ناوچە كوردییەكاندا) دروست كرد بوو[1].

پەرەسەندنی هێرشەكانی پارتی كرێكارانی كوردستان، بۆ سەر هێزەكانی حكومەت و لایەنگرانی، بووە هۆی ناوبانگدەركردنی ئەم پارتە و دەنگدانەوەیەكی زۆر لەناو كوردەكانی توركیادا، ئەمەش پێویستی بەوە هەبوو ڕێكخراوی نوێ لە شێوەی بەرەدا بە سەركردایەتیی خۆی پێكبهێنێت. ئەم بەرەیە، ناوی لێنرا: بەرەی ڕزگاریی نەتەوەیی كوردستان ( Eniya Rizgariya Neteweyi ya

---

[1] بڕوانە: دیڤید مەكداول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٩٠.

(**Kurdistan**) (**ERNK**)، کە لە نەورۆزی ١٩٨٥، ڕاگەیەنرا. بە دیدی ئـەوان، ئـەم بەرەیـە، ئامـانجی ڕێکخـستنی جوڵانـەوە "شۆڕشـگێڕیەکان"ی گـەلی کـورد و بـە گوڕترکردنی خەباتی "شۆڕگێڕی" و پوچەڵکردنەوەی هـەموو شـێوازێکی دەسـتبە سەراگرتنی داگیرکارییە، بە مەبەستی هاتنەدیی سەربەخۆیی کوردستان، هەروەها چارەسەرکردنی دۆزی کوردیان بەیەکێك لە گرنگترین ئەرکەکانیان داناوە[1].

دامەزراندنی ئەو بەرەیە، لەکاتێکدا بوو کە پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان، لـە بیقاعی لوبنان، جێگیر ببوون و کاریگەریی (ڕێکخراوە فەلەستینییەکان) و خەباتی جوڵانـەوە شۆڕشـگێڕیەکانی وڵاتـانی وەکـو (کوبـا، ڤێتنـام، لاوس، کـەمبۆدیا و نیکاراگوا)ی بەسەرەوە بوو[2].

بەرەی ڕزگاری نەتەوەیی کوردستان، لە یەکەم ساتەوەختی دروستبوونیەوە، چەندین ئامانج و بنەمای گرنگی بۆخۆی تەرخان کردبوو، لـە کرنگترینیـان، بـریتی بوون لە:

١- دامەزراندنی ڕێکخراوی ڕزگاریی نیشتیمانی لە (کرێکاران، جوتیاران، لاوان، ژنان و...هتد) لەپێناو هێنانەدیی یەکێتیی سیاسیی جەماوەری.

٢- پێکهێنـانی (میلیـشیا)ی سـەربازی و گەشـەپێدانی ڕێکخـستنی جـەنگی پارتیزانی و دروستکردنی سوپا.

٣- پەرەپێـدانی چـالاکییە سیاسـییەکانی وەکـو ڕێپێـوان و خۆپیـشاندان و پڕوپاگەندەی چەکداری و ڕاپەرین.

٤- نەمانی سوپای تورکیا لـە کوردسـتان و بنکـە سـەربازییەکانی هاوپـەیمانی بـاکووری ئەتڵەسـی (نـاتۆ) و ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا و هەڵوەشاندنەوەی هەموو دامودەزگا مەدەنییەکانی حکومەتی تورکیا.

٥- ڕاگرتنی سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەی کورد و کارکردن بۆ گەشـەپێدانی بواری فێرکردن (بە زمانی کوردی) و گەشەپێدانی ڕۆشنبیری.

---

[1] بڕوانە: قضية التحرر الوطني الكردستاني وطريق الحل، مشروع برنامج جبهة التحرير الوطنيـة الكردستانية، من منشورات حزب العمال الكردستاني، ب.م، ب.س، ص١٠" رعد عبدالجليل، المصدر السابق، ص١١٦.

[2] قضية التحرر الوطني الكردستاني وطريق الحل، ص٢١٥، ٢٢٧.

٦- بـەدیهێنانی یـەکێتیی بـاکووری کوردسـتان و گـشت پارچـەکانی تـری کوردستان و بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، کە ڕۆڵـی پەرلـەمان بگێڕێت و قانون و بنەمای پێویست بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد دابنـێ، لەگەڵ چەندین ئامانجی تر[١].

دوای دامەزراندنی (ERNK)، چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان، کە بە (گەریلا)[٢] دەناسرێن بە هاوکاریی ئەم بەرەیە، پەلامارەکانیان چڕتر کردەوە.بـە پێی (مارتن ڤان براونەسن)، هێزەکانی (ERNK)، لە مـانگی حـوزەیران، تـاوەکو تشرینی دووەمـی ١٩٨٥، زیـاتر لـە پـەنجا پێکـدادانی چـەکدارییان ئـەنجام داوە و چوار کەرتی سەربازییان تێکشکاندووە، هـەروەها، پـەنجا سـەرباز و دە پـۆلیس و بیست پاسـەوانی گونـد (Köy Kuruculer)[٣] یـان کوشـتووە، لـە هـەمان کاتـدا، خۆشیان زەرەر و زیانیان داوە[٤]. ئەنجامدانی ئەو هێرشانە، بـە نـاوی (ERNK)،

---

[١] بڕوانە: نفس المصدر، ص٢٢٠-٢٢٣.

[٢] گەریلا، لە بنەچـەدا، وشـەیەکی ئیـسپانیە، واتـای شـەڕی بـچووك دەگەیـەنێ. گـەریلا، بـەو چەکدارە سیڤیلە دەوترێ کـە ئەنـدامی، گروپێکـی بـچووکی شـەڕکەری نانیزامیـە، لـە دژی سوپای نیزامیی دەوڵـەت، یـان سـوپایەکی دەرەکـی شـەڕ دەکـات و تـاکتیکی هێرشـی لـە ناکاو، بۆسە دانان، تێکدانی هێڵی شەمەندەفەر و پرد و کاروانی لۆجستی پـەیڕەو دەکـات. ئەم دەستەواژەیە، بەم واتایە، لە سەدەی هەژدەهەمەوە بەکاردێت. شەڕی گەریلایی، یـان پارتیزانی، لە سەدەی بیستەمیندا سەرکەوتنی بەرچاوی لە چین و کوبا و ڤیـەتنام و گـەلێ جێگەی تر بەدەست هێنا. بڕوانە:

(http://en.wikipedia.org/wiki/Guerrilla).

[٣] پاسەوانانی گوند، بریتین لەو جاشە کرێگرتانە کە لەلایـەن حکومـەتی تورکیـاوە، لـە سـاڵی ١٩٨٥دا پێکهێنـران و وەك سـوارەی حەمیدییـەن، کـە لەلایـەن سـوڵتان عەبدولحەمیـدی یەکەمـەوە دروسـت کـرا، لـەپێناو تـەمبێکردنی خێڵـە کوردییـەکان و پارێزگـاریکردن لـە پشتیوانی هۆزە کوردییەکان بۆ دەسەڵاتی ناوەندی. ئەمانە ڕێکخراوێکـی نیمـچە سـەربازی بوون و وەك ئەو جاشە کرێگرتانە وا بوون، کە ڕژێمی پێشووی عێراق بەکاری دەهێنـان لـە دژی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد. بڕوانە: دیڤید مەکداول، سەرچـاوەی پێـشوو، ل٦٩١؛ **Ismet G Imset, The PKK Freedom Fighter or terrorists (www.Kurdistan.org/Articleslismet.htm).**

[4] **Martin Van Bruinessen, A.g.e, S365.**

جیاوازبوو لەوەی کە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا وەك بەرەیەکی سیاسی جەماوەری ئاشتیخواز دەردەکەوت، کەچی بەردەوام بوو لە ئەنجامدانی هێرشەکان و تاوەکو کۆتایی هەشتاکان وازی لە کردەوەی چەکداری نەهێنا[1].

لەپێناو بەهێزکردنی چالاکیە چەکدارییەکان، لە ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦دا، پارتی کرێکارانی کوردستان، گۆنگرەی سێیەمی خۆی، لە ئەکادیمیای (مەعسوم قۆرقمان)[2]، لە دۆڵی بیقاع، لە لوبنان، بەست. یەکێك لە ئەرکەکانی ئەو کۆنگرەیە، ئەوەبوو: چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (کە تا ئەوکاتە) بە هێزی ڕزگاریی کورد **(HRK)** نێو دەبران، بە وتەی خۆیان، بکرێ بە سوپایەکی پارتیزانی و بۆ ئەو مەبەستەش **(HRK)** گۆڕا و ناوێکی نوێیان لێنا، کە ئەرتەشی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان **(ARGK)** بوو[3].

لە سەروبەندی دانانی سیستەمی پاسەوانانی گوندی، لە ساڵی ١٩٨٥دا، لەلایەن حکومەتی تورکیاوە، پارتی کرێکارانی کوردستان، هەوڵیدا ڕێگە لە دامەزراندنی ئەم میلیشیایە و بەشداریکردنی خەڵکی بگرێت، لەبەرئەوە، لە دژی ئەم سیستەمە دەستی بە هەڵمەتێکی توند کرد و هەڕەشەی لەوانە دەکرد کە هەژاری و بێکاری هەندێ جاریش بەرژەوەندیی خێڵەکی پاڵی پێوە دەنان بچنە نێو ئەو هێزەوە، هەروەك لە نامەیەکدا، کە پارتی کرێکارانی کوردستان ناردوویەتی و تێیدا دەڵێ: "هەر خێزانێك لەگەڵ دەوڵەتدا کاربکات، ئەوا لەناودەبرێت"[4].

پارتی کرێکارانی کوردستان، هەر بە هەڕەشە و ڕاگەیاندن و نامە ناردن نەوەستا، بەڵکو دوای هۆشیارکردنەوە، دەستیانکرد بە هێرشکردنە سەر ئەو

---

[1] بڕوانە: میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص٥٦.

[2] ئەمە ئەکادیمیای پەروەردەیی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو، لە بیقاعی لوبنان، کە بە هاوکاریی ڕێکخراوە (شۆڕشگێڕییە) فەلەستینییەکان دامەزرابوو و تێیدا ئەندامانی، پەروەردەی فیکری و سیاسی و سەربازی دەکران، دوای کوژرانی (مەعسوم قۆرقمان)ی ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە دوای کۆنگرەی سێیەم، بڕیاردرا بە ناوی ئەوەوە بکرێ، لە ساڵی ١٩٩٢دا، ئەم ئەکادیمایایە، لەژێر فشاری حکومەتی تورکیا داخرا. حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢٨.

[3] بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٣٧٢،٧١٥.

[4] **Ismet G Imset, Op.Cit.**

هێزانـه، بـه دوای ئەمەشـدا، لەسـاڵی ١٩٨٧دا، هێرشـیان کـردە سـەر ژمارەیـەك گوندی کوردی، بە بیانووی ئەوەی "هاوکاریکـاری دەوڵـەتن" و لـە ئـەنجامی سـێ هێرشدا، (٣٨) کەسیان کوشت، کە زۆربـەیان پاسـەوانانی گونـد بـوون و دەوڵـەت چـەکداری کردبـوون و موچـەی پێـدەدان بـۆ بەربـەرەکانی گـەریلاکانی پـارتی کرێکارانی کوردستان[1]. لە ماوەی سـاڵانی دواتریـشدا لـە ویلایەتـەکانی مـاردین و سێرت و هەکاری، بێ بەزەییانە کەسوکاری پاسەوانی گوندەکانیان لەناوبرد[2].

لە ئەنجامی ئەو کردەوانەدا کە پارتی کرێکارانی کوردسـتان دژ بـە پاسـەوانی گوندەکان و کەسوکاریان و تەنانەت بەرانبەر هەندێ ئەندامی (پ.د.ك)ی عێراقیش پیـادەی دەکـرد، کـە بـەهاوکاریی تورکیـای دادەنـان، پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ (پ.د.ك) ساردی تێکەوت، بۆیە لـە سـاڵی ١٩٨٧دا، (پ.د.ك) ئاگادارکرنەوەیـەکی بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان نارد و داوای جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی سـاڵی ١٩٨٣ و وازهێنـانی لـە هەڵوێـستەکانی دژ بـە سـەرکردایەتیی پـارتی و دۆسـت و ئەندامەکانی کرد. هـەروەها ڕەخنـەی تونـدی لـە شـێوازی کـار و چالاکیی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان لـە نـاوەوە و دەرەوەی وڵات گـرت و ئـەو چالاکییانەی بـە خـراپ دادەنـان کـە دژی گوندنـشینەکان پـەیڕەوی دەکـردن و پـارتی کرێکـارانی کوردستانی بە لادان لە هێڵی ڕزگـاریخوازیی نیـشتیمانی تاوانبـارکرد و لـە کۆتـایی ساڵی ١٩٨٧یـشدا، هاوپـەیمانێتیی نێوانیـان بـە تـەواوی کۆتـایی هـات، بـە وتـەی توێژەرێك فشاری تورکیا دەوری سەرەکی لەمەدا بینیوە[3].

لـە دوای لەدەسـتدانی پـشتیوانی (پ.د.ك)، پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان، هەوڵی دەدا پشتیوانی و هاوکاریی (ی.ن.ك) بەدەست بێنێ، ئـەوە بـوو لـە سـاڵی ١٩٨٨دا (پرۆتۆکۆلێکی لێکتێگەیشتن) لـە دیمەشـق لـە نێوانیانـدا مـۆرکرا. پـارتی کرێکارانی کوردستان، داوای بەهێزتر کردنی یەکێتیی کورد و هاوکـاری و چـالاکیی هاوبەشی نێوان گروپە کوردییەکانی دەکرد، سـکرتێری (ی.ن.ك) جـەلال تاڵـەبانی

---

(1) **Ibod.**

(٢) دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩٤.

(٣) میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص١٧١.

هەرەشەی یارمەتیدانی ئاشكرای بۆ عەبدوڵڵا ئۆیج ئالان كرد، ئەگەر بێتو توركیا بە بیانووی گەڕان بە دوای گەریلاكانی پارتی كرێكارانی كوردستاندا، جارێكی تر، هێرش بۆ سەر كوردستانی عێراق بكاتەوە، بەڵام ئەمەش زۆری نەخایاند و دوای ساڵێك ئۆیج ئالان ڕایگەیاند ئەو پرۆتۆكۆڵەی لەگەڵ تاڵەبانیدا مۆری كردووە، بەتاڵ بۆتەوە و هیچ نرخێكی نییە[1]. بە دیدی دیڤید مەكداول پشتیوانیی (ی.ن.ك) بۆ پارتی كرێكارانی كوردستان سودێكی وای نەبووە و نەیدەتوانی لە ناوچەكانی بادینان بارەگا و پێگە بخاتە خزمەتییەوە[2].

لە ١٥ی نیسانی ١٩٨٨دا، پارتی كرێكارانی كورستان، كۆنفرانسێكی لە لازقییەی سوریا ڕێكخست، كە دوو هەفتەی خایاند و (٣٠٠) كورد تیایدا بەشدار بوون، بریتی بوون لە نوێنەری پارتە كوردییەكانی (كوك، كاوە، ڕزگاری، یەكێتیی نیشتیمانی كوردستان، پارتی دیموكراتی كوردستان و حیزبی كۆمەڵە). ئەندامانی كۆنفرانسەكە، پێیان وابوو دەتوانن بەڕێوەبردنێكی دیموكراتی شۆڕشگێڕ لە نێوان گەلی كورد و توركدا پێكبهێنن، هەروەها لەپێناو چارەسەر كردنی دۆزی كورد باسیان لە دروستكردنی ڕێكخراوێك بە ناوی (كۆنگرەی نەتەوەیی كوردستان) و دانانی بنچینە و قانونەكانی كۆنگرەكە كرد و بە پێویستیان زانی لە بەرانبەر ئەو باڵەی كە لەلایەن (حسین یلدرم) لە پارتی كرێكارانی كوردستان جیا بوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند بوو، ڕەفتاری توندیان لەگەڵدا بكرێت[3].

---

[1] بڕوانە: دیڤید مەكداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩٨

[2] بڕوانە: میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص١٧١.

[3] باڵی جیابووەوەی حیزب، لە ساڵی ١٩٨٨دا، لەلایەن حسین یەڵدرم وتەبێژی ڕێكخستنەكانی ئەوروپای پارتی كرێكارانی كوردستانەوە ڕاگەیەنرا، كە بەهۆی جیاوازی بیروبۆچوونەوە لە پارتی كرێكارانی كوردستان جیابوونەوە. بە پێی وتەی عوسمان ئۆیج ئالان، یلدرم، لەژێر كاریگەریی بۆچونی سەمیر (چەتین گیونگور)دا، پێی وابوو دەبێ پارتی كرێكارانی كوردستان، پارتێكی دیموكراتی بێ و واز لە خەباتی چەكداری بهێنێ و لە ئەوروپا خەباتی سیاسی پەیڕەو بكات. بە پێی هەندێ بۆچوونی تر، بەهۆی كوشتنی خەڵكی مەدەنی لەلایەن پارتی كرێكارانی كوردستانەوە، یلدرم لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆیج ئالان تووشی ناكۆكی و جیابوونەوە هاتووە. جەمیل بایك، ئەم باڵە بە گروپێكی بچووك دەناسێنێ، كە لە حسین

لــه ڕووی سیاسیــشەوه، پــارتی کرێکــارانی کوردســتان، لــه ســاڵی ١٩٨٧، کۆمەڵێك ڕێکخراوی دروست کرد، که ئەندام بـوون لـه بـەرەی ڕزگـاریی نەتـەوەیی کوردســتان، وەکــو یــەکێتیی کرێکــارانی وڵاتپــارێزی کوردســتان (**YKWK**) و یــەکێتیی ڕۆشــنبیرانی وڵاتپــارێزی کوردســتان (**YRWK**) و یــەکێتیی گــەنجانی کوردســتان (**YXK**) و یــەکێتیی ژنــانی وڵاتپــارێزی کوردســتان (**YJWK**)[1]. هــەروەها لــه ســاڵی ١٩٨٩دا، ئــەم بەرەیــە، گۆڤــارێکی بــه نــاوی بــەرخوەدان (**Berxwedan**) له دۆسلدۆرف، دەرکـرد و لـه شـاری کـۆڵنی ئـەڵمانیاش، پـارتی کرێکــارانی کوردســتان، گۆڤــارێکی بــه نــاوی ســەرخوەبوون (**Serxwebûn**) دەرکرد[2].

لــه کۆتــایی هەشــتاکاندا، پــارتی کرێکــارانی کوردســتان، جــەختی لەســەر پێویــستیی ئــازادیی کۆمەڵایــەتیی ئیــسلام کــردەوه و ڕێکخراوێکــی بــچووکی بــه پشتیوانی (مەلا عەبدوڵڵا)ی خــەڵکی بـدلیس، بـه نـاوی (یـەکێتیی پیـاوانی دینیـی وڵاتپارێز) دروست کرد و پەیوەندیی به بەرەی ڕزگـاریی نەتـەوەیی کوردسـتانەوه کرد. ئەمانه لەو ئایەته قورئانییانه نمونەیان دەهێناوه کـه ڕەوایـەتیی بـه خـەبات دەدەن "واعدوا لهم ما استطعتم من قوة". هەروەها نموونەی وایان دەهێنایەوه که بوونی کۆمەڵ و پەیوەندی نەتەوایەتی به ڕاست دەزانێت "وجعلناکم شعوبا وقبائل

---

یلّدرم و ئــەرجان و نـادیره و چــەند کەسـێکی تـر پێکـدەهات، فاتمـه (کەسـیره یەڵـدرم)ی خێزانی پێشوی ئوێج ئالان، به سەرۆکی ڕاستەقینەی ئەم باڵه ناودەبات. هەر به بۆچـوونی بایك، ئەم باڵه، که ڕێکخستنەکانی ئەوروپای پارتی کرێکارانی کوردستانیان خستبووه ژێـر دەستی خۆیان، بەهۆی پەلاماردانی بنکـەکانیان لەلایـەن ئەنـدامانی تـری ڕێکخـستنیان لـه ئەوروپا شکستیان هێنا. بڕوانه: هەڤاڵ جوومعـه، سەرچـاوەی پێـشوو، ل٥٥٥، ٥٥٧؛ مـراد خۆشەڤی حسۆ، سەرچـاوەی پێـشوو، ل١٧٤؛ چـاوپێکەوتن لەگـەڵ عوسمـان ئـوێج ئـالان، کۆیه، ١ی شوباتی ٢٠٠٩؛ میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٧٦–٧٧.

[1] **Ali Kemal Özcan, Turkey's Kurds : A theoretical Analisis of the PKK and Abdullah Öcalan, London and New York, 2006, P172.**

[2] : هنري باركي وآخرون، القضية الكردية في تركيا، ت. هڤال، ط١، مؤسسة موكرياني للبحـوث والنشر اربيل، ٢٠٠٧، ص١١٦–١١٧.

لتعـارفوا"، لـه میانەشـیدا تایبەتمەنـدە باشـەکانی نەتـەوەی کوردیـان بـە بـیر پەیڕەوکـەرانیان دەهێنایـەوە. جگـە لەمـە (پـارتی ئیـسلامی کوردسـتان)[1] لـە بڵاوکراوەکانیـدا، فتوایـەکی ئیـسلامی بـۆ دژایـەتیکردنی نەتەوایـەتیی کوردەکـان لەگەڵ تورکەکاندا دەرکرد و پارتی کرێکارانی کوردسـتانی بـە داخوازیکـەری مافـە مەدەنیەکانی کوردان دادەنا[2].

ساڵانی دواتر، پارتی کرێکارانی کوردستان، کەوتە چالاکی، بۆ نەهێشتنی ئەو خوێندنگا تورکیانـەی کـە بـۆ تواندنـەوەی زمـان و کولتـوری کـورد، لـەناو بۆتـەی تورکدا، لە ناوچـە کوردیەکانـدا، حکومـەت، دایمەزرانـد بـوون، لـە مـاوەی سـاڵانی ١٩٨٧ بـۆ ١٩٨٩ (١٣٧) خوێنـدنگای لـە بـاکووری کوردسـتان ڕووخانـد[3]. جگـە لەوە، کەوتە گیان پاسەوانی گونـدەکان و لـە زنجیرەیـەك هێرشـدا ژمارەیـەکی لـە خۆیان و هەندێ جار کەسوکاریشیان کوشت، کـە لـە ئەنجامـدا، زیـانی گەیانـد بـە ناوبانگی پارتی کرێکـارانی کوردسـتان. لـە ٢٤ و ٢٥ی تـشرینی دووەمـی ١٩٨٩دا، بیـستوهەشت کەسـی لـە پاسـەوانانی گونـد و کەسـانی مـەدەنی کوشـت، کـە هەشتیان ژن و سـیانزەیان منـداڵ بـوون. لـە ٦ی شـوباتی ١٩٩٠یـشدا، موختـاری پێشووی گوندێکی سلۆپی سەر بە ویلایـەتی (مـاردین)ی کوشـت و لـە ناوەڕاسـتی ئاداری هەمان ساڵیشدا، کارمەندێکی فەرمانگەی دارسـتانی دەوڵەتیـان لـە ئـیلازیگ (ئەلعـەزیز) فڕانـد و کوشـتیان[4]. لـە شـەوی ٢٥ی نیـسانی ١٩٩٠دا، گروپێـك لـە چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان، بارەگای پاسەوانانی گونـدیان لـە گونـدی (قایی) گـرت و دەسـتیان بەسـەر (١٧) پارچـە چـەکدا گـرت، هـەروەها موختـاری گوندی (دوکون یوردو)ی سەر بە قەزای (ئەروخ)یشیان لە ویلایەتی سـێرت لەگـەڵ بـاوك و کوڕێکیـدا کوشـت، کـە ڕێنیـشاندەری هێزەکـانی جەندرمـە بـوو لـە دژی گەریلاکانی پارتی کرێکاران، هەروەها لە ویلایەتەکانی هەکاری و قارس و سـێرت،

---

[1] بۆ ناسینی ئەم پارتە بڕوانە: هەمان بەش و باسی سێیەم.

[2] بڕوانـە: دیڤیـد مەکـداول، سەرچـاوەی پێـشوو، ل٧١٠-٧١١؛ میخائیـل م. جـونتر، المـصدر السابق، ص ٥٧.

[3] کریس کوچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب. دووەم، ل١٥٨.

[4] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠.

(٦) پاسەوانی گوندیان کوشت. جگە لەمە هێرشیان کردە سەر شەمەندەفەرێکی بارهەڵگر کە لە (ئەلعەزین) وە بەرەو بەدلیس دەڕۆیشت و شۆفێری شەمەندەفەرەکە و یاریدەدەرەکەیان کوشت، هەروەها هێرشیان کردە سەر وێستگەیەکی بەنزین لە ویلایەتی ئایدن و پاسەوانی ویستگەکەیان کوشت و یەکێکی تریشیان بریندار کرد[1]. لە ١٠ی حوزەیرانی هەمان ساڵیشدا، بە شێوەیەکی بەرنامەبۆدانراو، بیستوشەش گوندنشینیان کوشت و پاشانماڵی چوار پاسەوانی گوندیان سوتاند[2].

کار و چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و بەرگریی ڕابەرەکانی لە زیندان و چەکدارەکانی لە چیاکانی کوردستان، هەستی خەڵکی زۆرلێکراوی جوڵاند و لاوانی لە دەوری دروشمەکانی خۆی کۆکردەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، جەماوەری زیاتر لە دەوری کۆدەبوەوە[3]. حکومەتی ئوێزال، هەوڵی دەدا، هەندێ نەرمی پیشان بدات، بۆ نموونە لە ئاداری ساڵی ١٩٩٠دا، بۆ یەکەمین جار، لاشەی ئەو چەکدارانەی لە شەڕدا دەکوژران، ڕادەستی کەسوکاریان دەکرانەوە، کە بووە هۆی ئەنجامدانی ڕێوڕەسم و خۆپیشاندانی ناڕەزایی خەڵکی[4].

سەرەتای ڕاپەڕین لە شاری (نسێبین) دەستی پێ کرد، دوای ئەوەی لە شەڕێکدا (١٣) چەکداری پارتی کرێکارانی کوردستان، لە چیای (باگۆك) کوژران، خەڵکیش تەرمی ئەو کەسانەیان بەرز کردەوە و خاوەنداریتییان لێ کردن و لە دژی دەوڵەت دەستیان بە ڕاپەڕین کرد[5]. کاتێکیش جەماوەری ڕێوڕەسمەکە،

---

[1] ابراهيم الداقوقي، المصدر السابق، ص٣٣٣.

[2] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠.

[3] بيرش بيربروجلو، اضطراب في الشرق الاوسط الامبريالية، الحرب وعدم الاستقرار السياسي، ت. فخري لبيب، ط١، المجلس الاعلى للثقافة، الجزيرة – القاهرة، ٢٠٠٢، ص١٢٠.

[4] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠٠.

[5] ئەم خۆپیشاندانانە کە لە ئەدەبیاتی سیاسی پارتی کرێکارانی کوردستان، بە سەرهەڵدان پێناسە دەکرێن. حەسەن جودی، لە جمیل بایك دەیگێڕێتەوە کە (١٣–١٤) چەکدار کوژراون، بەڵام وەك نادر ئینتیسار ئاماژەی پێداوە ڕاستییەکەی (١٣) چەکدار کوژراوە. بڕوانە: حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١١–٤١٢؛ نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠.

دەستیان بە وتنەوەی دروشمی (هەر بژی پارتی کرێکارانی کوردستان، بڕوخێ داگیرکەری تورکی) کرد، هێزەکانی ئاسایشی تورکیا، خۆیان کرد بە ناو جەماوەردا و تەقەیان لێکردن، لە ئەنجامدا (٣٣) کەس کوژران و بریندار بوون. ڕۆژی دواتریش لە کاتی بەڕێکردنی تەرمی قوربانییەکاندا، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی ئاسایشدا ڕوویدا[١].

ڕاپەڕینەکە، ناوچەیەکی فراوانی باکووری کوردستانی لە شارەکانی جەزیرە، میدیات، باتمان، ماردین، دیاربەکر، وان و چەند شارێکی تری گرتەوە، کە بەشێوەی خۆپیشاندانێکی ئاشتیانە بوون و ئامانجیشیان داواکردنی مافی نەتەوایەتی و دیموکراتی بۆ گەلی کورد بوو، دژ بە کردەوە سەرکوتکارییەکانی دەسەڵاتدارانی تورکیا بوو لە کوردستاندا[٢]. لەزۆربەی خۆپیشاندانەکاندا وێنەی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان عەبدوڵڵا ئۆجەلان و ئالای سور و ئالای تایبەت بە پارتی کرێکارانی کوردستان بەرز کرابۆوە. دواتریش وەك پشتگیرییەك بۆ ڕاپەڕینەکە، زنجیرەیەك مانگرتنی خوێندکاران و کرێکاران ڕوویدا و بازرگانەکان دوکان و بازاڕەکانیان داخست. تەنانەت دەسەڵاتدارانی تورکیا لەپێناو سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە، ڕێوشوێنی توندوتیژییان گرتەبەر، وەك شکاندنی قوفڵی دوکانەکان و سزادانی مانگرتووەکان و لێکۆڵینەوە و سزادانی بە کۆمەڵی خەڵکی[٣]، دواتریش لە (١١) شاری ویلایەتەکانی (ماردین و سێرت)دا باری نائاسایی ڕاگەیاندرا و ژمارەیەکی زۆری خەڵکی مەدەنیش بە دەست هێزەکانی جەندرمە کوژران، بە جۆرێك زیانی مەدەنییەکان لە مانگی ئاداردا بە پێی هەندێك سەرچاوە، گەیشتە (١٠٠) کوژراو[٤].

---

[١] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١.

[٢] : بڕوانە: صلاح سعدللة، المصدر السابق، ص٥٧-٥٨.

[٣] بڕوانە: عثمان علي، حزب العمال الكردستاني ومستقبل المسألة الكردية في تركيا، مجلة (ئالای ئیسلام)، ع١، السنة السابعة، اربيل، كانون الثاني ١٩٩٣، ص١٦.

[٤] ئەم ڕاپەڕینانە درێژەیان کێشا و چەند ڕاپەڕینێکی تر، نەك تەنها ناوچەکانی کوردستان، بەڵکو شارەکانی ئەدەنە و ئیزمیر و ئەستەنبوڵیشی لە یۆلیۆی ١٩٩١دا گرتەوە، ئەمەش جدیترین ڕووبەڕووبوونەوە بوو بۆ دەسەڵاتی تورکیا، لە باکووری کوردستان. گەرچی

لەو سەروبەندەدا و لەکاتی ڕاپەڕینەکەدا، پارتی کرێکارانی کوردستان، لە (٣-١٣)ی ئاداری ١٩٩٠دا کۆنفرانسی دووەمی لە دۆڵی بیقاع بەست و لە بڕیارەکانی ئەو کۆنفرانسە، بریتی بوون لە: دیاریکردنی ناوچەی بۆتان بە بارەگای ناوەندی سەرکردایەتیی جەنگ، بەجۆرێك کە دەبوایە جەنگ لەوێوە بڵاو بێتەوە و ناکۆکی لەگەڵ حکومەتی تورکیا یەکلا بکاتەوە، وێڕای پەیوەندیی دۆستایەتی لەگەڵ بزووتنەوە ئایینییەکان، بڕیاری کارکردنی لەگەڵ پارتە سەوزەکان و ڕێکخراوەکانی ژناندا، هەروەها بڕیاریدا تەنها لە ئامانجە سەربازییەکان نەدات، بەڵکو لە دامودەزگا ئابوورییەکانی دەوڵەتیش بدات. لە (٢٥-٣١)ی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵیش، کۆنگرەی چوارەمی لە سوریا بەست و لەم کۆنگرەیەدا بڕیاریاندا کەوا هێرشەکان بۆ سەر خەڵکانی مەدەنی ڕابگرن و زیاتر هێرش بکەنە سەر پاسەوانی گوندەکان و خێزانەکانیان و کردەوە چەکدارییەکانیان بۆ سەر ئامانجە سەربازییەکان بە زۆریش بۆ سەر هێزە تایبەتییەکان زیاد بکەن، هەروەها بڕیاریاندا هەوڵ بۆ چەسپاندنی ئاسایشی گوندە کوردییەکان بدەن[1].

بەدوای ئەمەشدا، پارتی کرێکارانی کوردستان، لە هەڵمەتەکانیدا بەردەوام بوو، بە وتەی سەرچاوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە ماوەی ساڵێکدا لە (١٥ی ئابی ١٩٩٠بۆ ١٥ی ئابی ١٩٩١) زیاتر لە (٥٨٦) پێکدادان و کردەوەی چەکداری لە نێوان ئەرتەشی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان و هێزەکانی سوپای تورکیادا ڕووی داوە، هەروەها (٧٧) کردەوەی بۆسە و (٢٤) کردەوەی کاولکردن و زیاتر لە (١٨٤) هێرش لەلایەن ئەرتەشی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستانەوە ئەنجام دراوە، کە زۆربەیان لە شێوەی کردەوەی هەڵمەتبردن بوون بۆ سەر ناوەندی شارەکان و زیاتر لە (٥٣) مینی لەسەر ئەو ڕێگایانە داناوەتەوە، کە هێزەکانی تورکیا بەکاریان دەهێنا و دەستیشی گرتووە بەسەر ژمارەیەك ڕێگای

---

هێزەکانی تورکیا سەرکەوتوو بوون لە دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە، بەڵام ڕاپەڕینی پچڕ پچڕی میللی لە ناوچەکەدا هەربەردەوام بوو، خەریك بوو ببنە ڕاپەڕینی جەماوەری بڕوانە: دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠٠؛ نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١؛ بیرش بیربروجلو، المصدر السابق، ص١٢٠-١٢١.

[1] بڕوانە: میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص٧٧.

نێوان ناوچەکانی باکووری کوردستان، کە لە ئەنجامی ئەو هێرشانەدا، زیاتر لە (٢١٤) کەس لە یەکەکانی تایبەت و پۆلیس و (١٦١) ئەفسەر و ئەفسەری سەف و (١٧٧٩) سەرباز و (١٦٤) پاسەوانی گوند و (٩١) کەس لە پیاوانی هێزەکانی ئاسایش و، هەروەها کوشتنی قایمقام و دادوەر و زیندانی و هەشت فەرمانبەری حکومەت لە کاتی هەڵکوتانە سەر شارەکان کوژراون. لە بەرانبەریشدا زیانی هێزەکانی (ARGK) لەو ماوەیەدا (١٦٤) کوژراو و چەندین بریندار بووە[١].

**دووەم: کاردانەوەی حکومەتی تورکیا لە بەرانبەر هێرشەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان:**

دوابەدوای ئەنجامدانی یەکەم هێرشی چەکداریی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە ١٥ی ئابی ١٩٨٤دا، لە بەرانبەردا، حکومەتی تورکیا، ڕێوشوێنی توندی گرتەبەر و لە ٢٠ی ئەیلولی ١٩٨٤، سوپای حەوتەم، کە لە شاری دیاربەکر بوو، بە مەبەستی گەڕان بە دوای چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا، لەو ناوچە شاخاویانەی دەکەونە سێگۆشەی (هەکاری، سێرت، ماردین)، هەڵمەتێکی فراوانی سەربازی ئەنجام دا. ئەم هەڵمەتە لەژێر ناوی (کرداری ڕۆژ)دا بوو، بە پێی ڕاپۆرتەکان، هێزەکانی تورکیا بە ڕەزامەندیی هەردوو وڵات، نزیکەی (٢٢ کم) چوونەتە ناو خاکی ئێران و عێراقەوە. ئەم کردەوەیەش تاساڵی ١٩٨٥ بەردەوام بوو، کە سەدوپەنجا کەس لە گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و سوپای تورکیا کوژران[٢].

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هێرشانە، لە ٤ی نیسانی ١٩٨٥دا، حکومەتی تورکیا، دوو قانونی تری لە بارەی گوندەکانەوە دەرکرد و بەم پێیەش حکومەت کەوتە بەکرێگرتن و چەکدارکردنی پاسەوانانی گوند، لەو ناوچانەی کە پێویست بوون و لە بارودۆخێکی توندوتیژ و نائاساییدا بوون[٣].

---

[١] بڕوانە: جدول عمليات ARGK خلال عام ١٥آب ١٩٩٠–١٥آب ١٩٩١، مجلة (دنگی کردستان)، عدد خاص، اذار ١٩٩١، ص١٢٩–١٣٠.

[٢] بڕوانە: ابراهيم الداقوقي، المصدر السابق، ص ٣٠١، ٢٩٨، ٢٩٧.

(3) **Ismet G Imset, Op.Cit.**

لەپێناو ڕێگەگرتنیش لە دزەکردنی ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە دەرەوە بۆ ناوەوەی وڵات، لە شوباتی ١٩٨٦دا، حکومەت بڕیاری ڕاگواستنی دانیشتوانی یانزە گوندی سەر سنورەکانی عێراق و ئێرانی دا، بۆ ناوچەکانی ناوەڕاستی ئەنادۆڵ[١]. لە لایەکی تریشەوە حکومەتی تورکیا، کەوتە هەوڵدان بۆ بڕینی پشتیوانیکردنی دەرەکی لە پارتی کرێکارانی کوردستان و بۆ ئەم مەبەستەش لە ئاداری ١٩٨٧دا، تورگوت ئوێزالی سەرۆکوەزیران، سەردانی سوریای کرد و داوای لە سەرۆکی سوریا (حافز ئەسەد) کرد ڕێگە لە چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (لەناو خاکی سوریادا) بگرێت. ئەنجامی ئەو سەردانەش پەیماننامەیەکی ئاسایش لە نێوانیاندا مۆرکرا، کە دەبوو سوریا کۆتوبەندێکی توند بخاتە سەر چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و ڕێگە بە ئەندامەکانی نەدات لە سوریاوە بپەڕنەوە و هێرش بکەنە سەر تورکیا[٢]. هەرچەندە سوریا دوای مۆرکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، تا ڕاددەیەکی بەرچاو، سنوری بۆ چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دانا، بەڵام دیمەشق لەوە گەیشتبوو کە بەکارهێنانی کارتی کوردی، سودێکی زۆری بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر لە تورکیا هەیە ، کە بەهۆی بەربەستەکانەوە، دەستی بەسەر سەرچاوەی ئاوی فوراتدا گرتبوو، بۆیە دەیویست ڕێگە بە گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بدات و وەك کارتێکی فشار بۆ سەر تورکیا ئەو پرسە بەکاربێنێ، بەڵام نەگاتە ئەو ئاستەی ئەنقەرە هێرشی سەربازی بکاتە سەر سوریا[٣].

بۆ لەناوبردنی چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانیش، لە وڵاتانی ئەوروپادا، حکومەتی تورکیا کەوتە خۆو هەر لە ساڵی ١٩٨٧دا، کاتێك

---

[١] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١١٩–١٢٠.

[٢] هەر لەم سەردانەی ئوێزالدا، بەپێی ڕێککەوتننامەیەك، بڕیاردرا کە تورکیا (٥٠٠)م٣ لە چرکەیەکدا ئاوی ڕووباری فوڕات بەرداتەوە بۆ سوریا. بڕوانە: خليل علي مراد، العلاقات السورية–التركية في ضوء أزمة أوجلان تشرين الاول/ أوكتوبر ١٩٩٨، أوراق تركية معاصرة، العدد(١٦)، مركز الدراسات التركية، جامعة الموصل، ربيع ٢٠٠١، ص٧٣.

[٣] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٥.

کۆبوونەوەیەکی هاوپەیمانێتیی وڵاتانی باکووری ئەتڵسی (ناتۆ) لە ئەڵمانیا بەسترا، نوێنەری تورکیا لە کۆبوونەوەکەدا ڕەخنەی لە ئەڵمانیا گرت کە لە وڵاتەکەیانەوە پارتی کرێکارانی کوردستان، خۆی بەهێز دەکا و دژ بە تورکیا شەڕ دەکات. بە لێکدانەوەی (جەمیل بایك)ی یەکێ لە سەرکردەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، پۆلیسی ئەڵمانیا بە هاوکاریی (حسین یلدرم) و کەسێکی تر بە ناوی (ئەرجان)، کە لەو پارتە هەڵگەڕابوونەوە، هەوڵی دەدا پارتی کرێکارانی کوردستان، لە بەرچاوی کورد و بیروڕای ئەڵمانی و ئەورووپی ڕەش بکات و وەکو گروپێکی تاوانکار پیشانی بدات[1]. هەر بە پێی لێکدانەوەی ناوبراو حکومەتی ئەڵمانیا دەیویست تاوانی کوشتنی (ئۆلف پالمە)[2]ی سەرۆکوەزیرانی سوید بخاتە ئەستۆی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە، لەبەرئەوە لە داداگای (دۆسلدۆرف) ئەندامە گیراوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دادگایی کران، بەڵام هیچیان لە سەریان ساغ نەبووەوە[3].

هەر لە میانەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان، وەك چاپەمەنیەکانی تورکیا بڵاویان کردەوە، حکومەت، دەستی بە جێبەجێکردنی پلانێك کرد، ئەویش کۆکردنەوەی گوندەکان بوو لە کۆمەڵگەی زۆرەملێدا و

---

[1] بڕوانە: هەڤاڵ جوومعە، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣٨، ٥٤٢،٥٤٣.

[2] ئۆلف پالمە لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٢٧، لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید، لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩٥١، بووەتە ئەندامی پارتی سۆسیال دیموکراتی کۆمەڵایەتی سویدی و ساڵی دواتر، بووەتە سەرۆکی یەکێتیی نیشتیمانی خوێندکاران، ساڵی ١٩٦٣، بووەتە سکرتێری سەرۆکوەزیرانی سوید (تاج ئەرلاندەر) و ساڵی ١٩٦٧ پۆستی وەزیری پەروەدە و فێرکردنی وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٦٩دا، دوای دەست لەکار کێشانەوەی (تاج ئەرلاندەر) بە سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتی کۆمەڵایەتی هەڵبژێردرا و تاساڵی ١٩٧٦ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بووە، ساڵی ١٩٨٦، جارێکی تر بووەتە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران تا لە ٢٨ی شوباتی ١٩٨٦ دوای دەرچوونی لە نمایشێکی سینەمایی، کە خێزانەکەشی لەگەڵ دەبێت، بە دەستی چەکدارێکی نەناسراو دەکوژرێت. بڕوانە: اولف بالمە (www.mnaabr.com/vb/showthread.php?t=26468&page=4).

[3] بڕوانە: حەسەن جودی،سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٤-٣٩٦.

سەرەتاش وا بڕیاردرا لە ویلاتەکانی دەرسیم و سێرتەوە دەست پێ بکەن، کە بەڕای حکومەت، ئەم جۆرە یەکخستنە دەبێتە هۆی باشتر بوونی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی خەڵکەکە و خەباتی سەرکەوتووانە دژی "تیرۆریزم"[1]. دواتریش لە تەمموزی ١٩٨٧دا حکومەتی ئۆزال پڕۆژەیەکی دانا، کە ناونرا بە (پڕۆژەی ئۆزال) و تیایدا دەسەڵاتێکی زۆری بە فەرمانڕەوای ویلایەتە کوردییەکان دەدا[2].

یەکێك لە لایەنە دیارەکانی پڕۆژەکەش بڕیاردانی حکومەت بوو بەوەی ویلایەتەکانی باکووری کوردستان بخاتە ژێر باری نائاساییەوە و لە هەرێمێکی ئاسایشی تایبەتدا کۆیان بکاتەوە، کە ناونرا (هەرێمی باری نائاسایی) و پارێزگارێکی تایبەتییش کارو بارەکانی بەڕێوە ببات[3]، بەم پێیە، لە ١٩ی تەمموزی ١٩٨٧دا، حکومەت بڕیاری دروستکردنی دۆخی نائاسایی ویلایەتەکانی دەرکرد، کە ویلایەتی (دیاربەکر، سێرت، ماردین، هەکاری، دەرسیم، بینگۆل، وان و ئیلازیگ)ی دەگرتە خۆی[4]، ئەو ویلایەتانەی سەر بەو هەرێمەشن، دەکرا زیاد و کەم بکرێن[5]، هەروەها ویلایەتەکانی دۆخی نائاسایی، دەسەڵاتیان زیاد کرا، بەوەی کە ئامرازەکانی هاتوچۆی کارگەکان و باڵەخانەکان و کەسانی پسپۆڕ و ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و سەرکردایەتیکردنی ئۆرگان و بنکەکانی ئاسایشی ناوچەکە (هەموویان) خرانە ژێر فەرمان و دەسەڵاتیانەوە ، هەروەها ئەم پارێزگارانە، بۆیان هەبوو داوای یارمەتی لە سوپا (لە سەربازگەکانیاندا) بکەن و ئۆپەراسیۆنی سەربازی، لە ویلایەتەکانی دراوسێیان ئەنجام بدەن، لەوەش زیاتر دەسەڵاتی لەسەرکارلابردن و گواستنەوەی هەموو کەسێکیان هەبوو، تەنها سەرباز

---

[1] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١١٩–١٢٠.

[2] تقرير مركز دراسات الشرق الأوسط، المصدر السابق، ص٢٧.

[3] محەمەد نورەدین، تورکیا لە سەردەمی گۆڕاندا، و.ئازاد بەرزنجی، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلیمانی،٢٠٠٠، ل١٤٢.

[4] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٢١.

[5] بەپێی محمد نوردەین پارێزگاکانی دۆخی نائاسایی بریتیی بوون لە (ئیلازیگ، باتمان، بینگۆل، دیاربەکر، هەکاری، ماردین، سێرت، شیرناخ، دەرسیم و وان). بڕوانە: تورکیا لە سەردەمی...، ل١٤٢.

و جەندرمــە و دادوەرەكــان نــەبێت. ســەرباری هــەموو ئەمانــە، گــۆڕینی شــوێنی گوندەكان و كۆكردنەوەی چــەند دێیــەك و زیــادكردنی موچــەی فەرمانبــەرانی ژێـر دەسەڵاتیان بە ڕێژەی (١٠–٢٠٪)، لە دەسەڵاتی ئەم پارێزگارانە بوو[1]. وێڕای ئەو دەسـەڵاتانەش، دادگایـەكی تایبــەتی پێكهێنـرا، كـە بـە نـاوی دادگـای ئاسایـشی دەوڵەت (Devlet Guvenlik Mehkemesı) لە دۆزی ناوچەكانی باری نائاسـایی و ناوچەكانی تری دەكۆڵییەوە، كە بە لێكدانـەوەی كاربەدەسـتان مەترسـییان بـۆ سەر ئاسایشی دەوڵەت هەبوو، هەروەها، ژمارەی هێزی چەكداریان لـەو ناوچـانەدا بۆ سێ تیپ زیاد كرد ، كـە ژمارەیـان سـەدوپەنجا هــەزار سـەرباز دەبـوو، بنكـەی سەرەكیـشیان لـە دیاربـەكر بـوو، لەگـەڵ لیـوای بیـستوسێی جەندرمـە و شـەش فرۆكــەی جــەنگی و ژمارەیــەك ئــامێری ســەربازی و حەڤــدە هــەزار چــەكداری پاسەوانانی گوند[2].

جگـە لەمـە، حكومـەتی ئـوێزال، لـە هەنـدێ ناوچـەی كوردیـدا، بـۆ هانـدانی ئەوانەی هاوكاریی دەوڵەتیان دەكـرد و لـە دەزگاكـانی ئاسایـشدا كاریـان دەكـرد، كەوتــە بەخــشینی دیــاری و خــەڵات بــە ســەریاندا، هــەروەها هەوڵیــدا پــشت بــە تەكنــەلۆژیای پێــشكەوتوو ببەســتێ و ڕێوشــوێنی تــازەش بگرێتــە بــەر لــە ڕووبەڕووبونــەوەدا لەگــەڵ چــەكدارانی پــارتی كرێكــارانی كوردســتان. پێــشتر، حكومەت، پشتی دەبەست بە یەكـە تایبەتییـەكان، لـەو هـەرێم و ناوچـانەدا كـە ئەنـدامانی پـارتی كرێكـارانی كوردسـتان، كردبوویانـە ئامـانجی چـالاكییەكانیان، لەبەرئەوە، حكومەت دەستی كرد بە دانانی تەلی دڕكاوی بـە درێـژایی سـنورەكانی توركیـا لەگــەڵ ســوریا و وڵاتــانی تــری هەرێمــدا و پتــەوكردنی بــە سیــستەمی ئاگاداركردنەوەی پێشوەخت[3]. هەروەها بۆ هاندانی زیاتری گوندنشینانی كـورد و بەكارهێنانی بـاری هـەژاری و بێكارییـان، حكومـەتی توركیـا موچـەی نیـو ملیـۆن لیرەی دەدا بە پاسەوانانی گوند، كـە هاوتـای موچـەی دەرچـوویەكی زانكـۆ بـوو.

[1] بڕوانە: م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەكانی...، ل١٢١–١٢٢.

[2] ابراهیم الداقوقي، المصدر السابق، ص٣٠٥.

[3] رعد عبد الجلیل، المصدر السابق، ص١٢٣.

ئەمەش بە پێی هەموارکردنی قانونی ژمارە (٤٤٢)ی تایبەت بە پاسەوانانی گوند لە ساڵی ١٩٨٧دا[١]. هاوکات پاسەوانی گوند دەسەڵاتێکی زۆریان پێدرا بەوەی دەیانتوانی چەك بەکاربهێنن دژ بەوانەی کە:

١- هێرشیان بۆ دێنن، یان ژیانیان دەخەنە مەترسییەوە.

٢- لە کاتی کارکردندا، ئەگەر هیچ ئامرازێکی تریان بۆ ڕزگارکردنی ئەندامانی بنەماڵەکانیان نەبێت.

٣- لە کاتی هەوڵدان بۆ دەستگیرکردنی گومانلێکراوێك کە خۆی بەدەستەوە نادات.

٤- ئەگەر بکوژێك دەستگیر کرا بێت و هەوڵی ڕاکردن بدات.

٥- ئەگەر کەسێك لە ناوچە قەدەغەکراوەکاندا بینرا...[٢].

پاسەوانانی گوند، بەهۆی ئەو دەسەڵاتەی پێیان درابوو، وەك ئاغاکانی سوارەی حەمیدییە، بۆ دەستبەسەراگرتنی موڵكوماڵی کەسانی بێ پشتوپەنا، سودیان لە پێگەی سەر بە دەوڵەتی خۆیان وەردەگرت، هەندێکیان بە پشتبەستن بەوەی کە ئیسلامن هێرشیان دەکردە سەر ئاشوری و ئێزیدییەکانی نزیك ماردین و عەلەویەکانی نزیك مەرعەش و لە ناوچەکانیان دەریان دەکردن[٣]، هەروەها پاسەوانانی گوند، ببوونە هۆی ئازاردانی خەڵکی مەدەنی و تەنانەت دەستدرێژیشیان دەکردنە سەر. لە بەرانبەر ئەو سیستەمەشدا (کە دەسەڵاتێکی زۆری بەم پاسەوانانە دابوو) هەندێ لە کاربەدەستانی سیاسی و ڕۆژنامەوانان و دانیشتوانی ناوچە کوردییەکان و تەنانەت هەندێ لە سەرۆکهۆزەکانیش، کەوتنە ڕەخنە گرتن لە سیستەمی پاسەوانانی گوند، هەروەك یەکێك لە ڕۆژنامەنووسان نووسیبووی: "...من پێم وایە دەوڵەت دەیەوێ دووبەرەکی بخاتە ناو گوندەکان، دەوڵەت و سوپا لەبەر ئەو کارانەی کە دەیکەن متمانەو باوەڕیان لە دەستداوە، بە تایبەت لە پڕچەککردنی گوندەکان"[٤].

---

[١] ابراهيم الداقوقي، المصدر السابق، ص٣٠٥.

[٢] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٢٥.

[٣] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩٢.

[٤] بڕوانە: م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٢٥،١١٩.

لـه لایـەکی تریـشەوە، حکومـەت هێرشـەکانی بـۆ سـەر پـارتی کرێکـارانی کوردستان، چڕتر کرد و لـە کـانوونی دووەمـی ١٩٨٨دا (خـەیری کوزوجـو ئۆغڵـو) (Hairy Kuzucuoğlu)ی پارێزگاری ناوچـەکانی بـاری نائاسـایی، ڕایگەیانـد، لـە سـاڵی ١٩٨٧دا، (٢٨٩) چـەکداری پـارتی کرێکـارانی کوردسـتانیان کوشـتووە، هـەروەها (٤٠٥) مـەدەنیش لـە ئـەنجامی شـەڕەکاندا کـوژراون[1]. لـە زسـتانی ١٩٨٨یشدا، جەنەڕاڵ ئیسماعیل سـەلەن (Ismail Selen)ی سـەرکردەی ناوچـەی باری نائاسایی، بەڵێنیدا کە: جوڵانەوەی پارتی کرێکارانی کوردسـتان، لـە مـاوەی (٨٤) ڕۆژدا دابمرکێنێتەوە، بەڵام دوای شەش مانگ لە کـردەوە سـەربازییەکانیان، هێزەکانیان (٦٩) سەربازیان لێ کوژرا. ئەمەش بووە هـۆی ئـەوەی کـە حکومـەتی ئەنقەرە، جەنەڕاڵ ئیسماعیل سەلەن لە کارەکەی بگوازێتەوە و جەنەڕاڵ حیکمەت کوێکساڵ (Hikmet Köksal) لە شوێنی دابنێ. بۆ شاردنەوەی ئەو شکستەشیان تورگـوت ئـوێزال، بـۆ ڕۆژنامەنووسـان، ڕایگەیانـد: پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان، لەلایـەن دەرەوەوە ئاراسـتە دەکـرێ و پـشتیوانی دارایـی بـەزۆری لـە وڵاتـانی دەرەوەوە بـۆ دێـت[2]. هاوشـان لەگـەڵ وتـەکانی ئوێزالـدا، دەزگاکـانی میـدیای تورکیاش، کەوتنە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و باسوخواس دەربارەی هاریکاریی نێـوان پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان و پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران، لـەپێناو ڕێگرتن لە بەکارهێنانی ناوچەکانی ئێران وەك بنکەی هێرشـکردن بۆسـەر تورکیـا، ڕێککەوتننامەی (سەعد ئابـاد)یـان بـە بـیر ئێـران دەخـستەوە، هـەروەها ڕوسـیا و سوریا و یۆنانیان بە هاوکاریکردنی پارتی کرێکاران تۆمەتبار دەکرد[3].

لایـەنێکی تـری پرمەترسـی، لـە پڕۆژەکـەی ئۆزالـدا، بریتـی بـوو لـە پلانـی چۆڵکردنی باکووری کوردستان، لە دانیشتوانی، هـەنگاو بـە هـەنگاو، ئـەوەش، بـە مەبەستی ڕێگەگرتن لە پـشتیوانیکردنی ئەنـدامانی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان، لەلایـەن دانیـشتوانی ئـەو ناوچـانەوە. ئـەم ڕاگواسـتنەی دانیـشتوان، دەبوایـە بـە

---

[1] المسألة الكردية في تركيا الأمل والخيبات، مجلة (شؤون تركية)، تقرير فصلي، ع (٨)، مركز للدراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق، بيروت–لبنان، صيف ١٩٩٣، ص٣٨.

[2] ابراهيم الداقوقي، المصدر السابق، ص٣٠٦.

[3] بڕوانە: نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٥–١٣٦.

شێوەیەکی ڕێکوپێك ئەنجام بدرایە و بە یەکسانی بەسەر ناوچەکانی ڕۆژئاوای تورکیا و دوور لە ناوچەکانی خۆیان دابەش بکرابایە[1]. لەم ڕووەشەوە، بڕیارنامەی ژمارە (٢٨٥)ی ئەنجومەنی وەزیران لە تەمموزی ١٩٨٨دا، دەسەڵاتی پارێزگاری گشتیی ناوچەی (باری نائاسایی) فراوانتر کرد، بەوەی نەك دەیتوانی هەر گوندێك کە پێویست بێت چۆڵی بکات، بەڵکو دەیتوانی دانیشتوانەکانیشی لە ناوچەکەدا ڕاگوێزێت. ئەم پرۆسەیەش، بە شێوەیەکی وا فراوان ئەنجام درا، تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٩ (٤٠٠) گوند و کوێستان لە ناوچە سنوورییەکاندا چۆڵ کران و سێ ساڵ دواتریش ژمارەیان گەیشتە (٢٠٠٠)، بەم هۆیەشەوە، ژمارەی ئەوانەی لەم ناوچانە ئاوارە بوون، دەگەیشتە نزیکەی (٧٥٠) هەزار کەس[2]. ئەمە جگە لەوەی لە ماوەی پێشووتردا، لەسەر بنەمای قانونی (١٥٨٧) بە مەبەستی لەناوبردنی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی، حکومەت پرۆسەیەکی فراوانی گۆڕینی ناوی گوندەکانی کوردستانی دەست پێ کرد بوو، هەموو ناوە کوردییەکان، دەکران بە تورکی، بەشێوەیەك: تا ساڵی ١٩٨٦، ناوی (٢٨٤٢) گوندی کوردی، لە کۆی (٣٥٢٤) گوندی ویلایەتەکانی (ئادیامان، عێنتاب، ئورفە، ماردین، سێرت و دیاربەکر)ی گۆڕی بوو[3]. لە لایەکی تریشەوە، سەرکوتکردن و گوشار لەسەر خەڵکی ناوچە کوردییەکان، بەهێزتر و هەمەلایەنەتر کرا، بە تایبەتی ئازاردان و پێشێلکردنی کەرامەتی خەڵکی، کە لە میانەی چالاکییە سەربازییەکاندا، ئەنجام دەدرا و تیایدا سەدان کەس ڕەشبگیر دەکران و ئەشکەنجە دەدران، بۆ ئەوەی دان بەوەدا بنێن کە یارمەتیی پارتی کرێکارانی کوردستانیان داوە[4]. لەم بارەیەشەوە، ڕێکخراوی (هێلسنکی ۆچ)[5] و ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی و

---

[1] بڕوانە: بیار مصطفی سیف الدین، ترکیا....، ص١٤٦-١٤٧.

[2] بڕوانە: دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩٨.

[3] هەمان سەرچاوە، ل٦٩٦.

[4] بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٦٩٧.

[5] بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ڕاپۆرتی (هێلسنکی ۆچ) بڕوانە:

**Turkey Human Rights Developments**

**(www.hrw.org/reports/1990/WR90/HELSINKI.BOU-04.htm.).**

ڕێکخراوه نێونەتەوەییە سەربەخۆکانی تری مافی مرۆڤ، بە بەڵگەوە بڵاویان دەکردەوە کە لە زیندانەکان و بارەگاکانی پۆلیسی تورکیا، کوردەکان بە توندی ئازار دەدرێن و هەر کەس بەوە تاوانبار بکرێ کە یارمەتیی گەریلاکان یان یارمەتیی پزیشکی یان قانونییان پێشکەش کردون، مایەی گرتن و لێپرسینەوە بوون[1].

یەکێك لە کردەوەکانی تری حکومەتی تورکیا، گوشارخستنە سەر هۆزە کوردییەکان بوو، بۆ ئەوەی دژ بە پارتی کرێکارانی کوردستان، بچنە ڕیزی پاسەوانانی گوندەکانەوە، هەروەك لە ئەیلولی ۱۹۸۹دا، دەسەڵاتدارانی تورکیا، بانگەوازیی کۆبوونەوەیەکیان بۆ سەرۆکهۆزەکان کرد و یەکێك لە سەرکردەکانی سوپای تورکیا بە ناوی ڕیجان ئۆغورلو (Rican uğurlu) لەو کۆبوونەوەیەدا، هەڕەشەی لە هۆزەکان کرد و ئەوەی ڕاگەیاند کە سەرکردایەتیی سوپا، قبوڵ ناکات سەرۆکعەشیرەتەکان لەتەك سوپادا، چەك هەڵنەگرن، ئەگەر وانەکەن، ئەوا بە لایەنگیریی پارتی کرێکاران دادەنرێن و توشی سزای قورس دەبن[2].

دوای هەڵبژاردنەکانی تشرینی یەکەمی ۱۹۸۹ لە تورکیا و هەڵبژاردنی تورگوت ئۆیزال بە سەرۆککۆمار، دڵسۆزیی خۆی بۆ سیاسەتی دژ بە پارتی کرێکارانی کوردستان دووپات کردەوە و ڕایگەیاند "تورکیا لە سەر سیاسەتی لە ڕەگوڕیشەدەرهێنانی کوردە جیاخوازە تیرۆریستەکان، بەردەوام دەبێت و بۆ هەر کوێیەك بڕۆن، بەدوایان دەکەوین". هەروەها وتی "فشار لەسەر ئەو هەڵگەڕاوانە سوك ناکەین و ئەگەر پێویستی کرد، دەستی تورکیایان دەگاتێ لە پەناگەکانیاندا"[3].

لە سەرەتای ساڵی ۱۹۹۰یشدا، جەنەڕاڵ نەجیب تۆرومتای ( Necip Torumtay) سەرۆکئەرکانی سوپای تورکیا، لە نامەیەکیدا بۆ هێزی جەندرمە، بە بۆنەی سەری ساڵی تازەوە، جەختی لەسەر پێویستیی ئەنجامدانی چالاکیی چڕتر

---

[1] بڕوانە: نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣.

[2] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٢٩.

[3] وصال نجيب عارف العزاوي، القضية الكردية...، ص١٨٦.

و گشتگیرتر له ناوچەکانی بە وتەی ئـەو (ڕۆژهـەڵات و باشـووری ڕۆژهـەڵاتی وڵات) لەپێناو لـەناوبردنی مۆڵگـەکانی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان و پوچـەڵکردنەوەی پلانــەکانیان کــردەوە. هــەر لــەم نامەیــەی نــاوبراودا کــە ئاراســتەی (حیکمــەت کوێکسال)ی فەرماندەی جەندرمە و ئاسایش لەو ناوچەیەدا کرابـوو تیایـدا هـاتبوو کە: " پێویستە کردەوەکان دژ بە پارتی کرێکارانی کوردی لە وەرزی پایزدا زیـاتر بکرێن، بە شێوەیەك چالاکتر بـن لـە هەڵمەتەکـەی ١٩٨٩ و بەتایبـەتی دەبێـت ٢٥ تیرۆریـستی کـوردی بکـوژرێن یـان بدرێنـە دەسـت هێزەکـانی جەندرمـەوە". ئـەو هەڵمەتە لە ١ی ئاداری ١٩٩٠دا دەستی پێ کرد و هێزەکانی جەندرمـە و ئاسایـشی تورکیا توانیان (٢٠) هاوکاری پارتی کرێکارانی کوردستان، دەستگیر بکەن و (٢٢) گـەریلای پـارتی کرێکـارانی کوردسـتانیش لـە ناوچـەی (ئۆیمـاك کایـا)ی شـاخاوی بکوژن و (١٦) کەسیش لە (ئەلعەزیز) بە تۆمەتی کوشتنی (٩) هاوڵاتی لـە قـەزای (پالۆ) دەستگیر بکەن، کە هەموویان گەریلای پارتی کرێکارانی کوردسـتان بـوون. هەروەها هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس لە ئەنقەرە، (١٩) ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستانیان گرت ، کە هەوڵیان دەدا لایـەنگر و ئەنـدامانی نـوێ لـەناو ڕیزەکـانی خوێندکاران و کرێکاراندا بۆ ڕێکخستنەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان ڕابکێشن، لە گوندێکی پارێزگـای هـەکاریش دەسـەڵاتدارانی پارێزگـای بـاری نائاسـایی (٤٧) کەسی تریـان بـە تۆمـەتی هاوکـاریکردنی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان و پێـدانی کۆمەك پێیـان گـرت. لـە ئەسـتەنبوڵیش بـەهۆی زانیارییـەوە، (٥) کـادیری پـارتی کرێکارانی کوردستان، لەلایەن پۆلیسەوە، دەستگیر کران[1].

لە سەرەتای نیسانی ١٩٩٠دا، دوای ئـەو ئاڵۆزیانـەی کـە ناوچـە کوردییـەکانی گرتبۆوە، بەهۆی ڕاپەڕینەکەی ئاداری ١٩٩٠، سـەرۆککۆمار داوای کۆبوونەوەیـەکی تایبەتیی لوتکەی لە ٢ی نیسانی ١٩٩٠دا کرد و لەگەڵ (ئەردال ئینـەنۆی سـەرۆکی پارتی گەلی سۆسیال دیمـوکرات (**Sosyaldemokrat Halkçı Parti -SHP**)[2] و

---

[1] ابراهيم الداقوقي، المصدر السابق، ص٣٣١–٣٣٢.

[2] پارتی گـەلی سۆسـیال دیمـوکرات (**SHP**)، لـە ٢١ی ئـەیلولی ١٩٨٥، دوای یـەکگرتنی پـارتی سۆسیالستی دیموکرات (**SODEP**)، بە سەرۆکایەتیی ئەردال ئینەنۆ، لەگەڵ پاتی گەل، بە سەرۆکایەتیی (ئایدن گوڤێن گولکان) دامەزراوە. بڕوانە:

(سلیمان دێمیرێل)ی سەرۆکی پارتی ڕێگای ڕاست و یلْدرم ئـەکبلْوت ( **Yıldırım Akbulut**)ی سەرۆکوەزیران و سـەرۆکی پـارتی نیـشتیمانی دایـك (**ANAP**). لـە کۆبوونەوەکەدا هەموو بەشداربووان ڕازی بوون بەوەی کە دەبێت بڕیاری بەپەلە بۆ هێورکردنەوەی بـارودۆخی کوردسـتان وەربگیرێـت[١]. دوای ئـەو کۆبوونەوەیـەش، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری ژمارە (٤١٣)ی دەرکرد کـە تیایـدا دەسـەڵاتێکی زۆری دەدا بـە خـەیری کوزوجـو ئۆغڵـوی فـەرمانڕەوای گـشتی ناوچـەکانی بـاکووری کوردستان، بە سانسۆرکردنی ڕۆژنامە و دورخستنەوەی ئەو خەڵکانەی مەترسـیان بـۆ قـانون هەبوایـە و لادانـی دادوەر و دواکـاری گـشتی و هەڵپەسـاردنی مـافی سـەندیکاکان، هـەروەها دەیتـوانی ئـەو بڵاوکراوانـەی کـە لـە دەرەوەی ناوچـەی فەرمانڕەوایەتییەکەی دەردەکران، دوای چاپکردنیان دەستیان بەسەردا بگرێت[٢]. دوای دەرکردنی ئەو بڕیارە، چاودێریی تـەواو خرایـە سـەر ئـەو هەواڵانـەی کـە لـە ناوچـە کوردییەکانـەوە دەهـاتن و دەبوایـە هـەموو ئـەو هەواڵانـەی باسـیان لـەو ناوچـەیە دەکـرد پـشتی بـەو زانیارییانـە بەسـتبایە کـە لەلایـەن نووسـینگەی فەرمانڕەوای ناوچەکەوە دەردەکرا، بە پێچەوانەشەوە هـەر ڕۆژنامەنووسـێك لـەوە لای بدایە، دووچاری گرتن و زیندانیکردن دەبۆوە[٣].

دەرکردنی ئەم قانونە ئیدارییە، لەکاتێکدا بوو، چەند ڕۆژێك پێش ڕاگەیاندن و بڵاوکردنـەوەی، عەبـدوڵڵا ئـوێج ئـالان، وێـڕای ئـەوەی هەڕەشـەی خوێنڕشـتنێکی زۆرتری کردبـوو، بـۆ دوو لـە ڕۆژنامەنووسـە تورکـەکان، وتبـووی: "بـا ئاگربەسـت ڕاگەیـــەنین و لـــە دەوری مێـــزی گفتوگـــۆ دانیـــشین، ئەگـــەر تورکیـــا وازی لـــە سەرکوتکردن هێنا، لە ناوچە کوردییەکاندا، ئـەوا بـە دەوری خۆمـان واز لـە کـاری توندوتیژی دەهێنین... لە ڕاستیدا بەهیچ شێوەیەك بوار نییە بۆ قسە کردن لەسەر جیاکردنەوەی ناوچەکە لـە تورکیـا، ئەمـە کارێکـە قـسە هـەڵناگریت و گەلەکـەمان پێویستی بە تورکیایە و بەلایەنی کەمەوە بۆ چل ساڵی داهاتوو، ناتوانین لێی جیـا ببینەوە"[٤].

---

**Sosyal_Demokrasi_Partisi: (tr.wikipedia.org/wiki/Sosyal_Demokrasi_Partisi)**

[١] بڕوانە: نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧.

[٢] میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٩٢.

[3] **Turkey Human Rights Developments, Op.Cit.**

[٤] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠٣، میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص٩٢.

جگە لەمەش، دەرکردنی ئەو قانونە، لەلایەن ناوەندە سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانی تورکیاوە، ناڕەزایەتییەکی زۆری لێکەوتەوە. ئەوە بوو، لە بەرەبەیانی ١٩ی نیسانی هەمان ساڵدا، تاوەکو بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر(١٨) ئەندامپەرلەمانی سەربەخۆو ئەندامپەرلەمانێکی پارتی گەلی سۆسیال دیموکرات، لە باڵەخانەی پەرلەمان، مانیان گرت و لە دژی دەرکردنی ئەو بڕیارە ئیدارییە وەستانەوە و ڕاگەیاندنێکیان دەرکرد، کە تێیدا، داوایان کرد، قانونی ئیداریی ژمارە (٤١٣)، لە ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورەی تورکیا، گفتوگۆی لەسەر بکرێت و بڕیاری لێبدرێت، هەروەها وتیان: "حکومەت، کاتێك بڕیاری ژمارە ٤١٣ دەردەکات، بە بیانووی دژایەتیکردنی تیرۆر، لە ناوچەی خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، ئەوا بەو کارەی، دەیەوێت دەستور و پەرلەمان بەیەکەوە پەك بخات، بەو کارەی دەیەوێت ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ڕا دەربڕین، لەناوبەرێت، لەگەڵ ڕاگرتنی ئەو دیموکراتییە ڕووکەشەی، کە کودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ هێنابووی، ئەوەش دەرچوونە لە پرەنسیپی سەروەریی گەل، لەکاتێکدا، گەل داوای [فراوانکردنی] دیموکراتییەت و سەربەستی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی دەکات"، هەروەها (٣١) ئەندامی کورد لە پارتی نیشتیمانیی دایك، هەڕەشەیان کرد بە دەستلە کارکیشانەوە لە پارتی فەرمانڕەوا، لە کاتی ڕەتنەکردنەوەی ئەو بڕیارە ئیدارییە[1].

لەسەر ئاستی سیاسیشدا، هەر یەك لە قایا ئەردەم (**Kaya Erdem**)ی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورەی تورکیا و ئەردال ئینەنۆ و سلیمان دێمیرێل، ڕەخنەیان لە هەڵوێستی حکومەت گرت بەوەی پێشئەوەی ئەو قانونە لە پەرلەمان تاوتوێ بکرێ، دەرکراوە، هەروەها سەرۆکی دادگای دەستوریش، بە دەرچوون لە دەستور و قانونە چاودێریکەرەکانی دانا[2]، کاتێکیش، پارتی گەلی سۆسیال دیموکرات، ویستی لە دادگای دەستوریدا، لە دژی قانونیبوونی ئەم بڕیارە، ناڕەزایی دەربڕێ، حکومەت جارێکی دیکە دەستکاری کرد و لەگەڵ

---

[1] بروانە: ابراهیم الداقوقي، المصدر السابق، ص٣٣٥-٣٣٦.

[2] ابراهیم الداقوقي، المصدر السابق، ص٣٣٨.

قانونێکی دیکەدا ئاوێتەی کرد و بە نـاوی قـانونی (٤٢٤)، پێـشکەشی ئەنجومـەنی نیشتیمانیی گەورەی تورکیای کرد[1]. لە سەرەتای مانگی مایسیشدا، فەرمانڕەوای باری نائاسایی، چەند بڕیارێکی دا، بە پێـی ئـەو بڕیارانـە، ئـەو ناوچـانەی ئـەوکات باری نائاسایی دەیگرتنەوە، واتـە: ویلایەتـەکانی (بینگیـولّ، دیاربـەکر، ئـیلازیگ، هەکاری، ماردین، سێرت، تونجەلی، وان، ئادیامـان، بـدلیس و مـوش)، هـەر جـۆرە کارێکی بێمۆڵەتی لە شێوەی کاری قەدەغەکراو، وەك خۆپیشاندان و ئەو کارانـەی دەبنە هۆی لەکارخستنی دامەزراوەکان، قەدەغە دەکرێت. دواتـریش ئەنجومـەنی نیشتیمانیی گەورەی تورکیا، بە مەبەسـتی خـەباتێکی سـەرکەوتوانە، دژی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان، شـرناخ و باتمـانی کـردە ویلایـەت[2]. بـە ویلایـەتکردنی باتمانیش بۆ ئەو هۆکارانە، دەگەڕایەوە:

١- بوونی فڕۆکەخانەی سەربازی لە باتمان، بۆ لێدانی بارەگا و جموجۆڵـەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان.
٢- بوونی هێزێکی پەنجا هەزار سەربازی و جەندرمە (کە لەژێر سـەرکردایەتیی ئامر لیوا حیکمەت کوێکساڵدا بوون) کە لە ناوەندی بڕیـاری سـەرکردایەتیی هێزە چەکدارەکانی پارێزگاکانی باری نائاساییەوە نزیك بوون.
٣- ناوەنـدی ویلایـەتی باتمـان، لـە شـوێنی چـالاکییەکانی پـارتی کرێکـارانی کوردستان، لەسەر سنورەکانی ئێران و عێراق نزیك بوو[3].

بەم شێوەیە، حکومەتی تورکیـا، لـەپێناو ڕووبەڕووبوونـەوەی چـالاکییەکانی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان و سـەرکوتکردنی گـەلی کـورد لـە تورکیـادا، هـەموو ڕێگەیـەکی (تەنانـەت ناقانونیـشی) دەگرتــە بــەر و لــەوەش زیــاتر، باســکردنی بارودۆخی ناوچەکانی باکووری کوردستان و قسەکردن بەزمانی کوردی، بە هـەموو جۆرێك، قەدەغە بوو.

---

[1] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠١-٧٠٢.
[2] بڕوانە: ش.خ.مەوگوی و ئەوانی تر، کوردستانی هاوچـەرخ، و. گوشـاد حەمـە سـەعید، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٩٤.
[3] ابراهيم الداقوقي، المصدر السابق، ص٣٣٤.

له شوباتی ١٩٩٠دا، ئیسماعیل بێشکچی، لەسەر نووسینی کتێبێك بە ناوی (کوردستان: کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی)، لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە گیرا و لە ٢٨ی نیساندا دادگایی کرا[١]، بەڵام بێشکچی لەبەردەم دادگادا وتی: "دەوڵەتی تورکو ئایدیۆلۆژیای رەسمیی دەوڵەت نکۆڵی بوونی نەتەوەی کوردو زمانی کوردی دەکەن. کورد وا دادەنێت کە خێڵێکی تورکییەو زمانی کوردیش دایەلێکتێکی زمانی تورکییە". هەروەها، بێشکچی، ڕەخنەی لە ئایدۆیۆلۆژیای فەرمی دەوڵەتی تورکیا گرتو وتی: " ئەوانەی لە دەرەوەی سنوری ئایدیۆلۆژیای رەسمیدان بەرەو بەندیخانە دەبرێن". ڕەخنەی توندیشی لە دەستوری تورکیا گرت و پشتگیریی دامەزرانی دەوڵەتی کوردی کرد[٢].

له حوزەیرانی ١٩٩٠یشدا، بۆ کپکردنی دەنگی کورد لە تورکیا، وەزارەتی ناوخۆ بە شێوەیەکی کۆتایی، ڕۆژنامەی بەرەو ٢٠٠٠ (**İkibine Doğru**) و ڕاستیی گەلی قەدەغە کرد و هۆکاری داخستنیانی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی ئەو دوو ڕۆژنامەیە، کەشێکی ناجێگیریان لە ناوچە کوردییەکاندا پیشانداوە، بەهۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست دەربارەی ئەشکەنجەدان و چەوساندنەوە و کۆچپێکردنی خەڵکی ناوچە کوردییەکان و هاندانیان بەوەی بەرگری لە هێزەکانی دەوڵەت بکەن، لەو ناوچەیەی کە قانونی گشتی جێگیر نییە و بۆتە هۆی ئەوەی هێزەکانی ئاسایش نەتوانن کارەکانیان بە شێوەیەکی تەواو ئەنجام بدەن. بەڵام هۆکاری سەرەکیی داخستنی ئەو دوو ڕۆژنامەیە، بە تایبەتی ڕۆژنامەی (بەرەو٢٠٠٠) بەدواداچوونی دۆزی کورد بووە[٣].

له کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩٩٠یشدا، کاتێك دانیشتنی ئەنجومەنی گشتیی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ ئەنجام درا، ویداد ئایدنی نوێنەری دیاربەکر و ئەحمەد زەکی و ئۆکچو ئۆغلو و مستەفا ئوزون نوێنەری پارتی خەڵکی زەحمەتکێش لە دیاربەکر، بەهۆی وتاردان بە زمانی کوردی، لەم کۆبوونەوەیەدا، دەستگیر کران.

---

(١) بڕوانە: نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٢.
(٢) بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل١٤٢.
(٣) بڕوانە: ابراهیم الداقوقي، المصدر السابق، ص٣٦٧-٣٦٨.

ویداد ئایدن له بەردەم دادگادا (کە بەزمانی کوردی قسەی دەکرد) ڕایگەیاند: زمانی کوردی زمانی دایکێتی، دواتر دادوەری دادگای ئاسایشی ئەنقەرە، بە پێی بەندی سێیەم، ماددەی (١٤٢)ی قانونی سزای تورکیا، بە بیانووی لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتی، داوای دە ساڵ زیندانی بۆ دەکرد. جگە لەمە، موسا عەنتەری نووسەر و ڕۆژنامەوانی کورد، بە بیانووی بەشداریکردن لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی ئینگلیزی، لە ١٣ی تشرینی دووەمدا، کە تایبەت بوو بە باکووری کوردستان، لەلایەن دادگای ئاسایشی دەوڵەتەوە، بە تاوانی پڕوپاگەندە، لە دەرەوەی وڵات، لە دژی کۆماری تورکیا و لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتی، بە نائامادەیی، حوکمی زیندانیکردنی درا[1].

وێڕای ئەوەی حکومەتی تورکیا، بە هەموو جۆرێك، باسکردنی بارودۆخی ناهەمواری ناوچە کوردییەکانی قەدەغە کردبوو، لە لایەکی تریشەوە، لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوە و لەناوبردنی بزاڤی کوردی و جولانەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە هەوڵەکانی بەردەوام بوو. ئەوەش بە بەکارهێنانی گوتاری ئیسلامی کە حکومەتی تورکیا پەنای بۆبرد و دەزگای هەواڵگریی تورکیش (میت)، کەوتە مەشقپێکردن و یارمەتیدانی حیزبوڵڵای تورکی، بە بیانووی ڕووبەڕووبوونەوە و لەناوبردنی "بێباوەڕی" و مارکسیستی پارتی کرێکارانی کوردستان[2].

ئەم حیزبوڵڵایە، لە ناوەراستی ساڵی ١٩٩١، بەرە بەرە لە ئامەد سەریان دەرهێنا و لەگەڵ کۆمەڵە ئیسلامییەکانی سەرانسەری تورکیادا، هاوپەیمان بوون، هەموو قورسایی خۆیان خستبووە سەر کوردستان و بە چاوی دوژمن دەیان ڕوانییە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان، کە لایەنگیری جودایی ئایین بوو لە سیاسەت، ئەویش بەهۆی ئەوەی پەیوەندیی بە کۆمۆنیزمەوە هەبوو، هەروەها، مەترسییەك بوو بۆ باڵی ڕاستی (عیلمانی) تورکیا، کە خۆشی پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵیاندا هەبوو. ئەم ڕێکخراوە، لە ساڵی ١٩٩١دا، لە بەرانبەر شەپۆلی سەرکەوتنەکانی خەباتی پارتی کرێکارانی کوردستان، دەستی بە زنجیرەیەك تاڵان

[1] ش.خ.مەوگوی و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧–٩٨.

[2] بروانە: بیار مصطفى سيف الدين، تركيا...، ص١٤٨.

و كوشتن و تەقاندنەوە كـرد و رۆژنامەنووسـان و هەڵسوڕاوانی لایـەنگیری پـارتی كرێكـارانی كوردسـتان و ئەنـدامانی یەكێتییـەكانی كرێكـاران و پیـشەگەران (هـەموویان) لـە ڕیـزی نەتەوەپـەروەرە چـەپەكان دانـران و بوونـە ئامـانجی هەڵمەتەكانی حیزبوڵلا[1]. یەكەمین كردەوەشیان لە هـاوینی ١٩٩١دا بـوو، ئـەویش تیرۆركردنـی (ویـداد ئایـدن)ی ئەنـدامی پـارتی خـەڵكی زەحمـەتكێش بـوو، لـە دیاربەكر[2]. ئەم هەڵمەتانـەی حیزبـوڵلا، لـە ساڵەكانی دواتـردا بـەردەوام دەبـن و ژمارەیەكی بەرچاو لە ڕۆشنبیران و چالاكوانانی سیاسیی كورد، تیرۆر دەكات.

**باسی دووەم/ گەشەسەندنی دۆزی كورد، لەسەر ئاستی دەرەوە و ناوخۆی توركیادا:**

لەگەڵ بەردەوامیی پەیڕەوكردنی سیاسەتی شۆڤێنیانەی حكومـەتی توركیـا، دۆزی كورد، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیـدا، پەرەسـەندنێكی بەرچـاوی بـە خۆیـەوە بینی و بووە هـۆی زیـادبوونی دەنگـی نـاڕەزایی ڕێكخـراوە نێودەوڵەتییـەكان، بـە تایبـەتی كۆمەڵـەی ئـەوروپا و پەرلـەمانی ئـەوروپای سـەر بـەو ڕێكخـراوە[3]، لـە بەرانبـەر كـار و كردەوەكـانی حكومـەتی توركیـا (كـە دژی گـەلی كـورد پیـادەی دەكرد). لەم بارەیەوە، پەرلەمانی ئەوروپا، لە بڕیارێكیدا لـە ٢٣ی ئایـاری ١٩٨٥،

---

[1] دیڤید مەكداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠٩–٧١٠.

[2] بڕوانە: میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص١٠٢؛ دیڤیـد مەكـداول، سەرچـاوەی پێـشوو، ل٧١٠.

[3] كۆمەڵەی ئەوروپا لە ساڵی ١٩٦٧، لە ئەنجامی یەكگرتنی هەرسێ ڕێكخراوی خەڵوز و پـۆڵای ئەورووپی و بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا و ڕێكخراوی وزەی ئەتۆمی دامەزرا. ئەم كۆمەڵەیە یەك نوێنەرایەتی و یەك پەرلـەمانی هـەبوو، بـەڵام پەرلـەمانتارەكانی تاسـاڵی ١٩٧٩ لـە ڕێگـەی پەرلەمانـە جیاجیاكـانی دەوڵەتـە ئەورووپییەكانـەوە هەڵدەبـژێردران و بـە شـێوەیەكی ناڕاسـتەوخۆ دەگەیـشتنە پەرلـەمانی ئـەورووپی، لەبەرئـەوە لـەم سـاڵەدا هەڵبـژاردنێكی ڕاستەوخۆ بۆ ئەو پەرلەمانە سازدرا و دواتر هەر پێنج ساڵ جارێك ئـەو هەڵبژاردنـە دەكـرا. لـە سـاڵی ١٩٩٣دا و بـەگوێرەی ڕێككەوتنامـەی (ماسـتریخت) ئـەم كۆمەڵەیـە فراوانكـرا و یەكێتیی ئەوروپا شوێنی گرتەوە. بڕوانە: سامی، شۆرش، سەرچاوەی پێشوو، ل٨١–٨٢؛ التطور التاريخي للوحدة الاوروبية (www.almania-info.diplo)

دژ بە ڕژێمی تورکیا، ڕایگەیاند کەوا: دەوڵەتی تورکیا، بە شێوەیەکی سیستماتیك، سیاسەتی قڕکردنی گەلی کورد پەیڕەو دەکات[1].

لـە شـوباتی ١٩٨٦یـشدا، لـە کۆبوونەوەیـەکی گـشتیی یـادی (٤٢) سـاڵەی دامەزراندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤـی سـەر بـە نەتـەوە یـەکگرتووەکان، وتارێکیـان خوێندەوە، کە تیایدا هاتبوو: "دەوڵـەتی تورکیـا هـەر لەسـەرەتاوە سیاسـەتێکی ڕەگەزپەرستانە پێڕەو دەکات... دان بە بوونی نەتەوەی کورددا نانێ"[2].

لـە وتـارێکی کۆمەڵـەی ئـەوروپا (سـەبارەت بـە وڵاتـانی جیهـانی سـێیەم) دەربـارەی مـافی داکـۆکیکردن لـە کولتـور و مـافی قـسەکردن بـە زمـانی کـوردی هــاتبوو: "چــل ســاڵ بەســەر ڕاگەیانــدنی بەیاننامــەی کۆمەڵــەی نەتــەوە یەکگرتووەکاندا تێپەڕیوە کەچی تائێستا دەوڵەتی تورکیا بوونی (١٢) ملیۆن کورد بە درۆ دەخاتەوە کە لە تورکیا دەژیـن... لـە ژیـانی ڕۆژانـەدا کوردەکـانی تورکیـا نووسین و ئاخافتنیان بـە زمـانی [کـوردی] لێ قەدەغـە کـراوە، زەوتکردنـی مـافی کوردەکـان بـۆ دیـاریکردنی داهـاتووی خۆیـان، لێـدان و گورزێکـە لـە ئاشـتی و ئاسایشی هەموو [جیهان] دەکەوێت"[3].

لە ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٧یشدا، کۆمەڵەی ئەوروپا، لە بڕیارێکیدا، داوای ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و دانانن بە سەربەخۆیی بـەڕێوەبردن و کولتـوری گـەلی کوردی کرد لەو وڵاتانەی لێـی دەژیـن، بـەڵام نوێنـەرانی تورکیـا، کـە وەك چاودێر بەشـدارییان لـەو کۆبوونەوەیـەدا کردبوو، لـە وەڵامـدا، بـوونی گـەلی کوردیـان لـە تورکیـادا تەنانــەت وەك کەمینەیــەکیش ڕەت کــردەوە[4]. ئـەم هەڵوێـستەشیان لەکاتێکدا بوو کـە دەوڵـەتی تورکیـا، ماوەیـەك پێـشتر و لـە ١٤ی نیـسانی هـەمان ساڵدا، داوای بەئەندامبوونی لە کۆمەڵەی ئەوروپیدا کردبوو. ئـەو داوایـەی تورکیـا، لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٩دا، لەلایەن کۆمەڵەی ئەوروپاوە ڕەت کرایەوە و لە ســەرووی هۆیــەکانی ئــەو ڕەتکردنەوەیــەش، پابەندنــەبوونی تورکیــا بــوو بــە

[1] مارف عومەر گوڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠.
[2] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٢٢-١٢٣.
[3] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٢٣.
[4] جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٥.

پێوەرەکانی مافی مرۆڤ ، ئەمە جگە لـە هۆکـاری قـەبارەی ژمـارەی دانیـشتوان و دواکـەوتوویی ئـابووری، هـەروەها داواکارییەکـە لەکاتێکـدا هـاتبوو، کـە شـەڕی چەکداری، لە ناوچـە کوردنـشینەکاندا، پـەرەی دەسـەند و حکومـەتی تورکیـاش، قـانونی بـاری نائاسـایی لـە بـاکووری کوردسـتان، ڕاگەیانـد بـوو[1]، لەبەرئـەوە، داواکارییەکەی تورکیایان بۆ ساڵی ١٩٩٣ دوا خست[2].

هەر دەربارەی بڕیارەکانی پەرلەمانی ئەوروپا، دژ بـە حکومـەتی تورکیـا، لـە ١٣ی ئەیلولی ١٩٨٨دا، داوای کرد، کۆتـایی بـە کردەوەکـانی ئەشـکەنجەدان لـەناو زیندانەکانی تورکیادا بهێنرێ و "چی تر کەس بە بێ هۆ بۆ ماوەی نادیار نەخرێتـە زیندانەوە و چی تر ئەو کەسانەی تـاکو ئێـستا دادگـایی نـەکراون نەخرێنـە ژووری تـەنیایی". هـەروەها داوای لـەناوبردنی تەگـەرەکانی بـەردەم ئـازادیی سیاسـی و نــەقابی و ئــازادیی ڕادەربــڕین و هەڵوەشــاندنەوەی ســزای لــە ســێدارەدان و فـەرمانڕەوایی سـەربازی، لـە ناوچـە کوردییەکانـدا کـرد[3]. لـە ١٨ی نیـسانی ١٩٩١یشدا، بڕیارێکی دەربارەی بارودۆخی کـورد دەرکـرد، کـە تیایـدا داوای کـرد: دۆزی کـورد، بخرێتـە نـاو خـشتەی کـاری کـۆنگرەی ئاشـتییەوە، لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەراست، هـەروەها، داوای لـەو وڵاتانـە کـرد (کـە کوردیـان تیـادا دەژی) دان بـە بوونیاندا بنێن و مافی بەڕێوەبردنیان پێ بدەن[4].

لە ڕاستیدا، ئەنجومەنەکانی ئەوروپا، سەرەڕای ناڕازیبوونەکانیان بەرانبەر بـە تورکیا و بەدواداچوونی لیژنەکانی مـافی مـرۆڤ لـەم وڵاتـەدا، جگـە لـە بڕیارەکـانی ئیدانــەکردنی کردەوەکــانی و دەربڕینــی خــەم و پــەژارەیی، دەتــوانین بڵــێین هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوەی بەرانبەر بە تورکیـا نەگرتۆتـە بـەر. بـۆ نموونـە، ئـەو ڕاپۆرتــەی کــە پــسپۆرە ئەوروپاییــەکان لــە کۆتــایی ســاڵی ١٩٩٠دا، دەربــارەی

---

[1] بڕوانە: هنري باركي وآخرون، المصدر السابق، ص١٥٨.

[2] سامی شۆڕش، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦. بـۆ زانیـاریی زیـاتر دەربـارەی پەیوەندییـەکانی تورکیـا و ڕێکخـراوی ئـەوروپا، بڕوانـە: هـێمن میرانـی، تورکیـا و یـەکێتیی ئـەوروپا، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩.

[3] بڕوانە: جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٩.

[4] وصال نجيب عارف العزاوي، القضية الكردية...، ص٢٤٧.

ناڕاستگۆیی حکومەتی تورکیا لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا، لە بەرانبەر کورد، لە ئەنجومەن، خستیانە ڕوو، پێویست بوو، ئەو ڕاپۆرتە، بڵاو بکاتەوە، بەڵام ڕێوشوێنی تری گرتە بەر و بڕیاریدا لیژنەیەکی تر بۆ تورکیا بنێرێت، هەروەها ڕاپۆرتەکەش پەردەپۆش کرا[1].

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٩دا، گرنگیدانی کۆمەڵە و گروپەکانی مافی مرۆڤ لە جیهاندا، دەربارەی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا، زیادی کرد و کەوتنە لێکۆڵینەوە لەو بوارەدا. ئەوە بوو لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٩دا، کۆنگرەیەکی جیهانی (بۆ کورد) لە پاریس، لەژێر چاودێریی دەزگای ئازادیی فەرەنسی و بە هاوکاریی پەیمانگای کوردی پاریس بەسترا، کە تیایدا، ڕۆژهەڵاتناسان و زانایانی کورد و نوێنەرانی بزووتنەوەی ڕزگایخوازی کوردی و نێودەوڵەتی، بەشدارییان کرد و نووسەری کورد دوغو پیرینچەك (**Doğu Perinçek**)[2] وتەی پارتی کرێکارانی کوردستانی پێشکەش کرد و وتی: "کێشەی کورد کێشەی خودی تورکەکانە، هەر

---

[1] نفس المصدر، ص٢٥٢.

[2] دوغو پیرینچەك، لە ساڵی ١٩٤٢، لە عێنتاب هاتۆتە دونیاوە، لە ساڵی ١٩٦٤، کۆلیجی قانونی لە زانکۆی ئەنقەرە تەواو کردوە. لە ساڵی ١٩٦٨، دکتۆرای لە قانون وەرگرت. سەردانی ئەڵمانیای کردووە و زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزی زانیوە. چەندین گۆڤاری دەرکردووە و ئەندامی پارتی کرێکارانی تورکیا بووە، یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی پارتی کرێکاران و جوتیارانی شۆڕشگێڕی تورکی (**TIIKP**) کە لە ساڵی ١٩٧١دا، لەلایەن ئەندامانی باڵی ماوییەوە لە پارتی کرێکارانی تورکیا جیابوونەوە و بووە بە یەکەم سەرۆکی ئەم پارتە. لە تەمموزی ١٩٩١دا، لە کۆنگرەی دووەمی پارتی سۆسیالست، بووە سەرۆکی پارتی سۆسیالست، لە ساڵی ١٩٩٢، کاتێك دادگای دەستوری تورکیا، ئەم پارتەی داخست، پیرینچەك پارتی کرێکارانی دامەزراند و بووە سکرتێری گشتی، هەروەها لە کۆنگرەی ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ دووبارە بە سکرتێری پارتی کرێکاران هەڵبژێردرایەوە و چەندین جار لەلایەن حکومەتی تورکیاوە زیندانی کراوە. بڕوانە: **Perinçek Doğu** (**http://www.kimkimdir.gen.tr/kimkimdir.php?id=2648**)؛ رعد عبدالجلیل علي، الاسلام السیاسي، ازمات التنمیة والتحدیث في اقطار الشرق الاوسط مع الترکیز علی ترکیا وایران، اطروحة دکتورا (غیر منشورة)، کلیة العلوم السیاسیة، جامعة بغداد، ١٩٩٥، ص٢٤٥.

وەکو تورك و جەماوەری تورك، کە تێدەکۆشن لەپێناو داهاتوویەکی باشتر و دژی زوڵم و دەستدرێژیکردن...، ئێمەی کوردیش لەپێناو پارێزگاری لە بوون و کیانی نەتەوەیی خۆمان خەبات دەکەین... ئەمڕۆ گەلی کورد بە هەردوو باڵەکەیەوە، تێدەکۆشێ: ملیۆنێك کرێکاری کوردی و چارەکە ملیۆنێك جەنگاوەر، چەك هەڵدەگرن لەپێناو بە جێهێنانی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کوردی تاوەکو خۆی حوکمی خۆی بکات... "[1]. هەر لەم کۆنگرەیەدا، (٧) نوێنەری کوردی پارتی گەلی سۆشیال دیموکرات بەشداربوون، کەچی بەهۆی بەشداریکردنیان لەم کۆنگرەیەدا لە حیزب دەرکران[2].

لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٩، کۆنگرەیەك لە واشنتن لەژێر دروشمی (گەل لەمەترسیدا: کوردەکان) لەژێر چاودێریی ئەنجومەنی مافی مرۆڤی ئەمریکی و بە هاوکاریی لیژنەی مافی مرۆڤی فەرەنسی بەسترا و هەروەها لە ١٩–٢٠ی نیسانی هەمان ساڵ، کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ کورد (لەژێر چاودێری یەکێتیی نیشتمانی کوردستان) و بە هاوکاریی لیژنەی مافی مرۆڤی بەریتانی، بەسترا. ساڵی دواتر، لە ٢–٤ی حوزەیرانی ١٩٩٠، کۆنگرەی مافی کەمە نەتەوایەتییەکان و بارودۆخ لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، لە کۆبنهاگن بەسترا، بەشدارانی کۆنگرە، داوای دانپێدانانیان بە زمانی کوردی و پارێزگاری لە کولتور و بوونی نەتەوەی کوردیان لە تورکیا کرد. لە تەممووزی ١٩٩٠یشدا، کۆنگرەیەك بەهەمان شێوەی پاریس، لەژێر چاودێریی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی سوید، لە ستۆکهۆڵم، بۆ گفتوگۆ کردن لەبارەی بارودۆخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەسترا و دوای ئەویش (کۆنگرەی نێودەوڵەتی) لە مۆسکۆ لەژێر ناونیشانی (مافی کەمەنەتەوایەتییەکانی جیهان) لە ئابی ١٩٩٠دا، بەسترا[3].

---

[1] ابراهيم الداقوقي، المصدر السابق، ص٤٢٧–٤٢٨.

[2] نوێنەرەکانی بەشدابوو، بریتی بوون لە: ( ئەحمەد تورك، محەمەد عەلی ئەرەن، مەحمود ئالیناك، ئیسماعیل حەقی ئونال، کەنعان سنمەز، صالح سومەر و ئیبراهیم ئاکسۆی). بڕوانە: لێکۆڵینەوەیەك لەسەر بارودۆخی کورد لە تورکیا، لەئەرشیفی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، کەرکوك، ب.س.

[3] ابراهيم الداقوقي، المصدر السابق، ص٤٢٨.

لەسەر ئاستی ناوخۆی تورکیاش، دۆزی کورد، پەرەسەندنی بەخۆیەوە بینی و لەسەر رووپەڕی ڕۆژنامەکان، بووە جێگای باس و لێدوان، هەروەك لە تەمموزی ١٩٨٧دا، نووسەری ڕۆژنامەی جمهوریەت، ئوغور موجو (Uğur Mumcu) نووسیبووی "ڕووداوەکانی باشووری ڕۆژهەلاّت تەواو جێگای نیگەرانیە، ئەم ڕووداوانە ئەمڕۆ بە جەنگێکی ڕاستەقینە حسێب دەکرێن"[١].

ڕۆژنامەی (بەرەو ٢٠٠٠) لە ژمارە (٣٢)ی لە ٩ی ئابی ١٩٨٧دا دەستی بە ڕاپرسییەك کرد و تێیدا، ڕای نووسەرانی تورکی دەربارەی دۆزی کورد، لەژێر ناونیشانی (چارەسەرکردنی دۆزی کورد – بڕیارێکی قورسە) وەرگرت و تێیدا هەریەك لە (عەزیز نەسین و محەمەد عەلی ئەیبار و...هتد) دووپاتیان کردەوە کە "نەتەوەی کورد کەمینەیەکە لە تورکیادا، بوونی هەیە و زمان و کولتوری تایبەت بەخۆی هەیە و پێویستە چارەسەی دۆزەکەی لە ڕێگەی دانانی بە هەبوونی وەك نەتەوەیەك بەپلەی یەکەم بکرێت، هەروەها مافی ڕۆشنبیری و پەرلەمانی لە چوارچێوەی یەکێتیی تورکیادا پێببەخشرێ"[٢]. لە ساڵی ١٩٨٨یشدا، نووسەری تورك، محەمەد عەلی ئەسلان، بەڵگەنامەیەکی لە هەمان گۆڤاردا بلاّوکردەوە و تیایدا بەڵێنی مستەفا کەمالی خستە ڕوو بە بەخشینی مافی ئۆتۆنۆمی بە کوردەکانی تورکیا، دوای ڕزگارکردنی تورکیا لە داگیرکاری بیانی[٣]. لە ساڵی ١٩٨٩شدا، نووسینێکی نووسەری بە ناوبانگی تورك (عەزیز نەسین)، لەژێر ناونیشانی (تورکەکانی بولگاریا و کوردەکانی تورکیا) بلاّو کرایەوە و تیایدا (نەسین) ڕایگەیاند: "ئەگەر لە ٣٪ی هاونیشتیمانیانمان لە ڕۆژهەلاّت و باشووری ڕۆژهەلاّتی تورکیا، زمانی تورکی نەزانن، لەبەر ئەوەیە بە زمانی کوردی دەدوێن، بەمەش ناتوانن مەرامەکانیان لە دەوڵەت بگەیەنن و دەوڵەتیش ناتوانێت لێیان تێبگات". نەسین پێی وابوو ئەگەر حکومەتی تورکیا گەلی کورد بە نەتەوەیەکی سەربەخۆ بزانێت، بەلاّم سەدان هەزار لێیان بە "خیانەتکار" لەقەڵەم بدات و

[١] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٢٠–١٢١.
[٢] ابراهیم الداقوقي، المصدر السابق، ص٣٠٧–٣٠٨.
[٣] وصال نجیب عارف العزاوي، القضیة الکردیة...، ص٢١٧.

لەناوچەکانیان ڕایان بگوازێ، یان بڕیاری دەستگیرکردنیان بدات و زیندانییان بکات و ئەشکەنجەیان بدات، ئەوە هەوڵی بەدیهێنانی یەکێتیی تورکیا بەدینایەت، بەڵکو بارودۆخێك بۆ تۆڵە سەندنەوە پەیدادەبێ[1].

لە لایەکی تریشەوە، ڕۆژنامەی تەرجومان (Tercüman Dergısı)ی تورکی لە ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٨٩دا، ڕای گشتیی دەربارەی دۆزی کورد بڵاوکردەوە، کە (٧٥,٤٣٪) کەس لە وەڵامدەرەکان، پێیان وابوو دۆزی کورد لە تورکیادا هەیە، بەرانبەر (٢١,٨٠٪) کەس پێیان وابوو دۆزی کورد بوونی نییە و (٢,٧٧٪) هیچ ڕایەکیان نەدا[2].

لەلایەن پارتە سیاسییەکانی تورکیاشەوە، دۆزی کورد بە خستنەڕووی چارەسەر و پێشنیاز بایەخی پێدرا، لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٧دا، بولەنت ئەجەوید لە کێبرکێدا لەگەڵ سلیمان دیمیرێلدا و لەپێناو ڕاکێشانی دەنگی کورد بەلای خۆیدا، بۆ یەکەم جار ڕایگەیاند پارتەکەی پارتی چەپی دیموکرات (Demokrat Sol Partisi)(DSP) [3] بەڕێوەبەرایەتیی ئۆتۆنۆمی دەدا بەکورد لە باکووری کوردستاندا، لە بەرانبەردا، دیمیرێلیش بۆ یەکەم جار ڕایگەیاند: ئەجەوید لە پێدانی بەڕێوەبەرایەتیی ئۆتۆنۆمی ڕاست ناکات، بەڵکو پارتەکەی پارتی ڕێگای ڕاست (Doğru Yol (Partisi (DYP)[4] بەرنامەیەکی تەواوی بە پێدانی مافی نەتەوەیی کورد لە شێوەی فیدراڵیدا هەیە[5].

---

[1] ابراهيم الداقوقي، المصدر السابق، ص٤٠٥-٤٠٦.

[2] وصال بجيب عارف العزاوي، القضية الكردية...، ص٢١٥.

[3] پارتی چەپی دیموکرات (DSP)، لە تشرینی دووەمی ١٩٨٥دا دامەزرا، کە (ئیسماعیلەدین ئۆغلو) سەرۆکی بوو لەژێر سێبەری دەسەڵاتی بولەنت ئەجەویددا، یەکێك لە ڕابەرانی ئەو پارتەش ژنەکەی ئەجەوید بوو بە ناوی (ڕەهشان)، بەڵام ڕێبەری سەرەکی ئەو پارتە ئەجەوید بوو. لە هەڵبژاردنی ئەیلولی ١٩٨٦دا توانی (٨,٧٪)ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت، کە ئەم ڕێژەیەش کەمتر بوو لە (١٠٪) بۆ ئەوەی نوێنەریان لە پەرلەماندا هەبێت. لە لایەنی ئایدیۆلۆژییەوە پشتی بە میراتی موستەفا کەمال و پارتی گەلی کۆماری دەبەست. بڕوانە: ابراهيم خليل احمد وآخرون، المصدر السابق، ص١٨٩.

[4] ئەم پارتە لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٨٣دا دامەزرا، هەوڵی دەدا میراتی سیاسی پارتی عەدالەت (AP) بە سەرۆکایەتی دیمیرێل بگێڕێتەوە، واش دادەنرێ، کە چەپی ناوەندە و لە

لەسەر ئاستی ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورەی تورکیاش، پەرلەمانتارانی کورد بۆ یەکەم جار باسیان لە دۆزی کورد کرد و داوای چارەسەرێکی سیاسییان بۆی کرد[1]. هەروەك لە ئەیلولی ١٩٨٨دا، محەمەد عەلی ئێرینی ئەندامی پەرلەمان، لەسەر لیستی پارتی گەلی سۆسیال دیموکرات، لە وتارێکیدا، لە پەرلەماندا، وتی: "کێشەی کورد ئەمڕۆ وەك برینێکی ناو کۆمەڵی لێهاتووە ڕای گشتیی نیگەران کردووە و پێویستە چاوخشانێکی هەمەلایەنە بەو کێشەیەدا بکرێت و ڕێگایەکی هەمیشەیی بۆ ئەو کێشەیەی ڕۆژهەڵات بدۆزرێتەوە، کوردەکان قسەکردنیان بە زمانی خۆیان لێ قەدەغە کراوە سیاسەتی تواندنەوە لە دژیان بەردەوامە ناوی دێهاتەکانیان دەگۆڕێن، هاوڵاتیان لە ڕۆژهەڵاتدا ناتوانن بە ئازادی ناو لە منداڵەکانیان بنێن بۆیە پێویستە لەسەر تورکیا دیموکراسییەکی راستەقینە لە هەموو وڵاتدا پێڕەو بکات"[2].

هەر لە مییانەی بایەخپێدانەکانی پارتە سیاسییەکان، پارتی سۆسیالست (SP) بە سەرۆکایەتیی دۆغو پیرینچەك، لە پرۆگرامی پارتەکەیدا چارەسەرکردنی دۆزی کوردی تێدابوو، پیرینچەك وای دەبینی (کوردەکان لە توانایاندا هەیە، دەوڵەتی خۆیان پێك بهێنن، کە خاوەنی ئاڵا و سڵاوی کۆماریی تایبەت بە خۆیان بن)، هەروەهاپارتە سیاسییەکانی تورکیای تاوانبار دەکرد بە دەمارگیریی نەتەوەیی تورکی و وتی: "پارتە سیاسییەکان و پارتی فەرمانڕەوا [پارتی نیشتیمانی دایك] هیچیان پێشکەشی گەلی کورد نەکردووە، جگە لە بەڵێن و فشار نەبێت". جگە لەمە، پرۆگرامی ئەم پارتە، کە لە (١٥) ماددە پێك دەهات، چاپ کرا و لە هەموو تورکیادا دابەش کرا، ئەمانە گرنگترین خاڵەکانی بوون:

---

هەڵبژاردنی ناوخۆیی ١٩٨٤دا (١٣,٣٥٪)ی دەنگەکانی بەدەست هێنا و لە هەڵبژاردنی ١٩٨٦یشدا (٢٣,٥٪) دەنگەکانی بەدەست هێنا، هەندێك وای دەبینن ئەم پارتە هیچ نییە جگە لە کۆپییەکی پارتی عەدالەت نەبێت. بڕوانە: ابراهیم خلیل احمد وآخرون، المصدر السابق، ص١٨٨.

(٥) جرجيس حسن، المصدر السابق، ص١١٩.

(١) جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٥.

(٢) بڕوانە: م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستوورییەکانی...، ل١٢٧.

١– پێویسته مافی چارەی خۆنووسین، به گەلی کورد بدرێت (کە تێیدا) بتوانرێت دەولەتێکی تایبەت بەخۆی دروست بکات، ئەگەر ویستیان، هەروەها ئیرادەیەکی نیشتیمانییان هەبێت له دۆخێکدا کەویستیان بەتەنیا بژین یان لەگەڵ تورك بژین.

٢– باشترین چارەسەر لە بارودۆخی ئێستادا، دامەزراندنی فیدراڵییەکی کوردی– تورکییه.

٣– ئەنجومەنی گەلی فیدراڵی به بەڕێوەبەرایەتییەکی فیدراڵی دابمەزرێنێ.

٤– دەستورێکی فیدراڵی بۆ هەردوو گەل لەگەڵ دەستورێکی تایبەت بۆ هەردوو دەولەتی کوردی و تورکی.

٥– ئالا و سلاوی کۆماریی هاوبەش بۆ هەردوو کۆماره فیدراڵیەکه، لەگەڵ ئالا و سلاوی کۆماریی تایبەت بۆ هەر کۆمارێك.

٦– زمانی فەرمی زمانی کوردی و تورکی بێت لەسەر بنچینەیەك هەر کۆمارێك زمانی تایبەتیی هەبێت[1].

پارتی بزووتنەوەی نەتەوەییش به سەرۆکایەتیی ئالپ ئەرسەلان تورکیش، هەلوێستی بەرانبەر بەگەلی کورد (بۆ ماوەیەکی کورت) گۆڕانکاریی بەسەر داهات، به پێچەوانەی حەفتاکان، کە بوونی هەر نەتەوەیەکی تری جگە لە نەتەوەی تورکی ڕەت کردەوه. هەر وەك لە ڕاگەیاندنێکدا وتی: "لەگەڵ کوردەکان، بەیەکەوه ژیاوین، لە ماوەی ٩٢٠ ساڵدا، کوردەکان، برامانن و ئەگەر کارەکە پێویستی کرد، بیانپارێزین، ئەوا دەیانپارێزین"[2].

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠یشدا، نوێنەری سکرتێری گشتیی پارتی گەلی سۆسیال دیموکرات، لە شاری دیاربەکر، لە وتەیەکیدا، وتی: "کێشەی کورد کێشەیەکی دیموکراسییه له ولاتدا، هیچ پێویست بەوه ناکات خەلك بە یەك زمان یان به هەمان زمان قسه بکات". لە کۆبوونەوەیەکی تری جەماوەریداو هەر لە دیاربەکر (ئێردال ئینەنۆ) ڕایگەیاند لەم ناوچەیەدا هەر کەسێك بۆی هەیە بە

(1) وصال نجيب عارف العزاوي، القضية الكردية...، ص٢١٠–٢١١.

(2) نفس المصدر، ص٢١١.

ئارامی بە زمانی ڕەسەنی خۆی قسە بکات، نابێ بەو کەسانە بوترێ "جوداخواز"، دواتـر بـەڵێنی ئـەوەی پێـدان ئەگـەر پارتەکـەی دەسـەڵات بگرێتـە دەسـت، ئـەوا سەرمایەیەکی زۆر لە ناوچەکە دەخاتە گەڕ و لـە هـەمان کاتـدا، ئەوەشـی ئاشـکرا کرد، بە توندی دژ بەو کەسـانە دەوەسـتێت ئەگـەر بیانـەوێت وڵات پارچـە پارچـە بکـەن[1]. لـە تـەمموزی هـەمان ساڵیـشدا، ئـەم پارتـە ڕاپـۆرتێکی دوورودرێـژی دەربارەی بارودۆخی باکووری کوردستان بڵاو کردەوە و ڕاسپاردەیەکی پێشکەش کـرد کـە ئـازادیی دەرخـستنی ناسـنامە و ئـازادیی ڕادەربـڕین بـە زمـانی دایـك و هەڵوەشاندنەوەی پاسەوانی گوند و فەرمانداری گشتی و هەڵوەشـاندنەوەی بـاری نائاسـایی و جێبـەجێکردنی بەرنامەیـەکی هەمەلایەنـەی ئـاوەدانی لـە کوردسـتاندا دەگرتە خۆی، بەڵام ئەم ڕاپۆرتە بە بەدگومانی و وەك شێوازێك بۆ بەدەستخستنی دەنگی کورد سـەیر دەکـرا[2]. جگـە لەمـە، سـەرکردایەتیی پـارتی گـەلی سۆسـیال دیموکرات، ئامادەیی خۆی پیشاندا، چاو بەو بڕیارەیدا بخـشێنێتەوە، (کـە پێـشتر دابوویـان) سـەبارەت بـە دەرکردنـی چـەند ئەنـدامێکی کـوردی ئەنجومـەنی نیشتیمانیی گەورەی تورکیا لە (SHP)، بەهۆی بەشـداریکردنیان لـە کۆنگرەکـەی پاریس لە (١٤–١٥)ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٩دا[3].

### باسی سێیەم/ پارت و بزاڤە سیاسییە کوردییەکان (١٩٨٤-١٩٩١):

### ١- پارتی ئیسلامیی کوردستان (پاك):

پارتی ئیسلامیی کوردستان لە ١١ی تشرینی دووەمـی ١٩٨٠ دامـەزراوە و بـۆ یەکـەم جـار لـە نەوەدەکانـدا نـاوی بیـستراوە[4]. ئـەم پارتـە، لـە ڕوانگەیـەکی ئیسلامییەوە چارەسەری بۆ دۆزی کورد دادەنا و پێیان وابوو کوردستان لـە ڕووی مێـژوویی و جوگرافییـەوە هـی گـەلی کـوردە و ئـەو زەوییـە لـەخۆ دەگرێـت (کـە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردە). زمانی کـوردیی بـە زمـانی ڕەسمیـی کوردسـتان

---

[1] بڕوانە: م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٢٩–١٣٠.

[2] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠٢.

[3] بڕوانە: م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٣٠.

[4] **Emin Demirel, a.g.e, S 626.**

دادەنا و داوای دەکرد: دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن بە دەست کوردەوە بن. لەپێناو دەستەبەرکردنی مافەکانی کوردیش، هاوکاریکردنی لەگەڵ سەرجەم لایەنە کوردییەکان بە یەکێك لە پرەنسیپەکانی دادەنا و ڕایانگەیاند بەشداری لەهەموو هەوڵێك دەکەن کە بۆ پیکهێنانی (بەرەی باکووری کوردستان) بدرێت. ئەم پارتە، دوو گۆڤاریان بە ناوەکانی (جودی) و (کوردستانی تێکۆشەر) دەردەکرد، لەگەڵ چەند کتێب و بڵاوکراوەیەکی تر[1]. ئەندامانی (پاك) لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی تورکیاوە، دووچاری گرتن و دادگاییکردن بوونەوە و لە هەڵمەتێکدا لە مەڵاتیا ڕابەری ئەم پارتە بە ناوی (حسامەدین هۆجاکۆك) گیرا و ڕایانگەیاند کەوا کۆمەڵێك چەك و تەقەمەنی ئەو پارتە دەستی بەسەردا گیراوە و حکومەتی ئێرانیان بە پێدانی ئەو چەك و تەقەمەنییانە تۆمەتبار کردووە[2].

**٢- بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانی نەتەوەیی کوردستان (کوك) و جیابوونەوەی باڵی سۆسیالستی:**

ئەم بزووتنەوەیە دوای کودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠، ئەندامانی سەرکردایەتییان چوونە ئەوروپا و بەشێکی کەم لە هێزەکانیان لە باکووری کوردستاندا مابوونەوە. لە ساڵی ١٩٨١دا، کۆنفرانسێکیان بەست و بە ڕەسمی ناوی ڕێکخراوەکەیان کرد بە ڕزگاریخوازانی نەتەوەیی کوردستان (کوك). دوای کۆنفرانس، لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندی (کوك) لە ساڵی ١٩٨٢دا، باڵێکی سۆسیالستی سەریان هەڵدا و دواتر بە ناوی (بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانی نەتەوەیی کوردستان – باڵی سۆسیالستی) جیابوونەوە، کە پێکهاتبوون لە (عەبدوڕەحمان گوندی، یاڵچن، سەیدۆ، مەولا)، کە لەژێر کاریگەریی حیزبی شیوعی کوردستانی عێراقدا بوون و تێڕوانینی سۆڤیەتیان هەبوو[3]. ئەمانە، داوای سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد و تا ساڵی ١٩٨٦، هێزی چەکداریان هەبوو،

---

[1] محمد صالح طابوری، في سبيل تحرير الكرد وتوحيد كردستان، مطبعة قةشـةنط، السليمانية، ٢٠٠١، ص١٣٨–١٤١.

[2] **Emin Demirel, a.g.e, S 627.**

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڕەحمان چیایی، ئەندامی کوك، هەولێر، ٧ی ئابی ٢٠٠٩.

بەڵام بەهۆی ئەوەی سەرکردایەتییان لە دەرەوەی تورکیا (لە ئەوروپا بوو) هیچ کاریگەرییەکیان نەبوو، گۆڤارێکیان بە ناوی (ڕێگەی شۆڕش) بڵاو دەکردەوە[1]. ئەمانە، لە ساڵی ١٩٩٢دا، بەشداریی بەرەیەکیان بە ناوی (یەکبوون) کرد، کە لە ئەڵمانیا دامەزرا و پارتی پێشەنگی کرێکارانی کوردستانیشی لەخۆی دەگرت[2]. باڵی نەتەوەیی (کوك)یش، بە ناوی خۆیان مانەوە و بەرەو لاوازی چوون و دواتر گەڕانەوە ناو پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا[3].

### ٣- پارتی پێشەنگی کرێکارانی کوردستان (PPKK):

ئەم پارتە، لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کارگەری کوردستان (کیپ) لە ساڵی ١٩٨٣دا جیابوونەوە و پارتی پێشەنگی کرێکارانی کوردستانیان پێکهێنا. ئەمانە بڕوایان بە خەباتی چەکداری نەبوو، ڕێکخستنیان لەناو لاوان و خوێندکاراندا بەهێز بوو، گۆڤارێکیان بە ناوی (پێشەنگ) و ڕۆژنامەیەکیشان بە ناوی (ئامانج) دەردەکرد[4].

### ٤- یەکێتیی سۆسیالستی کوردستان:

ئەم پارتە لەلایەن (سەلیم کایا)وە، دوای دەرکردنی لە ئاڵای ڕزگاری، لە ساڵی ١٩٨٤دا، دامەزرا. ئەم پارتە، مارکسی– لینینی بوو، لە بەرنامەکەیدا، داوای کوردستانێکی سەربەخۆی دەکرد، بەڵام بڕوایان بە خەباتی چەکداری نەبوو. بۆ ماوەیەکی کەم توانییان ڕۆژنامەیەك بە ناوی (ڕزگاریی وڵات) دەربکەن، کە لەلایەن (سەلیم کایا)وە دەردەکرا. ئەم پارتە، بەهۆی ئەوەی ڕێکخستەکانی لاواز بوون، نەیانتوانی چالاکیی زۆر ئەنجام بدەن، لەبەرئەوە، لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٠دا، کۆنفرانسێکیان بەست و خۆیان هەڵوەشاندەوە و زۆربەی ئەندامەکانی گەڕانەوە ناو پارتی (ئاڵای ڕزگاری) و بەشێکی تریشیان چوونە ناو (پارتی دیموکراتی

---

[1] فرەنسۆ هەریری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

[2] Emin Demirel, a.g.e, S 616.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڕەحمان چیایی، ئەندامی کوك، هەولێر، ٧ی ئابی ٢٠٠٩.

[4] فرەنسۆ هەریری، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.

کوردستانی تورکیا). ئەمانە گروپ بوون و تا دوای نەوەدەکان نەبوون بە حیزب[1].

### ٥- پارتی هێزەکانی کوردستان -پارتیا هێزێن کوردستانێ-:

ئەم پارتە پارتێکی زۆر بچووك بوو، چەند کادیرێکی پارتی سۆسیالستی کوردستان، دوای جیابوونەوەیان لە ساڵی ١٩٨٨دا، دایانمەزراند. ئەمانە، خۆیان بە مارکسی دەزانی و زۆر دۆستی پارتی کۆمۆنیستی تورکیا (**TKP**) بوون و لە بەرنامەکەیاندا داوای کوردستانێکی سەربەخۆیان دەکرد و ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی (بەرگە) دەرکرد[2].

### ٦- تەڤگەری سۆسیالستی کوردستان:

ئەمە جولانەوەیەك بوو، لە دوو گروپ پێك هاتبوو، سکرتێری گشتییان (زەکی ئادسن) بوو، کە لە بەهاری ١٩٩٠دا، کۆچی دوایی کرد. جووڵانەوەیەکی مارکسی–لینینی بوو و داوای سەربەخۆیی کوردستانی دەکرد و بڕوای بە خەباتی چەکداری هەبوو. لێپرسراوی سەربازی ناوی (ئاکپ ئەسلان) بوو، بە سەرۆکیش دەناسرا، چونکە سەردەمێك سەرۆکی شارەوانیی ئاگری بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٨دا کوژرا. ئەم گروپە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە زۆر دۆست و نزیکی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو، بەڵام دواتر پەیوەندییان لەگەڵیدا تێکچوو. ئەم جووڵانەوەیە ناوی هێزی چەکداریان (لەشکری ڕزگاری کوردستان)ەو ژمارەیەکی کەم چەکداریان هەبوو، هەندێك ئەندام و کادیریشان ماوەیەك مەشق و ڕاهێنانیان دەکرد لە لوبنان، هەروەها ڕۆژنامەیەکی ناوەندیشییان دەردەکرد بە ناوی (دەنگی وڵات)[3].

---

[1] وصال نجيب عارف العزاوي، القضية الكردية...، ص١٣٥؛ Emin Demirel, a.g.e, S 616-617

[2] فرەنسۆ هەریری، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.

[3] فرەنسۆ هەریری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

**٧- بەرەی رزگاریخوازی کوردستان- تەڤگەرا رزگاریا کوردستان (تەڤگەر):**

ئەمە بەرەیەك بوو، لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨٨، لە چەند پارت و رێکخستنێکی کوردی لە برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا پێکهات، کە بریتی بوون لە: (پارتی پێشەنگی کارکەری کوردستان، پارتی سۆسیالستی کوردستان، ئالای رزگاری، پارتی دیموکراتی کوردستان رێکخستنی نەتەوەیی، پارتی هێزەکانی کوردستان، شۆرشگێرێن کوردستان، پارتی رزگاری کوردستان- بالی سۆسیالستی، یەکێتیی سۆسیالستی کوردستان). ئەم بەرەیە رۆژنامەیەکی بە ناوی (تەڤگەر)ەوە دەردەکرد، کە داوای یەکگرتنی سەرجەم لایەنە کوردییەکانی دەکرد لەپێناو سەربەخۆیی کوردستاندا[1].

لە یەکەم بەیاننامەی تەڤگەردا هاتووە "...ئامانجمان رزگارکردنی ولاتەکەمانە، کە سەدان ساڵە لەژێر دەستی داگیرکەران دایە، تێدەکۆشین زنجیر و تەوقی ستەمکارانەی دوژمن لە ئەستۆی گەلەکەمان بشکێنین، دەولەتێکی دیموکراتی لە کوردستان ساز بکەین، کۆمەلگا دواکەوتووەکەی کوردەواری بەرەو پێشکەوتن و ژیانی بەختیاری و مۆدێرن بەرین"[2].

ئەم بەرەیە تا ساڵی ١٩٩١، توانیی هەندێ چالاکیی سیاسی و راگەیاندن لەریزی رێکخراوەکانیدا ئەنجام بدات، بەلام بەهۆی ئەو گۆرانکاریانەی بەسەر باری کوردستان (بە تایبەت بەسەر باکووری کوردستاندا) هاتن و ئەو شکست و تێکچوونەی بەسەر ولاتانی سۆسیالستی و هێزە چەپەکاندا هات، بووە هۆی ئەوەی، ناو و دەنگی تەڤگەر لە گۆرەپانی سیاسییدا کز بێت و هەندێکیان وازیان هێنا و رێکخراو و کۆمەلەی بچووکیان لە دەرەوەی ولات پێکهێنایەوە[3].

**٨- پارتی خەلکی زەحمەتکێش (HEP):**

ئەم پارتە دوای دەرکردنی (٧) ئەندامپەرلەمانە کوردەکەی پارتی گەلی سۆسیال دیموکرات (SHP)، لە ٧ی حوزەیرانی ١٩٩٠دا، لە ئەنقەرەی پایتەخت،

---

[1] وصال نجيب عارف العزاوي، القضية الكردية...، ص١٥.

[2] بروانە: فاتیح رەسول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١-١٠٢.

[3] هەمان سەرچاوە، ل١٠١-١٠٢.

به ئیمزاکردنی (٧٧) ئەندام، دامەزرا. پاش دروستبوونیشی، (٤) پەرلەمانتاری تریش پەیوەندییان بەم پارتەوە کرد. ئەم پەرلەمانتارانە (کە زۆربەیان) لە دەستەی دامەزرێنەی پارتی گەلی سۆسیال دیموکرات بوون و لەناویشیاندا سکرتێری دیسك (فەهمی ئیشیکلار)ی پەرلەمانتاری شاری (بورسە) بوو، کە بوو بە سەرۆکی گشتی[١].

ئەم پارتە، بەهۆی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩١، کۆنگرەی دامەزراندنی نەبەست، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، (٢٢) ئەندامیان بە ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی گەلی سۆسیال دیموکرات، وەك ئەندامپەرلەمان هەڵبژێردران، لە هەڵبژاردنی تشرینی یەکەمی ١٩٩١[٢] و زۆربەی دەنگەکانی کوردستانیان بەدەست هێنا. بەمەش سلیمان دێمیرێل کە بوو بە سەرۆکوەزیران، ناچار بوو ڕێگە بە کوردەکانی لایەنگری (**HEP**) بدات ڕۆژنامەیەك بە ناوی یەنی ئویلکە (نیشتیمانی نوێ) دەر بکەن[٣].

دوو ئەندامپەرلەمانی سەر بەو پارتە، دوای هەڵبژاردن کە بریتی بوون، لە: (خەتیب دیجلە) و (لەیلا زانا)[٤] لە کاتی سوێندخواردنی ئەندامەتیدا، لە

---

[١] لێکۆڵینەوەیەك لەسەر بارودۆخی کورد لە تورکیا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢-١٣.

[٢] لەم هەڵبژاردنەدا، پارتی ڕێگای ڕاست بە سەرۆکایەتیی (سلیمان دێمیرێل)، سەرکەوتنی بەدەست هێنا و دوای هەڵبژاردن، دێمیرێل هاوپەیمانێتییەکی لەگەڵ پارتی گەلی سۆسیال دیموکرات بە سەرۆکایەتیی ئەردال ئینەنۆ بەست. بڕوانە: عثمان علي، المصدر السابق، ص١٧.

[٣] میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٩٨، عثمان علي، المصدر السابق،ص١٧.

[٤] لەیلا زانا، لە ساڵی ١٩٦١، لە گوندی (باخچە)ی سەر بە دیاربەکر لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩٧٥دا، شووی بە (مەهدی زانا) کردووە، کە لە ساڵی ١٩٨٦دا، بە سەرۆکشارەوانیی دیاربەکر هەڵبژێردراوە، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ ئەوەی لەیلا زانا تێکەڵ بە سیاسەت ببێت. دوای کودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠، مەهدی زانای هاوسەری و سەرۆکشارەوانی دیاربەکر، دەگیرێ و دوای ئەوە، لەیلا زانا خۆی فێری خوێندەواری دەکات و یەکەمین ژن بوو لە دیاربەکر، کە بڕوانامەی ناوەندی بەبێ چوونە خوێندنگا وەرگرت و هەر لەو کاتەشدا بوو، بەهرەی ڕێکخستنی ژنانی تێدا دەرکەوت و بوو بە قسەکەری کۆمەڵەی ئەو ژنانەی لە بەندی (چاوەڕوانیی) هاوسەرە زیندانیکراوەکانیاندا

پەرلەمان، هەرایەکی گەورەیان نایەوە. لەیلا زانا، بە ڕەنگی سور و زەرد و سەوز، کە بە ڕەنگی نەتەوەیی لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە، ناو دەبرێت، قژی بە ستبوو، خەتیب دیجلەش، دەسرێکی بە هەمان رەنگەوە بە دەستەوە گرتبوو، ڕایانگەیاند: دژی ناوەرۆکی ڕەگەزپەرستی دەقی ئەو سوێندەن کە ئەندامانی پەرلەمانی تورکیا دەبێ بیخۆن، بۆ ئەوەی ببن بە پەرلەمانتار، کە دەڵێ "من سوێند دەخۆم بەرانبەر بە تورکیای مەزن بەو یەکێتییەی جیانابێتەوە لە گەل و نیشتیمان"، ڕایان گەیاند بە ناچاری و تەنها لەپێناو برایەتیی هەردوو گەلی کورد و تورکدا ئەو سوێندە دەخۆن[١]. ئەم هەڵوێستەش لەلایەن تورکەکانەوە بە سوکایەتی لەقەڵەم درا و هەردوو نوێنەریان لە پارتی گەلی سۆسیال دیموکرات دەرکرد و ئەو ڕێککەوتننامەی هەردوو حیزب پێشتر بۆ هەڵبژاردنەکان مۆریان کردبوو هەڵوەشایەوە[٢]. ڕۆژێك دوای سوێندخواردنەکەش، ڕۆژنامەکان بە مانشێتی (تووڕەیی سەرتاپای گەلی گرتۆتەوە، دەرکەوتنێکی ناشرین لە پەرلەماندا، دوو لە تیرۆریستان لە نێوان ئەندامانی پەرلەماندا دەرکەوتن). سەرۆك ئۆێزالیش ڕایگەیاند "دیجلەو زانا بەم کارەیان یارمەتیی پرسی هاوڵاتییەکانیان نەدا لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی تورکیا"، بەڵام سلیمان دێمیرێلی سەرۆکوەزیران ڕایگەیاند "هیچ هۆیەك نییە لەپێناویدا ئەو ترس و لەرزە بڵاو بێتەوە"[٣].

ئەم پارتە، لە کانوونی یەکەمی ١٩٩١دا، کۆنگرەیەکی لە ئەستەنبوڵ بەست و تیایدا بانگهێشتی دایکی عەبدوڵلا ئۆجەلانی کرد و وەك پاڵەوان پێشوازییان لێکرد، هەروەها هوتافیان دەدا بە (بژی پارتی کرێکاران و سەرۆکەکەی)[٤].

---

بوون. دوای سەرهەڵدانی خەباتی چەکداریش، لە ١٥ی ئابی ١٩٨٤دا، لەیلا زانا، وەك ژنێك لە (ڕێگەی خەباتی سیاسی و پەرلەمانییەوە) تێکەڵاوی ئەو بزاڤە بووە و چەندین جار لەسەر هەڵوێست و بەرگریکردنی لە مافی نەتەوەیی و دۆزی کورد لە تورکیادا، دەستگیرکراوە. بڕوانە، جەبار قادر، چەند بابەتێکی...، ل١٦١-١٧١.

[١] جەبار قادر، چەند بابەتێکی...، ل١٦٧؛ میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٩٨.

[٢] بڕوانە: دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠٦-٧٠٧.

[٣] بڕوانە: میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٩٩.

[٤] عثمان علي، المصدر السابق، ص١٧.

**٩- پارتی کرێکارانی کوردستان- ڤەژین:**

ئەم پارتە، دوای بەستنی کۆنگرەی چوارەمی پارتی کرێکارانی کوردستان لە کانونی یەکەمی ١٩٩٠، کاتێ ژمارەیەك لە ئەندامان جیابوونەوە، لە ساڵی ١٩٩١دا، ئەم پارتەیان دامەزراند کە پێکهاتبوون لە هەندێ ئەندامی سەرکردایەتی و کادیر لە ناوەوەی کوردستان و ئەوروپا، وەکو (جەنگیز هزر، عەبدورەحمان کایکچی،دکتۆر باران–موسلوم دورگون–، مەمەد شەنەر و فایەق باتمان). دیارترین ئەندامەکانیشی ئەرجان و حسین یەڵدرم بوون. لە پایزی ئەو ساڵەدا، کۆنفرانسێکیان بۆ ڕێکخستنی پارتەکە بەست و جیابوونەوەی ئەو کۆمەڵە سەرکردە و کادیرانە لەوەوە هاتبوو، کە داوای چاکسازیی بنەڕەتی و گۆڕینی بەرنامەی پارتی کرێکارانی کوردستان و عەبدوڵڵا ئۆجەلانیان دەکرد، داوای کارکردنیان دەکرد لەسەر بنەمای دیموکراتی. سیاسەتی ستراتیژی (پەکەکە–ڤەژین) بریتی بوو لە کارکردن بۆ ڕزگارکردنی کوردستان و باوەڕبوون بە خەباتی سیاسی و سەربازی و پارێزگاریکردن لە هەرێمی باشووری کوردستان، کە بە نهێنی کاروبارەکانیان بەڕێوەدەبرد و ڕایانگەیاند ناچنەوە ناو پارتی کرێکارانی کوردستان تاوەکو عەبدوڵڵا ئۆیج ئالان سەرۆکی بێت[1].

ئەندامانی ئەم پارتە و هەندێ کەس، ئۆیج ئالان تۆمەتبار دەکەن بە کوشتنی ژمارەیەك لە ئەندامانی (پەکەکە–ڤەژین)، لەوانەش کوشتنی محەمەد شەنەر لە قامیشلی سوریا و دکتۆر بارانی فەرماندەی پێشووی پارتی کرێکارانی کوردستان ،بەڵام ڕاپۆرتێکی پارتی کرێکارانی کوردستان، بڵاویکردەوە کە دکتۆر باران خۆی کوشتووە[2].

ئەم پارتە، کۆمەڵێك بڵاوکراوەیان دژ بە ئۆیج ئالان دەرکرد، لەوانەش: بڵاوکراوەیەك لەژێر ناونیشانی (کوردستانی باشوور و ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆماندایە)، هەروەها بڵاوکراوەیەکی تریشیان بە ناوی (تیشکێك بۆ سەر

---

[1] بڕوانە: نشرة تاريخية عن الاحزاب الكردية في الكردستان الشمالية: اصدرها مكتب علاقات الفرع الاول للحزب الديمقراطي الكوردستاني، مايس ١٩٩٦، ص١٨–٢١؛. Emin Demirel, a.g.e, S 608

[2] بڕوانە: مراد خۆشەڤی حسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٢؛.Emin Demirel, a.g.e, S 610

دیاردەی لە سێدارەدانی باشوورییەکان) دەرکرد. ئـەم پارتـە، بەرپرسـی یەکـەمی دکتۆر باران بوو، تەنها بارەگایان لـە دهـۆك هـەبوو، بـەڵام نـەیانتوانی ڕێکخستنە سیاسی و سەربازییەکانیان فراوان بکەن، بۆیە بەرەو پووکانەوە چوون[١].

**باسی چوارەم/ گۆڕانکارییە هەرێمی و جیهانییەکان و دۆزی کورد لە تورکیادا:**

لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکاندا، چـەند گۆڕنکارییـەکی گـرنگ، وڵاتـانی دراوسـێی تورکیـا و جیهـانی گرتـەوە، کـە کاریگـەرییان لەسـەر بـاکووری کوردستان هەبوو. یەکێك لەو پێشهاتانە کۆتاییهاتنی جەنگی نێوان عێراق و ئێـران (١٩٨٠–١٩٨٨) بوو کە لە دوای پەسەندکردنی بڕیاری (٥٩٨)ی ڕێکخراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان لەلایـەن ئێرانـەوە، لـە ١٨ی تـەممووزی ١٩٨٨دا بـە ڕاگەیانـدنی ئاگربەستی ٨ی ئـاب، کۆتـایی هـات[٢]. بـە کۆتاییهـاتنی جەنگەکـەش، حکومـەتی عێـراق، هێرشـێکی چـڕی بـە بـەکارهێنانی چـەکی کیمیـایی کـردە سـەر ناوچـە کوردییەکانی نێوان (دهۆك–موسڵ)ی نزیـك سـنورەکانی تورکیـا و ئـەنجامی ئـەو هێرشـەش بـووە هـۆی ئـاوارەبوونی دەیـان هـەزار کـەس لـە پـیر و ژن و منـداڵ و هەزاران چەکداری کورد بۆ نـاو خـاکی تورکیـا، کـە ژمارەیـان بـە (٥٠–٦٠) هـەزار کەس مەزەندە دەکرا[٣].

لەسـەرەتادا، حکومـەتی تورکیـا، پەنابـەرەکانی قبـوڵ نـەکرد و ڕایگەیانـد هەرکەسێك سنور ببەزێنێ دەیگێڕێتەوە، چونکە لـە دزەکردنـی چـەکدارانی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان و کاریگـەریی کوردەکـانی باشـووری کوردسـتان (لەسـەر باکووری کوردستان) و بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی (لەنێویاندا) دەترسـا[٤]،

---

[١] نشرة تاريخية عن الاحزاب الكردية في الكردستان الشمالية، المصدر السابق، ص٢١–٢٢.

[٢] کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و هیوای سـەربەخۆیی، و. ئـەکرەمی میهـرداد، ب. یەکەم، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلیمانی، ٢٠٠٢، ل٨٥.

[٣] جرجيس حسن، المصدر السابق، ص١١٥؛ فليب روبنس، تركيا والشرق الاوسط، ط١،دار قرطبة للنشر والتوثيق ولابحاث، د.م، ١٩٩٣، ص٨٠

[٤] دیڤید مەکداول، سەرچـاوەی پێـشوو، ل٥٩٣؛ مـراد خۆشـەڤی حسۆ، سەرچـاوەی پێـشوو، ل٦٣.

بەڵام دوای کۆبوونەوەی ٢٩ی ئابی هەمان ساڵ و لەسەر داوای تورگوت ئۆیزال، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا، بە سەرۆکایەتیی سەرۆککۆمار کۆبووە و ئەنجومەن بڕیاریدا: ڕێگە بە پەنابەرەکان بدرێ، بێنە ناو خاکی تورکیا و جەختی کردەوە کە دەرکردنی ئەو بڕیارە هۆکاری مرۆییە و کارناکاتە سەر سیاسەتی تورکیا لە بەرانبەر هێزە ناکۆکەکان لە ناوچەکەدا، دواتریش، پەنابەرەکان، لەسەر سنورەکان، گوێزرانەوە و لە ئۆردوگای چادرنشیندا جێگیر کران[1].

تورکیا کە ڕێگەی بە پەڕینەوەی ئاوارەکان بۆ ناو خاکەکەیدا، لەهەمان کاتدا بۆ ڕاگرتنی دڵی عێراق و ڕەواندنەوەی نیگەرانیی ڕژێمی سەدام حسین، نکۆڵی لەوە کرد، کە چەکی کیمیاوی لە دژی کوردە ئاوارەبووەکانی عێراق بەکار هاتبێت[2]. لە ٩ی ئەیلولی ١٩٨٨، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، ڕایگەیاند کە هیچ بەڵگەیەکیان نییە بەوەی پەنابەرە کوردەکان بە چەکی کیمیایی بریندار بووبن. وەزیری ناوخۆی تورکیاش (مستەفا کەمال) کە خۆی پزیشکی هەناوی بوو، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هیچ دۆزێکی دیاریکراو نییە کە بەکارهێنانی گازی کیمیایی بسەلمێنێت. ئەمە لەکاتێکدا شەش ئەندامپەرلەمانی کوردی سەر بە پارتی گەلی سۆسیال دیموکرات، ڕێکخراوی پزیشکە هەناوییەکانی بۆ مافی مرۆڤ ئاگادار کردەوە کە سەردانی کامپی پەنابەرانیان کردبوو، بەوەی کە شەش پزیشکی ناوچەی هەکاری، ڕاپۆرتێکیان نووسیوە و ئەو ئەنجامە بەدەستەوە دەدەن، کە چەکی کیمیایی دژ بە کوردەکانی باشووری کوردستان بەکار هاتووە[3].

لە بەرانبەر کردنەوەی سنورەکانی تورکیا بە ڕووی ئاوارەکاندا، حکومەتی عێراق لای خۆیەوە ڕەخنەی لە حکومەتی تورکیا گرت و داوای کرد، مافی

---

[1] بڕوانە: جرجيس حسن، المصدر السابق، ص١١٥.

[2] هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ١٩٩١–١٩٩٨، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلیمانی، ٢٠٠٨، ل٨٣.

[3] نەسیمەکانی مەرگ، ڕاپۆرتی سەردانی تیمی تەندروستی بۆ کوردستانی تورکیا لەلایەن پزیشکی هەناوییەکان بۆ مافی مرۆڤ، چ١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٤، ٣٣، ٣٤.

خۆیەتی خاکی تورکیا بە پێی ڕێککەوتننامەی ساڵی (١٩٨٢)، بۆ ڕاوەدونانی کورد بەکار بهێنێت و ئاوارەکان دەستگیر بکات و ڕاپێچی عێراقیان بکاتەوە، بەڵام وەزیری بەرگریی تورکیا ڕایگەیاند، لەژێر هیچ پاساوێکدا ڕێگە بە سوپای عێراق نادرێت خاکی تورکیا بەکار بهێنێت[1]. دواتریش تورکیا یەکلایەنە ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٨٢ی هەڵوەشاندەوە، هەرچەندە جارێکی تر لە ساڵی ١٩٨٩دا، داوای نوێکردنەوەی کردەوە، بەڵام حکومەتی عێراق ئەو داخوازییەی ڕەت کردەوە[2].

جگە لەوەش، چەند هۆکارێکی تر لە پشت بڕیاڕی ڕێگەپێدانی ئاوارەکان هەبوون، لەوانەش: فشاری ئەندامپەرلەمانە کوردەکان لەسەر حکومەتی تورکیا، کە وەفدێکیان پێکهێناو چاویان بە ئوێزالی سەرۆکوەزیران کەوت و داوایان کرد ڕێگە بە هاتنە ناوەوەی ئاوارە کوردەکان بۆ ناو خاکی تورکیا بدات، هەروەها مەبەستی ڕاکێشانی سۆزی گەلی کورد بوو بەلای خۆیدا، بۆ ئەوەی وەك کارتێکی فشار و ڕێککەوتن ئەم بابەتە لەپێناو بەرژەوەندییە مێژوویی و ئابوورییەکانی لە باشووری کوردستاندا بەکاربهێنێ، بەو هۆیەی کوردەکان بەربەستێکی گەورەن لە بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی تورکیا لەو ناوچەیەدا، بۆیە پێوستی بەوە هەبوو سۆزیان ڕابکێشێت، ئەگەر ویستی باشووری کوردستان داگیر بکات[3].

ئاوارەکان لە تورکیادا، لە پێنج ئۆردوگا (لە ژێر چادردا) جێ کرانەوە. ئەو ئۆردوگایانە دەکەوتنە دیاربەکر و هەکاری و ماردینەوە، بەڵام لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٩، لە سێ ئۆردوگا کۆ کرانەوە، کە یەکێکیان لە (دیاربەکر) و یەکێکی تریان لە نزیك (موش) و ئۆردوگای سێیەمیشیان لە (قزڵتەپە) بوو، ژیانیان لە ئۆردوگاکاندا لە دۆخێکی ناهەمواردا بوو[4].

---

[1] هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.

[2] خليل علي مراد، الموقف الإقليمي من الحركة الكردية المسلحة في تركيا ١٩٨٤–١٩٩٨، مجلة دراسات إقليمية، العدد (٣)، مركز الدراسات الإقليمية/ جامعة الموصل، حزيران ٢٠٠٥، ص٣٥.

[3] بڕوانە: جرجيس حسن، المصدر السابق، ص١١٨–١١٩.

[4] بڕوانە: نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٧–١٤٨.

وێـڕای ناڵـەباریی ژیـانی ئاوارەکـان لـە ئۆردوگاکانـدا، حکومـەتی تورکیـا، لـە بڕیارێکیدا، هەموو ئەو پەنابەرانەی بە میـوان لـە قەڵـەم دان و مـافی پەنابـەرێتیی پێنەدان. ئەمەش لەپێناو ئەوەدا بـوو تـاوەکو شـوێن و جێگـەیان بـە شـێوەیەکی سـادە و سـاکار بـۆ دروسـت بکـات و لـە مـافی خوێنـدن و ئیـشکردن و نیشتەجێبوونیان لە تورکیا بێبەشیان بکـات. کاتێـك تورکیـا زانیـی پێداویـستیی مرۆیی لە ڕۆژئاواوە بـۆ ئاوارەکـان بـە دەسـت ناگـات، هانیـدان تورکیـا جێبهـێڵن، ئەوەبوو هەندێکیان ڕوویـان کـردە سـوریا و هەنـدێکی تـر بـە بێئاگـاداریی ئێـران، ڕەوانەی ناو سنوری ئێران کران و ڕێگەشی لەوانە نەگرت کە بەرەو یۆنان ڕۆیشتن. تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٩، (٣٦) هەزار کەس لە تورکیادا، مابوونەوە[(١)].

دوابـەدوای کۆتاییهـاتنی جـەنگی نێـوان عێـڕاق–ئێـران، گۆڕانکارییـەکی تـری گرنگ ڕوویدا، کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئاستی جیهانییدا لێکەوتەوە، ئەویش کۆتاییهاتنی (جەنگی سارد)[(٢)] بوو لەساڵی ١٩٨٩دا، ئەم پرۆسەیە دوای گەیـشتنی (گۆرباچۆف) بۆ سەرۆکایەتیی یەکێتیی سۆڤییەت، لە ساڵی ١٩٨٥دا، دەستی پـێ کرد، کـە خاڵـە لاوازەکـانی هێـزی سـەربازیی سـۆڤییەتی و لاوازیـی تواناکـانی لـە پاراستنی کرداری هاوسەنگیی هێـزی لـە ململانـێ نێودەوڵەتییەکانـدا لێکەوتـەوە. جـەنگی سـارد، بـە ڕووخـانی دیـواری بـەرلین، لـە ٩ی تـشرینی دووەمـی ١٩٨٩،

---

(١) هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.

(٢) جەنگی سارد، لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانییەوە دەستی پێ کرد، کە تێیدا جیهان دابەش بوو بەسەر دوو سەربازگە (جەمسەر)دا، یەکێکان ڕۆژئاوایی بوو، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرۆکایەتی دەکردو ئەوەی تریشیان ڕۆژهەڵاتی بوو، کە یەکێتیی سۆڤیەت سەرۆکایەتی دەکرد. بۆ زانیـاریی زیـاتر دەربـارەی جـەنگی سـاردو کۆتاییهـاتنی بڕوانە: یوسف محەمەد سادق، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سەردەمی شـەڕی سـارددا، گۆڤـاری (نوێبـوون)، ژ٣، بەشـی ڕونـاکبیری مەڵبەنـدی یـەکی (ی.ن.ك)، بـەهاری ٢٠٠٨، ل١٨٧–٢١٧؛ محەمەد ئیحسان، ململانێیـە نێودەوڵەتییـەکان لـە سـەدەی بیستەم دا، و. ئاسـۆکەریم و کامـەران ئەحمـەد، چ١، چـاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە، هـەولێر، ٢٠٠١، ل١٤٣–١٩٥؛ جورج سكولوف، روسيا بين ١٨١٥–١٩٩١، ت. انطون حمصي، الجزء الثاني، القسم الثاني، منشورات وزارة الثقافة في الجمهورية السورية، دمشق، ١٩٩٩.

کۆتایی هات و دواتریش لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتی لێکەوتەوە لە ٨ی ئەیلولی ١٩٩١دا[١].

لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی سارد، زۆر بۆچوون هەبوون، پێیان وابوو تورکیا پێگەو گرنگیی ستراتیژیی خۆی بۆ بلۆکی ڕۆژئاوا لە دەست داوە و هیچ پێویستییەك بەو وڵاتە نەماوە، بەڵام بە داگیرکردنی کوێت لە ٢ی ئابی ١٩٩٠دا، لەلایەن عێراقەوە و دوای ئەوەش شەڕی ڕزگارکردنی ئەو وڵاتە لە (١٧ی ینایر-٢٤ فبرایری ١٩٩١)، کە دژی عێراق بە سەرۆکایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڕێوەچوو[٢]، دوو هۆکاری سەرەکی بوون، گرنگیی تورکیایان بە بیر وڵاتانی ڕۆژئاوا هێنایەوە و ئەو ڕاستییەیان دەرخست، کە گرنگی ئەو وڵاتە ڕەنگبێ لە جاران زیاتربێ بۆ ڕۆژئاوا[٣]. داگیرکردنی کوێت، یەکەمین قەیرانی نێونەتەوەیی بوو لە دوای جەنگی سارد و داڕووخانی دەوڵەتە سۆسیالیستەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات لە ساڵانی (١٩٨٩-١٩٩٠)دا و کزبوونی خۆری یەکێتیی سۆڤییەت لەوکاتەدا، هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی جیهانی یەك جەمسەرە بوون بە سەرۆکایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاتنەکایەی (نەزمی نوێی

---

[١] بڕوانە: محمد طاهر محمد، القضية الكردية وحق تقرير المصير (الاستقلال- الحكم الذاتي- الفيدرالية)، ط١، مكتبة مدبولي، ٢٠٠٨، ص١٣٠-١٣١؛ عومەر نورەدینی، سیستەمی نوێی جیهان و دۆزی کورد، کوردستانی عێراق وەك نموونە، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری و سیاسییە، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٣، ل١١٩.

[٢] ئەم جەنگە، دوابەدوای دەرکردنی بڕیاری ژمارە ٦٧٩ هات، لە نۆڤەمبەری ١٩٩٠دا، کە تێیدا ئەنجومەنی ئاسایش هەموو ڕێگەیەکی بۆ دەرکردنی عێراق لە کوێت، بە ڕەوا لە قەڵەمدا. جەنگەکەش، بە بەشداری وڵاتانی هاوپەیمان کە لە (٣٠) دەوڵەت پێکهاتبوون، بە سەرکردایەتیی ئەمریکا بەڕێوە چوو، کە سەرەنجام عێراق شکستی خوارد و زیانێکی گیانی و مادی زۆری لێکەوتەوە. بڕوانە: هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧-٨٨.

[٣] خەلیل ماگنوس کاراوێلی، تورکیا: زلهێزێکی ئقلیمیی نوێی کۆن، گۆڤاری (سیاسەتی دەولی)، ژ٤، ساڵی سێیەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلیمانی، کانوونی دووەمی ١٩٩٥، ل٧٠؛ هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧.

جیهـان)[١]. یـەکێك لـە دیاردەکـانی ئـەم سیـستەمە تەسـککردنەوەی دەسـەڵاتی سیستەمە تۆتالیتارییەکان و بوژاندنەوەی بنەما نەتەوەییەکانی دەوڵەتان بوو[٢].

سەبارەت بە هەڵوێستی تورکیا لە بەرانبەر داگیرکردنی کوێتدا، لە دەستپێکدا ڕوون و ئاشکرا نەبوو، ئەم داگیرکارییەی عێراقیشی ئیدانە نەکرد، بـەڵام دواتـر لـە ١٢ی ئابـدا، وتەبێـژی ڕەسمـی بـە نـاوی سـەرۆکایەتیی کۆمـار، بـۆ کەناڵـەکانی ڕاگەیاندن دوا و ئاماژەی بەوە کرد: تورکیا پـشتگیریی هـیچ کـارێکی سـەربازی دژ بە عێراق ناکات. بەڵام لە خـاڵی دووەمـدا، پابەنـدیی تورکیـای بـە جێبـەجێکردنی سـەرجەم بڕیارەکـانی نەتـەوە یـەکگرتووەکانی پەیوەندیـدار بـە قـەیرانی کوێـت ڕاگەیاندبوو، هەروەها باسی ئەوەش کرابوو لە کاتی هەر دەستتێوەردانێکی دژ بـە عێراق، تورکیا بوار نادات لە خاکەکەیـەوە هێـرش بکرێتـە سـەر عێـراق[٣]. لەگـەڵ ئەوەشدا، لە ٧ی تشرینی یەکەمدا، تورکیـا بۆرییـە نەوتییـەکانی عێراقـی لـە نێـو خاکی خۆی داخست و مۆڵەتی بە فڕۆکەکانی ئەمریکا دا دوازدە بنکـەی سـەربازی لە تورکیا بەکار بهێنن[٤].

ئەو گۆڕانکارییانەی لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سـارد و لـە کـاتی تەنگـژەی کەنداودا خۆی بینییـەوە، کاریگەرییـەکی زۆریـان کـردە سـەر پەرەسـەندنی دۆزی نەتەوایـەتیی کـورد، لـە بـاکوور و باشـووری کوردسـتان. لـە پـایزی ١٩٩٠دا، ڕۆژنامەکانی تورکیا، نەخشەیەکیان بڵاوکردەوە کە ناو نرا بە (نەخشەی ئۆیزال) و تیایدا عێراقی دەکرد بە سێ دەوڵەتی بچووکی (عـەرەبی، کـوردی، تورکمـانی) لـە

---

[١] یوسف گۆران، هەڵوێستی تورکیـا سـەبارەت بـە هێرشـی عێـراق بـۆ سـەر کوێـت، گۆڤـاری (سیاسەتی نێو دەوڵەتان)، ژ١، سەنتەری لێکۆڵینەوەی سـتراتیجی کوردسـتان، سـلیمانی، تشرینی یەکەمی ٢٠٠١، ل٤٩؛ هاوڕێ باخـەوان، ئـاڵای کـورد (لێکۆڵینەوەیـەکی مێـژوویی– کۆمەڵایەتی–رامیاری)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلیمانی، ٢٠٠١، ل١٩٥.

[٢] بڕوانە: عومەر نورەدینی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٠.

[٣] یوسف گۆران، هەڵوێستی تورکیا...، ل٤٩،٥٢.

[٤] هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩.

چوارچێوەی یەکێتییەکی فیدراڵیدا[1]، بەڵام ئەم نەخشەیە لەلایەن سەرۆکی حکومەت و سەرۆکئەرکانی سوپاوە پێشوازیی لێنەکرا و ڕەت کرایەوە[2].

لە ڕاستیدا، ئۆیزال کە دەویست عێراق ببێتە سێ دەوڵەت، مەبەستی ئەوە بوو، کوردستانی عێراق بە کورد و تورکمانەکانەوە، بخرێنە سەر تورکیا و فیدراڵیزمێکی (کورد–تورکی) دابمەزرێ و بەوەش ناوچەی (موسڵ–کەرکوك)ی دەوڵەمەند بە نەوت بخرێتە سەر تورکیا، هەروەها ئەم فیدراڵیزمە ڕێ لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە کوردستانی عێراقدا دەگرێت، کە لەگەڵ لێدانی عێراق، لەلایەن ڕۆژئاواوە، ئەگەری دامەزراندنی زیاتر دەبوو، لە لایەکی تریشەوە، ئەم مەبەستەی ئۆیزال دەبووە چارەسەرێك بۆ دۆزی کورد لە تورکیا کە هەر لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیاوە تەنگی بە دەوڵەت هەڵچنیبوو[3]. لەم ڕووەوە، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ (کامەران قەرەداغی) کە کوردێکی عێراقییە و نووسەری کاروباری دەرەوەی ڕۆژنامەی (الحیاة)ی لەندەنی بوو، ئۆیزال دوای چاوپێکەوتنەکە، ڕایگەیان: کە نەنکی کوردە و دەریشیخستبوو، کە پلانی داناوە بە زووترین کات قانونە زۆر خراپەکەی تورکیا، کە لە ڕژێمە سەربازییەکەی (١٩٨٠–١٩٨٣) ماوەتەوە و تیایدا قەدەغەی بەکارهێنانی زمانی کوردی کردووە لابەرێت[4]. لە لایەکی تریشەوە، لە ڕێی ڕۆژنامەنووسی تورك (جەنگیز چاندار)ەوە، کەوتە پەیوەندیکردن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و لە ناویاندا جەلال تاڵەبانی لە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و موحسین دزەیی لە پارتی دیموکراتی کوردستان، هەردووکیان ڕازی بوون سەردانی ئەنقەرە بکەن و چاویان بە ئۆیزال بکەوێ[5].

---

[1] محەمەد نورەدین، تورکیا لە سەردەمی...، ل٣٧٥.

[2] بڕوانە: هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠.

[3] بڕوانە: محەمەد نورەدین، تورکیا لە سەردەمی...، ل٣٧٦.

[4] بڕوانە: جۆناتان–سی ڕاندال، کوردستان یان کلۆڵی نەتەوەیەك،دوای ئەو هەموو زانیارییە لێبوردنی چی، و. خەسرەو شاڵی، چاپخانەی بەرهەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلیمانی، ٢٠٠٣، ل١٣٢.

[5] هەمان سەرچاوە، ل١٣١–١٣٢.

هەر لەژێر کاریگەریی جەنگی ڕزگارکردنی کوێت و دوابەدوای کۆتاییهاتنی جەنگەکە، لە ٢٨ی شوباتی ١٩٩١، ڕاپەڕین لە ناوچەکانی باشووری عێراق دژ بە حکومەتی عێراق بەرپا بوو، دواتریش ڕاپەڕین لە ناوچەکانی باشووری کوردستان لە ٥ی ئادار لە شاری ڕانیەوە دەستی پێ کرد و تاوەکو ٢٠ی ئادار، چوار شارە گەورەکەی (سلیمانی، هەولێر، دهۆك و کەرکوك) ئازاد کران[١].

بەرپابوونی ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١، بووە هۆی چڕبوون و گەرموگورتربوونی گفتوگۆ حکومی و ناحکومییەکانی تورکیا، دەربارەی سیاسەتی تورکیا لە باشووری کوردستاندا[٢]، لەم بارەیەشەوە ئۆزال لە ١١ی ئاداردا لەگەڵ جەلال تاڵەبانیدا کۆبۆوە[٣]. لەم دیدارەدا، ئۆزال لەمەڕ ترسێك کە لەناو تورکیادا هەستی پێدەکرد وتی: [ئەمە شتێك نییە لە گوتنی بترسین کە لەگەڵ کوردەکاندا دۆست بین، ئەگەر دوژمنی یەکتر بین، ئەو دەم خەڵکانی دیکە دەتوانن لە دژی ئێمە سود لە کورد وەربگرن]. لە ڕاستیدا ئۆزال بیری لە ئاییندە دەکردەوە و بۆ دانوستانی ئاییندە لە کاتی لەبەریەکهەڵوەشانەوەی عێراق زەمینەی خۆش دەکرد و هەوڵی دەدا نەرمییەك لە هەڵوێستەکانی ئەنقەرە لەمەڕ کوردەکانی تورکیا لە سیاسەتی حکومەتدا دروست بکات[٤].

زۆری نەخایاند، ڕاپەڕینی باشووری کوردستان، دوای ماوەیەکی کەمی ئازادکردنی شارەکان، لە ٢٨و ٢٩ی ئادار، لە بەرانبەر هێرشەکانی سوپای عێراقدا

---

[١] هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٩١؛ فاتح ڕەسول، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٨. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ڕاپەڕینی ئاداری باشووری کوردستان بڕوانە: ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا، ڕاپەڕینی ئاداری (١٩٩١) لە باشووری کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلیمانی، ٢٠٠٩.

[٢] یوسف گۆران، سیاسەتی تورکیا لە کوردستانی عێراقدا (١٩٩٠-٢٠٠٠)، گۆڤاری (سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی)، ژ٣، ساڵی نۆیەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلیمانی، ئابی٢٠٠١، ل٥٢.

[٣] هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ٩٢.

[٤] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠٩-٦١٠.

شکستی هێنا[1]، حکومەتی بەعس دەستی گرتەوە بەسەر شاری کەرکوك و دواتریش بەرەو شارەکانی هەولێرو سلیمانیو دهۆكو زاخۆ پێشڕەویی کرد، لە ئەنجامدا و لە ترسی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و زوڵم و زۆری حکومەتی عێراقی، کۆڕەوی خەڵکی باشووری کوردستان بەرەو ئێران و تورکیا دەستی پێ کرد[2].

تورکەکان دژی چوونە ناوەوەی شەپۆلی ئاوارە کوردەکان بوون بۆ ناو تورکیا و دوای چەند ڕۆژێکیش، تورکیا سنورەکانی داخست و لە لایەکی تریشەوە، بەردەوام گفتوگۆی نهێنیی لەگەڵ سەرکردە کوردەکانی باشووری کوردستان دەکرد، بە ئومێدی ئەو ڕاستییەی کە پتەوبوونی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکانی عێراق لێدەکەوێتەوە و کاریگەریی لەسەر باکووری کوردستان دروست نەکات. سەرەڕای ئەوەش، تورکیا، ویستی ڕێگە لە کردنەوەی ئۆردوگای هەمیشەیی و نیمچە هەمیشەیی بۆ ئاوارەکان بگرێت، کە دەبوونە شوێنی پەروەردەکردنی گەریلای کوردی کە شانبەشانی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دەجەنگن، هەروەها دەترسا لەوەی ئەو ئۆردوگایانە ببنە سەرچاوەیەکی تری ناکۆکی لەگەڵ ڕۆژئاوادا، ئەگەر هات و ڕۆژئاوا پشتگیری داواکانی نیشتمانپەروەرانی کورد بکات[3]. لەبەرئەوە، ئەفسەرانی تورکیا، پەیوەندیی ئەم ئۆردوگایایەیان بە هەموو شێوەیەك لەگەڵ دەوروبەریدا بڕیبوو[4]. بەڵام بە پەرەسەندنی هەلومەرجی کورد لە باشووری کوردستان و پەیدابوونی هاوسۆزیی ڕۆژئاوا بەرانبەر کۆڕەوی کورد، تورکیای هاندا، هەڵوێستی پارێزگاریکردن لە کوردی باشوور بنوێنێ، بە تایبەت پاش ئەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ٦٨٨ی تایبەت بە پاراستنی کورد و شیعەی دەرکرد، تورکیا کارئاسانی پێویستی بۆ هێزەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا کرد، بۆ ئەوەی ئەو هێزانە،

---

(1) بڕوانە: کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب.یەکەم، ل١١١.

(2) دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١٣.

(3) نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٠.

(4) ڕێکخراوی گەلانی هەڕەشەلێکراو، **Human Rights work of the Society for Threatened Peoples for the Kurds 1970-2004,Translater for Kurdish Sorani (Kurdish intellectuals from Berlin), September 2004, P45.**

لـه ڕێـی خاکەکەیـەوە، بتـوانن بێنـە هەنـدێ ناوچـەی کوردسـتانی عێـڕاق، بـەو مەبەستەی، ئـەم هـەنگاوە، ببێتـە هـۆی گەڕانـەوەی ئـاوارە کوردەکـان، بـۆ سـەر خاکی خۆیان[1]. هەروەها تورگـوت ئـوێزال لـە باسـکردنی بیرۆکـەی دروسـتکردنی (ناوچەی ئارام)[2] بۆ کوردەکانی باشووری کوردستان، ڕۆڵێکی سـەرەکی گێـڕا[3]، کە سەرەنجام ناوچەی ئارام دروستکراو بەم پێیە ئەو ناوچەیە بـە پێـی نەخـشەی ڕێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان سـەرووی هێڵـی (٣٦) لـە دژی هێـزە ئاسمانییـەکانی عێـڕاق کەوتـە ژێـر چـاودێریی هێـزە سـەربازییەکانی وڵاتـانی ڕۆژئـاواوە[4]. لـە نیـسانی ١٩٩١یـشدا، پەرلـەمانی تورکیـا، ڕەزامەنـدیی لەسـەر بـەکارهێنانی بنکـەی ئەینجـەرلیك دەربـڕی کـە بـۆ مـاوەی شـەش مـانگ لەلایـەن هاوپـەیمانانەوە لە میانەی ئۆپەراسیۆنی بەدیهێنانی دڵنـەوایی لـەپێناو گەڕانـەوەی ئاوارەکان بەکار بهێنرێت، تورکیاش، بـە چـوار فڕۆکـەی جـەنگی، بەشـداریی تێـدا کـرد و دوای دروسـتکردنی هێـزی (چەکوشـی ئامـادە)[5]ش بـە (٧٤) سـەرباز بەشداریی کـرد[6]. ئـەم هەنگاوانـەی تورکیـا و بـوونی هێزەکـانی هاوپـەیمانان لـە

---

[1] یوسف گۆران، سیاسەتی تورکیا...، ل٥٣.

[2] ئەم ناوچەیە، لەلایەن بەریتانیا و بە پشتیوانی فەرەنسا پێشنیاز کرا و پاراستنیشی لەلایەن بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا بە پشتیوانی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ئـەوروپاوە مـسۆگەر دەکرا. بڕوانە: پ.ا.حەسەرتیان و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.

[3] بڕوانە: مراد خۆشەڤی حسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥.

[4] بڕوانە: پ.ا.حەسەرتیان و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.

[5] ئەم هێزە، پاش کۆتاییهاتنی ئۆپەراسیۆنی دابینکردنی ئاسایش پێکهات، کاتێـك هێزەکـانی هاوپـەیمانان، لـە باشـووری کوردسـتان، کـشانەوە و هەنـدێ لـە هێزەکانیـان، لـە بنکـەی ئەینجەرلیك و دیاربەکر هێشتەوە، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا، خۆیان بگەیەننە باشووری کوردسـتان. هێزەکـەش، لـە سـەربازانی ئـەمریکی و بـەریتانی و فەرەنـسی و تـورکی پێکدەهات کە ژمارەیان دەگەیشتە (٣–٥) هەزار سەرباز، لەگەڵ (٤٨) فڕۆکەی شـەڕکەر و (١٦٢) فڕۆکەی پشتیوانی و نۆ هەلیکۆپتەر. بڕوانە: یوسف گـۆران، سیاسـەتی تورکیـا...، ل٥٣.

[6] هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥؛ نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٢.

باكووری كوردستان، بوونه هۆی ئەوەی، پارتی كرێكارانی كوردستان، حكومەتی توركیا تاوانبار بكات كه دەیەوێ داهاتووی كورد بخاته خزمەتی نێودەوڵەتی و كۆلۆنیالیزمەوە و ناپاكی لە بەرژەوەندییە نیشتیمانییەكان و سەروەرێتیی توركیا دەكات، دواتریش دژ به بوونی سوپای رۆژئاوا لە كوردستان، پارتی كرێكاران، زنجیرەیەك هێرشی بۆ سەر ئامانجە توركییەكان بۆ كوشتنی سێ كارمەندی پایەبەرزی ناوخۆ لە ٢٨ی نیسانی ١٩٩١، بەرپا كرد، هەروەها زنجیرەیەك هەرەشەی دژ به جێگیربوونی سوپای هاوپەیمانان لە عێراق و توركیا و دژی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی بڵاو كردەوە، (كە ئەوكات) لەگەڵ هەردوو حكومەتی توركیا و عێراق، سەرگەرمی گفتو گۆكردن بوون[1].

ئەو گۆڕانكارییانەی لە جەنگی كەنداو و دروستكردنی ناوچەی ئاسایش هاتنە ئاراوە، كاریگەرییەكی گەورەی نەكردە سەر باروودۆخی كورد لە باكووری كوردستاندا، هەرچەندە دامەزراندنی هەرێمێكی ئۆتۆنۆمی لە باشووری كوردستان، هاندەرێك بوو بۆ كوردەكانی باكووری كوردستان. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەم گۆڕانكارییانە، نەیانتوانی ئەو ڕاستییە بگۆڕن كە گەلی كورد، لە هەر دوو وڵاتی توركیا و عێراقدا، خاوەنی دوو جەنگی جیاوازن[2]، بەڵام پارتی كرێكارانی كوردستان، هەر لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە، باردۆخی باشووری كوردستانی قۆستەوە و كەوتە ناردنی چەكدار و كۆكردنەوەی چەك و پارەوپول و ڕاكێشانی خەڵك بۆ لایەنگیریان. عەبدوڵڵا ئۆجەلانیش ڕێبازی سەرەكی پارتەكەی نەشاردەوە كە بریتی بوو لە سودوەرگرتن لە ناوچەی ئازادی باشووری كوردستان، بەشێوەیەك، پارتی كرێكارانی كوردستانیش ببێ بە خاوەن دەسەڵات و بڕیاردەری سەرەكی لە هەرێمەكەدا و دواتریش پارتێكی لە باشووری كوردستان، بە ناوی پارتی ئازادیی كوردستان (پاك) پێكهێنا[3]، بەو مەبەستەی پارتی كرێكارانی كوردستان، لە باشووری كوردستان بناسێنێ و پشتگیریی خەڵكی بۆ خەباتی ئەو پارتە لە باكووری كوردستان بەدەست بێنێ[4].

---

[1] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠١.

[2] بڕوانە: كەندالّ و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٨.

[3] فاتح رەسول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦،١٤٤.

[4] چاوپێكەوتن لەگەڵ یەكێك لە سەركردەكانی پاك (حەمەئەمین پێنجوێنی)، سلێمانی، ٥ی كانونی دووەمی٢٠٠٩.

ئـەم پارتـە، یەکـەمین کۆنفرانـسی دامەزرانـدنی، لـە چـیای زاگـرۆس، لەسـەر سنوری (عێراق–ئێران)، لە ئاداری ١٩٩١دا بەست و لە ڕاگەیـەنراوی دامەزراندنیـدا کە پێشکەشی کۆنفرانسی کردووە، ئامانجەکانی دیاری کردووە، لە سـەروویانەوە، بریتییـە لـە نەهێـشتنی دەسـەڵاتی ڕژێمـی کۆلۆنیالیـستی و ئیمپریـالیزمی لـە کوردسـتان و دامەزرانـدنی کوردسـتانێکی سـەربەخۆو ئـازاد، هـەروەها شـەڕی چەکداری بە بنچینەی خەبات دانا[1]. لـەپێناو سـەربەخۆیی باشـووری کوردسـتان، کە دەبوایە لە سـەر ڕێبـازی سۆسیالـستی زانستی بوایـە، بانگـەوازیی پێکهێنـانی یەکێتییەکی دەکرد لە نێوان هەموو هێـزە شۆڕشـگێڕ و نیـشتیمانییەکان و هـەموو کەس و گروپێك، کە ئامانجیـان لـەناوبردنی داگیرکـەران و کۆنەپەرسـتی نـاوخۆیی بێت، هەروەها بانگەوازیی خەباتێکی هاوبەشی دەکرد لەگـەڵ هـەموو ڕێکخراوێکدا کە ڕێبازی ڕزگـاریی نەتـەوەیی گرتبێتەبـەر لـە سەرووشیانەوە پـارتی کرێکـارانی کوردستان[2]. دەربارەی بـارودۆخی باشـووری کوردسـتانیش، (پـاك) پێـی وابـوو، تورکیا لە ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ (پ.د.ك) و (ی.ن.ك)ەوە، دەستدرێژی دەکاتە سـەر باشـووری کوردسـتان و هـەوڵ دەدات سـەرهەڵدانی کـورد لـە باشـووری کوردستاندا تێك بشکێنێت، بەوەی کە ناوچەکە دەخاتە ژێر چاودێریی خۆیەوە[3].

ئەم هەوڵانەی پارتی کرێکارانی کوردستان، بە مەبەسـتی پتـەوکردنی پێگـەی خـۆی لـە باشـووری کوردسـتاندا، بـووە هـۆی ئـەوەی، پەیوەنـدیی لەگـەڵ پارتـە کوردییەکانی باشوور و بەرەی کوردسـتانیدا بـەرەو خراپـی بـچێت، ئـەوە بـوو لـە ناوەڕاسـتی تـەممووزی ١٩٩١دا، لـە پێکدادانێکـدا، لـە نێـوان پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان و پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی عێراقـدا، دوو کـوژراو و برینـدارێکی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتانی لێکەوتـەوە[4]. لـە ڕاگەیانـدنێکی هاوبەشـی پـارتی

---

[1] بڕوانە: حزب الحرية الكردستاني ضرورة موضوعية تاريخية، مجلـة (دنگـی کردسـتان)، عـدد خـاص، اذار ١٩٩١، ص٥٥؛ چـاوپێکەوتن لەگـەڵ حەمەئـەمین پێنجـوێنی، سـلیمانی، ٥ی کانونی دووەمی ٢٠٠٩.

[2] بڕوانە: پارتی ئازادی کوردسـتان، پرۆگـرام بـەیانی دامەزرانـدن: پەسـەندکراوی کۆنفرانـسی دامەزراندنی پارتی ئازادی کوردستان، ب.ش. ئاداری ١٩٩١، ل١٠٨–١٠٩.

[3] هەمان سەرچاوە، ل٩٦.

[4] کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب. دووەم، ل١٦٦.

کرێکـارانی کوردسـتان و (پـاك)دا، لـه ٢٢ی تـشرینی یەکـەمی ١٩٩١دا هـاتووە: گفتوگۆی نێوان تورکیا و بەرەی کوردستانی لەپێناو دەرکردنـی پـارتی کرێکـارانی کوردستانە لە باشووری کوردسـتاندا و ماوەیـەکی کـەم دوای ئـەو گفتوگۆیانـەش، (٢٦) ئەندامیان لە دهـۆك دەسـتگیر کـراوە[1]. لـه لایـەکی تریـشەوە، بـووە هـۆی ئـەوەی سـوپای تورکیـا، سـنور ببـەزێنێ و لـە ئـابی ١٩٩١دا، بـە نـاوی لێـدانی بنکەکانی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتانەوە، بـۆ ئـەوەی ناوچـەکە نەبێتـە شـوێنی حەوانەوە و خۆڕێکخستنی پارتی کرێکارانی کوردستان دژی تورکیا، هێرشی کردە سـەر باشـووری کوردسـتان و سـەرۆکوەزیرانی نـوێی تورکیـاش (مەسـعود یلْمـاز) ڕایگەیاند: هێڵێکی بەریەککەوتن بە قوڵایی (٥کم) و بـە درێـژایی سـنوری هـەرێمی کوردستان پێك دەهێنێت و بۆ هەموو کەسێکیش قەدەغەیە ئەو سنورە ببەزێنێت. بەپێی ڕاگەیاندنی (پ.د.ك)، ئەو شوێنانەی بەر هێرشی سوپای تورکیا کەوتبوون، شوێنی ئاوارەکان بوو، هەروەها ئەو هێرشە بۆتە هۆی کوشتنی ١٨کەسی سڤیل، کە لەناویانـدا ژن و منـداڵ هـەبوون. لـە ١٤ی تـشرینی یەکـەمی ١٩٩١، هێزەکـانی پارتی کرێکارانی کوردسـتان، ١١ سـەربازی تـورکی لـە سـنوری ناوچـەی هـەکاری کوشت. تورکیاش وەك پەرچە کردارێك، بە (٣) هەزار سـەرباز، سـنوری باشـووری کوردسـتانی بەزانـد. لـەو کاتـەدا، جـەلال تاڵـەبانی بـە تورکیـا و سـوریا و ئێرانـی ڕاگەیاند بە هیچ شێوەیەك دژایەتی، یان پشتگیریی پارتی کرێکارانی کوردستان لە هـەرێمی کوردسـتاندا ناکـەن، مەسـعود بـارزانیش ئامـادەیی هێـزی پێـشمەرگەی کوردسـتانی بـۆ بـەرگریکردن لـە هـەرێمی کوردسـتان لـە دژی هێرشـی تورکیـا دەرخست. هەروەها سەرۆکی لیبیا (موعەمەر قـەزافی)، لـە نامەیەکدا بـۆ تورکیـا ناڕەزایی دەربڕی کە لەیەك کاتدا تورکیا خـۆی بـە پـارێزەری هـەرێمی کوردسـتان دەزانێـت و لـە لایـەکی تـرەوە هێـرش دەباتـە سـەر ئـەو هەرێمـە[2]. حکومـەتی عێراقیش، نارەزایی خۆی بەرانبەر ئەو هێرشە پیشاندا و بـۆ ڕێزگرتنـی هاوسـێتیی

---

[1] **PKK-PAK**: یا ابناء الشعب الکر دستاني، ١٩٩١/١٠/٢٢، مجلـة (دنگـی کردسـتان)، عـدد خاص، **اذار** ١٩٩١، ص٧١-٧٢.

[2] هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩.

لەگـەڵ تورکیـادا، داوای ڕاگرتنـی کـردەوە سـەربازییەکانی دەکـرد. ئـەمریکا و هاوپەیمانەکانیشی لە کەنداوی فارسدا، لەبارەی کردەوە سـەربازیەکانی تورکیـاوە لە باشووری کوردستان، ناڕەزایی خۆیان پیـشاندا و یـەکێك لـە نوێنـەرەکانیان لـە باشووری کوردستان، ڕایگەیاند: بە دڵنیاییـەوە کـردەوە سـەربازییەکانی ئەنقـەرە دەتوانـێ پەیوەنـدیی هێزەکـانی چـەند میللـەتێك لەگـەڵ تورکیـادا بـەرەو خراپـی بەرێت[1].

بە پێی قسەکانی مەسعود یڵمازی سـەرۆکوەزیران، کـردەوە سـەربازییەکانی تورکیـا، بـە مەبەسـتی گـەڕان بـە دوای "تیرۆریـستان"دا بـوون، کـە لـە ناوچـە سنورییەکان هێرشیان دەکردە سەر هێزەکانی تورکیـا. لـە لایـەکی تریـشەوە، بـۆ ئازادکردنی (٧) کەس بوو، کە لەلایـەن پـارتی کرێکـارانی کوردسـتانەوە، بـە دیـل گیرابوون و بۆ ئەم مەبەستەش، نەخشە و پلان دارێژرابوو، بەڵام یەکێك لە ئامانجە بنـچینەییەکانی حکومـەتی تورکیـا، لـەو کـردەوە سـەربازیانەدا، سـەرکوتکردنی چالاکیی کورد بوو[2].

---

[1] ش.خ.مەوگوی و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩.

[2] هەمان سەرچاوە، ل١٠٩.

بەشی چوارەم

# سەردەمێکی نوێ لە مێژووی کورد لە تورکیا

**بەشی چوارەم/ سەردەمێکی نوێ لە مێژووی کورد لە تورکیا:**

**باسی یەکەم/ هەوڵەکانی چارەسەر کردنی دۆزی کورد:**

وەك لە بەشەکانی ڕابوردوودا ئاماژەمان پێدا، سەربارى ئەوەى حکومەتی تورکیا لە درێژەدان بە سیاسەتی نکۆڵیکردن لە هەبوونی کورد، بەردەوام بوو، لە کۆتایی هەشتاکاندا، هەنگاوە بەراییەکانی گۆڕانی دیدی فەرمی دەوڵەتی تورکیا، دەستیان پێ کرد و یەکێك لە ڕووخسارە بنەڕەتییەکانی سیاسەتی ئۆزال لەسەر ئاستی ناوەوە، هەوڵدانی بوو بۆ بە مەدەنیکردنی ژیانی سیاسی و فیکریی تورکیا و سەیرکردنی دۆزی کورد بە دیدێکی کراوەتر و هاوچەرخانەتر[1].

لە ئەیلولی ١٩٨٩دا، لە وەڵامێکی مەبەستداردا، دەربارەی ئەو پرسیارەی: ئایا کەمینەیەك لە تورکیا هەیە یان نا؟ تورگوت ئۆزال وتی: "ئەگەر حکومەت لە ساڵەکانی سەرەتای حوکمی کۆماری و لە ماوەی حوکمی تاکحیزبیدا چەند هەڵەیەکی کردبێ دەربارەی ئەو بابەتە، ئەوا پێویستە دان بەو هەڵانەدا بنێت"[2].
ماوەیەکی کەمیش دوای هەڵبژاردنی بە سەرۆککۆماری تورکیا، لە ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٩دا، لە هەڵوێستێکی تاوەکو ئەوکاتە بێوێنەدا ڕایگەیاند: گەلی تورکیا لە زۆر ڕەگەزی جودا پێکهاتووە، کە پاشماوەی ئیمپراتۆریەتێکن[3]. بەمەش ئۆزال دانینا بە پێکهاتەی فرە کولتوری و فرە ڕەگەزیی تورکیا و دەربڕینی ئەو ڕاستییەشی بە پێشکەوتنی تورکیا بۆ هەنگاونانی چارەسەرکردنی دۆزی کورد لەقەڵەمدا.

---

[1] فەرۆز ئەحمەد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٦.

[2] میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص٩٢.

[3] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٦.

ئوێزال دەیویست دۆزی کورد، بە ڕێگەیەکی ئاشتیخوازانە چارەسەر بکات. بۆ ئەم مەبەستەش بەشێك لە دیموکراتخوازانی ناو حکومەت و پەرلەمان و هێزە سیاسییەکانی تورکیای لەگەڵ بوو، بەڵام سەرکردایەتیی سەربازی، دژی وەستان[1]. لە نیسانی ١٩٩٠دا، پێشنیازێکی دەربارەی گرتنەبەری سیاسەتێکی نوێ بەرانبەر کورد خستە ڕوو. هەر وەك لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ پیاوانی پیشەسازی و پیاوانی کار (**Türkıya Sanayi ve Iş Adamleri–Tusiad**) ڕایگەیاند: "حکومەت بە باشی بەدوای هەڵێنجانی نموونەیەکی باشەوەیە بۆ چارەسەر کردنی (کێشە)ی کورد، بە ڕێگەیەکی دوور لە ڕێوشوێنی پۆلیسی"[2].

وەك کاردانەوەیەك بۆ ئەو وتانەی ئوێزالیش، لە بەرانبەردا عەبدوڵڵا ئوێج ئالانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان، بۆ دوو لە ڕۆژنامەنووسە تورکەکان وتی: "با ئاگربەست ڕاگەیەنین و لە دەوری مێزی گفتوگۆ دانیشین، ئەگەر تورکیا وازی لە سەرکوتکردن هێنا لە ناوچە کوردییەکاندا، ئەوا بە دەوری خۆمان لە کاری [چەکداری] واز دەهێنین... لە ڕاستیدا بەهیچ شێوەیەك بوار نییە بۆ قسە کردن لەسەر جیاکردنەوەی ناوچەکە لە تورکیا، ئەمە کارێکە قسە هەڵناگریت و گەلەکەمان پێویستی بە تورکیایە و بەلایەنی کەمەوە بۆ چل ساڵی داهاتوو ناتوانین لێی جیا ببینەوە"[3]. ئەم وتەیەش نیشاندانی هەڵوێستی ڕوونی ئوێج ئالان بوو، بە ئاقاری چارەسەرکردنی دۆزی کورد، بە شێوەی ئاشتییانە و دوورکەوتنەوە لە شێوازی پێشووی کاری چەکداری. بە دوای ئەوەشدا، لە ٥ی تەمموزی ١٩٩٠، تورگوت ئوێزال، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (ئێزڤێستیا)ی سۆڤیەتی، دەربارەی دۆزی کورد، وتی: " (کێشەکە) زۆر کۆنەو زۆر ئاڵۆزە، ئەمڕۆ نەك هەر سەرنجی تورکەکانی ڕاکێشاوە بەڵکو هی کۆمەڵی جیهانیش، ئێمە ڕامان وایە کە ئەم (کێشەیە) تەنها بە ڕێگەی ئاشتییانەو یەکسانانە چارەسەر دەبێت و دەکرێ واز لەو ڕکەبەرایەتی و تیرۆر و

---

[1] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٢٩.

[2] میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص٩٢.

[3] نفس المصدر، ص٩٢.

[بێسەروبەرییە] بهێنرێ"[1]. بەو شێوەیە، بە درێژایی مێژووی کۆماری تورکیا و بۆ یەکەمین جار، دان بە بوونی دۆزی کورددا نرا و ئاوات بۆ ئەوە خوازرا بە رێگەیەکی ئاشتیانە دۆزەکە چارەسەر بکرێت. ئەمەش هەنگاو و مەیلێك بوون بۆ چارەسەرکردنی ئەو دۆزەی کە سەرتاپای لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگای تورکی گرتبۆوە.

وەك لە باسی چوارمی بەشی رابوردوودا ئاماژەمان پێدا، ئەو گۆڕانکارییانەی لە جەنگی گەردەلولی بیاباندا، لە ساڵی ١٩٩١، روویان دا، بوونە هۆی دەسپێکی قۆناغێکی گرنگ لە قۆناغەکانی گەشەسەندنی دۆزی کورد لە تورکیا. لەو ساڵەدا، چەند پرسێك کە پەیوەندییان بە داننان بە مافەکانی کوردەوە هەبوو، لەلایەن پارتە سیاسییەکانی تورکیاوە، گفتوگۆی لەسەر کراو ٢٧ی کانونی دووەمی هەمان ساڵیش، حکومەتی تورکیا، بڕیاریدا، پێشنیاز بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورەی تورکیا بکات، قانونی ژمارە (٢٩٣٢) کە قسەکردن و نووسینی بە زمانی کوردی قەدەغە کردبوو هەڵبگیرێت. بۆ بەرگری کردن لەو هەڵوێستەش، هەروەك نادر ئینتیسار دەیگێڕێتەوە، تورگوت ئۆزال روونی کردەوە: لەبەرئەوەی شەش کەسی تورکیا یەکێکیان کوردە، پێویستە حکومەتەکەی دان بە واقعیەتی مافی زمانی کوردیدا بنێت[2].

ئەم پێشنیازەی ئۆزال، کاردانەوەی جیاوازی لە نێوان پارتە سیاسییەکانی تورکیادا لێکەوتەوە. ئەردال ئینەنۆ، ئەو بیروباوەڕەی دەربڕی کە ئۆزال ئەو سیاسەتەی پەیڕەو کردووە کە لەلایەن پارتەکەیەوە بە شێوەیەکی سەرەکی پەسەند کراوە. نەیارەکانیش ئۆزالیان تاوانبار کرد بە قۆستنەوەی ئەم پێشنیازە بۆ بەرژەوەندیی سیاسییانە و تەنانەت ئەم سیاسەتە لەلایەن (پارتی نیشتیمانی دایك)ی فەرمانڕەواش ڕەت کرایەوە[3]. بەم شێوەیە، پارتەکەی خۆشی لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نەبووە، تەنها ئۆزال وەك سیاسەتمەدارێکی پراگماتی ئەو دیدەی

---

[1] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل ١٣١.
[2] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٨.
[3] هەمان سەرچاوە، ل١٣٨.

دەربڕیوە. سلیمان دێمیرێلی سەرۆکی (پارتی ڕێگای ڕاست)یش ڕایگەیاند " ئەم جوڵانەوەیە، هەوڵێکە بۆ دابەشکردنی وڵات... ئەوە مەزنترین زیانە کە لەوانەیە بەر تورکیا بکەوێت"[1]. هەروەها پرسی: ئایا حکومەت و پارتی فەرمانڕەوا، ڕێگە بە زمانی کوردی دەدەن لە قوتابخانەکان و لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانەوە بڵاو ببێتەوە؟ ئایا ڕێگە دەدەن بە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە بەڕێوەبردندا؟ ئەگەر ئەمە نەکرێ، ئەوە مانای وایە بەکارهێنانی ئەو مەسەلەیە جۆرێکە لە فریودان و خەڵەتاندن[2].

دەربارەی ئەو پرسیارەی ئایا پێشنیازی تازەی ئۆزال ڕێگە دەدات بە چاپکردنی کاسێت و کتێب بە زمانی کوردی. وەزیری دەوڵەت، ئۆڵتان سونگورلو (**Sungurlu Oltan**) لە وەڵامدا وتی: "ئەو زمانە چییە؟ من زمانێکی وا ناناسم". وەزیری لیژنەی دادوەرییش ئەلپ ئەسلان پەهلەڤانلی (**Alp Aslan Pehlivanli**) لەناو پەرلەماندا، دەربارەی مەترسیی سەربەخۆیی لەو پێشنیازەدا وتی: "ئەگەر بەکارهێنانی زمان لە لیستەکەدا بمێنێتەوە، ئەوا ئێمە بڕیار دەدەین کە کورد نەتەوەیە... ئەگەر کاروبارەکان بەم شێوەیە بەرەو پێشەوە بڕۆن، ئەوا سبەی لە چایخانەکاندا دەبینین [دەنگی] گۆرانی میللی بەرز دەبێتەوە، لە شانۆکاندا فیلمی کوردی پێشکەش دەکرێت و چایخانەکان بە کوردی نەبێت قسەی تێدا ناکەن، ئەگەر ئەمە جیابوونەوە نەبێ ئەی ئەمە چییە"[3]. ئەمەش هەڵوێستێکی نەرێنیی دەسەڵاتدارانی تورکیا بوو بەوەی ئامادە نەبوون دان بە هیچ مافێکی کورددا بنێن، تەنانەت دژ بەهەر هەوڵێکی لەو جۆرە وەستانەوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هەنگاوەکانی دانان بە دۆزی کورد، هەروا ئاسان نەبوون، نەریتی ڕەتکردنەوەی کورد، ڕەگوڕیشەیەکی قوڵی لە وڵاتی تورکیادا هەبوو.

هەروەها ڕۆژنامەی (تورکمان) کە ڕۆژنامەیەکی کۆنەپارێزی کاریگەرە، ئۆزال و تورکیای ئاگادار کردەوە لەوەی ئەو سیاسەتە لیبراڵییەی زمان، زیاتر کورد

---

[1] میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص٩٤.

[2] بڕوانە: نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٨.

[3] میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص٩٤-٩٥.

دەكـات بـە سیاسـی و ڕادیكـاڵ و هانیـان دەدات بـۆ داواكـاریی سیاسـی، كـە لـە داهاتوودا، خۆی لە جیابوونەوەدا دەبینێتەوە. جەمیل سیجاك (**Cemil Sıcak**)ی وەزیری دەوڵەتیش، لەوە ترسا، ئەگەر مەسەلەی زمـان، چارەسـەر كرابایـە، ئـەوا كـورد، ئێـستا داوای وەرگرتنـی مـافی كەمایـەتییان دەكـرد، دواتـریش یـان داوای ئۆتۆنۆمی، یان داوای دەوڵەتیان دەكرد[1].

جگە لەمانە پەرچەكرداری هەندێ لە ڕۆژنامەنووسەكان، لایەنگرییەكی بە ئاگا بوو بۆ دەستپێشخەرییەكەی ئۆیزال، لەوانە محەمەد عـەلی بیرانـد ( **Mehmet Ali Birand**)ی ڕۆژنامەنووسی دیاری تورك، ڕایگەیاند ئەو هەنگاوەی ئـۆیزال، وێنـەی توركیا لە ئەوروپا جوان دەكات، هەروەها، ڕۆژنامەنووس (ئەرتوگرل) لە ڕۆژنامەی حورییـەت (**Hürriyet**) كـە هـەموو كـات وەك قـسەكەرێكی نـاڕەسمی، بـە نـاوی ئۆیزالەوە قـسەی دەكـرد، وای دەبینـی، ئـەو هـەنگاوەی سـەرۆك ئـۆیزال، یەكـەم بـەرەنجامی ئەرێنییـە بـۆ جـەنگی كەنـداو. (یوجـور مۆمـچو)ش لـە ڕۆژنامـەی جمهوریيـەت (**Cümhuriyet**) ئامـاژەی بـۆ ئـەوە كـرد، تـاوەكو ئێـستا، چـەندین قـانونی هەمـەجۆر (كـە پەیوەنـدییان) بـە بانگەشـەی "جیاخوازییـەوە" هەیـە، لەوانەیـە، دژی كوردەكـانی توركیـا و لایـەنگرەكانیان بـەكار بهێنرێـت، هـەروەها، ئاماژەی كرد بە قانونی پارتە سیاسـییەكان (كـە تـاوەكو ئێـستا) ڕێگـە نـادات بـە پارتەكان، ناوی بوونی كەمینەی نەتەوەیی لە وڵاتـدا بهێـنن. (تـەها ئیكیـول)یـش، پێی وابوو، زمانی كوردی بە سیاسەتكراو، دەبێتە چەكێكی توند، بـۆ جیابوونـەوە و دابەشبوون. ئیسماعیل بێشكچیش پێی وابـوو: "واقیـع پێمـان دەڵـێ پلانـەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست كە بوونی نەتەوەیی و پێویستییە سیاسـییەكانی كـوردی بـە حیساب وەرنەگرتووە، سەركەوتن بەدەست ناهێنێت"[2]. شەرەفەدین ئێلچی كورد (**Şerafettin Elçi**) و وەزیـری پێـشوو، هـەروەها ئەندامپەرلـەمان و نووسـەر و ڕۆژنامەنووس (موسا عەنتەر) و (سـەرتاج بوجـاك)ی خـاوەنی هەفتەنامـەی وڵاتـی نـوێ (**Yeni Ülke**) و گۆرانیبێـژی میللـی ناسـراو (ڕەحمـی سـاڵتوك)،

---

[1] بڕوانە: نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٩.

[2] میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص٩٥-٩٦.

دەستپێشخەرییەکەی ئوێزالیان وا شی دەکردەوە، کە بەس نییە، "ئەگەر کێشەکە قسەکردن بێت بە کوردی، ئەوا ئێمە قسەی پێدەکەین. گرنگ مافی فەرهەنگییە. کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردییە، فۆلکلۆری کوردی، پێویستە بە ئازادی پراکتیزە بکرێت، پێویستە توانای بڵاوکردنەوەی پەخشی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی کوردی هەبێت"[1]. هەروەها (کەندالٚ نەزان)ی سەرۆکی ئینستیتۆی کوردی لە پاریس لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ گۆڤاری نوقتە (**Nokta Dergisi**)ی تورکی وتی: "سەرۆك ئوێزال دەبێت بە کردەوەکانی هەڵبسەنگێنرێت نەك بە قسەکانی..."[2].

جگە لەم چاوپێکەوتنەش، کەندالٚ نەزان، دەربارەی پێشنیازەکەی ئوێزال، پێی وابوو، پێشنیازێکی ئەرێنییە بەرەو چارەسەرێکی ئاشتی و دیموکراتی و شارستانیانەی دۆزی کورد لە تورکیا. هەروەها دەیوت "تورگوت ئوێزال یەکەم کەسی دەوڵەتی تورکیایە...کە قبولٚ دەکات و دان بە بوونی کورد لە تورکیادا دەنێت". عەبدوڵڵا ئوێج ئالانیش وتی: "بۆ حەق دەیڵێم، من چاوەڕێی ئەوەم لە ئوێزال نەدەکرد کە خاوەنی ئەو ئازایەتییە بێ...لەو ڕێرەوەدا، ئێمەی خەجاڵەت کرد...هەنگاوێکی گەورەی ناوە"[3]. کاتێکیش هەندێ لە کوردەکان، ناڕەزاییان لەو بڕیارەی حکومەت دەربڕی و وایان دانا ئەو بڕیارە، سەرکەوتوو نییە، لەبەرئەوەی قەدەغەی لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی، لە فەرمانگەکانی حکومەت و بواری فێرکردندا، هەڵنەگرتووە، لە بەرانبەردا ئوێزال ڕایگەیاند: "لە داهاتوودا لێپێچینەوەی تر بۆ دانپێدانانی مافی نەتەوایەتیی کورد دەکرێت، بەڵام ئەو کارە پێویستی بە ئارامگرتنە"[4].

دوای ئەم هەنگاوانە، لە ٢٣ی ئاداری ١٩٩١، عەبدوڵڵا ئوێج ئالان، ڕایگەیاند: بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی دۆزی کورد لە تورکیا، ئامادەیی هەیە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ لێپرسراوانی تورکیا. دوای ئەم ڕاگەیاندنە ئەرێنییەی ئوێج ئالانیش، پەرلەمانی تورکیا، لە ١٢ی نیسانی ئەو ساڵە، پڕۆژەی قانونی

---

[1] نفس المصدر ، ص٩٦–٩٧.

[2] بڕوانە: نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٩.

[3] بڕوانە: میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٩٧.

[4] عثمان علي، المصدر السابق، ص١٧.

بەگژاچـــوونەوەی تـــیرۆری پەســـەند کـــرد و تێیـــدا قـــانونی ژمـــارە (٢٩٣٢) هەڵدەوەشـاندەوە کـە بـەکارهێنانی زمـانی کـوردی قەدەغـە کردبـوو، هـەروەها، ماددەکانی (١٤١، ١٤٢، ١٦٣)ی لە قـانونی سـزادانی تورکیـدا هەڵوەشـاندەوە کـە کۆتوبەندی خستبووە بەردەم دەربڕینی ئازادانەی بیروڕا و بانگەواز و دامەزرانـدنی پـارتی چـەپ و ئـاینی و ئەنـدامبوون تێیانـدا، لەگـەڵ هەڵوەشـاندەوەی قـانونی خیانەتی نیشتیمانی کە دواکاریی نەتەوایەتیی کـوردی بـە خیانـەت و هەوڵـدان بـۆ دابەشـکردنی وڵات تۆمـەتبار دەکـرد، سـزای (٢٠) سـاڵ زیندانیـشی لـەبری سـزای لەسێدارەدان سەپاند بەسەر ئەوانەی تاوان دژی دەوڵەت دەکەن، یاخود بەشـداری لـە کـردەوە "تیرۆریـستییەکان"دا دەکـەن و ئازادییـەکی زۆریـشی بـە دەربڕینـی بیروبـاوەڕ دا و ئـەو کۆتوبەندانـەی کـە بەسـەر ڕۆژنامەگەریـدا سـەپێنرابوون، هەڵوەشـــاندنەوە، جگـــە لـــە هـــەواڵی ناوچـــەکانی بـــاری نائاســـایی (ناوچـــە کوردنشینەکان) نەبێت، قانونی لێخۆشبوونی مەرجداریشی پەسەند کرد، کە بـووە هۆی ئازادکردنی زیاتر لە (٤٠) هەزار کەس کـە سـێیەکیان کوردبـوون و ئەنـدامانی پارتی کرێکارانی کوردستان بوون[1]. سـەبارەت بـە قـانونی پەسـەندکردنی زمـانی کوردیش (سودوەرگرتنی ئازاد، لە زمانی کوردی و زمانـەکانی دیکـە)، هەرچـەندە قانونەکە، زمانی تورکی بە زمـانی ڕەسمیـی وڵات دانـا و هـەموو داواکارییـەکی لـە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەتی تورکیادا، بە زمانی تورکی سـەپاند و سـزای (٢,٥) ملیۆن لیرەی وەك ئاگادارکردنەوە بەسەر سەرپێچیکاردا سەپاند، لە لایەکی ترەوە دەتوانرا زمـانی کـوردی لـە بـواری مۆسـیقا و لەسـەر گرامـافۆن و ڤیـدیۆ و کاسێت بەکاربهێنرێت، بەڵام لە ڕادیـۆو تەلـەفزیۆن و فـیلم، بـەکارهێنانی قەدەغـە بوو، بە پێچەوانەوە، هەرکەسێك، ئەم سنورەی بەزاندبا، بە (٢٥-٥٠) ملیۆن لـیرە سزادەدرا[2].

---

[1] ابـراهیم الـداقوقي، المـصد الـسابق، ص٣٤٨" خلیـل علـي مـراد وآخـرون، المـصدر الـسابق، ص١٨٦.

[2] ش. خ. مەوگوی و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠.

ئەم هەوڵانەی حکومەتی تورکیا و دەرکردنی ئەم پرۆژە قانونە، بە تایبەت قانونی پەسەندکردنی زمانی کوردی، هیچی لە بارەی بەکارهێنانی زمانەکە نەگۆڕی، بەڵکو دەسەڵاتدارانی تورکیا دەیانویست ڕای گشتی ناوخۆ و دەرەوە بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و ناڕەزایەتیی کوردەکان کەم بکەنەوە و پێگەی خۆیان بە تایبەت لەلای گەلانی عێراق بەهێزبکەن و ڕای گشتیی جیهان بە لای خۆیاندا ڕابکێشن، کە تورکیایان بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ تاوانبار دەکرد[1]. جگە لەمە قانونی بەگژداچوونەوەی تیرۆر، بەمجۆرە تیرۆری ناساند: "ئەو کەسەیە، کە هەڵدەستێ بە کاری جیاخوازی لە ڕیزی نیشتیمان و دابەشکردنی وڵات و کاری تیرۆریستی بە ڕێککەوتن لەگەڵ کەسێکی تر یان زیاتر کە حوکم دەدرێت بە زیندانیکردنی بۆ ماوەی (٥-٨) ساڵ یان بە پارە غەرامە دەکرێت"[2].

ئەم قانونە هەر پڕوپاگەندیەکی دژ بە یەکێتیی خاکی تورکیا بە خیانەت دادەنا، ئەمەش دیسان "جوداخوازی"ی کوردی لای دەوڵەتی تورکیا زیندوکردەوە و دەرگای پێشێلکردنی مافی مرۆڤی بۆ هێزەکانی ئاسایش خستە سەر پشت. ئەم قانونە، لەلایەن پۆلیس و سوپاوە، بۆ داخستنی ڕۆژنامە کوردی و دۆستی کوردەکان و تاوانبارکردنی ئەو پەرتوکانەی لەبارەی کوردەوە دەیاننووسین و گرتنی لایەنگرانی مافەکانی کورد، بەکارهات، (تەنانەت) پارێزەران، کە پارێزگارییان لە یەکێك بکردبایە، کە بە پێی ئەو قانونە گیرابێت، دەتوانرا تاوانبار بکرێت و بدرێت بە دادگا، هەروەها دەتوانرا دژ بە چالاکوانە دیارەکانی مافی مرۆڤ، بەکاربهێنرێت، بێگومان دژ بە هەرکەسێکیش کە گومانی یارمەتیدانی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستانی لێبکرێت[3].

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنی تشرینی یەکەمی ١٩٩١ و لە ١٤ی ئەو مانگەدا ئۆیزال لە ڕاگەیاندنێکیدا کە لە ڕادیۆ جیهانییەکان بڵاوکرایەوە، داوای بەکارهێنانی شێوازی دیموکراتی بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد کرد و وتی:

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل١٠١.

[2] ابراهيم الداقوقي، المصد السابق، ص٣٤٨-٣٤٩.

[3] کەندال و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٣-٤٣٤.

"پێویـسته چارەسـەری (کێـشە)ی یـاخیبوون/جیـاخوازیی کوردەکـان بکرێـت".
هەروەها ڕایگەیاند: "سـووره لەسـەر دۆزینـەوەی چارەسـەرێکی سیاسـی بـۆ ئـەو (کێشە)یە"، بۆ ڕۆژی دواتریش ئۆێزال بـۆ ڕۆژنامـەی (حوریيـەت) جـەختی لەسـەر پێویـستیی بـەکارهێنانی شـێوازی ئاشـتییانە بـۆ چارەسـەر کردنـی دۆزی کـورد کردەوە و وتی: "پێویستە واز لە بەکارهێنانی هێز بهێنرێت بـۆ چارەسـەر کردنـی (کێشە)ی کورد و پێویستە دان بە مافی هەموو هاوڵاتییەکدا بنرێت، بـۆ دەربڕینـی ناسنامە ڕەسەنەکەی". ڕاشیگەیاند کە ئامادەیی هەیە بۆ دانوستان لەگەڵ پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان، دەربـارەی پێکهێنـانی یەکێتییـەکی فیـدراڵی تـورکی-کوردی[1]. ئەمەش لـەو کاتـەدا هـەنگاوێکی گـەورە و ئازایانـە بـوو. پێـشتر وێـڕای ئەوەی ناوهێنانی کورد قەدەغە بوو، سزاشی لەسەر بوو، ئێـستاش بـۆ یەکـەمجار سەرۆککۆمارێکی تورکیا، باس لە گفتوگۆکردن لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردسـتان دەکات و سیستەمی فیدراڵی بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد لـە تورکیـا، پێـشنیاز دەکات.

لە لایەکی تریـشەوە، سـلیمان دێمیرێـل لـەپێناو ڕاکێـشانی دەنگـی کـورد لـە هەڵبژاردنەکاندا بەلای خۆیدا، گۆڕانکارییـەکی کتـوپڕ لـە هەڵوێـستیدا بەرانبـەر بـە دۆزی کورد ڕووی دا و لە ڕاگەیاندنەکانیدا چەند جارێك دووپاتی کردەوە ئەگەر لـە هەڵبژاردندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت ئەوا چارەسەری دۆزی کـورد دەکـات (بـە خۆشەویستی و دۆستانە)، بەلام نیازی خۆشی لە لێدانی خەباتی چەکداری کوردی نەشاردەوە، کە وتی: "تیرۆر لە ڕۆژهەڵاتی وڵات لە ڕەگوڕیشەوە دەردەهێنین"[2].
لە کۆبوونەوەیەکیشدا کـە لـە نێـوان دێمیرێـل و ئینـەنۆ بـە مەبەسـتی پێکهێنـانی حکومـەت بەسـترا، دێمیرێـل ئەرکـە سـەرەکییەکانی حکومـەتی دیـاریکرد، بـە (چەسپاندنی دیموکراتی و چارەسەرکردنی "کێشەی تیرۆر" و بەدیهێنانی ئاسایش و ئارامی و چاکسازی لە بوارەکـانی بـەرگری و فێرکـردن و تەندروسـتی). هـەردوو سەرکردەش ئاشکرایان کرد کە حکومەتی تـازە، بـوار بـە کوردەکـان دەدات مافـە

---

[1] صلاح سعدلله، المصدر السابق، ص٧٨-٧٩.
[2] بڕوانە: عثمان علي، المصدر السابق، ص١٧.

ڕۆشـنبیرییەکانیان پراکتیـزە بکـەن، لـەناو ئـەو مافانەشـدا، دەرکردنـی ڕۆژنامـە و چـاپکراوەکانی تـر بـە زمـانی کـوردی[1]. کـاتێکیش حکومـەت بـە سـەرۆکایەتیی دێمیرێل، بە هاوبەشی لەگـەڵ پـارتی گـەلی سۆسـیال دیمـوکرات (SHP) پێکهـات، (SHP) لەگەڵ پارتی خەڵکی زەحمەتکێش (HEP) ڕێککەوت و بەمـەش (HEP) چووە ناو پەرلەمان، کە (٢٢) کورسـیان لـە ناوچـە کوردییەکانـدا بەدەسـت هێنـا، وەك پێشتر ئاماژەمان پێیدا[2].

لە ڕاگەیاندنێکی تردا، لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا، دێمیرێـل ڕایگەیانـد: تورکیا "وڵاتێکە چەند گەلێکی جیاوازی تێدا دەژی، کە خۆیدەدا لـە بیـستوشەش نەتەوەی جیاواز". هەروەها وا باسی دۆزی کوردی کرد کـە: کێـشەیەکی گـەورەی ژمارە یەکە لە وڵاتـدا. لـە چـاوپێکەوتنێکی تایبەتیـشدا، وتـی: "سـنوری تورکیـا، ئـاڵای تورکیـا و زمـانی فـەرمی، بـواری گفتوگـۆکردنی نییـە، بـەڵام داواکـاریی نەتەوەکان بۆ پاراستنی زمانی دایکیان و ڕۆشنبیرییان ڕەتناکەینـەوە. پیـشتریش بە زمانی ڕەسەنی خۆیـان دواون، خـاوەنی مێـژووی تایبـەت و زمـان و فۆلکلـۆری خۆیـانن. ئەگـەر نەتـەوەکان دەیانـەوێ گەشـە بەوانـە بـدەن بابیکـەن". ئـەرداڵ ئینـەنۆی جێگریـشی دوای ئـەوەی دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت وتـی: "پێویـستە بـە تەواوی دان بە ناسنامە و ڕۆشنبیریی کوردیـدا بنرێـت. ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێ، ئێمە، پێویستە دان بەو ڕاستییەدا بنێین، کە هەندێ لە دانیـشتوانی تورکیـا تـورك نین، بەڵکو لەژێر سێبەری کۆماری تورکیادا دەژین و ئینتیمایان بۆی هەیە"[3].

جگە لەمەش، دێمیرێل تەنها لە ڕۆژانی یەکەمی دەسەڵاتیدا، چەند هەنگاوێکی ئەرێنی هەڵێنا، کاتێك گیراوانی زیندانی ئەسکی شەهری کە (٢٢٧) گیراوی سیاسی بـوون و لەسـەر ناسـنامەی نیـشتیمانی گـیرا بـوون، ئـازاد کـرد، هـەروەها هەنـدێ ڕێگەی بە خێزانەکاندا ناوی کوردی لە منداڵەکانیان بنێن و هەندێ فـیلم و کاسـێت

---

[1] صلاح سعدالله، المصدر السابق، ص٨٧.

[2] **Henri J. Barkey and Graham E. Fuller, Turkey's Kurdish Question, Published in the United States of America by Rowman & Littlefield Publishers, Inc, New York, 1998, P85.**

[3] بڕوانە: میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٩٩.

لەلایـەن دەزگـای سانـسۆر (رقابـە) لـە لیـستی قەدەغـە کراوەکـان هـەڵگیرێن و ڕێگەشـیدا بـە کردنـەوەی یەکـەم ناوەنـدی کـوردی بـە سـەرۆکایەتیی ئیـسماعیل بێشکچی لە ئەستەنبوڵ و دەرکردنی هەندێ ڕۆژنامە بە زمانی کوردی[1]. لەوانـەش ڕۆژنامـەی (یـەنی ئویلکـە)، کـە لەلایـەن لایـەنگرانی پـارتی (**HEP**) دەردەکـرا[2]. ڕۆژنامەی ئوێزگویر گویندەم (ڕۆژەفـی ئـازاد) یەکـەمین ژمـارەی بـە نزیکـەی (٣٠) هەزار تیراژ (١٠ هەزار لە دەرەوەی وڵات)، لـە ٣١ی مایـسی ١٩٩٢، بـڵاو کرایـەوە. ڕۆژنامەی (ئازادی)یش کە سەر بـە پـارتی سۆسیالـستی کوردسـتان بـوو، هـەر لـە هەمان مانگدا بڵاوکرایەوە[3].

لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٩١ (کە تا ئەوکاتە) ژمارەی کوژراوان لە نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و هێزەکـانی تورکیـا گەیـشتبووە سـێ هـەزار کـەس، (عیسمەت ئیمسەت)ی ڕۆژنامەنووس لە عەبدوڵڵا ئۆجەلانی پرسی: ئایا ئامادەیـە ڕێگەچارەیەکی فیدراڵی قبوڵ بکات؟ ئۆجەلانیش لە وەڵامدا وتی: "بە مسۆگەری ئەمە ئەو شتەیە، کە ئێمە دەمانەوێ". ئەم ڕاگەیاندنە ئەرێنییەی ئۆجەلانیش بە قبوڵکردنی ڕێگەچارەیەکی فیدراڵی، نیشاندەری مەیلێك بوون بـۆ چارەسـەرکردنی دۆزی کـورد لـە تورکیـا و جیـاواز بـوو لـە پێـشوو کـە بـە تونـدی قـسەی لـە کوردستانێکی سەربە خۆ دەکرد[4]. جەلال تاڵـەبانیش لـە سـەرەتای ئـەو مانگـەدا چەکدارە کوردەکانی لە کوردستانی تورکیا بۆ ئاگربەست بانگهێشت کرد و هیـوای خواست لە خەباتی چەکدارانەیان لەپێناو سەربەخۆییدا دەست هەڵبگرن، هەروەها ڕایگەیاند ئەگەر داوا بکرێت ئـەوا دەتوانـێ ڕۆڵـی ناوبژیکـەر لـە نێـوان ئەنقـەرە و پارتی کرێکارانی کوردستاندا ببینێ[5].

لە مانگی کانونی یەکەمی ئەو ساڵەدا، سـلیمان دێمیرێـل بـە هـاوەڵی ئـەردالْ ئینەنۆ و سەرۆکی فەرماندەیی گشتی سوپا (دۆغـان گیـورەش–**Doğan Güreş**)

---

[1] میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص١٠٠.

[2] : عثمان علي، المصدر السابق، ص١٧.

[3] بڕوانە: کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب. دووەم، ل١٨٣–١٨٤.

[4] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠٥.

[5] ش.خ.مەوگوی و ئەوانی تر ، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠.

و چـەندین کاربەدەسـتی گـەورەی تـر و گروپێکـی بەرچـاوی ڕۆژنامەنووسـان سەردانێکیان بۆ ناوچە کوردییەکان ڕێکخست. لـەم سـەردانەدا دێمیرێـل ڕایگەیانـد کـە حکومەتەکـەی دانـی بـە هـەبوونی کـورد لـە تورکیـادا نـاوە و هەوڵـدەدات ڕێگەچارەیەکی سیاسی بۆ دۆزەکەی بدۆزێتەوە[1]. لە هەنگاوێکی تـردا حکومـەتی هاوپـەیمانی لـە کـانوونی دووەمـی ١٩٩٢ (مـافی هـاوڵاتێتی) ١٥ هـەزار کەسـی گەڕاندەوە کە دوای کودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ وڵاتیان جێ هێشتبوو، حکومـەت لێی زەوت کردبوون. بەپێی قسەی وەزیری ناوخۆش، حکومەتی تورکیا، هەوڵدەدا کۆتایی بەو کارو کردەوانە بێنێت کە دەبنە مایەی پێشێلکردنی بنەماکانی مـاف و ئازادییـە گشتییەکان. جگـە لەمـە حکومـەت بـەڵێنی دابـوو هـەموو ئـەو قانونانـە هەڵوەشـێنێتەوە کـە لـە سـەردەمی حـوکمی سـەربازیدا (١٩٨٠–١٩٨٣) دەرچـوو بوون[2].

بەڵێنەکانی دێمیرێل، بە مەبەستی چارەسەرکردنی دۆزی کـورد، تـەنها قـسە بـوون و هیـچی جێبـەجێ نـەکران. پێـشتر و دوای هەڵبـژاردنی تـشرینی یەکـەمی ١٩٩١، وەك لـە بەشـی ڕابـوردوودا ئاماژەمـان پێیـدا، دوای سـوێندخواردنی دوو ئەندامپەرلەمان (خەتیب دیجلە و لـەیلا زانـا)، تورکـەکان ئەمـەیان بـە سـوکایەتی زانـی و هـەردوو نوێنـەریان لـە پـارتی گـەلی سۆسـیال دیمـوکرات دەرکـرد. بـەم شێوەیە، دەسەڵاتدارانی تورکیا کە ڕێگەیان نەدەدا باسی کورد و زمانی کوردی لە ناو پەرلەمانی تورکیادا بکرێ چۆن دەگەیشتە ئەوەی لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆیێج ئالانـدا گفتوگۆ بکەن[3]. کاتێك، تورگوت ئۆیێزال لە ٣١ی کانوونی دووەمـی ١٩٩٢، قـسەی لە لێبوردنی پێشمەرگەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و قبوڵکردنی وەك پارتێك دەکرد کە بتوانێ لە سیستەمی سیاسیی وڵاتـدا بەشـداری بـێ، لەلایـەن دێمیرێلـی ڕێبـەری بـیری کۆنەپارێزانـەوە، دژایـەتی کـرا و ڕەت کرایـەوە، لەبەرئـەوەی ئـەم هەنگاوەی بە دژی دەستور لەقەڵەم دەدا[4].

---

[1] عثمان علي، المصدر السابق، ص١٨؛ م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی ...،ل١٣٣.

[2] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٣٣–١٣٤.

[3] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠٧.

[4] محمد نورالدين، شؤون تركية، تقرير فصلي، ع (٥)، مركـز للدراسـات الاسـتراتيجية والبحـوث والتوثيـق، بـيروت– لبنـان، كـانون الثـاني ١٩٩٣، ص٣٩؛ دیڤیـد مەکـداول، سەرچـاوەی پێشوو، ل٧٠٧.

لەو ڕوانگەوە، خەتیب دیجلە پێی وابوو: ئەگەر حکومەتی تورکیا، بیەوێ بە ڕاستی چارەسەری دۆزی کورد بکات، ئەوا دەبێت گفتوگۆ لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستاندا بکات. بە بۆچوونی ئەو، پارتی کرێکارانی کوردستان، ئەو ڕێکخراوەیە کە داکۆکی لە مافەکانی کورد لە تورکیادا دەکات[1]. لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونەی دیجلە لە شوێنی خۆیدا بوو، چونکە ئەو ڕووداوانەی کە لە نەورۆزی ١٩٩٢دا ڕوویاندا، لە بری چارەسەرکردنی دۆزی کورد، توندوتیژی لە ناوچە کوردییەکاندا زیاد کرد، کاتێك خەڵکی خەریکی گێڕانی ئاهەنگی نەورۆز بوون و هیوای ئەوەیان دەخواست دەرگای گفتوگۆ لە نێوان حکومەت و پارتی کرێکارانی کوردستاندا بکرێتەوە، هێزەکانی تورکیا، بە بەکارهێنانی تانك و فڕۆکەی ئاسمانی بۆردومانی شارەکانیان کرد و هێزەکانی ئاسایشی (میت)، بە بیانووی گەڕان بە دوای چەك و "تیرۆریستان"دا دەچوونە سەر ماڵان و دەستیان دەکرد بە ڕاو و ڕووت و ئازاردانی خەڵکی و زیاتر لە دوو هەفتە سوپای تورکیا چوار دەوری شارەکانی (ماردین، جەزیرە، دیاربەکر، شیرناخ، هەکاری، وانو...چەند شارێکی تر)ی گرت[2]. ئەنجامی ئەو کردەوانەش بە لێکدانەوەی هەندێ توێژەر بووە هۆی کوژرانی سەد کەس و بریندار بوونی دەیان و دەستگیر کردنی سەدان کەس[3].

دوای ڕووداوەکەش، وەك ڕۆژنامەنووس (جۆناتان سی– ڕاندڵ) دەڵێ: تورگوت ئۆزال، بە پێچەوانەی ئەو هەنگاوانەی پێشووی، بەڕێوەبەرایەتیی ناوچەکانی باری نائاسایی بە سوپا سپارد و لە ١٨ی ئابی هەمان ساڵدا، هێزەکانی ئاسایش، لە ئەنجامی زانیارییەك بەوەی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە شاری (شیرناخ)دا هەن، هەڵیان کوتایە سەر شارەکە و زیانێکی زۆریان لە شارەکەدا و نزیکەی بیست هەزار کەس لە ترسی ژیانیان شارەکەیان جێهێشت، بە پێی ڕاپۆرتە ڕەسمییەکان، ٣٤ کەسی بێتاوان کوژراون. ئەو هەڵمەتە سەربازییانەش، لە شارەکانی چوکورجە و دارگەچیت درێژەی هەبوو، لە ماوەی

---

[1] کەندال و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٤–٤٣٥.
[2] جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢.
[3] عثمان علي، المصدر السابق، ص١٨.

(٣٠) ڕۆژدا، پێنج سەد کەس کوژران و تەنها لە ساڵی ١٩٩٢دا، دوو هەزار کەس لەناوچوون[١]. جگە لەمە ئازاردان و گرتنی چاودێرانی مافەکانی مرۆڤ و ئەشکەنجەدانی زیندانییە سیاسییەکان، لە جاران زیاتر بوون. ئەو کوردانەی نەدەبوونە پاسەوانی گوند، دەبوونە قوربانی و گوندەکان بە زۆر چۆڵ دەکران، ئەمەش یان لەبەرئەوەی دانیشتوانەکەی چەکیان دژی پارتی کرێکارانی کوردستان هەڵنەدەگرت، یاخود لە هێزەکانی گەریلا نزیك بوون یان بە فەرمانی لەشکر چۆڵ دەکران[٢]. ئەو هەڵمەتی تیرۆرکردنەی کە (حیزبوڵلا)ی سەر بەحکومەت دژ بە هاولاتیانی کورد دەستی پێکردبوو، ڕووی لە زیادبوون کرد و بە پێی ڕاپۆرتێك تاوەکو کۆتایی کانوونی دووەمی ١٩٩٢، (٢٤٥) کردەوەی تیرۆرستییان ئەنجام داوە. بە پێی ڕاپۆرتێکی تریش، ژمارەی تیرۆرکردن، گەیشتۆتە (٣٦٠) کردەوە کە (١٤٠) کردەوەیان تەنها لە باتمان بووە[٣]. تا ساڵی ١٩٩٣، ئەم گروپە (٥٠٠) کەسی لە هەڵسوڕاوانی سیاسی، کوشتبوو، لە هەمووشیان دیارتر، تیرۆرکردنی موسا عەنتەر بوو، کە لەسەردانێکیدا بۆ ئامەد، لە ئەیلولی ١٩٩٢، تیرۆر کرا. ئەو ڕۆژنامەنووسانەی بۆ (ئێلکێ بینە دوغرو، یەنی ئویلکە و ئیۆزگیور گیوندەم) و گۆڤارو بلاوکراوەکانی تری لایەنگری کوردەکان، وتاریان دەنووسی دەفرێنران و دەکوژران، تەنانەت فرۆشیارانی ئەو بلاوکراوانەش، کەوتنە بەر هەڵمەتەکانی حیزبوڵلا[٤]. لەوانەش (خالید کونجن)ی پەیامنێری کوردی ڕۆژنامەی (بەرەو ٢٠٠٠) لە ١٨ی شوباتدا، لەلایەن کەسێکی نەناسراو، لە نووسینگەی گۆڤارەکە، لە دیاربەکر، تیرۆرکرا. شەش ڕۆژ دواتریش، (جەنگیز ئاڵتون)ی پەیامنێری ڕۆژنامەی (یەنی ئویلکە)، لە شاری ماردین، کوژرا و (حافز ئاکدەمیر)ی پەیامنێری گۆڤاری (ئەژێندای نوێ)ش لە ٨ی حوزەیران لە دیاربەکر کوژرا[٥]. دەربارەی ئەم کردەوە

---

[١] جۆناتان-سی ڕاندال، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٧-٣٩٨؛ **Ali Kemal Özcan, Op.Cit, P178.**

[٢] بڕوانە: کەندال و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٤.

[٣] بڕوانە: میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص١٠٢.

[٤] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٠.

[٥] بڕوانە: میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ١٠٣-١٠٥.

تاوانکاریانە، دێمیرێل، دوای تیرۆرکردنی موسا عەنتەر وتی: "ئەوانەی کوژران، ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینە نەبوون، ئەمانە یاخیبوو بوون...یەکتریان دەکوشت". وێڕای ئەوەی حکومەتی تورکیا کەوتبووە وێزەی ڕۆژنامەنووسان، لە هەنگاوێکی تردا، حکومەتی تورکیا، ژمارەیەك ڕۆژنامە و گۆڤاریشی داخست[1]. ڕۆژنامەی (ئیۆزگیور گیوندەم) تایبەت لەبەر بڵاوکردنەوەی دیداری یەك لەدوای یەکی عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان و تایبەتکردنی بەشێکی بۆ ڕاپۆرتی هەفتانە بە ناوی خوازراوی (عەلی فورات) لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٩٣ ڕاگیرا، دوای ئەوەی پێنج پەیامنێر و چوار کارمەندی دابەشکردنی ڕۆژنامەکە کوژران. لە ٢٦ی نیسانی هەمان ساڵ، سەرلەنوێ ڕۆژنامەکە بڵاو کرایەوە کە دوو کەس لە نوێنەرانی تایبەتی و چوار کەس لە دابەشکەرانی کوژران و چەند جارێکی تریش ڕۆژنامەکە ڕاگیرا. ڕۆژنامەی ئازادییش لە ماوەی (٤٠) ژمارەی یەکەمیدا "(١٥) جار ڕاگیرا و لە تەواوی (١٤٠) ژمارەدا (٦٦) جار سانسۆری خرایە سەر و سەرەنجام بە پێی قانون ڕاگیرا[2].

لە لایەکی ترەوە، لەپێناو هێشتنەوەی ناوچە کوردییەکان لە دۆخی نائاساییدا، لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٩٢، پەرلەمانی تورکیا، لەسەر پێشنیازی حکومەت، بڕیاری درێژکردنەوەی باری نائاسایی لە ناوچە کوردییەکان دا[3]. هەروەها ئەنجومەنی ناوچەکانی باری نائاسایی، لە ناوەڕاستی شوباتی ١٩٩٣، سیاسەتێکی نوێی بۆ ناوچە کوردییەکان ڕاگەیاند کە جەختی دەکردەوە لەسەر دوو بنچینەی سەرەکی، ئەوانیش بریتی بوون لە: ڕێکخستنی وەچە لە باشووری ڕۆژهەڵات و کۆکردنەوەی یەکەی دانیشتوانی بچووك لە ناوچەیەکدا. ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکیاش، ڕەزامەندیی لەسەر ئەو سیاسەتە نیشاندا کە دامەزراندنی دووەم دادگای ئاسایشی دەوڵەتی لە هەرێمی باری نائاسایی لەخۆی دەگرت بۆ سووککردنی ئەو فشارانەی کە تاکە دادگا لە هەرێمەکەدا لەسەریەتی،

---

[1] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٠.

[2] کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب.دووەم، ل١٨٤.

[3] محمد نورالدين، مجلة (شؤون تركية)، تقرير فصلي، ع (٣)، مركز الدراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق، بيروت– لبنان، تشرين الثاني ١٩٩٣، ص٢١.

هەروەها دروستکردنی زیندانی گەورە و پارێزرا و لە دیاربەکر تاوەکو شوێنی زیندانییە بچووکەکان لە هەرێمەکەدا بگرێتەوە[1].

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٣، کوشتن و وێرانکاری لە ناوچە کوردییەکاندا، گەیشتبووە ئەوپەڕی و هیچ کەسێك بە کەمالیزمە توندڕەوەکانیشەوە نکۆڵییان لەوە نەدەکرد دۆزی کورد گەورەترین دۆزی تورکیایە و وڵات بەرەو لاوازی دەبات[2]. لەم بارودۆخەدا و لە هەوڵێکدا بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە تورکیا، جەلال تاڵەبانی لە ١٧ی شوباتی ١٩٩٣، سەردانی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی لە ماڵەکەی خۆی لە دیمەشق کرد و لەگەڵیدا کۆبۆوە و داوای کۆتاییهاتنی شەڕ و ڕاگەیاندنی ئاگربەستی لە ئۆجەلان کرد و ئەویش داواکەی تاڵەبانی پەسەند کرد[3]. دوای ئەمە تاڵەبانی لە ٥ی ئاداری هەمان ساڵ نامەکی بۆ ئۆزال نارد و ئامادەیی ئۆجەلانی بۆ ئاگر بەست بە گوێرەی ئەم مەرجانە ڕاگەیاند:

١- ئیدانە کردنی تیرۆر بە هەموو جۆرەکانیەوە.

٢- چارەسەرکردنی دۆزەکانی نێوان هەردوو گەلی برا (کورد و تورك) بە شێوازی ئاشتیانە نەك بە ڕێگەی پەنابردنە بەر شەڕ و توندوتیژی.

٣- ئۆجەلان داوای دانوستان ناکات لە نێوان حکومەت و پارتەکەی، بەڵکو پێی باشە حکومەتی تورکیا لەگەڵ ئەندامە کوردەکانی پەرلەمانی تورکیا گفتوگۆ بکات.

٤- پاراستنی یەکێتیی خاکی تورکیا و بایەخدان بە پتەوترکردنی برایەتیی هەردوو گەلی کورد و تورك.

٥- ڕەتکردنەوەی دروشمی جیابوونەوە و پەسەندکردنی دروشمی دیموکراسی کە لە سایەیدا مافی ڕۆشنبیری و کارگێڕی بۆ کورد پارێزراو بێت.

---

[1] ولید رضوان، موقف التیار الإسلامي والتیار العلماني في ترکیا من القضیة الکردیة، ط١، دار النهج للدراسات والنشر والتوزیع، سوریا – حلب، ٢٠٠٨، ص٢٩١.

[2] جۆناتان- سی ڕاندال، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٨.

[3] بڕوانە: کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب.دووەم ، ل١٧٣.

٦- پیادە کردنی چالاکیی سیاسی و حیزبایەتی لە سنوری دیموکراسی و قانوندا[١].

دوای ئەوە، لە ١٧ی ئاداری هەمان ساڵدا، بە ئامادەبوونی جەلال تاڵەبانی، ئوێج ئالان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی لە بیقاعی لوبنان بەست و یەکلایەنە ئاگربەستی بۆ ماوەی (٢٥) ڕۆژ (لە ٢٠ئادار بۆ ١٥ی نیسان) ڕاگەیاند. جگە لەو خاڵانەی سەرەوە، داوای گفتوگۆی دوو لایەنەی لە نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و حکومەتی تورکیا و بەدیهێنانی مافە مرۆیی و ڕۆشنبیریی و سیاسیەکانی گەلی کوردی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا کرد و ڕاشیگەیاند ئامادەیە بگەڕێتەوە تورکیا ئەگەر هەموو زەمانەتێکی بدرێتێ[٢]. هەروەها بەڵێنیشیدا چەکدارەکانی هێرش نەبەن و تەنها لە حاڵەتی بەرگریکردن لەخۆ وەڵام دەدەنەوە[٣].

دوو ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست و لە ١٩ی ئادار، کۆبوونەوەیەك لە نێوان عەبدوڵڵا ئوێج ئالان و کەمال بورقای سکرتێری پارتی سۆسیالستی کوردستانی تورکیا لە سوریا ئەنجام درا و پرۆتۆکۆلێك لە نێوان هەردوو لادا مۆرکرا، کە داواکاریی میانڕەوانە بۆ ئاگربەست و هەوڵدان بۆ ئاشتی لە ئایندەدا و هاوکاریی نێوان هەردوو حیزبی لە خۆ دەگرت[٤]. هەردوو سەرکردە، بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە تورکیادا، نۆ مەرجیان باس کرد کە بریتی بوون لەمانە: (ئاگربەستی دوو لایەنە ڕابگەیەنرێت، هەلومەرجی نائاسایی هەڵبوەشێنرێتەوە...، کۆماندۆی تایبەتی و پاسەوانی سنور نەمێنێت، قانونی بنەڕەتی (دەستور) کە بوونی نەتەوەی کورد و مافەکانی دابین دەکات دابنرێت و هەموو قانون و دامەزراوە دژە دیموکراسییەکان هەڵبوەشێنرێنەوە. ڕاگەیاندنی لێبوردنی گشتی، ئازادیی بڵاوکراوە و بیروباوەڕ و چاپەمەنی و کۆبوونەوە و کۆمەڵەکان بەبێ سنوردانان بە ڕەسمی بناسرێت، زەمینەی بەشداریی هەموو پارتەکان، لە ناویاندا

---

[١] هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩-١١٠.

[٢] محمد نورالدین، المسألة الكردية...، ص٢٧.

[٣] جۆناتان-سی راندالّ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٨.

**(4) Alı Kemal Özcan,Op.Cit, P178.**

پارتە کوردییەکان، دابین بکرێت، قەدەغەبوونی زمان و مێژوو و فەرهەنگی کورد، دەبێ هەڵبگیرێت، هەلی پەروەردە و فێربوون بە زمانی کوردی دابین بکرێت و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بە زمانی کوردی هەبێت، هەلی گەڕانەوەی ئەوانەی بەهۆی جەنگ یان ڕاگوێزانەوە کوردستانیان بەجێ هێشتووە فەراهەم بکرێت و زیانەکانیان بۆ قەرەبوو بکرێتەوە، بەرنامە پێشکەوتووەکانی زەمینەی کاری کشتوکاڵی و بازرگانی بۆ پێشخستنی کوردستان کە بەهۆی شەڕەوە دواکەوتووە دەست پێ بکرێتەوە)[1].

دوای ئەم هەوڵانەی عەبدوڵڵا ئۆیێج ئالان، پەرچە کرداری دەسەڵاتدارانی تورک لەوەدا یەکیان دەگرتەوە، کە ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان نەکەن، وێڕای ئەوەش دانیان بەوەدانا ئاگربەست و وازهێنان لە توندوتیژی چارەسەرەکە ئاسان دەکات. سەرۆککۆمار ئۆزال، وتی: "ئارام بگرن، با بزانین خاوەنی قسەی خۆیانن"، بەڵام دێمیرێل دەیووت: "دەوڵەت دانانیشێ بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ خوێنڕێژان". ئینەنۆش دەیگوت: "دەوڵەت خاوەنی ئەو هێزەیە، کە کۆتایی بە تیرۆر بهێنێت، تا ئەوە خێراتر بێت باشترە. هیچ نامەیەك نییە لەگەڵ ئەنجامدەرانی تیرۆر، هیچ چاوپێکەوتنێك نییە و هیچ ڕێککەوتنێکیش نییە"[2]. عیسمەت سەزگینی وەزیری دەرەوەی ئەوکات ڕاگەیاند: هیچ ڕێگەیەك جگە لە تەسلیمبوونەوەی بێ مەرجی عەبدوڵڵا ئۆیێج ئالان، لە ئارادا نییە. هەروەها تۆزات ئەیازی وەزیری بەرگری وتی: "دانوستان لەگەڵ سازمانێکی تیرۆریست بۆ باسکردن ناشێت"[3]. سەرۆکی پارتی نیشتیمانی دایك مەسعود یڵمازیش، حکومەتی ئاگادار کردەوە لە دانیشتن لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆیێج ئالان بە ناوی دەوڵەتی تورکیاوە[4].

---

[1] کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب.دووەم ، ١٧٤.

[2] ئەم پارتە، دوای سەرنەکەوتنی لە هەڵبژاردنی ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١، ململانێ دەکەوێتە نێوان ئوێزالی سەرۆك و مەسعود یڵماز، لە ٣٠ تشرینی دووەمی ١٩٩٢، باڵی ئۆێزال، ململانێی لەسەر سەرۆکایەتی پارتی نیشتمانی دایك دۆڕاند و سەرۆکایەتی پارتەکە کەوتە دەست مەسعود یڵماز. بڕوانە: محمد نورالدین، المسألة الکردیة ...، ص٢٨؛ محەمەد نورەدین، تورکیا لە سەردەمی...، ل٧٣-٧٤.

[3] کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب.دووەم ، ١٧٤.

[4] محمد نورالدین، المسألة الکردیة ... ، ص٢٨.

ئـوێزال لەسـەرەتادا گومـانی لـە ئاگربەسـت هـەبوو، پێـی وابـوو سـوریای یارمەتیـدەری سـەرەکی ئـوێج ئـالان ترسـی لـە لەدەستـچوونی پـارتی کرێکـارانی کوردستانی دەبێت، کە وەك گوشاری ململانێی سەر ئاوی ڕووبـاری فـورات لەگـەڵ تورکیادا بەکاری دەهێنا، بەڵام دوای چەند ڕۆژێك لە دانیشتنێکی تایبەتدا، ئـوێزال جەنگیز چانداری ڕۆژنامەنووسی لە پـڕۆژەی چارەسـەرکردنی دۆزی کـورد ئاگـادار کرد و پێی وت: دەرکردنی لێبوردنێکی گـشتی، بـۆ چـەکداران و ئەنـدامانی پـارتی کرێکارانی کوردستان، کە بەچـەند هەنگاوێکـدا بـڕوات بـە چـاك دەزانێـت، بـەوەی لەسەرەتادا، لێبوردنێکی گشتی بۆ ئەو چەکدار و ئەندامانە دەربکات کـە تـاوانێکی دیاریکراویـان لەسـەر نییـە و ڕێگەشـیان بـدرێت بێنـەوە نـاو کۆمـەڵ، دووسـاڵ دواتـریش، لێبـوردنێکی دی بـۆ بەرپرسـانی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان و سەرکردەکانیان دەربکرێت، بەمەرجێك ئوێج ئالان دوای پێنج ساڵ ئەوەی لەگەڵدا بکرێت[1]. لە ١ی نیسانیـشدا، لـە کۆبوونەوەیەکیـدا، کـە دێمیرێـل و وەزیرەکـان و سەرۆکی ئەرکان (دۆغان گیورەش) ئامادەی بوون، بارودۆخی کورد تـاوتوێ کـرا و کۆمەڵێك ڕێوشوێنیشیان بڕیاردا و ناویان نا (پلانـی کـوردیی حکومـەت)، کـە ئـەم خالانەی لەخۆ دەگرت:

١– دەستکاریکردنی قانونی لێبوردن بە جۆرێـك چـەکدارانی پـارتی کرێکـارانی کوردستانیش کە لە شاخەکاندا خۆیان قایم کردووە، بگرێتـەوە و ڕێگـەیان پێ بدرێت خۆیان ڕادەستی حکومەت بکەنەوە.
٢– هەڵوەشاندنەوەی باری نائاسایی پارێزگاکان.
٣– زیادکردنی دەسەڵاتی هەموو پارێزگاکان، نەك تەنها پارێزگاکانی باشـووری ڕۆژهەڵات و دەستکاریکردنی قانونی پارێزگاکان.
٤– پێکهێنانی ڕاوێژکارییەك بۆ ئاسایش و گرێدانی پاسەوانانی گوند پێـوەی و دووبـارە ڕێکخستنەوەی ناوچـەکانی بـاری نائاسـایی و وازهێنـانی پلـە بـە پلەی ڕژێمی پاسەوانی گوندەکان.
٥– بـەهێزکردنی هانـدان کـە ڕێوشـوێنی باشـتر بـۆ وەبـەرهێنان لـە باشـووری ڕۆژهەڵات لەخۆ دەگرێت[2].

---

[1] جۆناتان – سی ڕانداڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠١.
[2] محمد نورالدين، المسألة الكردية ... ، ص٣٠.

جگە لەم هەنگاوە، عیسمەت سەزگین لە سەردانێکیدا بۆ ناوچە کوردییەکان، ڕایگەیاند: دەوڵەت نیازی وایە، نـاوی گونـدە کوردییـەکان، بگەڕێنێتـەوە بـۆ نـاوە کوردییەکانی خۆیان، دوای ئەوەی دەسـەڵاتدارانی تـورکی، لـە سـاڵانی حـەفتاکان بەدواوە، گۆڕیبوویانن بۆ ناوی تورکی[1].

کاتێك ئەو هەنگاوانە دەنران، ئۆیزال گومـانی لـە چۆنییەتیی پـشتگیریکردنی حکومەت و پەرلەمان هەبوو کـە ناسیۆنالیـستە تونـدڕەوەکان دەسـتیان بەسـەردا گرتبوو، تا ئەو ساتەش، پێیان لەسەر ئـەوە دادەگـرت کـە نابـێ دەوڵـەت هـەرگیز دانوسـتان لەگـەڵ "تیرۆرسـتاندا" بکـات، بـەڵام ئـوێزال کـەمتر گومـانی لـە سـوپا هەبوو، هەروەك بە جەنگیزچانداری وتبوو: "زۆر لە سوپا دوودڵ نیم چونکە ئەوان لـــە ڕیـــزی پێـــشەوەی بەرەنگاربوونـــەوەی چـــەکدارەکانی پـــارتی کرێکـــارانی کوردسـتاندان و دەزانـن جـەنگ چـی دەگەیـەنێت، بـەڵام لـە سیاسـەتمەدارە مەدەنییەکان تـەواو دوودڵـم". بـڕوای تەواویـشی بـە قـایلکردنی جەنـەڕاڵ (دۆغـان گیورەش)ی سەرۆك ئەرکانی سوپای تورکیا هەبوو کـە بـە تونـدڕەو ناسـرابوو. لـە لایـەکی تریـشەوە، هەنـدێك لـە کوردەکـان، گومانیـان لـە ئـوێزال و لـە هـەر مەدەنییەکی تریش دەکرد، تا بتوانن کـار لـە سـوپا بکـەن، یـاخود لـەم پێنـاوەدا بەلای خۆیاندا ڕایان کێشن. هەروەك ئەحمەد تورك ڕایگەیاند: ئۆیزال لەو ماوەیـەدا پێی وتووە "تا کار بکاتە سەر گەورە ژەنراڵـەکانی سـوپا و بـۆ چارەسـەر کردنـی ئاشـتیانە"ی دۆزی کـورد هانیـان بـدات و ئـەویش سـورە لەسـەر بـەردەوامبوونی هەوڵەکانی. لەبەرئەوە، ئەحمەد تورك، ئەوکات، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئـوێزال لە بەدەستهێنانی ئامانجەکەیدا دڵنیـا نـەبوو، چـونکە بـە پێـی قـسەکانی، ئـەوەی دەردەخست کە دەسەڵاتی ڕاستەقینەی بەڕێوەبردنی وڵات لەدەست ئەودا نییە[2]. لەبەرئـەوە، هەوڵـەکانی ئـوێزال بـۆ چارەسـەرکردنی دۆزی کـورد، کاریگـەریی ئەرێنییان نەکردە سەر دەسەڵاتدارانی سیاسـی و سـەربازیی تورکیـا و تـەنها وەك سیاسییەکی پراگماتی هەنگاوی نا، کە هیچ دەرەنجـامێکی چارەسـەرکردنی دۆزی کوردی لێنەکەوتەوە.

---

(۲) نفس المصدر، ص۳۰.

(۱) جۆناتان – سی ڕاندال، سەرچاوەی پێشوو، ل۴۰.

ئەوەی ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە قەناعەتپێکردنی ئۆزال بۆ ئەوەی هەنگاوی کردارەکی بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە تورکیا بنێت، سێ ڕاپۆرتی گرنگی دەزگاکانی حکومەت بوون، کە خرانە بەردەمی ئۆزال. ڕاپۆرتی یەکەم، لە ساڵی ١٩٩٢، لەلایەن هەریەك لە باڵیۆز (کایا تۆپەری– Kaya Toperi)ی وتەبێژی فەرمی ئۆزال و ژەنراڵ (ئەسلان گیونەر– Aslan Güner)ەوە ئامادەکرابوو لەژێر ناوی (دۆزی کورد و بارودۆخی باشووری ڕۆژهەڵات و پێشنیازەکانی چارەسەری). لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: ئەگەر دۆزی کورد چارەسەر نەکرێت، شانسی ئەوە لە دەست دەچێ تورکیا ببێتە دەوڵەتێکی مامناوەندی و ئەگەری ئەوەش هەیە بەلاوازی بمێنێتەوە. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە دۆزی کورد، گەورەترین و گرنگترین کێشەی کۆماری تورکیایە. چوار مانگ دوای ڕاپۆرتی یەکەم، لە مایسی هەمان ساڵ (عەدنان کاهڤەچی– Adnan Kahveçi) یەکێك لە وەزیرەکانی پارتی نیشتیمانی دایك و دۆستی تورگوت ئۆزال، ڕاپۆرتێکی ١٣ لاپەڕەیی ناردە نووسینگەی سەرۆککۆمار و تیایدا دەڵێت: "بۆ چارەسەری (کێشە)ی کورد پێویستە دەسەڵاتی سیاسی تورکیا تواناکانی خۆی بخاتە گەڕ بەر لە هەموشتێکیش کۆمەڵگای تورك بۆ قبوڵکردنی ئەو چارەسەرییە ئامادە بکات. هەرچەندە تورکیا خۆی دیموکراتیزە بکات بە هەمان ئەندازەش دەتوانێ ڕێگا لە جیابوونەوەی کوردەکان بگرێ، پێویستە قەدەغەی سەر زمانی کوردی هەڵبگیرێ". لە ساڵی ١٩٩٣شدا، جەنەڕاڵ (کەمال یاماك – Kemal Yamak)ی فەرمانـدەی پێشووی هێزە زەمینییەکانی سوپای تورکیای خانەنشینکراو ڕاپۆرتێکی تری بۆ ئۆزال نارد و ئەویش چارەسەرکردنی دۆزی کورد بە پێویست دەزانێت و دەڵێت: "ئەگەر سیاسەتەکانی تورکیا لە ماوەی ٢٠٠ ساڵی ڕابوردوودا دەربارەی کورد دروست بووبن، بۆچی تا ئێستا دۆزی کورد چارەسەر نەکراوە و ناوەناوە سەرهەڵدەداتەوە؟". هەروەها یاماك لە ڕاپۆرتەکەیدا دەرکەوتنی پارتی کرێکارانی کوردستان، وەك ڕاپەڕینێکی کورد لەقەڵەم دەدات[1].

---

[1] بۆ خوێندنەوەی زیاتری ڕاپۆرتەکان، بڕوانە: دیجلە ماردین، مەسەلەی کورد لە گوتاری سیاسیی ئۆزال و ئەردۆغان و ئاغاردا، گۆڤاری (دۆستی تورکیا)، ژ (٦)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلیمانی، ئابی ٢٠٠٧، ل٤٨–٥٠.

پێش تـەواوبوونی مـاوەی ئاگربەسـت، لـە هـەنگاوێکی تـردا بـۆ ئاشـتی و لـە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا، لـە ١٦ی نیسانی ١٩٩٣، بـە ئامـادەبوونی سـەرکردە کوردەکانی وەك (جـەلال تاڵـەبانی) و (حەمـەڕەش – ڕەشـۆ)ی سـکرتێری پـارتی دیموکراتی کوردستان– هەڤگرتن و (ئەحمـەد تـورك)ی سـکرتێری (**HEP**)، ئـوێج ئـالان مـاوەی ئاگربەسـتی بـۆ کـاتێکی دیارینـەکراو درێـژ کـردەوە[1]. جگـە لـەو داواکارییانــەی ســەرەوە، چــەند داواکارییــەکی تریــشی خــستە ڕوو، لەوانــەش: کۆتاییهێنـــانی دەســـتبەجێی چـــالاکییە ســـەربازییەکان و دەســـتهەڵگرتن لـــە چەوساندنەوە و ئەشکەنجەدانی کۆمەڵانی خەڵکی کورد و کۆتاییهێنان بە کوشتنی هەڕەمــەکی کــە لەلایــەن کەســانی نەناســراو ئــەنجام دەدرێــن و دابینکردنــی ئەنجومەنێکی ئازاد، بۆ گەلی کورد[2].

ئوێج ئالان لـە کۆنفرانـسەکەدا ڕووی کـردە حکومـەت و وتـی: "هەڵەیـە ئـەو جـۆرە بـیر کردنەوەیـەی، کـە دەیـەوێت ئێمـە لـە نـاو بـەرێ، ئاشـتی و ئاسـایش بەیەکلایەنی بەدەست ناهێنرێن، پێویستە دان بە واقیعی کۆمەڵانی خەڵکی کـورددا بنرێت". لە کۆتاییدا، ئوێج ئالان وتی: "بـە بـاوەڕی مـن ڕێگـای گونجـاو هەیـە بـۆ ئەوەی مافـە نەتەوەییـەکانی گـەلی کـورد دابـین بکـرێن. پیـشاندانی ئامـادەبوونی حکومەت ئەوە دەگەیەنێ، کە چارەسەرێکی ئاشتیانە بدۆزرێتـەوە. ئێمـە مێـژووی هەزار سـاڵمان بەیەکەوەیـە... داواکـاری ئێمـە بـە هـیچ جۆرێـك مانـای جیـاخوازی ناگەیەنێ. ئێمە دەمانەوێ لەتەك یەکتر بە ئازادی و بە یەکسانی بژین. بە بـاوەڕی ئێمە ڕێگای گەیشتن بەو ئامانجانە ئاوەڵایە و ئێستاش نۆبـەی حکومـەتی تورکیـا هاتووە"[3].

هــەمان ڕۆژ، دێمیرێلــی ســەرۆکوەزیران وەڵامــی ئــوێج ئــالانی دایــەوە کــە: "دەوڵەتی تورکیا ناتوانێت لەگەڵ ئەو چـەکدارانەی خـەڵکی بێتاوانیـان کوشـتووە گفتوگۆ بکات. ئەگەر ئەو (ئاپۆ) لە کوشتار پەشیمان دەبێتەوە هیچ یاداشتێك بـە

---

[1] کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب.دووەم ، ١٧٥.

[2] بڕوانە: جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦.

[3] جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧.

ئەو نابەخشین، ناوچەیەك لە توركیای نادەینێ!". ڕۆژی دواتر، تورگوت ئۆزال مرد، مردنی ئۆزال ڕێگەی لە بەردەم گفتوگۆ دژوار كرد. دوای مردنیشی، سلیمان دێمیرێل جێی گرتەوە و لە ١٦ی ئایاری ئەوساڵە بە سەرۆككۆمار هەڵبژێردرا[1].

مردنی ئۆزال، كاریگەریی نەرێنیی كردە سەر پرۆسەی چارەسەركردنی دۆزی كورد و ئەو هەنگاوانەی لەسەردەمی ئەودا هاتنە ئاراوە. خودی عەبدوڵڵا ئۆجەلان دڵگران بوو بە مردنی و بە پەرۆشەوە ڕایگەیاند ئۆزال ئەو پیاوە بوو كە لەسەر ئاستی دۆزی كورد هەنگاوی ئازایانەی ناو كۆچی دواییشی دەبێتە مایەی بۆشاییەكی گەورە. هەریەك لە جەلال تاڵەبانی و ئەحمەد توركی سەرۆكی (HEP)یش غەمباری خۆیان لەو بارەیەوە ڕاگەیاند و پێیان وابوو مردنی ئەو، كاریگەریی خراپ دەكاتە سەر ئەو كرانەوەیەی بەرانبەر كورد هاتە ئاراوە. هەروەها ئەحمەد تورك بێ متمانەیی خۆشی بەرانبەر بە سلێمان دێمیرێل نەشاردەوە و ڕایگەیاند: دێمیرێل جێی متمانە نییە و ئەوەی دوێنێ وتوویەتی، ئەمڕۆ لە بیری دەچێتەوە. ئەوەی ئەمڕۆش دەیڵێت سبەی لە بیری دەچێتەوە...[2].

مردنی ئۆزال و جێگرتنەوەی دێمیرێل هەلی گفتوگۆ و چارەسەریی ئاشتیانەی دۆزی كوردی لەبار برد و دووبارە توندوتیژی بە دوای خۆیدا هێنا. بە پێچەوانەی ئەو بەڵێنانەی كە دێمیرێل لە كاتی گەیشتنی بە پۆستی سەرۆكوەزیری لە تشرینی دووەمی ١٩٩١دا دابوونی، وێڕای ئەوەی كارێكی ڕاستەقینەی بۆ چارەسەركردنی دۆزی كورد بە ڕێگەی سیاسی نەكردبوو، دوای ئەوەی بوو بە سەرۆككۆمار، ڕێگەی بە سوپا دا ئاگربەستەكەی ئۆجەلان بە لاوازی لێك بداتەوە و سوپاش لە ناوچەكەدا هەوڵیدەدا ئەو حەوت هەزار چەكدارەی ئۆجەلان پڕوپاگەندەی بۆ كردبوون، لە ناوچەكەدا بڵاوبوونەتەوە، بدۆزێتەوە و دەستگیریان بكات، لە ماوەی یەك مانگ و نیوی دواتردا، هێزەكانی حكومەت نزیكەی (١٠٠) چەكداری پارتی كرێكارانی كوردستان و خەڵكی سڤیلیان كوشت و بە سەدانیشیان

[1] كریس كۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب.دووەم ، ل١٧٥؛ محمد نورالدین، المسألة الكردیة ... ، ص٣٢.

[2] محەمەد نورەدین، توركیا لە سەردەمی ...، ل٦٤–٦٥.

دەستگیر کرد و وێرانکردنی گوندەکانیشیان دەست پێ کردەوە. بەمەش دێمیرێل و سوپا ئەوەیان ڕوونکردەوە کە دانوستان یان هیچ ئیمتیازێك لە گۆڕێ نییە، بەڵکو یەکەم جار پارتی کرێکارانی کوردستان بە تەواوای لەناودەبەن، پاشان چاو بە سیاسەتی حکومەت لە بارەی کوردەوە دەگێڕنەوە و هەڵیدەسەنگێنن[1].

هۆکارێکی تری بەرپابوونەوەی توندوتیژی کوژرانی ٣٣ سەبازی تورك بوو لەلایەن دەستەیەك لە چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان، بە سەرۆکایەتیی شەمدین ساکیك، کە یەکێك لە سەرکردەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو، لە ٢٤ی ئایاری ١٩٩٣ و دواتریش ڕاگەیاندنی کۆتاییهاتنی ئاگربەست و دەستپێکردنەوەی شەڕ بوو لەلایەن عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان، لە ٨ی حوزەیرانی ئەو ساڵەدا[2]، لەبەرئەوەی حکومەتی تورکیا لەم ماوەیەدا، هیچ نیشانەیەکی ئەرێنی بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد نیشان نەدابوو، نە مۆڵەتی پەخشی بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بە زمانی کوردی دابوو، نە کردەوەی سەربازیشی ڕاگرتبوو[3].

سەبارەت بەو قۆناغەش، ئۆچ ئالان پێی وابوو ئەگەر ئۆزال نەمردبایە و شەمدین ساکیکیش ئەو ٣٣ سەربازە بێچەکەی نەکوشتبانایە، لەوانە بوو ئاگربەست بە ئاشتییەکی هەمیشەیی و کۆتایی، ئەنجامێکی باشی هەبوایە[4]. هەرچەندە دوای ئەوەی حکومەتی تازە بە سەرۆکایەتیی تانسۆ چیللەر[5] پێکهات

---

[1] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٨.

[2] **Alı Kemal Özcan, Op.Cit, P179.**

[3] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٨.

[4] عەبدوڵڵا ئۆچ ئالان، بەرگریکردن لە گەلێك، ل٣٧٨.

[5] تانسۆ چیلەر لە ساڵی ١٩٤٦ لە ئەستانبوڵ لەدایك بووە، کۆلێژی ئابووری لە زانکۆی بۆغازیجی تەواوکردووە، پاشان دکتۆرای لە زانکۆی کۆنێکتیکاتی ئەمریکی لە بواری ئابووریدا وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٧٨ وانەبێژی زانکۆ بووەو لە ساڵی ١٩٨٣ بۆتە پرۆفیسۆر. لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٠دا چۆتە ناو پارتی ڕێگای ڕاست، لە ساڵی ١٩٩١ بۆتە ئەندام پەرلەمان، لەگەڵ دامەزراندنی پارتی نەتەوەپەرستی سۆسیالیستیش لەگەڵ حکومەتەکەی دێمیریلدا بۆتە وەزیری کاروباری ئابووری و دواتر بۆتە یەکەم سەرۆکوەزیری ئافرەت لە مێژووی تورکیادا. بڕوانە:
(http://www.biyografi.net/kisiayrinti.asp?kisiid=278)

و هەوڵیدا شوێن پێی ئوێزال هەڵبگرێت، بۆ ئەو مەبەستەش، لە ١٢ی تەممووزی ١٩٩٣، پێشنیازێکی خستە بەردەم سەرکردەکانی تورکیا، بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر خوێندنی زمانی کوردی لە خوێندنگاکانی ناوچە کوردنشینەکان وەکو بابەتێکی ئازاد بکرێت و ڕێگە بە پەخشی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی بە زمانی کوردی بدرێت، بەڵام ئەم پێشنیازە لەلایەن سلێمان دیمیرێل و سەرکردەی پارتەکانی تری تورکیاوە پشتگیری نەکرا و ڕەت کرایەوە، لە سەرو هەمووشیانەوە سەرکردەکانی سوپا. لەبەرئەوە، هەوڵەکەی چیللەر، هەر قسە بوو، نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە[1]. بەم شێوەیە، قۆناغێکی گرنگی مێژوویی و هەلێکی گەورەی هەوڵەکانی چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە تورکیادا، کۆتایی پێهات و باکووری کوردستان سەرلەنوێ کەوتەوە ناو دۆخی شەڕ و توندوتیژی، کە لە باسەکانی لەمەبەدوا، ئاماژەی پێدەدەین.

**باسی دووەم/ پارتی کرێکارانی کوردستان و پەرەسەندنی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد لە نەوەدەکاندا:**

پارتی کرێکارانی کوردستان، لە سەرەتای نەوەدەکان بەدواوە، پەرەسەندن و پاڵپشتییەکی جەماوەریی بەرچاوی بەدەست هێنابوو، ژمارەیەکی زۆری خەڵک و ژمارەیەکی زۆری کوڕان و کچان لە لادێنشینەکان و خوێندکارانی زانکۆ لە شارە کوردی و تورکییەکان، پەیوەندییان بە پارتی کرێکارانی کوردستان و هێزە چەکدارییەکانیەوە کرد. (عەلی کەمال ئۆزجان) لە کتێبەکەیدا، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەرتەشی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان **(ARGK)** لە ساڵی ١٩٨٩دا، قانونی بەزۆر بەسەربازکردنی کوردانی ڕاگەیاند بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٩١ ناچاربوو ئەم قانونە بۆ ماوەیەك لە هەندێ ناوچەدا ڕاگرێت، بەهۆی نەبوونی توانا بۆ مەشقپێکردنی ئەو بە سەربازکراوانەی تازە هاتبوونە ناو هێزەکانیان[2]. بە پێی وتەی عوسمان ئۆیج ئالانی ئەندامی کۆنسەی سەرکردایەتیی پارتی کرێکارانی

---

[1] بڕوانە: محەمەد نورەدین، تورکیا لە سەردەمی...، ل١٣٩،١٦٤.

**[2]Ali Kemal Özcan, Op.Cit, P 175.**

کوردستانی ئەوکات، تا ساڵی ١٩٩٢، ژمارەی هێزە چەکدارەکانیان زیاتر لە (١٠) هەزار چەکدار دەبوو[١].

لە رووی داراییشەوە، پارتی کرێکاران، لە چەند لایەکەوە کەوتبووە کۆکردنەوەی داهات و گەشەی بە بواری دارایی خۆی دابوو، لەوانەش کۆمەکی هەزاران کورد لە ئەوروپا و بە سەدان و بە هەزارانیش لە ئاغا و سەرمایەدارانی باکووری کوردستان لە ئەوروپا و کوردستان هاوکارییان دەکرد، حەسەن ئەحمەدی کادیری پێشکەوتووی پێشووی پارتی کرێکاران، ئەم پارتە تۆمەتبار دەکات بەوەی پارەیەکی زۆریان لە موڵکدار و خاوەن پرۆژە و کۆمپانیاکان وەردەگرت و لە ساڵی (١٩٨٧) بەدواوە باجی خستبووە سەر گەشتیاران و لە ئەندامانی رێکخستنەکانیشی ئابونەی وەردەگرت[٢]. گەلێ لایەن و ناوەندی سیاسی و راگەیاندنی تورکی و ئەوروپیش پروپاگەندەی ئەوە دەکەن، گوایە ئەم پارتە، لە رێگەی بازرگانیکردن بە ماددە سڕکەرەکانەوە، ملیۆنەها دۆلار دەستکەوتی بووە، ئەم پروپاگەندانەش لەلایەن عەبدوڵڵا ئۆجەلان و جەمیل بایکی ئەندامی کۆنسەی سەرکردایەتی ئەوکاتەی ئەم پارتە رەتکراونەتەوە[٣]. ئەم پروپاگەندانەش لە چوارچێوەی ناشرینکردن و ناوزڕانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا بوونە.

لە رووی سیاسیشەوە، پارتی کرێکارانی کوردستان، لە سەرەتای نەوەدەکانەوە گەشەی کرد و لە هەڵبژاردنەکانی تشرینی یەکەمی ١٩٩١دا، ٢٢ ئەندام لە ئەندامانی (**HEP**)، کە بە لایەنگری پارتی کرێکارانی کوردستان دەناسرێن، دەنگیان هێنا و چوونە ناو پەرلەمان. ئەمەو رووتێکردنی خەڵکی لەم پارتە متمانەی زیاتری بە پارتی کرێکارانی کوردستان دابوو، لەمە بەدوا، ئەم پارتە داوای مانگرتنی خەڵکی دەکرد و، دامودەزگای تایبەت بە خۆی بۆ بەڕێوەبردنی گوندنشینە کوردییەکان و هەندێ شاری سنوریش، وەك شارەکانی (سلۆپی، شیرناخ، جەزیرە، ماردین و نسێبین) پێك هێنا[٤]. ئەم هەنگاوەش،

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان ئۆجەلان، کۆیە، ١ی شوباتی ٢٠٠٩.

[٢] حەسەن ئەحمەد مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.

[٣] بڕوانە: میخائیل. م.جونتر، المصدر السابق، ص٨٤–٨٨.

[٤] بڕوانە: عثمان علي، المصدر السابق، ص١٧.

هەڵمەتی ڕاگەیاندن بوون لەپێناو دامەزراندنی حکومەتی (بۆتان–بادینان)، کە هیچ ئەنجامێکی لێنەکەوتەوە[1].

تا ساڵی ١٩٩٢، پارتی کرێکارانی کوردستان، بە شێوەیەك گەشەسەندنی بە خۆیەوە بینی، دەسەڵاتی بەسەر چەند ناوچەیەکی باکووری کوردستاندا کێشابوو، شەوانە، هێزەکانی مەفرەزەیان دەنارده سەر ڕێوبانەکان و سەرباز و پاسەوانی گوندیان لەو ڕێوبانانە دەکوشت و ناسنامەیان لە کوردەکان وەردەگرت و دەیانگۆڕی بە ناسنامەی تر، کە لەلایەن خۆیانەوە دروست کرابوون، گەشتکەر و ڕێبوارانی بیانیش ڕێنمایی کرابوون بەرلەوەی بێنە ناوچە کوردنشینەکان پێویستە (ڤیزە) لە **(ERNK)** وەربگرن[2].

لە شوباتی ١٩٩٢، ئەم پارتە، وەك پڕوپاگەندەی ڕاگەیاندن، داوای لە کادیرەکانی کرد ئامادەکاری بۆ ڕاگەیاندنی حکومەتی جەنگ لە (بۆتان– بادینان) بکەن و ڕایگەیاند ساڵی نوێی کوردی (٢١ی ئاداری ١٩٩٢)، لە ململانێی لەگەڵ حکومەتی تورکیا، ساڵێکی یەکلاکەرەوە دەبێت و ژمارەیەك بڵاوکراوەشی دەرکرد کە تێیدا داوای لە کوردەکان دەکرد ئامادەکاری بۆ جەنگێکی یەکلاکەرەوە بکەن، بە پاشەکەوتکردنی سوتەمەنی و کۆکردنەوەی خۆراك و داوای کرد: هەموو خێزانێك لە ناوچە کوردییەکاندا ببنە یەکەیەکی شەڕکەر[3]. دوای ئەوە، کوردەکانی باکووری کوردستان، لە شارە کوردنشینەکاندا، بە شێوەیەکی فراوان بەشدارییان لە ئاهەنگی نەورۆزدا کرد، کە وەك ڕاپەڕینێکی لێهات، بەڵام دواتر لەلایەن حکومەتی تورکیاوە، بە توندی دامرکێنرایەوە و بووە هۆی کوژرانی نزیکەی سەد کەس، وەك لە باسی ڕابوردوودا ئاماژەمان پێدا[4].

دەربارەی ئەو ڕووداوە، پارتی کرێکارانی کوردستان، لە ڕێگەی **(ERNK)** لە برۆکسل، ڕۆژی ٢٨ی ئاداری بە پرسەی نیشتیمانی دانا و قسەکەرێك بە ناوی بەرەوە، ڕوونی کردەوە، (ئێمە دەوڵەتی تورکیا ئاگادار دەکەینەوە، یان ڕێز لە

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان ئوێچ ئالان، کۆیە، ١ی شوباتی ٢٠٠٩.

[2] کەندال و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٥.

[3] عثمان علي، المصدر السابق، ص١٨.

**[4] Ali Kemal Özcan, Op,Cit. P17**

یاساکانی شەڕ و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان وەکو ڕێککەوتننامەی جنێف بگرێت، یان بارودۆخەکەیان قورس دەبێت، ئێمە دەسەڵاتی تورکیا دەکەینە ئامانج لە هەندێ ویلایەت و لە ویلایەتەکانی تریش خەباتی چەکداریمان چڕ دەکەینەوە)[1].

دوای ئەوە، پارتی کرێکارانی کوردستان، لە یادی هەشتەمین ساڵەی دەستپێکردنی خەباتی چەکداریدا، لە شارە کوردییەکان، دەستی بە هێرشێکی بەرفراوان بۆ سەر سوپای تورکیا کرد و بەیەکداچوونی سەخت لە نێوانیاندا ڕووی دا. ئەم هێرشانەش لە ویلایەتی ئەرزەڕۆم و سنورەکانی تورکیا لەگەڵ ئێران و عێراق و سوریا ڕوویان دا و لە هێرشێکیدا بۆ سەر شاری شیرناخ، شەڕ ماوەی (٤٠) کاتژمێری خایاند[2].

لە بەرانبەر ئەو ڕووداوانەدا، حکومەتی تورکیا بۆ لەناوبردنی چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، هەوڵەکانی چڕ کردەوە و کەوتە هەوڵدان بۆ نەهێشتنی هەر پشتگیریکردنێکی دەرەوە لەم پارتە. ئەوەبوو، لە نیسانی ١٩٩٢، (عیسمەت سەزگین) و جەنەڕاڵ (ئەشرەف بتلیس)ی سەرۆکی هێزی جەندرمە سەردانی سوریایان کرد و لەگەڵ (حافز ئەسەد)ی سەرۆکی سوریا کۆبوونەوە. لە دوای بڕیارنامەیەکی ئاسایشی بەرەو ئەنقەرە گەڕانەوە و ڕایانگەیاند: ئەم جارە پشتیوانیی سوریا لە پارتی کرێکارانی کوردستان تەواو بووە و سەربازگەکانی لە بیقاع داخراون و ئەم پارتەشی بە ناقانونی ڕاگەیەنراوە[3]. لەم سەردانەدا، سەزگین بەڵگەنامەیەکی پێشکەشی حافز ئەسەد کرد کە ئەو خاڵانەی تێدا هاتبوو:

١- تا ئێستا ئوێج ئالان لە دیمەشق لە نزیک مزگەوتی سەلاحەدینی ئەیوبی دەژی و لەلایەن ئەندامانی هەواڵگری سوریاوە پارێزگاریی لێدەکرێت.

٢- دەزگای هەواڵگری سوریا، پارە و کەرەستە و پێناسەی ساختە بۆ پەکەکە دروست دەکەن.

---

[1] وصال نجيب عارف العزاوي، القضية الكردية...، ص١٩٢-١٠٣.

[2] جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧.

[3] بڕوانە: کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب.دووەم ، ل١٦٢.

٣- سوريا، ڕێگە بە کۆبوونەوە و چاوپێکەوتن و بەستنی کۆنگرەکانی پەکەکە دەدات، لەسەر خاکەکەی، لە مێژووی جیاوازدا.
٤- سوريا، ڕێگەی داوە بە بوونی سەربازگەی پەکەکە و ناوەندی مەشق، لە دۆڵی بیقاع، لە لوبنان و موشەکی (زەمینی-ئاسمانی) لە جۆری (سام٧)ی دەستخستووە.
٥- سوريا، هاریکاری بە پەکەکە بەخشیوە لە گەنجینەی چەکەکانی کە نزیک سنورەکەی لەگەڵ تورکیا دانراوە.
٦- سوريا، ڕێگەی بە پەکەکە داوە بۆ دانانی بڵاوکراوەیەکی ڕادیۆیی بۆ ماوەی ٧٢کم (نزیکەی ٤٤ میل) لە دیمەشق[١].

لە ئەیلولی هەمانساڵیشدا، عیسمەت سەزگین، بە ئامانجی قەدەغە کردنی چالاکییەکانی ئەم پارتە، چووە ئێران، بەڵام هەوڵەکەی سەرکەوتوو نەبوو[٢]. لە لایەکی تریشەوە، حکومەتی تورکیا بە مەبەستی دەرکردنی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە باشووری کوردستان کە لە دوای داخستنی سەربازگەی مەشقیان (سەربازگەی مەعسوم قۆرقماز) لە بیقاعی لوبنان، لە سنورەکانی باشووری کوردستان و تورکیا لە ناوچەکانی (خواکورك، چوقورجە، حەفتانین) جێگیر بوو بوون و لەوێوە هێرشیان دەکردە سەر تورکیا، فشاری خستە سەر (حکومەتی هەرێمی کوردستان)[٣]، کە لەو کاتەدا گەمارۆیەکی ئابووریی دوو لایەنەی لەلایەن ڕۆژئاوا و حکومەتی عێراقەوە لەسەر بوو، لایەنی سەرەکیی

[١] هنري باركي وآخرون، المصدر السابق، ص١٠١.

[٢] نفس المصدر، ص١٠٤.

[٣] حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ٤ی حوزەیرانی ١٩٩٢، بە سەرۆکایەتیی (محەمەد فوئاد مەعسوم) دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەو ساڵە پێك هات، کە تیایدا (پ.د.ك) ڕێژەی (٤٥,٥٪)و (ی.ن.ك)ش ڕێژەی (٤٣,٦)ی دەنگەکانیان بەدەست هێنا، دواتر دەنگی پارتە سەرنەکەوتووەکانی هەڵبژاردن بەسەر هەریەك لەو دوو پارتە دابەشکران، بەمەش ڕێژەکە بوو بە (٥٠,٨) بۆ (پ.د.ك) و (٤٩,٢٪) بۆ (ی.ن.ك) و سەرەنجام هەریەك لە پارتە سەرکەوتووەکە (٥٠) کورسییان لە پەرلەماندا وەرگرت و (٥) کورسیش بۆ ئاشوورییەکان تەرخانکرا. بڕوانە: هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١-١٠٢.

بـڕێویی ئابووریـشی ناوچـەی خـابور (ئیـبراهیم خـەلیل) بـوو، کـە ڕاسـتەوخۆ لـە باکووری زاخۆوە بە سنوری تورکیا بەسـتراوەتەوە و تاکـە شـوێنی ڕێپێـدرابوو بـۆ بازرگـانی و گـومرگ[1]. وێـڕای ئـەو گـەمارۆ ئابوورییـەی کـە پـارتی کرێکـارانی کوردستان لە مـانگی حوزەیرانـدا بەسـەر باشـووری کوردسـتاندا سـەپاندبووی بـە سوتاندنی ئەو بارهەڵگرانەی بە سنوردا تێدەپەڕین و هەڕەشـەی لـە شـۆفێرەکانی دەکرد[2]، حکومەتی تورکیـاش، بـە درێـژایی مـانگی ئـاب و ئـەیلول، سـنورەکانی خۆی لەگەڵ باشووری کوردستان داخست و پارتی کرێکارانی کوردستانی تۆمەتبار کرد کە پەلاماری ئۆتۆمۆبیلە بارهەڵگرەکانی داوە[3].

ئـەم فـشارانە، بوونـە هـۆی ئـەوەی، پەرلـەمانی کوردسـتان لـە ١ی تـشرینی یەکەمی ١٩٩٢دا، ئاگادارکردنەوەیەك بە پارتی کرێکارانی کوردستان بـدات، تـا لـە ماوەی (٤٨) کاتژمێردا چالاکییە سەربازییەکانی دژی حکومەتی تورکیا ڕابگرێت و بنکـەکانی لـە باشـووری کوردسـتان دابخـات و پابەنـد بێـت پێـوەی. هـەروەها، حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانیش بەیاننامەیـەکی دەرکـرد و داوای لـە پـارتی کرێکارانی کوردستان کرد: ناوچە سنوریەکان جێبهێڵێ، بەوەی یان بگەڕێنەوە ناو سـنوری چـالاکیی خۆیـان لـە بـاکووری کوردسـتان، یـاخود بێنـە نـاو باشـووری کوردستانەوە[4].

سـەرەنجام، لـە ٥ی تـشرینی یەکـەمی ١٩٩٢دا، شـەڕ لـە نێـوان هێزەکـانی (پ.د.ك) و (ی.ن.ك) و پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان دەسـتی پـێ کـرد[5]. لـەو هێرشانەی بۆ سەر پارتی کرێکـارانی کوردسـتان ئـەنجام دران، هـەزاران سـەربازی

---

[1] آزاد كرمياني، حـزب العمـال الكردسـتاني بـين المجابهـة العـسكرية والتحـرك الـسياسي، مجلـة (ئالآی ئیسلام)، ع٢، السنة السابعة، اربيل، مايس/حزيران ١٩٩٣، ص٣"ميخائيل م. جونتر، المصدر السابق، ص١٧٢؛ حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٧.

[2] بڕوانە: کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب.دووەم ، ل١٦٧.

[3] بڕوانە: جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩.

[4] مـەحمود سـەنگاوی، بیرەوەرییـەکانی سـەنگاوی، چ٢، دەزگـای چـاپ و پەخـشی حەمـدی، سلیمانی، ٢٠٠٥، ل٤٥٠.

[5] کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب.دووەم ، ل١٦٩.

تورك بەشدارییان تێدا کرد و سەدان گەریلا کوژران و ئەوانی تریش یان خۆیان ڕادەستی هێزە کوردییەکانی باشوور کرد، یان چوونە ناو خاکی ئێرانەوە[1]. تا دواتر، لەسەر داوای پارتی کرێکارانی کوردستان، ئاگربەست ڕاگەیەنرا و لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، گەیشتە ڕێککەوتنێك و ڕازی بوو بەوەی چالاکی سەربازیی خۆی ڕابگرێ و بنکەکانی خۆی بخاتە ژێر چاودێریی حکومەتی هەرێم، بەمەرجێك پارێزگاری لە بونیادی سیاسی و چەکەکانی بکات[2]. هێزەکانیشیان لە گوندی زەڵێی سەر سنوری ئێران جێگیرکران[3].

دوای ئەم شکستەی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە باشووری کوردستان، لە باکووری کوردستانیشدا، دەزگا سەربازییەکانی حکومەتی تورکیا، هەڵمەتێکی فراوانی دژ بە چەکدارانی ئەم پارتە دەست پێ کردبوو. ئەمە وێڕای ئەو هەڵمەتی کۆمەڵکوژییەی بە ناوی حیزبوڵاوە دژ بە گەلی کورد دەستی پێ کردبوو[4]. لە ساڵی ١٩٩٢دا، تورکیا (سوپای تایبەت)ی دروست کرد، (کە ڕاستەوخۆ) گرێدراوی پۆلیسی نهێنی بوو، لە (١٠) هەزار چەکداری ڕاهاتووی شەڕی پارتیزانی پێك هاتبوو، ئەمە جگە لە دروستکردنی چەندین تیمی تایبەتی دیکە کە دژ بە چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان، پێکهێنرابوون[5]. بە مەبەستی بەردەوامیدان بە باشترین شێوەی شەڕکردنیش دژ بە پارتی کرێکارانی کوردستان، لە مانگی ئاب، حکومەتی تورکیا، ماوەی کارکردنی (دۆغان گیورەش)ی سەرۆکئەرکانی سوپای تورکیای بۆ ماوەی ساڵێکی تر درێژ کردەوە، هەرچەندە کاتی خانەنشینکردنی هاتبوو[6].

---

[1] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٥.

[2] جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان ئۆیێچ ئالان، کۆیە، ١ی شوباتی ٢٠٠٩.

[4] بڕوانە: حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٦.

[5] ئەم سوپا تایبەتە، زۆر جار زمانی کوردی دەزانن و جلی کوردی لەبەر دەکەن و وەکو چەکدارانی پەکەکە ڕەفتار دەکەن. ئەم هێزە، بەزۆری لە کوردە گیراوەکان، بە تایبەتی لە زیندانییە سیاسییەکان پێك دەهات کە (بوونە پیاوی دەوڵەتو بە ئیعتیرافچی دەناسران). ئەم سوپا تایبەتە، بەرپرسن لە کوشتنی کەسانی سڤیل و تاوانەکەشیان دەخستە ئەستۆی پەکەکە.بڕوانە: جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧.

[6] محەمەد نورەدین، تورکیا لە سەردەمی...، ل١٧٥.

هــەروەها حکومــەت لــە ناوەراســتی تــەممووزی ١٩٩٣شــدا، پــارتی خــەڵکی زەحمەتکێش (HEP)، کە بە لایـەنگری پـارتی کرێکـارانی کوردسـتانی دەناسـی، قەدەغەکرد. ئەم هەنگاوەش، دوای تاونبار کردنی ئەم پارتە هات لەلایـەن دادگـای ئاسایشی دەوڵەتەوە، بە هاندانی چـالاکیی جوداخـوازی، دژی یەکپارچـەیی خـاکی تورکیا. دوای ئەوەش، ئەندامانی پەیوەندییان کرد بە پارتی دیموکراسی (DEP)، کە ماوەیەك پێشتر، لەلایەن ژمارەیەك ئەندامی پارتی (HEP) لە ٧ی مایسی ئـەو ساڵەدا، بـە سـەرۆکایەتیی (یەشـار کایـا) و بـە بەشـداری (١٨) ئەندامپەرلـەمان دامـەزرابوو، لـە کـۆنگرەی یەکەمیـشدا، لـە ١٢ی کـانوونی یەکـەمی ئـەو سـاڵەدا (خەتیب دیجلە) بە سەرۆکی ئەم پارتە هەڵبژێردرا[1].

کاتێك پارتی (DEP) دامەزرا، بەهەمان شێوازی پـارتی پێـشوو، ڕووبـەڕووی گوشار و هێرشی توند بـووەوە لەلایـەن حکومـەتی تورکیـاوە. لەوانـەش کوشـتنی (محەمـەد سـنجار)ی ئەندامپەرلـەمان و برینـدارکردنی ئەندامپەرلـەمانێکی تـر، بـە ناوی (نیزامەدین تۆغۆچ) و کوشتنی ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتەکە، بـە نـاوی (مــەتین ئــوێزدەمیر)، لــە ئــەیلولی ١٩٩٣دا. هــەروەها یەشــار کایــای ســەرۆکی پارتەکــەش، لــە ١٣ی ئــەو مانگــەدا، بــە تۆمــەتی بڵاوکرنــەوەی بیروبــاوەڕی جوداخوازی، خرایە بەندیخانەوە (کە ماوەیەك پێش ئەمـە) لـە کـۆنگرەی یـازدەی (پ.د.ك)، لە کۆتایی ئابی ئەو ساڵەدا، لەگەڵ هەریەك لە لەیلا زانا و موراد بـۆزلاق و شکری چاڵڵ و قادر یڤەگەن، ئامـادەی کۆنگرەکـە ببـوون و تێیـدا یەشـار کایـا، وتەیـەکی پێـشکەش کـرد بـوو، داوای یـەکگرتنی کـوردی لـەپێناو کوردسـتانێکی ئازاددا کردبوو[2].

---

[1] ئەم پارتە، لە نێوان دوو باڵدا دابەش ببوو، باڵی (خەتیب دیجلە و لەیلا زانا)، هـەوڵیان دەدا ئەم پارتە بە نوێنەری قانونی پەکەکە بناسێنن، بەڵام، باڵەکەی تر، دەیانویست سـەربەخۆ بـن لـە پەکەکـە. بڕوانـە: کـریس کۆچـێرا، بزووتنـەوەی نەتـەوەیی...، ب.دووەم ، ل١٨٠؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ یەشار کایا، هەولێر، ١١ی شوباتی ٢٠٠٨.

[2] یەشار کایا دوای گیرانی بە پێنج ساڵ زیندانی حوکم درا، بەڵام دەبوایە حوکمەکەی لەلایـەن (دادگای ئاسایشی دەوڵەت) پشتڕاست بکرێتـەوە، بۆیـە تـا کـاتی پـشتڕاست کردنـەوەوەی دادگا، ناوبراو بەردەدرێ و لـەو کاتـەدا لـە تورکیـاوە بـۆ ئـەورووپا ڕادەکـات. چـاوپێکەوتن لەگەڵ (یەشار کایا)، هەولێر، ١١ی شوباتی ٢٠٠٨.

ئەم هەنگاوانەی حکومەت، دوای کۆتاییهاتنی ئاگربەستی یەکلانەی پارتی کرێکارانی کوردستان هاتن، لە بەرانبەردا، پارتی کرێکارانی کوردستانیش، دەستی بە هێرشەکانی کردەوە و هەوڵی دەدا شەڕ بۆ ناوەوەی ناوچە تورکنشینەکان ببات. لە ناوەراستی حوزەیرانی ١٩٩٣، دەستی بە زنجیرە هەڵمەتێك (بۆ سەر ناوچە گەشت و گوزارییەکانی باشووری تورکیا) کرد و گەشتیارە بیانییەکانی ئاگادار کردەوە: بۆ تورکیا، سەرفەر نەکەن، هەر لەو ماوەیەدا، ژمارەیەك گەشتیاری ئەوروپاییان لە ناوچە کوردییەکان بە بارمتە گرت، (کە ئەمانە کاردانەوەی خراپیان لەسەر وێنەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ئەوروپا هەبوو). لە ٢٤ی تەمموزی هەمان ساڵ، هەڵمەتی کردە سەر قونسوڵخانەی تورکیا لە بێرنی ئەڵمانیا و ئەمەش سەرەتای زنجیرە هەڵمەتێك بوو بۆ سەر بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی تورکیا لە شارەکانی وڵاتانی ئەوروپا، لە مانگی تشرینی دووەم، کە بووە هۆی قەدەغەکردنی چالاکییەکانی ئەم پارتە و ڕێکخراوە وابەستەکانی لە ئەڵمانیا و گیرانی ژمارەیەك لە لایەنگرانی لە فەرەنسا و سەرچاوە دارییەکانی خستە بەر هەڕەشە[1]. لە هەندێ ناوچەی باکووری کوردستانیش، پارتی کرێکارانی کوردستان، چالاکیی گشت پارتە سیاسییە تورکییەکان و گشت ڕۆژنامەوانانی قەدەغە کرد[2].

ئەم هێرشانەی پارتی کرێکارانی کوردستان، کە تاوەکو ساڵی ١٩٩٣، ژمارەی قوربانییەکانی هەردوولا گەیشتبوە (١٠) هەزار کەس، دەسەڵاتی حکومەتی لە ویلایەتەکانی کوردستانی تورکیا ڕووبەڕووی ئایندەیەکی ناخۆش بۆ حکومەت کرد بوو، بەوەی کە: وا دەردەکەوت، خەریکە ناوچەکە بەرە بەرە لە بازنەی دەسەڵاتی ئەو دەردەچێت. لەبەرئەوە، بۆ کۆتاییهێنانی یەکجارەکیی پارتی کرێکارانی کوردستان، حکومەتی تورکیا، لە ساڵی ١٩٩٤، هێزێکی (٣٠٠) هەزار کەسی کۆکردەوە و لەپێناو ڕێگرتن لە گەیشتنی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، بۆ ناو گوندەکان، ژمارەیەکی زۆرتری گوندە کوردییەکانی چۆڵ کرد[3]. بە گوێرەی چاپەمەنییەکان، لە کۆتایی ئاداری ١٩٩٤، حکومەت

---

[1] بڕوانە: دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٩.

[2] بڕوانە: میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص١١٩.

[3] بڕوانە: دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٩.

دەوروبـەری چـیای ئـاراراتی بـە ناوچـەی سـەربازی ڕاگەیانـد و هاوڵاتیـانی ئـەو ناوچـەیە، دەبووایـە چـۆڵی بکـەن. هـەر کەسـێکیش، لـەو ناوچـەیە، بـە بـێ مۆڵەتوەرگرتن، ببینرابایە، دەبوایە دەستگیر بکرێت و لە شوێنی خۆی گوللـەباران بکرێت[1]. سەرەنجام زیاتر لە (٢) هەزار گونـد چـۆڵ و وێـران کـران. ئەشـکەنجە و کوشتنی گوندییە ئاساییەکان ئەوەندە فراوان بوو بوو، گـەلێك گوندنـشینی دیکـە، ماڵ و حاڵیان جێهێـشت و کاریگـەریی ڕاسـتەوخۆی ئـەو کـارەش خـەڵکێکی زۆری بەرەو شار و شارۆچکەکانی کوردستان دەربەدەر کرد و بە وتەی دیڤید مەکـداول: تا کۆتایی ئەو ساڵە، نزیکەی یەك ملیۆن پەنابەر، لە لادێکانەوە، ڕوویـان کردبـووە شـاری دیاربـەکر و نزیکـەی (٢٠) هـەزار کەسـیش، پـەنایان هێنـابووە باشـووری کوردستان[2].

لە لایەکی تـرەوە، حکومـەت، فـشاری خـستبووە سـەر پـارتی **(DEP)** و لـە سەرەتای مانگی ئاداری ١٩٩٤ و بەر لـە ئەنجامـدانی هەڵبـژاردنی شـارەوانییەکانی ٢٧ی ئـاداری ئـەو سـاڵە، هێرشـێکی فراوانـی کـردە سـەر ئەنـدامانی ئـەو پارتـەو نووسینگە و بارەگاکانی لە شارە کوردییەکان. ژمارەیەك لە ئەندامەکانی تیرۆرکـرا و بڕیاریش درا: ئەم پارتە، بەشداری لە هەڵبژاردندا نەکات. لەبەرئەوە، ئەم پارتـە خۆی لە هەڵبژاردنەکان کشاندەوە[3]. لـە مـانگی ئـاداریش، بـە تۆمـەتی چـالاکیی جوداخـــوازی، حکومـــەتی تورکیـــا، (٦) ئەندامپەرلـــەمانی گـــرت و مـــافی ئەندامپەرلەمانیی لێستاندنەوە و دواتر دوو ئەندامپەرلەمانی تریشی گرت کە بریتی بوون لـە: (خـەتیب دیجلـە، ئەحمـەد تـورك، لـەیلا زانـا، ئۆرهـان دۆغـان و سـەلیم ساداق)، کە لەلایەن دادگای ئاسایشی تورکیاوە، بە پێـی بەنـدی دووەمـی قـانونی ژمارە (١٦٨)، ماوەی پانزە ساڵ زیندانییان بۆ بڕایەوە، (سادات یۆرتاش)یـش بـە پێی قانونی ژمارە (١٦٩) بە حەوت ساڵ و نیو زیندانی حوکم درا و (سری سـاکیك و مەحمود ئالیناك)یش، بە سێ ساڵ و نیو حکوم دران، بەڵام دواتر، لە دوا بڕیاری

---

[1] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی ...، ل١٣٥.

[2] بڕوانە: دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٩–٧٢٠.

[3] دیڤید مەکداول، سەرچـاوەی پێـشوو، ل٧١٩؛ ڕۆژنامـەی (وڵات)، ژ. (٢٤)، ٣٠ی حـوزەیرانی ١٩٩٤.

دادگا، لە ٨ی کانوونی دووەمی ١٩٩٤، بە پێی بەندی یەکەمی قانونی ژمارە (٨)ی دژەتیرۆر، ئـازاد کـران. ئـەم هـەنگاوەی حکومـەتی تورکیـا، وەك ڕەخنـەگران بـە (کودەتـای ٢ی ئـاداری ١٩٩٤) باسـی دەکـەن، بـە مەبەسـتی دەرکردنـی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان بـوو لـەناو پەرلـەمانی تورکیـا، لـە وەش زیـاتر، لـە ١٦ی حـوزەیران، بـە پێـی بڕیـاری دادگـای دەسـتوری (DEP) قەدەغـە کـرا و مـافی ئەندامپەرلەمانەکانی هەڵوەشاندەوە[1].

ئـەم هـەنگاوەی حکومـەت، نـەیتوانی ڕێگـە لـە چـالاکیی سیاسـیی کـورد لـە تورکیـادا بگرێـت، چـونکە ماوەیـەك پـێش قەدەغـەکردنی (DEP) پـارتێکی تـری کـوردی بـە نـاوی پـارتی دیمـوکراتی گـەل (-Halkın Demokrasi -HADEP Partisi) بـە ڕێبەرایـەتیی مـوراد بـۆزلاك (Murat Bozlak) پەیـدابوو، یەکـەم کۆنگرەشی لە ٢٦ی حوزەیرانی ئەو ساڵەدا بەست[2].

هاوکـات لەگـەڵ زیـادبوونی توندوتیـژی، پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان، کۆنفرانـسی سـێیەمی لـە (٣-١٥)ی نیـسانی ١٩٩٤ بەسـت. بەشـداربووانی کۆنفرانسەکە، پێیان وابوو لە خـەباتی چـەکدارانەیان دژ بـە هێزەکـانی حکومـەتی تورکیـا، قۆنـاغی (بـەرگریی سـتراتیجی)یـان تێپەڕانـدووە و کەوتوونەتـە قۆنـاغی (هاوسـەنگیی سـتراتیجی)، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش، بڕیـاری زیـادکردنی کـردەوە چەکدارییەکانیدا، بۆ سەر دامودەزگا ئابووری و سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییـەکانی حکومـەتی تورکیـا، بـە شـێوەیەك، هـەموو تۆڕەکـانی ڕادیـۆ، تەلەفزیۆن، ڕۆژنامە، گۆڤارەکان، دامودەزگا داراییەکان، گەشـتیاران، بۆڕییـەکانی

---

[1] بڕوانە: هنري باركي وآخرون، المصد السابق، ص٧١-٧٢؛ ڕۆژنامـەی (وڵات)، ژ. (٤٤) ١٢ی کانونی یەکەمی١٩٩٤.

[2] ئەم پارتە، لە هەڵبژاردنەکانی ٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٥، ڕێژەی (٤,١٧٪)ی دەنگـەکانی بەدەسـت هێنـا و لـە هەڵبـژاردنی ١٨ی نیـسانی ١٩٩٩، بـە هـەمان شـێوە، لـە ناوچـە کوردییەکاندا سەرکەوت و (٣٨) شارەوانی بەدەست هێنا، بەڵام بـەهۆی ئـەوەی کـەمتر لـە ڕێـژەی (١٠٪) دەنگـەکانی بەدەسـت هێنـا، نـەیتوانی بـچێتە نـاو پەرلـەمان. بڕوانـە: لێکۆڵینەوەیەك لەسەر بارودۆخی کورد لـە تورکیـا، سەرچـاوەی پێـشوو، ل١٢؛ Henri J. Barkey and Graham E. Fuller, Op.Cit, P86.

ناردنی نەوت، وێستگەکانی سوتەمەنی، کارگە و دامودەزگای پیەشەسازی، بنکە سەربازییەکان و هەموو یەکە و تیمە تایبەتەکان و هێزەکانی پۆلیس و (میت)ی دەگرتەوە. بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانجانەش، بڕیاریاندا: داوا لە ئەندامانی ئەرتەشی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان (ARGK) بکەن، پشتیوانیی هونەری و ڕیکلامی و لۆجیستیی هێرشەکان بکەن. هەروەها، کۆنفرانسەکە، داوای فراوانکردنی (ARGK)ی کرد، کە (٥٠) هەزار چەکدار لەخۆبگرێ[١].

لە هەمان کاتدا، ئوێج ئالان، داوای چارەسەریی ئاشتییانەی دۆزی کوردی کرد بە شێوەیەك یەکێتیی خاکی تورکیا بپارێزێت. لە نامەیەکدا بۆ کۆنفرانسی نێودەوڵەتی دەربارەی باکووری ڕۆژئاوای کوردستان، کە لە برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا لە (١٢-١٣)ی ئاداری ١٩٩٤ بەسترا، جەختی لەو چارەسەریە و دانیشتن لەگەڵ حکومەتی تورکیا و گفتوگۆکردنی لەسەر فیدراڵییەت کردەوە. لە نامەیەکیشدا، بۆ سەرکردەکانی ڕۆژئاوا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، داوای لێکردن: لەپێناو گەیشتن بە ئاشتی هەوڵ بدەن. هەروەها، پابەندبوونی پارتەکەشی بە پەیماننامەی ژنێفی تایبەت بە قانونەکانی جەنگ و مافی مرۆڤ و سەرجەم بەندەکانی ئەو پەیماننامەیە ڕاگەیاند[٢]. لەوەش زیاتر، ئوێج ئالان پێشنیازی ئاگربەستی خستە بەردەم حکومەتی تورکیا، بەڵام پێشنیازەکەی لەلایەن تانسۆ چیللەری سەرۆکوەزیرانی تورکیا، ڕەت کرایەوە و ڕایگەیاند "ئێمە لەگەڵ تیرۆریزمدا گفتوگۆ ناکەین"[٣]. لە بەرانبەردا، ئوێج ئالان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕادیۆی (BBC)دا ڕایگەیاند: لەبەرئەوەی تورکیا ئامادە نییە بۆ ئاگربەستێکی دوولایەنە، ئەوا ئێمە بە لایەنی کەمەوە (٥٠) هەزار شەڕکەر دەخەینە گۆڕەپانی شەڕ و ئاستی شەڕ زۆر بەرزدەکەینەوە[٤]. تەنها لەو ساڵەدا، پارتی کرێکارانی کوردستان (٣٠١) کردەوەی چەکداریی دژ بە دامودەزگاکانی

---

[١] بڕوانە: میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص٧٨-٧٩.

[٢] : میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص٧٩.

[٣] ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٤٣)، ٥ی کانونی یەکەمی ١٩٩٤.

[٤] ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٣٥)، ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٤.

سوپای تورکیا و ئامانجه ئابورییەکان و دەزگاکانی سەر بە دەوڵەت لە گوندە کوردییەکاندا ئەنجام دا[1].

لە ڕووی پەیوەندیی دیبلۆماسیی هەرێمیشەوە، پارتی کرێکارانی کوردستان، گەشەکردنی بەخۆیەوە بینی و بە ڕێپێدانی حکومەتی یۆنان، دوو نووسینگەی لە ئەسینای پایتەخت کردەوە. یەکەمیان لەژێر ناوی (لیژنەی هاوکاریی لەگەڵ کوردستان) و دووەمیشیان بە ناوی (نووسینگەی بەستنی پەیوەندیی یۆنان و بەڵقانییەکان)، کە ئاڵای کوردستان لە سەریان هەڵ کرا بوو. مانگنامەی (بەرخۆدان)یش (کە لە شاری کۆلۆنیای ئەڵمانیا دەردەچوو) لە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە نزیکە، لە ژمارەی ڕۆژی ١٥ی حوزەیرانی ١٩٩٤دا، هەندێ هەواڵی سەبارەت بە دیداری فەرمی نوێنەری بەرەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کوردستان (ERNK) و لێپرسراوانی یۆنانی بڵاو کردەوە[2]. لە تەمموزی ١٩٩٤دا نوێنەری پارتی کرێکارانی کوردستان، لە ئەورووپا، (عەلی سەپان)، بۆ بولگاریا بانگهێشت کرا، کاتێکیش لەبارەی ئەو سەردانەوە لە (جیلیۆ جیلێف)ی سەرۆکی بولگاریایان پرسی، وتی:"لە دەوڵەتانی دیموکراتدا، هەر حیزبێك بۆی هەیە نوێنەری حیزبێکی دی بانگهێشت بکات". هەروەها، جیلیف داوای چارەسەری سیاسییانەی دۆزی کوردی کرد لە تورکیا و ئاماژەیدا کە دیموکراسییەت لە تورکیا پێشێل کراوە و وتی: "دەمانەوێ تورکیا وڵاتێکی دیموکرات و سەقامگیر بێت". لە وڵاتی ڕوسیاش، لە ٢٢ی شوباتی ١٩٩٤، لە مۆسکۆی پایتەختی ئەو وڵاتە، بە چاودێریی فەرمی وەزارەتی کاروباری نەتەوەکانی ئەو وڵاتە و (ڤلادیمێر شیمشێرۆف)ی جێگری وەزیر، یەکەمین کۆنگرەی کورد بە بەشداری کۆمەڵێك لیژنەی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان، وەکو (لیژنەی کوردستان– مۆسکۆ) و گۆڤاری (کوردستان ڕیپۆرت) کە لە لەندەن دەری دەکرد بەسترا. لە هۆڵی کۆنگرەکەدا، هەردوو ئاڵای کوردستان و ڕوسیا، هەڵکران و لە سەرەتای کۆنگرەکەش وتەیەکی عەبدوڵڵا ئۆجەلان خوێنرایەوە کە تێیدا داوای بەردەوامبوونی شەڕی دژ بە

---

[1] بڕوانە: ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٥٣)، ٢٠ی شوباتی ١٩٩٥.

[2] بڕوانە: محەمەد نورەدین، تورکیا لە سەردەمی...، ل١٦٤–١٦٥.

دەوڵەتی تورکیا دەکرد و کۆنگرەکەشی بە پشتیوانییەکی گەورە بۆ پارتەکەی لە قەڵەم دا. لە کۆتایی کۆنگرەکەشدا، داوا لە ڕوسیا کرا، پەیوەندیی فەرمی لەسەر بناغەی (هاوبەرژەوەندی) لەگەڵ بزووتنەوەی کورددا ببەستێت و بەستنی کۆنگرەکەش بووە مایەی تورەیی حکومەتی تورکیا[1]. لە ١١ی ئەیلولیش، بە ئامادەبوونی (٨٥) لە نوێنەرانی کوردەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، لە وڵاتانی (ئەرمەنستان، گورجستان، ئازەربایجان، قیرغیستان و شاری مۆسکۆ)، کۆنفرانسی دووەم بەسترا. کۆنفرانسی سێیەمیش لە ٢٨-٣١ی کانوونی یەکەی ١٩٩٤ بە ئامادەبوونی (٨٠) نوێنەر و لەژێر چاودێریی پارتی کرێکارانی کوردستاندا لەپێناو یەکگرتنی کوردەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو بەسترا و ئوێج ئالانیش نامەیەکی بۆ کۆنگرە نارد. لە کۆنگرەکەشدا (یوری نەبێیف)ی کوردی ناوچەی (لاچین)ی ئازەربایجان هەڵبژێردرا بە سەرۆکی (یەکێتیی کوردی) کە لە کۆتایی کۆنگرەکەدا پێکهات. لە ٢٥ی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵیش بە بەشداری نزیکەی (١٥٠) لایەنگری پارتی کرێکارانی کوردستان، (ماڵی کورد) لە مۆسکۆ کرایەوە و شوێنی ماڵی پێشووی گرتەوە کە بەر لە سێ مانگ کرابۆوە[2]. ئەم ماڵەش، وەکو ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی وابوو. بۆ ئەو کەسانە بوو کە لەناو ڕێکخستنەکانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا بوون و گروپی هونەری و ڕاگەیاندنیان هەبوو. لە زۆربەی شارەکانی ئەوروپاش، ئەو ماڵانە هەبوون و کوردەکانیان کۆدەکردەوە و بەرەو بیروباوەڕی سیاسیانەی خۆیان، بۆ خۆپیشاندان و پێداویستی و یارمەتی کۆکردنەوە ئاراستەیان دەکردن[3].

جگە لەمەش، پارتی کرێکارانی کوردستان، لە پشتی دروستکردنی چەندین ڕێکخراوەوە بوو لە وڵاتانی ئەوروپا، وەکو کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و هونەری و یەکێتییەکانی مامۆستایان و ژنان و لاوان و...هتد، لە ساڵی ١٩٩٤، (ئینستیتوتی کوردی بۆ لێکۆڵینەوە و زانست) بۆ لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی دیکۆمێنتەکانی

---

[1] بڕوانە : محەمەد نورەدین، تورکیا لە سەردەمی...، ل١٦٦-١٦٧.

[2] بڕوانە: میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص١٦٦؛ ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٣٨)، ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٤.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ (حەمەئەمین پێنجوێنی)، سلیمانی، ٥ی کانونی دووەمی ٢٠٠٩.

پەیوەندیدار بە کورد، لە یادی ساڵانەی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، لە ٢٢ی نیسانی ١٩٩٤، لە بەرلین، کرایەوە کە لە بەشی زمان بە سەرپەرشتی (حسین کەرتاڵ) و بەشی مێژوو بە سەرپەرشتی (دکتۆر جەبار قادر) و بەشی کۆمەڵایەتی بە سەرپەرشتی (سەلیم فورات) و بەشی ئەدەبیات بە سەرپەرشتی (حەمەئەمین پێنجوێنی)، کە بەرێوەبەری ئەنیستۆتۆکەش بوو، (دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی)یش سەرۆکی ئەنیستۆتۆکە بوو. هەروەها ڕێکخراوی مانگی سوری کوردستان، بۆ یارمەتیدانی کەسانی بریندار (لە شەڕەکاندا) دروست کرد کە بنکەکەی لە نزیك شاری (بۆن)ی ئەڵمانیا بوو، لە زۆربەی شارەکانی وڵاتانی ئەوروپاش بنکەی هەبوو[١].

لە (٨–٢٧)ی کانوونی دووەمی ١٩٩٥، پارتی کرێکارانی کوردستان، بۆ بەخۆداچوونەوە و هەوڵی خۆگونجاندن لەگەڵ باری نوێی جیهاندا، دوای کۆتایی شەڕی سارد، کۆنگرەی پێنجەمی خۆی بەست کە (٣١٧) ئەندام بەشدارییان تێیدا کرد[٢].

کۆنگرەکە دەیویست گۆڕانکاری لە پەیڕەو و پرۆگرام و تاکتیکی پارتی کرێکارانی کوردستاندا ئەنجام بدات، هەروەها لە ڕووی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ڕێکخستن و پراکتیکەوە گۆڕانکاری بکرێت[٣]. لەو بڕیارە گرنگانەی کە لە کۆنگرەکەدا دران: خۆگونجاندن بوو لەگەڵ باری تازەی جیهان و وازهێنان بوو لە هێما تەقلیدییەکانی جەنگی سارد. لەم پێناوەشدا، بڕیاری گۆڕینی ئاڵای پارتی کرێکارانی کوردستان درا بە لادانی چەکوش و داس و گۆڕینی بۆ مەشخەڵ. هەروەها، لە کۆنگرەدا، دەنگ لەسەر ڕەتکردنەوەی سۆسیالیزم بە پێی تێڕوانینی سۆڤیەت درا و جەختیان لەسەر گرنگیدان بە چالاکیی سیاسی و دیبلۆماسی کردەوە و خەباتی چەکداریشیان بە هۆکارێك بۆ گەیشتن بە ئامانج دانا[٤]. لەپێناو فراوانکردنی بنکەی جەماوەریش، کۆنگرە بڕیاری پێکهێنانی دەستەیەکی

---

[١] هەمان چاوپێکەوتن.

[٢] **Ismet G Imset, Op.Cit.**

[٣] بڕوانە: حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦٢.

[٤] حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦٢ ؛ **Ismet G Imset, Op.Cit.**

ئامادەکاری دا بە ئامانجی پێکهێنانی ئەنجومەنێکی نەتەوەیی کە خۆی دەبینییەوە لە دامودەزگا جەماوەرییەکان و بەڕێوەبردنە ناوخۆیی و هەرێمییەکان و دامودەزگای ڕێکخراوەیی بۆ ڕێکخستنی ئەندام و ڕاگەیاندنی ئەوەی کە پێیان دەوت: (حکومەتی شۆڕشگێڕی). بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری ژنان لەو کۆنگرەیەدا ئامادەبوون کە ژمارەیان دەگەیشتە (٦٣) ژن، بڕیاری بەستنی کۆنگرەیەکی تایبەتی بۆ ژنان درا[١].

هەنگاوێکی تری پارتی کرێکارانی کوردستان، لە دوای کۆنگرەی پێنجەم، پشتگیریکردنی پێکهێنانی پەرلەمانی کوردستان بوو لە دەرەوەی وڵات (**PKDW**). ئەم پەرلەمانە دوای قەدەغەکردنی پارتی (**DEP**) لە ساڵی ١٩٩٤ و ڕاکردنی (٦) ئەندامپەرلەمانی سەر بەو پارتە بۆ وڵاتانی ئەوروپا هەنگاوی بۆنرا، بۆ ئەم مەبەستەش، لیژنەیەکی ئامادەکار بۆ سەرپەرشتیکردن و ئامادەکرنی بەرنامە و پەیڕەوی پەرلەمان پێکهێنرا کە لە (٢٣) ئەندام پێك دەهات و پێنج ئەندامی پەرلەمانی ڕاکردووی تورکیای تێدا بوو[٢].

پەرلەمانەکە، لە (١٢-١٦)ی نیسانی ١٩٩٥، یەکەم کۆبوونەوەی خۆی بە ناوی (پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات) لە شاری لاهای هۆڵەندا بە بەشداری نوێنەرانی چەند پارتێکی سیاسیی ئەوروپایی و ڕێکخراوە کوردییەکان لە ئەوروپا و ئەمریکا ئەنجام دا. (٦٥) ئەندام کە لەلایەن ڕێکخراوە کوردییەکانەوە هەڵبژێردرا بوون و زۆربەیان لەژێر کاریگەریی پارتی کرێکارانی کوردستاندا بوون، لە کوردە پەرلەمانتارەکانی دەرەوە و کەسایەتییە کوردییەکان و ئاشوورییەکان و ژنان و نوێنەرانی ڕێکخراوە نیشتیمانییەکان و ڕێکخراوەکانی لاوان و کارگە بازرگانییەکان پێك دەهات. لەو (٦٥) ئەندامەش جگە لە (٦) ئەندامپەرلەمانی سەر بە پارتی (**DEP**)، پەرلەمانەکە (١٢) ئەندامی (**ERNK**)ی لە خۆ دەگرت.

---

[١] بڕوانە: میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٨٠-٨١.

[٢] پێنج ئەندام پەرلەمانەکەی پارتی (**DEP**)، ئەمانە بوون: (ڕەمزی کرتاڵ، نیزامەدین تۆغوچ، عەلی یگیت، مەحمود قلینج و زوبێر ئایدار). چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەئەمین پێنجوێنی، سلیمانی، ٥ی کانونی دووەمی ٢٠٠٩؛ **Henri J. Barkey and Graham. E Fuller, Op.Cit, P35.**

ئەوانی تریش زوربەیان کوردانی لایەنگری پارتی کرێکارانی کوردستان بوون و لە دەرەوە دەژیان، زوربەشیان خەڵکی باکووری کوردستان بوون و چەند ئەندامێکی سەربەخۆی بەشەکانی کوردستانیشی تێدا بوو. سەرۆکایەتیی پەرلەمانەکەش بە شێوەیەکی کاتی بە (یەشار کایا) سپێردرا و جێگرەکەی دکتۆر جەبار قادر بوو[1].

پەرلەمان لەو کۆبوونەوەیەدا، دەستەیەکی جێبەجێکردنی لە (١٢) ئەندام بە سەرۆکایەتیی (زوبێر ئایدار) و (عەلی سەپان)ی بە گوتەبێژ (بە ناوی ئەنجومەنەوە) هەڵبژارد و چەند لیژنەیەکی وەك (پەیوەندییەکانی دەرەوە، رۆشنبیری، کاروباری گروپە ئایینیو مەزەبییەکان، ژنان و لاوان و کۆمەڵایەتی...تاد)ی پێکهێنا[2].

پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، هەرچەندە بنکەی هەمیشەیی لە برۆکسل بوو، بەڵام کۆبوونەوە گشتییەکانی لە وڵاتانی تری ئەوروپا دەکرد، وەکو شارەکانی ڤیەننا، مۆسکۆ، رۆما، کۆپنهاگن و ئۆسلۆ، هەروەك لە بینای پەرلەمانی دانیمارکی و نەرویژی و دۆمای روسی کۆبوونەوەی کرد، لە بینای شارەوانی ئیتاڵیا دەبووایە کۆبوونەوە بکرێت، بەڵام رێگە نەدرا و دواتر لە بینای پەرلەمانی ئیتاڵیا لە ساڵی ١٩٩٨، بە بەشداریی چەند ئەندامپەرلەمانێك کۆبوونەوەی کرد و نووسینگەی ئاگادار و زانیاریی لە چەند شارێکی ئەوروپادا کردەوە[3].

ئامانجی پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، پارێزگاریکردن بوو لە بەرژەوەندیی سیاسی و رۆشنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتیی کورد و کارکردن بوو بۆ دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد[4]. ئەم ئامانجانەش، بە روونی لە بەرنامەی ئەنجومەنی جێبەجێکردن رەنگیان دابۆوە کە لە (٣٥) مادده پێك

---

[1] میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٦٩؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ یەشار کایا، هەولێر، ١١ی شوباتی ٢٠٠٨.

[2] بڕوانە: میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٧٠.

[3] بڕوانە: دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣٦؛ رۆژنامەی (وڵات)، ژ. (١٤٣)، ١٨ی ئاداری ١٩٩٦.

[4] چاوپێکەوتن لەگەڵ یەشار کایا، هەولێر، ١١ی شوباتی ٢٠٠٨.

دەهات و وێڕای ئەو خاڵانەی سەرەوە، ئەم بەرنامەیە چەند ئامانجێکی تری لە خۆ دەگرت. وەکو: بەستنی ڕێککەوتننامەی ئازاد لەگەڵ گەلانی دراوسێ و جێبەجێکردنی قانونەکانی جەنگ کە ڕێککەوتننامەی ژنێف لە ساڵی ١٩٤٩ و پرۆتۆکۆڵەکانی لە ساڵی١٩٧٧ بڕیاری لەسەر داوە، لەپێناو گەیشتن بە ئاگربەستێکی دوولایەنە و گواستنەوەی دۆزی کورد بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی هاوکاری و ئاسایشی ئەوروپا و بۆ ئەنجومەن و پەرلەمانی ئەوروپا. هەروەها فشارخستنە سەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ ڕاگەیاندنی گەمارۆی سەربازی و ئابووری و سیاسی لەسەر دەوڵەتی تورکیا و، کارکردن بۆ پێکهێنانی یەکێتیی گشت پارتە سیاسی و ڕێکخراوەکان و دامو دەزگاکان و کەسایەتییە کاریگەرەکان بۆ بەدیهێنانی یەکگرتوویی نەتەوەی کورد، کۆتاییهێنان بە شەڕی براکوژی کە لە نێوان پارتە کوردییەکانی باشووری کوردستان بەردەوام بوو، ئامادەکردنی ڕەشنووسی بڕیارەکانی پەیوەندیدار بە دەستور و قانونەکانی بە سەربازکردن و مەدەنی و باج و...هتد، لە گەڵ چەند ئامانجێکی تر[١].

لە بواری ڕاگەیاندنیشدا، پارتی کرێکارانی کوردستان، وێڕای سودوەرگرتن لە پەیوەندیی تەلەفۆنی (مۆبایل) و فاکس و نامەی ئەلیکترۆنی و سایتی ئینتەرنێتی، هەنگاوێکی گرنگی نا، بە کردنەوەی یەکەم کەناڵی ئاسمانیی کوردی، لە ئەوروپا، بە ناوی (**MED-TV**) کە لە ٣١ی ئاداری ١٩٩٥دا، لە لەندەن و برۆکسلەوە دەستی بە پەخشی فەرمی کرد[٢]. ڕۆژانە، بەرنامەکانی (١٨) کاتژمێر، بە شێوەزارەکانی کوردی و بە زمانەکانی تورکی و عەرەبی، پێشکەش دەکرد و ژمارەیەکی زۆر کوردی پارچەکانی کوردستان و هەندەرانی لەخۆی کۆ کردبۆوە[٣]. بەرنامەکانیش، بریتی بوون لە: هەواڵ، بەرنامەی سیاسی، موسیقا، پەروەدەی منداڵ، دراما، بەرنامەی بەڵگەنامەیی، لێکدانەوەی ڕووداو و دۆزە سیاسییەکان و تاوتوێکردنیان کە لە میانەیدا داواکارییەکانی گەلی کوردی لەپێناو بەدەستهێنانی مافی چارەنووس دەگرتەوە[٤].

---

(١) بڕوانە: میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٧٠–٧١.

(٢) حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٨؛ دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣٦.

(٣) دریە عونی، المصدر السابق، ص٨١.

(٤) بڕوانە: **David Romano, The Kurdish nationalist Movement, Opportunity, Mobilization, and Identity, Cambridge University Press, 2006, P155.**

له ماوەیەکی کورتدا، ئەو کەناڵە، توانیی کاریکاتە سەر کوردەکانی باکووری کوردستان، بوو بە فاکتەرێك بۆ بوژانەوەی هەست و کولتوری نەتەوەیی[1]. لەبەرئەوە، حکومەتی تورکیا، بە هەموو رێگەیەك، هەوڵی دەدا پەخشی ئەو کەناڵە بوەستێنێ و چەند جارێك توانیی پەخشەکەی لە کار بخات[2]. هەروەها، دەستی کرد بە شکاندنی ساجی سەتەلایتەکان و گرتن و ئازاردانی ئەو کوردانەی سەیری بەرنامەکانیان دەکرد. لە رووی دیبلۆماسیشەوە، فشاری خستە سەر ئەو لایەنانەی کە مۆڵەتیان دەدا بە کەناڵەکە و هەوڵی دەدا لە بەریتانیا و بەلجیکا، مۆڵەتەکە هەڵبوەشێنێتەوە و فشاری دەخستە سەر کەرتی تایبەت، بۆ ئەوەی: مامەڵە لەگەڵ (MED-TV)دا نەکەن. لە ئەنجامیشدا ژمارەیەکی زۆر لە بانکەکان و کۆمپانیاکان و بازرگانەکان مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەو کەناڵە رەت کردەوە، لە ترسی ئەوەی نەوەکو تورکیا گرێبەستیان لەگەڵدا نەکات. سەرەنجام لە ٢٣ی نیسانی ١٩٩٩دا، مۆڵەتی فەرمی کەناڵەکە، لەلایەن بەریتانیا و لیژنەی چاودێریکردنی تەلەفزیۆنی سەربەخۆوە، بە تۆمەتی هاندان بۆ توندوتیژی هەڵوەشێنرایەوە، بەڵام سێ مانگ دواتر، کەناڵێکی تر، بە ناوی مێدیا تیڤی (MEDYA-TV)، لەلایەن فەرەنساوە، رێی پێدرا و شوێنی کەناڵی پێشووی گرتەوە[3]. مەدو میدیا تیڤی، وەکو تەنها کەناڵی کوردی لە دواییشدا رۆژ تیڤی، لە ساڵانی دەسپێکدا، رۆڵی گەورەیان هەبوو لەسەر کوردی ئەورووپا و هەموو بەشەکانی کوردستان.

جگە لەو هەنگاوانەی سەرەوە، پارتی کرێکارانی کوردستان، لە باشووری کوردستانیش هەوڵەکانی چڕ کردەوە. وێڕای کردنەوەی لقی باشووری (مەڵبەندی رۆشنبیریی میزۆپۆتامیا) و دەرکردنی هەفتەنامەیەك بە ناوی (رۆژی وڵات) لە ساڵی ١٩٩٣[4]. لە ساڵی ١٩٩٥، بڕیاری دامەزراندنی رێکخراوێکی بۆ باشووری

---

[1] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣٦.

[2] دریە عونی، المصدر السابق، ص٨١.

**[3] David Romano,Op.Cit, P156-157.**

[4] دەقی چاوپێکەوتنی رۆژنامەی رۆژی وڵات لە گەڵ دیار غەریب (**www.pcdk.org**)؛ رۆژنامەی (وڵات)، ژ.(٨٦)، ٢٨ی ئابی ١٩٩٥.

کوردستاندا، بەو ئامانجەی بارودۆخی شەڕی نێوخۆی (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) کە لە ساڵی ١٩٩٤، لە نێوانیاندا بەرپا ببوو، بقۆزێتەوە و لەسەر حسابی ئەو دوو پارتە، دەسەڵات پەیدا بکات و پارتە بچووکەکانی باشووری کوردستان کۆبکاتەوە و سەرپەرشتییان بکات و وەکو هێزی سێیەم لە باشووری کوردستان دەربکەوێت[1].

ئەوەبوو لەو ساڵەدا، پارتێکی بە ناوی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان (YNDK) پێکهێنا کە کاوە عەلی، بە نازناوی حیزبی (دکتۆر سیروان) سکرتێری بوو. بە پێی وتەی جەمیل بایك، ئەم پارتە، جیاواز لە (PAK) زیاتر ڕێکخستنێکی سیاسی بوو، لە بری ڕێکخستنێکی ئایدیۆلۆژی و جگە لە ئەندامانی پەکەکە کەسانی سەر بە (پ.د.ك) و (ی.ن.ك) تێیدا ئەندام بوون[2].

لە ٢١ی ئاداری ١٩٩٥، (YNDK)، بەیاننامەی دامەزراندنی بڵاوکردەوە، کە تێیدا هاتبوو: ئەم پارتە، خەبات دەکات لەپێناو ڕزگاریی نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی و ئامانجی پاراستنی دەسکەوتەکانی باشووری کوردستانە، لە هێرشی هێزە داگیرکەرەکان و خەبات بۆ پەرەپێدانی ئەو دەستکەوتانە دەکات، بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گەلی کورد و کارکردن لەپێناو هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکراتی بە شێوەی دەنگدانی نهێنی، ڕەخساندنی بوار، بۆ کەمە ئایینی و نەتەوەییەکان، بۆ دەربڕینی ئازادانەی بیروبۆچوونیان و بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بۆ کوردستان و هەڵوەشاندنەوەی میلیشیای پارتە سیاسییەکان و هەنگاونان بۆ دروستکردنی سوپایەکی هاوچەرخ، لەسەر بنەمای (بەزۆر بەسەرباز گرتن) و....هتد[3].

---

[1] بڕوانە: حەسەن ئەحمەد مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦.

[2] بڕوانە: حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦٨-٤٦٩.

[3] بڕوانە: ڕۆژنامەی وڵات، ژ. (٥٨)، ٢٧ی ئاداری ١٩٩٥. ئەم پارتە دوای کوژرانی (دکتۆر سیروان) لە ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٦ و هێرشکردنە سەر بارەگاکانیان لە شاری هەولێر، لە ساڵی ١٩٩٧ و داخستنی بارەگاکانیان لە شارەکانی سلێمانی و ڕانیە و کەلار، سنووری چالاکییان بەرتەسك بۆوە و دواتر لە ساڵی ٢٠٠٠ هەڵوەشایەوە. بڕوانە: دەقی چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی ڕۆژی وڵات لەگەڵ دیار غەریب (www.pcdk.org).

لەوەش زیاتر، پارتی کرێکارانی کوردستان، کەوتە پیادەکردنی ئەوەی کە پێیان دەوت فەرمانڕەوایی بە ناوی (دەسەڵاتی گەل) لە گەلێك ناوچە لە ناوچەکانی بادینان، بە تایبەت ناوچە سنورییەکانی تورکیا، تەنانەت بەڕێوەبەری ناحیە و ئەنجومەنەکانی شارەوانی هەندێ شارۆچکەی سەر بە پارێزگای دهۆکی دانا[1]. ئەمەش دەستوەردان بوو لە کاروباری ناوخۆی باشووری کوردستان و هەوڵدان بوو بۆ پەیڕەوکردنی حکومەتی (بۆتان–بادینان) کە پڕوپاگەندەیان بۆی دەکرد.

دواتر لە شەوی ٢٦/٢٥ ئابی هەمان ساڵدا، بە ناوی شاڵاوی (بروسك١) هێرشیان کردە سەر (٢٥) خاڵی سەربازی و ئیداریی هێزەکانی پارتی دیموکرتی کوردستان، لە ناوچەکانی (شێروان، مزوری باڵا، بامەڕنی، ئامێدی، زاخۆ و...هتد) و ڕایانگەیاند: هێرشەکە ئاگادارکردنەوەی (پ.د.ك)یە تاوەکو دەست لە هاوکاریکردنی هێزەکانی سوپای تورکیا بەردەن[2] کە لە ٢٠ی ئاداردا هاوکاریی ئۆپەراسیۆنیی سوپای تورکیایان دەکرد بۆ سەر چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە باشووری کوردستان. ئەو ئۆپەراسیۆنە بە ناوی (ئۆپەراسیۆنی پۆڵایین) بوو[3].

دەربارەی ئەم ڕووداوە، ئۆێج ئالان ڕایگەیاند: ئەم هێرشانە پەرچەکردار بوون بۆ ئەو ڕێککەوتننامەیەی کە لە نێوان (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) بۆ کۆتاییهێنانی شەڕی نێوانیان لە مانگی ئابدا لە شارەکانی (دورگیدا و دبلن)ی ئێرلەندا لە قۆناغی گفتۆگۆکردندا بوو[4]، سەرەنجامی ئەو پێکدادانانەش بووە هۆی کوژران و

---

[1] پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ك.ك) و ڕۆڵی لە بزووتنەوەی رزگاریی نەتەوایەتی کوردستاندا، چ١، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لێکۆڵینەوەی ژمارە (١٠)، ب.ش، ٢٠٠٦، ل٧٠.

[2] ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٨٦)، ٢٨ی ئابی١٩٩٥.

[3] ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٥٩)، ٣ی نیسانی١٩٩٥؛ حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٨.

[4] پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ك.ك) و ...، سەرچاوەی پێشوو،ل٧١.

پەڕاگەندەبوونی سەدان کەس لە هەردوولا[1]. تا لە ١١ی تشرینی دووەمدا، ئۆیج ئالان ئاگربڕی بێ مەرجی ڕاگەیاند و ڕۆژی دواتر (پ.د.ك) پەسەندی کرد[2].

هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئاگربەست، لەگەڵ (پ.د.ك)، لە هەنگاوێکی تردا، پارتی کرێکارانی کوردستان، بە ئامانجی فراوانکردنی بوار بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٥[3]، لەگەڵ چارەسەرکردنی دۆزی کورد بە ڕێگەیەکی ئاشتیانە و کۆتاییهێنان بەجەنگ، ئاگربەستێکی تازەی ڕاگەیاند و هوشیاریشی بە تورکیادا، ئەگەر حکومەتی تورکیا بە تەنگ داخوازییەکانییەوە نەچێت، ئەوا تەنگژەکە لە تورکیا قوڵتر دەبێتەوە. هەروەها، هۆشیاریشی بە هەریەك لە ئەڵمانیا و بەریتانیا و فەرەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بەوەی کە هاوکاریی حکومەتی تورکیا دەکەن بە پێدانی چەك و پێداویستی و پارەوە[4]. بەر لەوەش، عەبدوڵڵا ئۆیج ئالان، لە ١٣ی تشرینی یەکەم، نامەیەکی ئاراستەی (بیل کلنتۆن)ی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد بوو، تیایدا، ئامادەیی پارتەکەی بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست دەربڕیبوو، داواشی لێ کردبوو بۆ چارەسەریی ئاشتییانەی دۆزی کورد، تورکیا قایل بکات. هەروەها، بۆ هەمان مەبەست نامەیەکیشی ئاراستەی سەرۆکی کۆنگرێسی ئەمریکا کرد بوو[5].

---

[1] ريناس جانو، المصدر السابق، ص٢٨٥.

[2] هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢.

[3] لەم هەڵبژاردنەدا پارتی ڕەفا، بە سەرۆکایەتیی نەجمەدین ئەربەکان، ڕێژەی (٢١٪) و (١٥٨) کورسی پەرلەمانی بەدەست هێنا و پارتی ڕێگای ڕاست، بە سەرۆکایەتیی تانسۆ چیللەر (١٩,٣٪) و پارتی (نیشتیمانی دایك) بەسەرۆکایەتیی مەسعود یڵماز (١٩,١٪)ی دەنگەکانی بەدەست هێنا و دواتر حکومەتی هاوبەش بە سەرۆکایەتی یڵماز لەگەڵ چیللەر بە شێوەی ئاڵوگۆڕ کردنی پلەی سەرۆکوەزیران، لە نێوانیان پێك هات و حەوت مانگ دواتر، ئەم حکومەتە هەڵوەشایەوە و لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٩٦، ئەربەکان بە هاوبەشی لەگەڵ چیللەر، حکومەتی تازەی پێك هێنا. بڕوانە: صلاح سعدلله، المصدر السابق، ص١١٣-١١٧.

[4] بڕوانە: ميخائيل م. جونتر، المصدر السابق، ص٨٢.

[5] بڕوانە: ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (١٠٢)، ٢٣ی تشرینی یەکەمی١٩٩٥.

وێـڕای ڕاگەیانـدنی ئاگربەسـت، لەبەرانبـەردا، حکومـەتی تورکیـا وەڵامـی ئاگربەسـتی نەدایـەوە و بـەردەوام بـوو لـە ئەنجامـدانی ئۆپەراسـیۆنەکانی دژ بـە گەریلاکانی پەکەکـە لـە ناوچـە کوردییـەکان و[1] چـۆڵکردنی گونـدە کوردییـەکان. بـەگوێرەی ڕاگەیانـدنی کۆمیتـەی کوردسـتانی سـەر بـە پەکەکـە لـە برۆکـسل، حکومەتی تورکیا، تەنها لە ناوچەی (سیواس)، نزیکەی (١٠٠) گوندی کوردی چۆڵ کـردووە و گوندنـشینەکانیش لـە ئۆپەراسـیۆنەکاندا بـە شـێوەیەکی دڕندانـە ئـازار دەدران[2].

لە پلانێکدا کـە لەلایـەن سـەرۆککۆماری تورکیـا و سـەرۆکوەزیران و دەزگـای هەواڵگریی تورکیا (میت)ەوە بۆ تیرۆرکردنی ئۆیج ئالان داڕێژرابوو. لە ٦ی ئایـاری ١٩٩٦، ئۆتۆمۆبیلێکی بۆمبڕێژکراو، لەنزیك شوێنی ئۆیج ئالان، بە دووریی زیاتر لـە (١٠٠) مـەتر تەقییـەوە و لەلایـەن پـارتی کرێکارانیـشەوە هەریـەك لـە دەزگـای هـەواڵگریی یۆنـان و تورکیـا و ئیـسرائیل و هەنـدێ کـەس لـە دەزگـای هـەواڵگریی سوریا و هەندێ کورد بە بەشداربوون لەو کردەوەیە تۆمەتبار کران[3].

لە ناوخۆی تورکیاشدا، حکومەتی تورکیا، دژ بە لایەنگرانی پـارتی کرێکـارانی کوردستان وەستایەوە و دوابەدوای کۆتاییهـاتنی کـۆنگرەی دووەمـی (HADEP) لە ٢٣ی حوزەیرانی ئەوساڵە، هێزی تایبەتیی تورکیا، بە بیـانووی داگرتنـی ئـاڵای تورکیا و بەرزکردنەوەی ئاڵای (ERNK) و وێنەی عەبـدوڵڵا ئـۆیج ئـالان، هێرشـی کردە سەر بەشداربووانی کۆنگرە و سەرجەم ئەنـدامانی بەڕێوەبـەری ئـەو پارتـەی دەسـتگیرکرد کـە (مـوراد بـۆزلاق)ی سـکرتێری پارتەکەشـی تێـدابوو. کـاتێکیش ئۆتومۆبیلێکی هەڵگری ئەنـدامانی ئەوپارتـە لـە کۆنگرەکـە دەگەڕانـەوە، تەقـەیان لێکرا و بووە هۆی شەهیدبوونی سێ ئەندام و برینداربوونی یەکێکی تر[4].

---

(1) ڕۆژنامەی وڵات، ژ. (١٢٢)، ١ی کانونی دووەمی ١٩٩٦.

(2) بڕوانە: ڕۆژنامەی وڵات، ژ. (١٣٥)، ١٥شوباتی ١٩٩٦.

(3) بڕوانە: تونجای ئۆزکان، ئۆپراسیۆن، (زریان ڕۆژهەڵاتی) خوێندنـەوەی بـۆ کـردوە، گۆڤـاری (دۆسێی تورکیا)، ژ(٣)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سـلیمانی، نیـسانی ٢٠٠٦، ل١٦٢؛ حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨٤–٤٨٦.

(4) ڕۆژنامەی وڵات، ژ. (١٧١)، ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٩٦.

دوابەدوای ئەو ڕووداوانە و دوای ئەو بڕیارانەی کە پارتی کرێکارانی کوردستان لە چوارەمین کۆنفرانسیدا، لە (١-١٥)ی ئایاری ١٩٩٦ دابوونی، بە زیادکردنی هێزی لەشکری و پێشخستنی شێوازی شەڕ و چالاکییەکانی لە شارەکاندا و ئامادەکردنی تیمی تایبەتی (خۆکوشتن)[1]. دەستی بە هەڵمەتێکی خۆکوشتن کرد و لە ٣٠ی حوزەیرانی ئەو ساڵە لە شاری دەرسیم، لەکاتی ڕێورەسمێکدا، ژنێکی تەمەن ٣٤ ساڵ، بە ناوی (زینەب کناجی) ناسراو بە (زیلان) خۆی تەقاندەوە و لە ئەنجامدا: (٩) سەربازی کوشت و (٣٠)ی تریش بریندار بوون. لە ٢٥ی تشرینی یەکەمیش (لەیلا کاپڵان) ناسراو بە (ڕەوشەن) لە نزیك نووسینگەی هێزی تایبەت، لە ئەدەنە، خۆی تەقاندەوە و لە ئەنجامدا: سێ پۆلیس و هاوڵاتییەك کوژران و ٤ی تریش بریندار بوون. لە ٢٩ی تشرینی یەکەمیش، هێرشێکی تری هاوشێوە لە نزیك بارەگای سەرۆکایەتیی پۆلیس لە سیواس لەلایەن (گولەر ئاتاچ) ناسراو بە (بەرماڵ) ئەنجام درا، بە پێی سەرچاوەیەکی پۆلیس، ئەم هێرشە، (٦) کوژراوی لێکەوتەوە کە سێیان پۆلیس بوون[2].

لە بەرانبەردا، حکومەتی تورکیا، هەڵمەتێکی فراوانی بە هێزێکی زۆر و بە پاڵپشتیی فڕۆکە دژ بە چەکدارانی پارتی کرێکاران دەست پێ کرد و سەرۆکی ئەرکانی سوپای تورکیا، جەنەڕاڵ ئیسماعیل حەقی کارادای ( **Ismail Hakki Karaday**) لە سەردانێکیدا بۆ ناوچەکانی ویلایەتی ئەرزەڕۆم، ڕایگەیاند: کردەوەکانیان لە تەواوی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا

---

[1] بڕوانە: ڕۆژنامەی وڵات، ژ. (٢١٩)، ٢ی کانونی دووەمی ١٩٩٧؛ ژ. (١٦٦)، ١٠ی حوزەیرانی ١٩٩٦.

[2] بە پێی (میخائیل م. جونتر) هێرشی دووەم لە ٢٥ی ئەیول ئەنجام دراوە، بەڵام، بە پشت بە ستن بە (حەسەن جودی و عایدە عەلی)، هێرشەکە لە ٢٥ی تشرینی یەکەم ئەنجام دراوە. (حەسەن جودی)ش نووسیویەتی، هێرشەکە لە شاری (ئامەد) ئەنجام دراوە، بەڵام بە پشت بەستن بە دوو سەرچاوەکەی تر، لە شاری (ئەدەنە) ئەنجام دراوە. بڕوانە: میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٨٣؛ حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٩؛ عایدة العلي سري الدین، دول المثلث بین فكي الكماشة التركیة الاسرائیلیة، ط١، دار الفكر العربي، لبنان-بیروت، ١٩٩٧، ص٢٢١-٢٢٢.

بەردەوام دەبێت. بەگوێرەی ڕاگەیاندنێکی فەرمیی تورکیا، هێزەکانیان لە (٢٣–٢٥)ی ئەیلولی ١٩٩٦، (٤٧) چەکداری ئەم پارتەیان لە ناوچەکانی شیرناخ و دەرسیم و ناوچە کوردییەکانی تر کوشتووە. دەزگای هەواڵی ئەنادۆڵی تورکیش، ڕایگەیاند: لەو ماوەیەیەدا، (٢) سەربازی تورکی و (٤) پاسەوانی گوند کوژراون، بەڵام سەرچاوەیەکی ئاسایش، ژمارەی کوژراوانی هێزەکانی حکومەتی بە (١٠) کوژراو خەملاند بوو[١].

بە پێی ڕاگەیاندنی دەزگای هەواڵی ئەنادۆڵی تورکی (٢١٣٦٧) کەس کە لە نێوانیاندا (١٣٥٥) چەکداری پەکەکەیان تێدا بووە، لە تورکیا، کوژراون لەو کاتەوەی باری نائاسایی لە ڕۆژهەڵاتو باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، لە تەمموزی ١٩٨٧ ڕاگەیەنراوە. بە پێی سەرچاوەیەکی تریش، لەو ماوەیەیەدا، پارتی کرێکارانی کوردستان، (٣٩١٥) کەسی لە هێزەکانی ئاسایشی تورکی و چەندین کەسی سیڤیلی کوشتووە[٢].

لە لایەکی ترەوە، حکومەتی تورکیا، لە ئایاری ئەو ساڵەدا، بە مەبەستی لەناوبردنی بنکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، بە هێزێکی ١٢٠٠ سەربازی، بە پاڵپشتیی تانك و فرۆکەی جەنگی، سنوری باشووری کوردستانیان بەزاند و ١٥ چەکداری پارتی کرێکارانی کوردستانیان کوشت[٣]. هەروەها لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٦، سوپای تورکیا، ڕایگەیاند: هەزاران سەربازیان چوونەتە باشووری کوردستان. دەستەی ئەرکانی سوپای تورکیاش، لە ڕاگەیاندنێکیدا، وتی: (٤٣) چەکداری پارتی کرێکارانی لەو هەڵمەتەدا کوشتووە و ڕاشیگەیاند: (هەڵمەتە زەمینی و ئاسمانیەکانیان بەردەوامە)[٤]. لە ١٤ی ئایار– ٢١ی حوزەیرانی ١٩٩٧، هێزێکی (٥٠) هەزار سەربازی، بە تەواوی چەکی ئاسمانی و زەمینی، لەژێر ناوی: (ئۆپەراسیۆنی فولاز) ڕژاندە هەرێمی کوردستانەوە[٥]. ئەم هێرشەش، دوور لە

---

[١] بڕوانە: عايدة العلي سري الدين، دول المثلث ...، ص١٤٥–١٤٦.

[٢] نفس المصدر، ص١٤٧–١٤٨.

[٣] يوسف ابراهيم الجهماني، اوج آلان...، ص٧٦.

[٤] بڕوانە: عايدة العلي سري الدين، دول المثلث ...، ص١٤٩–١٥١.

[٥] هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠.

ڕاگەیاندن و بە هاوکاریی (پ.د.ك) و بە هاوەڵیی ڕاوێژکارانی سوپای ئیسرائیل بووە[1]. بە پێی ڕاگەیاندنی سوپای تورکیا، لەو هێرشەدا، (٢٦٠١) گەریلای پەکەکەیان کوشتووە و خۆشیان (٩٩) کوژراو و (٣١٣) بریندار و کەوتنە خوارەی (٢) کۆپتەر زیانیان بووە[2].

لە لایەکی ترەوە، لە ١٦ ئایاری ١٩٩٧دا هێزەکانی (پ.د.ك)، هێرشیان کردە سەر بنکە و بارەگاکانی (YNDK) و نووسینگەی ڕۆژنامەی وڵات و نەخۆشخانەی مانگی سووری کوردستان و نوێنەرایەتیی باشووری پارتی کرێکارانی کوردستان و مەڵبەندی ڕۆشنبیریی میزۆپۆتامیا و نووسینگەی (MED.TV)ی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان لە شاری هەولێر کە دەیان کوژراوی لێکەوتەوە[3].

لە ٢٥ئەیلولیش، جارێکی دیکە، سوپای تورکیا، پەلاماری باشووری کوردستانی دایەوە[4]، لە ٢٤ی تشرینی دووەمیش، بە مەبەستی لێدانی هێزێکی هەزار کەسی لە چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان، بە هەماهەنگیی (پ.د.ك)، بە (١٦) هەزار سەرباز هاتنەوە ناو سنوری هەرێمی کوردستان. ئامانجی ئەو لەشکرکێشییەش، تەواوکردنی کارەکانی ئۆپەراسیۆنی فولاز بوو بۆ جێبەجێکردنی پشتێنەی ئاسایش لە قوڵایی (٥-١٥) کم بە درێژایی سنوری نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، بە بەکارهێنانی تازەترین ئامێری چاودێری و بە هاریکاریی (پ.د.ك) و بە (١٠٠) تانکی تورکی و هەشت هەزار سەرباز لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ بوون[5].

دوای جێگیربوونی ئەم هێزانەش، لە ٢٨ی نیسانی ١٩٩٨، دەزگای هەواڵگریی (میت)ی تورکی لە ڕێگای نێوان (دهۆك- هەولێر)، شەمدین ساکیکی یەکێك لە فەرماندەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانیان دەستگیر کرد و ڕەوانەی تورکیایان

---

[1] بڕوانە: يوسف ابراهيم الجهماني، اوج آلان...، ص٧٧.

[2] هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠.

[3] حەسەن جودی، سەرچاوەی پیشوو، ل٧١٩.

[4] بڕوانە: عايدة العلي سري الدين، دول المثلث ...، ص١٩٨.

[5] بڕوانە: هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠-١٣١.

کـردەوە، (کـە ماوەیـەك پێـشتر و لـە ١٦ ئـاداری ئـەو سـاڵەدا) لەگـەڵ (عـارف ساکیك)ی بـرای بـەهۆی نـاکۆکیی لەگـەڵ عەبـدوڵڵا ئـوێج ئـالان، وازی لـە پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان هێنـابوو، خـۆی تەسـلیمی (پ.د.ك) کردبـۆوە[1]. لەلایـەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە، (شەمدین ساکیك) تۆمەتبار کراوە بەوەی: هـەوڵی دەدا، لە ناوچەی (زاپ)، هەموو دەسەڵاتێك بخاتە ژێر دەستی خۆی و ئـوێج ئـالان بێکاریگەر بکات[2]. هەروەها، تۆمەتباریان دەکرد کە: کار بـۆ دەزگـای هـەواڵگریی تورکی دەکات و لە ڕیزەکانی پارت دوور کەوتۆتەوە[3]. حەسەن ئەحمەدیش: پێی وایە شەمدین ساکیك بەهۆی ئەوەی ناوبانگی لە نـاو چـەکدارانی پـارتی کرێکـارانی کوردستاندا هەبووە و لە ترسی ئەوەی لە دوای ئوێج ئـالان ببێتـە کەسـی یەکـەم، ئوێج ئالان ساکیکی دوور خستۆتەوە[4].

لـە بـاکووری کوردسـتانیش، سـوپای تورکیـا، لـە کۆتـایی نیـسانی ١٩٩٨دا، هەڵمەتێکی فراوانـی بـە بەشـداری (٤٠) هـەزار سـەرباز و بـە سـەرکردایەتیی (١٤) جەنەڕاڵ بۆ گەمارۆدانی چەکدارانی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان (لـە ناوچـەیەکی سەختی ١٦ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشـە) ئـەنجام دا و ئـەم هێرشـەش لـە سـاڵی ١٩٨٤بەدواوە بە گەورەترین هێرشی هێزەکانی سوپای تورکیا دادەنرێـت[5]. دوای تەقینــەوەی لــوغمێکیش بــە سـوپای تورکیـادا، کـە لەلایـەن پـارتی کرێکـارانی کوردستان، لە ناوچـەی ویلایـەتی دەرسـیم چـێنرابوو، سـوپای تورکیـا هێرشـێکی فراوانی بە پاڵپشتیی فڕۆکە کردە سەر ئەو ناوچەیە و ژمارەی قوربانیانی هەردوولا (تەنها لەوساڵەدا) گەیشتە نزیکەی (٢) هەزار کـەس و[6]، تاسـاڵی ١٩٩٩، ژمـارەی

---

[1] ڕۆژنامەی (ئاوێنە)، ژ. (٩٨)، ٤ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٧ ؛

**1998 April 13 , Press Release, Political Bureau of KDP on Today's Abduction of Shamdin Sakik in Iraq Kurdistan by Turkish. (www.kdp.pp.se) Forces Special and Airborne**.

[2] بڕوانە، حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٣-٤٩٤.

[3] ريناس جانو، المصدر السابق، ص٢٨٨.

[4] حەسەن ئەحمەد مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

[5] يوسف ابراهيم الجهماني، اوج آلان...، ص٧٧.

[6] حامد محمود عيسى، المصدر السابق، ص٣٢٣.

قوربانییان له سەرەتای دەستکردن بە شەڕی چەکدارییەوە گەیشتە نزیکەی (٣٥) هەزار کەس[١].

لەم بارودۆخەدا و لەپێناو زەمینەخۆشکردن بۆ گفتوگۆ، لە ١ی ئەیلولی ١٩٩٨دا، بە بۆنەی ڕۆژی ئاشتیی جیهانی، پارتی کرێکارانی کوردستان، ئاگربەستێکی یەکلایەنەی ڕاگەیاند[٢]، بەڵام حکومەتی تورکیا، گوێی بە ئاگربەست نەدا و تەنها لە مانگێکی دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست، حکومەتی تورکیا، زیاتر لە (٦٠) ئۆپەراسیۆنی لە ناوچە جیاوازەکانی باکووری کوردستان بە پاڵپشتی فڕۆکە و سەدان هەزار سەرباز و پاسەوانی گوند، ئەنجام دا[٣]. هەروەها، لە تشرینی یەکەمی ئەوساڵەدا دەستیان بە هەڵمەتێکی فشارخستنە سەر سوریا کرد بۆ پاڵپشتینەکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان، بە داخستنی بنکەکانی ئەو پارتە لە سوریا و لوبنان و دەرکردنی چەکدارەکانی و عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان لە سوریا[٤]. ئەنجامی ئەو فشارەش بووە هۆی ئەوەی ئۆجەلان لە ٩ی تشرینی یەکەم سوریا جێبهێڵێت و بەرەو یۆنان بەڕێ بکەوێت و لە ١٥ی شوباتی ١٩٩٩، لە وڵاتی کینیا، دەستگیر بکرێت و تەسلیم بە تورکیا دەکرێتەوە کە لە باسی سێیەمدا باسی دەکەین[٥].

دوای دەرچوونی ئۆجەلان لە سوریا، پارتی کرێکارانی کوردستان، کۆنگرەی شەشەمی لە شوباتی ١٩٩٩، بەست. دیارترین دروشمەکانی کۆنگرەش، دروشمی (کوردستانی ئازاد و سەربەخۆ) بوو، گرنگترین لیستی کارەکانیشی گفتوگۆکردن بوو دەربارەی بارودۆخی باکووری کوردستان و کردەوە چەکدارییەکان و چارەسەرکردنی دۆزەکانی ناوخۆ. لەو کۆنگرەیەدا، عەبدوڵڵا ئۆجەلان، دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەشی کۆنگرە کرد، بەڵام دەستلەکارکێشانەوەکەی قبوڵ نەکرا. کاتێکیش عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەستگیر

[١] جۆناتان–سی راندڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦٩.

[٢] حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢٠.

[٣] ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٣١٨)، ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨.

[٤] بڕوانە: صلاح سعدالله، المصدر السابق، ص١٢٠.

[٥] بڕوانە: حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢٠–٧٢١.

دەکرێت، کۆنگرە دەستبەرداری سەرجەم بەرنامەکانی دەبێت و ئاراستەی سەرەکیی کۆنگرەکە دەگۆڕێت بۆ: "هەموو شتێك لەپێناوی ئوێج ئالان" و بڕیاری زیادکردنی شەڕ دەدرێت، هەروەها، کۆنگرە بڕیاری پێکهێنانی هێزێکی خۆبەختکەری بە ناوی (هێزی خۆبەخشی ئاپۆ) دا[1]. دوای کۆنگرەش، کۆنسەیەکی سەرۆکایەتیی بۆ شوێنگرتنەوەی ئوێج ئالان پێکهێنرا کە لە (عوسمان ئوێج ئالان، جەمیل بایك–هەڤاڵ جومعە، دوران کالکان، رەزا ئاڵتون، نیزامەدین تاش– هەڤاڵ بۆتان، موراد قەرەیەلان، هەڤاڵ ژیان، هەڤاڵ پەیمان) پێکهاتبوون[2].

لەپێناو کرانەوەی پارتی کرێکارانی کوردستانیش، بە ڕووی سەرجەم هێزە کوردییەکان و کۆکردنەوەیان لەژێر چەتری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (KNK) و بۆ فراوانکردنی بنکەی ئاشتیانە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا. پەرلەمانی کوردستان، لە کۆبوونەوەی ١٧ی ئەیلولی ١٩٩٩دا، خۆی هەڵوەشاندەوە و لەگەڵ (کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان) خۆی ڕێك خست[3].

دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، لە ساڵی ڕابوردووەوە، ئامادەکاریی بۆکرابوو، بۆ ئەو مەبەستەش، لە کۆبوونەوەیەکی پارت و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کەسێتییەکانی کوردستاندا، پەیماننامەیەك بۆ دامەزراندنی کۆنگرە ئیمزاکرا و پرۆژەیەکیش لەم پێناوەدا ئامادەکرا. پرۆژەکە، لە شەش بەشی سەرەکی و شانزە بەند پێکهاتووە و بە شێوەیەکی گشتی، زۆر خاڵی گرنگی باس کردووە و دەزگاکانی کۆنگرە و ئەرکەکانی دیاریی کردووە، ئامانجەکانی کۆنگرەشی دیاریکردونە کە بریتیین لە:

١– پێشخستنی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان، پێش هەموو بەرژەوەندییەکی پارچەکان و پارتە سیاسییەکانی کوردستان.

---

[1] بڕوانە: ریناس جانو، المصدر السابق، ص٢٨٩؛ حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢١.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان ئوێج ئالان، کۆیە،١ی شوباتی ٢٠٠٩.

[3] بڕوانە: ولید رضوان، المصدر السابق، ص٣٤٢–٣٤٣.

٢- كۆنگرەی نەتەوەیی، ڕاگەیاندنی جیهانی مافی مرۆڤ بە بنگەیەك بۆخۆی وەر دەگرێت.

٣- هیچ پارت و ڕێكخراو و كەسێك بۆی نییە لەبەر هەر هۆیەك پشتگیری و هاوكای لەگەڵ دەوڵەتانی داگیركەری كوردستان یان هەر دەوڵەتێكی تر بكات كە لە دژی بەرژەوەندیی نەتەوەی كورد بێت.

٤- كۆنگرەی نەتەوەیی، شەڕی نێوخۆی پارت و ڕێكخراوە كوردستانییەكان، تاوانبار دەكات و ڕەتی دەكاتەوە.

٥- داننەنان بەو ڕێككەوتنانەی كە كوردستانی پێ دابەش كراوە، یان مافی گەلانی تێدا پێشێل كراوە.

٦- نەهێشتنی هەموو شێوەیەكی ناكۆكی و دژایەتی لە نێوان پارتە سیاسییەكانی كوردستان و لایەنگرانیان و چارەسەركردنی كێشەكانی ناوخۆیی لە كوردستان.

٧- هەوڵدان بۆ چارەسەركردنی دۆزەكانی نێوان گەلی كوردستان و دراوسێكانی بە شێوەیەكی ئاشتی و دۆستانە.

٨- بەكارنەهێنانی هێز تەنها بۆ پاراستنی مافی نەتەوەیی و ناسنامەی گەلی كوردستان نەبێت.

٩- پشتگیریكردنی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی لە هەموو پارچەكانی كوردستان و پێشكەشكردنی هەموو یارمەتییەكی پێویست لەپێناو چارەسەركردنی سیاسیدا كە بە ئەركی خۆی دەزانێت.

١٠- هەوڵدان بۆ دەستخستن و پاراستنی بەرژەوەندییەكانی گەلی كوردستان لەسەر ئاستی دەزگا و ڕێكخراوە نێودەوڵەتی و جیهانییەكانداو هاریكاریكردنی لەگەڵ ڕێكخراوە سیاسییەكانی كوردستان، وەك نوێنەری گەلی كوردستان لەو ئاستەدا.

١١- هەوڵدان بۆ بەهێزكردنی دۆستایەتی لە نێوان گەلی كورد و گەلانی عەرەب و تورك و فارس و هەموو گەلانی جیهان.

١٢- پشتگیریكردن لە پاراستنی ئازادی و سەربەستی بۆ هەموو ئایین و ئایینزا و باوەڕییەكان لە كوردستاندا.

١٣- هەوڵدان بۆ بوژاندنەوە و گەشەپێکردنی زمان و کولتوری کوردی[١].

کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بەسەرۆکایەتیی (عیسمەت شەریف وانلی) و جێگرەکەشی دکتۆر (جەبار قادر) بوو، یەکەم کۆبوونەوەشی لە شاری ئەمستردامی هۆڵەندا لە ساڵی ١٩٩٩، ئەنجام دا کە زیاتر لە (١٧) پارت و ڕێکخراو بەشدارییان تێدا کرد و هەر شەش مانگ جارێك ئەنجومەنی گشتی کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دەکرد و لە ناساندنی پرسی کورد بە زۆر دەزگای جیهان ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا، لەم میانەیەشدا پەیوەندیی بە کۆنگرێسی ئەمریکا و پەرلەمانی ئەوروپا و پارتە ئەوروپییەکان کرد و بە گشتی هەوڵێکی گرنگ بوو بۆ کۆکردنەوەی هێز و ناوەند و کەسایەتییەکانی کوردستان و ئەزمونێکی دەوڵەمەندی خستە بەردەست، دواتر، کۆنگرە، بە تەواوی کەوتە ژێر ڕکێفی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە[٢].

## باسی سێیەم/ گیرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و گۆڕانکاری لە هاوسەنگیی هێزەکاندا:

وێڕای ئەوەی حکومەتی تورکیا لە ماوەکانی پێشوودا، چەندین جار سوریای بە یارمەتیدانی پارتی کرێکارانی کوردستان تۆمەتبار کردبوو، بەڵام دوای فڕاندنی شەمدین ساکیك، لە کاتی دادگایکردنی لە دادگای دیاربەکر، لە ٣ی ئایاری ١٩٩٨، ڕایگەیاند: حکومەتی سوریا پێگەی سەرەکی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستانە دژی تورکیا[٣]. بەمەش حکومەتی تورکیا، هەوڵەکانی بۆ وەستاندنی پاڵپشتیکردنی سوریا لە پارتی کرێکارانی کوردستان چڕ کردەوە. لە هەفتەی یەکەمی مانگی ئەیلولدا ڕۆژنامەی (حورییەت)ی تورکیا، لە زاری بەرپرسانی سەربازییەوە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکی، بڵاوی کردەوە کە:

---

[١] بۆ خوێندنەوەی تەواوی پڕۆژەی پەیماننامەکە. بڕوانە: ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٣١١)، ٦ی ئابی ١٩٩٨.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەئەمین پێنجوێنی، سلیمانی، ٥ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٩.

[٣] عايدة العلي سري الدين، المسألة الكردية في ملف السياسة الدولية، ط١، منشورات دار الآفاق الجديدة، بيروت، ٢٠٠٠، ص٣٦.

تورکیا بەڵێنی سەپاندنی سزای سیاسی و ئابووری و سەربازی دژی سوریا داوە[1]. سلیمان دێمیرێلی سەرۆککۆماری تورکیا و مەسعود یلمازی سەرۆکوەزیرانیش داوایان کرد: کاردانەوەی پێویست لە بەرانبەر دیمەشق پەیڕەو بکرێت[2]. جەنەڕاڵ (ئەتیلا ئاتێش–Atılla Ateş) ی سەرکردەی هێزی زەمینی سوپای تورکیاش لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلولدا، لە نزیك سنوری سوریا هەڕەشەی لە سوریا کرد و ڕایگەیاند خەریکە تورکیا ئارامیی نەمێنێت و ڕەنگە تۆڵەی خۆی لە سوریا بکاتەوە[3].

لە سەرەتای تشرینی یەکەمی ١٩٩٨دا، حکومەتی تورکیا، بەمەبەستی داخستنی بنکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە سوریا و لوبنان و دەرکردنی (عەبدوڵڵا ئوێج ئالان) و چەکدارانی ئەو پارتە لەو وڵاتە، فشارێکی توندی خستە سەر سوریا[4]. لەم میانەیەشدا، سلیمان دێمیرێلی سەرۆککۆماری تورکیا، هەڕەشەی تۆڵەکردنەوەی لە سوریا کرد لەپای پاڵپشتیکردنی لە پارتی کرێکارانی کوردستان[5].

گرژییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە، گەیشتە ئاستی هەڕەشەکردنی تورکیا بەوەی بۆ تەمبێکردنی دیمەشق، خاکی سوریا داگیردەکات و تەنانەت ڕێوشوێنی جموجۆڵی سەربازیی تورکیا لەسەر سنوری سوریا ڕووی دا و ڕایانگەیاند: هێزەکانیان بە ئەنجامدانی مانۆڕی زەمینی و دەریایی هەڵدەستن لەسەر سنورەکانی نێوان هەردوو وڵات[6]. حسین کیڤریك ئۆغلو (Hüseyin Kıvrıkoğlu)ی سەرۆکئەرکانی سوپای تورکیا، بارودۆخەکەی وا باس کرد کە وڵاتەکەی لە شەڕێکی ڕانەگەیەنراو دایە لەگەڵ سوریا[7]. مەسعود یلمازی

---

[1] خلیل علي مراد، العلاقات السوریة–الترکیة ...، ص٧٥.

[2] ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژ. (١٧٠٠)، ١٧ی ئەیلولی ١٩٩٨.

[3] جۆناتان–سی ڕانداڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦٥ .

[4] صلاح سعدالله، المصدر السابق، ص١٢٠.

[5] یوسف ابراهیم الجهماني و سالار أوسي، ترکیا و سوریا، ط١، دار حوران للطباعة والنشر والتوزیع، سوریا–دمشق، ١٩٩٩، ص٨٤.

[6] نفس المصدر، ص٧٩.

[7] خلیل علي مراد، العلاقات السوریة–الترکیة ...، ص٧٥.

سەرۆکوەزیری تورکیاش لە ٣ی تشرینی یەکەم، ڕایگەیاند: سوپا چاوەڕێی فەرمانی حکومەت دەکات بۆئەوەی کردەوەیەکی سەربازی لە دژی سوریا ئەنجام بدات. (عیسمەت سەزگین)ی وەزیری بەرگریی تورکیاش لە کاتی بەسەرکردنەوەی بنکەکانی سوپا لە ناوچەی (ئورفە)ی هاوسنور لەگەڵ سوریا، وتی: "ئەمە دوا هەوڵی دیبلۆماسیی تورکیایە و کاتێ دیبلۆماسیش نشوستی هێنا ئەوا شتێکی تر دەست پێ دەکات"[1]. لە ١٣ی هەمان مانگیش، مەسعود یڵماز، هەڕەشەی ئەوەی کرد: ئەگەر سوریا داخوازییەکانی تورکیا جێبەجێ نەکات ئەوا ئامادەین دنیایان بەسەردا بڕوخێنین و سوریا لەسەر نەخشەی جیهان بسڕینەوە[2]. لە ١٩ی مانگیش، سلیمان دێمیرێل لە چاوپێکەوتنێك لە ویلایەتی ئەسکەندەروونە دوا ئاگادارکردنەوەی بە سوریا دا بە ڕاگرتنی پاڵپشتیکردن لە پارتی کرێکارانی کوردستان، هەروەها سوریای لە ئاکامی خراپی داواکردنی ویلایەتی ئەسکەندەروونە ئاگادارکردەوە[3].

سەرهەڵدانی قەیرانی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨، وێڕای تۆمەتبارکردنی سوریا لەلایەن تورکیاوە بە پاڵپشتیکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان، چەند هۆکارێکی تریشی لە پشتەوە بوو، لەسەرووشیانەوە مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی سەربازی نێوان تورکیا و ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٩٦ و مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی سیاسی و ئاسایش بوو لە نێوانیان، تەنانەت پەیوەندییەکانیان گەیشتە ئاستی هاوپەیمانیی سەربازی و لەم میانەیەشدا ئیسرائیل پشتیوانییەکی گرنگی تورکیا بوو لە شەڕی دژ بە پارتی کرێکارانی کوردستان، بە تایبەت لە بواری هەواڵگری، دوای ئەم هاوپەیمانێتییەش هەڕەشەکانی تورکیا دژ بە سوریا دژوارتر بوون[4]. لە کاتی تەنگژەکەشدا ئیسرائیل لە ڕاگەیاندنەکانیدا ئەوەی دووپات دەکردەوە: ئەگەر بێت و جەنگێك لە نێوان تورکیا و سوریادا بەرپا بێت، ئەوا تەلئەبیب پشتی ئەنقەرە دەگرێت[5].

---

(1) کوردستانی نوێ، ژ(١٧١١)، ١٩٩٨/١٠/٤.

(2) ڕۆژنامەی (ولات)، ژ. (٣٢٠)، ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨.

(3) وليد رضوان، المصدر السابق، ص٣٣٥.

(4) بڕوانە: خليل علي مراد، الموقف الإقليمي...، ص٤٣.

(5) ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژ. (١٧١١)، ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨.

لــه بەرانبــەردا، ســوريا، هەڵوێــستێکی نــەرمی لــەو قەیرانــەدا نوانــد و پەرچــەکرداری لــە ڕووی سیاســی و ســەربازییەوە نــەبوو، زۆربــەی ڕاگەیانــدنی بەرپرسەکانیشی لە چوارچێوەی بانگەوازکردن بوو بۆ پێویستیی چارەسەرکردنی دۆزەکــە بــە ڕێگەیــەکی دیبلۆماســی و چارەســەرکردنی ســەرجەم کێــشە هەڵواسراوەکان لەگەڵ لایەنی تورکی لە ڕێگەی گفتوگۆوە. هەروەك فاروق شەرعی وەزیری دەرەوەی سوريا ڕايگەياند: "ئێمە لە سوريا، هەڕەشـەکانی تورکیـا ڕەت دەکەینەوە و جەختمان لەسەر ئارەزووی ڕاستگۆیانەمان کردۆتەوە بۆ چارەسەری دیبلۆماسی، بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکان لە نێوان هەردوو وڵاتـدا، لـە پێشەوەشیاندا کێشەی ئاسایش". محەمەد سەلمانی وەزیری ڕاگەیاندنی سـورياش لە گفتوگۆيەکی ڕۆژنامەنووسیدا ئەوەی دووپات کردەوە کە عەبدوڵڵا ئـۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردسـتان مـاوەی سـێ مانگـە نەهاتۆتـە نـاو سـوريا و پارتەکەشـی لـە سـوريادا قەدەغـە کـراوە و ئـەو گرژییـەی تورکیـا دژ بـە سـوريا هەيەتی، ئیسرائیل لە پـشتیەوەیەتی[1]. عەبدوڵڵا ئـۆجەلانیش ڕايگەيانـد: "مـن جاروبار بەبێ ئاگاداریی سوريا سەردانی کوردەکانی ئەو وڵاتە دەکـەم. مـن ئێـستا لە سوريا نیم، من لە کوردستانم و لێرە درێژە بە تێکۆشان و خەبات دەدەم"[2].

گرژی نێوان تورکیـا و سـوريا، دوای هـەوڵی دیبلۆماسـی لەلایـەن هەريـەك لـە میسر (بەو پێیەی کە سەرۆکی لوتکەی عەرەبییە) و ئێران (بـەو پێیـەی سـەرۆکی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامییە) و دوای سەردانی هەريـەك لـە حوسـنی موبـارەکی سەرۆکی میسر، لە ٤ی تشرینی يەکەم، بۆ سوريا و دوو ڕۆژ دواتریش بـۆ ئەنقـەرە و ســەردانی کــەمال خــەرازی وەزیــری دەرەوەی ئێــران بــۆ ســوريا و دواتــریش بــۆ تورکیا لە ٩ی مانگ و سەردانی عەمر موسای وەزیری دەرەوەی میسر بۆ ئەنقەرە لە ١٢ی هەمان مانگدا[3]، هەريەك لە سوريا و تورکیا، دوای دوو ڕۆژ گفتوگـۆکردن،

---

[1] يوسف ابراهيم الجهماني و سالار أوسي، المصدر السابق، ص٨٨-٨٩.

[2] ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٣٢١)، ٢٢ی تشرینی يەکەمی ١٩٩٨.

[3] بڕوانە: خليل علي مراد، العلاقات السورية-التركيـة ...، ص٨٠" عايـدة العلـي سـري الـدين، المسألة الكردية ...، ص١٢٦ ،١٢٧، ١٥١؛ ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژ. (١٧١٨)، ١٣ی تشرینی يەکەمی ١٩٩٨.

لـه ١٩ و ٢٠ی ئـەو مانگـەدا، لـە شـاری ئەدەنـە ڕێککەوتننامەیـەکیان بـە نـاوی ڕێککەوتننامەی ئەدەنە مۆر کرد. بە پێـی وتەبێـژی وەزارەتـی دەرەوەی تورکیـا، ڕێککەوتننامەکە، سێ بەندی سەرەکیی لەخۆی دەگرت. لە بەندی یەکەمدا، سوریا ڕایگەیاند کـە پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان، ڕێکخراوێکـی تیرۆرسـتییە و بەڵێنیـدا ڕێگـە بـەو پارتـە نـەدات چـەك هـەلگرێ یـان یارمـەتی دارایـی پێبگـات یـان کـاری پروپاگەندەیی ئەنجام بدات لەناو خاکەکەیدا و ڕێگەنەدات بە عەبدوڵڵا ئۆێج ئـالانی سەرۆکی پارتەکە و ئەو ڕێکخراوانەی سەر بەون بگەڕێنەوە ناو خاکەکـەی. بەنـدی دووەمیش، پەیوەست بوو بە ڕێککەوتنێکی دوولایەنە کە پێویسـتە هـیچ لایـەکیان ڕێگە بە هیچ چالاکییەك لە خاکی وڵاتەکـەیان نـەدەن کـە ئاسایـشی وڵاتەکـەی تـر تێك بدات. بەندی سێیەمیش، پەیوەندیی هەبوو بە میکانیزمی سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە بە دانـانی هێڵێکـی تێلیفـونی ڕاسـتەوخۆ لـە نێـوان دیمەشق و ئەنقەرە و دامەزراندنی نوێنەری ئاسایش لە باڵیۆزخانەی هەر یـەك لـەو دوو وڵاتە[1].

مۆرکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە، لەکاتێکدا هات کە ئۆێج ئـالان پێـشتر لـە ٩ی ئـەو مانگـەدا سـوریای بەجێهێـشتبوو، ڕووی کردبـووە یۆنـان، بـەڵام هـەر لـە فڕۆکەخانەی ئەو وڵاتە پێشوازی لێناکرێت. ئەمە وێڕای ئەوەی ساڵی ڕابـوردوو بـە ئیمـزای (١٠٨) پەرلـەمانتاری پـارتی (پاسـۆك)ی یۆنـانی بەفـەرمی بـۆ یۆنـان بانگهێشتی کرابوو. دوای ئەوە، ئۆێج ئـالان بـەرەو ڕوسـیا بـەڕێ دەکـەوێت[2]. لـە ڕێگـەی نوێنـەریان لـەو وڵاتـە، (مـاهیر وڵات) و بـە ڕێککـەوتن لەگـەڵ سـەرکردەی پـارتی تونـدڕەو (ژیرنۆڤـسکی)، گونـدێکی بـچووکیان لـە دووریـی (٢٠٠)کـم لـە مۆسکۆی پایتەخت بەمەبەستی نیشتەجێبوونی بۆ کڕی[3].

---

[1] ولید رضوان، المصدر السابق، ص٣٣٦.

[2] حەسەن جـودی، سەرچـاوەی پێـشوو، ل٧٢٠؛ ڕۆژنامـەی (وڵات)، ژ. (٣٢٤)، ١٢ی تـشرینی دووەمی ١٩٩٨.

[3] ابراهیم الداقوقي، المصدر السابق، ص٤٥٩–٤٦٠؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان ئۆێج ئالان ، کۆیە، ١ی شوباتی ٢٠٠٩.

تورکیا ڕایگەیاند: ئۆیج ئالان ڕووی کردۆتە ڕوسیا[١]. لە بەرانبەردا ڕوسیا، لە ڕێگەی باڵیۆزەکەیەوە لە ئەنقەرە (ئەلیکسەندەر لێبیدێف) ڕەتی کردەوە، کە ئۆیج ئالان لە ڕوسیا بێت، یاخود ڕێگەی پێدرابێت بێتە ناو خاکی وڵاتەکەی[٢]. لە ٥ی تشرینی دووەمیش، وەزیری ناوخۆی ڕوسیا، ڕایگەیاند: ئۆیج ئالان لە وڵاتەکەیان نییە و مافی پەنابەریشی نادەنێ. ئەمەش وێڕای ئەوەی پەرلەمانی ئەو وڵاتە (دۆما)، ڕۆژێك پێشتر بانگهێشتی ئۆیج ئالانی کردبوو بێتە ڕوسیا و بڕیارێکی لەو بارەیەوە پەسەند کردبوو[٣].

دوای ئەوەی عەبدوڵڵا ئۆیج ئالان لە ١٢ی تشرینی دووەم، لە ڕوسیاوە بە بەڵگەنامەیەکی ساختەوە، بە یارمەتیی (ڕامۆن مۆنتاڤیانی) ئەندامپەرلەمانی گروپی (سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوە)ی پارتی کۆمۆنیست گەیشتە فڕۆکەخانەی ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا و دەستگیر کرا[٤]. لەپێناو پێدانی مافی پەنابەریی سیاسی، لە ١٤ی مانگ، مانی لە خواردن گرت و داواشی لەو کوردانە کرد کە بە مەبەستی پیشتگیریکردنی هاتوونەتە ڕۆما، مان لە خواردن بگرن و کاسبکار و کرێکارانی کوردیش لە وڵاتانی ئەورووپا نەچنە سەر کارەکانیان و دوکانەکانیان دابخەن و خوێندکارانی کوردیش نەچنە خوێندنگاکانیان[٥].

بە دوای ئەو ڕاگەیاندنەی ئۆیج ئالانیشدا، کوردەکان لە ١٥ی مانگ خۆپیشاندانێکی پشتگیرییان بۆ ئۆیج ئالان لە وڵاتانی ئەورووپاوە بۆ بەردەم نەخۆشخانەی سەربازیی (چێلیۆ)ی سەربازی لە ڕۆما، بەمەبەستی ئازادکردنی

---

[١] عەبدوڵڵا ئۆج ئالان، لە دەوڵەتی راهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانییەتی دیموکراسییانە، و. لوقمان عەبدوڵڵا، بەرگی دووەم، چاپخانەی ئازادی، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕاگەیاندنی (پ.چ.د.ك)، ب.ش، ب.س، ل٢٨٦ ؛ مەحمود سەنگاوی، سەرچاوەی پێشوو، ٦٧٤.

[٢] عايدة العلي سري الدين، المسألة الكردية ...، ص١٥٥.

[٣] يوسف ابراهيم الجهماني، اوج آلان ، ص٨٣؛ ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٣٢١)، ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨

[٤] مەحمود سەنگاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧٤–٦٧٥.

[٥] ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٣٢٥)، ١٩تشرینی دووەمی ١٩٩٨.

ئوێج ئالان و پێدانی مافی مانەوەی سیاسی ڕێك خست (کە تیایدا) ئاڵای پارتی کرێکاران و وێنەی عەبدوڵڵا ئوێج ئالانیان بەرز کردبووەوە[1]. ژمارەی ئەو کوردانە کە خۆی دەدا لە (١٠) هەزار کەس، دەستیان بە مانگرتن لە خواردن کرد و لە ناویاندا یەکێك لە خۆپیشاندەران ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا[2]. تەنانەت خۆپیشاندان و مانگرتنی کوردان لە باکووری کوردستان، لە شارەکانی وەك ئامەد و باتمان و لە باشووری کوردستانیش لە شارەکانی وەك سلێمانی و ڕانیە و وڵاتەکانی سعودیە و ژاپۆن و ئەمریکا بۆ پشتگیریکردنی ئوێج ئالان بەردەوام بوو. جگە لەوە، هەزاران زیندانی سیاسیی پارتی کرێکارانی کوردستان و چەندین گیراوی پارت و ڕێکخراوە چەپ و شۆڕشگێڕییەکان لە زیندانەکانی باکووری کوردستان و تورکیا دەستیان دایە چالاکی مانگرتن و خۆسوتاندن[3]. بە گوێرەی ڕۆژنامەی وڵاتی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان، لە ماوەی هەفتەی یەکەمی چوونی ئوێج ئالان بۆ ڕۆما، (٣٢) ئەندام و لایەنگر و دۆستی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ پشتگیری لە ئوێج ئالان لە زیندانەکانی باکووری کوردستان و تورکیا و لە ڕۆژئاوای کوردستان و ئەڵمانیا و ڕوسیا و ئیتاڵیا خۆیان سوتاند[4].

لە لایەکی ترەوە، تورکیا، هەر لەگەڵ گەیشتنی ئوێج ئالان بۆ ڕۆما، داوای کرد ڕادەستی تورکیا بکرێتەوە[5]. لەم میانەیەشدا، مەسعود یلمازی سەرۆکوەزیرانی تورکیا، لە وتارێکیدا، لە ١٨ی تشرینی دووەم، هەڕەشەی بەرپەرچدانەوەی لە ئیتاڵیا کرد گەر بێت و عەبدوڵلا ئوێج ئالان بۆ تورکیا نەگەڕێنێتەوە، بڕیاریشیدا: هێڵی فاکس بکاتە خۆڕایی لە بەردەم هاوڵاتیانی وڵاتەکەی بۆ ئەوەی دەربارەی داوای ڕادەستکردنەوەی ئوێج ئالان، نامە ئاراستەی حکومەتی ئیتاڵیا بکەن. هەروەها لە وتارەکەیدا، ڕایگەیاند: ئەگەر حکومەتی ئیتاڵیا وەڵامی ئەو داوایە نەداتەوە، ئەوا دەبێتە هاوبەشی ئەو کردەوانەی کە تا ئێستا پارتی کرێکارانی کوردستان ئەنجامی داون. جگە لەمەش،

---

[1] عايدة العلي سري الدين، المسألة الكردية ...، ص٢٤٦.

[2] مەحمود سەنگاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧٥.

[3] ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٣٢٥)، ١٩تشرینی دووەمی ١٩٩٨.

[4] ڕۆژنامەی (وڵات)،ژ. (تايبەت)، ٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٩٨.

[5] مەحمود سەنگاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧٥.

کۆمپانیاکـانی گەشـتوگوزاری تـورکیش، لـە ١٩ی مـانگ، بڕیـاری وەسـتاندنی گەشتەکانی بۆ ئیتاڵیادا لە دژی ئەو ڕاپۆرتانەی ئاماژەیان بەوە دەدا کە ڕۆما ئۆیج ئـالان ڕادەسـتی ئەنقـەرە ناکاتـەوە[1]. هـەروەها، حکومـەتی تورکیـا داوای لـە هاوپـەیمانێتیی بـاکووری ئەتلەسـی (نـاتۆ) کـرد، پـشتیوانی لـە داوای ڕادەستکردنەوەی ئۆیج ئالان لە ئیتاڵیاوە بۆ تورکیـا بکـات. ئـەمریکاش کـە هـەر لەسـەرەتای تەنگژەکـەی نێـوان تورکیـا و سـوریا پـشتیوانی داواکـەی حکومـەتی تورکیای بە دەرکردنی ئۆیج ئـالان لـە سـوریا کـرد بـوو، لـە ڕاگەیانـدنێکی فـەرمی کۆشکی سپیدا، بە هەمان شێوە، پشتیوانیی داواکەی تورکیـای لـە ئیتاڵیـا کـرد و داواشی لە هـەردوو وڵات کـرد: کـار بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو تەنگژەیـە بکـەن بـە جۆرێك تورکیا نەسەپاندنی حوکمی لەسێدارەدان (بەسەر ئۆیج ئالان) زامن بکـات. سـەرەنجام: لـە ٢٠ی مـانگ، دادگـای پێداچـوونەوەی ڕۆمـا، بـە پێـی دەسـتوری وڵاتەکەی، داواکەی تورکیـای بـە ڕادەسـتکردنەوەی ئـۆیج ئـالان بـۆ تورکیـا، ڕەت کردەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی، لە تورکیا، قانونی لە سێدارەدان پەیڕەو دەکرێـت، لە لایەکی ترەوە، ئەڵمانیاش داوای دەستگیرکردنی ئۆیج ئالانی کردبوو[2].

ئەم بڕیارەی دادگای پێداچـوونەوەی ڕۆمـا، تەنگژەیـەکی سیاسـیی قـوڵی لـە نێـوان ئەنقـەرە و ڕۆمـادا هێنایـە کایـەوە. ئیـسماعیل جـەمی وەزیـری دەرەوەی تورکیـا، ئـەو بڕیـارەی بـە نـاڕەوا و بێمتمانـە دانـا. حەسـەن دەنیـز (Hasan Deniz)ی وەزیری دادیش، لە ٢٣ی مانگ، ڕایگەیانـد: وڵاتەکـەی لـە (٢٥ و ٢٦)ی مانگ، داواکارییـەکی فـەرمی لـەپێناو گێڕانـەوەی ئـۆیج ئـالان بـۆ تورکیـا دەداتـە حکومەتی ئیتاڵیـا، وێـڕای ئـەوەی یاداشـتێکی بـۆ دەستبەسـەرکردنی ئـۆیج ئـالان دابووە ڕۆما. عیسمەت سەزگینی وەزیری بـەرگریش، هەرەشـەی دوورخـستنەوەی کۆمپانیـا ئیتاڵییـەکانی کـرد بـە کڕینـی چـەك و پێداویـستی یـەدەگ و زەخـیرەی تەقەمەنی بۆ سوپای تورکیا[3]، هەروەها، خۆپیشاندانی ناڕەزایی دژ بەو بڕیارە لە تورکیادا ڕووی دا و هێرش کرایە سەر باڵیۆزخانەی ئیتاڵیا لە ئەنقەرە و ئاڵای ئـەو وڵاتەش سوتێنرا[4].

---

[1] بڕوانە: عايدة العلي سري الدين، المسألة الكردية ...، ص٢٣٣.

[2] بڕوانە: حامد محمود عيسى، المصدر السابق،ص ٣٤٢-٣٤٣.

[3] بڕوانە: عايدة العلي سري الدين، المسألة الكردية ...، ص٢٣٤.

[4] بڕوانە: حامد محمود عيسى، المصدر السابق،ص٣٤٣.

سـەرباری هەوڵـەکانی حکومـەتی تورکیـا، جـارێکی تـریش، داواکـاریی گەڕاندنەوەی ئوێج ئالان لە ٢٨ی مانگ، لەلایەن دادگای ڕۆمـاوە، ڕەت کرایـەوە و حکومـەتی ئیتاڵیـاش چـەند مـەرجێکی بـۆ ڕادەسـتکردنەوەی ئـوێج ئـالان خـستە بەردەم حکومەتی تورکیا کە بریتی بوون لە:

١- ئازادکردنی پەرلەمانتارە کوردەکان و چەند بەرپرسێکی ناوخۆیی کە بـە پێی قانونی بەگژداچوونەوەی تیرۆر دەستگیر کراون.

٢- وازهێنان لە قانونەکانی بەگژداچوونەوەی تیرۆر.

٣- دەرکردنـی لێبـوردنێکی گـشتی بـۆ چـەکدارانی پـارتی کرێکـارانی کوردستان.

٤- ڕێگەدان بە کارکردنی ئازادانەی پارتە کوردییەکان لە تورکیادا[1].

ڕەتکردنەوەی داواکاریی ڕادەسـتکردنەوەی ئـوێج ئـالان بـۆ تورکیـا، لەلایـەن دادگای ئیتاڵیاوە، دوای ئەو هەنگاوە دیبلۆماسیانەی عەبدوڵڵا ئوێج ئالان هـات کـە چوار ڕۆژ پێـشتر، لـە ٢٤ تـشرینی دووەمـی ١٩٩٨، نامەیـەکی بـۆ (پاپاجـان پـۆلی دووەم)ی پاپای ڕۆما نووسی و تێیدا داوای چارەسەرکردنی دۆزی کورد و ڕاگرتنی پـشتگیریی وڵاتـانی ڕۆژئـاوای بـۆ حکومـەتی تورکیـا دەکـرد، هـەروەها ئەوەشـی دەرخستبوو کە بە مەبەستی دانانی سنوور بـۆ کۆمەڵکوژییـەکانی تورکیـا هاتۆتـە ئەورووپا[2]. لە ٢٥ی مانگیش، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، پارێزەری ئوێج ئـالان (لویجی ساراسینی) ڕایگەیاند: ئوێج ئالان داوای لە ئەورووپا کردووە کـە پـشتیوانی لە پێشنیازی ئاشتی لەگەڵ تورکیادا بکات کە بریتیین لە:

١- وەستاندنی هەموو هەڵمەتە سەربازییەکان دژ بە گوندە کوردییەکان.

٢- گەڕاندنەوەی پەنابەران بۆ گوندەکانیان.

٣- هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پاسەوانانی گوند.

٤- بەخشینی مافی ئۆتۆنۆمی بە ناوچە کوردییەکان، بەبێ دەسـتکاریکردنی یەکێتیی دەوڵەتی تورکیا و پاراستنی خاکەکەی.

---

[1] يوسف ابراهيم الجهماني، اوج آلان ، ص٨٤.

[2] ڕۆژنامەی (وڵات)،ژ. (تایبەت)، ٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٩٨.

٥- دانبنان به مافی کوردەکان له هەموو ئازادییه دیموکراتییەکان.
٦-دانبنان به پێناسه و زمان و ڕۆشنبیریی کوردی و چەندایەتی و ئازادیی ئایینی.

جگەلەوە، ئۆیج ئالان داوای هێنانەدیی ئەو ئامانجانەی لە ڕێگەی گفتوگۆی سیاسی به سەرپەرشتیی چاودێرانی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەوروپا کرد[1].

دوای ئەم هەوڵانەی ئۆیج ئالان، هەریەك لە گێرهارد شرۆیدەری ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و ماسیۆ دالیمای سەرۆکوەزیری ئیتاڵیا لە ٢٧ی مانگ کۆبوونەوە و پێشنیازی بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتییان بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە تورکیا و دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ دادگاییکردنی ئۆیج ئالان کرد، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە ڕەت کرایەوە[2]. لەم بارەیەشەوە، سلیمان دێمیرێلی سەرۆکی تورکیا، لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵی (تەرەتە)ی تورکی، وڵاتانی ئەوروپای بە پارێزگاریکردن لە تیرۆر لەسەر حسابی وڵاتەکەی لە دۆزی ئۆیج ئالاندا تۆمەتبار کرد و ڕاشیگەیاند: بیرۆکەی دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتیی بۆ دادگاییکردنی ئۆیج ئالان، لەگەڵ قانونە نێودەوڵەتییەکاندا ناکۆکە. ئیسماعیل جەمی وەزیری دەرەوەی تورکیاش، هەموو دەستپێشخەرییەکی وڵاتانی ئەوروپای لە چارەسەرکردنی کێشەی ئۆیج ئالاندا ڕەت کردەوە و پێی وابوو گێڕانەوەی ئۆیج ئالان و دادگاییکردنی دەبێ بە هەماهەنگی لە نێوان حکومەتی تورکیا و ئیتاڵیا بێت. مەسعود یلمازی سەرۆکوەزیری تورکیاش، پێشنیازی دەستپێشخەریی ئەوروپای بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە تورکیا ڕەت کردەوە[3]. هەروەها، لە ٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٨، کاتێك پەرلەمانی ئەوروپا بڕیارێکی سەبارەت بە چارەسەرکردنی دۆزی کورد و سەقامگیرکردنی مافی مرۆڤ لە ئەوروپا خستە بەر باس و پەسەندی کرد، لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە، ڕەت کرایەوە و

---

[1] عايدة العلي سري الدين، المسألة الكردية ...، ص٢٥٠.
[2] صلاح سعدالله، المصدر السابق، ص١٢٠.
[3] بڕوانە: عايدة العلي سري الدين، المسألة الكردية ...، ص٢٣٦-٢٣٧.

ڕایانگەیاند ئەنقەرە دەستتێوەردانی لەو جۆرە پەسەند ناکات، ئەگەر وڵاتانی ئەوروپا دابەشکردنی تورکیا دەخەنە سەر مێزی گفتوگۆ، با یەکێتیی ئەوروپا هەر بۆ ئەوان بێت. بڕیارەکەش پێك هاتبوو لە:

١- ئازادکردنی پەرلەمەنتارانی پارتی (**DEP**).

٢- لە چوارچێوەیەکدا کە زیان بە یەکپارچەیی خاکی تورکیا نەگات، لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستاندا، دەست بە دانوستان بکرێت.

٣- گۆڕینی قانونی هەڵبژاردنەکانی تورکیا.

٤- هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پاسەوانانی گوند.

٥- هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی باری نائاسایی.

٦- وەڵامدانەوەی ئەو ئاگربەستەی کە لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە لە١ی ئەیلولی ١٩٩٨ ڕاگەیەنراوە.

٧- سازکردنی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد کە هەموو ئەو لایەنانەی پەیوەندییان بە دۆزی کوردەوە هەیە پێی ڕازی بن.

٨- ڕەخساندنی بوار بۆ گەلی کورد تا بتوانێ لە هەموو تورکیادا، بە زمانی زگماکیی خۆی، منداڵانی پەروەردە بکرێن[1].

ئۆیج ئالان لە هەوڵەکانیدا بە مەبەستی چارەسەرکردنی دۆزی کورد و بەدەستهێنانی مافی پەنابەریی سیاسی، بەردەوام بوو، لەم پێناوەشدا، ئامادەیی خۆی ڕاگەیاند بۆ ئامادەبوون لەبەردەم دادگایەکی نێودەوڵەتی بەو مەرجەی لەلایەن کەسانی بێلایەنەوە سەرپەرشتی بکرێت[2]. لە ١١ی کانوونی یەکەم، لە لێدوانێکیدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئامادەیی خۆی بۆ وازهێنان لە پارتی کرێکارانی کوردستان دەربڕی و ڕایگەیاند ئەگەر کێشەکە منم و گرەنتی تەواو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بدرێت، ئەوا من ئامادەم واز لە سەرکردایەتیکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان بهێنم و وەك چاودێرێك دانیشم[3]. لە ١٣ی مانگیش،

---

[1] ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٣٢٧)، ١٩ی کانونی یەکەمی ١٩٩٨.

[2] ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژ. (١٧٥٧)، ٧ی کانونی یەکەمی ١٩٩٨.

[3] ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٣٢٨)، ١٧ی کانونی یەکەمی ١٩٩٨.

له لێدوانێکیدا بۆ تەلەفزیۆنی مید تیڤی ڕایگەیاند کەوا: پیشتیوانی لە خەباتی چەکداری لەلایەن باڵی سەربازی پارتەکەی (ARGK) ناکات و بە توندیش ڕەخنەی لە شێوازی کارکردنی گرت[1].

دوای فشارەکانی حکومەتی تورکیا وەك لە ماوەکانی دواتردا زانرا، حکومەتی ئیتاڵیا بە ئۆێج ئالانی وتووە: پێویستە لە وڵاتەکەیان بڕوات. ئەوە بوو ئۆێج ئالان لە ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩، ئیتاڵیای بەجێهێشت و بە پاسپۆرتێکی قوبرسی یۆنان گەڕایەوە ڕوسیا[2]. لەگەڵ دەرچوونی ئۆێج ئالانیش لە ڕۆما، وێڕای ئەوەی حکومەتی ئیتاڵیا هەواڵی دەرچوونی لە وڵاتەکەی پشتڕاست کردەوە، لە بەرانبەردا وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیا و دەزگا ئەمنیەکانی ئەو وڵاتە ئامادە نەبوون دان بەوەدا بنێن ئۆێج ئالان ڕووی کردۆتە ڕوسیا. حکومەتی تورکیاش، لە ١٧ی مانگ، ڕەخنەی توندی لە ئیتاڵیا گرت کە بە پێی قانون نەجوڵاوەتەوە، بەوەی ڕێگەی بە ئۆێج ئالان داوە، ئیتاڵیا جێبهێڵێ، هەروەها سوربوونی وڵاتەکەشی بە ڕاوەدوونانی ئۆێج ئالان لە هەموو شوێنێك دووپات کردەوە[3]. جگە لەوە، هەر ڕۆژەی وڵاتێکیان تاوانبار دەکرد بەوەی پەنای ئۆێج ئالانیان داوە. لەوانەش وڵاتانی (لیبیا، ئەرمینیا، قەرەباغ، ڕوسیا، سودان، لوبنان، عێراق و...هتد)[4].

دەرچوونی ئۆێج ئالان لە ڕۆما و گەڕانەوەی بۆ ڕوسیا، دوای ئەو زانیارییانە هات کە دەگەیشتنە ئۆێج ئالان بەوەی دەوڵەتی ڕوسیا مۆڵەتی پێدەدات ماوەی (١-٦) مانگ لە وڵاتەکەیدا بمێنێتەوە[5]. دەرچوونیشی لە ئیتاڵیا بە وتەی (حەمەئەمین پێنجوێنی) کە خۆی ئۆێج ئالانی لە ڕۆما بینیوە، بە پێچەوانەی بۆچوونی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیران بووە کە سەردانیان کردووە و پێیان باشبوو، ئیتاڵیا بەجێ نەهێڵێ[6]. عوسمان ئۆێج ئالانیش

---

[1] صلاح سعدالله، المصدر السابق، ص١٢٠.

[2] تونجای ئۆزکان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨.

[3] ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژ. (١٧٨٥)، ١٨ی کانونی یەکەمی ١٩٩٩.

[4] ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژ. (١٧٩٤)، ٣ی شوباتی ١٩٩٩.

[5] تونجای ئۆزکان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨.

[6] چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەئەمین پێنجوێنی، سلیمانی، ٥ی کانونی دووەمی ٢٠٠٩.

دەرچوونی لە ئیتاڵیا بە هەڵەیەکی گەورەی عەبدوڵڵا ئۆیچ ئـالانی بـرای دادەنێـت، چـونکە ماوەیـەك بـەر لـە دەرچـوونی لـە ڕۆمـا، بڕیـاربوو دوو کـەس لـە دەزگـای هەواڵگریی ئـەمریکا (CIA) ببیینێـت، بەمـەش ئەگـەر ئـەو چـاوپێکەوتنە ببوایـە، نزیك بوو کە ئەو دۆزە بە ڕێگەیەکی ئاشتییانە چارەسەر کرابایە[1].

ئۆیچ ئالان، بە فڕۆکەیەکی تایبەتی کـە خۆیـان بـەکرێیان گرتبـوو، گەڕایـەوە ڕوسیا و چەند ڕۆژێك لەو وڵاتەدا مایەوە، بەڵام دواتر پێـی گـوترا: پێویـستە لێـرە دەرچـیت، ئـەگینا ڕادەسـتی سـوریات دەکەینـەوە. ئـوێچ ئـالانیش زانیـی ئەگـەر بیگەڕێننەوە سوریا، ئەوا ڕادەستی تورکیا دەکرێتەوە، بۆیە لەگـەڵ نوێنەرایـەتیی پارتی کرێکارانی کوردستان لە یۆنان قسە دەکات و ئەوە دەزانێ کە یۆنان ڕێگەی مانەوەی پێدەدات، لەو کاتەشدا دوو ئەندامی دەزگای هەواڵگریی یۆنان (EIP) لـە ٢٩ی کانوونی دووەم دێنە ڕوسیا بـۆ ئـەوەی ئـوێچ ئـالان لەگـەڵ خۆیانـدا ببـەن و دەچێتە یۆنان، بەڵام دواتر حکومەتی ئەو وڵاتە ماوەی مانەوە بە ئۆیچ ئالان نادات و داوای لێـدەکات لـە یۆنـان دەرچـێت. دوای ئـەوە هەوڵـدرا لـە ڕێـی مینیـسك (بیلاڕوسـیا)وە بـۆ هۆڵەنـدا بنێردرێـت، بـەڵام ئـەوە سـەری نـەگرت کـە بـچێ بـۆ هۆڵەندا[2].

دوای قبوڵنەکردنی ئۆیچ ئالان لەلایەن ئەو وڵاتانە و لەبەرئەوەی وڵاتـانی تـری یەکێتیی ئـەورووپا بڕیـاری ڕێگەپێنـەدانی ئـوێچ ئـالان یـان دابـوو، بـەلجیکاش لـەو بارەیــەوە فڕۆکــەی پاســەوانیی خــۆی هەڵــستاندبوو، حکومــەتی ڕوســیاش بــە سەرۆکایەتیی یڤگێنی پریماکۆڤ ڕێگەی مانەوەی بە ئۆیچ ئالان نەدەدا، ئۆیچ ئـالان بە ناچاری گەڕایەوە یۆنان. ئەگەر چی ئۆیچ ئالان بەرلەوەی بگەڕێتـەوە یۆنـان بـە نیاز بوو لە هەرێمی چیایی قەرەباغ جێگیر ببێت، بەڵام لە ئەنجامـدا سـەرینەگرتو ئـەو بڕیـارە پێکنـەهات[3]. لـە یۆنـانیش هەوڵـدرا بهێنرێتـە کوردسـتان، بـۆ ئـەو

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان ئۆیچ ئالان، کۆیە، ١ی شوباتی ٢٠٠٩.

[2] بڕوانە: تونجای ئۆزکان ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨؛ بریتا بوهلـەر، گەشـتی بـێ ئـەنجامی سەرکردەیەك، ئەمستەردام، ٢٠٠٠ (بە زمانی هۆڵەندی).

[3] تونجای ئۆزکان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨–١٦٩.

مەبەستەش عوسمان ئوێج ئالانی برای قسەی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێراندا کرد، بەڵام ڕازی نەبوون بە خاکی ئێراندا بهێنرێتە کوردستان[1].

دوای گەڕانەوەی ئوێج ئالان بۆ ئەسینای پایتەختی یۆنان، هەروەکو لە چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری (دێرشپیگڵ)ی ئەڵمانیدا (لەگەڵ یەکێك لە هاوەڵانی ئوێج ئالان بەبێ ئاشکراکردنی ناوەکەی) دەردەکەوێت، دەسەڵاتدارانی یۆنان فڕۆکەیەکی تایبەتیان خستبووە بەردەست ئوێج ئالان تاوەکو بگوازرێتەوە بۆ وڵاتی کینیا کە دوو کارمەندی ئاسایشی یۆنانیشی تێدابوو. لە ٢ی شوبات، ئوێج ئالان گەیشتە نایرۆبیی پایتەختی کینیا و لەلایەن سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانەی یۆنانییەوە پێشوازیی کرا و دواتر گوازراوەتەوە بۆ باڵیۆزخانەی یۆنان لەو وڵاتە[2].

ئوێج ئالان لەگەڵ چوار هاوەڵیدا (دووانیان کچ بوون)، بەهۆی پاسپۆرتێکی قوبرسی لەژێر ناوی (لاساروس ماوروس–**Lasaros Maoros**) چووە کینیا[3]. ناردنیشی بۆ کینیا هەروەك ڕاپۆرتێکی باوەڕپێکراو دڵنیای دەکاتەوە کە یۆنان بە هاوکاری لەگەڵ دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا (**CIA**) گەشتی (ئوێج ئالان) یان بۆ کینیا ڕێکخستووە، بە مەبەستی دەرچوونی لە ئەوروپا[4]. ئوێج ئالانیش لەو بارەیەوە دەڵێت: "ئەو هێنان و بردنەی من شتێکی لە خۆڕایی نەبوو، ناردنی من بۆ کینیا بەرنامەیەکی شاراوەی تێدابوو، یەکێتیی ئەوروپا منی وەرنەدەگرت و حکومەتی یۆنانیش لە دژی مانەوەم لە وڵاتەکەیاندا بوو، بۆیە بەناچاری ڕۆیشتن بۆ کینیام قبوڵ کرد... لە باڵیۆزخانەی یۆنان لە کینیا پێیان ڕاگەیاندم، کە پاسپۆرتی ئەفریقای باشوورت بۆ دەردەکەین، بەڵام سەرەڕای تێپەڕینی ڕۆژانێکی زۆر هیچ جۆرە پاسپۆرتێکیان بۆ نەهێنام..."[5].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان ئوێج ئالان ، کۆیە، ١ی شوباتی ٢٠٠٩.

(٢) بڕوانە: عايدة العلي سري الدين، المسألة الكردية ...، ص٢٩٦–٢٩٧.

(٣) بڕوانە: سالار باسیرە، چیرۆکی رفاندنی ئۆجەلان لە کینیاوە بۆ تورکیا، لە ئەرشیفی د.محەمەد سالار باسیرە، ل٥–٦.

(٤) بڕوانە: وليد رضوان، المصدر السابق، ص٣٣٩.

(٥) تونجای ئۆزکان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٠.

دوابەدوای چوونی ئـوێج ئـالان بـۆ كینیـا لـە (٣–٤)ی شـوبات، ئەسـینا بـە ئەنقــەرە ڕادەگەیــەنێت كــە: ئــوێج ئــالان لــە كینیایــە، (CIA) لــەو بــارەوە بەدواداچوونی پێویستی ئەنجام دا. بە پێی تونجـای ئۆزكـان، دەزگـای هـەواڵگریی ئیـسرائیل (Mosad) خـۆی تێكـەڵی ئـەم كێـشەیە نـەكردووە، تـەنیا لـەكاتی دەرچـوونی ئـوێج ئـالان لـە سـوریا، هەنـدێك زانیـاریی بـە توركیـا دابـوو[1]، بـەڵام زانیارییەكانی گۆردۆن تۆماس لە كتێبی (نهێنییەكانی مۆساد) بە پێـچەوانەوەیەوە و باس لە ڕۆڵی موساد لە چاودێریكردنی ئـوێج ئـالان لـە ڕۆمـا و شـوێنپێهەڵگرتنی دەكات، لە هـەموو وڵاتـانی حـەوزی دەریـای سـپیی ناوەڕاسـت وەكـو ئیـسپانیا و تــونس و مــەراكیش كــە ئــوێج ئــالان پــەنای بۆیــان بــردووە، بــەڵام بــەهۆی بەدەستنەهێنانی مافی پەنابـەری، ناچـاربووە، لـە وڵاتێكـەوە بـەرەو وڵاتێكـی تـر بچێت. هەروەها لە كینیاش، شوێنپێی ئوێج ئالان هەڵدەگرێ و بەهۆی ئەو گفتوگۆ بێتەلانەی لە باڵیۆزخانـەی یۆنانـەوە كـراون، لەلایـەن تیمـی تایبـەتیی موسـادەوە گوێی لێگیراوە و لەسەر ئەم زانیارییانـەش، پلانـەكانیان داڕشـتووە. هـەروەها لـە ڕێی پەیوەندیكردنی بەكرێگیراوێكیان بـە یـەكێك لـە هـاوەڵانی ئـوێج ئـالان، هـەوڵ دراوە بە ڕازیكردنی ئوێج ئالان بۆ دەرچـوونی لـە باڵیۆزخانـەی یۆنـان بـەوەی كـە مانەوەی مەترسیی لە سەر ژیانی دروست دەكات و تاكە هیوای ئەوەیە كـە بـەرەو لایەنگرانی خۆی بڕوات لە ناوچە شاخاوییەكانی باشووری كوردستان[2].

وەزارەتـی دەرەوەی یۆنـان، بـەردەوام لێپرسـراوانی هـەواڵگریی یۆنانیـان لـە نایرۆبی ئاگادار دەكردەوە كە پێویستە ئوێج ئالان كە لـە گفتوگـۆ نهێنییەكانیانـدا بە (دایە گەورە) ناویان دەبرد، پێویستە لـە باڵیۆزخانەكـەیان بـچێتە دەرەوە. بـۆ ئەو مەبەستە، گروپێكی چوار كەسی دەنێرێتە نایروبی، بۆ دەركردنـی ئـوێج ئـالان لە باڵیۆزخانە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەو چوار هاوەڵەی لەگەڵ ئـوێج ئالانـدا بـوون، بیریان لەوە كردەوە ئەگەر ئوێج ئالان بە زۆر دەربكەن لەوانەیە ڕووداوێكـی خـراپ ڕوو بدات. لـە ١٤ی شـوبات، كینییـەكان دەزانـن كـە ئـوێج ئـالان لـە باڵیۆزخانـەی

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل١٧٥.

[2] بڕوانە: گـۆردۆن تۆمـاس، نهێنییـەكانی مۆسـاد، و. شـەفیقی حـاجی خـدر، چ١، چـاپخانەی هیڤی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٣٩٠–٣٩٤.

یۆنانە، بە هەڕەشە لێکردنەوە، داوایان لێکردبوون ئۆیج ئالان دەبێت تاوەکو پاش نیوەڕۆی ئەوڕۆژە خاکی کینیا بەجێبهێڵێت و بۆ ئەو مەبەستەش ئامادەن فڕۆکە بۆ ئۆیج ئالان تەرخان بکەن بۆ ئەوەی بڕوات بۆ ئەو وڵاتەی کە خۆی دەیەوێت. باڵیۆزی یۆنان ئەمە بە ئۆیج ئالان دەڵێت، بەڵام ئۆیج ئالان ڕۆیشتنی ڕەت کردەوە. لەو کاتەشدا وەزیری دەرەوەی کینیا داوای چاوپێکەوتن لەگەڵ باڵیۆزی یونان دەکات و دوای چاوپێکەوتنی نێوانیان لە ١٥ی شوبات، باڵیۆزی یۆنان بە ئۆیج ئالان و هاوڕێکانی دەڵێت: مانەوەیان مەترسییە بۆ سەریان. دوای ئەوە ئۆیج ئالان بڕیاریدا بچێتە بەردەم دادگای لاهای کەچی نزیکەی (١٥) کەس لە هێزەکانی ئاسایشی کینیا، دوای نیو سەعات گەیشتنە بەردەم بیناکە و گەمارۆیاندا. لەو کاتەشدا، وەزیری دەرەوەی یۆنان (تیۆدۆرۆس بانگالۆس) پەیوەندیی بە ئۆیج ئالانەوە کرد و پێی دەڵێت: وا باشترە بڕۆی بۆ ئەوروپا و پێویستە واش بکەی. دوای گفتوگۆیەکی زۆری نێوانیان، ئۆیج ئالان ئارەزووی دەربڕی کە بچێتە هۆڵەندا، بۆ ئەو مەبەستە، لەگەڵ هاوڕێکانی و باڵیۆزی یۆنان و سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی کینیا، پاش نیوەڕۆی ١٥ی شوباتی ١٩٩٩، بینای باڵیۆزخانەی یۆنانیان بە جێهێشت. بڕیار بوو ئۆیج ئالان و باڵیۆزی یۆنان بچنە ناو یەك ئۆتۆمۆبیل، بەڵام دواتر لەلایەن پۆلیسی کینیاوە ئۆیج ئالان ناچارکرا بە تەنیا سواری یەکێك لەو پێنج ئۆتۆمۆبیلە جێپانە بێت کە لەدەرەوە چاوەڕێیان دەکرد، بە مەبەستی گواستنەوەی بۆ فڕۆکەخانە، پاش چەند خولەکێك، ئۆتۆمۆبیلەکەی ئۆیج ئالان زۆر بە خێرایی لە کاروانەکە جیابۆوە و باڵیۆز و هاوەڵەکانی ئۆیج ئالانیش بێهودە لە فڕۆکەخانە چاوەڕێی ئۆیج ئالانیان کرد و لێی گەڕان[1]. دواتر کینییەکان ئۆیج ئالان بەرەو فڕۆکەی تیمی تایبەتیی (میت) دەبەن کە پێشتر بە شێوەیەکی نهێنی لە ١٠ی شوبات لە ئەنتالیاوە بە ڕێگای میسر چوونە وڵاتی ئۆگەندا و تا ڕۆژی پێشتر لەو وڵاتە مابوونەوە. ئەوانیش ئۆیج ئالان دەگرن و دەستیان گرێ داو چاوی داپۆشرا و لەلایەن دکتۆرێکەوە بێ هۆش کرا[2].

---

[1] سالار باسیرە، سەرچاوەی پێشوو، ل٦؛ عايدة العلي سري الدين، المسألة الكردية ...، ص٢٩٧" عەبدوڵڵا ئۆج ئالان، لە دەوڵەتی...، ل٢٩١.

[2] بڕوانە: تونجای ئۆزکان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٦-١٧٧.

له ١٦ی شوبات، ئوێج ئالان دەگەێنرێتەوە تورکیا و کاتێکیش لەناو فڕۆکەکە پێی دەلێت "بەخێربێی بۆ تورکیا". ئوێج ئالان لە وەلامدا دەلێت: "سوپاس، بەڕاستی من تورکیا و گەلی تورکم خۆش دەوێت"[1]. هەروەها کاتێك بەرپرسیاری (میت) پێی دەلێ: "ئاسودە بە"، ئوێج ئالان لە وەلامدا دەلێت: " من حەز لە ولاتی خۆم دەکەم. دایکیشم تورك بوو، ئەگەر خزمەتێك پێویست بێت ئەوا [ئەنجامی دەدەم]"[2]. ئەو وتانەشی زۆر نزیکە لەو بۆچوونەی کە لە بێئاگایی خۆیەوە وتبێتی (گوایە بەهۆی کاریگەری ئەو دەرزییەی کە پێی بێ هۆشکراوە). هەروەها وەك ئوێج ئالان دەیگێڕێتەوە: لەناو فڕۆکەکەدا، ئەندامانی تیمی تایبەتیی (میت) لەش و چاویان بەستووە و پێی وایە فڕۆکەکە دوو جار نیشتۆتەوە، شوێنێکیان لە میسر و، ئەوی دیکەشیان ئیسرائیل یان قوبرس بووە[5]. بولەنت ئەجەویدی سەرۆکوەزیرانی تورکیاش لە ١٦ شوبات، باسی گیرانی ئوێج ئالانی کرد و ڕایگەیاند، کە: لەلایەن عەدالەتی تورکەوە دادگایی دەکرێت و پێویستە چەکدارەکانیشی بەبێ مەرج خۆیان ڕادەست بکەنەوە[3]. دوای دەستگیرکردنیشی، لە دورگەی (ئیمرالی) لە دەریای مەڕمەڕە، دانرا[4].

له ١٦ی شوبات، ناوەندی زانیاریی کوردستانی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان، ڕایگەیاند: لیژنەی ناوەندیی پەکەکە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و تورکیای تاوانبار کردووە بەوەی لە دوای جولانەوەی ئەو دەزگا نهێنییانەوە بوون کە بوونە هۆی فڕاندنی ئوێج ئالان. نیزامەدین تاش، بەرپرسی بالی سەربازی (ARGK)ش ڕایگەیاند: هەردوو حکومەتی کینیا و یۆنان، بەرپرسیارییەتیی ئەو پیلانە لە ئەستۆ دەگرن، هەروەها داوای دلنیایی بۆ پاراستنی ژیانی ئوێج ئالان کردەوە کە ژیانی لە مەترسییەکی گەورە دایە[5].

---

[1] ريناس جانو، المصدر السابق، ص٢٩١.

[2] بڕوانە: تونجای ئۆزکان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧-١٧٨.

[3] عەبدوللا ئۆج ئالان، لە دەولەتی...، ل٢٩٢.

[4] بڕوانە: تونجای ئۆزکان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧-١٧٨.

[5] وليد رضوان، المصدر السابق، ص٣٣٩.

[6] بڕوانە: عايدة العلي سري الدين، المسألة الكردية ...، ص٣٠٤.

ئۆێج ئالانیش لە ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩، لە سەر ئەم بابەتە، لە ڕێگەی پاریزەرەکانیەوە ڕوونکردنەوەیەکی داو وتی: "ئۆپەراسیۆنی دەستگیرکردنی من لەلایەن (CIA)وە بەڕێوەبراوە و حکومەتەکانی ئیسرائیل–ئەمریکا–یۆنان و کینیاش یارمەتییان داون، ئێمە فریومان خوارد، وامانزانی حکومەتی یۆنانستان دۆستی ئێمەیە چونکە لە قۆناغەکانی ڕابوردوودا پشتیوانیی لێدەکردین، ئەمەش وای لە ئێمە کرد، کە بکەوینە ناو کەمتەرخەمییەوە"[1].

جەمیل بایکیش، دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆێج ئالان، بە پیلانگێڕییەکی نێودەوڵەتی لەقەڵەم دەدا و جگە لەو وڵاتانە، چەند وڵاتێکی تریشی تاوانبار کرد کە ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە، وەکو ئینگلتەرا، چونکە پێی وایە بیرۆکەی ئەو پیلانگێڕییەی پێشخستووە و لەسەر ئەو بیرۆکەیەش پیلان بۆ گرتنی ئۆێج ئالان داڕێژراوە. هەروەها پێی وایە: میسریش، ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە بەوەی وڵاتانی عەرەبی لەکاتی تەنگژەکەدا هانداوە کە لەگەڵ سوریا نەبن. سەبارەت بە ئەڵمانیاش، پێیان وابوو، کاتێك کە ئۆێج ئالان چووە ڕۆما، پێشتر ئەڵمانیا بڕیاری دەستگیرکردنی دابوو، ئەگەر لە بڕیارەکەی پاشگەز نەبووبایەوە، بەهۆی ئەوەی لە ئەڵمانیا مەترسیی گرتنی لەسەر بوو، ئەگەری پێدانی مافی پەنابەری سیاسی بە ئۆێج ئالان لە ئیتاڵیا زیاتر دەبوو. کاتێکیش ماسیۆ دالیمای سەرۆکوەزیری ئیتاڵیا خواستی بەیەکەوە لەگەڵ ئەڵمانیا دۆزی کورد بکەنە کێشەی یەکێتیی ئەوروپا، ئەڵمانیا ئامادە نەبوو. هەروەها پێی وایە: هەردوو پارتە سەرەکییەکەی باشووری کوردستانیش لەدوای مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن[2] کە لە ساڵی

---

[1] تونجای ئۆزکان ، سەرچاوەی پێشوو،ل١٧٤.

[2] ڕێککەوتننامەی واشنتۆن، لە ١٧ی ئەیلولی ١٩٩٨، لە نێوان جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی لە واشنتۆن، بە ئامادەبوونی (مادلین ئۆڵبرایت)ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، مۆرکردنی ڕاگەیەنرا. لە دەقی ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە: هەردوو پارتەکە بۆ ڕێگەگرتن لە پێشێلکردنی سنورەکانی تورکیا و ئێران، هاوکاری یەکتر دەکەن و ڕێ لە جموجۆڵی تیرۆریستان (واتە پەکەکە) لە سنور دەگرن. هەروەها، هەردوو پارت هیچ پەناگەیەك نادەن بە پارتی کرێکارانی کوردستان، لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و نەبوونی هیچ بنکەیەکی پەکەکە لە ناوچەکەدا مسۆگەر دەکەن و ڕێگە دەگرن لەوەی پەکەکە ئاشتی

١٩٩٨ له نێوان (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) به سەرپەرشتیی ئەمریكا مۆركرا، ڕۆڵیان لەو پیلانگێڕییەدا بینیوە[1].

دوابەدوای فڕاندنی ئۆجەلان، كوردەكان دەستیان بە خۆپیشاندانی ناڕەزایی كرد و لە بیست وڵاتی ئەوروپا، خۆپیشاندانیان سازدا و دەست بەسەر چەند ناوەندێكی دیبلۆماسیدا گیرا و سێ كوردیش بە گوللەی گاردی باڵوێزخانەی ئیسرائیلی لە بەرلین كوژران[2]. تەنها یۆنان پێنج باڵوێزخانەی پەلامار درا و دەستی بە سەردا گیرا. بەمەش سەرۆكوەزیری یۆنان هێرشی كردە سەر لایەنگرانی پارتی كرێكارانی كوردستان و وتی: ئەگەر واز لەو كارانە نەهێنن ئەوا بە شێوەیەكی كرداری دژی ئەم پارتە دەكەونە كار[3]. هەروەها خۆپیشاندانی ناڕەزایی كوردەكان و داواكاریی ئازادكردنی ئۆجەلان، وڵاتانی لیبیا و باكووری كوردستان و ئەستەنبوڵ و شارە گەورەكانی توركیا و ئێران و باشووری كوردستان و كەرتی ڕۆژئاوای فەلەستینیشی گرتەوە[4].

دادگای ئاسایشی توركیا، ٣١ی ئایاری ١٩٩٩ی بۆ دادگاییكردنی ئۆجەلان دیاریی كرد، بە تۆمەتی سەرۆكایەتیكردنی ڕێكخراوێكی "یاخیبووی جوداخواز"، دژ بە دەوڵەتی توركیا كە بۆتە هۆی لەناوچوونی زیاتر لە ٣٠ هەزار كەس و كەوتنەوەی زیانی ماددی بە بڕی ٣٠ ملیار دۆلار، لە (١٥ی ئابی ١٩٨٤)ەوە[5]. كاتێكیش دادگایی كرا بە لە سێدارەدان حكوم درا، بەڵام دواتر، بەهۆی فشاری نێودەوڵەتی و یەكێتیی ئەوروپاوە، سزاكەی بۆ زیندانیی هەتا هەتایی لەسەر سوك كرا[6].

---

تێكبدات و تەگەرەی بخاتەبەر، یان سنوری توركیا پێشێل بكات. بڕوانە: هێرش عەبدوڵڵا حەمەكەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٢، ٢١٠.

[1] بڕوانە: حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣٧–٥٣٨.

[2] دیڤید مەكداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣٧–٧٣٨.

[3] تونجای ئۆزكان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٢.

[4] بڕوانە: عایدة العلي سري الدین، المسألة الكردیة ...، ص٣٠٨–٣١٨.

[5] ولید رضوان، المصدر االسابق، ص٣٤٢.

[6] ریناس جانو، المصدر السابق، ص٢٩١.

دوابـەدوای دادگـاییکردن و سـزای لـە سـێدارەدانی، ئـوێج ئـالان لـەو ڕۆژەدا ئامـاژەی بـەوەدا کـە: لەوانەیـە وەسـتانی کـردەوە چـەکدارییەکان ببێتـە هـۆی جێبەجێنەکردنی سزای لەسێدارەدانەکەی. لـە پێـشکەوتنێکی سەرنجڕاکێـشدا، لـە ڕاگەیاندنێکدا کە پارێزەرەکانی ئوێج ئالان لـە ٣ی ئـابی ١٩٩٩، بڵاویـان کـردەوە، ئوێج ئالان داوای لە ئەندامانی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان کـرد: واز لـە خـەباتی چەکداری بهێنن و هێزە چەکدارەکان بۆ دەرەوەی سنوری تورکیا لە (١ی ئـەیلولی ١٩٩٩)دا بکێشنەوە و پێی وابوو: ئەم جوڵانەوەیە دەبێتە هۆی بەرپابوونی ئاشتی لە تورکیا. هەروەها داوای لێ کردن کە چەك فڕێ بدەن و واز لـە بـە ئامـانجگرتنی دامودەزگا و بەرژەوەندییەکانی تورکیا بێنن. ئەمەش، یەکەم جار بوو ئـوێج ئـالان داوایەکی لەم جۆرە بکات، لەکاتی دەستگیرکردنیەوە. بـە دوای ئـەو ڕاگەیاندنـەی ئـوێج ئالانیـشدا وەك شـتێکی چـاوەڕواننەکراو، سـەرکردایەتیی پـارتی کرێکـارانی کوردستان، لەو ڕاگەیاندنەی لە٥ی ئابی هـەمان سـاڵدا دەری کـرد، ڕایگەیانـد کـە: پشتگیری تـەواوی "ڕاگەیاندنـە مێژووییەکـەی" ئـوێج ئـالان دەکـات و جەختیـشی کردەوە کـە هەوڵـەکانی لەسـەر ئـەم بنـچینەیە بـەردەوام دەبـن. ڕۆژی دواتـریش، (**ARGK**)، ڕاگەیاندنێکی دەرکرد و ئاماژەی بەوەدا کە بانگەوازەکەی ئوێج ئـالان وەك فەرمانێك دایدەنێت و جەختیشی کردەوە ئەو کشانەوەیەی، کـە ئـوێج ئـالان داوای دەکات، لە سەرەتای مانگی ئەیلول دەست پێ دەکات و جێبـەجێ دەکـرێ. لەبەرانبـەردا، بوڵـەنت ئەجەویـدی سـەرۆکوەزیرانی تورکیـا، پێـشنیازەکەی ئـوێج ئالانی ڕەت کردەوە و زۆر دەزگای ئاگاداری تورکیاش گومانیان لە گوێڕایـەڵبوونی پارتی کرێکـارانی کوردسـتان بـۆ ئـوێج ئـالان و لـە نیـەتی ئـوێج ئـالانیش هـەبوو. ئاماژەیان بۆ ئەوە کـرد: بانگەوازەکـەی ئـوێج ئـالان جـەخت لەسـەر گرنگیپێـدانی ژیانی خۆی دەکاتەوە نەك کۆتاییهاتنی شەڕ و وەستانی خوێن ڕژان[1].

دوای بانگەوازەکەی ئوێج ئالان، پارتی کرێکـارانی کوردسـتان، هێزەکـانی بـۆ باشووری کوردستان کـشاندەوە و هـەر لەسـەر داوای ئـوێج ئـالانیش، دوو گروپـی ئاشتی، لە ئەوروپا و لەناو چەکدارەکانەوە بۆ تورکیا نێـردران، کـە هـەڵگری نامـە

---

[1] بروانه: حامد محمود عيسى، المصدر السابق، ص٣٣٧.

بوون بۆ سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیران و سـەرۆکی ئـەرکانی سـوپا و پـەرلـەمان و حکومەتی تورکیا، بە مەبەستی هێنانەدیی چارەسەری سیاسی، بەڵام ئەو نامانـە، هــیچ وەڵامێکیــان نەدرایــەوە و حکومــەتی تورکیــاش هــەردوو گروپەکــەی دەستگیرکردن و زیندانیی کردن[1].

بەم شێوەیە، پارتی کرێکارانی کوردسـتان، بـە شـێوەیەکی چـاوەڕواننەکراو، گۆڕانکارییەکی گەورەی لە سـتراتیژییەتی خۆیـدا کـرد، ئامـادە بـوو ڕێنماییـەکانی ئوێج ئالان، کە لە ئیمراڵییەوە لە ڕێـی پارێزەرەکانییـەوە پـەخش دەکـران، بـەبێ هیچ دوودڵییەك، جێبەجێ بکات. پرۆسەی کشانەوەی هێزەکانیشان بـۆ باشـووری کوردسـتان، هــیچ دەرەنجـامێکی ئــەرێنی لــەپێناو ئــازادکردنی ســەرۆکەکەیان لێنەکەوتـەوە. بەمـەش، چـەکدارەکانی ڕەوانـەی بـاکووری کوردسـتان کـردەوە و شـەڕی چـەکداریی دژ بـە هێزەکـانی تورکیـا دەسـت پـێ کـردەوە، (کـە تـاوەکو ئەمڕۆش) درێژەی هەیە.

---

[1] حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ٥٧٤، ٧٢١.

## ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، دەگەینە ئەو دەرەنجامانە:

١- دۆزی کورد لە تورکیادا، ڕەگوڕیشەیەکی قووڵی مێژوویی هەیە و بە درێژایی تەمەنی کۆماری تورکیا، ئەو دۆزە بەردەوامە.

٢- پەرەسەندنی دۆزی کورد، داننەنانە بە مافەکانیدا و نکۆڵیکردنی بوونیەتی لە تورکیا و هەوڵە بەردەوامەکانی دەسەڵاتدارانی تورکە بۆ سڕینەوەی ناسنامە و کولتوری نەتەوەیی و پەراوێزخستن و جێگیرنەکردنی مافەکانی کورد لە دەستوری ئەو وڵاتەدا.

٣- لە کۆماری تورکیادا، دامەزراندنی هەر پارت و ڕێکخراوێکی کوردی، ڕێپێنەدراو بووە، بەو پێیەش پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان، بە شێوەیەکی نهێنی، بۆ بەدیهێنانی مافەکانی کورد لە تورکیادا خەباتی سیاسییان دەست پێ کردوە، ئەوپارتانەی ڕێگاشیان پێدراوە بە ناوی کوردییەوە نەبوون و هەمیشە بە تۆمەتی لایەنگیریکردن و باڵیی سیاسی پارتی کرێکارانی کوردستان و هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی تورکیا، لەلایەن حکومەتی تورکیاوە، تۆمەتبار کراون و هەڵوەشێنراونەتەوە.

٤- کودەتایی سەربازی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠، بارێکی پڕ لە ترس و چەوسانەوەی دژ بە گەلی کورد، هێنایە کایەوە و کودەتاچییەکان هەموو جۆرە خەباتێکی سیاسی و ڕۆشنبیریی نهێنیی ئەو کاتەی کوردیان سەرکوت کرد.

٥- دوای کودەتا، سەرجەم پارت و ڕێکخستنە کوردییەکان، لە باکووری کوردستاندا، چوونەدەر و لەوڵاتانی ئەورووپاوە درێژەیان بە خەباتی سیاسییان دا، تەنها پارتی کرێکارانی کوردستان نەبێ کە لە سوریا و لوبنانەوە گەڕایەوە باکووری کوردستان و دەستی بە شەڕی چەکداری کرد، دواتریش بووە کاریگەرترین هێزی کوردی لە بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی دەوڵەتی تورکیا و تاوەکو ئەمڕۆش لەم شێوازی خەباتەی بەردەوامە.

٦- دەسەڵاتدارانی تورکیا (جگە لە تورگوت ئوێزال)، هیچ کات، هەنگاوی ڕاستەقینەیان بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد نەناوە و بەڵێنەکانیان بۆ مەبەستی سیاسی و زیادکردنی نفوز و ڕاکێشانی دەنگی کورد بووە، بەلای خۆیاندا.
٧- چارەسەرنەکردنی دۆزی کورد، بۆتە مایەی پشێوی و نائارامیی ناو دەوڵەتی تورکیا، بە تایبەت ناوچە کوردنشینەکان. بەردەوامیی کردەوە چەکدارییەکانیش، هەزران قوربانیی لە نێوان هەردوولادا لێکەوتۆتەوە و بۆتە هۆی خاپووورکردنی هەزاران گوندی کوردی و زیانێکی زۆری ماددیشی بە ژێرخانی ئابووریی ئەو وڵاتەو ناوچە کوردنشینەکان گەیاندووە.
٨- لە ئەنجامی ئەو زیانە زۆرەی کە لە شەڕەکاندا کەوتنەوە و دوای ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە جەنگی کەنداوی دووەم هاتنە ئاراوە، بیرکردنەوە و گەڕان بە دوای چارەسەریدا (لە سەردەمی تورگوت ئوێزالەوە، وەك سیاسییەکی پراگماتیك) دەستی پێ کرد.
٩- هەوڵەکانی ئوێزال، لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە شکستیان پێ هێنرا و حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی تورکیا، تەنها بیریان لە شێوازی سەربازی بۆ کۆتاییهێنانی دۆزی کورد دەکردەوە.
١٠- حکومەتەکانی تورکیا، پارتی کرێکارانیان بە پاڵپشتی دەرەکی و پارتێکی تیرۆریستی تۆمەتبار کردووە و هەمیشە جەختیان لەوە کردۆتەوە کە لەگەڵ پارتێکی تیرۆریستیدا گفتوگۆ ناکەن.
١١- هەرچەندە دوای دەستکردن بە خەباتی چەکداری، کەسانی سڤیل بوونەتە قوربانیی کردەوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، بەلام لە سەرەتای نەوەدەکاندا، ئەم پارتە، بڕیاری ڕاگرتنی هێرشەکانی بۆ سەر کەسانی سیڤیل دا و لەمەبەدوا، دامو دەزگا ئابووریو سەربازییەکانی حکومەتی تورکیا و لایەنگرانی حکومەتی کردە ئامانجی هێرشە چەکدارییەکانی.
١٢- گرتنی عەبدوڵڵا ئوێج ئالان، وەکو دەرفەتێکی گەورە (بۆ لە نێوبردنی پارتی کرێکارانی کوردستان) بینرا، بەلام ئەوە سەری نەگرت و ئێستا بیر لە چارەسەریی سیاسی دۆزی کورد دەکرێتەوە.

## سەرچاوەکان


**یەکەم/ بڵاوکراوە حکومی و ڕێکخراوەیی و حیزبییەکان:**

**أ- بە زمانی کوردی:**

١- پارتی ئازادی کوردستان، پرۆگرام، بەیانی دامەزراندن: پەسەندکراوی کۆنفرانسی دامەزراندنی پارتی ئازادی کوردستان، ب.ش. ئاداری ١٩٩١.

٢- پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ك.ك) و ڕۆڵی لە بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی کوردستاندا، چ١، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لێکۆڵینەوەی ژمارە (١٠)،ب.ش، ٢٠٠٦.

٣- لێکۆڵینەوەیەك لەسەر بارودۆخی کورد لە تورکیا، لەئەرشیفی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، کەرکوك،ب.س.

٤- نەسیمەکانی مەرگ، ڕاپۆرتی سەردانی تیمی تەندروستی بۆ کوردستانی تورکیا لە لایەن پزیشکی هەناوییەکان بۆ مافی مرۆڤ، چ١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨.

٥- ڕێکخراوی گەلانی هەڕەشەلێکراو،

**Human Rights work of the Society for Threatened Peoples for the Kurds 1970-2004,Translater for Kurdish Sorani (Kurdish intellectuals from Berlin), September 2004.**

**ب/ بە زمانی عەرەبی:**

٦- تقرير مركز دراسات الشرق الأوسط، مستقبل القضية الكردية في الشرق الأوسط، الأردن-عمان، اكتوبر٢٠٠٠.

٧- **PKK-PAK**: يا ابناء الشعب الكر دستاني، ١٩٩١/١٠/٢٢، مجلة (دنگى كردستان)، عدد خاص، اذار ١٩٩١.

٨- حـزب الحريـة الكردسـتاني ضـرورة موضـوعية تاريخيـة، مجلـة (دنگـى كردستان)، عدد خاص، اذار ١٩٩١.
٩- دول عمليـات ARGK خـلال عـام ١٥آب ١٩٩٠-١٥آب ١٩٩١، مجلـة (دنگـى كردستان)، عدد خاص، اذار ١٩٩١.
١٠- قـضية التحـرر الـوطني الكردسـتاني وطريـق الحـل، مـشروع برنـامج جبهـة التحرير الوطنية الكردستانية، من منشورات حزب العمال الكردستاني، د.م، د.س.
١١- الجمهورية العراقية، مديرية الأمن العامة مركز التطـوير الأمـني)، الجمهوريـة التركية، الجارة الشمالية، د.م، د.س.
١٢- نشرة تاريخية عن الاحزاب الكردية في الكردستان الشمالية: اصـدرها مكتـب علاقات الفرع الاول للحزب الديمقراطي الكوردستاني، مايس ١٩٩٦.

**دووەم/ بیرەوەری و یاداشت:**

١٣- مـەحمود سـەنگاوی، بیرەوەرییـەکانی سـەنگاوی، چ٢، دەزگـای چـاپ و پەخشی حەمدی، سلیمانی، ٢٠٠٥.

**سێیەم/ دیمانەکان:**

١٤- یەشار کایا، هەولێر، ١١ی شوباتی٢٠٠٨.
١٥- مستەفا ئەکسەل، هەولێر، ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٨.
١٦- چاوپێکەوتنی (ماجد خەلیل فـەتاح) لەگـەڵ خەدیجـە یەشـار، سـلیمانی، ١١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٨.
١٧- حەمەئەمین پێنجوێنی، سلیمانی، ٥ی کانونی دووەمی ٢٠٠٩
١٨- عوسمان ئۆیێج ئالان، کۆیە، ١ی شوباتی ٢٠٠٩.
١٩- عەبدوڕەحمان چیایی، هەولێر، ٧ی ئابی ٢٠٠٩.

**چوارەم/ سەرچاوەی زانکۆیی**

**أ/ تێزی دکتۆرا**

٢٠- رعد عبدالجليل علي، الاسلام السياسي، ازمات التنمية والتحديث في اقطار الشرق الاوسط مع التركيز على تركيا وايران، اطروحة دكتورا (غير منشورة)، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ١٩٩٥.

٢١- وصال نجيب عارف العزاوي، القضية الكردية في تركيا، دراسة في التطور السياسي للقضية الكردية منذ بدايتها وحتى عام/ ١٩٩٣، اطروحة دكتورا (غير منشورة)، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ١٩٩٤.

**ب/ نامەی ماستەر**

٢٢- وصال نجيب عارف العزاوي، المؤسسة العسكرية التركية (دراسة في الدور السياسى ١٩٦٠-١٩٨٠)، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ١٩٨٨.

**پێنجەم/ کتێب**

**أ/ بە زمانی کوردی:**

٢٣- ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا، ڕاپەڕینی ئاداری (١٩٩١) لە باشووری کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلیمانی، ٢٠٠٩.

٢٤- ئیحسان نوری بیتلیسی، شۆڕشی نەتەوەیی کورد لە تورکیا، هۆی بایەخی سوپایی-چۆنیەتی لەشکرکێشی و بەڕێوەبردنی، و. م.جەمیل ڕۆژبەیانی، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، زنجیرەی ژمارە (٢٩٢)، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٩٣.

٢٥- ئیحسان نوری پاشا، ڕاپەڕینی ئاگری، و. ئەرسەلان بایز، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ب.ش، ١٩٩٥.

٢٦- ئیسماعیل بێشکچی، سیوسێ گوللە، و. ئاسۆس هەردی، چاپخانەی ئۆفسێتی دەزگای سەردەم، ب.ش، ١٩٩٩.

٢٧- بلەچ شێرکۆ، کێشەی کورد،مێژینەو ئێستای کورد، و. محەمەد حمە باقی، چ٣، ب.ش، ١٩٩٢.
٢٨- د. جاسم تۆفیق خۆشناو، مەسەلی کورد و یاسای نێودەوڵەتان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٢٩- جۆناتان-سی راندالْ، کوردستان یان کلۆلْی نەتەوەیەك، دوای ئەو هەموو زانیارییە لێبوردنی چی، و. د.خەسرەو شالْی، چاپخانەی بەرهەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلیمانی، ٢٠٠٣.
٣٠- د.جەبار قادر، چەند بابەتێکی مێژووی کورد، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.
٣١- جەلادەت عالی بەدرخان، لەبارەی کێشەی کوردەوە، سەبارەت بە یاسای دوورخستنەوە و بڵاوەپێکردنی کوردان، و. زریان ڕۆژهەڵاتی،چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٣٢- حەسەن ئەحمەد مستەفا، باکوری کوردستان لە گرەوە سیاسییەکاندا، ئامادەکردنی قەندیل محەمەد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ب.ش، ٢٠٠٠.
٣٣- حەسەن جودی، مێژوویێك لە ئاگر، نهێنی خۆڕاگری بزووتنەوەی ئاپۆچی، دیمانەیەك لەگەڵ (جەمیل بایك)دا، چ١،لە بڵاوکراوەکانی ڕاگەیاندنی (پ.چ.د.ك)، ب.س.
٣٤- حەمید بۆزئەرسلان، مێژووی تورکیای هاوچەرخ، و. نەجاتی عەبدوڵڵا، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.
٣٥- دڵشاد مەجید، تورکیا لە دووریانی دەسەڵاتی ژەنراڵەکان و دەسەڵاتی سیاسییەکاندا، چاپخانەی ڕەنگاڵە، هەولێر، ١٩٩٥.
٣٦- دیڤید مەکداولْ، مێژووی هاوچەرخی کورد، و. ئەبوبەکر خۆشناو، چ.دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

٣٧– رۆبرت ئۆڵسن، مەسـەلەی کـورد و پەیوەندییـەکانی ئێـران و تورکیـا، و. ڕێبوار کـەرم وەلی، چ١، بەڕێوەبەرایـەتی چـاپخانەی ڕۆشـنبیری، هـەولێر، ٢٠٠٢.
٣٨– رۆبەرت ئۆڵسن، راپەڕینی شێخ سەعیدی پـیران، و. ئەبوبـەکر خۆشـناو، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.
٣٩– رۆنیـە لۆمبـۆرن، کـورد گـەلێکی بـێ وڵات، و: ئەمجـەد شـاکەلی، سـوید، ١٩٩٤.
٤٠– رۆهـات ئـالاکۆم، خۆییـون و شۆڕشـی ئـاگری، و. شـوکور مـستەفا، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس، هەولێر، ٢٠٠٠.
٤١– سامی شۆڕش، تورکیـا و ئـەورووپا، کـورد لـەو بازنەیـەدا، چ١، چـاپخانەی خانی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٧.
٤٢– سەعدی عوسمان، بزاڤی رزگاریخوازی کوردی، چ١، چاپخانەی وەزارەتـی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.
٤٣– پرۆفیسۆر ش.خ.مەوگوی و ئەوانی تر، کوردستانی هاوچەرخ، و. گوشـاد حەمە سەعید، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.
٤٤– د. عبدالرحمان قاسملو، کوردسـتان و کـورد، لێکۆڵینەیـەکی سیاسـیی و ئابووری، و. عبدالله حسن زادە، ب. ش، ١٩٧٣.
٤٥– د.عبـدالرحمن قـاسملو و عبـدالله حـسن زادە، کورتـە مێـژووی حیزبـی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمـسیۆنی چـاپەمەنی حیزبـی دێمـوکراتی کوردستانی ئێران، ب.ش، ٢٠٠٢.
٤٦– عەبـدوڵڵا ئـۆج ئـالان، بـەرگریکردن لەگـەلێك، و. لوقمـان عەبـدوڵڵا، چ١، چـاپخانەی رەنـج، لـەبڵاوکراوەکانی مەکتــەبی ڕاگەیانـدنی (پ.چ.د.ك)، ب.ش، ب.س.
٤٧– عەبدوڵڵا ئۆج ئالان، لە دەوڵەتی راهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانییەتی دیموکراسییانە، و. لوقمان عەبدوڵڵا، بەرگی دووەم، چاپخانەی ئازادی، لـە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕاگەیاندنی (پ.چ.د.ك)، ب.ش، ب.س.

٤٨– عەبدوڵڵا ئۆجەلان، هەڵبژاردە (دەربارەی بەرگریکردن لە نیشتیمان و قۆناغی نوێی بزاڤی بەرخودانمان)، و. بروسك، لە بڵاوکراوەکانی (**PKK**)، هەولێر، ١٩٩٣.

٤٩– د.عەزیز شەمزینی، جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانی کوردستان، و. فەرید ئەسەسەرد، چ٤، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٥٠– عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێڕاق لە ساڵەکانی جەنگی عێڕاق ئێراندا (١٩٨٠–١٩٨٨)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨.

٥١– عومەر نورەدینی، سیستەمی نوێی جیهان و دۆزی کورد، کوردستانی عێڕاق وەك نموونە، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری و سیاسییە، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٣.

٥٢– فاتح رەسول، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چ٢، چاپخانەی چوار چرا، سلیمانی، ٢٠٠٥.

٥٣–فەرۆز ئەحمەد و ئەوانی تر، تورکیا نەبەرد لە پێناوی مانەوەدا، و. خالد بەکر مەحمود و ئەوانی تر، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٥٤– کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین (کامەران مەنتك)، کوردستان لە نێوان ململانێی نێودەوڵەتیی و ناوچەییدا (١٨٩٠ – ١٩٣٢)، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٥٥– کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و هیوای سەربەخۆیی، و. ئەکرەمی میهرداد، ب. یەکەم، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلیمانی، ٢٠٠٢.

٥٦– کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و هیوای سەربەخۆیی، و. ئەکرەمی میهرداد، بەرگی دووەم، سەنتەری چاپ و پەخشی نما، سلیمانی، ٢٠٠٢.

٥٧- كريس كوچێرا، كورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، و. حمەكەریم عارف، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٥٨- كەندالْ و ئەوانی تر، گەلێكی پەژموردە و نیشتمانی پەرت، كورد و كوردستان، و. لە عەرەبیو فارسییەوە: م. گۆمەیی، لە ئینگلیزییەوە:أ. حەوێزی، ب.چ، سوید، ١٩٩٨.
٥٩- گۆردۆن تۆماس، نهێنییەكانی مۆساد، و. شەفیقی حاجی خدر، چ١، چاپخانەی هیڤی، هەولێر، ٢٠٠٨.
٦٠- د.گۆینتەر دێشنەر، كورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێكراو، و. بۆ عەرەبی: عەبدولسەلام بەرواری، و. بۆ كوردی حەمە كەریم عارف، چ١، دەزگای چاپ و بلاْوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
٦١- م.أ. حەسرەتیان، راپەڕینی كوردان ١٩٢٥، و. جەلال دەباغ، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای توێژینەوە و بلاْوكردنەوەی موكریانی، هەولێر، ٢٠٠٦.
٦٢- م. ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەكانی توركیا و كورد لە سەردەمی نوێدا، و. د.دلێر ئەحمەد، چ١، مەڵبەندی كوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٦٣- مارتین ڤان برونەسن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، و. كوردۆ عەلی، ب.دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٦٤- د.محەمەد ئیحسان، ململانێیە نێودەوڵەتییەكان لە سەدەی بیستەم دا، و. ئاسۆكەریم و كامەران ئەحمەد، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.
٦٥- محەمەد نورەدین، توركیا لە سەردەمی گۆڕاندا، و. ئازاد بەرزنجی، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلیمانی،٢٠٠٠.
٦٦- مراد خۆشەڤی حسۆ، گۆڕانكارییەكانی كوردستانی عێراق و پەیوەندییەكانی توركیا و عێراق ١٩٩٠-٢٠٠٥، و. نوسەر، چ١، چاپخانەی دەزگای ئاراس،هەولێر،٢٠٠٨.
٦٧- میهردادی ئیزةدی، ضةردة باسيَك لة بارةی كوردانـةوة، و. ئـةمین شـوان، ض١، دةزطای ضاث ء ثةخشی سةردةم، سلیمانی، ٢٠٠٧.

٦٨- نادر ئينتسار، ئيتنۆ نەتەوايەتی كوردی، و. عەتا قەرەداخی، چ١، چاپخانەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٦٩- هانز- ۆكاس كييسێر، راپەرينی كوردە عەلەوييەكانی دەرسيم (١٩١٩ – ١٩٢١ قۆچگيری)، و. نەجاتی عەبدوڵڵا، چ٢، چاپخانەی شڤان، لە بڵاوكراوەكانی بنكەی ژين، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٧٠- هاورێ باخەوان، ئاڵای كورد، كورتە لێكۆڵينەوەيەكی مێژوويی- كۆمەڵايەتی-راميارى، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سليمانی، ٢٠٠١.
٧١- هەڤاڵ جوومعە، مێژووی پارتی كرێكارانی كوردستان، لە بڵاوكراوەكانی قوتابخانەی ناوەندی پارتی، ب.ش، ب.س.
٧٢- هێرش عەبدوڵڵا حەمەكەريم، پەيوەندييە سياسييەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و توركيا ١٩٩١-١٩٩٨، مەڵبەندی كوردۆلۆجی، سليمانی، ٢٠٠٨.
٧٣- هێمن ميرانی، توركيا و يەكێتی ئەوروپا، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩.
٧٤- ياسين خالد سەردەشتی، خوێندنەوەيەكی مێژوويی جوڵانەوە چەكدارييەكەی كوردستانی ئێران لە ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨، چ١، ب.ش، ٢٠٠٢.

**ب/ بەزمانی عەرەبی:**

٧٥- د.ابراهيم الداقوقي، اكراد تركيا، ط١، دار المدى للثقافة والنشر، سورية- دمشق، ٢٠٠٣.
٧٦- د.ابراهيم خليل احمد وآخرون، تركيا المعاصرة، مركز الدراسات التركية، مدرية دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، ١٩٨٨.
٧٧- د.ابراهيم خليل احمد و د.خليل علي مراد، إيران وتركيا (دراسة في التاريخ الحديث والمعاصر)، دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة موصل، ١٩٩٢.
٧٨- احمد حسين سويران، الأرهاب الدولي في ظل المتغيرات الدولية، ط١، منشورات الحلبي الحقوقية، لبنان-بيروت، ٢٠٠٥.

٧٩- د.احمد محمد رفعت و د.صالح بكر الطيار، الأرهاب الدولي، ط١، مركز الدراسات العربي-الأوروربي، د.م، ١٩٩٨.
٨٠- د.احمد نورى النعيمي، الحياة السياسية في تركيا الحديثة ١٩١٩-١٩٣٧، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٩٠.
٨١- د.احمد نورى النعيمي، السياسة الخارجية التركية بعد الحرب العالمية الثانية، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٥.
٨٢- د.احمد نوري النعيمي، تركيا و حلف شمال الاطلسي، المطبعة الوطنية، الاردن-عمان، ١٩٨١.
٨٣- اسماعيل بيشكضي، النظام في الاناضول الشرقية، الاسس الاجتماعية - الاقتصادية والبنى القومية، ت. شكور مصطفى، ج٢، ط١، دار ئاراس للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠١.
٨٤- اسماعيل بيشكجي، كردستان مستعمرة دولية، ت. زهير عبدالملك، دار APEC للطباعة والنشر، السويد، ١٩٩٨.
٨٥- بيار مصطفى سيف الدين، السياسة البريطانية تجاه تركيا وأثرها في كوردستان (١٩٢٣ - ١٩٢٦)، ط١، مطبعة وزارة التربية، دار سبيريز للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٤.
٨٦- بيار مصطفى سيف الدين، تركيا وكوردستان العراق،"الجارين الحائرين"، ط١،مطبعة خاني، دهوك، ٢٠٠٨.
٨٧- بيرش بيربروجلو، اضطراب في الشرق الاوسط الامبريالية، الحرب وعدم الاستقرار السياسي، ت. فخري لبيب، ط١، المجلس الاعلى للثقافة، الجزيرة-القاهرة، ٢٠٠٢.
٨٨- د.جبار قادر، قضايا كردية معاصرة، كركول-الانفال- الكرد وتركيا،ط١،دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٦.
٨٩- د.جرجيس حسن، تركيا في الاستراتيجية الامريكية بعد سقوط شاه، ط١، ب.م، ١٩٩٠.
٩٠- جليلي جليل وآخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، ت. د.عبيدي حاجي، ط١، دار الرازي للطباعة والنشر والتوزيع، لبنان-بيروت، ١٩٩٢.

٩١- جورج سكولوف، روسيا بين ١٨١٥-١٩٩١، ت. انطون حمصي، الجزء الثاني، القسم الثاني، منشورات وزارة الثاقافة في الجمهورية السورية، دمشق، ١٩٩٩.
٩٢- د.حامد محمود عيسى، القضية الكردية في تركيا، ط١، مكتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠٣.
٩٣- د.حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط، مطبعة اطلس، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٢.
٩٤- خاموش عمر عبداللة، تأثير قوانين الطوارئ على حريات الأفراد في الدساتير، دراسة مقارنة، منشورات مركز كردستان للدراسات الأستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٧.
٩٥- د.خليل علي مراد وآخرون، القضية الكردية في تركيا وتأثيرها على دول الجوار، مركز الدراسات التركية، جامعة الموصل، ١٩٩٤.
٩٦- رضا هلال، السيف والهلال :تركيا من اتاتورك الى اربكان: الصراع بين المؤسسة العسكرية والاسلام السياسي، ط١، دار اللشروق، القاهرة، ١٩٩٩.
٩٧- رعد عبدالجليل مصطفى الخليل، صراع الأستيعاب والانفصال، دراسة في تجربة "حزب العمال الكردستاني" في تركيا، الوحدة الوطنية ومشكلة الأقليات في العالم الثالث، مركز دراسات العالم الثالث، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، مطبعة التعليم العالي في الموصل، ١٩٨٩.
٩٨- د.سامي جاد عبدالرحمن واصل، ارهاب الدولة في اطار القانون الدولي العام، منشأت المعارف بالأسكندرية، د.م، د.س.
٩٩ - أ.د.سعد ناجي جواد، دراسات في المسألة القومية الكردية، ط١، دار العربية للعلوم، بيروت، ٢٠٠٥.
١٠٠ - صلاح سعدلله، لمسألة الكردية في تركيا، مرحلة جديدة، ط٢، د.م، د.س.
١٠١- عايدة العلي سري الدين، المسألة الكردية في ملف السياسة الدولية، ط١، منشورات دار الآفاق الجديدة، بيروت، ٢٠٠٠، ص٣٦.
١٠٢- عايدة العلي سري الدين، دول المثلث بين فكي الكماشة التركية الاسرائيلية، ط١، دار الفكر العربي، لبنان-بيروت، ١٩٩٧.

١٠٣- د.عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨ - ١٩٥٨، ط١، شركة المعرفة للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٩.

١٠٤- د.عبدالفتاح علي البوتاني، دراسات ومباحث في تاريخ الكورد والعراق المعاصر، ط١، مطبعة حاجي هاشم، اربيل، ٢٠٠٧.

١٠٥- د.عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية،ملاحظات تاريخية ودراسات أولية، ط١، مطبعة وزارة التربية، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠١.

١٠٦- د.عزيز الحاج، القضية الكردية في العشرينات، ط٢، مطبعة الانتصار-خالد البربوتي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بغداد، ١٩٨٥.

١٠٧- علي تتر توفيق، الحياة السياسية في كردستان ١٩٠٨ - ١٩٢٧، ت. تحسين ابراهيم الدوسكي، مطبعة خاني، دار سپيريز للطباعة والنشر، دهوك، ٢٠٠٧.

١٠٨- فلاديمير ايفانوفيتش دانيلوف، الصراع السياسي في تركيا، الأحزاب الساسية والجيش، ت. يوسف ابراهيم الجهماني، ط١، دار حوران للطباعة والنشر والتوزيع، سوريا-دمشق،د.س.

١٠٩- فليب روبنس، تركيا والشرق الاوسط، ط١،دار قرطبة للنشر والتوثيق ولابحاث، د.م، ١٩٩٣.

١١٠- فيروز احمد، صنع تركيا الحديثة، ت. د. سلمان داود الواسطي و د.حمدي حميد الدوري، بيت الحكمة، قسم الدراسات الاجتماعية، د.م، د.س.

١١١- قادر سليم شمو، موقف الكرد من حرب الاسقلال التركية ١٩١٩-١٩٢٢ط١، مطبعة خاني، دار سبيريز للطباعة والنشر، دهوك، ٢٠٠٨.

١١٢- قدري جميل باشا، (زنار سلوبي)، مسألة كردستان،٦٠عاما من النضال المسلح للشعب الكردي ضد العبودية، ط٢، بيروت، ١٩٩٧.

١١٣- د.كمال مظهر احمد، انتفاضة ١٩٢٥ في كردستان تركيا، ط١، رابطة كاوا للثقافة الكردية، لبنان-بيروت، ٢٠٠١.

١١٤- د.كمال مظهر احمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ت. محمد الملا عبدالكريم، دار افاق عربية للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٤.
١١٥- م.س. لازاريف وآخرون، تأريخ كردستان، ت. د.عبدي حاجي، ط١، مطبعة حجي هاشم، أربيل، ٢٠٠٦.
١١٦- ليلاف حمدامين عزيز، الحقوق الساسية للكرد في الدول التي تضم كردستان، دراسة تحليلة مقارنة، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، سليمانية، ٢٠٠٧.
١١٧- مجموعة من الباحثين السوفيت، تاريخ تركيا المعاصر، ت. د.هاشم صالح التكريتي، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، من منشورات مكتب الفكر والتوعية في الاتحاد الوطني الكردستاني، سليمانية،٢٠٠٧.
١١٨- د.مجيد جعفر، كردستان-تركيا، دراسة اقتصادية اجتماعية سياسية في تحت التخلف الاستعماري، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، ٢٠٠٦.
١١٩- الاستاذ محمد صالح طابورى، في سبيل تحرير الكرد وتوحيد كردستان، مطبعة قةشةنط، السليمانية، ٢٠٠١.
١٢٠- محمد طاهر محمد، القضية الكردية وحق التقرير المصير (الاستقلال-الحكم الذاتي-الفيدرالية)، ط١، مكتبة مدبولي، ٢٠٠٨.
١٢١- محمد نور الدين، تركيا الجمهورية الحائرة (مقاربات في الدين والسياسية و العلاقات الخارجية)، ط١، مركز الدراسات الأستراتيجية والبحوث والتوثيق، بيروت، ١٩٩٨.
١٢٢- مصطفى الزين، أتاتورك وخلفاؤه، ط١، دار الكلمات والنشر، بيروت-لبنان، ١٩٨٢.
١٢٣- ميخائيل م. جونتر، الاكراد ومستقبل تركيا، ت. د.سعاد محمود ابراهيم خضر، مركز كردستان للدراسات الأستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٧.
١٢٤- نديم البكتين، تركيا بوابة استراتيجية للأمبريالية العالمية، ط١، لندن، ١٩٨٧، الملحق رقم(٣)، (لا يمكننا الوصول الى التحرر الا من خلال مواصلة النضال...)، نص المقابلة التي اجراها الصحفي النمساوي (فرديناند هنر

بسلر) مـع كمـال بورقـاي الـسكرتير العـام للحـزب الأشـتراكي في كردسـتان تركيا.
١٢٥- نذيار نعمان باجلوري، الحركـة القوميـة الكورديـة التحرريـة في كوردسـتان تركيـا ١٩٢٧ – ١٩٣١، ط١، مطبعـة حجـي هاشـم، دار سـبيريز للطباعـة والنشر، أربيل، ٢٠٠٧.
١٢٦- نوبار هوفـسبيان(المحـرر) و فـيروز احمـد وآخـرون، تركيـا بـين الـصفوة البيروقراطية والحكم العسكري، ط١، مؤسسة الأبحاث العربية،بيروت–ابنان، ١٩٨٥.
١٢٧- هنري باركي وآخرون، القضية الكردية في تركيا، ت. هظال، ط١، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر، اربيل، ٢٠٠٧.
١٢٨- د.وليد رضـوان، موقـف التيـار الإسـلامي والتيـار العلمـاني في تركيـا مـن القضية الكردية، ط١، دار النهج للدراسات والنشر والتوزيـع، سـوريا–حلـب، ٢٠٠٨.
١٢٩- ياسراحمد حسن، تركيا، البحث عن مستقبل، ط١، دارالمصرية اللبنانيـة، القاهرة، ٢٠٠٦.
١٣٠- يوسـف ابـراهيم الجهمـاني، اتاتوركيـة القـرن العـشرين، ط١، دار حـوران للطباعة والنشر والتوزيع، سوريا–دمشق، ٢٠٠٠.
١٣١- يوسـف ابـراهيم الجهمـاني، اوج آلان، تركيـا والاكـراد، ط١، دار حـوران للطباعة والنشر، سوريا–دمشق، ١٩٩٩.
١٣٢- يوسـف ابـراهيم الجهمـاني و سـالار أوسـي، توركيـا و سـوريا، ط١، دار حوران للطباعة والنشر والتوزيع، سوريا–دمشق، ١٩٩٩.
١٣٣- يوسـف گـۆران، جريمـة الأرهـاب والمـسؤلية المترتبـة عنهـا في القـانون الجنـائي الـداخلي والـدولي، مركـز كردسـتان للدراسـات الأسـتراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٧.

### ج/ بە زمانی تورکی:

134- Emin Demirel, Terör, B.5, Çalış Ofset, IQ Kültür Sanat Yayıncılık, Istanbul, 2001.

135- Hamit Bozarsalan, Türkıye'nin Modern Tarihi, Ç.Heval Bucak, B.1, B.Berdan Matbaasi, Avesta Basin Yayin, Istanbul, 2008.

136- Martin Van Bruinessen, Kürdistan Üzerine Yazilar, Ç.Nevzat Kiraç…, B.4, B.Sena Ofset, Iletişim Yaynlar, Istanbul, 2004.

137- Meherdad R. Izady, Kürtler(Bir AlKibı), Ç.Cemal Atila, B1, Can ofset, Can Yayinları, Istanbul,2004.

138- Nuri Dêrsımı, Kürdıstan Tarihınde Dersim, Can Matbaaçilik, Doz Yaynıları, Istanbul, 2004.

139- Türkiye Cumhuriyeti 1982 Anayasasi, H. Prof.dr.Enver Bozkort, B.1, BRC Matbaa çilik, Asil yayın Dağitim Ltd, Şti, Istanbul, 2005.

140- Yilmaz Çamlıbel, Gilîdax Bêxwedî Nîn e ,serhildana Çîyayê Agirîyê, Ç1, Barış Matbaa-Mücellit, Weşanên Deng, Istenbol, 2005.

### د/ بە زمانی ئینگلیزی:

141- Ali Kemal Özcan, Turkey's Kurds : A theoretical Analisis of the PKK and Abdullah Öcalan, London and New York, 2006.

142-David Romano: The Kurdish Nationalist Movement, Opportunity Mobilization and Identity, Cambridge University Press, 2006.

143- Henri J. Barkey and Graham E. Fuller, Turkey's Kurdish Question, Published in the United States of America by Rowman & Littlefield Publishers, Inc, New York, 1998.

**ه. بەزمانی هۆڵەندی:**

١٤٤– بریتا بوهلەر، گەشتی بێ ئەنجامی سەرکردەیەك، ئەمستەردام، ٢٠٠٠ (بە زمانی هۆڵەندی).

**شەشەم/ ووتارو توێژینەوەکان:**

**أ/ بە زمانی کوردی:**

١٤٥– تونجای ئۆزکان، ئۆپراسیۆن، (زریان ڕۆژهەڵاتی) خوێندنەوەی بۆ کردوە، گۆڤاری (دۆسێی تورکیا)، ژ(٣)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلیمانی، نیسانی ٢٠٠٦.

١٤٦– حەمید بۆز ئەرسەلان، کوردایەتی و جوڵانەوەی کورد لە ماوەی نێوان ١٨٨٩–٢٠٠٠، گۆڤاری (دۆسێی تورکیا)، ژمارە (٤)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، تشرینی دووەمی ٢٠٠٦.

١٤٧– خەلیل ماگنوس کاراوێلی، تورکیا: زلهێزێکی ئقلیمی نوێی کۆن، گۆڤاری (سیاسەتی دەولی)، ژ٤، ساڵی سێیەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلیمانی، کانوونی دووەمی ١٩٩٥.

١٤٨– دیجلە ماردین، مەسەلەی کورد لە گوتاری سیاسیی ئۆزال و ئەردۆغان و ئاغاردا، گۆڤاری (دۆسێی تورکیا)، ژ(٦)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلیمانی، ئابی ٢٠٠٧.

١٤٩– ڕاپۆرتێك دەربارەی کوردستانی تورکیا، گۆڤاری (کۆمەڵە)، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ژمارە(١)، خولی(٢)، کانوونی دووەمی ١٩٨٢.

١٥٠– ریناس جانو، حزب العمال الکردستاني، دراسە سیاسە–تحلیلیە، گۆڤاری (خامە)، ژ. (٣)، سەنتەری خامە بۆ ڕاگەیاندن و لێکۆڵینەوەی قوتابیان، هەولێر، بەهاری ٢٠٠٦.

١٥١–سالار باسیرە، چیرۆکی رفاندنی ئۆجەلان لە کینیاوە بۆ تورکیا، لە ئەرشیفی د.محەمەد سالار باسیرە.

١٥٢- فرەنسۆ هريرى، بزووتنەوەی رزگاریخوازی تورکیا و دامەزراندنی حزبە کوردستانییەکان لەوێ، گۆڤاری (کادر)، ژمارە(٢٨)، گۆڤاری رۆشنبیری پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق، حوزەیرانی ١٩٩٢.
١٥٣- یوسف گۆران، سیاسەتی تورکیا لە کوردستانی عێراقدا (١٩٩٠-٢٠٠٠)، گۆڤاری (سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی)، ژ٣، ساڵی نۆیەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلیمانی، ئابی٢٠٠١.
١٥٤- یوسف گۆران، هەڵوێستی تورکیا سەبارەت بە هێرشی عێراق بۆ سەر کوێت، گۆڤاری (سیاسەتی نێو دەوڵەتان)، ژ١، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلیمانی، تشرینی یەکەمی ٢٠٠١.
١٥٥- یوسف محەمەد سادق، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سەردەمی شەری ساردا، گۆڤاری (نوێبوون)، ژ٣، بەشی روناکبیری مەڵبەندی یەکی (ی.ن.ك)، بەهاری ٢٠٠٨.

**ب/ بە زمانی عەرەبی:**

١٥٦- الاستاذ آزاد كرمياني، حزب العمال الكردستاني بين المجابهة العسكرية والتحرك السياسي، مجلة (ئاڵای ئیسلام)، ع٢، السنة السابعة، اربيل، مايس/حزيران ١٩٩٣.
١٥٧- أ.د.خليل علي مراد، العلاقات السورية-التركية في ضوء أزمة أوجلان تشرين الاول/أوكتوبر١٩٩٨، أوراق تركية معاصرة، العدد(١٦)، مركز الدراسات التركية، جامعة الموصل، ربيع ٢٠٠١.
١٥٨- أ.د.خليل علي مراد، الموقف الإقليمي من الحركة الكردية المسلحة في تركيا ١٩٨٤-١٩٩٨، مجلة (دراسات إقليمية)، ع(٣)، مركز الدراسات الإقليمية/جامعة الموصل، حزيران ٢٠٠٥.
١٥٩- صبرية احمد لافي، الاكراد في تركيا، دراسة سياسية واقتصادية واجتماعية، سلسلة الدراسات التركية رقم ٢٢، معهد الدراسات الأسيوية والأفريقية، الجامعة المستنصرية، بغداد، ١٩٨٥.

١٦٠- د.عبدالجبار قادر غفور، انقلاب عام ١٩٦٠ في تركيا (تحليل دوافعه الأقتصادية والسياسية)، مجلة (دراسات تركية)، العدد(١)، مركز الدراسات التركية، جامعة الموصل، ١٩٩١.
١٦١- د.عثمان علي، حزب العمال الكردستاني ومستقبل المسألة الكردية في تركيا، مجلة (ئالآی ئیسلام)، ع١، السنة السابعة، اربيل، كانون الثاني ١٩٩٣.
١٦٢- محمد نورالدين، المسألة الكردية في تركيا الامل والخيبات، مجلة (شؤون تركية)، تقرير فصلي، ع(٨)، مركز للدراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق، بيروت-لبنان، صيف ١٩٩٣.
١٦٣- محمد نورالدين، مجلة (شؤون تركية)، تقرير فصلي، ع(٣)، مركز للدراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق، بيروت-لبنان، تشرين الثاني ١٩٩٣.
١٦٤- محمد نورالدين، مجلة (شؤون تركية)، تقرير فصلي، ع(٥)، مركز للدراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق، بيروت-لبنان، كانون الثاني ١٩٩٣.

**حەوتەم/ ڕۆژنامەكان:**

١٦٥- (ولآت)، ژ. (٢٤)، ٣٠ی حوزەيرانی ١٩٩٤.
١٦٦- (ولآت)، ژ. (٣٥)، ١٠ی تشرينی يەكەمی ١٩٩٤.
١٦٧- (ولآت)، ذ. (٣٨)، ٣١ی تشرينی يەكەمی ١٩٩٤.
١٦٨- (ولآت)، ژ. (٤٣)، ٥ی كانونی يەكەمی ١٩٩٤.
١٦٩- (ولآت)، ژ. (٤٤) ١٢كانونی يەكەمی ١٩٩٤.
١٧٠- (ولآت)، ژ. (٥٣)، ٢٠ی شوباتی١٩٩٥.
١٧١- (ولآت)، ژ. (٥٨)، ٢٧ی ئاداری ١٩٩٥.
١٧٢- (ولآت)، ژ. (٥٩)، ٣ی نيسانی ١٩٩٥.
١٧٣- (ولآت)، ژ. (٨٦)، ٢٨ی ئابی١٩٩٥.
١٧٤- (ولآت)، ژ. (١٠٢)، ٢٣ی تشرينی يەكەمی ١٩٩٥.

١٧٥- (ولآت)، ژ. (١٢٢)، ١ی كانونی دووەمی١٩٩٦.
١٧٦- (ولآت)، ژ. (١٣٥)، ١٥شوباتی ١٩٩٦.
١٧٧- (ولآت)، ژ. (١٤٣)، ١٨ی ئاداری١٩٩٦.
١٧٨- (ولآت)، ژ. (١٦٦)، ١٠ی حوزەیرانی١٩٩٦.
١٧٩- (ولآت)، ژ. (١٧١)، ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٩٦.
١٨٠- (ولآت)، ژ. (٢١٩)، ٢ی كانونی دووەمی١٩٩٧.
١٨١- (ولآت)، ژ. (٣١١)، ٦ی ئابی ١٩٩٨.
١٨٢- (ولآت)، ژ. (٣١٨)، ١ی تشرینی یەكەمی١٩٩٨.
١٨٣- (ولآت)، ژ. (٣٢٠)، ١٥ی تشرینی یەكەمی ١٩٩٨.
١٨٤- (ولآت)، ژ. (٣٢١)، ٢٢ی تشرینی یەكەمی ١٩٩٨.
١٨٥- (ولآت)، ژ. (٣٢٤)، ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٩٨.
١٨٦- (ولآت)، ژ. (٣٢٥)، ١٩ی تشرینی دووەمی ١٩٩٨.
١٨٧- (ولآت)، ذ، (٣٢٧)، ١٩ی كانونی یةكةمی ١٩٩٨.
١٨٨- (ولآت)، ژ. (٣٢٨)، ١٧ی كانونی یەكەمی ١٩٩٨.
١٨٩- (ولآت)،ژ. (تایبەت)، ٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٩٨.
١٩٠- (كوردستانی نوێ)، ژ. (١٧٠٠)، ١٧ی ئەیلولی ١٩٩٨.
١٩١- (كوردستانی نوێ)، ژ. (١٧١١)، ٤ی تشرینی یەكەمی ١٩٩٨.
١٩٢- (كوردستانی نوێ)، ژ. (١٧١٨)، ١٣ی تشرینی یەكەمی ١٩٩٨.
١٩٣- (كوردستانی نوێ)، ژ. (١٧٥٧)، ٧ی كانونی یەكەمی ١٩٩٨.
١٩٤- (كوردستانی نوێ)، ژ. (١٧٨٥)، ١٨ی كانونی دووەمی ١٩٩٩.
١٩٥- (كوردستانی نوێ)، ژ. (١٧٩٤)، ٣ی شوباتی ١٩٩٩.
١٩٦- (ئاوێنە)، ژ. (٩٨)، ٤ی كانونی یەكەمی ٢٠٠٧.

**هەشتەم/ سەرچاوەی ئەلكترۆنی:**

١٩٧- الأكراد والمشكلة الكردية: (www. Almoqatel.com).
١٩٨- رزاق حمد العوادي، جرائم الحرب والعدوان اخلالا بالشرعية الدولية وانتهاكا للقانون الدولي الانساني: (http://www.ahewar.org).

١٩٩- اولف بالمه:
(http://www.mnaabr.com/vb/showthread.php?t=26468&page=4)
٢٠٠- التطور التاريخى للوحدة الاوروبية (www.almania-info.diplo).
٢٠١- دەقی چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی ڕۆژی وڵات لەگەڵ دیار غەریب:
(ww.pcdk.org)
202- Jîana Kemal Burkay (www.kurdistan.nu).
203- Ismet G Imset, The PKK Freedom Fighter or Terrorists, December 7,1995 (www.Kurdistan.org/Articleslismet.htm).
204- 1998 April 13 ,Press Release , Political Bureau of KDP on Today's Abduction of Shamdin Sakik in Iraq Kurdistan by Turkish Special and Airborne Forces(www.kdp.pp.se).
205-Turkey Human Rights Developments: (www.hrw.org/legacy/reports/1990/WR90/HELSINKI.BOU-04.htm%e2%80%8e).
206- Mijar, Gelo kevneşopên PDK - KUK ê û xebatkarên PDK - BAKUR ji hevdu çi dixwazin?, Thursday, 27.April 2006 (http://www.pdk-xoybun.com).
207-Doğu Perinçek:( http://www.kimkimdir.gen.tr/kimkimdir.php?id=2648).
208-Sosyal_Demokrasi_Partisi : (tr.wikipedia.org/wiki/Sosyal_Demokrasi_Partisi).
209-Halkçı Parti: (tr.wikipedia.org/wiki/Halk%C3%A7%C4%B1_Parti).
210- Tansu Çiller: (http://www.biyografi.net/kisiayrinti.asp?kisiid=278).
211- Guerrilla: (http://en.wikipedia.org/wiki/Guerrilla).

# The Kurdish Issue in Turkey
# In the Years (1980-1999)

**Prof.Dr.Jabar Qadir Ghafur**

## پێشەکی

وردبوونـــەوە لـــە ڕووداوەکـــانی بزووتنـــەوەی نەتـــەوەیی و دۆزی کـــورد لـــە ســـەردەمە جیاوازەکـــانی مێـــژووی نوێمانـــدا، و لێکدانـــەوەی پـــرس و کێـــشەکانی یارمەتی هەموو ئـەو کەسـانە دەدەن کـە دەیانـەوێ لـە بـارودۆخی ئـەوڕۆی کـورد تێبگەن. ئەمە چەندە بۆ خوێنەرانی ئاسایی ڕاست و دروستە، چەندین ئەوەندە بۆ سیاســەتمەداران و چــاودێرانی سیاســی و شــیرۆڤەکاران ڕاســتە. لــەم دیــدەوە لێکدانەوەی ڕەوتی مێژوویی کورد لە تورکیـا و سیاسـەتەکانی حکومەتـە یـەك لـە دوای یەکەکانی ئەو وڵاتە و هەڵوێست و کاردانەوەی کوردانی ئەوێ گرنگیـی خـۆی دەسەپێنێ.

زوربەی خوێنەرانی کورد بە شێوەیەك لە شـێوەکان ئاگـاداری هەنـدێ لایـەنی مێـژووی کـوردن لـە تورکیـا، بـە تایبـەتی ڕووداوە خوێناوییـەکانی بیـستەکان و سییەکانی سەدەی ڕابردوو، کاتێ کـوردانی ئـەو بەشـەی کوردسـتان لـە بەرامبـەر سیاسەتی توانەوە و قڕکردنی کاربەدەستاندا زنجیرەیەك سەرهەڵدان و ڕاپـەڕینیان بەرپا کرد، کە بـە شـێوەیەکی بێبەزییانـە لـە لایـەن سـوپاوە سـەرکوت کـران. لـە کۆتایی سییەکانەوە، واتا لە دوای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی دەرسـیمەوە لـە سـاڵی ١٩٣٨ تا نێوەڕاستی شەستەکان بێدەنگییەکی ترسناك باڵی گرتبوو بـە سـەر ئـەو بەشەی کوردستاندا و لە دونیای دەرەوە دابڕێنرا بوو.

لە شەسـتەکان و حـەفتاکان کـوردان هێـدی هێـدی تێکـەڵاوی ژیـانی سیاسـی دەبنـەوە، لـە دەسـپێکدا لـە ڕیـزی پـارت و ڕێکخـراوە سیاسـیی و ڕۆشـنبیرییە تورکیاییەکان. بەڵام لە نێوەڕاستی شەستەکانەوە و بە هۆی سیاسەتی نادروسـتی ئـەو پـارت و ڕێکخراوانـەوە لـە مـەڕ مافـە ڕەواکـانی کـورد، گـروپ و ڕێکخـراوی ڕۆشنبیری و سیاسی کوردستانی سەرهەڵدەدەن.

ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلول لە باشوری کوردستان ڕۆڵێکـی گـەورەیان بـینی لەم بەئاگاهاتنەوەی کورداندا. لـە بەرامبـەردا حکومەتـە یـەك لـە دوای یەکـەکانی تورکیا لەسەر سیاسەتی نکۆڵی کـردن لـە کـورد و پێـشێل کردنـی سـەرەتاییترین مافەکانی هاوڵاتیانی کورد بەردەوام بوون.

کودەتـای ١٢ ئـەیلولی ١٩٨٠ خـاڵێکی وەرچـەرخان بـوو لـە مێـژووی کـوردی تورکیادا. لە تەك فاکتەرە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکانـدا، رۆڵـی فاکتـەری کـوردیش کـەم نـەبوو لـە روودانــی ئـەو کودەتایــە. یـەکێ لـە ئامانجـە سـەرەکییەکانی کودەتاچییەکان لە گۆڕانی هەوڵ و تەقەلاکانی کورد بوو، کە ماوەیەك بوو وەخـۆ کەوتبوون بۆ بە دەستهێنانی هەندێ لە مافەکانیان و بە گەرمی لە ململانێی هێـزە توندەڕەوە چەپ و راستەکاندا تێوەگلابوون.

کودەتاچییەکان دەسەڵاتی رەهایان لە وڵات گرتە دەست و بێبەزییانە کەوتنە گیان کورد و هێزە دیموکراتخواز و چەپەکان. لە بارێکی پـر لـە تـرس و تۆقاندنـدا دەستوری ١٩٨٢ یان بە سەر دانیشتوانی وڵاتدا سەپاند، ئەو دەسـتورەی تـاوەکو ئـەورۆش، سـەربای هــەموو گۆڕانکارییــەکان، کۆســپێکی دیــارە لــە بــەردەم دیموکراتیزە کردنی تورکیا و چارەسەرکردنی دۆزی کوردا.

لە بەرامبەر پاڵەپەستۆ و چەوسانەوەی بێدەرەتانی دەوڵەتدا کوردان پـەنایان بردە بەر چەك و لە ١٥ ئابی ١٩٨٤ پارتی کرێکارانی کوردسـتان شـەڕی چـەکداری لە تورکیا دەستپێکرد. دەسەڵاتدارانی تورکیا پێیان وابوو کە ئـەم سـەرهەڵدانەش وەکو ئەوانی پێـشوو لـە نێودەبـەن و جـارێکی تـر کـورد بێـدەنگ دەکەنـەوە، لـێ ئەزموونی ئەم بیست وپێنج ساڵەی دوایـی دەریخـست کـە ئـەم بزووتنـەوە نوێیـە جیاوازە لە سەرهەڵدانەکانی بیستەکان و سـییەکانی سـەدەی رابـردوو لـە بـاکوری کوردسـتان. رووداوەکـانی هەشـتاکان و نـەوەدەکان دۆزی کوردیـان لـە تورکیـا گەیاندە ئاستێکی دژوارتر و باڵاتر.

لێرەوە و دوای ئەوەی هەموو هەوڵە سەربازی و سیاسـی و دیبلۆماسـییەکانی دەوڵەت بۆ لە نێوبردنی بزاڤی چەکداری و سیاسی کورد لە تورکیـا نەگەیـشتن بـە ئاکام، باس لە چارەسەرکردنی " پرسی یا کێشەی باشوری رۆژهەڵاتی ئـەنادۆڵ " هاتە کایەوە. باسەکان لە دەسپێکدا بە دەوری چاکسازی ئـابوری و کۆمەڵایەتیـدا لە رۆژهەڵاتی تورکیا دەخولانەوە. داننان بـە ڕەهەنـدە سیاسـی و ئەتنیکییـەکانی دۆزی کوردا تا ئێستاش بۆ گەلێ لایەن لە تورکیا هێڵی سوورە.

بـەدیل گـرتنی سـەرۆکی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان عەبـدوڵا ئۆجـەلان دەرفەتێکی گەورە بوو لە بـەردەم تورکیـادا بـۆ چارەسـەرکردنی دۆزی کـورد لـەو

وڵاتـە، لـێ نەتەوەپەرسـتیی کاربەدەسـتانی دەوڵـەت بەرچـاوی گـرتن ئـەو هەلـە زێرینەی لە دەسـتدان. ئەگـەر بـای " سـەرکەوتن" نەچـووبایە بـە لوتیانـدا ژیـانی سەدان لاوی کـورد و تورکیـان دەپاراسـت و رێگـەیان لـە ئـێش و ئـازاری هـەزاران بنەماڵە دەگرت.

ئەم هەنگاوانەی باس لە چارەسەرکردنی دۆزی کورد دەکەن لە تورکیا ئاستی گەشەکردنی ئەم دۆزە دەگەیەنن. دۆزی کورد بە درێژایی مێژووی کۆمـاری تورکیـا برینێکی سەختی ئەم وڵاتەیە و لەم چارەکە سەدەی دواییشدا بووەتە هۆی زیان و زەرەرێکی زۆر لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بۆ ئەو وڵاتە.

بە بێ گۆڕانکاری ریشەیی لـە سیاسـەتەکانی حکومـەتی تورکیـا بەرامبـەر بـە کورد و داننان بە کوردا وەکو گروپێکی ئەتنیکی لە تورکیا و گونجانـدنی دەسـتور و قانوونەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئەم راستییەدا ناکرێ چاوەروانی ئەوە بین کە ئـەو دۆزە چارەسـەر بکـرێ. لـە کـەش و هـەوای دژواری تورکیـادا پرۆسـەیەك دەسـتی پێکـردووە و رووبـەرووی کۆسـپ و تەگـەرەی زۆر دەبێتـەوە، لـێ ئەنجامەکـەی دابینکردنی مافە رەواکانی گەلی کورد دەبێ.

بابـەتی ئـەم کتێبـە هەوڵێکـە بـۆ لێکدانـەوەی دۆزی کـورد لـە هەشـتاکان و نەوەدەکانی سەدەی رابردوو. نووسەرەکەی لـە بـەر رۆشـنایی زانیارییـەکانی ئـەو سەرچـاوانەی دەسـتی پێیـان گەیـشتووە و هەنـدێ لـە بەشـدارانی رووداوەکـان هەوڵیـداوە وێنەیـەکی نزیـك لـە راسـتییەوە پێـشکەش بـە خوێنـەران بکـات. بەدەسـتهێنانی زانیـاری تـەواو دەربـارەی رووداوەکـانی ئـەو سـەردەمە مێژووییـە کارێکی ئاسان نیە و تاوەکو ئێستا گەلێ لە نهێنییەکانی لـە تاریکیـدا ماونەتـەوە. بـە هـەموو پێوەرێـك بابـەتی توێژینەوەکـە پرسـێکی زانستی و سیاسـی گرنگـە و نووسەرەکەشی وەکو توێژەرێکی گەنج هەنگاوی یەکەمی لە گەشـتی توێژینـەوەی زانستیدا بە سەرکەوتوویی هـەڵهێناوە و هیـوادارم بـۆ تێـزی دکتۆراکـەی لـە سـەر درێژەدان بەم بابەتە بەردەوام بێت.

**جەبار قادر**

**٦/ ٨/ ٢٠١٠**

## پێشەکی

دۆزی نەتەوەیی کورد، لە کۆماری تورکیادا، بەلای بالاترین کاربەدەستانی ئەو وڵاتەشەوە بە کێشەی سەرەکیی ئەوڕۆی تورکیا دادەنرێت، کە بەبێ چارەسەری ماوەتەوە و سەرجەم لایەنەکانی ژیانی سیاسیی ئەو وڵاتەی گرتۆتەوە. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، پرسی چارەسەرکردنی ئەو دۆزە خۆی بە سەر باری سیاسیی تورکیادا دەسەپێنێت. مانەوەی ئەو دۆزە بەبێ چارەسەری بووەتە یەکێ لە گرفتە سەرەکییەکانی دیموکراتیزەکردنی ژیانی سیاسیی ئەو وڵاتە، هەروەها کۆسپێکە لەبەردەم خۆگونجاندنی لەگەڵ پێوەر و نۆرمەکانی یەکێتیی ئەوروپادا، کە زیاتر لە چل ساڵە هەوڵدەدا ببێتە ئەندامی ئەو قەوارە سیاسی و ئابوورییە گرنگەی دونیای ئەمڕۆ. هۆکاری سەرەکیی گەشەکردنی دۆزی کورد لە تورکیا لەو سیاسەتەوە سەرچاوەی گرتووە، کە حکومەتی تورکیا بە درێژایی سەدەی ڕابوردوو لە بەرانبەر کورددا گرتبوویە بەر. مەبەستمان لە سیاسەتی نکۆڵیکردن لە هەبوونی کورد نەك تەنها وەکو نەتەوە یا گەلێکی سەربەخۆ، بەڵکو تەنانەت وەکو گرووپێکی ئەتنیکیی خاوەن تایبەتمەندیش. کاربەدەستانی تورکیا بە درێژایی مێژووی کۆماری تورکیا نەك تەنها لەسەر ئەو سیاسەتانە، کە تا ئەم ساڵانەی دواییش بەردەوام بوون، بەڵکو بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ لە هەوڵی ئەوەدا بوون شوێنەواری کورد لەو وڵاتە بسڕنەوە، چ لە ڕێگەی سەرکوتکردن و بەکارهێنانی هێزی سەربازییەوە و چ لە ڕێگەی تواندنەوەی کوردەوە لەنێو دانیشتوانی تورکدا. لە ئەنجامدا بۆ هەموو لایەك دەرکەوت کە ئەو جۆرە سیاسەتانە نە لە تورکیا و نە لە هیچ شوێنێکی دی دونیا ناتوانن نەتەوەیەك لەبەین بەرن، بە تایبەتی لەم سەردەمەدا، کە سەردەمی جیهانگیری و شۆڕشی زانیارییە و هۆشیاریی نەتەوەیی لەنێو کورددا گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز، کە لەبەردەم هەوڵی تواندنەوە و چەوسانەوەی نەتەوەییدا ڕێگرێکی سەرەکییە. لە دوای تاقیکردنەوە تاڵ و سەرنەکەوتووەکانی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی تورکیا و لە کۆتایی هەشتاکانەوە کاربەدەستانی ئەو وڵاتە بە ناچاری کەوتنە باسکردنی دۆزەکە، هەڵبەتە نەك بە نێوی دۆزی کورد، بەڵکو بە نێوی دۆزی

باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ یا باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا. بۆ ئەوەی زۆر لەگەڵ گوتار و ئایدیۆلۆژیای ڕەسمی دەوڵەتدا ناکۆك نەبن و هێڵە سوورەکان نەبەزێنن، کاربەدەستان تا پێیان کرابا باسیان لە شتێك بە نێوی دۆزی کورد نەدەکرد و ئەگەر بە ناچاریش ئاماژەیان بە نێوەرۆکی سیاسی و ئەتنیکی ئەو دۆزە بکردایە ئەوا باسیان لە هاوڵاتیانی (تورکی بە ڕەچەڵەك کورد) دەکرد. هەروەها هەمیشە، تاوەکو ئەوڕۆش، کە بە ئاشکرا باس لە دۆزی کورد دەکەن (ئەوان بە کێشە یا بە پرس باسی لێوە دەکەن، بەڵام ئێمە پێمان ڕاستترە بە دۆز واتا دۆزێکی نەتەوەیی باسی لێوە بکەین)، هەمیشە خۆیان لە ڕەهەندە سیاسی و ئەتنیکییەکەی دەدزنەوە و زیاتر باس لە ڕەهەندی ئابووری و کولتوری و کۆمەڵایەتی دەکەن. هەرچەندە ئەم ڕەهەندانەشمان زۆر لا گرنگە، بەڵام پێمان وایە بێ چارەسەرکردنی ڕەهەندە سیاسی و نەتەوەییەکانی دۆزی کورد لە تورکیا، ناکرێ تەنها لە ڕێگەی پڕۆژەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتورییەوە ئەم دۆزە چارەسەر بکرێت.

لێکدانەوەی ئەم گۆڕانکارییانە لە مێژووی دۆزی کورد لە تورکیادا، گرنگیی بابەتی ئەم توێژینەوەیە (دۆزی کورد لە تورکیا لە ساڵانی ١٩٨٠-١٩٩٩)دا دەخاتە ڕوو. ئەمە نەك تەنها ئەرکێکی زانستییە بۆ لێکدانەوەی سەردەمێکی گرنگی مێژووی سیاسیی کورد لە باکووری کوردستان، بەڵکو دەتوانێ سودی پراکتیکیشی هەبێ بۆ هەموو ئەو لایەنانەی دەیانەوێت بەدوای چارەسەری ڕاستەقینەدا بۆ دۆزی کورد لە تورکیادا بگەڕێن.

هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٠ وەکو ساڵی دەستپێك بۆ توێژینەوەکە، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لەم ساڵەدا سێیەمین کودەتای سەربازی لە تورکیا ڕوویدا و لاپەرەیەکی نوێ و دژوار لە مێژووی کوردی ئەو وڵاتەدا، دەستی پێ کرد، کە چەوسانەوە و سەرکوتکردن و بەرتەسکردنەوەی ئازادییەکان، خاڵە سەرەکییەکانی بوون. ئەم کودەتایە لە چرکەیەکی مێژووییدا ڕوویدا، کە ناوچەکە گۆڕانکاریی گەورەی بە خۆوە دەبینی، شۆڕشی گەلانی ئێران و گەیشتنی سەدام حوسێن بە لوتکەی دەسەڵات لە عێراق و شەڕی نێوان عێراق و ئێران و پەرەسەندنی خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان و ڕابوونی کوردی ڕۆژهەڵات و گەلێ ڕووداوی تر، داهاتووی هەرێمەکەیان خستبووە ژێر پرسیارەوە.

کودەتاچـییەکان دەسـتیان بەسـەر هـەموو دامودەزگـا مـەدەنی و سیاسـییەکانی وڵاتدا (بۆ ماوەی سێ ساڵ) گرت و بۆ ساڵانی داهاتووش پێگەیـەکی بـەهێزیان بـۆ خۆیان دابین کرد، کە تا ئەوڕۆش تورکیا ناتوانێ لێی ڕزگار ببێت. لە ویلایەتەکانی کوردستان باری نائاساییان ڕاگەیاند و هەموو چالاکییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کوردییان قەدەغە کرد و کەوتنە ڕاونان و سەرکوتکردنی هێزە کـوردی و دیموکراتخوز و چەپەکانی تورك و دەیان هـەزار کەسـیان لـە زینـدان قـایم کـرد. هـەروەها ئـەم سـاڵانە سـەدان چـالاکوانی سیاسـی و ڕۆشـنبیرییان چ لـە کـاتی دەستگیرکردنیاندا و چ لەژێر ئەشکەنجە لە زیندانەکاندا کوشت.

هاوتــەریب لەگــەڵ ئـەو سیاسـەتانەدا، کودەتاچـییەکان دەسـتوری سـاڵی ١٩٨٢یان لە کەشوهەوایەکی پڕ لـە تـرس و فـشاردا و لـە ڕاپرسـییەکی ڕووکەشـدا بەسەر گەلانی تورکیادا سـەپاند. بەنـدەکانی ئـەم دەسـتورە بـە بـەراورد لـە گـەڵ دەستورەکانی ساڵی١٩٢٤ و ساڵی ١٩٦١دا گەڕانەوە بوو بۆ دواوە. ئەم دەسـتورە لەسەر نکـۆڵیکردن لـە هـەبوونی کـورد و قەدەغـەکردنی زمـانی کـوردی نـەك هـەر بەردەوام بوو، بـەڵکو هـەموو ئـەو کەلێنانـەی کـە ڕۆشـنبیرانی کـورد توانیبوویـان کـەڵکی لـێ وەربگـرن بـۆ دەرکردنـی هەنـدێ گۆڤـار و بڵاوکـراوە لـە نێوەراسـتی شەستەکانەوە، لەم دەستورەدا بەتەواوی داخران. ئەم دەستورە، کـە گۆڕانکـاری زۆر لەم ساڵانەی دوایی لە بەندەکانیدا کراوە، لە گەڵ ئەوەشدا تـاوەکو ئێـستا بـە کۆسـپێك لەبـەردەم پرۆسـەی دیمـوکراتیزەکردنی ژیـانی سیاسـیی تورکیـا و چارەسەرکردنی دۆزی کورد لەو وڵاتەدا دادەنرێت.

دیاریکردنی ساڵی ١٩٩٩یش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کـە لـە ١٥ی شـوباتی ئـەو سـاڵەدا عەبـدوڵلا ئـۆجەلانی سـەرۆکی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان (**PKK**) دەسـتگیرکرا و ئـەم ڕووداوەش کاریگـەریی لـە سیاسـەتی پـارتی کرێکـارانی کوردستاندا لێکەوتـەوە و گۆڕانکـاریی لـە هاوسـەنگیی هێزەکانـدا هێنایـە ئـاراوە، حکومەتی تورکیاش ئەم ڕووداوەی بـە کۆتاییهـاتنی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان دەبینی.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵی ئەوە دەدات، کە ڕاستییە مێژوویـیەکانی دۆزی کـورد لـە تورکیـا لـە هەشـتاکان و نـەوەدەکانی سـەدەی ڕابـوردوودا بخاتـە ڕوو،

سیاسەتەکانی حکومەتی تورکیا و گروپ و ڕێکخراوە کوردییەکان، لەو وڵاتەدا بخاتە ژێر تیشکی لێکدانەوە و شیکردنەوەوە. بە بێ ئەم شیکردنەوە و لێکدانەوانە مرۆڤ ناتوانێت لە پێشهات و ڕووداوەکانی ئەوڕۆی باکووری کوردستان و باری کورد لەو وڵاتە و سیاسەتەکانی پارتی دادو گەشەپێدان بە باشی تێ بگات.

هەستیاری و گرنگیی بابەتەکە وای کردووە کە پشت بە تەنها میتۆدێك نەبەسترێت، بەڵکو بە پێی پێویستیی باسەکە چەند میتۆدێکی جیاواز بەکار هێنراوە، بە شێوەیەکی تایبەت: میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، لە باسکردن و گێڕانەوەی ڕووداو و پێشهاتەکاندا کورۆنۆلۆژیای (گێڕانەوەی ڕووداوەکان بە گوێرەی ساڵی ڕوودانیان) لە پێشچاو گیراوە. هەروەها لەبەرئەوەی باس لە بابەتێکی مێژووی سیاسیی هاوچەرخ دەکەین، ناچار بووین جار جار پەنا ببەینە بەر میتۆدی شیکاری و بەراوردکاری، کە بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکان بەرچاو دەکەوێت.

ئەم نامەیە لە چوار بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمی توێژینەوەکەمان بۆ دۆزی کورد لە تورکیا، لە دامەزراندنی کۆمارەوە تا ساڵی ١٩٨٠ تایبەت کراوە و سێ باس دەگرێتە خۆ. لە باسی یەکەمدا کورتەیەکی مێژوویی دۆزی کورد لە تورکیا لە ساڵانی (١٩٢٣–١٩٣٨) خراوەتە ڕوو، تێیدا بە کورتی باس لە جوڵانەوەی کەمالیی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی تورکیا و ڕاگەیاندنی کۆمار لە ساڵی ١٩٢٣دا کراوە، هەروەها هەڵوێستی جوڵانەوەکە بەرانبەر بەکورد ڕوون کراوەتەوە و باس لە سەرهەڵدانی ڕاپەڕینە کوردییەکانی ئەو قۆناغە کراوە، کە بریتین لە ڕاپەڕینەکانی شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥) و ئاگری داغ (١٩٢٧–١٩٣٠) و دەرسیم (١٩٣٧–١٩٣٨) کە وەڵامی کورد بوون بۆ سیاسەتەکانی نکۆڵیکردن و چەوسانەوەی نەتەوەیی لەلایەن کاربەدەستانی نوێی وڵاتەوە.

باسی دووەمیشمان بۆ پێشهاتە سیاسییەکانی باکووری کوردستان لە جەنگی دووەمی جیهانییەوە تاوەکو کۆتایی شەستەکان تەرخان کرد و تێیدا باسمان لە سەرهەڵدانی سیستەمی فرە پارتایەتی و دامەزراندنی پارتی دیموکرات لە ساڵی

١٩٤٦ كـردووه. وەكـو دەزانـين لەگـەڵ پەيـدابوونی ئـەم سيـستەمەدا دەنگـی هاوڵاتيانی كورد لە كاتی هەڵبژاردنەكانـدا سـەنگی خـۆی پەيـدا دەكـا و پارتـەكان دەكەونە گەمەكردن لەگەڵ هەندێ لە توێژەكانـدا بـۆ بەدەسـتهێنانی دەنگـەكانيان لە كاتی هەڵبژاردنەكاندا و دەتوانين بڵـێين: ئـەم گەمـە سياسـييە لـە سـاڵی ١٩٥٠ تاوەكو سەرەتای نەوەدەكان لە برەو دا بـوو، هەميـشە لـە كـاتی هەڵبژاردنەكانـدا هەندێ دروشم و هيوا دەدران بە هاوڵاتيانی "باشووری رۆژهەڵاتی توركيا " كە لـە دوای هەڵبژاردنەكان يەكسەر لە بـير دەكـران. هـەر لـە سـێيەری ئـەو سيـستەمەدا رۆشنبيرانی كورد لە كۆتايی پەنجاكانەوە نەختە نەختە دەكەونە جموجۆڵەوە، تـا لە شەستەكاندا دەتوانن هەندێ چالاكی بە ئاشكرا ئەنجام بدەن.

باسی سێيەميش كراوە بە دوو تەوەرەوە، لە يەكەميانـدا بـاس لـە بـارودۆخی بـاكووری كوردسـتان كـراوە لـە حـەفتاكانی سـەدەی رابـوردوودا، لـە تـەوەری دووەميـشدا بـاس لـە سـەرهەڵدانی پـارت و رێكخـستنە سياسـييە كورديـيەكانی حەفتاكان و چالاكييەكانيان كراوە.

بەشی دووەمی ئەم توێژينەوەيـە بـۆ باسـی دۆزی كـورد لـە سـاڵانی (١٩٨٠-١٩٨٤) تەرخان كراوە و لە چوار باس پێكدێت.

باسی يەكـەمی ئـەم بەشـە بـۆ كودەتـای ١٢ی ئـەيلولی ١٩٨٠ تـەرخانكراوە و تێيدا بارودۆخی توركيا بەر لە كودەتاكە و هۆكارە سياسی و ئـابووری و فاكتـەرە دەرەكييـەكان و پـلان و ئەنجامـدانی كودەتاكـە روون كراونەتـەوە و بـاس لـە چۆنێتيی دەستگرتنی سوپا بەسەر دامودەزگاكـانی حكومەتـدا و كاريگەرييـەكانی لەسەر رەوشی سياسيی توركيادا كراوە، هەروەها بـاس لـە سـەپاندنی دەسـتوری ناديموكراتی ساڵی ١٩٨٢ بەسەر گەلانی توركيادا كراوە.

لـە باسـی دووەمـی ئـەم بەشـەدا هەڵوێـستی كودەتاچـييەكان و سياسـەتی سەركوتكارانەيان بەرانبەر بە گەلی كورد لە ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٣) بە پـشتبەستن بە بەڵگە و سەرچاوەكان خراونەتە روو.

هەرچـی باسـی سـێيەمی ئـەم بەشـەيە ئـەوا بـۆ شـيكردنەوەی ماددەكـانی دەستوری ساڵی ١٩٨٢ تەرخان كراوە كـە لـە هـيچ يەكێكيانـدا دان بـە سـادەترين مافـەكانی گـەلی كـورددا نـەنراوە و لەوێـدا تـەنها بـاس لـە مافـەكانی نەتـەوە و

هاوڵاتیانی تورك كراوه و هەموو هاوڵاتیانی ناتورك پشتگوێ خراون و ڕێگەیان لێ گیراوه به مافه نەتەوەیی و كولتوری و زمانەوانییەكانی خۆیان شاد ببنەوه.

باسی چوارەمیش كراوه به دوو تەوەرەوه، له یەكەمیاندا بەكورتی باس له شێوازی خەباتی چەكداری و مافی بڕیاردانی چارەنووسیی گەلان لەژێر ڕۆشنایی پەیماننامه و بڕیارەكانی ڕێكخراوی نەتەوه یەكگرتووەكاندا كراوه و گرێدراوه به مافی خەباتی كورد له كوردستاندا. هەروەها چەند پێناسەیەكی ئەو ڕێكخراو و كۆنگرانەش كراوه كه باسیان له خەباتی چەكداری كردووه و ئاماژەش به سەرەتای دەستكردن به خەباتی چەكداریی پارته كوردییەكان له كوردستاندا كراوه، كه هاوواتان لەگەڵ ئەو پێناسانەی كراون. هەرچی تەوەری دووەمیشه بۆ سەرهەڵدانی خەباتی چەكداریی پارتی كرێكارانی كوردستان له ١٥ی ئابی ١٩٨٤ تەرخانكراوه و باس له چۆنییەتیی ئامادەكاریی ئەم پارته و چوونی ئەندامانی بۆ دەرەوەی توركیا و خۆڕێكخستنیان و دواتریش گەڕانەوەیان بۆ باكووری كوردستان و دەستكردنیان بەو شێوازەی ڕووبەڕووبوونەوەیه له گەڵ حكومەتی توركیادا كراوه.

بەشی سێیەمی لێكۆڵینەوەكه، كه به ناونیشانی (دۆزی كورده له كاتی شەڕی چەكداریدا له ساڵانی ١٩٨٤–١٩٩١) و چوار باسی له خۆ گرتووه.

باسی یەكەم كراوه به دوو تەوەرەوه، له یەكەمیاندا له میانەی گەشەكردنی ڕێكخستنەكانی پارتی كرێكارانی كوردستان له دوای ڕاگەیاندنی خەباتی چەكداری، قسه له بەهێزبوونی ئەم پارته له ڕووی سیاسی و سەربازییەوه كراوه، هەروەها باس له هەڵمەتەكانی بۆ سەر سوپای توركیا و پاسەوانانی گوند و كۆنگره و كۆنفرانس و بڕیارەكانی كراوه. له تەوەری دووەمیشدا كاردانەوەی حكومەتی توركیا له بەرانبەر هێرشه چەكدارییەكانی پارتی كرێكارانی كوردستان خراوەته ڕوو، باس له ڕێوشوێنەكانی حكومەت و هەنگاوەكانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەكدارانی ئەم پارته كراوه.

باسی دووەمیش بریتییه له گەشەسەندنی دۆزی كورد لەسەر ئاستی دەرەوه و ناوخۆی توركیا. لەسەر ئاستی دەرەوه باس لەو پەرەسەندنانه كراوه كه ڕێكخراوه نێودەوڵەتییەكان له بڕیارەكانیاندا ناڕەزاییان بەرانبەر به كار و

کردەوەکـانی حکومـەتی تورکیـا دژ بـە گـەلی کـورد دەربڕیـوە و جـەختیان لـە ڕێگەچـارەی سیاسـییانەی دۆزی کـورد کردۆتـەوە، ئامـاژەش بـە کـۆنگرە جیهانییەکان کراوە، کە بۆ دۆزی کـورد لـە تورکیـا بەسـتراون یـاخود لـە خشتەی بەرنامەکانیاندا باسیان لێوە کردووە. لە سەر ئاستی نـاوخۆی تورکیـاش بـاس لـە پەرەسەندنی دۆزی کورد لەسەر رووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکـانی تورکیـا و پارتـە سیاسییەکانی تورکیا کراوە، لەوانـەش ئـەو ڕاپۆرتـەی کـە پـارتی گـەلی سۆسـیال دیموکرات (SHP) لە تەممووزی ١٩٩٠ بۆ باشکردنی بارودۆخی باکووری کوردسـتان خستییە ڕوو.

باسی سێیەم بۆ پارت و بزاڤە سیاسییە کوردییەکان (١٩٨٤–١٩٩١) تـەرخان کراوە و تێیدا باس لە سەرهەڵدان و چالاکییەکانیان لەو ماوەیەدا کراوە.

باسـی چـوارەمیش گۆڕانکارییـە هـەرێمی و جیهانییـەکان و دۆزی کـورد لـە تورکیادا ڕوون دەکاتـەوە و بـاس لـە کۆتاییهـاتنی جـەنگی نێـوان عێـراق و ئێـران (١٩٨٠–١٩٨٨) و کۆتاییهـاتنی جـەنگی سـارد و داگیرکردنـی کوێـت لەلایـەن حکومەتی عێراقەوە لە ٢ی ئابی ١٩٩٠ و پاشانیش سەرهەڵدانی شەڕی کەنداو، لـە هەمووشی گرنگتر ئەو بارودۆخـەی دوای سـەرهەڵدانی ڕاپـەڕینی ئـاداری ١٩٩١ لـە باشووری کوردستان هاتە ئـاراوە بـاس دەکـات و پەیوەندییـەکانی تورکیـا لەگـەڵ عێـراق و کوردەکـانی باشـووری کورسـتان و هەڵوێـستی تورکیـا لەمـەڕ ئـەو گۆڕانکارییانە و پەیوەندییان بە دۆزی کوردەوە لە تورکیـا و کاریگـەرییان لەسـەر پارتی کرێکارانی کوردستان ڕوون کراونەتەوە.

بەشی چوارەم و دوابەشی توێژینەوەکە بریتییە لە لێکدانـەوەی سـەردەمێکی نوێی مێژووی کورد لە تورکیا و بەسەر سێ باسدا دابەش کراوە.

باسی یەکـەم بـۆ هەوڵـەکانی چارەسـەرکردنی دۆزی کـورد لـەتورکیا تـەرخان کراوە لە ماوەی سەرۆکایەتیی تورگـوت ئـوێزال (١٩٨٩–١٩٩٣) و تێیـدا بـاس لـە هـەنگاوەکانی ئـوێزال‌و دیـد و بۆچـوونی نـەرێنیی دەسـەڵاتدارانی تورکیـا لەمـەڕ چارەسەرکردنی سیاسییانەی ئەو دۆزە کـراوە و لێکدانـەوە و ڕوونکردنـەوەیان لـە بارەوە دراوە، دواتریش باس لە هەوڵ و هەنگاوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەم بارەیەوە کراوە.

باسی دووەمی ئەم بەشەش پارتی کرێکارانی کوردستان و بزاڤی کوردی لە نەوەدەکاندا لەخۆ دەگرێت و خەباتی ئەم پارتە بە تایبەت لە ساڵی ١٩٩٢ بەدواوە لە باکوورو باشووری کوردستان خراوەتە بەر باس و هەنگاوەکانی دژ بە حکومەتی تورکیا و گەشەسەندنەکانی لە بواری سەربازی و سیاسی و دیبلۆماسی و ڕاگەیاندنەوە باس کراوە، لە تەك ئەمەشدا باس لە هەوڵەکانی حکومەتی تورکیا دژ بەو پارتە لە باکوور و باشووری کوردستان و لایەنگرانی کراوە.

باسی سێیەم بۆ گیرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و گۆڕانکاری لە هاوسەنگیی هێزەکاندا تەرخان کراوە. سەرەتا باس لە فشار و هەڵوێستی حکومەتی تورکیا بەرانبەر حکومەتی سوریا بۆ کۆتاییهێنان لە پشتیوانیکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان کراوە و دواتریش دەرچوونی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە سوریا لە ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨ و چوونی بۆ وڵاتانی ئەورووپا بە مەبەستی بەدەستهێنانی مافی پەنابەریی سیاسی باس کراوە، لە کۆتاییشدا چۆنێتیی دەستگیرکردنی لە کینیا لە ١٥ی شوباتی ١٩٩٩ و ئەو لایەنانەی، کە ڕۆڵیان لە گیرانیدا هەبووە و ئەو گۆڕانکارییانەی دوای دەستگیرکردنی هاتنە ئاراوە ئاماژەیان پێدراوە.

وێڕای ئەوەی تێزی دکتۆرایەك بە ناونیشانی (القضية الكردية في تركيا، دراسة في التطور السياسي للقضية الكردية منذ بدايتها وحتى عام ١٩٩٣)، کە (وصال نجيب عارف العزاوي) لە ساڵی ١٩٩٤ پێشکەشی کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی بەغدای کردووە، بەڵام ئەم توێژەرە لەبەر کۆمەڵێ هۆ نەیتوانیوە هەموو ڕەهەندەکانی پرسەکان بە شێوەیەکی زانستیانە و بابەتیانە لێك بداتەوە، یەکەم چونکە ئەو کارە لە سێبەری دەسەڵاتی حکومەتی بەعسدا نووسراوە و هەموو دەزانین باسکردنی دۆزی کورد لەو کاتەدا چەند دژوار بووە. دووەمیش سەردەمی لێکۆڵینەوەکە زۆر دووردرێژە و پێویستی بەئامادەکردنی چەندین نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا هەیە. سەرباری ئەمانە دەستی نەگەیشتووە بە کۆمەڵێ سەرچاوە و ئەدەبیاتی پارتە سیاسییەکان بە تایبەتی پارتی کرێکارانی کوردستان، کە ئێمە توانیومانە بە دەستیان بێنین و سودیان لێ وەربگرین. گرنگییەکی زۆریشم بە مێژووی خەباتی پارتی کرێکارانی کوردستان داوە، کە ئەو کەمتر گرنگی پێیداوە، وێڕای ئەوە بابەتەکە گرنگی و بایەخی تایبەتیی خۆی هەیە و دەشێت

توێژینــەوەی تــری لەســەر بکرێــت. لــە لایــەکی تریــشەوە بەشــێکی زۆری ئــەو نووسینانەی لەسەر ئـەو بابەتـە نووسـراون لایـەنگیرییان تێدا کـراوە و دیـسانەوە ئەوەش پێویستی توێژنەوەیەکی بێلایانە دێنێتە ئاراوە.

لـەم توێژینەوەیـەدا سەرچـاوەیەکی زۆر لـە کتێـب و گۆڤـار و ڕۆژنامـە بـەکار هێنــراون، ژمارەیــەکی زۆری کتێبــەکان بــە زمــانی عــەرەبی و کــوردین و ژمارەیەکیــشان بــە زمــانی ئینگلیــزی و تــورکی بــەکار هێنــراون. هەنــدێ لــە سەرچاوەکان بۆ یەکەمجار بەکار هـاتوون و لـە توێژینـەوەکانی تـردا سـودیان لـێ وەرنەگیراوە، لەوانـەش لێکۆڵینـەوەی (**Ismet G Imset**)، بـە ناونیـشانی ( **The PKK Freedom Fighter or Terrorists**) کە توێژینەوەیکی زانستی قووڵـە و سودی زۆری بۆ ئەم نامەیە هـەبوو. ئیـسمەت جـی ئیمـسەت نووسـەرێکی تورکـە، بێلایەنانە نووسیویەتی و لێکۆڵینەوەکەی تایبەتە بە پارتی کرێکارانی کوردسـتان، تێیدا خـەباتی ئـەم پارتـە و پەرەسـەندنەکانی لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٨٧-١٩٩٥) شــیی کردۆتــەوە و تیــشکی خــستۆتە ســەر بــارودۆخی ئــەو کاتــەی تورکیــا و زانیارییەکانی بە شێوەیەکی دروست بەدەستەوەداون.

هەروەها کتێبی (یاسا دەستورییەکانی تورکیا و کورد لە سـەردەمی نوێیـدا)، کـە لەلایـەن کوردناسـی بـەناوبانگی ڕوسـیاوە (م.ئـە. حەسـرەتیان) نووسـراوە و د.دلێر ئەحمەد وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بـە تایبـەت لـە شـیکردنەوەی قانون و هەندێ لە ماددەکانی دەستوری ساڵی ١٩٨٢ی تورکیا زانیـاریی زۆری لـێ وەرگـیراوە. نووسـەر کـە شـارەزای مێـژووی تورکیایـە، بـە وردی لـە نـاوەڕۆکی دەستور و قانونەکانی تورکیای پەیوەندیدار بە گەلی کـوردی کۆڵیوەتـەوە و شـیی کردونەتەوە و باسی لەو کردەوە و تاوانانەش کـردووە کـە حکومـەتی تورکیـا، بـە ناوی دەرچوون لە دەستور و قانونەکانەوە، دژ بە گەلی کورد ئەنجامی داوە و لـەو ڕێگەیەشــەوە سروشــت و ئایــدۆلۆژیای دەوڵــەتی تورکیــای شــی کردۆتــەوە. بەرهەمەکانی حەمید بۆزئەرسلانیش لەوانە کتێبەکەی بە ناوی (مێـژووی تورکیـای هاوچەرخ) گرنگیی خۆی هەیە و شوێنی لە توێژینەوەکەدا دیارە.

هەندێ سەرچاوەی تریش بە بنـەما وەرگـیراون و لـە زۆربـەی توێژینەوەکـەدا بەکار هاتوون و زۆر پـشتیان پـێ بەسـتراوە. لەوانـەش کتێبـی (الاکـراد ومـستقبل

تركيا)، كە لەلایەن نووسەری ئەمریکی (میخائیل م. جونتر) نووسراوە و (د.سعاد محمد ابراهیم خضر) وەری گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، گەلێ زانیاریی سەبارەت بە پارتی کرێکارانی کوردستان لە ڕووی سیاسی و سەربازی و پەیوەندییەکانی دەرەوەی و...هتد لەخۆگرتووە و ڕێوشوێنەکانی حکومەتی تورکیای دژ بەو پارتە و لایەنگرانی شی کردۆتەوە. کتێبی (مێژووی هاوچەرخی کورد)ی (دیڤید مەکداول)یش، کە ئەبوبەکر خۆشناو لە فارسییەوە وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، گرنگی و بایەخی خۆی بۆ توێژینەوەکە هەبووە.

کتێبی (ئیتنۆ نەتەوایەتیی کوردی) نووسەری بە ڕەگەز فارس، نادر ئینتیساریش کە لەلایەن عەتا قەرەداخی (لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی) وەرگێڕدراوە، لەم توێژینەوەیەدا شوێنی گرتووە. نووسەر بەشی چوارەمی کتێبەکەی بۆ باکووری کوردستان تەرخان کردووە و چەند زانیاریی گرنگی بە دەستەوە داوە و لە دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە تاوەکو ساڵی ١٩٩١ زۆر سودی لێ بینراوە.

زیاد لە نووسینێکی نووسەری عەرەب محەممەد نوردەین بەکار هێنراوە. لەوانەش کتێبی (تورکیا لە سەردەمی گۆڕاندا)، کە لە وەرگێڕانی (ئازاد بەرزنجی)یە بۆ سەر زمانی کوردی. نووسەر کە لە کاروباری تورکیادا پسپۆڕە، لەو کتێبەیدا کە لە ساڵی ١٩٩٧ نووسیویەتی، هەمەلایەنە لە بارودۆخی سیاسیی تورکیا و گەلی کوردی لەو وڵاتە کۆڵیوەتەوە و ئاماژەی بە پەیوەندییە هەرێمییەکانی ئەو وڵاتە داوە و خەباتی گەلی کورد و سیاسەتی توندوتیژیی حکومەتی تورکیای دژ بە کورد ڕوون کردۆتەوە و گرنگییەکی زۆریشی بە پرۆژەی گەشەپێدانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ (GAP) داوە، کە لە هەردوو بەشی سێیەم و چوارەمدا زۆر سودی لێ بینراوە. هەروەها چەند ژمارەیەکی بڵاوکراوەی (شؤون ترکیة) بەکار هێنراوە کە نووسەر ئامادەی کردووە و لەلایەن (ناوەندی توێژینەوەی ستراتیژی و لێکۆڵینەوە و بە بەڵگەنامەکردن)ی بەیروتی لوبنان بڵاو کراوەتەوە.

هەندێ سەرچاوە و لێکۆڵینەوەی تریش، کە لەلایەن مێژوونووس و نووسەرانی کوردەوە لەسەر دۆزی کورد لە تورکیا بە شێوەیەکی ئەکادیمی

نووسراون کەڵکیان لێ وەرگیراوە. لەوانەش هەردوو کتێبەکەی د.جەبار قادر، بە ناوی (قضايا كردية معاصرة، كركوك، الانفال، الكرد وتركيا) لە ڕوونکردنەوەی هەندێ پرس، لەوانەش: سەپاندنی دەستوری ساڵی ١٩٨٢ بەسەر گەلانی تورکیا و خستنە ڕووی هەندێ ماددەی ئەو دەستورە سودی لێ بینراوە. کتێبی (چەند بابەتێکی مێژووی کورد) لە باسکردنی بەرهەمەکانی ڕۆشنبیرانی کورد و پەیوەندییەکانی هەردوو حکومەتی تورکیا و عێراق و کاریگەرییان لەسەر گەلی کورد، لە تەك کتێبەکەی تریدا، بەکار هاتووە.

ئەو بەرهەمانەش لە پەراوێزی ئەو توێژینەوەیەدا زۆر دەکەونە بەرچاو بە تایبەت لێکۆڵینەوەکەی د.جاسم تۆفیق خۆشناو(مەسەلەی کورد و یاسای نێودەوڵەتان)، د.حامد محمود عیسی (القضية الكردية في تركيا)، د.عبدوالفتاح علی البوتانی (دراسات ومباحث في تاريخ الكرد والعراق المعاصر)، جۆناتان سی ڕاندڵ (کوردستان یان کلۆڵی نەتەوەیەك)، کریس کۆچێرا (کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستدا) و (بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و هیوای سەربەخۆیی) بەرگی دووەم، کەنداڵ و عەبدولڕەحمان قاسملو و ئەوانی تر (گەلێکی پەژموردە و نیشتیمانی پەرت) لەگەڵ چەند بەرهەمێکی یوسف ابراهيم الجهمانی لەوانەش (اوج آلان، تركيا والاكراد). ژمارەیەکی زۆریش ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و ئەدەبیاتی پارتی کرێکارانی کوردستان بە تایبەت ڕۆژنامەی وڵات بەکار هێنراوە و ڕەچاوی لایەنگیرییان لە نووسینەکانیاندا کراوە و چەند چاوپێکەوتنێکی کەسییش ئەنجام دراون. جگە لەم بەرهەمانەش ژمارەیەکی زۆرتری سەرچاوە بۆ ئامادەکردنی ئەو توێژینەوەیە بەکار هێنراون کە لە لیستی سەرچاوەکاندا بەرچاو دەکەون.

وەك ئاشکرایە هەموو لێکۆڵینەوەیەك کەم تا زۆر دووچاری هەڵەو کەموکوڕی دەبێت، هەڵبەتە لێکۆڵینەوەکەی منیش لەو هەڵەو کەموکوڕیانە بێبەش نەبووە، بە تایبەت نەزانینی زمانی ئینگلیزی و تورکی، لە بەردەممدا، ئاستەنگێکی گەورە بووە، چونکە کۆمەڵێك سەرچاوەی زۆر بە تورکی نووسراون و نەمانتوانیوە، سودیان لێ وەرگرین. گرفتێکی تر پەیوەندیی هەیە بە بەڵگەنامەکانی حکومەتی تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان، کە تا ئێستاش بە شاراوەیی و نهێنی ماونەتەوە و بەردەست نەکەوتوون.

**بەشی یەکەم**

# دۆزی کورد لە تورکیا
# لە دامەزرانی کۆمارەوە تا ساڵی ١٩٨٠

**بەشی یەکەم/ دۆزی کورد لە تورکیا لە دامەزرانی کۆمارەوە تا ساڵی ١٩٨٠:**

**باسی یەکەم/ کورتەیەکی مێژوویی دۆزی کورد لە تورکیا لە ساڵانی (١٩٢٣– ١٩٣٨):**

بارودۆخی گشتیی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ – ١٩١٨) و دەرهاویشتەکانی بوونە هۆی تێکشکان و خۆ بەدەستەوەدانی دەوڵەتی عوسمانی، بەپێی ئاگربەستی (مۆدرۆس) و هەڵاتنی سەرکردەکانی (کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی) بۆ دەرەوەی وڵات. دارمانی دەوڵەتی عوسمانی، زەمینەی لەباری بۆ کورد و گەلانی تری ژێر دەستی ئەو دەوڵەتە ڕەخساند، تا لە بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیان، نزیك ببنەوە. لەم بارودۆخەشدا کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان، لەپێناو بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورددا جارێکی تر کەوتنەوە چالاکی. دیارترینی ئەم ڕێکخراوانەش بریتی بوون لە: کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان و کۆمەڵەی تەعالی کوردستان (کردستان تعالی جمعیتی) و کۆمەڵەی تەشکیلاتی کۆمەلآیەتی (تشکیلاتی اجتماعی جمعیتی)[1]. لە کاتی بەستنی

---

[1] کۆمەڵەی سەربە خۆیی کوردستان بە چەند ناوێکی جیاواز، ناوی هێنراوە، وەك (کۆمیتەی سەربەخۆیی کوردستان، لیژنەی سەربەخۆیی لە قاهیرە، لیژنەی کورد لە قاهیرە، کۆمەڵەی کوردستان لە قاهیرە) و پێش کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٨ بە سەرۆکایەتیی میر (سورەیا بەردخان) لە قاهیرە دامەزراوە، بەلآم بە پێی هەندێك سەرچاوەی مێژوویی، محەممەد عارف پاشای ماردینی سەرۆکی کۆمەڵەکە بووە و میر سورەیا دامەزرێنەر و سکتێری گشتیی کۆمەڵەکە بووە. کۆمەڵەی تەعالی کوردستانیش لە ١٩ی تشرینی دووەمی ١٩١٧ لە ئەستەنبوڵ بە سەرۆکایەتیی شێخ عەبدولقادری نەهری و بە جێگریی ئەمین عالی بەدرخان دامەزراوە و لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩١٨ بە ڕەسمی

کۆنگرەی ئاشتیی پاریس دا (١٩١٩)، ئەم ڕێکخراوانە (جەنەڕاڵ شەریف پاشا)یان ڕاسپارد، کە نوێنەرایەتیی داخوازییەکانی گەلی کورد، بکات[(١)]، بۆ ئەوەی لە دەسەلاتی دەولەتی عوسمانی ڕزگاری بێ و مافە نەتەوەییەکانی خۆی بەدەست بهێنێ[(٢)].

ئەنجامی ئەم کۆنگرەیە پەیماننامەیەك بوو، کە لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠، لە نێوان هاوپەیمانان و دەولەتی عوسمانیدا، مۆرکرا، بە ناوی (پەیمانی سیڤر)[(٣)]. بەندەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤)ی ئەم پەیماننامەیە تایبەتن بە کورد و ئەمە یەکەمین بەلگەنامەی نێودەولەتییە کە دان بە هەندێ لە مافەکانی کورددا دەنێ[(٤)].

---

کۆمەلەکە ڕاگەیەنراوە. کۆمەلەی تەشکیلاتی کۆمەلایەتیش لە ٢٠ی ئایاری ١٩٢٠ دوای پەیدابوونی ناکۆکی، لە نێوان ئەمین عالی بەدرخان، کە سەرۆکایەتیی لایەنی سەربەخۆ خوازانی دەکرد، لەگەل شێخ عەبدولقادر، کە لەگەل ئەوەدابوو کوردستان لەژێر دەسەلاتی دەولەتی عوسمانیدا بمێنێتەوە و مافی خۆ بەڕێوەبردنی خۆجێی بدرێتێ، لەلایەن ئەمین عالی بەدرخانەوە دامەزرا. بڕوانە: علي تتر توفيق، الحياة السياسية في كردستان ١٩٠٨ — ١٩٢٧، ت. تحسين ابراهيم الدوسكي، مطبعة خاني، دار سپيريز للطباعة والنشر، دهوك، ٢٠٠٧، ص١٥٦—١٩٤.

(١) بۆچوونی واش هەیە کە جەنەڕاڵ شەریف پاشا نوێنەرایەتیی هەموو ڕێکخراوەکانی نەکردووە و تەنها بەنوێنەرایەتیی کۆمەلەی تەعالی کوردستانی بەشداریی لەو کۆنگرەیەدا کردووە. بڕوانە: جليلي جليل وآخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، ت.د.عبدی حاجي، ط١، دار الرازي للطباعة والنشر والتوزيع، لبنان—بيروت، ١٩٩٢، ص١٠٤.

(٢) بڕوانە: عبدالفتاح علي يحى البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية، ملاحظات تاريخية ودراسات أولية، ط١، مطبعة وزارة التربية، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠١، ص١٤؛ بلەچ شێرکۆ، کێشەی کورد، مێژینەو ئێستای کورد، و. محەمەد حمەباقی، چ٣، ب.ش، ١٩٩٢، ل٦٣؛ على تتر توفيق، المصدر السابق، ص١٥٦—١٩٤.

(٣) ڕاستترە بلێین (سێڤر) وەك لە زمانی فەرەنسیدا دەوترێت، نەك (سیڤەر).

(٤) بڕوانە: كمال مظهر احمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ت. محمد الملا عبدالكريم، دار افاق عربية للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٤، ص٣٤٤—٣٤٧؛ جاسم تۆفیق خۆشناو، مەسەلەی کورد و یاسای نێودەولەتان، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٥٩—١٦١.

دوابەدوای داگیرکردنی دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن وڵاتە هاوپەیمانەکانەوە، لە ساڵی ١٩١٩ بزووتنەوەی کەمالی (بە ناوی مستەفا کەمال) سەری هەڵدا و زۆربەی خاکی تورکیای ئەوڕۆی گرتەوە و هەندێ دەوروبەری کوردیش پشتیوانییان لە خەباتی کەمالییەکان کرد و ژمارەیەکیان لە کۆنگرەی ئەرزەڕۆم لە تەمموزی ١٩١٩ بە مەبەستی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی گەلی کورد، بەشدارییان کرد[١]، بەڵام ئەم کۆنگرەیە، ڕایگەیاند: "ویلایەتەکانی ئەرزەڕۆم و سیواس و دیاربەکر و خەربوت و وان و بتلیس بەشێکی دانەبڕاون لە دەوڵەتی عوسمانی و ناکرێت جیا بکرێنەوە و دابەش بکرێن لەژێر هیچ بڕوبیانوویەك..." [٢]. دواتریش کۆنگرەی سیواس، کە لە ئەیلولی ١٩١٩ بەسترا، کەمالییەکان خۆیان لە مافی نەتەوەکان (بە تایبەتی گەلی کورد) لادا و بڕیارەکانی هەردوو کۆنگرەش بوونە بنچینەیەك بۆ (پەیماننامەی نەتەوەیی)[٣]. ئەنجومەنی نوێنەرانیش لە کانوونی دووەمی ١٩٢٠ بڕیاری لەسەر دا و تیایدا دان بە مافەکانی کورددا نەنرا[٤].

جوڵانەوەی کەمالییەکان هەر لە سەرەتاوە دژ بە جوڵانەوەی کورد و دامەزراندن و پێکهێنانی هەر کۆڕ و کۆمەڵێکی کوردی بوو. لە ساڵی ١٩١٩ یانەی دیاربەکریان داخست و بە توندی ڕاپەڕینی (قۆچگیری)یان لە ساڵی ١٩٢١ سەرکوتکرد[٥].

---

[١] عبدالرحمان قاسملو، کوردستان و کورد، لێکۆڵینەیەکی سیاسیی و ئابووری، و. عبدالله حسن زادە، ب.ش، ١٩٧٣، ل٥٣.

[٢] جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص١٠٥-١٠٦.

[٣] بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی بەندەکانی پەیماننامەی نەتەوەیی بڕوانە: احمد نوری النعيمي، الحياة السياسية في تركيا الحديثة (١٩١٩-١٩٣٧)، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٩٠، ص٢٠-٢١.

[٤] بڕوانە: جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص١٠٥-١٠٦.

[٥] ئەم ڕاپەڕینە لەلایەن کۆمەڵەی تەعالی کوردستانەوە سەرپەرشتی دەکرا، کە دوابەدوای شکستی جوڵانەوەی مەلاتیە، لە ساڵی ١٩٢٠دا بەرپابوو. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: هانز-لۆکاس کییسێر، ڕاپەڕینی کوردە عەلەوییەکانی دەرسیم (١٩١٩ - ١٩٢١ قۆچگیری)، و. نەجاتی عەبدوڵڵا، چ٢، چاپخانەی شڤان، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦.

کورد، کە بەشداری لە جەنگی ڕزگاری تورکیادا کرد[1]، بەو ئامانجەی بەڵێنەکەی مستەفا کەمال (وەك برا لەگەڵ تورکەکاندا بژین) دەیانگەیەنێت بە مافەکانی خۆیان، بەڵام دوای سێ مانگ لە سەرکەوتنیان لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩٢٢، مستەفا کەمال، لە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکیا Türkiye Büyük) (Millet Meclisi وتی: "ئەو دەوڵەتەی ئێستا لە پێکەوەنانی بووینەوە دەوڵەتی تورکە"[2].

جوڵانەوەی کەمالیەکان دوابەدوای تێکشکاندنی هێزەکانی یۆنان و ڕزگارکردنی تورکیا لە هێزە بیانییەکان لە ساڵی ١٩٢٢ و هەڵوەشاندنەوەی سەڵتەنەت، لە تشرینی دووەمی ١٩٢٢ [3]، (پەیماننامەی لۆزان)یان لەگەڵ وڵاتە هاوپەیمانەکاندا، لە ٢٤ی تەمموزی ١٩٢٣ مۆر کرد، کە بە هیچ شێوەیەك باسی مافەکانی کوردی تێدا نەکرابوو. ئەو بەندانەشی کە باسی کەمینەکان دەکەن (٣٧-٤٤) تایبەتن بە کەمینە ئایینییە ناموسڵمانەکان (بە بێ ناوبرنی هیچ کەمینەیەکی ئایینیی). لە لایەکی تریشەوە لۆزان هەموو مافەکانی گەلی کوردی پوچەڵ کردەوە، کە لە چوارچێوەی پەیمانی (سێڤر)دا دانیان پێدا نرابوو، هەروەها دانی نا بە سەربەخۆیی تورکیا[4]، کە لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٢٣بوو

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی هەڵوێست و بەشداریکردنی کورد لە جەنگی ڕزگاری تورکیادا بڕوانە: حامد محمود عیسى، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط، مكتبة مدبولي، مطبعة اطلس، القاهرة، ١٩٩٢، ص٣٥٧-٣٥٨؛ قادر سليم شمو، موقف الكرد من حرب الاسقلال التركية ١٩١٩-١٩٢٢ط١، مطبعة خاني، دار سبيريز للطباعة والنشر، دهوك، ٢٠٠٨.

(٢) بڕوانە: کەندالّ و ئەوانی تر، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت، کورد و کوردستان، و. لە عەرەبی و فارسییەوە: م. گۆمەیی، لە ئینگلیزییەوە:أ. حەوێزی، ب.چ، سوید، ١٩٩٨، ل١٢٩-١٣٠.

(٣) بڕوانە: یوسف ابراهيم الجهماني، اتاتوركية القرن العشرين، ط١، دار حوران للطباعة والنشر والتوزيع، سوريا-دمشق، ٢٠٠٠، ص١٧-١٩؛ عزيز الحاج، القضية الكردية في العشرينات، ط٢، مطبعة الانتصار، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بغداد، ١٩٨٥، ص١٧.

(٤) بڕوانە: بيار مصطفى سيف الدين، السياسة البريطانية تجاه تركيا وأثرها في كوردستان (١٩٢٣ - ١٩٢٦)، ط١، دار سبيريز للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٤، ص١٤٥-١٥٧؛

بە کۆماری تورکیا بە سەرۆکایەتیی (مستەفا کەمال). لە ئاداری ١٩٢٤یشدا خەلافەتی ئیسلامی هەڵوەشێندرایەوە و دەستورێکی نوێش لە نیسانی هەمان ساڵدا بۆ تورکیا دانرا، کە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکیاوە بڕیاری لەسەر درا[١].

ئەم دەستورە، تەنها باسی لە مافەکانی هاولاَتییانی تورك دەکرد و مافی کورد و میللەتانی تری ناتورکی پشتگوێ خستبوو. بە پێی ماددەی (٢) زمانی تورکی بە زمانی ڕەسمی ولاَت دانراوە و بە پێی ماددەی (٨٨)یش هەموو دانیشتوانی ولاَت بە تورك دادەندرێن[٢].

لێرە بە دواوە قۆناغێکی تر لە مێژووی بزاڤی کورد لە تورکیا دەست پێ دەکات. لە بەرانبەر هەوڵەکانی حکومەتی تورکیا بۆ داخستنی قوتابخانە کوردییەکان و هەنگاونان بۆ سڕینەوەی ناوی کورد لە کتێبە مێژوویی و فەرهەنگەکان و قەدەغەکردنی ڕۆژنامە و چاپکراوە کوردییەکان و بەکارهێنانی وشەی (تورکی چیایی) لەبری ناوی کورد و پەیڕەوکردنی سیاسەتی توانەوەی کورد و گەلێ فاکتەری دی بوونە هۆی بەرپا بوونی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ بە سەرۆکایەتیی شێخ سەعیدی پیران[٣].

---

**Meherdad R. Izady, Kürtler(Bir Al Kitbı), Ç.Cemal Atila, B1, Can ofset, Can Yayinları, Istanbul,2004, S133-134.** چاپە کوردیەکەی: میهردادی ئیزەدی، چەردە باسێك لە بارەی کوردانەوە، و. ئەمین شوان، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلیمانی، ٢٠٠٧،ل١٤١.

(١) ابراهيم خليل احمد وآخرون، تركيا المعاصرة، مركز الدراسات التركية، مدرية دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، ١٩٨٨، ص٢٨.

(٢) بڕوانە: جەبار قادر، چەند بابەتێکی مێژووی کورد، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٠٠. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: اسماعيل بيشكچي، النظام في الاناضول الشرقية، الاسس الاجتماعية – الاقتصادية والبنى القومية، ت. شكور مصطفى، ج٢، ط١، دار ئاراس للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠١، ص١٠٤–١٠٥.

(٣) بڕوانە: ئیحسان نوری بیتلیسی، شۆڕشی نەتەوەیی کورد لە تورکیا، هۆی بایەخی سوپایی–چۆنیەتی لەشکرکێشیو بەڕێوەبردنی، و. م.جەمیل ڕۆژبەیانی، دەزگای

سـەرەتای ئـەم کاردانەوەیـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی دامەزرانـدنی (کۆمەڵەی سەربەخۆی کوردستان)[1]، کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٢ لـە ئـەرزەڕۆم بـە شێوەیەکی نهێنی، بە سەرۆکایەتیی خالید بەگی جبرانلی و یوسف زیای نوێنـەری بدلیس دامەزرا[2]. لە کۆبوونەوەیەکی نهێنیدا لە شاری حەڵەب لە کانوونی یەکەمی ١٩٢٤ بڕیـاری بـەرپاکردنی جوڵانەوەیـەکی چـەکداری لـە ٢١ی ئـاداری ١٩٢٥ لـە کوردسـتان درا لـەژێر سـەرکردایەتیی خالیـد بـەگی جبرانلـی و ئیحـسان نـوری پاشادا[3].

ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کـوردی، زنجـیرەی ژمـارە (٢٩٢)، دار الحريـة للطباعـة، بغـداد، ١٩٩٣، ل١١-٢٢؛ کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین (کامەران مەنتك)، کوردسـتان لـە نێـوان ململانێـی نێودەوڵـەتیی و ناوچـەییدا (١٨٩٠ - ١٩٣٢)، چ١، دەزگـای چـاپ و پەخـشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٢٠٥-٢٠٧.

(1) ئـەم ڕێکخـراوە پێـشی دەوترێـت (ئـازادی) و بۆچـوونی جیـاواز هەیـە دەربـارەی مێـژووی دامەزراندنی و جیاوازە لەو ڕێکخراوەی کە لە ساڵی ١٩١٨، بە هەمان ناوەوە دامەزراوە. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەم ڕێکخراوە بڕوانە: ڕۆبەرت ئۆڵسن، ڕاپـەڕینی شـێخ سـەعیدی پیران، و. ئەبوبەکر خۆشناو، دەزگای چاپ و پەخشی سـەردەم، سـلێمانی، ١٩٩٩، ل٧٩-٨٤ ؛ على تتر توفيق، المصدر السابق، ص٢٣٩-٢٥٦؛ مارتین فان برونسن، ئاغا و شـێخ و دەوڵەت، و. کوردۆ علی،ب٢، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سـلێمانی، ٢٠٠٣، ل٢٨١-٢٨٣.

(2) بڕوانە:

**Nuri Dêrsımı, Kürdıstan Tarihınde Dersim, Can Matbaaçilik, Doz Yaynıları, Istanbul, 2004, s181.**

(3) بڕوانە: صبرية احمد لافي، الاكراد في تركيا، دراسـة سياسـية واقتـصادية واجتماعيـة، سلـسلة الدراسات التركية رقم ٢٢، معهد الدراسات الأسيوية والأفريقية، الجامعة المستنصرية، بغـداد، ١٩٨٥، ص٨٦.

ئـەم کۆمەڵەیـە دەورێکـی گرنگـی بینـی لـە ڕێکخستنی ڕاپـەڕینی ئەفسەرە کوردەکان لە سەربازگەی بەیتوشەباب[١]، کە لە ئەنجامی بەهەڵە لێکدانـەوەی ئـەو تەلە گرافە بوو، کە یوسف زیا بـەگ بـۆ ئەفسەری پلـە یـەك (عـەلی ڕەزا)ی بـرای ناردبووی، بەمەش ڕاپەڕینەکە دەستی پێ کـرد، بـووە هـۆی گیرانـی خالیـد بـەگی جبران و یوسف زیا و چەندانی تر[٢].

دوابەدوای گیرانی هەردوو سەرکردەی کۆمەڵەکە و بزاڤەکە، شـێخ سـەعید لـە پراکتیکدا بووە کەسـی یەکـەم لـە جوڵانەوەکـە و سـەرکردایەتیی ڕاپـەڕینی ساڵی ١٩٢٥ی کرد، کـە بـەر لـەوادەی خـۆی لـە شـوباتی ئـەو سـاڵەدا هەڵگیرسـا و (١٤) ویلایـەتی کوردسـتانی تورکیـای گرتـەوە[٣]، حکومـەتی تورکیـاش بەمەبەسـتی دامرکاندنـەوەی ئـەم ڕاپەڕینـە ژمارەیـەکی زۆر هێـزی بـەکارهێنا و، سـەرەنجام توانیی ڕاپەڕینەکە کپ بکاتەوە و شێخ سەعیدی سەرکردەی ڕاپەڕینەکەش بە دیل بگرێت[٤]. لە حوزەیرانی هەمان ساڵیشدا (دادگای سەربەخۆ لە دیاربەکر) دادگـایی (٤٧) شۆڕشگێڕی کوردی کرد و بڕیاری خنکاندنی بە سەریاندا سـەپاندن و (شـێخ سەعید)ی سەرکردەی ڕاپەڕینەکەش لە پێـشەوەیان، بـۆ ڕۆژی دواتـر حوکمەکـەی جێبەجێ کرا[٥]. ئەمە جگە لەوەی ئەنجامی هێرشی هێزەکانی تورکیـا بـووە هـۆی

---

[١] نـادر ئینتـسار، ئیتنـۆ نەتەوایـەتی کـوردی، و. عـەتا قـەرەداخی، چ١، چـاپخانەی قـانع، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١١٥.

[٢] بڕوانە: قدري جميل باشا، (زنـار سـلوبي)، مـسألة كردسـتان ٦٠عامـا مـن النـضال المـسلح للشعب الكردي ضد العبودية، ط٢، بيروت، ١٩٩٧، ص٩٦.

[٣] بڕوانـە: م.س. لازاريـف وآخـرون، تـأريخ كردسـتان، ت. عبـدي حـاجي، ط١، مطبعـة حجـي هاشم، أربيل، ٢٠٠٦، ص٢١٩. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەم ڕاپەڕینە بڕوانە: كمال مظهر احمد، انتفاضة ١٩٢٥ في كردستان تركيا، ط١، رابطة كـاوا للثقافـة الكرديـة، لبنـان–بـيروت، ٢٠٠١؛ م.ا. حەسـرەتیان، ڕاپـەڕینی کـوردان ١٩٢٥، و. جـەلال دەبـاغ، چ٢، چـاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە، دەزگـای توێژینـەوە و بڵاوکردنـەوەی موکریـانی، هـەولێر، ٢٠٠٦؛ ڕۆبەرت ئۆڵسن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣–١٥٨.

[٤] بڕوانە: بلەچ شێرکۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩.

[٥] بڕوانە: م.س. لازاريف وآخرون، المصدر السابق، ص٢٢١.

خاپووركردنی كوردستان و كوژرانی هەزاران كەسی بێتاوان، كە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون[1].

دوابەدوای سەركوتكردنی ئەم ڕاپەڕینە حكومەتی توركیا دەستی كرد بە گواستنەوەی هۆزە كوردەكان بۆ ناوچەكانی ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ و نیشتەجێكردنی پەنابەرانی توركی بەلقان لە شوێنیان[2]. لەم میانەیەشدا قانونی (١٠٩٧) یان لە ١٦ی حوزەیرانی ١٩٢٧ پەسەند كرد، كە دەسەلاتی بە حكومەت دەدا بۆ گواستنەوەی (١٤٠٠) كەس لەگەڵ (٨٠) خێزان بۆ ولایەتەكانی ڕۆژئاوا[3].

كردەوەكانی حكومەتی توركیا بە مەبەستی لەناوبردن و توانەوەی گەلی كورد بوون لەناو نەتەوەی توركدا. ئەمەش بەرگریكردنی گەلی كوردی لەپێناو گەیشتن بە مافەكانی كز نەكرد، بەڵكو لە ساڵی ١٩٢٧ ڕێكخراوە نەتەوایەتییە كوردییەكان لە كۆمەڵەی (خۆیبوون)دا یەكیان گرت[4]، كە لە كوردەكانی دەرەوەری ولآت پێكهاتبوو. لە ساڵی ١٩٢٧ ئەم كۆمەڵەیە یەكەم كۆنگرەی خۆی لە هاوینەهەواری (بەحەمدون) لە لوبنان بەست[5].

---

[1] بڕوانە: كمال مظهر احمد، المصدر السابق، ص٦٩.

[2] بڕوانە: خليل علي مراد وآخرون، القضية الكردية في تركيا وتأثيرها على دول الجوار، مركز الدراسات التركية، جامعة الموصل، ١٩٩٤، ص٢٩.

[3] بڕوانە: اسماعيل بيشكجي، النظام في ....، ص١٢٦-١٢٧.

[4] خۆیبون لە ئەنجامی یەكگرتنی چەند ڕێكخراوێك پێك هات، لەوانەش (كۆمەڵەی تەعالی كوردستان، كۆمەڵەی تشكیلاتی كۆمەلآیەتی، لیژنەی سەربەخۆیی كوردستان...). بڕوانە: م.س لازاريف وآخرون، المصدر السابق، ص٢٢٦.

[5] بڕوانە: عبدالرحمن قاسملو، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی خۆیبون بڕوانە: ڕۆهات ئالاكۆم، خۆیبون و شۆڕشی ئاگری، و. شوكور مستەفا، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپ وبلاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٠؛ عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨ – ١٩٥٨، ط١، شركة المعرفة للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٩، ص٦٣-٨١؛ نژيار نعمان باجلوري، الحركة القومية الكوردية التحررية في كوردستان تركيا ١٩٢٧ – ١٩٣١، ط١، مطبعة حجي هاشم، دار سبيريز للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠٧، ص٦٥-١٠٤.

خۆیيبون هەوڵی دەدا هەموو هێزە كوردییە پەرت و بڵاوەكان لە چوارچێوەی یەك بەرنامەدا ڕێك بخات و سەرپەرشتی ڕاپەڕینی ئاگری (١٩٢٧–١٩٣٠) كرد. بۆ ئەم مەبەستەش جەنەڕاڵ (ئیحسان نوری پاشا)ی وەك نوێنەری سەربازیی خۆی لە چیای ئاگری (ئارارات) دەستنیشان كرد، كە هێزە چەكدارەكانی كوردی ڕێكخست و بەڕێوەبەرایەتییەكی مەدەنیشی بە سەرۆكایەتیی (ئیبراهیم پاشای حەسكی)[1] پێك هێنا و ڕۆژنامەیەكیشیان بە ناوی (ئاگری)یەوە دەركرد[2].

لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٠دا زۆر ناوچەی كوردی بەدەست شۆڕشگێڕانەوە بوون، بەمەش حكومەتی توركیا، ناچاربوو هێزێكی سەربازیی گەورە ڕەوانەی ئەو ناوچانە بكات، لەژێر سەركردایەتیی (صاڵح پاشا)دا و دوای مانگێك شەڕكردن، ئەم هێزە شكستی هێنا، بەڵام بەهۆی هاوكاریی ئێران، توانییان پشت لە شۆڕشگێڕان بگرن و كردەوە سەربازییەكان بۆ دامركاندنەوەی ڕاپەڕینی ئاگری ساڵی ١٩٢٧، تا كۆتایی ساڵی ١٩٣٠ بەردەوام بكەن. بە پێی زانیارییە ڕەسمییەكانی حكومەتی توركیا ئەو كردەوانە بوونە هۆی كوژرانی زیاتر لە هەزار كەس و سوتانی (٢٠٠) گوندی كوردی لە ناوچەكانی چیای ئاگری[3]. سەرەنجام ڕاپەڕینەكە شكستی هێنا و ئیحسان نوری پاشا و هەندێ لە یاوەرانی ڕایان كرد بۆ ئێران و شۆڕشگێڕەكانی تر دەستگیر كران و بڕیاری لە سێدارە دانیان بۆ دەركرا[4]. دواتر حكومەتی كەمالی قانونی ژمارە (١٨٥٠)ی دەركرد، كە بەپێی ئەم

---

[1] ئیبراهیم پاشای حەسكی، سەرۆكی ناحیەی بۆتی و لە عەشیرەتی هەسە سوریە، لە ساڵی ١٩١٥ لە بایەزید دژی لەشكری ڕوس شەڕی كردووە. پێش هاتنی جەنەڕاڵ ئیحسان، لە چیای ئاگری هێزێكی چەكداری پێكەوەناوە و لە ساڵی ١٩٣٠ دوای شكستی ڕاپەڕینی ئاگری، لەلایەن هێزەكانی ئێرانەوە كوژراوە. بڕوانە:

**Yilmaz Çamlıbel, Gilîdax Bêxwedî Nîn e ,serhildana Çîyayê Agirîyê, Ç1, Barış Matbaa-Mücellit, Weşanên Deng, Istenbol, 2005, S 64-65.**

[2] بڕوانە: قدری جمیل باشا (زنار سلوبی)، المصدر السابق، ص١١٧–١١٨.

[3] بڕوانە: م. س. لازاریف وآخرون، المصدر السابق، ص٢٢٧.

[4] بڕوانە: ڕۆهات ئالاكۆم، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەم ڕاپەڕینە بڕوانە: ئیحسان نوری پاشا، ڕاپەڕینی ئاگری، و. ئەرسەلان بایز، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ب.ش، ١٩٩٥؛ . **Yilmaz Çamlıbel, A.G.E**

قانونه، هەر کردەوەیەك لەلایەن سوپاوە، بەرانبەر دانیشتوانی ناوچەکانی ڕاپەڕین ئەنجام بدرابا، بە تاوان دانەدەنرا[1].

سیاسەتی حکومەتی تورکیا دوای ڕاپەڕینی ئاگری، بریتی بوو لە فشار خستنە سەر کورد، بە تایبەتی لادێنشینەکان و گواستنەوەی بە کۆمەڵیان و دوورخستنەوەی شێخ و ئاغا و سەرۆکهۆزانی کورد لە کوردستان و بە زۆر ڕاپێچکردنی لاوانی کورد بۆ خزمەتی سەربازی لە سوپای تورکیادا[2].

لە ٥ی ئایاری ١٩٣٢ حکومەتی تورکیا قانونێکی دەرکرد بە مەبەستی ڕاگواستنی بە کۆمەڵی کورد لە کوردستانەوە و نیشتەجێ کردنیان لە ناوچەگەلێکدا، کە لە (١٠٪)ی دانیشتوانی ناوچەکە زیاتر پێکنەهێنن[3]. عابدین ئۆیزمەن (**Abidin Özmen**)ی چاودێری گشتیی شارەکانی ڕۆژهەلاتیش (چاودێری گشتیی ناوچەی یەك) ڕاپۆرتێکی خستە ڕوو، کە تیایدا پلانی تواندنەوەی گەلی کوردی دانابوو بە نیشتەجێکردنی تورك لە شوێنیان و قەدەغەکردنی زمانی کوردی و سەپاندنی زمانی تورکی و چەندین کاری تر[4]. لە

---

[1] بڕوانە: ڕۆهات ئالاکۆم، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.

[2] نادر ئینتسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨.

[3] بە پێی ئەم قانونە، کورد لە هەموو مافە سیاسی و ئەتنیکیەکانی بێبەش کرا و تورکیای بەسەر چوار ناوچەدا دابەش کرد، کە سیانیان لە کوردستان بوون، بڕیاردرا یەکێ لەو ناوچانە بە تەواوی لە دانیشتوان چۆڵ بکرێ و بکرێتە ناوچەیەکی قەدەغەکراو. بڕوانە: جەلادەت عالی بەدرخان، لەبارەی کێشەی کوردەوە، سەبارەت بە یاسای دوورخستنەوە و بڵاوەپێکردنی کوردان، و. زریان ڕۆژهەلاتی،چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

[4] عابدین ئۆزمەن ئەم ڕاپۆرتەی بۆ وەزارەتی کاروباری ناوخۆی تورکیا بەرزکردۆتەوە کە لە (٢٣) لاپەڕە پێکهاتووە و تیایدا پێشنیازی ڕاگواستنی کۆمەڵێك تورکی لە ڕۆژئاوای تورکیاوە بۆ ناوچەکانی (وان، دەشتی موش، شارۆچکەی بولانق، مەلازگرد و پارێزگا کوردییەکان) دەکرد، هەروەها، پێشنیازی دوورخستنەوەی منداڵانی کوردی لە ماڵ و دایك و باوکیان و کۆکردنەوەیان لە فێرگەی شەوانەی تایبەتدا دەکرد، بۆ ئەوەی بە گیانێکی تورکانە پەروەردە بکرێن و مافی ئەوەیان نەبێت بەزمانی کوردی قسە بکەن. بۆ خوێندنەوەی تەواوی ڕاپۆرتەکە بڕوانە: عەزیز شەمزینی، جوڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان، و. فەرید ئەسەسەرد، چ٤، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٩١-٢٠١.

٢١ی حوزەیرانی ١٩٣٤یش قانونی ژمارە (٢٥١٠) لەلایـەن ئەنجومـەنی نیـشتمانیی گەورەی تورکیاوە دەرکرا. ئەم قانونە بە ڕووکەش باسی تورکە ڕاگوێزەکراوەکانی بەلقانی کردبوو، بەڵام لە ناوەڕۆکدا دژی کەمە نەتەوایەتییەکان و بـە تایبـەت دژی کورد ئاراستە کرابوو[١].

لە ساڵی ١٩٣٥، ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکیـا، قـانونێکی تایبـەتی بۆ پێکهێنانی ولایەتی دەرسیم دەرکـرد. ئـەم قانونـە، دەسـەڵاتێکی زۆی بـە والی ولایەتەکە دەدا لە ڕووی سەبازی و بەڕێوەبردنەوە و مافی گواستنەوەی دانیشتوانی هەبوو بۆ ناوچەکانی تر و ئەو بڕیارانەی دادگاش دەری دەکردن، بەبێ هیچ جـۆرە پێداچـوونەوەیەك پەسـەند دەکـران[٢]. هـەروەها سـاڵی ١٩٣٦ دوای ئـەوەی دەسـەڵاتدرانی تورکیـا نـاوی (دەرسـیم)یـان گـۆڕی بـۆ (تونجـەلی)، ناوچـەی (بەڕێوەبردنی پشکنینی گشتی چوارەم) بە سەرۆکایەتیی جەنەڕاڵ عەبدوڵڵا ئـەلپ دۆغـان (**Abdullah Alpdoğan**) پێـك هـات، کـە بـارودۆخی نائاسـایی سـەپاند بەسەر ولایەتەکەدا و داوای لە دانیشتوانەکەی کـرد بـڕی (٢٠) هـەزار پارچـە چـەك تەسلیم بکەن، ئەگینا دووچاری سزایەکی توند دەبنەوە[٣]. ئەم جۆرە بەڕێوەبردن و کارگێڕییە توندوتیژەی حکومەتی تورکیـا، سـەرەنجام بـووە هـۆی سـەرهەڵدانی ڕاپـەڕینی دەرسـیم (١٩٣٧-١٩٣٨) بـە ڕێبەرایـەتیی (سـەید ڕەزای دەرسـیم)[٤].

---

[١] ئەم قانونە، تورکیای دابەش دەکرد بۆ سێ هەرێم. هەرێمی یەکەم ئەو ناوچانەی دەگرتەوە، کە کولتوری نەتەوەیی تێدا چڕبووبۆوە. هەرێمی دووەم دەستنیـشانکرابوون بـۆ تێکـەڵاوی نیشتەجێبووەکان و تەرخان کرابوون بۆ ئـەوەی لەگـەڵ کولتـوری تـورکی ڕابـێن. هـەرێمی سـێیەم لەبـەر هۆکارەکـانی (تەندروسـتی، ئـابووری، کولتـوری، سیاسـیی و سـەربازی و ...هتد) نیشتەجێبوون و هاتوچۆی تیادا قەدەغە بوو. بـۆ خوێندنـەوەی تـەواوی قانونەکـە بڕوانە: م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستوریییەکانی تورکیـا و کـورد لـە سـەردەمی نوێـدا، و. دلێر ئەحمەد، چ١، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٤٦-٤٨.

[٢] بڕوانە: خليل علي مراد وآخرون، المصدر السابق، ص٦٨.

[٣] جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص١٨٠.

[٤] ڕۆنیە لۆمبۆرن، کورد گەلێکی بێ وڵات، و: ئەمجەد شاکەلی، سوید، ١٩٩٤، ل٣٣.

حکومەتی تورکیاش بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە هێزێکی نزیکەی (٢٥) هەزار سەربازی تێدا بەکار هێنا، کە بووە هۆی کوژرانی هەزاران کەس و وێرانبوونی گوند و ناوچە کوردییەکان[1]، هەروەها حکومەتی تورکیا توانی سەید ڕەزای سەرکردەی ڕاپەڕینەکە، بە تەڵەی گفتوگۆ کردن لە ئەرزنجان دەستگیر بکات و دادگای سەربازیش لە تشرینی دووەمی ١٩٣٧ لەگەڵ یازدە شۆڕشگێڕی تر، بڕیاری خنکاندنیانی دا[2]. دوابەدوای ئەم ڕووداوەش، ڕاپەڕینی دەرسیم بۆ چەند مانگێك بەردەوام بوو، تا لە تشرینی یەکەمی ١٩٣٨ بە تەواوی دامرکێندرایەوە[3].

لە لایەکی تریشەوە، حکومەتی تورکیا بە هاوکاریی حکومەتی عێراق و ئێران کەوتنە هاوکاری دژ بە گەلی کورد و پڕوپاگەندەی ئەوەیان بڵاو دەکردەوە گوایە ئەم ڕاپەڕینانە بە هانی دەوڵەتانی بیانی ڕوو دەدەن و ترس بۆ هەموویان دێنێتە کایەوە، بۆیە بڕیاریاندا بەیەکەوە کورد سەرکوت بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی ١٩٣٧ پەیمانی (سەعد ئاباد)یان مۆرکرد. ئەم پەیمانە جگە لەوەی سروشتێکی دژە سۆڤیەتی هەبوو، بە شێوەیەکی سەرەکیش دژی جولانەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتیمانی کوردیش بوو[4].

---

[1] بڕوانە: حامد محمود عيسى، المصدر السابق، ص٣٧٠.

[2] بڕوانە: جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص١٨١.

[3] بڕوانە: نادر ئینتسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەم ڕاپەڕینە بڕوانە: کریس کوچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، و. حەمەکەریم عارف، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٥٥–١٦٥؛ کەندال و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣–١٤٤؛ خليل علي مراد وآخرون، المصدر السابق، ص٧٠–٧٩.

[4] ئەم پەیمانە لە نێوان (تورکیا، ئێران، عێراق و ئەفغانستان) لەژێر چاودێری بەریتانیادا مۆرکرا. بڕوانە: عبدالرحمن قاسملو، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢–٧٣.

**باسی دووەم/ پێشهاتە سیاسییەکانی باکووری کوردستان لە جەنگی دووەمی جیهانییەوە تا کۆتایی شەستەکان:**

لە پاش هەرەسهێنانی ڕاپەڕینی دەرسیم، باکووری کوردستان لە بێدەنگییەکی گشتگیردا مایەوە و هیچ جموجۆڵێك بەدی نەکرا. ئەو خوێنڕێژی و پەرتەوازەکردنەی هاووڵاتیان و سپاردنی کاروباری ناوچەکە بە سوپا و دامەزراندنی بنکەی چاودێری، بۆ ئەوە بوو کورد نەتوانێ جارێکی تر پەنا بباتە بەر چەك بۆ خەبات لەپێناو مافە نەتەوەییەکانی خۆیدا[1].

دەسەڵاتدارانی تورکیا لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانی و دوای ئەو شەڕە و هاتنە کایەی سیستەمی فرە حیزبی، ناچار بوون دەست لە سیاسەتی گواستنەوەی بە کۆمەڵی کورد هەڵگرن و هەندێ گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانیاندا بکەن، چونکە بە کۆتاییهاتنی سیستەمی تاکپارتی، دەنگی کورد لە هەڵبژاردنەکاندا سەنگی پەیداکرد و پارتە ڕکابەرەکان، ناچار بوون حیسابی بۆ بکەن. ئەمە دەبێتە دیاردەیەك لە ژیانی سیاسیی تورکیا و باکووری کوردستاندا و لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا باکووری کوردستان وەبیر سیاسەتمەداران دەکەوێتەوە و دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکان هەموو پەیمان و دروشمەکان لەبیر دەچنەوە[2].

لە کانوونی دووەمی ١٩٤٦دا ئەندامە ناڕازییەکانی پارتی گەلی کۆماری (Cumhuriyet Halk Partisi-CHP)[3] بڕیاری دامەزراندنی حیزبێکی نوێیاندا بە ناوی پارتی دیموکرات (Demokrat Partisi-DP) کە بە زوویی دەورێکی گرنگی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تورکیادا بینی[4].

---

(1) کەندالْ و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٩.

(2) بڕوانە: جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص٢١٢.

(3) ئەم حیزبە لەسەر بنچینەی کۆمەڵەی پاراستنی مافی ویلایەتەکان لە ساڵی ١٩٢٣ بە سەرۆکایەتیی مستەفا کەمال دامەزراوە، دوای مردنی مستەفا کەمال لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٣٨، عسمەت ئینەنۆ بوو بە سەرۆکیی حیزبەکە و سەرۆککۆماری تورکیا. بڕونە: ابراهيم خليل احمد وآخرون، المصدر السابق، ص٤١–٤٤.

(4) بەناوبانگترین سەرۆکەکانی ئەم حیزبە (جەلال بایار، عەدنان مەندەریس، فوئاد کۆپەرلو و ڕەفیق کورالتان بوون). ابراهيم خليل احمد، المصدر السابق، ص٤٦.

دیموکراتەکان، چاویان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥٠ بوو، بۆ بەدەستهێنانی دەنگی هەموو ئەوانەی کە لە سیاسەتەکانی پارتی گەلی کۆماریش بێزار بوون، هەندێ باسیان لە ئازادیی مەدەنی و ڕۆڵی شێخ و تەریقەتەکان و خاوکردنەوەی سیاسەتەکان بەرانبەر بە ئایین و بیروباوەڕی ئایینی خەڵك دەکرد، هەروەها هەڵسوکەوتیان بەرانبەر بە ئاغا و دەرەبەگەکان زۆر توند نەبوو، ئەمانە لە ساڵی ١٩٢٣ەوە ئازارێکی زۆریان چەشتبوو، بە دەستی پارتی دەسەڵاتدار. جگە لەمەش، داکۆکییان لە ئازادیی ئابووری (بەتایبەتی ریفۆرمی زەوی) دەکرد[١].

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥٠ شکستهێنانی پارتی گەلی کۆماری بە سەرۆکایەتیی عیسمەت ئینەنۆ (**Ismet Inönü**) و سەرکەوتنی پارتی تازە دروستبوی دیموکرات بوو، کە کوردەکان (بە شێوەیەکی گشتی) دەنگیان پێیدا[٢]. ئەم هەڵوێستەی کوردان، ئەوەندە لە خۆشەویستی بۆ پارتی دیموکراتی و پرۆگرامەکەی نەبوو، ئەوەندەی لەبەرئەوەی پارتی گەلی کۆماری لەناو کورددا مایەی رقو کینە بوو، بەهۆی ئەوەی لە ڕووی نەتەوەییەوە نکوڵیی لە بوونی گەلی کورد دەکرد و زمان و جلوبەرگی کوردی قەدەغە دەکرد و ڕاپەڕینەکانی کوردی بە زۆرداری دادەمرکاندەوە. لە ڕووی ئایینیشەوە تورکیای لە ئیسلام دوورخستۆتەوە و تەریقەتە سۆفییەکانی سەرکوت کردووە و خوێندنگا ئایینییەکانی داخستووە[٣].

---

[١] بڕوانە: دیڤید مەکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، و. ئەبوبەکر خۆشناو، چ. دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٦٤٨–٦٥٧.

[٢] نادر ئینتسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩–١٢٠. لەم هەڵبژاردنەدا، پارتی دیموکرات (٥٣٪)ی دەنگەکانی بەدەست هێنا و (٣٦٩) کورسی لە ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکیادا هێنا، دوای دەستبەردار بوونی عیسمەت ئینەنۆ، (جەلال بایار) بووە سەرۆککۆمار و (عەدنان مەندەریس)یش وەزارەتی نوێی پێك هێنا. احمد نوری النعیمي، السیاسة الخارجیة الترکیة بعد الحرب العالمیة الثانیة، دار الحریة للطباعة، بغداد، ١٩٧٥، ص٨٢.

[٣] بڕوانە: فەرۆز ئەحمەد و ئەوانی تر، تورکیا نەبەرد لەپێناوی مانەوەدا، و. خالد بەکر مەحمود و ئەوانی تر، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٢٦–٢٢٧.

له پرۆگرامی پارتی دیموکراتیشدا، هیچ مافێکی سیاسی و نەتەوەیی تایبەت بە کورد بەدی نەدەکرا، تەنها پارتی دیموکرات لە کاتی هەڵبژاردندا بەڵێنی دابوو، کە هەموو دانیشتوانی وڵات، بە یەك چاو سەیر دەکا و ئەگەر دەسەڵات بگرێتە دەست هەوڵ دەدا ویلایەتەکانی کوردستانی تورکیا ببوژێنێتەوە، بەڵام هەر کە دەسەڵاتی گرتە دەست ئەو بەڵێنانەی لە بیر کرد[1].

لە ٣ی ئابی ١٩٥١، لە ڕێگەی ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکیاوە، قانونێکی نوێی بۆ نیشتەجێبوون، لە بارەی هەموارکردنی ماددەکانی قانونی ژمارە (٥٠٩٨) بە ژمارە (٨٥٢٦) دەرکرد[2]، لەوەش زیاتر حکومەتەکەی مەندەریس لە ساڵی ١٩٥٥ لەگەڵ (عیراق و ئێران و پاکستان)دا پەیماننامەیەکیان بەست، کە ناونرا بە (پەیماننامەی بەغدا)[3]. ئەم پەیماننامەش پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هەبوو بە دۆزی کوردەوە، ڕاستریش سەرکوتکردنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد و هەوڵەکانی لەپێناو سەربەخۆیی و سەربەستی دا، یەکێك بوو لە ئامانجە گرنگەکانی ئەو پەیماننامەیە[4].

---

(١) جبار قادر، قضايا كردية معاصرة، كركوك– الانفال – الكرد وتركيا، ط١، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٦، ص١٦٦.

(٢) بە پێی ئەم قانونە، بڕیار درا بە دامەزراندنی لیژنەیەك کە لە سێ کەس پێك دێت، بە نوێنەرایەتیی وەزارەتەکانی (کشتوکاڵ، گواستنەوە، گەیاندن، تەندروستیو زەمانەتی کۆمەڵایەتی) کە پێویستە لەسەریان ئەو ناوچانە لە هەرێمەکاندا دیاری بکەن کە ترس نایانگرێتەوە (بۆ نمونە تونجەلی، ساسۆن، زیلان..هتد) دەتواندرێت لە کاتی پێویستدا ناوەندی نیشتەجێبوونی لێ دروست بکرێت. بە پێی ئەم قانونە، ئەو کەسانە دەتوانن لەم ناوەندە نیشتەجێییانە بژین کە بە پێی سیستمی ئیداری گوێزراونەتەوە بۆ ولایەتەکانی ڕۆژئاوای تورکیا لە دوای ١ی کانوونی دووەمی ١٩٣٨. واتا دوای ڕاپەڕینەکەی دەرسیم. جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص٢١٤–٢١٥.

(٣) ئەم پەیماننامەیە جێگەی پەیماننامەی سەعد ئابادی ساڵی ١٩٣٧ گرتەوە و دواتر بەریتانیاش هاتە ناو ئەو پەیماننامەیەوە و کارو فەرمانی بەرگریش خرابووە ژێر دەسەڵاتی ئەمریکاوە، دوای دەرچوونی عیراق لێی، دوای شۆڕشی١٤ی تەمموزی ١٩٥٨، ناوی ئەم پەیماننامەیە بوو بە (سەنتۆ). کەنداڵ و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١.

(٤) جبار قادر، قضايا كردية معاصرة...، ص١٩٨.

سەرەڕای هەموو کردەوەکانی حکومەتی تورکیا بۆ لەناوبردن و تواندنەوەی گەلی کورد لەناو نەتەوەی تورکدا، بەلأم خەباتی گەلی کورد، لەپێناو داواکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی، بەردەوام بوو، کە لەم سەردەمەدا زیاتر خۆی لە شێوەی خەباتی ڕۆشنبیریدا دەنواند. سەرەتای ئەم بوژانەوە ڕۆشنبیرییە و بلأو بوونەوەی هەستی نەتەوەییە دەگەڕێتەوە بۆ دوای شۆڕشی تەمموزی (١٩٥٨)ی عیراق و ڕادیۆ کوردیەکەی بەغدا و ڕادیۆی قاهیرە و ئێزگەی یەریڤان، کلّپەو گڕی بیری میلییان لە کوردستانی تورکیادا هەلّگیرساند[١].

لە سالّی ١٩٥٨ (موسا عەنتەر و جانیب یۆلّدرم)، کە لەخوێندەواران و ڕۆشنبیرانی دیاربەکر بوون، هەفتەنامەیەکیان بە ناوی (**Îlerî Yurt**) واتە (نیشتیمانی پێشڤەچوو) دەرکرد، کە بایەخی بە مەسەلە ناوچەییەکان دەدا[٢]، بەلأم حکومەتی تورکیا بە توندی بەرپەرچی ئەم پەرەسەندنە نوێیەی دایەوە. کاتێك لە سالّی ١٩٥٩ (٤٩)[٣] ڕۆشنبیری کوردی بە تۆمەتی ئەنجامدانی چالاکیی ڕۆشنبیری قەدەغەکراو و هەولّی جوداخوازانە دەسگیر کردن و دادگاش بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردا سەپاندن، بەلأم دواتر بە چەند سالّێك زیندانی حوکم دەدرێن و لە سالّی ١٩٦١ ئازاد دەکرێن[٤].

---

[١] کەندالّ و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢.

[٢] کریس کۆچێرا، کورد ...، ل٤٣٥.

[٣] گروپی (٤٩)یەکان لە جولاّنەوەی کوردیدا، یاخود لە ژیانی سیاسیی تورکیدا ڕۆلّێکی بەرچاویان هەبوو کە پێك هاتبوون لە کەسانی وەکو (سەعید ئێلّچی، شەرەفەدین ئێلّچی، نورەدین یلّماز، مەدەت سەرحەد، سەعید قورمزی توپراك (د.شڤان)، جانیب یلّدرم، موسا عەنتەر، یەشار کایا و ناجی کوتلای). بڕوانە: حەمید بۆزئەرسەلان، کوردایەتی و جولاّنەوەی کورد لە ماوەی نێوان ١٨٨٩–٢٠٠٠، گۆڤاری (دۆسێی تورکیا)، ژمارە (٤)، سەنتەری لێکۆلّینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، تشرینی دووەمی ٢٠٠٦، ل٨١.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەلّ یەکێك لە ٤٩ کەسەکە (یەشار کایا)، هەولێر، ١١ی شوباتی ٢٠٠٨.

له ۲۷ی ئایاری ۱۹٦۰ كودەتایەكی سەربازی له توركیا ڕووی دا، كه یەكێك له هۆكاره ڕاگەیاندراوەكانی ئـەم كودەتایـه پەرەسـەندنی دۆزی كـورد و گوایـه خـۆ لێكەڕكردنی حكومەتی بایار و مەندەریس بوو[1].

حكومەتی كودەتاچییەكان، زوو دڵسۆزیی خۆیان بۆ هەمان سیاسەتی پێشوو (بەرانبەر بـه كـورد) ڕاگەیانـد. هـەر لـەو سـاڵەدا (٤٨٥) كوردیـان لـه سـەربازگەی (سیواس)دا بۆ ماوەی چەند مانگێك گرت و (٥٥) كەسیان له خاوەن زەوی و ئاغـا و سەرۆك هۆزەكانی كوردستان، بۆ ناوچـەكانی ڕۆژئـاوای توركیـا، بـۆ مـاوەی (۲) سـاڵ، دوورخـستەوه، كـه زۆربـەیان ئەنـدامی پـارتی دیمـوكرات بـوون[2]. ئەمـەش دوابەدوای دەركردنی قانونی ژماره (۱۰٥) بوو، كه له ۱۷ی تشرینی دووەمی ۱۹٦۰ دەركرا و بەپێی ئەو قانونه ئـەو خێزانـه كوردانـەی مایـەی گومـانی كاربەدەسـتان بوون دەبوایـه بـه زۆره ملـێ، لـه زێـدی خۆیـان، ڕابگـوێزرێن بـۆ ناوچـەكانی تـری

---

[1] ئـەم كودەتایـه لەلایـەن ئەفـسەره باڵاكـانی سـوپاوه، بـه سـەرۆكایەتیی جەنـەڕاڵ (جـەمال گیۆرسـیل) ئـەنجام درا و دەسـتیان گـرت بەسـەر هـەموو دەزگـا حكومیـەكان و بارەگـای سەرۆككۆمار و ماڵی سەركرده دیارەكانی پارتی دیموكرات، هەروەها سـەرۆككۆمار (جـەلال بایـار) و سـەرۆكی حكومـەت (عـەدنان مەنـدەریس) و سـەرۆكی ئەنجومـەنی نیـشتمانیی گـەورەی توركیـا (ڕەفیـق كورالتـان) و ژمارەیـەكی زۆر لـه سـەركردەكانی سـوپا و گـەوره ئەفسەرانی سوپا و پۆلیس لەلایەن كودەتاچیەكانەوه دەسـتگیر كـران. دوای كودەتاكـەش (كۆمیتـەی یـەكێتیی نیـشتیمانی) لـه جەنەڕاڵـەكان سـازكرا. بڕوانـه: ابـراهیم خلیـل احمـد وآخرون، المصدر السابق، ص٥٠؛ یوسف ابراهیم الجهمـاني، اوج آلان، تركیـا والاكـراد، ط١، دار حـوران للطباعـة والنـشر، سـوریا–دمـشق، ۱۹۹۹، ص٣٧. بـۆ زانیـاریی زیـاتر بڕوانـه: عبدالجبار قادر غفور، انقلاب عام ۱۹٦۰ في تركیا (تحلیل دوافعـه الأقتـصادیة والـسیاسیة) ، مجلة (دراسات تركیة)، العدد (۱)، مركز الدراسات التركیة، جامعة الموصل، ۱۹۹۱.

[2] میخائیل م. جونتر، الاكراد ومستقبل تركیا، ت. سعاد محمود ابراهیم خضر، مركز كردسـتان للدراسـات الأسـتراتیجیة، الـسلیمانیة، ۲۰۰۷، ص١٧؛ عبـدالفتاح علـي البوتـاني، دراسـات ومباحـث في تـاریخ الكـورد والعـراق المعاصـر، ط١، مطبعـة حـاجي هاشـم، اربیـل، ۲۰۰۷، ص١٦٩.

توركیا. بەدەر لەمەش بە پێی قانونی ژمارە (١١٤)، کە لە هەمان بەرواردا دەرکرا، (١٢٧) مامۆستا لە زانکۆکانی تورکیا دەرکران بەتۆمەتی کارکردن لەپێناوی کوردستانی سەربەخۆدا[١].

کودەتاچییەکان دەسەڵاتیان لە کۆمیتەی یەکێتیی نیشتیمانی، کە پێکیان هێنا، کۆدەکردەوە. یەکێك لە کارەکانی ئەم کۆمیتەیە، گۆڕینی ناوی ئەو گوند و شارۆچکانە بوو کە ناوی کوردییان هەبوو، بە پێی قانونی ژمارە (١٥٨٧)[٢]. هەروەها لە کانوونی دووەمی ١٩٦١، کۆمیتە، قانونێکی نوێی دانا، بەو پێیە خوێندنگای تایبەت (بە بەشی ناوخۆییەوە) لە ناوچە کوردنشینەکان دامەزران، مەبەست لەم خوێندنگایانەش ئەوەبوو، کە منداڵانی کورد لە کەسوکاریان دابڕێن و بە هەستی تورکچێتی گەورە بکرێن[٣].

لە تشرینی دووەمی ١٩٦١ سەرکردەی کودەتاچییەکان جەنەڕاڵ جەمال گیۆرسیل (**Cemal Gürsel**) کوردەکانی تورکیای ئاگادار کردەوە کە: نە یارمەتی بارزانی بدەن و نە چاو لە ڕاپەرینەکەی ئەو لە کوردستانی عێراقدا بکەن. خۆ ئەگەر یارمەتییاندا، یان چاویان لێکرد، ئەوا هێزی چەکداری تورکیا، بێ دوودڵی، بۆمبارانی شار و لادێکانیان دەکات، تا ئەندازەی تەختکردنیان لەگەڵ زەویدا[٤].

---

[١] جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٥٥-٢٥٦.

[٢] بە پێی ئەم قانونە، ئەو ناوانەی لەگەڵ کولتور و ئاکار و ڕێوشوێنی (نەتەوایەتی)دا ناگونجێن و بە سوکایەتی دەرهەق بە کۆماری دەژمێردرێن، ناتوانن بە شێوەیەکی ئاسایی لە دامودەگاکانی حکومەتدا تۆماریان بکەن. دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩٦.

[٣] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦٢؛ کەندال و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣.

[٤] نووسەر، ساڵی ١٩٦٠ی بۆ ئەم هەڵوێستەی جەمال گێورسیل بەکارهێناوە، بەڵام ساڵەکە بە هەڵە نووسراوە، چونکە لەو ساڵەدا شۆڕشی ئەیلول هەڵنەگیرسابوو، بەڵکو لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ ئەم شۆڕشە هەڵگیرسا. بڕوانە: نادر ئینتسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢١.

له لایـەکی تریـشەوە لـەو ساڵەدا کاتێك کتێبەکـەی محەمـەد شـەریف فـرات (ویلایەتەکانی ڕۆژهەلاَت و مێـژووی وارتـو) چـاپ کرایـەوە، کـە جـەمال گیۆرسـیل خۆی پێشەکی بۆ نووسیبوو، کتێبەکە بانگەشـەی ئـەوەی دەکـرد کـە گـەلی کـورد بوونی نییەو تورکی ڕەسەنن[1]. شایانی باسـە، نووسـەری ئـەم کتێبـە، بـە ڕەگـەز کوردە و بانگەشەی ئـەوەی دەکـرد کـە کـورد، تـورکی ڕەسـەنە. بـە وتـەی دێـرك کینان لە ئاکـامی ئەمـەدا و وەکـو کاردانەوەیـەك لـەدژی ئـەو بۆچـوونانە، لـە ٨ی ئایاری ١٩٦١ کوردەکان لە (ماردین، دێرك، سـیڤەرەك، دیاربـەکر، بـدلیس و وان)، خۆپیـشاندانیان کـرد و دروشمـی ئـەوەیان هـەڵگرتبوو (ئـەوان تـورك نـین، بـەڵکو کـوردن)، هـەروەها داخـوازی ئـەوەیان دەکـرد (حکومـەتی تورکیـا دان بـە مافـە نەتەوەییەکانیاندا بنێت). لە ئەنجامدا لەماردین (١٢١) کوژراو و (٣٥٤) برینـدار و، لە دیاربەکر (١٩٤) کوژراو و (٤٠٠) برینداری لێکەوتەوە[2].

لە درێژەی سیاسەتی دژایەتیکردنی گەلی کورد، لـە سـاڵی ١٩٦٢، کەمالیـستەکان، (دکتـۆر عـەزیز ئۆغلـو)ی کـوردی وەزیـری تەندروسـتی تورکیایـان بـە تـاوانی ئـەوەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی و جوداخوازی بـەهێز کـردووە، ناچـارکرد دەسـت لـەکار بکێشێتەوە[3].

کاتێك دەستوری تازەی تورکیا (کـە لـە ٢٧ی ئایـاری ١٩٦١ دانـرا)، مۆڵـەتی ئازادیی ڕادەربڕین و بلاَوکردنەوە و مافە کۆمەلاَیەتی و ئابووریـەکانی دەدا و دانـی

---

[1] بڕوانـە: اسماعیـل بیـشیکجي، کردسـتان مـستعمرة دولیـة، ت. زهـیر عبـدالملك، دار **APEC** للطباعة والنشر، السوید، ١٩٩٨، ص١٦٠.

[2] درك کینان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠-٤١.

[3] دکتۆر عەزیز ئۆغلۆ لە (پارتی تورکیای نوێ)، بەشدار بوو لە پێکهاتنی کابینەی وەزاری کـە لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٦٢دا، پێکهات، لە ماوەی کورتی دەسەلاَتیدا گرنگیەکی تایبەتی بـە چاککردنی ئاستی تەندروستی لـە کوردسـتانی تورکیـا دا و لـە چـاو هـەموو حکومەتـەکانی پێشوو گەلێك نەخۆشخانەی زیاتری لە کوردستان دروست کرد. نادر ئینتسار، سەرچـاوەی پێشوو، ل١٢٢.

بـه مـاف سـەندیکای کرێکارانـدا دادەنـا[1]، ڕۆشـنبیرانی کـوردیش، جـارێکی دی، هەوڵیاندا، ئەم هەلـە بقۆزنـەوە و چـەند گۆڤـارێکی مانگانـەیان بـە هـەردوو زمـانی کـوردی و تـورکی بلاّوکـردەوە. وەکـو گۆڤـاری ڕۆژانـو، گۆڤـاری (دیجلـە—فـرات، ١٩٦٢—١٩٦٣)، گۆڤـاری (دەنـگ، ١٩٦٣)[2]. هـەروەها سـاڵی ١٩٦٢ هەنـدێ لـە لیبراڵەکان گۆڤارێکیان بە نـاوی (بـارش دنیاسـی— جیهـانی ئاشـتی) دەرکـرد، کـە بەشێك لە لاپەڕەکانی تەرخانکران بۆ نووسینەکانی موسا عەنتەر دەربـارەی زمـان و کولتــور و فۆلکلــۆری کــوردی[3]، بــەڵام لــە هــاوینی ١٩٦٣، سەرنووســەر و نووسەرەکانیان گیران و تۆمەتی شیوعیەت و جوداخوازییان درایە پاڵ[4].

وێڕای ئەو کار و کردەوانەی کەمالیستەکان، خراپبوونی بارودۆخی ئـابووری و کۆمەڵایەتیی باکووری کوردستان و مانەوەی ناوچە کوردییەکان بە دواکەوتوویی و پشتگوێ خراوی، هەروەها سەرهەڵدانی جوڵانەوەی چـەکداری کـورد لـە باشـووری کوردسـتان لـە ئـەیلولی ١٩٦١ دا، بوونـە هـۆی پەرەسـەندنی چـالاکی سیاسـی و نەتــەوەیی کوردەکــان لــە تورکیــا و دامەزرانــدنی ڕێکخــستن و چــڕکردنەوەی چالاکیەکانیان لەناو پارتە چەپەکانی تورکیادا[5].

---

[1] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦٣.

[2] گۆڤـاری (دیجلـە — فـرات) لەلایـەن موسـا عەنتـەرەوە دەرکـرا، کـە هەشـت ژمـارەی لـێ بلاّوکرایەوە، گۆڤاری (دەنگ)یـش لەلایـەن یەشـار کایـا و مـەدەت سـەرحەد بلاّوکرایـەوە و دوای گیرانی سەرحەدیش ژمـارە سـێی لـێ بلاّوکرایـەوە و دواتـر گۆڤارەکـە ڕاگـیرا. بڕوانـە دیڤیـد مەکـداول، سەرچـاوەی پێـشوو، ل٦٦٣؛ جلیلـي جلیـل وآخـرون، المـصدر الـسابق، ص٢٥٦—٢٥٧.

[3] ئەم گۆڤارە، ئەحمەد حەمدی سەرۆکی بەڕێوەبردنی بوو کە یەکێك بـوو لـە کۆنـە هـاوەڵانی مستەفا کەمال. کەندالّ و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٤.

[4] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦٣.

[5] بڕوانـە: سـعد نـاجي جـواد، دراسـات في المـسألة القوميـة الكرديـة، ط١، دار العربيـة للعلـوم، بيروت، ٢٠٠٥، ص٢٤—٢٦.

له ساڵی ١٩٦٣ بەدواوە، بەشێکی زۆری کورد، بە تایبەت ڕۆشـنبیرانی کـورد، دەچنە ناو (پارتی کرێکارانی تورکیا)(Turkıye İşçi Partisi–TİP)[١] و چالاکانە کاردەکەن. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی١٩٦٥ بۆ پەرلەمان، (١٥) کاندیدی ئـەم پارتـە دەردەچـن، کـە چـواریان کـوردن و (دکتـۆر تـاریق ئیکینجـی) نوێنـەری دیاربـەکر لەنێویانـدا بـوو. پاشـان لـە سـالأنی (١٩٦٨ – ١٩٦٩) بـوو بـە سـکرتێری گـشتی پارتەکەو ساڵی ١٩٦٩ محەمەد عەلی ئەسلأن (کە کورد بوو)، بوو بە ڕێبـەری ئـەم پارتـە[٢]. هـەر لـەو ماوەیـەدا،پارت و ڕێکخـراوی تایبـەت بـە کـورد و کوردسـتان دادەمەزرێن.

لـە سـاڵی ١٩٦٥ پـارتێکی کـوردی لـەو جـۆرە، بـە نـاوی (پـارتی دیمـوکراتی کوردستانی تورکیا) بـە سـەرۆکایەتیی (فـایق بوجـاك) دامـەزرا، کـە دوای هەشـت مانگ لەدامەزراندنی پارتەکـە، (فایـەق بوجـاك) دەکـوژرێ و گـەلێ کـەس، وای بـۆ دەچـن کـە دەوڵـەت و هێـزە شـاراوەکانی بۆخۆیـان کوشـتوویانە، دوای ئـەوە، (سەعید ئێلچی) سەرکردایەتیی پارتەکە دەگرێتە دەسـت[٣]. ئەمـە لەکاتێکـدا، بـە پێی ماددەکانی (٨٩، ٩٠) لـە قـانونی پارتـە سیاسـییەکان، ژمـارە (٦٤٨) کـە لـە تەمموزی ١٩٦٥ وەرگیرا، ڕێگە لە دامەزراندنی هەموو پارتێکی نەتـەوەیی دەگـرێ کە پارێزگـاری لـە بەرژەوەنـدیی کەمـە نەتەوایەتییـەکان بکـات، یـان کـار لـەپێناو بەخـشینی مـافی ئۆتۆنـۆمی (خۆبـەڕێوەبردن)دا بکـات، لـە هـەر ناوچـەیەك لـە ناوچەکانی وڵات[٤].

---

[١] پارتی کرێکارانی تورکیا، لە شوباتی ١٩٦١ دامەزراوە و لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٢ (محەمـەد عەلی ئـەیبار) بـە سـەرۆکی گشتی ئـەم پارتـە هەڵبـژێردرا. بڕوانـە: مجموعـة مـن البـاحثين السوفيت، تاريخ تركيا المعاصر، ت. هاشم صالح التكريتي، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، مـن منـشورات مكتـب الفكـر والتوعيـة في الاتحـاد الـوطني الكردسـتاني، سـليمانية، ٢٠٠٧، ص٤٠٣–٤٠٥.

[٢] کریس کۆچێرا، کورد ....، ل٤٣٧.

[٣] فەروز ئەحمـەد و ئـەوانی تـر، سەرچـاوەی پێـشوو، ل٢٣٨. بڕوانـە: هـەمان بـەش و باسـی سێیەم.

[٤] جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٦٢.

وێڕای ئەو گوشارانەی کە لە شەستەکاندا پەیڕەو دەکران، کوردەکان هەروەك پێشوو بە زمانی کوردی یان تورکی درێژەیان بە بابەتی پەیوەست بە کولتوری کوردی دەدا[1]. لە ساڵی ١٩٦٦ یەکەمین ڕۆژنامەی سۆسیالیستیی کوردی، لە ئەنقەرە بە ناوی ڕێبازی نوێ (**Yeni Akış**) دەرکرا، کە (محەمەد عەلی ئەسلان) بەڕێوەبەری نووسینی بوو، هەروەها (محەمەد ئەمین بۆز ئەرسەلان)یش پەرتوکێکی لەژێر ناوی کێشەکانی ڕۆژهەڵات (**Doğu'nun Sorunları**) بڵاوکردەوە[2]. موسا عەنتەریش لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٧ فەرهەنگێکی (کوردی – تورکی) بڵاو کردەوە، (محەمەد ئەمین بۆز ئەرسەلان)یش کتێبی دەرسی سەرەتایی (ئەلف بێی کوردی) و (مەم و زین)ی وەرگێڕا، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٩ بەو هۆیەوە گیرا[3]. لە هەمووشی گرنگتر، دوو پەرتوکە کۆمەڵایەتییەکەی کۆمەڵناسی تورك (ئیسماعیل بێشکچی) بوو، بە ناوی (گۆڕانکاری و دۆزەکانی ڕۆژهەڵات: هۆزی کۆچەری عەلیکان) کە لە ساڵی ١٩٦٩ بڵاوی کردەوە و تێزی دکتۆراکەیەتی. لەگەڵ پەرتوکی (دۆزی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ: بناغە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەتنیکییەکان)[4].

---

(1) دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦٨.

(2) بڕوانە: وصال نجیب عارف العزاوي، القضیة الكردیة في تركیا (دراسة في التطور السیاسي للقضیة الكردیة منذ بدایتها وحتى عام ١٩٩٣)، اطروحة دكتورا (غیر منشورة)، كلیة العلوم السیاسیة، جامعة بغداد، ١٩٩٤، ص١١٨.

(3) دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦٨. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی کتێبەکەی محمد ئەمین بۆز ئەرسەلان، بڕوانە: جەبار قادر، چەند بابەتێکی... ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠–١٢٢.

(4) ئیسماعیل بێشکچی، دوای بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمانەی دوای کودەتای ١٢ی ئاداری ١٩٧١، دەستگیر کرا، بەڵام دوای لێبوردنی گشتی ئەو ساڵە، ئازادکرا و چەندین بەرهەمی بڵاوکردەوە، وەکو کتێبی (میتۆدی زانست) لە ساڵی ١٩٧٦ و دواتریش زنجیرەیەکی تایبەتی، لەژێر ناوی (پیادەکردنی تورکیانەی میتۆدی زانست) بڵاوکردەوە کە کتێبی یەکەمی ئەو زنجیرەیە، بە ناوی (نیشتەجێکردنی زۆرەملێی کوردان) بوو لە ساڵی ١٩٧٧دا و دووەمین کتێبیشی بە ناوی (تێزی تورکی بۆ مێژوو:تیۆری زمانی خۆر و دۆزی کورد) و کتێبی سێیەمیشی بە ناوی (پرۆگرامە کۆمەڵە–فرقە–ی گەلی کۆماری ساڵی ١٩٢٧ و

بۆ بەرپەرچدانەوەی چالاکیەکانی گەلی کورد و لەپێناو درێژەدان بە سیاسەتی چەوساندنەوە، حکومەتی تورکیا، لە شوباتی ١٩٦٧، قـانونی ژمـارە (٧٦٣٥/٦)ی دەرکرد، کە بەو پێیە، زمانی کوردی بە تەواوی قەدەغەکرا[١].

لە لایەکی تریشەوە، حکومەتی تورکیا، لە ڕێی ڕاگەیاندنەوە، دەستی کرد بـە هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەکردن، دژ بە گەلی کورد و وروژاندنی ڕای گشتیی تورکیا[٢]. لەم میانەیەشدا، ڕۆژنامەی (ئوتوکێن) دوای ئەوەی لە نیسان و حـوزەیرانی ١٩٦٧ وتارێکی پڕ لە هێرشی دژ بە کـورد بڵاوکـردەوە، بـووە هـۆی کاردانـەوەی کـورد و ژمارەیەك کورد لە (یەکێتییەکانی کرێکارانی شۆڕشگێڕ– DISK–) کە لەو ساڵەدا دامەزرا و پارتی کرێکـارانی تورکیـا و ئەنجومەنـەکانی خوێنـدکاران لـە ٣١ی ئـابی ١٩٦٧ خۆپیشاندانێکی سەرانسەری لە کوردستان بەرپاکرا. لـە سـیلڤان زیـاتر لـە (١٠) هەزار کەس و لە دیاربەکریش زیاتر لە (٢٥) هـەزار کـەس لـەپێناو داواکردنـی مافە نەتەوایەتیەکانیان بەشدارییان تێدا کرد[٣].

لە کۆتایی شەستەکانیشدا، نە تەنها هۆشیاریی نەتەوایەتی لەنێو کوردەکـان، بـــەڵکو هۆشـــیاریی سیاســـیش پـــەرەی ســـەندبوو. وەك ئـــەو کۆبوونـــەوە و

---

مەسەلەی کورد) بوو کە لە ساڵی ١٩٧٨، بـڵاوی کـردەوە، کتێبـی چوارەمیـشی، بـە نـاوی (زاگۆنی تونجیلی ساڵی ١٩٣٥ و جینۆسایدی دەرسیم)بوو. بێشکچی لەسەر ئـەو کتێبانـەی ساڵی ١٩٧٩، گیرایەوە و پێش کودەتای سـاڵی ١٩٨٠ بـەردرا، بـەڵام سـاڵی ١٩٨١، بـەهۆی نامەیەکەیەوە کە لە زیندانی (تۆپ تـاش)ەوە بـۆ سـەرۆکی یـەکێتیی نووسـەرانی سویـسرا نووسیبووی، شەش ساڵی تر، زیندانی کرایـەوە، تـا لـە سـاڵی ١٩٨٧، بـەردرا، بـەڵام دوای ماوەیەکی کەم، زیندانی کرایەوە، لەسەر گفتوگۆیـەك کـە بـۆ گۆڤـاری ئوێزگـویر گێلەجـەك (Özgür Gelecek) کردبـووی و داکـۆکی لـە مافـە ئیتنیکییـەکانی کـورد کردبـوو. بڕوانـە: جەبار قادر، چەند بابەتێکی...، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤–٣٠.

(١) بڕوانـە: گۆینتــەر دێـشنەر، کـورد گـەلی لـە خـشتەبراوی غـەدر لێکـراو، و.بـۆ عـەرەبی: عەبدولسەلام بەرواری، و بۆ کوردی حەمە کەریم عارف، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١٢٥.

(٢) بڕوانە: وصال نجيب عارف العزاوي، القضية الكردية...، ص١١٩.

(٣) بڕوانە: کریس کۆچێرا، کورد ...، ل٤٣٨–٤٣٩.

خۆپیشاندانانەی لە ساڵانی (١٩٦٨– ١٩٦٩) لـە شـارەکانی (هیلفـان، سـیڤەرەك، دێرك، قزڵتەپە، سیلڤان، عێنتاب، مەڵاتیە، دیاربەکرو هەنـدێ شـاری تـر) لـەپێناو داواکارییـــە نەتەوایەتییـــەکان و داواکارییـــان بـــۆ بڵاوکردنـــەوەی دەســـتورێکی دیمـــوکراتی، لـــە ژیـــانی سیاســـی و کۆمەڵایـــەتی و ڕۆشـــنبیری و نەتەوایەتیـــدا، سازکران[1]. ئەمەش سەرەتای ڕێکخستنی چالاکییە سیاسییەکانیان بوو.

## باسی سێیەم/ بارودۆخی باکووری کوردستان لە حەفتاکاندا و دامەزراندنی پارت و ڕێکخستنە سیاسییە کوردییەکان:

### یەکەم/ بارودۆخی باکووری کوردستان لە حەفتاکاندا:

مـــاوەی نێـــوان ســـاڵانی (١٩٦٩ – ١٩٧١) تورکیـــا، دووچـــاری پەشـــێوی و نائارامییەکی توند هاتبوو، کوردەکـان، زیـاتر لایـەنگرییان لـە چـەپەکان دەکـرد و پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵیاندا هەبوو[2].

ئەم پەیوەندییە، گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە پارتی کرێکارانی تورکیا، لە سـاڵی ١٩٧٠، لە کۆنگرەی چوارەمیدا، بۆ یەکەمجار، دان بە بـوونی گـەلی کـورددا بنـێ و ڕایگەیاند "گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی تورکیادا هەیە". ئەم ڕاگەیاندنەش بووە هۆی ئەوەی حکومەتی تورکیا، بە پارتێکی نایاسـایی لـە قەڵـەمی بـدا و سـەرکردەکانی دادگایی بکرێن[3].

لەم ماوەیەیەدا، گروپی ڕاست و چەپی تورکیا دووچـاری پێکـدادان بوونـەوە. گروپـــی گورگـــە بۆرەکـــان (**Bozkurtlar**)، کـــە کۆمانـــدۆی چـــەکداری پـــارتی

---

[1] بڕوانە: جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٦١؛ صـلاح سـعدالله، المـسألة الكرديـة في تركيا، مرحلة جديدة، ط٢، د.م، د.س، ص٢٣.

[2] فەروز ئەحمەد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٥.

[3] بڕوانە: مجيد جعفر، كردستان– تركيا، دراسة اقتصادية اجتماعية سياسية في تحـت التخلـف الاستعماري، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، سليمانية، ٢٠٠٦، ص٣١١–٣١٢.

بزووتنـــەوەی نەتـــەوەیی (Milliyetçi Hereket Partisi– MHP)[1] بـــە سەرۆکایەتیی ئەلپ ئەرسلان تورکەش (Alparslan Türkeş)بوون و لـە کۆتـایی شەســـتەکاندا چـــەند کردەوەیـــەکی تیرۆریـــستییان بـــۆ ســـەر ڕۆشـــنبیران و سیاسەتمەدارانی کورد و گروپە چەپەکان ئەنجام دا بوو[2]. دوای ئـەم کردەوانـەش چەپی توندڕەوی تورکیا، بڕیاریدا خـەباتی چـەکداری بکـات[3]. دوو گروپـی تـازە دروستبووی تورك، بەرەی– پارتی ڕزگـاریخوازی گـەلی تورکیـا ( Türkiye Halk Kurtuluş Partisi– Cephesi) بـە سـەرۆکایەتیی مـاهیر چـایان (Mahir Çayan) و لەشـکری ڕزگـاریخوازی گـەلی تورکیـا ( Türkiye Halk Kurtuluş Ordusu) بە سەرۆکایەتیی دێنیز گەزمیش (Deniz Gezmiş) لـە سـاڵی ١٩٧١دا هێرشیان کردە سـەر بانکـەکان و سـەربازانی ئـەمریکایان لـە تورکیـادا بـە بارمتـە گرتن[4].

دوای خراپبوونی بارودۆخ لە ١٢ی ئاداری ١٩٧١، دووەمین کودەتای سەربازی لە تورکیادا ڕوویـدا.[5] وەزیـری نـاوخۆی تورکیـا، ڕایگەیانـد سـێ هـۆ بوونـە هـۆی

---

[1] ئەم پارتە، لە ساڵی ١٩٦٥، بە سەرۆکایەتیی (ئەلپ ئەرسلان تورکەش)ی یەکێك لە ڕابەرانی کودەتای ئایاری ١٩٦٠، لە کەسانی ڕاستڕەوی نەتەوەیی، لەسەر بناغـەی (پـارتی کۆمـاری نەتـەوەیی جوتیـاران (CKOP) دامەزرانـد، یـەکێك لـە دروشمـەکانی بـریتی بـوو لـە: (دامەزرانـدنی دەوڵەتێکـی تـورکی هاوڕەگـەز، کـە دەبێـت دروسـتکردنی ئیمپراتۆریـەتێکی تـورکی، لـە ئەدریاتیکـەوە بـۆ چـین لەبەرچـاو بگرێـت... )، بڕوانـە: حەمیـد بۆزئەرسـلان، مێـژووی تورکیـای هاوچـەرخ، و.نـەجاتی عەبـدوڵڵا، چ١، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٠٣؛ کەندال و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١–١٨٢.

[2] بڕوانە: ئیـسماعیل بێشکـچی، سـی و سـێ گوللـە، و. ئاسـۆس هـەردی، ئۆفـسێتی دەزگـای سەردەم، ب.ش، ١٩٩٩، ل٣٧١–٣٧٢.

[3] حەمید بۆزئەرسلان، مێژووی...، ١٠٣.

[4] دیڤید مەکداول، سەرچـاوەی پێـشوو، ل٦٧١؛ کەنـداڵ و ئـەوانی تـر، سەرچـاوەی پێـشوو، ل١٨٧.

[5] ئەم کودەتایـە لەلایـەن جەنەڕاڵـەکانی سـوپای تورکیـاوە، ئـەنجام درا، بەمـەش حکومـەتی حیزبی عەدالەت بە سەرۆکایەتیی (سلیمان دێمیرێـل) ناچـار بـە وازهێنـان کـراو حکومـەتی تازە لە (١٩٧١/٣/٢٦) بە سەرۆکایەتیی (نیهاد ئیرم) پێکهات. بڕوانە: ابراهیم خلیل احمد، المصدر السابق، ص٦٠–٦١.

ئەنجامـدانی کودەتـا، ئـەوانیش: دەرکـەوتنی چـەپی تونـدڕەو، وەسـتانەوە دژی ڕاستڕەوی توندڕەو، بە وتەی خۆیان کێشەی "جوداخـوازی "بـاکووری کوردسـتان بوون. بە پێی ڕاگەیاندنی وەزیری ناوخۆ، بڕێکی زۆر چەك و تەقەمەنی لە باکووری کوردسـتان دۆزرابـۆوە و ئـەو مـەلا مـستەفای بـارزانی بـەوە تۆمـەتبار کـرد کـە یارمەتیی "جوداخوازان" دەدات[1]. ئەم ڕاگەیاندنەی وەزیـری نـاوخۆش، مەترسـی تورکیا لە بەرەوپێشچوونی دۆزی کورد لە باشووری کوردستاندا پیشان دەدات، بە تایبەتی دوای بەدەستهێنانی مافی خۆبـەڕێوەبردن بـە پێـی ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، دەسەلاَتدارانی ئەو وڵاتە لە کاردانەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیـە لـەناو کوردەکانی باکووری کوردستاندا کەوتبوونە ترسەوە[2].

دوای کودەتـا، دەسـەلاَتی سـەربازی لـە ٦٧ ویلایەتەکـەی تورکیـا لـە ١٢ ویلایەتی تورکیا و زانکۆ گەورەکان و لە ئامەد و سێرت باری نائاسـایی ڕاگەیانـد، هـەروەها دەسـتی بـە هەڵمـەتێکی فراوانـی سـەرکوتکاری دژ بـە هێـزە چـەپ و کوردییەکان کرد و هەزاران کوردیان لە ئامەد و سلیڤان و ناوچەکانی تری باکووری کوردسـتان گـرت، کـە ژمارەیـەکیان ئەنـدامی (یانـەکانی کولتـوری شۆڕشـگێڕی ڕۆژهـەلاَت – DDKO) و پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی تورکیـا و نوێنـەرانی ڕۆشنبیری کوردی بـوون و بـە تـاوانی هەوڵـدان بـۆ دامەزرانـدنی دەوڵـەتی کـوردی سەربەخۆ دادگایی کردن[3].

دەسەلاَتی سـەربازی لـە تورکیـادا مایـەوە تـاوەکو سـاڵی ١٩٧٣ هەڵبـژاردنی گشتی لە تورکیا ئەنجام درا و حکومەتی هاوبەش لـە نێـوان پـارتی گـەلی کۆمـاری

---

[1] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧١.

[2] سامی شـۆڕش، تورکیـا و ئـەوروپا، کـورد لـەو بازنەیـەدا، چ١، چـاپخانەی خـانی، دەزگـای توێژینەوە و بلاَوکردنەوەی موکریانی، هەولێر،٢٠٠٧، ل٤٧.

[3] لەناو دەستگیرکراوانی چینی ڕۆشنبیری کورد، کەسانی وەك: (تاریق زیـا ئـاکینجی، جانیـب یلْدرم، موسا عەنتـەر، کـەمال بورقـای، نـاجی قـوتلای، م. ئـەمین بـۆز ئەرسـەلان، یوسـف ئیلینجی و کۆمەڵناسی تورك ئیسماعیل بێشکچی) هەبوون. بڕوانە: جليلي جليـل وآخـرون، المصدر السابق، ص٢٦٨-٢٦٩؛ دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧١.

(بـە سـەرۆکایەتیی بولـەنت ئەجەویـد) (Bülent Ecevit) و پـارتی ڕزگـاریی نیشتیمانی (Milli Selamet Partisi)[1] ئیسلامی (بـە سـەرۆکایەتیی نەجمـەدین ئەربەکان) پێکهات و لـە تـەممووزی ١٩٧٤ لێبـوردنێکی گشتی دەرکرا و بەمـەش خەباتکارانی چەپ و ژمارەیەکی زۆر لە زیندانییە سیاسییەکانی کورد، ئـازاد کـران و سەر لەنوێ، ژیـانی سیاسـیی کـورد لـە تورکیـادا، دەسـتی پـێ کـردەوە[2]، کـە لەپێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتیەکانی کورد دەستیان بە خەبات کرد و خۆیـان لە (پـارتی سۆسیالیـستی کوردسـتانی تورکیـا-PSKT) و کۆمەڵـە سیاسـییەکانی (ڕزگاری، ئاڵای ڕزگـاری، کـاوە، کـوک و ئـەوانی تـر)دا دەبینیـەوە وەك لـە باسـی داهاتوودا باسیان دەکەین[3].

لە تشرینی دووەمی ١٩٧٤دا، دوای ئەوەی ئەجەوید بە بیانووی ڕێگە گرتن لە لەناوبردنی تورکەکانی قوبرس، هێرشی کردە سەر قـوبرس، هاوپـەیمانێتیی نێـوان ئەجەوید و ئەربەکان هەڵوەشایەوە و حکومـەتی کـاتی سـەعدی ئیرمـەك ( Saadi Irmak) لە (١٧ی تشرینی دووەم– ٣١ی ئاداری ١٩٧٥) پێکهات و دواتر سـلێمان دێمیرێـل (Süleyman Demirel) دەسـەڵاتی گرتـەوە دەسـت، دوای ئـەوەی

---

[1] ئـەم پارتـە، لـە کـانوونی دووەمـی ١٩٧٠دا، لەلایـەن (دکتـۆر نەجمـەدین ئەربـەکان)ەوە دامـەزراوە، کـە ناسـراوە بـەوەی سـەر بـەڕەوتی ئیـسلامییە و دژایـەتی دێمیرێـل دەکـات، ڕۆژنامەی میللی گازێت (Milli Gazet) بە شێوەیەکی نارەسمی، بـە زمانحـاڵی ئـەم پارتـە دانراوە. ئەو لایەنانەی کە بیردۆزەکەی تێدا چڕ دەکردەوە، ئەوەبوو کە: (وڵات ڕووبـەڕووی هێرشێکی ئیمپریالیزمی و کۆمۆنیستی دەبێتەوە، کە دەیەوێ دژی بیروبـاوەڕی پێکهێنـانی دەوڵەتێکی دیـنی بوەسـتێتەوە). لـە هەڵبـژاردنی حـوزەیرانی ١٩٧٧دا، ئـەم پارتـە تـوانی (٨٪)ی دەنگەکان بەدەست بهێنێ... بڕوانە: ابراهیم خلیل احمد وآخرون، المصدر السابق، ص١٧٥–١٧٦.

[2] یوسف ابراهیم الجهماني، اتاتورکیة...، ص٤٨–٤٩؛ وصـال نجیـب عـارف العـزاوي، القـضیة الکردیة...، ص١٤٦؛ حەمید بۆزئەرسلان، مێژووی ....، ل١٠٨–١٠٩.

[3] جبار قادر، قضایا کردیة معاصرة...، المصدر السابق، ص١٧٤.

بەرەیەك بە ناوی (بەرەی نەتەوەیی) لە نێوان ئەو و نەجمەدین ئەربەکان و ئەلپ ئەرسەلان تورکەش پێکهات[1].

لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە توندوتیژی و هەڵمەتی گروپەکانی ڕاست، بە تایبەتی گروپی گورگە بۆرەکان بۆ سەر چەپەکان لە لادێ و شارەکاندا زۆرتر بوو، جگە لە زانکۆ و گەڕەکە میلییەکانی ئەستەنبوڵ و ئەنقەرە پێکدادانەکان ناوچە کوردییەکانی وەك سیواس و ئەرزەرۆم و مەراش و مەڵاتیەشی گرتبۆوە و بەشێك لەو پێکدادانەش ئەو هەڵمەتانە بوون کە دووچاری کوردە عەلەوییەکان دەبوونەوە، بەهۆی ئەوەی گەنجانی کوردە عەلەوییەکان، لایەنگرییان لە چەپی توندڕەو دەکرد. ئەنجامدانی ئەو کردەوانەش بە ڕووکەش بەو مەبەستە بوو کە توندوتیژی نەهێڵن، بەڵام لە ڕاستیدا سوپا کردەوەکانی ڕاسترەوەکانیان پشتگوێ دەخست و بە دوای چەپەکاندا دەگەڕان. لە کۆتایی مارسی ١٩٧٥ تاوەکو نیسانی ١٩٧٦ میلیشیای توندڕەو و پۆلیسی تورك شەست کوردیان کوشت. هەروەها لەو ئاژاوانەی، کە لە مانگی نیسان لە مەلاتیە و لە مانگی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا لە مەرعەش ڕوویاندا، بە پێی ڕاپۆرتە ڕەسمییەکان (١٠٩) کوژراو و (١٧٥) بریندارى لێکەوتەوە کە زۆربەیان کوردە عەلەوییەکان بوون. ئەم کردەوانە بە جۆرێك پەرەیان سەند، لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ ڕۆژانە (٢٠-٣٠) کەس لە باکووری کوردستان دەکوژران. کاتێکیش بوڵەنت ئەجەوید لە کۆتایی ئەوساڵە بۆ ماوەیەکی کەم دەسەڵاتی گرتەوە دەست و بۆوە سەرۆکوەزیران، بەهۆی کوشتاری مەراش، جارێکی دی لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا باری نائاسایی ڕاگەیاند[2]، لە ساڵی ١٩٧٩ سەرۆکایەتی سەربازی لەژێر بارودۆخی نائاساییدا بڕیاری قەدەغەکردنی بڵاوکراوەی چەپ و کوردییەکانی دا بە تایبەتی گۆڤاری ڕزگاری و ڕۆژا وڵات و گەنجێی دیموکراتی شۆڕشگێڕ (دێڤرمچی دیموکرات گێنچلیك)[3].

---

[1] کەنداڵ و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١؛ حەمید بۆزئەرسلان، مێژووی...، ل١٠٩.

[2] بڕوانە: دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧٥-٦٧٦؛ کەنداڵ و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١؛ حەمید بۆزئەرسلان، مێژووی...، ل١٣٨.

[3] بڕوانە: جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٨٦.

**دووەم/ پارت و ڕێکخستنە سیاسییە کوردییەکان:**

**١- پارتی دیموکراتی کوردستان-تورکیا :(PDK-T)**

بە وتەی یەکێك لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا (شاکیر ئیۆزدەمیر) ئەم پارتە لە (١١ی تەمموزی ١٩٦٥) لە دیاربەکر دامەزراوە و دواتر (فایق بوجاك) ی پارێزەر و نوێنەری ئورفە لە ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکیا، بووە بە سەرۆکی[١]. ئەم پارتە، کە بەشێوەیەکی نهێنی دامەزرا، لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە هاوبیر بوو لەگەڵ (پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق) بە سەرۆکایەتیی بارزانی[٢]. ئەندامانیشی، بەزۆری لە پیشەوەران و ڕۆشنبیران و خوێندەواران و پیاوماقوڵانی کوردستان پێك دەهاتن[٣].

پارتی دیموکرات، هیچ ڕۆژنامەیەك یان ئۆرگانێکی چاپکراوی نەبوو، بەڵام لە ڕێی بڵاوکراوەکانیەوە، دەتوانین بڵێین: خەباتی لەپێناو ئۆتۆنۆمی کارگێڕی بۆ کورد لە چوارچێوەی تورکیادا دەکرد، لەگەڵ دانانان بە مافەکانی کورددا بۆ پێشخستنی کولتوری نەتەوەیی و زمانی کوردی و ئازادیی نەتەوەیی کورد. لە نیوەی دووەمی شەستەکاندا ئەم پارتە پێگەی خۆی لەنێو کورداندا پەیداکرد بوو، لە تشرینی دووەمی ١٩٦٦ لە کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە لە گەلاڵە بەسترا بەشداری کرد. لەم کاتەدا پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا، هەوڵەکانی خۆی بۆ پشتگیریی برازاقی کوردەکانی عێراق بەهێز دەکرد و لەژێر کاریگەریی بارزانیدا بوو. لە ڕاستیدا وەك لقێکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق کاری دەکرد[٤].

---

[١] ئەندامانی دامەزرێنەری ئەم پارتە، پێك هاتبوون لە: (سەعید ئێلچی، دەورناس، شاکیر ئیۆزدەمیر، دەروێش ئاککوڵ، عومەر تورهان). بڕوانە: عبدالفتاح علي البوتاني، دراسات ومباحث ....، ص١٧٢.

[٢] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦٥.

[٣] کریس کوچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و هیوای سەربەخۆیی، و. ئەکرەمی میهرداد، ب. دووەم، سەنتەری چاپ و پەخشی نما، سلیمانی، ٢٠٠٢، ل٤٣٦.

[٤] بڕوانە: جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ٢٦٢.

دوابـەدوای كـوژرانی (فایـەق بوجـاك) بـەپێی پیلانێـك لەلایـەن حكومـەتی توركیاوە، (سەعید ئێلچی) دەبێـت بەسـكرتێری ئـەم پارتـە[1]، سـاڵی ١٩٦٨ یـش بـەهۆی هەڵمـەتی دەزگـای هـەواڵگری تـوركی (Milli Istihbarat –MIT– Teşkilati) بۆ سەر ڕێكخستنەكانی ئەم پارتە زۆربەی سەركردەكانی دەگیرێن[2].

بەهۆی تەشەنەكردنی بیروباوەڕی چەپ بۆ ناو پارتی دیمـوكراتی كوردسـتانی توركیا لە ساڵی ١٩٦٩ دووچاری پارچـەبوون دەبێـت. باڵێكیـان بـە سـەرۆكایەتیی (سەعید ئێلچی) دەبێت وەكو درێژە پێدەری ئەم حیزبە. دەتوانین بڵێین ئەم باڵـە نوێنەرایەتیی ڕاستڕەو و پارێزگارەكانی دەكرد و باڵێكی تریشیان بە سەرۆكایەتیی (دكتـۆر سـەعید قـورمزی تـوپراك–دكتـۆر شـڤان– و مـستەفا تـوران) بـوو، كـە نوێنەرایەتیی گەنجانی چەپیان دەكرد و دەیانویـست ئـەم پارتـە بگـۆڕن و بیكـەن بـەپارتێكی چـەپ[3]. ئـەم پەرتبوونـەش هاوكـات بـوو لەگـەڵ ئـەو گۆڕانكـاری و لێكترازانانـەی كـە لـەنێو پـارتی دیمـوكراتی كوردسـتانی عێـراق و بـاڵی مەكتـەبی سیاسـیدا ڕوویـدا و ڕەنگدانـەوەی لەسـەر هـەموو پارتـەكانی هـەر چـوار پارچـەی كوردستان هەبوو.

لە ساڵی ١٩٧٠ پارتی دیموكرات لەیەكەم كۆنگرەیدا، بڕیاری لەسەر بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی داو بەدەستهێنانی مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی كـوردی لـە توركیادا وەكو ئامـانج دەستنیـشانكرد[4]، بـەڵام ئـەو پەرتبوونـەی كـە ئـەم پارتـە دووچاری بوو بوو، ڕێی گەشەسەندنی لێگرت و بەرەو لاوازیی برد. باڵی ڕادیكاڵ بە سـەرۆكایەتیی دكتـۆر شـڤان، هاتـە باشـووری كوردسـتان، بـە مەبەسـتی خۆئامادەكردن بۆ شۆڕشی چەكداری، دژی حكومـەتی توركیـا و سـەعید ئێڵـچیش تاوەكو كودەتا سەربازییەكەی ساڵی ١٩٧١ لە توركیادا مایەوە[5].

---

(1) Meherdad R. Izady, a.g.e, S 379. چاپە كوردییەكەی، ل٤٨٨

(2) عبدالفتاح علي البوتاني، دراسات ومباحث ...، ص ١٨٠،١٧٥.

(3) وصال نجيب عارف العزاوي، القضية الكردية...، ص١٢٣–١٢٤.

(4) جبار قادر، قضايا كردية... ، ص١٩٩.

(5) نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣.

له ساڵی ١٩٧١ سەعید ئێلچی سکرتێری پارتی دیموکرات، بەرەو باشووری کوردستان هات و لەلایەن دکتۆر شڤانەوە کوژرا[١]. دوابەدوای ئاشکرا بوونی کوشتنی، پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق دکتۆر شڤانی دەستگیر کرد و دادگایی کرد، دوای دادگایی کردنیشی لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٧١دا بڕیاری کوشتنی جێبەجێ کرا[٢].

دوابەدوای ئەم ڕووداوەش (شەرەفەدین ئێلچی) بەشێوەیەکی کاتی بۆ سکرتێری حیزب هەڵدەبژێردرێ و لە کۆنفرانسی حیزبدا لە دیاربەکر، کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧١ دا بەسترا (دەروێش سەعدۆ) دەبێتە سکرتێری حیزب[٣].

پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا، لە کۆبوونەوەی هەشتەمی لیژنەی مەرکەزیدا، کە لە ساڵی ١٩٧٤ بەسترا، بەرنامەیان بۆ پارتەکەیان دانا و تێیدا ئامانجی پارتەکەیان بە بەدەستهێنانی مافی چارەنووسی گەلی کورد، لە ڕێگەی شۆڕشی نیشتیمانی و خەباتی دیموکراتی گەلی کورد، دەستنیشان کردبوو، بە پێی ماددەی دووەمیش: زمانی کوردی بە زمانی ڕەسمی باکووری کوردستان دادەنێن و بڕیاری دامەزراندنی هێزی چەکداری دەدەن، لە ماددەی حەوتەمیشدا جەخت لەسەر پێویستیی دیاریکردنی سنوری باکووری کوردستان بە پێی ڕەگەز و جوگرافیا و ئابووری و مێژوو دەکەنەوە[٤].

له ساڵی ١٩٧٥دا ئەم پارتە کۆنفرانسی سێیەم دەبەستن، لەو کۆنفرانسەدا، باڵێکی ئۆپۆزسیۆن دەرکەوت و ئیدانەی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقی کرد بەهۆی هاوکاریکردنی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و داوای دەکرد بزاڤی کوردی ڕوو لە یەکێتیی سۆڤیەت بکات[٥].

---

[١] فرەنسۆ هریری، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی تورکیا و دامەزراندنی حزبە کوردستانییەکان لەوێ، گۆڤاری (کادر)، ژمارە(٢٨) ، گۆڤاری ڕۆشنبیری پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق، حوزەیرانی ١٩٩٢، ل١٠.

[٢] بڕوانە: عبدالفتاح علي البوتاني، دراسات ومباحث ....، ص١٨٠-١٨١.

[٣] عبدالفتاح علي البوتاني، دراسات ومباحث ....، ص١٨٢.

[٤] بڕوانە: جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٧٠-٢٧١.

[٥] وصال نجيب عارف العزاوي، القضية الكردية...، ص١٢٤.

له ساڵی ١٩٧٧یشدا پارتی دیموکرات کۆنگرەی سێیەمی خۆی بەست و تێیدا کوردستانێکی سەربەخۆ و دیموکرات و یەکگرتوویان بڕیاردا و دژ بە سیستەمی "ئیمپریالیستی" و "فاشیستی" و "دەرەبەگایەتی" وەستانەوە و سۆسیالیزمیان وەك ئامانجێك لە بەرنامەی خۆیاندا جێبەجێ کرد و دووبارە جەختیان لە خەباتی چەکداری کردەوە[١]، لەم کۆنگرەیەدا، باڵی گەنجی چەپی پارتی دیموکرات، سەرکردایەتیی حیزبیان گرتە دەست و سەرجەم ئەندام و گروپە پارێزگارەکانیان لە ڕیزەکانی حیزب دەرکرد. لێرە بەدواوە، ئەم ڕەوتە بەشێوەیەکی نیمچە ئاشکرا، بە ناوی ڕزگاریخوازانی نەتەوەیی کوردستان (کوك) دەناسران و بنکەشیان لە هەندێ شار و گوندەکانی کوردستان هەبوو، خەباتی چەکداریشیان کردبووە ئامانج[٢]، کە لە لاپەڕەکانی داهاتودا باسی دەکەین. باڵی ڕاستڕەوەکانیش بە ناوی (پارتی دیموکراتی کوردستان تورکیا– کۆمیتەی کاتی) درێژەیان بە چالاکییەکانیاندا[٣].

### ٢- پارتی دیموکراتی کوردستان لە تورکیا:

لە ساڵی ١٩٦٩ دا کاتێ پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا بوو بە دوو باڵ، ئەو ڕەوتەی دکتۆر شڤان سەرۆکایەتیی دەکرد، ناوی جوڵانەوەکەیان بە ناوی سەرکردەکەیانەوە واتە (شڤان)وە ناسرا[٤].

لەو کاتەی کە زۆربەی سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە زینداندا بوون، کاروباری حیزب کەوتبووە دەست ئەندامانی ئەم باڵەوە، ئەوەبوو لە

---

[1] **Mijar, Gelo kevneşopên PDK - KUK ê û xebatkarên PDK - BAKUR ji hevdu çi dixwazin?, Thursday, 27.April 2006 (http://www.pdk-xoybun.com).**

[٢] حامد محمود عیسى، المصدر السابق، ص٣٧٦.

[٣] باڵی ڕاستڕەوەکان، لە کۆتایی هەشتاکاندا، خۆیان ڕێکخستەوە و هەر بە ناوی (پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا) مانەوە. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڕەحمان چیایی، ئەندامی کوك، هەولێر، ٧ی ئابی ٢٠٠٩.

[٤] سعد ناجي جواد، المصدر السابق، ص٣٢٨.

ئەنقەرە بەشێوەیەکی نهێنی لەگەڵ ١٤ کەس پارتێکی نوێیان بە ناوی (پارتی دیموکراتی کوردستان لە تورکیا) پێکهێنا، کە دکتۆر شڤان سکرتێری بوو[١]. دواتریش دکتۆر شڤان هاتە باشووری کوردستان بە مەبەستی خۆئامادەکردن بۆ شۆڕشی چەکداری دژی حکومەتی تورکیا[٢].

ئەم پارتە بارەگایان لە گوندی (قومریە)ی سەر بە زاخۆ بوو لە باشووری کوردستان، دوابەدوای کوژرانی دکتۆر شڤان لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە[٣]. لایەنگرانی دکتۆر شڤان، کە خۆیان بە هەڵگری بیروباوەڕی (مارکسیزم–لینینیزم) دادەنا، خۆیان ڕێکخستەوە و لەژێر ناوی کۆمەڵەی کولتوری دیموکراتی شۆڕشگێڕ (**DDKD**) کەوتنە کارکردن بۆئەوەی وەك چەترێکی قانونی کەڵکی لێوەربگرن، لە کۆکردنەوەی خەڵك و ڕێکخستنەکانیاندا[٤]، هەروەها بەشێوەیەکی ئاشکرا، لەناو کۆمەڵەکانی (ژنانی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) و (مامۆستایانی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) لە کوردستانی تورکیادا کاریان دەکرد[٥]. لە ساڵی ١٩٧٧ ناوی پارتەکەیان بوو بە پارتی کارگەری کوردستان (کیپ)[٦]. ئەمانە گۆڤارێکیان بە ناوی (لاوانی شۆڕشگێڕ و دیموکراتی) و ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی (ژیانی نوێ) دەردەکرد کە عومەر چەتین سکرتێری بوو[٧].

---

[١] عبدالفتاح علي البوتاني، دراسات ومباحث ...، ص١٨٠.

[٢] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣.

[٣] بڕوانە: عبدالفتاح علي البوتاني، دراسات ومباحث ...، ص١٨٠–١٨١.

[٤] ڕاپۆرتێك دەربارەی کوردستانی تورکیا، گۆڤاری (کۆمەڵە)، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ژمارە(١) ، خولی(٢) ، کانوونی دووەمی ١٩٨٢، ل٣١–٣٢.

[٥] جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٧١.

[6] **Emin Demirel, Terör, B.5, Çalış Ofset, IQ Kültür Sanat Yayıncılık, Istanbul, 2001, S 618.**

[٧] فرەنسۆ هەریری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

### ٣- یانەکانی کولتـوری شۆڕشـگێڕی ڕۆژهـەڵات Doğu Devrimci Kültür Ocağı (DDKO):

ئەم یانانە لـە سـاڵی ١٩٦٩ لەئەنقـەرە و ئەسـتەنبوڵ و دواتـریش لـە تـەواوی کوردستان دامەزران. زۆربەی ئەوانەی لـەم یانانـەدا کاریـان دەکـرد، یـان ئەنـدامی پارتی کرێکارانی تورکیا بوون، یان لایەنگری ئـەو بـوون[١]. بەرنامـەی ئـەم یانانـە، جگە لـەوەی لایـەنێکی سیاسـیان هـەبوو، لایـەنێکی کۆمەڵایەتیـشیان هـەبوو، بـۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاریی جوتیاران و ژنان و بڵاوکردنەوەی کولتـوری یەکسانی و ڕیفـۆرمی کۆمەڵایـەتی[٢]، هـەروەها بـۆ پەرەپێـدانی زمـان و فۆلکلـۆری کـوردی و مێژوو و ئەدەبی کورد تێدەکۆشان[٣].

ئــەم یانانــە، لــە بڵاوکراوەکانیانــدا بانگــەوازی تێکۆشــانیان لــە بەرانبــەر ئیمپریـالیزمی ئـەمریکا و ئاغـا و موڵکدارەکان و سـەرمایەدارانی گـەورە دەکـرد و سەبارەت بە جوڵانەوەی کورد لە کوردستان، زانیاریی دەدا، هەروەها ڕەخنەی لـە لایەنگرانی حکومەت و لە بیروباوەڕی کەمالیـستی و هەنـدێ ڕۆشـنبیرانی چـەپیش دەگرت[٤]. ئەم یانانە ژمارەی ئەندامەکانی دەگەیشتە ٢٠ هەزار ئەندام کە لە ساڵی ١٩٧٠ دا ڕابەرەکانی گیران و لە ئەستەنبوڵ و دیاربەکر دادگایی کران[٥].

### ٤- کۆمەڵەکانی کولتوری دیموکراتی شۆڕشـگێڕ Devrimci Demokratik Kültür Dernegleri (DDKD):

---

[١] بڕوانە: دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦٩.

[٢] فەروز ئەحمەد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٦.

[٣] ئەم یانەیە، لە ئەنقەرە و ئەستەنبوڵ (٩) بڵاوکراوە و (٢٤) بەڵگەنامەی تری بـڵاو کـردەوە.
بڕوانە: جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٦٣.

[٤] بڕوانە: حەمید بۆزئەرسەلان، کوردایەتی و...، ل٨٧-٨٨.

[٥] فەروز ئەحمەد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٦-٢٤٧.

لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥دا، ئەندامەکانی پێشووی **(DDKO)**کە ڕێگەیان لەبەردەمدا داخرابوو، ڕێکخراوەکەیان دروست کردەوە بە ناوی (کۆمەڵەی کولتوری دیموکراتی شۆڕشگێڕ)[١].

ئەم کۆمەڵەیە لە ڕاستیدا سێ ڕێکخراوی سەربەخۆی لە (ئەستەنبوڵ، ئەنقەرە و ئەزمیر) لە دەوری خۆی کۆکردەوە و پاشان چالاکی لە کوردستانیش فراوان کرد، کە لە (دیاربەکر، قزڵتەپە، دێریك، جەزیرە، هەکاری، وان و چەند شارێکی دیکە) چالاکیەکانی بەشێوەیەکی فراوان دەرکەوت[٢].

**(DDKD)** خۆی بە ناونیشانی بزووتنەوەی نیشتمانی دیموکراتی لەسەر بناغەی ئایدۆلۆژیای مارکسیزم دەناساند و دوو بڵاوکراوەی بە ناوی (ژیانی نوێ) و (تیرك) دەرکرد، ڕێکخراوێکی ناوەندیشی بۆ چواربەشی کوردستان (عێراق، ئێران، تورکیا، سوریا) و گرتنە بەری خەباتی چەکداری پێشنیاز کردبوو، پەیوەندیی زۆر کەمیشی لەگەڵ پارتە چەپەکانی تورکیادا هەبوو[٣].

### ٥- کۆمیتەی هەڤرا HEVRA:

ئەم کۆمیتەیە لە ئەوروپا دامەزرا، کە پێی دەوترا (کوردە شۆڕشگێڕەکانی تورکیا لە دەرەوەی وڵات). ئەم کۆمیتەیە خوێندکاران و کرێکارانی کوردی تورکیای لە ئەوروپا دەگرتە خۆی و ناوەندی چالاکیشیان لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بوو، ژمارەیەك لقیشیان لەوڵاتانی ئەوروپا کردەوە و لقێکیشیان لەتورکیادا هەبوو. لەبڵاوکراوەکانی ئەم کۆمیتەیەش، (ڕوناکی) بوو، کە لە سویسرا چاپ دەکرا و لە تورکیاشدا بە نهێنی بڵاوکراوەیان دەردەکرد[٤].

---

[١] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥-١٢٦.

[٢] حامد محمود عيسى، القضية الكردية في تركيا، ط١، مكتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠٣، ص٣٠٢.

[٣] بڕوانە: کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب. دووەم ، ل١٤٦-١٤٧.

[٤] مديرية الأمن العامة (مركز التطوير الأمني) ، الجمهورية التركية ، الجارة الشمالية، د.م، د.س، ص٨٨.

**٦– پارتی دیموکراتی شۆڕشگێڕی کوردستان:**

ئەم پارتە لەلایەن (مستەفا توران) ەوە لە دیاربەکر دامەزرا، کە کادری پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا بوو، پێش پارچە بوونی. پێشنیازەکانی ئەم حیزبە، دووپاتکردنەوەی سەربەخۆیی و پاشکۆیەتی نەکردنی هیچ دەوڵەت یان لایەنێك بوو، هەروەها سود وەرگرتن لەهێڵی ماویی دژە سۆڤیەتی بوو لە کاروباری سیاسی و سەربازیدا. دوابەدوای مردنی (مستەفا توران) لە ساڵی ١٩٧٢دا لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی تورکیا بەشێوەیەکی نادیار، ئەم پارتەش کۆتایی پێهات[١].

**٧– پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا (PSKT):**

لە دیسەمبەری ١٩٧٤ دامەزراوە. سکرتێری گشتی ئەم پارتە (کەمال بورقای) بوو، کە پێشتر ئەندامی پارتی کرێکارانی تورکیا بوو[٢]. بورقای لەگەڵ شەش ئەندامی تردا (پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا) یان پێکهێنا، بەڵام تاساڵی ١٩٧٩ بە ناوی گۆڤارەکەیان (ڕێیا ئازادی) (**Özgürlük Yolu**) کە یەکەمین ژمارەی لە حوزەیرانی (١٩٧٥) بلاۆکرایەوە ناویان دەرکردبوو[٣].

لە ساڵی ١٩٧٧ پارتی سۆسیالست، جگە لە (ڕێیا ئازادی) ڕۆژنامەیەکی تریشی بە ناوی (ڕۆژا ولاٚت) بەهەردوو زمانی کوردی و تورکی دەرکرد و چاپخانەیەکیشی بە ناوی چاپخانەی (ڕێیا ئازادی) کردەوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٩ حکومەتی تورکیا دەستی بە سەر ئەم بلاۆکراوانەدا گرت و قەدەغەی کردن[٤].

---

(١) مديرية الأمن العامة، المصدر السابق، ص٨٤–٨٥.

(٢) بڕوانە: فرەنسۆ هەریری، سەرچاوەی پێشوو،ل١٦.

(٣) ئەم شەش ئەندامە بریتی بوون لە (ئیحسان ئاکسۆی، یلْماز شامیلبل، نەزیف خەلیلی، مەهدی زانا و زیا ئاجار، فاروق ئاراس). بڕوانە: کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب. دووەم ، ١٤٢–١٤٣.

(4) **Jîana Kemal Burkay (www.kurdistan.nu).**

ئـەم پارتـە، لـە ڕێگـەی ئەدەبیاتەکانیـەوە، دەورێکـی بەرچـاوی هـەبوو لـە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی چـەپی مارکسی لـە بـاکووری کوردسـتاندا[1]، ئامـانجی سەرەکیشی، لە قۆناغی یەکەمدا، بەرپاکردنی شۆرشێکی دیمـوکراتی نەتـەوەیی و لــە قۆنــاغی دووەمیــشدا بــەرپاکردنی شۆرشــێکی سۆسیالــستی بــوو. لــەپێناو بەدەستهێنانی مافی چارەنووسی گەلی کوردیش، دوو دیـدی هـەبوو، ئـەویش: یـان دامەزراندنی یەکێتییەکی فیـدڕاڵی لـە نێـوان هـەردوو کۆمـاری (کـوردی و تـورکی) لەسەر بنچینەیەك، کە هەمان مافی یەکسانی لەگـەڵ گـەلی تورکیـدا هـەبێت ، یـان دامەزراندنی دەوڵەتێکی سـەربەخۆی کوردییـە. یـەکێکی تـر لـە ئامانجـەکانی ئـەم حیزبە، لەکاتی سەربەخۆ بوونی کوردستان، کارکردنـە بـۆ ئـەوەی زمـانی کـوردی ببێتـە زمـانێکی ڕەسمـی لـە کوردسـتان و کارکردنـە بـۆ بەرەوپێـشبردنی بـواری پەروەردەیی و ڕۆشنبیریی کوردستان[2].

کـەمال بورقـای سـکرتێری پـارتی سۆسیالـست لـە باسـکردنی بـارودۆخی کۆمەڵایــەتیی کوردســتاندا، پێــی وایــە، لەبەرئــەوەی بونیــادی کۆمەڵایــەتیی کوردستان، لە شـێوەی نیمچە دەرەبەگایـەتی دایـە، بـۆ دەسـتگرتن بەسـەر ئـەو بونیادە کۆمەڵایەتییەدا، پێویستە شۆڕشێکی کشتوکاڵی بەرپا بکرێت، کە تەنها لە ڕێی شۆڕشی سۆسیالیستیەوە دێتە دی[3].

---

[1] حامد محمود عيسى، المصدر السابق، ص٣٧٧.

[2] بڕوانە: نديم البكتين، تركيا بوابة استراتيجية للأمبريالية العالمية، ط١، لندن، ١٩٨٧، الملحق رقم (٣) ، (لا يمكننا الوصول الى التحرر الا مـن خـلال مواصـلة النـضال...) ، نـص المقابلـة التي اجراها الصحفي النمساوي (فرديناند هنر بسلر) مع كمال بورقاي السكرتير العام للحزب الأشتراكي في كردستان تركيا، ص٣٤٢، ٣٤٦.

[3] نفس المصدر، ص٣٤٥،٣٤٤.

### ٨- ڕێکخراوی ڕزگاریی کوردستان:

ڕزگـاری، لـە حەفتاکانـدا، گروپێـك بـوون کـە لـە سـاڵی ١٩٧٦، لـە ڕێـی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەك بە ناوی (ڕزگاری)یەوە ناسران[١]، ئـەم گروپـە، لەلایـەن مومتاز کۆتان و ڕۆشەن ئەسلان و گروپێکی تری مارکسی دامەزرا کە زۆربەیان لـە (DDKO) وازیان هێنابوو، پێشتریش، ئەندام بوون لە پارتی کرێکارانی تورکیا[٢].

سەرەتای چـالاکییەکانی ئـەم گروپـە، لـە بـری حیزبێکـی سیاسـی، چـالاکیی ڕۆشنبیری بوو، (کە بریتی بوو لە چاپکردنی نامیلکـە دەربـارەی مێـژووی کـورد و جوڵانەوەکەی) و بانگهێشتکردنیان لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانیان[٣].

لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٧٧، ئـەم گروپـە، پـشتگیری ئەجەویـد و پارتەکـەیان نـەکرد، بڕواشـیان وابـوو: تـەنها شۆڕشـی سۆسیالیـستی کـە لەلایـەن کرێکـارانی کوردەوە سەرکردایەتی بکرێت، زامنی مافـە نەتەوەییـەکانی کـورد (لـە تورکیـادا) دەکات[٤].

### ٩- ئاڵای ڕزگاری:

لە سـاڵی ١٩٧٨دا، ڕێکخـراوی ڕزگـاری، ناکۆکییـان تێکـەوت و بـوون بـە دوو بەشەوە و دوو گۆڤاریان دەردەکرد، (ئاڵای ڕزگاری) لەلایـەن (ئیـبراهیم گوچـلو) و (ئیکـرام دەلـەن) و (خەدیجـە یەشـار)ەوە دەردەکـرا، هۆکـاری جیابوونـەوەیان

---

[١] ستافی گۆڤاری ڕزگـاری، بـریتی بـوون لـە: (خەدیجـە یەشـار- بەرپرسـی گۆڤـار، ئیـبراهیم گوچـلو، مەمەنـد ئـوزوك، ئۆرهـان کۆتـان و ئیکرام دەلـەن). چـاوپێکەوتنی(ماجـد خـەلیل فەتاح) لەگـەڵ خەدیجـە یەشـار، سـلیمانی، ١١ی کـانونی یەکـەمی ٢٠٠٨؛ نـادر ئینتیـسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٦.

[٢] بڕوانە: کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب. دووەم ، ل١٤٤-١٤٥.

[٣] مديرية الأمن العامة، المصدر السابق، ص٨٩.

[٤] ئەمانە، دوای کودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠، وەك هەموو پـارت و کۆمەڵـە کوردییـەکانی تـر، چوونە ئەوروپا و ساڵی ١٩٨٧دا، بوون بە پارتێکی مارکسی، کە مومتـاز کۆتـان سـکرتێری بـوو.نـادر ئینتیـسار، سەرچـاوەی پێـشوو، ل١٢٦-١٢٧؛ کـریس کۆچـێرا، بزووتنـەوەی نەتەوەیی...، ب. دووەم ، ل١٤٦.

ئایدیۆلۆژی بوو، پێیان وابوو دەبێ بە شێوەیەکی کرداری (لە کوردستان) خەبات بکەن، نەك وەکو ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیری، هۆکارێکی تری جیابوونەوەیان، پەیوەندیی بە خەباتی کورد لە باشووری کوردستانەوە هەبوو، ئەمانە پشتیوانییان لە یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان (ی.ن.ك) دەکرد، بە پێچەوانەی کۆمەڵەی ڕزگاری کە پشتیوانیان لە پارتی دیموکراتی کوردستان– سەرکردایەتیی کاتیی (پ.د.ك) دەکرد. ئالآی ڕزگاری، گروپێکی مارکسی بوون و ئامانجیان سەربەخۆبوونی کوردستان بوو[١].

ئەم گروپە، داوای بەرنامەیەکی ئایدیۆلۆژی وەهای دەکرد کە ڕەچاوی بارودۆخی ڕاستەقینەی کورد بکات و گۆڕانکاریی پێویست لەپرەنسیپی مارکسیدا بکات، تا لەگەڵ دۆخی کوردستاندا بگونجێت، هەروەها، ڕەخنەیان لەیەکێتیی سۆڤیەت و ڕەفتاری بەرانبەر بە کورد دەگرت[٢].

### ١٠– ڕێکخراوی کاوە و دەنگی کاوە:

لە سەرەتای خۆڕێکخستنەوەی پاشماوەی حیزبەکەی (دکتۆر شڤان)دا، هەندێ لە کادیرەکانی، لەسەر ناکۆکیی چین و سۆڤیەت، ناکۆکییان تێکەوت بوو، ئەوانەی لایەنگری چین بوون، ڕێکخراوی کاوەیان دامەزراند[٣].

ڕێکخراوی کاوە، لە ساڵی (١٩٧٦–١٩٧٧) دامەزرا و لەنێو لاوانی کورددا، پێشوازییەکی باشی لێکرا[٤]. ئەمانە، بە زۆری ئەندامانی ڕێکخراوی (DDKD)

---

[١] چاوپێکەوتنی (ماجد خەلیل فەتاح) لەگەڵ خەدیجە یەشار، سلیمانی، ١١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٨.

[٢] دوای کودەتای ١٢ی ئەیلوی ١٩٨٠، ڕابەرانی ئەم کۆمەڵەیە، هاتنە باشووری کوردستان و دواتر، هەریەك، لە: خەدیجە یەشار و ئیبراهیم گوچلو دەچنە سوریا، ئیبراهیم دەلەنیش دەچێتە ئەوروپا و دووچاری پەرتبوون و دابەشبوون دەبن. چاوپێکەوتنی (ماجد خەلیل فەتاح) لەگەڵ خەدیجە یەشار، سلیمانی، ١١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٨؛ نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧.

[٣] ڕاپۆرتێك دەربارەی کوردستانی تورکیا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

[٤] بڕوانە: حەمید بۆزئەرسەلان، کوردایەتی و...، ل٩٠.

بـوون لـه ئەنقـەرە و ئامانجيـان يـەكگرتنی هـەموو كـورد بـوو (لـەناو دەوڵـەتێكی سەربەخۆی كورديـدا)[1]. چـالاكيی ڕێكخراوەييـشيان بـە شـێوەيەكی فـراوان لـەناو ڕيزەكـانی كرێكـاران و خوێندكارانـدا دەبينـرا. چـالاكييە سياسييەكانيـشيان لـە ناوچەكانی كوردستانی توركيادا دەست پێ كرد، هەروەها، بنكە و ناوەنـديان، بـۆ ڕاهێنانی ئەندامەكانيان، لەسەر چەكی جۆراوجۆر دروست كرد و بەشداريـشيان لـە ئەنجامدانی چەند كردەوەيەكی چەكداريدا كرد، بـەڵام لەلايـەن دەزگـای ئاسايـشی توركيـاوە، دووچـاری ڕاوەدوونـان و گـرتن بوونـەوە كـە زيـاتر لـە ٢٠٠ ئەنـدامی ناسراويان گيران و دەستيشگيرا بەسەر برێك لە چەكەكانياندا[2].

ئەم پارتە، سكرتێر يان سەرۆكی نەبوو، ساڵی ١٩٧٦، (فەريد ئۆزەن)، يەكێك بوو لە كەسە ديارەكانی ڕێكخراوی كاوە. دوای دەركەوتنی ناكۆكی لە نێـوان چـين و ئەلبانيا، ئەم پارتەش دووچاری پارچـە بـوون بـوو. ئەوانـەی لايـەنگری ئـەلبانيا بـوون، بـە نـاوی (كـاوە) مانـەوە و ئەوانـەی لايـەنگرانی چـينيش بـوون، (دەنگـی كاوە)يان دامەزراند[3]. ئەمەش بووە هۆی لاوازبوون و دابڕانيان لە جەماوەر[4].

### ١١- تێكۆشين:

ئەم كۆمەڵەيە، لە ساڵی ١٩٧٨دا، بەهۆی جيـاوازيی بيروبۆچـونی نەتـەوەييان لە بەرەی- لەشـكری ڕزگـاريخوازی گـەلی توركيـا، جيابوونـەوە و (تێكۆشـين)يـان دامەزرانـد. ئەمانـە، بڕوايـان بـە خـەباتی چـەكداری (لـەپێناو سـەربەخۆيی كوردستاندا) هەبوو، لە ئەڵمانيا و فەرەنسادا چالاكييان هەبوو[5].

---

[1] چاوپێكەوتن لەگەڵ (مستەفا ئەكسەل)، ئەنـدامی پـارتی كـاوە، هـەولێر، ٢٨ی حـوزەيرانی ٢٠٠٨.

[2] مديرية الأمن العامة، المصدر السابق، ص٨٧-٨٨.

[3] چاوپێكەوتن لەگەڵ (مستەفا ئەكسەل)، هەولێر، ٢٨ی حوزەيرانی ٢٠٠٨.

[4] حامد محمود عيسى، المصدر السابق، ص٣٧٩.

[5] **Emin Demirel, a.g.e, S 618.**

### ١٢- بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانی نەتەوەیی کوردستان (KUK):

لە کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، لـە سـاڵی ١٩٧٧دا، دوای ئەوەی باڵی گەنجی چەپ، دەستیان بەسەر ئەو پارتەدا گرت، لـە سـاڵی ١٩٧٨دا، ڕێکخراوێکیان بە ناوی ڕزگاریخوازانی نەتەوەیی کوردستان دامەزراند کە ئامانجیان کوردستانێکی سەربەخۆ و دیموکرات بوو[١]، ستراتیژیان مامەڵەنەکردن بوو لەگـەڵ هیچ داگیرکەرێکی کوردستان. ئەمانە، بڕوایان بە خەباتی چەکداری هـەبوو، چـەند کۆمیتەیەکی ناوەندیشیان هەبوو، لـە ناوچـە سـنوورییەکانی گونـدی (یـەك ماڵـە)ی سەر بە قەزای ئولوبە، چیای (چڕاڵ) لە باشووری قەزای ئەروخ، چیای (جـودی)ی نێوان سنوری باکوور و باشووری کوردستان، چیای کارتۆی نزیك (بیتـو شـەباب)، بارەگایـان هـەبوو، هـەر کۆمیتەیـەکیش هێـزی چـەکداری خـۆی هـەبوو. چـەند جـارێکیش، لەگـەڵ سـوپای تورکیـا، شـەڕیان کـرد، هـەروەها، لەگـەڵ گروپـی ئاپۆچییەکاندا (کە لە خوارەوە باسی دەکەین)، دووچاری شەڕو پێکدادان هاتن[٢].

### ١٣- پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK):

پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان (پەکەکـە) لـە سـەرەتای حەفتاکانـدا، وەك گروپێکـی ئایـدیۆلۆژی چـەپگەرای تونـدڕەو (کـە دروشمـی مارکـسی- لێنینـی هەڵگرتبوو) لە ناوەندەکانی خوێندنی باڵای تورکیادا دەرکەوت[٣].

دەربارەی سەرەتاکانی دروستبوونی ئەم پارتە عەبدوڵا ئۆجەلان[٤] دەڵێت:

---

[١] A.e, S 614.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڕەحمان چیایی ئەندامی کوك، هەولێر،١٧ی ئابی ٢٠٠٩.

[٣] تقرير مركز دراسات الشرق الأوسـط، مـستقبل القـضية الكرديـة في الـشرق الأوسـط، الأردن- عمان، اكتوبر٢٠٠٠، ص٢٤.

[٤] عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ساڵی ١٩٤٨دا لەگوندی (ئۆمەرلی) سەر بە ناوچـەی شـانلی- ئورفـە، لە خێزانێکی جوتیار لەدایك بووە. ماوەیەك لە ئەدەنە، لە کێڵگەیەکی توتندا کـاری دەکـرد و لە ساڵی ١٩٦٦دا، بۆ یەکەمجار سـەردانی ئەنقـەرەی کـردووە، تـاوەکو تاقیکردنـەوە بـۆ وەرگرتنی لە زانکۆ پێشکەش بکات. ئۆجەلان لەسەرەتادا کەسێکی نوێژکەر بووە، زۆر جار

"لــە نیــسانی ١٩٧٣دا لــە کــەنارەکانی (بەنــداوی چــوبوك) ی ئەنقــەرەی پایەتەخت، وەك گروپێکی شەش کەسی... گفتوگۆمان دەکرد، کە ڕاستتر ئەوەیـە وەك گروپێکــی کوردســتانی بجولێینــەوە، هۆکــاری سەرەکیــشمان بــۆ ئــەوە دەگێرایــەوە، کــە کوردســتان کۆلۆنیــەکی کلاسیکە.."[1]. لـە سـاڵی ١٩٧٤دا ئـەم گروپـە وەك ڕەوتێکـی ئایـدیۆلۆژی بەدەرکـەوت و دەگاتـە ئـەنجامێك بـەوەی کـە چارەسەری دۆزی کورد لە ڕێگەی بنەماکانی بیروباوەڕی مارکسی بەدی بهێنیٚ[2].

ئەنـدامانی ئـەم گروپـە بەشـداری یـەکێك لـە ڕێکخـراوە چـەپەکانی تورکیـادا دەکەن کە لە ساڵی ١٩٧٣دا بەدەرکەوت بە ناوی: کۆمەڵـەی دیمـوکراتی خوێنـدنی باڵای ئەنقەرە (ADYOD)[3]. بە وتەی ئوێج ئالان ماوەی نێوان سـاڵانی (١٩٧٤–١٩٧٦) ماوەی گەشەکردنی ئەم گروپە بوو لەناو (ADYOD)دا[4].

---

ئامـادەی ئـەو کۆبوونەوانـە دەبـوو، کـە لـە مزگـەوتی (ماڵتەپـە) دەکـران، لەگـەڵ ئـەو کۆبوونەوانـەی بـۆ دژایـەتیکردنی شـیوعیەت دەبەسـتران. لـە تەمـەنی هـەژدە سـاڵیدا، لـە خوێندنگایەکی پیشەیی، خوێندنی تەواوکردووە و دواتر لە خزمەتگوزاری مەدەنی دیاربەکر بۆ ماوەی ساڵێك کاری کردووە. خوێندکاری کۆلیژی زانستە سیاسییەکان بووە لـە زانکـۆی ئەنقەرە و لە ساڵی ١٩٧٠شدا بەهۆی بەشداریکردنی لە خۆپیشاندانێکی خوێندکاریدا حەوت مانگ زیندانی کراوە و دواتر بیروباوەڕی چەپی هەڵگرتووە و زۆر کاریگەر بووە بـە هـەردوو سەرکردەی چـەپڕەوی ڕادیکـاڵی حـەفتاکان (دەنیـز گـەزمیش و مـاهیر چـایان). لـە سـاڵی ١٩٧٣دا توانی سەرۆکایەتیی کۆمەڵەی دیموکراتی خوێندنی باڵای ئەنقەرە (Adyod) بکـات و ئەنـدامێکی کـارای (DDKD) بـووە.... بڕوانــە: سـامی شـۆڕش، سەرچـاوەی پێـشوو، ل١٥٧– ١٥٨؛میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٤٣–٤٦.

[1] عەبـدوڵڵا ئـۆج ئـالان، بـەرگریکردن لەگـەلێك، و. لوقمـان عەبـدوڵڵا، چ١، چـاپخانەی ڕەنـج، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕاگەیاندنی (پ.چ.د.ك) ؛ ب.ش، ب.س، ل٣٦٩.

[2] بڕوانە: رعد عبدالجليل مصطفى الخليل، صراع الأستيعاب والانفصال، دراسة في تجربة "حزب العمال الكردسـتاني" في تركيـا، الوحـدة الوطنيـة ومـشكلة الأقليـات في العـالم الثالـث، مركـز دراسات العالم الثالث، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، مطبعة التعليم العالي في الموصل، ١٩٨٩، ص١١٣–١١٤.

[3] نفس المصدر، ص١١٤.

[4] عەبدوڵڵا ئۆج ئالان، بەرگریکردن لەگەلێك، ل٣٦٩.

ئـەم گروپـە ئایدۆلۆژییـە، لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٧٣–١٩٧٧)دا، پێـشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینی، لەماوەی ئەو پێنچ ساڵەدا، هەوڵیاندەدا، بیروباوەڕەکـانی (مارکسیزم–لینینزم) لەگەڵ بارودۆخی کوردستان دا بگونجێنن، هەروەها دەستیان بـە پرۆسـەی گەڕانـەوە بـۆ کوردسـتان کـرد و پێیـان وابـوو بنـەماکانی بـیری "شۆڕشگێری" لە شارە گەورە و سەرەکییەکانی تورکیا (مترۆپۆڵەکانەوە) بۆ شار و گوندەکانی کوردستان دەگوازنەوە[١].

ئەم گروپە، کە بە ئاپۆچییەکان (ئاپۆچیلەر–پـەیرەوانی ئـاپۆ) ناسـرابوون، لەگـەڵ گروپـەکانی تـری تورکیـا جیـاواز بـوون، بـەوەی لایـەنگرانی خۆیـان بـەزۆری لـەناو (کرێکارانی) تورکیادا ڕێك دەخست. لە ساڵی ١٩٧٧دا، ئاپۆچیەکان، "فاشیـستەکان" و گروپی گورگە بۆرەکان و پیاوانی حکومەت و ئەوانەی پشتیوانیان لێدەکردن، هـەروەها چەپەکانی تورك و چینی موڵکدار و خاوەن زەوییەکانی کوردیـان بـە دوژمـن دەزانـی[٢]، بـەڵام هێزەکـانی ئاسایـشی تورکیـا، لـە ڕیـزی ئامانجەکانیـدا نـەبوو، تـاوەکو کـاتێکی ئاسودەتری بۆ دامەزراندنی پارتێك هەبێت و دەوڵەت هێرشی نەکاتە سەر[٣].

لە ١٨ی مایسی ١٩٧٧ (حەقی قەرار)ی یاریدەدەری یەکەمی ئۆیج ئـالان لـە شـاری عێنتاب دەکـوژرێ. ئاپۆچـییەکان، پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی تورکیـای لـە ڕێگـەی ڕێکخراوی (ئەستێرەی سور)ی سەر بە لەشکری ڕزگاریخوازی گەلی تورکیـا بـە کوشـتنی حەقی قەرار تۆمەتبار دەکەن. بەڵام باقی برای حـەقی قـەرار، کـە دواتـر بـووە ئەنـدامی لیژنەی بـاڵا (بـەڕێوەبردن)ی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان، ئاپۆچـییەکان بـە کوشـتنی براکەی تۆمەتبار دەکات[٤].

---

[١] بڕوانە: عەبدوڵڵا ئۆجەلان، هەڵبژاردە (دەربارەی بەرگریکردن لە نیشتیمان و قۆنـاغی نـوێی بزاڤی بەرخودانمان)، و.بروسك، لە بڵاوکراوەکانی (PKK) ، هەولێر،١٩٩٣، ل٦٧–٦٨.

[٢] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨٦.

[٣] مـراد خۆشـەڤی حـسۆ، گۆڕانکارییـەکانی کوردسـتانی عێـراق و پەیوەندییـەکانی تورکیـا و عێراق ١٩٩٠–٢٠٠٥، و. نووسەر، چ١، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨،ل١٧٥.

[٤] حەسەن جودی، مێژوویێك لە ئاگر، نهێنی خۆڕاگری بزووتنەوەی ئاپۆچی، دیمانەیـەك لەگـەڵ (جەمیل بایك)دا، چ١، لـە بڵاوکراوەکـانی ڕاگەیانـدنی (پ.چ.د.ك)، ب.س، ل١٧٥؛ حەسـەن ئەحمـەد مـستەفا، بـاکووری کوردسـتان لـە گـڕاوە سیاسـییەکاندا، ئامـادەکردنی قەنـدیل محەمەد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ب.ش، ٢٠٠٠، ل١٩.

له کۆتایی ساڵی ١٩٧٧ ئۆیج ئالان له شاری (عێنتاب) یەکەم ڕەشنووسی پرۆگرامی پارتی کرێکارانی کوردستان دەنووسێ[١]. لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧٨یش دوای دروستکردنی چەندین کۆمەڵ له ویلایەته کوردییەکاندا، ئەم گروپە یەکەم کۆنگرەیان لە گوندی (فیس)ی سەر بە دیاربەکر بەست، کە چوار ڕۆژی خایاندو (٢٠-٢٣) ئەندام بەشدارییان تێدا کرد و بڕیاری دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) درا[٢]. لەم کۆنگرەیەدا کۆمیتەی ناوەندی دروستکرا و (٧) ئەندام بۆ ئەم کۆمیتەیە هەڵبژێردران، کە بریتی بوون له عەبدوڵڵا ئۆیج ئالانی سەرۆکی پەکەکە، محەمەد قەرە سونگور، جەمیل بایك (هەڤاڵ جومعە)، مەزڵوم دۆغان، محەمەد خەیری دورموش، باقی قەرار و شاهین دۆنمەز[٣]. لەناو کۆمیتەشدا لیژنەی باڵا (بەڕێوەبردن) لە عەبدوڵڵا ئۆیج ئالان، محەمەد قەرە سونگور و شاهین دۆنمەز پێکهێنرا[٤].

دوای کۆنگرە پارتی کرێکارانی کوردستان چەند نووسینگەیەکی دروست کرد، وەکو نووسینگەی ڕێکخستن، کە جەمیل بایك و شاهین دۆنمەز و کەسێکی تری بە ناوی سلیمان، لە خۆی دەگرت و ئەرکی ئەم نووسینگەیەش ڕێکخستنی پەکەکە و چاودێریکردنی ئەندامانی بوو، هەروەها نووسینگەی ئایدیۆلۆژی، کە مەزڵوم دۆغان و کەسیرە یڵدرم (فاتمە)ی خێزانی ئۆیج ئالان و دوران کاڵکان (عەباس)ی لە خۆیدەگرت، لەگەڵ نووسینگەی سەربازی، کە محەمەد قەرە سونگور بەرپرسی بوو، ئەرکیشی ڕێکخستنی بواری شەڕکردن بوو[٥].

ئەم گروپە ئاغا و موڵکدارەکانی کورد و لایەنگرانی حکومەتی کردە ئامانجی هێرشەکانی، لە ٣٠ی تەمموزی ١٩٧٩ لە سیڤەرەك هێرشی کردە سەر محەمەد جەلال

---

[١] عەبدوڵڵا ئۆج ئالان، بەرگریکردن لەگەلێك، ل٣٦٩.

[٢] بڕوانە: خليل علي مراد وآخرون، المصدر السابق، ص١٢٠؛ هەڤاڵ جوومعە، مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی قوتابخانەی ناوەندی پارتی، ب.ش،ب.س، ل٢٧٣،٢٧٧.

[٣] حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٧.

[٤] هەڤاڵ جوومعە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٧.

[٥] هەڤاڵ جوومعە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٨-٢٧٩.

بوجـاکی سـەرۆك عەشـیرەتی بوجـاك و نوێنـەری حیزبـی عەدالـەت، بـەڵام بوجـاك بـە برینداری ڕزگاری بوو، لەو ڕۆژەشدا پارتی کرێکارانی کوردستان بەیاننامەی دامەزرانـدنی بڵاوکردەوە[1].

ئەم پارتە زاراوەی "سۆشیال شۆڤێنییەکان"ی بۆ گروپە چەپەکان بەکاردەهێنا و گـروپ و ڕێکخـراوە کوردییـەکانی بـە "ناسیۆنالیـستە دواکـەوتووەکان" یـان بـە "ڕیفۆرمخوازە نەتەوەییەکان" ناودەبرد و توندوتیـژی لەنێوانیانـدا ڕوویـدا، بـە تایبـەتی لەگەڵ (کوك)، بە وتەی توێژەریك، پارتی کرێکارانی کوردسـتان، هێرشـی دەکـردە سـەر گروپ و ڕێکخراوە کوردییەکان[2]. هەرچی پارتی کرێکارانیشە ئەوا کۆمەڵەکانی کولتوری دیموکراتی شۆڕشگێر (**DDKD**) و (کوك) و ئـاڵای ڕزگـاری و ڕێگـەی ئـازادی تۆمـەتبار دەکـات، بـەوەی لـە بەرەیەکـدا بـە نـاوی یـەکێتیی هێـزە دیمـوکراتی و نەتەوەییـەکان (**UDG**) دژ بە وان یـەکیان گرتـووە و هێرشـی کردۆتـە سـەریان و ئەنـدامانی ئـەوانیان کوشتووە[3].

ئەم پێکدادانانە، لە کۆتایی حەفتاکاندا ئـاڵۆزیی ناوچـە کوردییـەکانی لێکەوتـەوە و بووە هۆی کوژرانی سەدان کورد[4].

---

[1] دیڤید مەکدوال نووسیویەتی هێرشەکە، لە ئابی ١٩٧٩ ئەنجام دراوە، بەڵام بە پشت بەسـتن بە هەڤاڵ جوومعە هێرشەکە، لە ٣٠ی تەمموزی ئـەو سـاڵەدا ئـەنجام دراوە. بڕوانـە: دیڤیـد مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨٧؛ هەڤاڵ جوومعە، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٥.

[2] مراد خۆشەڤی حسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٥.

[3] حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٢.

[4] بڕوانە: حەمید بۆزئەرسەلان، کوردایەتی و...، ل٩٦.

**بەشی دووەم**

## دۆزی کورد لە نێوان ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٤)

**بەشی دووەم/ دۆزی کورد لە نێوان ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٤):**

**باسی یەکەم/ کودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠:**

کودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ کە لەلایەن سوپاوە ئەنجام درا، بیانووەکەی هەمان بیانووی هەردوو کودەتای ساڵانی (١٩٦٠ و ١٩٧١) بوو، کە ئەویش بریتی بوو لە پارێزگاری لە ڕژێمی سیکولاری کۆماری کەماڵی و ڕزگارکردنی وڵات لە تەنگژەی سیاسی و ئابووری و سنوردانان بۆ توندوتیژی لە شەقامی تورکی و کێشەی درێژخایەنی کوردی[1].

پاساوێکی سەرەکی کودەتاکە، کردەوەکانی توندوتیژی بوو لە نێوان گروپە توندڕەوە چەپ و ڕاستەکان کە تورکیا لە ساڵانی حەفتاکاندا بە خۆیەوەی بینی. ئەمەش بە شێوەیەکی ئاشکرا، گوزارشتی لە نائارامیی سیاسی و سروشتی فەرمانڕەوایی دەکرد. هۆکاری ئەم توندوتیژییە سیاسییەش بە پلەی یەکەم بۆ هێزە سیاسییە ناکۆك و دژ بەیەکەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی دەگەڕایەوە، کە خۆی لە پارتە توندڕەو و میانڕەوەکان، ئاشکرا و نهێنییەکان، ڕاستڕەو و چەپڕەوەکانیاندا دەبینییەوە. ئەمە جگە لە ناکۆکییە دینییەکانی نێوان سوننە و شیعە لە لایەك و بوونی ناکۆکیی نەتەوایەتی و ناکۆکیی تایفی لە لایەکی ترەوە، ڕووداوەکەی (ماراش– مەرعەش)یش کە لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٨دا ڕوویدا، درێژکراوەی ئەو ناکۆکییە مەزهەبییە بوو، کە پێشتر ئاماژەمان پێیدا[2].

---

[1] رضا هلال، السيف والهلال: تركيا من اتاتورك الى اربكان: الصراع بين المؤسسة العسكرية والاسلام السياسي، ط١، دار اللشروق، القاهرة، ١٩٩٩، ص١٥١.

[2] بڕوانە: وصال نجيب عارف العزاوي، المؤسسة العسكرية التركية (دراسة في الدور السياسي ١٩٦٠–١٩٨٠)، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ١٩٨٨، ص١٤٧–١٤٨.

به پێی هەندێك گێڕانەوە، بیرۆکەی ئەنجامدانی کودەتا، لە ساڵی ١٩٧٨ەوەو بە تایبەت دوای ئەو ڕووداوە توندوتیژییە دەستی پێ کردووە کە ئەو کات بولەنت ئەجەوید لەسەر دەسەلات بوو، باری نائاسایی لە (١٣) ویلایەتی تورکیادا ڕاگەیاند، کە (ئەنقەرە و ئەستەنبوڵ و مەراش) لە نێوانیاندا بوو[١].

دوابەدوای ئەو ڕووداوە، بارودۆخی تورکیا، پشێوی و ئاڵۆزییەکی زۆری بە خۆیەوە بینی، کە بە هۆیەوە، ژمارەیەکی زۆر قوربانییان لێکەوتەوە[٢]. هاندەری سەرەکی ئەم پشێویانەش، کار و کردەوەکانی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی (MHP) بوو بە سەرۆکایەتیی (ئاڵپ ئەرسەلان تورکیش) کە چەپڕەوەکانیان تیرۆر دەکرد[٣].

جەنەڕاڵەکان، لە نێوەڕاستی ساڵی ١٩٧٩دا، نەخشەی یەکەمیان بە مەبەستی ئەنجامدانی کودەتا دانا، بەڵام ئەم نەخشەیە، لەبەر کۆمەڵێك هۆکار، جێبەجێ نەکرا، لەوانەش: خۆ لادان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سەندیکا کرێکارییەکان، کە پشتیوانی ئەجەویدیان دەکرد، هەروەها شەرمەزارنەکردنی پێگەی ئەجەوید لە گفتوگۆکانیدا لەگەڵ سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و هاتنەکایەی ئاشتەوایی لە نێوان بولەنت ئەجەوید و سلیمان دێمیرێل دا و پێکهێنانی حکومەتێکی یەکێتیی نیشتمانی، کە بێسەروبەری لە وڵاتدا چارەسەر بکات[٤].

ئەم هۆکارانە وایان لە جەنەڕاڵەکان کرد، کە دەست لە بیرۆکەی ئەنجامدانی کودەتا هەڵگرن و چاوەڕوان بن تاوەکو دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٩دا[٥]، کە لەم هەڵبژاردنەدا حیزبی گەلی کۆماری دۆڕاو

---

(١) ابراهیم خلیل احمد وآخرون، المصدر السابق، ص٦٨.

(٢) بروانە: مصطفی الزین، أتاتورك وخلفاؤە، ط١، دار الكلمات والنشر، بیروت– لبنان، ١٩٨٢، ص٣٢٧.

(٣) یوسف ابراهیم الجهماني، اتاتورکیة...، ص٥٦" جرجیس حسن، ترکیا في الاستراتیجیة الامریکیة بعد سقوط شاه، ط١، ب.م، ١٩٩٠، ص٥٢.

(٤) ابراهیم خلیل احمد وآخرون، المصدر السابق، ص٦٨.

(٥) لەم هەڵبژاردنەدا حیزبی گەلی کۆماری، لە (١٥) ویلایەت، تەنها (٢٩,١٤٪)ی دەنگەکانی بەدەست هێنا و حیزبی عەدالەتیش، (٤٦,٨٣٪)ی دەنگەکانی بەدەست هێنا،. بڕوانە: فلادیمیر ایفانوفیتش دانیلوف، الصراع السیاسي في ترکیا، الأحزاب الساسیة والجیش، ت. یوسف ابراهیم الجهماني، ط١، دار حوران للطباعة والنشر والتوزیع، سوریا–دمشق، د.س، ص٣٤٦.

حکومـــەتی ئەجەویــدیش کۆتــایی هــات و دواتــریش حکومــەتێکی کەمینــە بــە سەرۆکایەتیی (سلیمان دێمیرێل) بە پشتیوانی نوێنەرانی حیزبی ڕزگاری نیشتمانی (MSP) و پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی پێکهات[1].

لەم قۆناغـەدا، دوو کێـشەی سـەرەکی ڕووبـەڕووی حیزبـی عەدالـەت (Adalet Partisi) و حیزبە ڕاستڕەوە هاوپەیمانەکانی دەبۆوە، کە هەمان ئەو کێشانە بـوون کەوا ڕووبەڕووی حکومەتی ئەجەوید دەبوونەوە. ئەوانیش بریتی بوون لە نائـارامی و ناسـەقامگیریی سیاسـی تورکیـا و ئـەو تەنگـژە یـەك بـەدوای یەکانـەی کـە لـە بوارەکانی ئابووری و کۆمەلأیەتیـدا، ولأت دووچـاریان دەبـۆوە. حیزبـی عەدالـەت، نەك هـەر نـەیتوانی ئـەم دوو کێـشەیە چارەسـەر بکـات، بـەڵکو کردەوەکـانی وەك پشتیوانیکردنی ڕاسـتڕەوە تونـدڕەوەکان، کێـشەکانی قـوڵتر کـردەوە[2]. ئەمـەش بەوەی کە بە شێوەیەکی ئاشکرا دیاربوو (پارتی بزووتنەوەی نەتـەوەیی) لەپـشت زۆر لە کردەوەکـانی توندوتیـژیی سیاسـییەوە بـوو، بـەلأم لەبەرئـەوەی حکومـەت پێویـستی بـە پـشتیوانیی ئـەم حیزبـە هـەبوو، هـیچ لێکۆڵینەوەیـەکیان لەگەڵـدا نەدەکرا[3].

دوابـــەدوای پێکهێنـــانی حکومـــەت لەلایـــەن دێمیرێلـــەوە، لـــە بەرانبـــەردا، ئەجەویدیش هەوڵی دەدا بەرەیەکی هاوپەیمانی نوێ، لە نێوان پارتەکەی و (پارتی ڕزگاریی نیشتمانی)دا دروست بکات، لەپێناو دانانی ئاستێك بۆ ئـەو ڕێوشـوێنانەی کـە حکومەتەکـەی دێمیرێـل بـۆ کـۆتکردنی ئازادییـە گشتییەکان دەیخـستنە ڕوو، دوای ئەوەی سنورەکانی باری نائاسایی فراوان کرد لە ولأتدا، بە جۆرێـك کـە (٢٠) ولایەتی دەگرتەوە[4].

ئەنجامی ئەو ململانێ و پێکدادانە سیاسییەی کـە تورکیـای گرتبـۆوە، ببـووە هۆی ئەوەی ژمارەیـەکی زۆر قوربـانی لێبکەوێتـەوە، بـە جۆرێـك لـە نێـوان سـاڵی

---

[1] بروانە: مصطفى الزين، المصدر السابق، ص٣٢٧–٣٢٨.

[2] فلاديمير ايفانوفيتش دانيلوف، المصدر السابق، ص٣٥٤.

[3] بروانە: فيروز احمد، صنع تركيـا الحديثـة، ت. د. سـلمان داود الواسـطي و د.حمـدي حميـد الدوري، بيت الحكمة، قسم الدراسات الاجتماعية، د.م، د.ت، ص٤٠٣.

[4] بروانە: ابـراهيم الـداقوقي، اكـراد تركيـا، ط١، دار المـدى للثقافـة والنـشر، سـورية– دمـشق، ٢٠٠٣، ص٢٧٣.

(١٩٧٥–١٩٨٠)دا ژمـارەی قوربانیـانی کـارە توندوتیژییـەکان، نزیکـەی (٥٧١٣) کـوژراو و (١٨٤٨٠) برینـداری لێکەوتـەوە[1]. لەبەرئـەوە، بیرۆکـەی ئەنجامـدانی کودەتا، جارێکی دیکە، لەنێو گەورە ئەفسەرەکانی تورکیـادا، سـەری هەڵدایـەوە. ئەمەش لەکاتێکدا هاتـە ئاراوە، کـە لـە ٩ی کـانوونی یەکـەمی ١٩٧٩دا جەنـەڕاڵ کەنعان ئێڤرین (Kenan Evren)[2] و جێگرەکەی جەنەڕاڵ حەیـدەر سـالتك (Haydar Saltık) چوونە باکووری کوردستان بۆ سەرپەرشتیکردنی مانۆڕی هەنـدێ لـە یەکـە سەربازییەکان، کە نزیکەی هەزار کیلۆمەترێك لە ئەنقەرەی پایتەختەوە دوور بـوو. جەنەڕاڵ کەنعان ئێڤرین ڕازی نەبوو، چونکە پێی وابوو ئەنجامدانی کودەتا هێـشتا کاتی نەهاتووە و پێی وابوو دێمیرێل زۆری نەماوە و تەنها مانگێکی لـە دەسـەڵاتدا ماوە، هەروەها ئەنجامـدانی کودەتـاش لـەو کاتـەدا لـە نـاوەوەو دەرەوەدا وا لێـك دەدرایـەوە بـەوەی تـەنها ئارەزوویـەکی سـەربازییە بـۆ دەسـتگرتن بەسـەر دەسەڵاتدا[3].

دەتوانین بڵێین دواکەوتنی ئەنجامـدانی کودەتـای سـەربازی و ڕەتکردنـەوەی لەلایەن جەنەڕاڵەکانەوە لەو کاتەدا، دوو هۆکاری هەبوو، ئەوانیش بریتین لە:

١– بۆچوونی سـوپا وابـوو کـە هـەردوو کودەتاکـەی سـاڵانی (١٩٦٠ و ١٩٧١) ئامانجی تەواوەتی خۆیان بە باشی نەپێکاوە، بۆیە نەیاندەویـست هـەمان هەڵەکانی پێشوو دووبارە بکەنەوە.

٢– هەستیان دەکرد کە ئەنجامـدانی کودەتـا کاریگەرییـەکی گـەورەی دەبـێ لەسەر ڕای گشتی نـاوخۆ و دەرەوە، لەبەرئـەوە، دەیانویـست وا پیـشان

[1] حەمید بۆزئەرسلان، مێژووی ....،ل١١٠.

[2] جەنەڕاڵ کەنعان، لەو کاتەدا، تەمـەنی (٦٢) سـاڵی تێپەڕانـدبوو، ئەفـسەری پیـادە بـووە و خوێندنی ئـەکادیمیای سـەربازی لـە سـاڵی ١٩٣٨دا تـەواو کـردووە و بەشـداری لـە شـەڕی کۆریـادا کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٦١، پلـەی لیـوای پێـدراوە و سـاڵی ١٩٧٧، دێمیرێـل بـە سەرکردەی هێزە وشکانییەکانی تورکیـای دانـاوە. بڕوانـە: ابـراهیم خلیـل احمـد وآخـرون، المصدر السابق، ص١٨٣.

[3] بڕوانە: مصطفى الزين، المصدر السابق، ص٣٢٩.

بدەن کە ئامانجیان پارێزگاریکردنە لە دیموکراتی نەك دەستگرتن بە سەر دەسەڵاتدا، ئەوەش ئەوکاتە بۆ ڕازیکردنی وڵاتانی ڕۆژئاوا ئاسان نەبوو[1].

ئەم هۆکارانە وایان کرد لەبری ئەنجامدانی کودەتا، لە کانوونی دووەمی ١٩٨٠ ئاگادارکردنەوەیەك ئاراستەی سەرۆکی پارتە سیاسییەکان بکەن، ئەوە بوو سەرۆکی دەستەی ئەرکان (جەنەڕاڵ کەنعان ئیڤرین) و سەرکردەی هێزی زەمینی و سەرکردەی گشتی هێزەکانی جەندرمە نامەیەکیان ئاراستەی سەرۆککۆمار فەخری قۆروتویرك (Fahri Korutürk) کرد و تێیدا جەختیان لەوە کردەوە کە (هێزە چەکدارەکان ناچارن بانگەواز ئاراستەی دەزگا دەستورییەکان لە وڵاتدا بکەن بۆئەوەی بەرپرسیارێتی بگرنە ئەستۆی خۆیان، بە تایبەت حیزبە سیاسییەکان بۆ ئەوەی ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن و ڕێوشوێن دژ بە بەرەڵایی و بێ سەروبەری و تیرۆر و لێکترازانەکان بگرنە بەر، کە گەشە دەکات، هەروەها بۆ پاراستنی یەکێتیی خاکی تورکیا). سەرباری ئەم داخوازییانە، جەنەڕاڵەکان بەرپرسیارێتیی گەورەی ئەو بارە ئاڵۆزەشیان خستە ئەستۆی حیزبە سیاسییەکان، کە دەسەڵاتیان بە دەستەوە بوو[2].

لە بەرانبەر ئەو ئاگادارکردنەوەیەدا، ئەجەوید پێی وابوو: ئەمە دەستتێوەردانی سوپایە لە کاروباری سیاسی و هەڕەشەیە لە دەسەڵاتی دیموکراتی، بەڵام لە بەرانبەردا دێمیرێل ڕازی بوو لەسەر ئەو پرەنسیپە بنچینەییانەی کە بیرخەرەوەکە لەخۆی دەگرتن، ئەوانیش کۆتاییهاتنی ململانێی سیاسی و وەستانی کردەوە تیرۆرییەکانە[3].

دوابەدوای ئەم ئاگادار کردنەوەیە، بارودۆخی ناهەمواری تورکیا، هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهات، بەڵکو کردەوەکانی توندوتیژی و تاڵانکردنی بانك و دوکانەکان، بەردەوام بوون، دژایەتیکردنی پارتە سیاسییەکان لەگەڵ یەکتری و قسە بە یەکتر گوتن و یەکتری تاوانبارکردن (لەنێو پەرلەمان و

---

[1] وصال نجيب عارف العزاوي، المؤسسة ...، ص١٥٤.

[2] بروانە: فلاديمير ايفانوفيتش دانيلوف، المصدر السابق، ص٣٧٨.

[3] وصال نجيب عارف العزاوي، المؤسسة ...، ص١٥٥-١٥٦.

دەرەوەیدا) وایان کرد بوو گەڕەلاوژێیەکی سیاسی و ئاسایشی و ئەخلاقی، سەرجەم تورکیا بگرێتەوە[1]، هەروەها حاڵەتەکانی مانگرتن و ڕووداوەکانی کوشتن لە جاران پتر بوون، هەروەك لە شوباتی ١٩٨٠دا (سەندیکای کرێکارانی پێشکەوتوخواز)[2] سەرکردایەتیی مانگرتنێکی گشتیی کرد و دواتریش مانگرتنەکان فراوانتر بوون و ژمارەی قوربانییەکانی توندوتیژیش بە پێی هەندێك ئامار، ڕۆژانە دەگەیشتە (٢٠-٣٠) کەس[3]، کە لە نێویاندا کەسایەتیی دیاری وەك نیهاد ئەریم (Nihat Erim)ی سەرۆکوەزیری پێشوو، کەمال تویرکلەر (Kemal Türkler)ی سەرۆکی سەندیکا کرێکارییەکانی شۆڕشگێڕ (دیسك)ی تێدابوون[4].

جگە لەمانە، ئەوەی تەنگژەکەی لە ڕووی سیاسییەوە زیاتر قوڵ کردەوە، ئەوەبوو کە ماوەی سەرۆکایەتیی فەخری قۆروتویرك لە ٢٦ی نیسانی ١٩٨٠دا کۆتایی هات و ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەش، بۆ ماوەی پێنج مانگ، نەیتوانی سەرۆککۆمارێکی تازە هەڵبژێرێت، تاوەکو دواتر ئیحسان سەبری چاغلیانگیل (Ihsan Sabri Çağlayangil)ی سەرۆکی ئەنجومەنی پیران و وەزیری دەرەوەی پێشوو (بەوەکالەت)، کرا بە سەرۆکی وڵات[5]. ئەنجامی ئەو کێشەیەش، دەرکەوتنی نەخشەی تایبەت بوو، بۆ دەستگرتنی سوپا بەسەر دەسەڵاتدا، ئەوە بوو لە کۆبوونەوەیەکدا (کە لە بارەگای ئەرکانی گشتیدا کرا) سەرکردەکانی سوپا، بە تەواوی لەسەر ئەنجامدانی کودەتا ڕێککەوتن، بەڵام ڕۆژی

---

[1] مصطفى الزين، المصدر السابق، ص٣٣٠.

[2] ئەم یەکێتییە، لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٧، لەلایەن سەندیکاکانی چەپەوە، بە سەرۆکایەتیی (تورك ئیش) دامەزراوە، پەیوەندی توندوتۆڵی بە پارتی کرێکارانی تورکیاوە هەبوو. لە ئایاری ١٩٧٥دا، کۆنگرەی خۆی بەست و ژمارەی ئەندامەکانی دەگەیشتە نزیکەی شەش سەد هەزار کەس، چەندین خۆپیشاندانی لە نێوان ساڵەکانی (١٩٧٠-١٩٨٠) لە تورکیادا کردووە...بڕوانە: ابراهيم خليل احمد وآخرون، المصدر السابق، ص١٧٨-١٧٩.

[3] بڕوانە: ابراهيم خليل احمد و خليل علي مراد، إيران وتركيا (دراسة في التاريخ الحديث والمعاصر)، دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة موصل، ١٩٩٢، ص٣٠١-٣٠٢.

[4] بڕوانە: فيروز احمد، المصدر السابق، ص٣٩٤-٣٩٥.

[5] ابراهيم خليل احمد وآخرون، المصدر السابق، ص٦٩.

جێبەجێکردنی کودەتاکە، دیاری نەکرا، دوا دەرفەتیش بۆ سەرکردەی پارتەکان ئەوەبوو: ڕێکبکەون و حکومەتێکی هاوبەش لە هەموو لایەنە جیاوازەکان پێک بهێنن، هەروەها وڵات لە ڕێگەی دیموکراتی و ئاشتییەوە لە کێشە و قەیرانەکان ڕزگار بکەن[١]. لەم ڕووەشەوە، جەنەڕاڵ کەنعان ئێڤرین لە ١٦ی ئایاری ١٩٨٠دا، بۆ دووەم جار، ڕایگەیاند کە: (سوپای دڵسۆز، لەسەر ڕێگەی ئەتاتورك چاودێریی پێشکەوتنی ڕەوتی ڕووداوەکان دەکات)[٢]. لە ٣٠ ئابی هەمان ساڵیشدا، لە نامەیەکیدا بۆ سوپا، ڕایگەیاند: (هێمنی و قانون ناتوانرێت بە تەنیا لە ڕێگەی فەرمانڕەوایی ویلایەتەکانەوە دابین بکرێت...)[٣]. واتە جەنەڕاڵ ئێڤرین مەبەستی بوو کە لاوازی و خەمساردیی حکومەت و فەرمانڕەوای ویلایەتەکان لە چارەسەرکردنی ئەو دۆخە توندوتیژییە، پیشان بدات کە تورکیای گرتبۆوە. لە لایەکی تریشەوە ئەم ڕاگەیاندنانەی، ئاگادارکردنەوەی حکومەت و ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ بوو بۆ نزیکبوونەوەی وادەی دەستگرتنی سوپا بەسەر دەسەڵات و ئەنجامدانی کودەتادا.

کاتێك جەنەڕاڵەکان بیریان لە کودەتا دەکردەوە و ئەوەی هانی دەدان، تەنها توندوتیژی سیاسی و کردەوەکانی خوێنڕشتن نەبوو، کە تورکیای گرتبۆوە، بەڵکو یەکێکیتر لە هۆکارەکان، خراپبوونی بارودۆخی ئابووریی تورکیا بوو[٤]. ئەم خاڵەش بە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکان دادەنرێت، کە تیایدا ئابووریی تورکیا تووشی هەڵاوسانێکی زۆر هاتبوو، ئەو هەڵاوسانە لە ساڵی ١٩٧٧دا گەیشتە ڕێژەی (٤٠٪) و ساڵی ١٩٧٨یش بەرز بۆوە بۆ ڕێژەی (٦٠٪) و کۆی تێکڕای هەڵاوسان لە شوباتی ١٩٨٠دا گەیشتە (١٣٧٪) و دواتریش کەم بۆوە بۆ (٩٥٪). نرخی لیرەی تورکیش بۆ چەند جارێك لە نێوان ساڵانی (١٩٧٩-١٩٨٠)دا بەرێژەی (٤٨٪) نرخی خۆی لەدەستدا[٥]. جگە لەمانە گەندەڵی و بەرتیلوەرگرتن لە سەرجەم

---

[١] وصال نجيب عارف العزاوي، المؤسسة ...، ص١٥٧.

[٢] فلاديمير ايفانوفيتش دانيلوف، المصدر السابق، ص٣٧٩.

[٣] ابراهيم خليل احمد وخليل علي مراد، المصدر السابق، ص٣٠١.

[٤] بروانە: فيروز احمد، المصدر السابق، ص٣٩١.

[٥] بروانە: وصال نجيب عارف العزاوي، المؤسسة ...، ص١٦٤.

دامودەزگاکانی جێبەجێکردن و قانونداناان و دادوەریدا، لە هەموو ئاستەکاندا بڵاو بووبووەوە. وێڕای زۆریی ڕێژەی هەڵاوسان، قەرزی دەرەکیشی بە شێوەیەك ڕووی لە زیادبوون کردبوو، کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩دا گەیشتبووە (١٤,٦) ملیار دۆلار. ئەم بارودۆخەش، ببووە هۆی گەشەکردنی بزووتنـەوەی کۆچـکردن لـە لادێـوە بـۆ شارەکان و سەرەنجام: زیـاد بـوونی بێکـاریی لێکەوتـەوە و دواتـریش زنجیرەیـەك مانگرتنی بەدوای خۆیدا هێنا، کـە ژمارەیـەکی زۆر لـە کۆمـەڵگا پیـشەسازییەکانی گرتەوە، ئەمەش بووە هۆی نزمبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنان[1].

بەدەر لە خراپیی بارودۆخی سیاسی و ئابووریی تورکیا، ئەگەری ئەنجامدانی کودەتـا لەلایـەن ئەفـسەرە بـچووکەکانی سـوپاوە، (کـە لـە دەرەوەی ڕیزبەنـدیی سەرکردایەتیی سەربازیدابوون) هۆکارێکی تری کودەتاکە بوو. ئەمەش بەوەی لەم کاتـەدا زۆر پڕوپاگەنـدە بـڵاو ببـۆوە، کـە دەیـان وت: ئەگـەر جەنـەڕاڵ ئێڤـرین کودەتاکەی نەکردایە، ئەوا سەرکردەکانی تر، کە پلەیان لەو نزمتر بوو، کودەتایان ئەنجام دەدا، بە جۆرێك ئەو کارە دەبووە هۆی پشێوی و گۆڕینی ڕژێمـی سیاسـی و لادان لە پرەنسیپەکانی ئەتاتورك. جەنـەڕاڵ ئێڤـرینیش دوای کودەتاکـە، چـەند بەیاننامەیەکی دەرکرد و لە ناویاندا بـە یاننامـەی ژمـارەی (٦)ی ئاراسـتەی هێـزە چەکدارەکانی تورکیـا کـرد و داوای لێکـردن ئـەو فەرمانـە جێبـەجێ بکـەن کـە لـە سـەرکردایەتیی سـوپاوە وەری دەگـرن. ئەمــەش ئامــاژە بــەوە دەکــات کــە سەرچاوەیەکی تر هەبێ بۆ فەرمان دەرکردن کە لەگـەڵ فەرمانـەکانی ئەنجومـەنی ئاسایـشی نەتـەوەیی (Milli Güvenlik Konseyi)دا[2] دژ بـە یـەك بووبێـت و لـە

---

[1] بروانە: جرجیس حسن، المصدر السابق، ص٥١.

[2] (ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی)، دوابەدوای کودەتا، بە سـەرۆکایەتیی (جەنـەڕاڵ کـەنعان ئێڤرین) و چوار سەرکردەی دیکەی سوپا پێکهات، کە بریتی بوون لە: جەنەڕاڵ (نـورەددین ئارسین) سەرکردەی هێزی زەمینی و جەنـەڕاڵ (تەحسین شـانگایات) سـەرکردەی چـەکی ئاسمـانی و جەنـەڕاڵ (نـەجات تـومێر) سـەرکردەی هێـزی دەریـایی و جەنـەڕاڵ (سـاوات سیلاسون) سەرکردەی پۆلیس. دەسـتەی ئـەم ئەنجومەنـە، فـەرمانڕەوایی تورکیایـان کـرد تاکو ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی لـە تـشرینی یەکـەمی ١٩٨٣دا. بڕوانـە: ابـراهیم خلیـل احمد وآخرون، المصدر السابق، ص١٨٤. فیروز احمد، المصدر السابق، ص٤٠٧.

دەرەوەی ڕیزبەندیی سەرکردایەتیی سەربازیدا بێت. بۆ ئەمەش وەك (وصال نجیب عارف العزاوی) باسی دەکات، گومان دەکرێت کۆمەڵێك ئەفسەر لە هێزە چەکدارەکان پەیوەندییان بە (پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی)یەوە هەبووبێت. لەم ڕووەشەوە، جەنەراڵ ئێڤرین، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، لە ١٦ی ئەیلولی ١٩٨٠ وتی: "ئەگەر ئەو دەستپێشخەرییە نەبوایە، ئەوا هێزە نهێنی و خائینەکان، دزەیان دەکردە ناو هێزە چەکدارەکان و لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا، بەردەوام فیتەنەیان بڵاو دەکردەوە"[(١)].

هۆکارێکی تری سەرەکی کودەتاکە مەترسیی پەرەسەندنی بزاڤی کورد بوو لەم قۆناغەدا، لەبەرئەوە سەرکردە سەربازییەکان خۆیان ئامادە کردبوو بە زۆردارەکی و بەکارهێنانی ئەوپەڕی هێزەوە، بزاڤی کورد سەرکوت بکەن. ئەمە جگە لە دەرکەوتنی مەترسیی پەرەسەندنی بزووتنەوەی چەپ، کە داوای یەکسانی و دادی کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی گرفتەکانی هەژاری و بێکاریی دەکرد[(٢)].

وێڕای ئەو کاریگەرییانەی کە پەیوەندییان بە ڕەوشی ناوخۆی تورکیاوە هەبوو، ئەنجامدانی کودەتاکە، کاریگەریی دەرەکیشی لە پشتەوە بوو. تورکیا کە لە (هاوپەیمانێتیی باکووری ئەتڵەسی – ناتۆ–)دا[(٣)] ئەندام بوو. دوای دەستتێوەردانی یەکێتیی سۆڤیەت لە وڵاتی ئەفغانستان و دوای بەرپا بوونی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا، گرنگیی ستراتیژیی تورکیا لە چوارچێوەی ناتۆدا زیاتر بەدەرکەوت[(٤)]. ئەمەش لەبەرئەوەی ڕووخانی ڕژێمی

---

[(١)] بڕوانە: وصال نجیب عارف العزاوي، المؤسسة ....، ص١٦٩–١٧٠.

[(٢)] بڕوانە: فەرۆز ئەحمەد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٠.

[(٣)] ئەم هاوپەیمانێتییە، لە ٤ی نیسانی ١٩٤٩ لە واشنتۆن، لە نێوان هەر یەك لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەنەدا، بەلجیکا، دانیمارك، فەرەنسا، ئایسلەندە، ئیتالیا، لۆکسەمبۆرگ، هۆڵەندە، نەرویج، پۆرتوگال و شانشینی یەکگرتوودا مۆرکرا. لە ساڵی ١٩٥٢، هەریەك لە یۆنان و تورکیاشی گرتە خۆیی و ساڵی ١٩٥٥یش ئەڵمانیای فیدراڵ چووە ناو ئەو هاوپەیمانێتییەوە. ابراهیم خلیل احمد وآخرون، المصدر السابق، ص٢٠٨.

[(٤)] بڕوانە: فیرو احمد، المصدر السابق، ص٣٩١–٣٩٢. بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی پەیوەندییەکانی تورکیا و ناتۆ بڕوانە: احمد نوري النعیمي، ترکیا و حلف شمال الاطلسي، المطبعة الوطنیة، الاردن–عمان، ١٩٨١.

شای ئێران، لەدەستدانی گەورەترین پایگەی ئەمریکا بوو لە ناوچەکەدا، بەو هۆیەشەوە تورکیا بۆ ئەمریکا گونجاوترین شوێن بوو بۆ ئەوەی لەوێوە بەرەنگاری مەترسییەکانی هەردوو تەوژمی چەپ و ئیسلامی ببێتەوە. لەبەرئەوە و لەپێناو بەهێزکردنی پێگەی ستراتیژی ناتۆ لە تورکیا و فراوانکردنی بنکە سەربازییەکانیان لە ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ئەو وڵاتەدا تێدەکۆشان، کە هاوسنوور بوون لەگەڵ هەردوو وڵاتی هەڕەشەکەری یەکێتیی سۆڤیەت و ئێران[1].

لە لایەکی تریشەوە بە هاتنە سەرکاری ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران، مەترسی لە ناردنە دەرەوەی شۆڕش بۆ وڵاتانی تری ئیسلامی و پەرەسەندنی ئیسلامی سیاسی و بزووتنەوەی ئیسلامگەرایی لە ناوخۆی تورکیادا، هەڵبەتە هۆکار بوو بۆ وەخۆکەوتنی جەنەڕاڵەکان، ئەوەی ئەو مەترسییەشی زیاتر کرد، ئەوەبوو کە شەش ڕۆژ پێش ئەنجامدانی کودەتا، حیزبی ڕزگاریی نیشتمانی فستیڤاڵێکی فراوانی بە ناوی (قودس)ەوە ڕێکخست، کە تێیدا دروشمی ڕزگارکردنی (قودس) بەرز کرابووەوە و ئەو حیزبە کەوتبووە سەرزەنشتکردنی ڕژێمی عەلمانی تورکیا و داوای دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی دەکرد لەو وڵاتەدا[2]. دوای ئەم ڕووداوە، سەرکردەکانی سوپا کۆبوونەوەیەکیان لە ماڵی جەنەڕاڵ ئێڤرین بەست و تێیدا ڕێککەوتن لەسەر ئەنجامدانی کودەتاکە و کاتژمێری (٤:١٥) ڕۆژی هەینی و ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ بە سەرۆکایەتیی جەنەڕاڵ ئیڤرین کودەتاکە ئەنجام درا[3].

لە بەیاننامەی سەربازیی ژمارە (١)ی کودەتاچییەکاندا، کە کاتژمێر (٦)ی بەیانی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠بلاو کرایەوە، هۆکارەکانی ئەنجامدانی کودەتاکە لەلایەن سوپاوە ڕوون کرابوونەوە. لەو بەیاننامەیەدا هاتبوو: (دەوڵەت و دامودەزگا سەرەکییەکان ئیفلیج بوونە و لە کارکردن کەوتوون، بونیادی دەستوریش پڕ ببوو لە ناکۆکی دژ بە یەك، هەروەها پارتە سیاسییەکان، سوور بوون لەسەر

[3] دڵشاد مەجید، تورکیا لە دووڕیانی دەسەلاتی ژەنراڵەکان و دەسەلاتی سیاسییەکاندا، چاپخانەی ڕەنگاڵە، هەولێر، ١٩٩٥، ل٢٦.

[2] بڕوانە: فەرۆز ئەحمەد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٠" رضا هلال، المصدر السابق، ص١٥١.

[3] ابراهيم خليل احمد وآخرون، المصدر السابق، ص٦٩، ١٨٣.

هەڵوێستەکانیان و هـیچ کۆدەنگییـەکی پێویـست بـۆ چارەسـەرکردنی کێـشەکانی وڵات نەبوو. لە ئەنجامی هەموو ئەم هۆکارانـەدا، هێـزە جوداخوازەکـان چـالاکییان زیاتر ببوو، ژیان و موڵکی هاووڵاتیان پارێزراو نەبوو. کۆنە پـەرستەکان و ئەوانـەی خاوەنی بیروباوەڕی خواروخێچن لەبری هەڵگرانی بیری ئەتاتورك گەشەیان دەکرد، هـەروەها هێرشـەکان هـەموو لایـەکی کۆمـەڵگای گرتبـووەوە، وەك قوتابخانـە و زانکۆکان و دەستە دادوەرییەکان و ڕێکخراوە کرێکارییەکان و ئەوانی دی، وڵاتیان بەرەو لێکترازان و شـەڕی نـاوخۆ دەبـرد)[1]. لـەم ڕاگەیاندنـەدا، کودەتاچـییەکان، پڕوپاگەنـدەیان دەکـرد کـە کودەتایـان لـەپێناو پاراسـتنی کۆمـاری تورکیـا و گەڕانەوەی فەرمانڕەوایی (عەلمانی) و لادانی ئەو کۆسپانە کردووە کـە هاتوونەتـە بەردەم دیموکراتیەت لە تورکیادا[2].

دوای کودەتا، جەنەڕاڵـەکان، دەسـتیان گـرت بەسـەر دەسـەڵاتی سیاسـیدا و پەرلـــەمانیان هەڵوەشـــاندەوە و چـــالاکیی پارتـــە سیاســـییەکان و ســـەندیکا کرێکارییـەکان بـە سـەندیکای کرێکـاری چـەپ (دیسك) و یـەکێتی سـەندیکاکانی ڕاسـتڕەوی تونـدڕەو (میـسك)ەوە ڕاگـرت، هـەروەها دوای خۆبەدەسـتەوەدانیان، هەریـەك لـە سـلیمان دیمیرێـل و نەجمـەدین ئەربـەکان و بولـەنت ئەجەویـدیان دەسـتگیر کـرد، جگـە لـە (ئـەلپ ئەرسـەلان تـورکیش) کـە سـەرۆکی حیزبـی بزووتنەوەی نەتەوەیی بوو، ماوەی دوو ڕۆژ، خۆی لە شوێنێکی نادیار شـاردەوە و دواتـر خـۆی بەدەسـتەوەدا، هـەروەها کودەتاچییەکان بـاری نائاسـاییان بەسـەر هەموو وڵاتدا سەپاند و هاووڵاتیانیان لە چوونە دەرەوەی تورکیا قەدەغـە کـرد[3]. دواتـر ئەنجومـەنێکی سـەرکردایەتی (ئەنجومـەنی ئاسایـشی نەتـەوەیی) جەنـەڕاڵ ئیڤرینی بۆ سەرۆکی کۆمار هەڵبژارد و ئەویش بویلەنت ئولوسـو (**Bülent Ulusu**)ی ڕاسپارد بۆ ئەوەی وەزارەتێکی تازە لە کەسانی تکنۆقرات و کارگێری ناسراو پێـك

---

[1] بروانە: نوبار هوفسبیان (المحرر) و فـیروز احمـد وآخـرون، ترکیـا بـین الـصفوة البیروقراطیـة والحکم العسکري، ط۱، مؤسسة الأبحاث العربیة، بیروت– لبنان، ۱۹۸٥، ص۲۰۳.

[2] یاسراحمد حسن، ترکیـا، البحـث عـن مـستقبل، ط۱، دارالمـصریة اللبنانیـة، القـاهرة، ۲۰۰٦، ص۸۰–۸۱.

[3] بروانە: رضا هلال، المصدر السابق، ص١٤١" یاسر احمد حسن، المصدر السابق، ۸۰.

بهێنێت، ئەم وەزارەتەش لە ٢١ی ئەیلولی ١٩٨٠دا، وەك دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەستی بە کارەکانی کرد[١].

لەپێناو گەڕاندنەوەی دیموکراسیش بۆ وڵات، لە ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٨١دا (ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی) ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری (Danışma Meclisi) پێکهێنا بۆ کارکردن لەپێناو داڕشتنی دەستورێکی نوێ بۆ تورکیا، کە شوێنی دەستوری ساڵی ١٩٦١ بگرێتەوە. دەقی دەستورەکەش لە ئابی ١٩٨٢دا خرایە ڕوو، تێیدا دەسەڵاتێکی زۆر درا بە سەرۆککۆمار کە پێشتر وێنەی نەبووە[٢]. لە تشرینی دووەمی ١٩٨٢دا، دوابەدوای ڕایفراندۆمێکی ڕووکەشی جەماوەری، کە ٩٢٪ی خەڵکی دەنگیان بۆیدا، دەستورەکە قبوڵ کرا[٣].

دەسەڵاتدارانی سەربازی بۆ ڕەخنە گرتن لەو دەستورە، هیچ دەرفەتیان بە خەڵك نەدا و جەنەراڵ ئێڤرینی سەرکردەی کودەتا، دەربارەی ڕیفراندۆمی دەستورەکە وتبووی: ئەگەر میللەت نەشڵێ بەڵێ بۆ دەستوری نوێ، ئێمە هەر دەسەڵات بەجێ ناهێڵین[٤]. لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆمەکەشدا هەڵمەتێکی سەرکوتکاری و ڕاوەدوونان و دەستگیرکردنی فراوانیان دەست پێ کرد، بە جۆرێك کە هەڕەشەیان لە کەسانی ناڕازیی لەپرۆسەکە دەکرد بەوەی شەش مانگ زیندانی دەکرێن، یاخود بۆ ماوەی پێنج ساڵ ماف هەڵبژاردنیان نامێنێ[٥]. لەوەش زیاتر، لە کوردستاندا، پڕوپاگەندە و هەڕەشەی وایان بڵاو

---

[١] ئەم وەزارەتە، لە هەندێ وەزیری حکومەتی هەردوو کودەتاکەی ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٧١ پێکهات، کە وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆ و پەروەردە درا بە ئەفسەرە خانەنشین کراوەکان، هەروەها، کەسانی تکنۆقرات و مامۆستایانی زانکۆش، هەندێ وەزارەتیان پێدرا و تورگوت ئۆزالیش، کە ناسرابوو بە (لێهاتوویی ئابوری)، بوو بە جێگری سەرۆکوەزیران و لێپرسراوی کاروباری ئابووری. بڕوانە: ابراهیم خلیل احمد و خلیل علي مراد، المصدر السابق، ص٣٠٣" ابراهیم الداقوقي، المصدر السابق، ص٢٧٨.

[٢] ابراهیم خلیل احمد وخلیل علی مراد، المصدر السابق، ص٣٠٣.

[٣] نوبار هوفسبیان (المحرر) و فیروز احمد وآخرون، المصدر السابق، ص٢٥١.

[٤] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٠٦.

[٥] جبار قادر، قضایا کردیة...، ص٢٤١.

دەکردەوە، ئەگەر هەر کەسێك دژ بە دەستور دەنگ بدات، ئەوا دووچاری ئەشکەنجە دەبێت. لە گوندەکانیشدا گوشاریان خستبووە سەر ڕیشسپیو موختار و پیاوماقولانی کورد، بۆ ئەوەی دەنگ بە دەستورەکە بدەن. لە کاتی دەنگدانیشدا لەسەر سندوقەکانی دەنگدان پۆلیس و جەندرمە ڕاوەستابوون[1].

ئەمانە هەمووی بە پێچەوانەی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و هەڵبژاردنە، چونکە پێویستە پرۆسەی دەنگدان بەشێوەیەکی ئازادانە و نهێنی ئەنجام بدرێت، تەنانەت بۆ هەڵسوڕێنەرانی پرۆسەکەش نییە بزانن دەنگدەر چۆن و بۆ کێ دەنگ دەدات.

لە بارودۆخێکی لەو جۆرەدا، هەر وا چاوەڕوان دەکرا کە زۆرینەی خەڵکی تورکیا بە بەڵێ دەنگ بە دەستورەکە بدەن، هەرچەندە ئەنجامە ڕاگەیەنراوەکانی ڕیفراندۆمەکە لە ڕاستییەوە دوور بوون و بە پێی بەرژەوەندیی کاربەدەستان ڕاگەیەنرابوون، بۆ نموونە لە کوردستانی تورکیا ئەوانەی هەر دەنگیان نەدا یاخود دژ بە دەستور دەنگیاندا زۆر لەوە زیاتر بوون کە بە فەرمی لە وڵات ڕاگەیەنرابوون[2]، لە ولایەتی هەکاری (٣٠٪)ی خەڵکی دەنگیان نەدا، لە دەرسیم (٢١٪) و سێرت (١٩٪) و موش (١٨٪) و لە هەریەك لە ولایەتەکانی دیاربەکر و ئیلازیگ و ماردین زیاتر لە (١٠٪)ی دانیشتوانی دەنگیان نەدا، بەڵام سەبارەت بە دەنگدانیش دژ بەو دەستورە لە بینگیۆل گەیشتە ڕێژەی لە (٢٣٪) و لە دیاربەکر (١٨٪) و لە هەریەك لە دەرسیم و هەکاری و ئیلازیگ و موش (١٥٪)ی دژ بە دەستور دەنگیان دا[3].

بەم شێوەیە دەردەکەوێت، کە ژمارەیەکی زۆر دەنگدەران لەو نۆ پارێزگایەی کە زۆرینەی دانیشتوانەکانیان کوردن، دژ بە دەستور، دەنگیان دا، یاخود بەشداری ڕیفراندۆمەکەیان نەکرد. بۆنموونە لە گوندێکی نزیك ماردین، کە ژمارەی دانیشتوانەکەی هەزار کەس دەبوو، تێکڕایان بۆ دەنگدان نەچوون. لەبەرئەوە

---

[1] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٠٦.

[2] هەمان سەرچاوە،ل١٠٦.

[3] بڕوانە: جبار قادر، قضايا كردية...، ص٢٤١.

جەنەڕاڵ ئێڤرین لە وتەکانیدا لە شاری قارس و ئارتڤین، هێرشی کردە سەر ئەوانەی دژ بە دەستور دەنگیان دابوو، بە "خیانەتکارو جوداخواز" ناوزەدی کردن و ژمارەیەکی بەرچاو کە دەستورەکەیان ڕەت کردبووەوە وەك سزایەك، دەستگیر کران. تەنها لە دەوروبەری شاری ماردین (١٠) ریشسپی گیران و جوتیارێکی زۆریش بەر هەڵمەتی گرتن کەوتن. ئەم هەڵمەتی گرتنەش، لە شارەکانی (بینگیۆل، دیاربەکر، سێرت و موش) درێژەی هەبوو[1].

لەپێناو گەڕانەوەی ژیانی سیاسی بۆ وڵات، لە ٢٤نیسانی ١٩٨٣شدا قانونی تازەی هەڵبژاردن دەرکرا، کە تیایدا، کاربەدەستان مەرجیان بۆ ئەو پارتە سیاسییانە دانا کە دەیانەوێ بۆ ژیانی سیاسی بگەڕێنەوە، بەو پێیەش، دەبوو پارتەکان ناوی تازە و سەرکردایەتیی تازەیان هەبێ، کە لەسەردەمانی پێشوودا پۆستی سیاسییان وەرنەگرتبێت، هەروەها بەپێی فەرمانێك، بەشێکی زۆریان، بۆماوەی (٥–١٠) ساڵ لە کار و چالاکیی سیاسی بێبەش کران[2]. لە هەڵبژاردنی ٦ی تشرینی دووەمی ١٩٨٣شدا لە کۆی دوانزە پارتی سیاسی تەنها سێ پارت لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەییەوە مافی بەشداریکردنیان پێدرا، ئەوانیش پارتی دیموکراتی نەتەوەیی (– MDP –Milliyetçi Demokrasi Partisi)[3] و پارتی نیشتیمانی دایك (– ANAP– Anavatan Partisisi)[4] و پارتی گەل (– HP –

---

[1] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٠٨.

[2] بڕوانە: ابراهیم خلیل احمد، المصدر السابق، ص١٨٥.

[3] پارتی دیموکراتی نەتەوەیی، لە ١٦ی ئایاری ١٩٨٣، بە سەرۆکایەتیی (تورگوت سوناڵپ) بە بەشداری (٤٠) لە هاوکارانی، بە پاڵپشتی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، دامەزراوە. لە ١٣ی تەمموزی ١٩٨٥دا، یەکەم کۆنگرەیان بەست و (ئویلکو سۆیلەمەسئۆغلۆ) بە سەرۆکی ئەم پارتە هەڵبژێردرا. بڕوانە:

**Milliyetçi Demokrasi Partisi,**

**(tr.wikipedia.org/wiki/Milliyet%C3%A7i_Demokrasi_Partisi).**

[4] پارتی نیشتیمانی دایك، لە ٢٠ ئایاری ١٩٨٣، بە سەرۆکایەتیی ئابووریناس، (تورگوت ئۆێزال)ەوە دامەزراوە، پارتێکی ڕاستڕەوە و ئامانجیان ئەوە بووە شوێنی پارتی داد بگرنەوە، بڕوانە: ابراهیم خلیل احمد وآخرون، المصدر السابق، ص١٨٦.

Halkçı Parti)[1] بوون، که تیایدا پارتی نیشتمانی دایك به سەرۆکایەتیی تورگوت ئۆیزال (Turgut Özal) به ڕێژەی (٤٥,٢)ی دەنگەکانی بەدەست هێنا و سەرکەوت و له ٧ی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵیشدا، جەنەڕاڵ کەنعان ئێڤرین، تورگوت ئۆیزالی بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزارەت ڕاسپارد[٢].

بەم شێوەیە، یەکەم حکومەتی مەدەنی لە دوای دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لەلایەن سەکردەکانی سوپا لە ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠دا و دوای سێ ساڵ فەرمانڕوایەتیکردنیان پێك هێنرا.

## باسی دووەم/ هەڵوێستی کودەتاچییەکان بەرانبەر بە کورد (١٩٨٠ – ١٩٨٣):

هەرچەندە کودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠، بە پاساوی گێڕانەوەی دیموکراتی و پاراستنی ئارامی و سەقامگیریی وڵات ئەنجام درابوو، لێ سوپای تورکیا، چالاکیی سیاسییانە و هەموو جۆرە ئۆپۆزسیۆنێکی سەرکوت کرد[٣]. دوای کودەتاکە، سیاسەتی حکومەتی تورکیا بەرانبەر کورد، شێوازێکی نوێی گرتە خۆ و سەرکردە سەربازییەکان، وەك ئەوانەی پێش خۆیان، ڕایانگەیاند: کە دان بە هیچ مافێکی نەتەوەیی کورددا نانێن[٤]. ئەم هەڵوێستەش بە ڕوونی لە قسەکانی جەنەڕاڵ ئێڤرینی سەرکردەی کودەتاچیەکاندا دەردەکەوێت، کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٨١دا وتی: "هەموو لایەنە جوداخوازەکان، بێبەزەییانە تێکدەشکێندرێن"[٥]، هەروەها لە وتەیەکی تریدا بۆ گۆڤاری (دیرشپیگل)ی

---

[١] پارتی گەل، لە ٢٠ی ئاداری ١٩٨٣، بەسەرۆکایەتیی (نەجدەت جەلپ) بە ئامانجی جیگرتنەوەی پارتی گەلی کۆماری، دامەزراوە و (یلماز هاستورك) بووە بە سەرکرتێری گشتی، لە کۆنگرەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٨٥دا، (ئایدن گوڤێن گولکان) بووە بە سەرۆك و (خەلیل ئیبراهیم شاهێن) بوو بە سکرتێری ئەم پارتە. بڕوانە:

.Halkçı Parti ,(tr.wikipedia.org/wiki/Halk%C3%A7%C4%B1_Parti).

[٢] بڕوانە: ابراهیم الداقوقي، المصدر السابق، ص٢٩٢–٢٩٤.

[٣] نادر ئینتسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.

[٤] م. س. لازاریف وآخرون، المصدر السابق، ص٣٤٢.

[٥] وصال نجیب العزاوي القضیة الکردیة...، ص١٨١.

ئەڵمانی لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٨١دا، وتی: "کورد چەند جارێك لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئەتاتورکدا ڕاپەڕیون و شۆڕشیان بەرپا کردووە. پیلانێکی جەهەنەمیمان لەبەردەمە، هەرکاتێك کۆماری تورکیا لاواز بوو، کوردەکان هەڵدەگەڕێنەوە و دەیانەوێ تورکیا بە یارمەتیی هێزە دەرەکییەکان دابەش بکەن...". هەروەها وتی بەڵێ " کورد هەن، بەڵام لێناگەڕێین وڵات دابەش بکەن و ناتوانن هیچ شتێك لە ئێمە بستێنن، ئێمە بە هەموو تواناوە کار بۆ ئەوە دەکەین ئەم کێشەیە لە ڕەگوڕیشەوە هەڵکێشین"[1].

دەسەڵاتی سەربازیی تورکیا، دوابەدوای کودەتاکە، هەڵمەتێکی فراوانی سەرکوتکارییان دەست پێ کرد، بە جۆرێك کە لە ڕەوشی هەردوو کودەکاتەی ساڵی ١٩٦٠ و ساڵی ١٩٧١ جیاواز بوو[2]. هەر لە سەرەتاوە لە کوردستاندا هەڵمەتێکی فراوانی دەستگیرکردنی نیشتیمانپەروەرانی کوردیان دەست پێ کرد و باری نائاسایی لە شارەکانی بە وتەی تورك "ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵات" ڕاگەیەندرا، هەروەها سەرجەم چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان قەدەغە کران و سەرجەم ئەو بڵاوکراوە کوردییانەی کە نووسینیان بە کوردی بڵاو دەکردەوە، قەدەغەکران و خاوەنەکانیان دەستگیر کران و وەکو هەموو جارەکانی تر، بەوە تاوانبار کران کە گوایە ئەو چالاکییانە دەبنە هۆی (پارچەبوونی یەکێتیی نەتەوەیی تورکی)[3]. لەوەش زیاتر، کوردستان کرا بە سەربازگەیەکی فراوان، بۆ یەکەکانی سوپای دووەم و سێیەم و یەکە تایبەتییەکانی کۆماندۆ و دەزگای هەواڵگری (میت) (Millî İstihbarat –MIT– Teşkilatı)ی تورکی، لەم میانەشدا، سوپای دووەمیان، کە پێکهاتبوو لە زیاتر لە (١٠٠) هەزار سەرباز، بە بیانووی ئەنجامدانی مانۆڕە سەربازیەکانیان بۆ ویلایەتی (مەلاتیە) گوێزرایەوە[4]. دواتریش دەستکرا بە پرۆسەیەکی پشکنین و گەڕان بە دوای چەکداو، بەم هۆیەشەوە جوتیارانی کورد و خەڵکی ناوچە کوردنشینەکان

---

[1] لە: جلیلي جلیل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٨٨.

[2] بڕوانە: کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب. دووەم، ل١٥٥.

[3] وصال نجیب عارف العزاوي، القضیة الکردیة...، ص١٥٠.

[4] بڕوانە: جرجیس حسن، المصدر السابق، ص٩٥، ٩٧.

دووچاری لێدان و سوکایەتیپێکردن و ئابڕوو بردن بوونەوە[1]. هەروەها هێرشێکی سەرتاپاگیریان کردە سەر هێزە جەماوەرییەکانی تورك و هێزە نیشتمانییە کوردییەکان، دەیان هەزاریان دەستگیر و زیندانی کرد و سەدان کەس لە کاتی دەستگیرکردنیان کوژران و چەندانی دیکەش لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە لەناوچوون[2]. بەگوێرەی هەندێ سەرچاوە لە ماوەی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی کودەتاچییەکاندا لە ساڵانی (١٩٨٠–١٩٨٣) زیاتر لە (١٧٠٠٠) کورد زیندانی کران[3].

بە پێی ئاماری چاپەمەنییە کوردییەکانی دەرەوەی وڵات، لەو ماوەیەدا، زیاتر لە (١٧٠) هەزار کەس لە کورد و تورك و نەتەوەکانی تر، لە تورکیادا، گیران و زیندانی کران و (٢٠٠) کەس بەهۆی ئەشکەنجەوە گیانیان لەدەستداوە، لە ئەنجامی پەلامار و ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیاش نزیکەی (٧٠٠) کەس کوژران و (٤٨) کەسیش لەوانەی دژی حکومەت بوون لە سێدارە دران و (١٧٠)ی تریش بە لە سێدارەدان حوکم دران، کە زۆربەی ئەو قوربانیانە کورد بوون[4].

لە ئەنجامی ئەو هەڵمەتی دەستگیرکردن و زەبر و زەنگەی سوپای تورکیاش، بەشێك لە گروپە چەپەکانی کورد، پەنایان بۆ باشووری کوردستان هێنا و لە ناوچە سنورییەکان بارەگایان دانا[5]، هەروەها بەشێکی تریشیان پەنایان بۆ (سوریا و لوبنان و وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا) برد و لەوێوە لە ڕێگەی دەرکردنی بڵاوکراوەوە تیشکیان دەخستە سەر بارودۆخی کوردستان و سەرنجی خەڵکیان بۆ سیاسەتی حکومەتەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرەبارەی دۆزی کوردی ڕادەکێشا[6].

---

[1] بڕوانە: گۆینتەر دێشنەر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨–١٢٩.
[2] بڕوانە: حامد محمود عیسی، المشکلة الکردیة...، ص٣٧٩–٣٨٠.
[3] بڕوانە: وصال نجیب عارف العزاوي، القضیة الکردیة...، ص١٨١.
[4] جلیلي جلیل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٩١.
[5] فەرۆز ئەحمەد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٢.
[6] جلیلي جلیل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٩١.

وێڕای ئـەم هێرشـانە، ڕژێمـی جەنەڕاڵـەکان بڕیـاری دروسـتکردنی هـەرێمێکی پاراستنی بە قولایی (١٠–٢٠)کم و بە درێژایی سـنورەکانی تورکیـا لەگـەڵ وڵاتـانی عێـراق و ئێـران و سـوریادا. هـەروەها بـە بیـانووی لـەناوبردنی "چـەتەگەرییەوە" هەزاران بنکەی ئـابووری و بازرگانییـان لـە (عێنتـاب، دیاربـەکر، بـدلیس، باتمـان، بایەزیـد و...چـەند شـارێکی تـر) داخـست[1]. کاربەدەسـتان ئابلۆقـەی ئـابووری و تەندروستییان دژ بە دانیشتوانی گوندەکانی کوردستان تونـدتر کـرد و زۆرجـاریش لە شارە کوردنیشینەکاندا ئیشوکاریان بـە کوردەکـان نـەدەدا، تـاوەکو ناچـاریان بکەن کـۆچ بکـەن و مامۆسـتایانی خوێنـدنگا و فەرمانبـەرانی کوردیـان بـۆ ناوچـە تورکنشینەکان دوور دەخستەوە[2]. لەوەش زیاتر، هـەروەکو جـاران فێرکردنیـان، بە زمانی دایك و قسەکردن و نووسینی کوردی و گوێگرتن لە مۆسـیقای کـوردی و لەبەرکردنی جلی کوردییان لە کورد قەدەغە دەکرد[3].

لەم بارەیەشەوە (فەییاز ئۆزومو)، لێپرسـراوی پۆلیـسی سـەربازی و جێگـری یەکەمی والیی دیاربەکر، ڕاپۆرتێکی دەربارەی قەدەغەکردنی قسە کردن بە زمـانی کوردی لە ٨ی تەمموزی ١٩٨١ ئاراسـتەی سـەرجەم یەکـە ئیدارییـەکانی سـەر بـە دەوڵەت لـە ناوچـەکەدا کـردووە و تێیـدا جـەختی لەسـەر ئـەوە دەکـردەوە (هـەر فەرمانبەر و کرێکارێکی حکومەت لە فەرمانگەکاندا لە کاتی دەوامـی ڕەسمیـدا بـە کوردی قسە بکـات ڕووبـەڕووی سـزای قـانونی دەبێتـەوە و تـا ئـەو کاتـەی وەکـو هاوڵاتی تورکی بژین پێویستە بە زمانی تورکی بـدوێن. پێویـستە ئـەو فەرمانـە بـۆ هەموو ئەو کەسانە بخوێنرێتەوە، کە لە دامودەزگاکـانی دەوڵەتیـدا کـار دەکـەن و پێیـان مـۆر بکرێـت و کۆپییـەکی مـۆرکراویش لای بەڕێوەبـەری فەرمانگـەکان بپارێزرێت)[4]. بـەم شـێوەیە دەسـەڵاتی سـەربازیی تورکیـا نیـشانیدا، کـە دان بـە

---

[1] نفس المصدر، ص٢٩٠.

[2] بڕوانە: جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٠.

[3] جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٩٠.

[4] بۆ خوێندنەوەی تەواوی دەقـی نووسـراوەکە بڕوانـە: جاسـم تۆفیـق خۆشـناو، سەرچـاوەی پێشوو، ل٣١٧–٣١٨.

سەرەتاییترین مافی گەلی کورددا نانێت کە ئەویش ئاخاوتن بە زمانی دایکی هاوڵاتیانی کوردە.

لە ئاداری ١٩٨١دا (شەرەفەدین ئێلچی) وەزیری کاری گشتی لە ئیدارەکەی بولەنت ئەجەویدا (١٩٧٨–١٩٧٩)، تەنها لەبەرئەوەی وتبووی: "من کوردم، لە تورکیا کورد هەیە "، لەلایەن دادگای عورفی ئەنقەرەوە بە تۆمەتی ئەنجامدانی چالاکی کوردانە و پاڵپشتیکردنی جوڵانەوەی کورد لە تورکیا، بە دوو ساڵ و سێ مانگ، زیندانی حوکم درا[1].

لە کانوونی یەکەمی ١٩٨٢دا وەزیری پەروەردەی تورکیا (حەسەن ساغلام– Hasan Sağlam)، بە هەموو پارێزگاری شارەکانی ڕاگەیاند کە: (هەڵپەڕکێی فۆلکلۆری ناسراو بە "شایی عەشایەری" تا ئێستا لەلایەن دانیشتوانی ڕۆژهەلأت و باشووری ڕۆژهەلأت بە مەبەستی ئیتنی و جیاخوازی بەکار دەهێندرێت. هەروەها دەرکەوتووە کە ئەو گۆرانییانەی لە کاتی شایی و هەڵپەرکێ دەگوترێن مەترسی و هەڕەشە لە یەکپارچەیی خاك و یەکێتیی نەتەوەییمان دەکەن، پێویستە هەموو هۆیەك بەکار بهێنرێن تا ئەوگۆرانییانە بە زمانێکی جیاواز لە زمانی تورکی نەگوترێن)[2].

سەرباری ئەمانە و لە درێژەی سیاسەتە شۆڤێنیەکانیدا بەرانبەر بە گەلی کورد، لە ئایاری ١٩٨٣دا، ئەنجومەنی ڕاوێژکاری، قانونێکی دەربارەی ڕاگواستن و نیشتەجێکردن (Milli Iskan Yasasi) پەسەند کرد. بە گوێرەی ئەم قانونە و بە بیانووی پاراستنی (ئاسایشی نەتەوەیی) دەسەڵاتدارانی تورك، بۆیان هەبوو بە زۆر خەڵك لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دی بگوازنەوە. لەسەر بنەمای ئەم قانونەش، چەندین خێزانی کورد، بەرەو شارەکانی ڕۆژئاوای تورکیا، دوور خرانەوە[3]. لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵیشدا قانونی ژمارە (٢٩٣٢)یان دەرکرد، کە بە شێوەیەکی وردتر، جەختی لەسەر قەدەغەکردنی زمانی کوردی

---

[1] نادر ئینتسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٢" ابراهیم الداقوقي، المصدر السابق، ص٢٨٥.

[2] دیڤید مەکداوڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩٦؛ جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٨.

[3] بڕوانە: م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١١٦.

دەکردەوە. بەپێی ئەم قانونە، دەوڵەتی تورکیا، دەربڕینی هەر بیروباوەڕێك، جگە لـە زمـانی ڕەسمـی ئـەو دەوڵەتانـەی کـە خـۆی دانـی پێیانـدا نـاوە، بـە هـەموو شێوەیەك، قەدەغە دەکات. هـەروەها ئـەم قانونـە ئەوەشـی چەسپاند کـە زمـانی دایکی هاوڵاتیانی تورکیـا، زمـانی تورکییـە و بـە کارهێنـانی هـەر زمـانێکی دیکـە، قەدەغە دەکرێت، هەروەها لە کۆبوونەوە و گردبوونەوە گشتییەکاندا نابێـت هـیچ (بانگەوازێك، دروشمێك، پۆستەرێك...هتد) جگە لە زمانی تورکی، بە هیچ زمانێکی دی بنووسرێت، بـە پێـچەوانەوە سەرپێـچیکەران، ڕووبـەڕووی سـزای زینـدانیکردن دەبنـەوە بـۆ مـاوەی شـەش مـانگ تـا سـاڵێك[1]. لـەوەش زیـاتر، دەسـەڵاتداران پرۆسەیەکی فراوانی گۆڕینی ناوی گوند و شارۆچکە کوردییەکانیان بۆ ناوی تورکی دەست پـێ کـرد و تەنانـەت ناونـانی منداڵانیـشیان بـە نـاوی کـوردی، بـەگوێرەی قـانونی ژمـارە (١٥٨٧) قەدەغـەکرد[2]. جـەختێکی نوێتریـان خـستە سـەر زیندووکردنەوەی ئەو تیۆرەی کە گوایە کورد خێڵێکی تورکی ئاسیای ناوەند بوونە و لـە هـەمان ڕەگـەزی تـورکن. کۆمـەڵێك وتـار، کـە ئـەم هێڵـی بیرکردنەوەیـەیان کردبووە بنەمای خۆیان، لە گۆڤار و بڵاوکراوە ئەکادیمییەکاندا بڵاو کرانەوە[3].

دەسەڵاتی تورکیا وێڕای ئەم ڕەفتارانەی، لە کـار و کردەوەکانیـدا، بـەردەوام بـوو، بـە مەبەسـتی بەسـەربازیکردنی کوردسـتان. لـەم پێناوەشـدا بـە هاوکـاریی ئەمریکییـەکان، لـە ناوچـەی هـەکاری فرۆکەخانەیـەکی سـەربازیی دروسـت کـرا، فرۆکەخانەی ولایەتی (وان)یش فراوانتر کرا، لە لایەکی دیکەشەوە تورکیا بەردەوام لەلایەن ئەمریکاوە پـشتگیری دەکـرا تـاوەکو دژ بـە کـوردان چـالاکی بنـوێنن، بـە تایبەت لەو شارانەی کە لە سنورەکانی سوریا و ئێران و عێراق نزیك بوون[4].

لـە سـاڵی ١٩٨٣دا، ڕژێمـی سـەربازی، بـۆ ڕاوەدوونـانی گروپـە سیاسـییە کوردییەکان، بە ڕێککـەوتن لەگـەڵ هـەردوو وڵاتـی ئێـران و عێـڕاق و قۆسـتنەوەی

---

[1] بڕوانە: میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٢٣.

[2] بڕوانە: جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٣–٣٢٤.

[3] بڕوانە: نادر ئینتسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣١–١٣٢.

[4] بڕوانە: م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٠٤–١٠٥.

ڕێککەوتننامەی ساڵی (١٩٧٨)[1]ی نێوان عێراق و تورکیا، هەروەها قۆستنەوەی بارودۆخی شەڕی نێوان ئێران و عێراق (١٩٨٠-١٩٨٨)، دەستی بە پرۆسەیەکی سەربازی (بۆ لەناوبردنی سەرکردە کوردەکان لە ڕۆژهەلاتی تورکیادا) کرد، بە تایبەتیش لەسەر بنەمای ڕێککەوتننامەی ساڵی (١٩٨٢)[2] لەگەڵ عێراقدا، هێزەکانی تورکیا، لە ئایاری ١٩٨٣دا، بە قوڵایی (٣٠)کم، هاتنە ناو سنوری باشووری کوردستانەوە[3].

ئەم هێرشەی هێزەکانی تورکیا، دوای چەند هەڵمەتێکی کەمی پارتی کرێکارانی کوردستان هات، کە لەسەر سنوری تورکیا دەیکردنە سەر سەربازانی تورکیا و دواتر دەگەڕانەوە باشووری کوردستان، ئەمەش بیانووی بۆ تورکیا دروست کرد، تاوەکو هێرش بکاتە سەر باشووری کوردستان، کە ئەوکات لەژێر دەسەلاتی پێشمەرگەدابوو[4]. بە گوێرەی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، ئەم لەشکرکێشییە بە مەبەستی پاراستنی ئاسایش بووە لە ناوچەکەدا[5].

---

[1] ئەم ڕێککەوتننامەیە، لە بەرواری ٢٥ی ئابی ١٩٧٨، دەقەکەی لە ڕۆژنامەی (میللیەتی) تورکیدا، بلاَو کرایەوە. بە پێی بەندی یەکەمی ئەم ڕێککەوتننامەیە، گەر هات و کەسانی سەر بە دەوڵەتێك - لەم دووانە-، بچنە نێو سنوری دەوڵەتەکەی دیکەوە، دەگیرێن و دەدرێنەوە دەست دەوڵەتەکەی خۆیان. بە پێی بەندی سێیەمیش، لەکاتێکدا، چوونە نێو ولاَتێکەوە بۆ ولاَتێکی دی ڕوویدات، ئەو لایەنەکەی دی، بە خێرایی ئاگادار دەکات. بە پێی بەندی چوارەمیش، هەردوولا ئەو تەدابیرانە وەردەگرن کە دەبنە هۆی وەستاندنی ئەو کارە وێرانکارییانەی، لە ناوچە سنورییەکانی هەدوو لا دەکرێن. بۆ خوێندنەوەی تەواوی بەندەکانی ئەم ڕێککەوتننامە بڕوانە: جەبار قادر، چەند بابەتێکی...، ل٨٣.

[2] ئەم ڕێککەوتنە بە شێوەیەکی نهێنی، لە ئەنقەرە، لە نێوان (عێراق و تورکیا)دا مۆرکرا کە تێیدا بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٧٨ی دووپات دەکردەوە. جەبار قادر، چەند بابەتێکی...، ل٨٤.

[3] بڕوانە: جبار قادر، قضایا...، ص١٧٨" حامد محمود عیسی، المشکلة الکردیة...،ص٣٨٠-٣٨١.

[4] بڕوانە: عەلی تەتەر نێرەوەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی جەنگی عێراق ئێراندا (١٩٨٠-١٩٨٨)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٩٨.

[5] جەبار قادر، چەند بابەتێکی....، ل٨٤.

ڕاگەیاندنـەکانی تورکیـاش، ئـەو هێرشـەیان زۆر بـە گـەورە و کاریگـەر پیـشاندا و حەیدەر کوتلوی سیاسەتمەداری تـورکیش ڕایگەیانـد، کـە هێزەکـانی تورکیـا، دوو هــەزار نیــشتیمانپەروەری کوردیــان لــە باشــووری کوردســتان گرتــووە، ڕۆبــەرت ئۆڵسنیش دەڵێ: تورکـەکان بـە سـەدان ئەنـدامی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتانیان گرتـووە، بـەڵام ئەمـە ڕاسـت نییـە، چـونکە لـەو کاتـەدا ئەنـدامانی ئـەم پارتـە لـە باشووری کوردستان زۆر کەم بوون، جگە لەوەش هێزەکانی تورکیا، خەڵکی شوان و گاوانی سـەر سـنوری بـاکووری کوردسـتانیان دەگـرت و وەکـو چـەکدارانی ئـەو پارتە، لە ڕاگەیاندنەکانیاندا، پیشانیان دەدان[1].

ئەم هێرشەی هێزەکانی تورکیا بۆ سەر باشووری کوردستان، لەو قۆناغەدا بە ئامانجی تەنگهەڵچنین بووە بە جوڵانەوەی نەتـەوەیی ڕزگـاریخوازی گەشـەکردووی کوردی لە باشووری کوردستان، لەو قۆناغەدا، بۆ ئەوەی کـار نەکاتـە سـەر بزاڤـی کوردەکانی تورکیا[2]، کە لە ئەنجامدا دوای ئەوەی دووچـاری بەرگرییـەکی تونـدی هێزەکـانی پێــشمەرگە بوونــەوە و دوای سەرزەنــشتکردنیان لەلایــەن کۆمەڵــەی نێودەوڵەتییەوە، ناچار بوون ناوچە کوردییەکان جێ بهێڵن و لە عێراق پاشەکشێ بکەن[3].

### باسی سێیەم/ مافەکانی کورد لە دەستوری ساڵی ١٩٨٢ی تورکیادا

دوای دەســتگرتنیان بەســەر فەرمانڕەوایــەتی وڵاتــدا، کاربەدەســتانی نــوێی تورکیا، هەوڵیاندا سیاسەتەکانیان بەرانبەر بە کورد، لە دەسـتوردا جـێگیر بکـەن، ئەو دەستورەی لە دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێکی ڕووکەشی لە تـشرینی دووەمـی ١٩٨٢دا بەسەر گەلانی تورکیادا سەپێندرا، وەك لە باسی یەکەمدا ئاماژەمان پێدا.

---

[1] عـەلی تەتــەر نێروەیـی، سەرچـاوەی پێـشوو، ل٣٠٠؛ ڕۆبـرت ئۆڵـسن، مەسـەلەی کـورد و پەیوەندییەکانی ئێـران و تورکیـا، و. ڕێبـوار کـەرم وەلی، چ١، بەڕێوەبەرایـەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٧٤.

[2] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٠٥.

[3] جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٩٢" حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية...، ص٣٨٠-٣٨١.

لێرەشدا هەوڵ دەدەین ئەو ماددانەی دەستورەکە بخەینە ڕوو کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە گەلی کوردەوە هەیە و دژ بە مافەکانی وەستاوەتەوە.

دەستورەکە (بە ڕووکەش) وەك زۆربەی دەستورەکانی وڵاتان، دانی بەوەدا ناوە کە گشت هاووڵاتیان بەرانبەر بە قانون یەکسانن. لە پێشەکی دەستورەکەشدا هاتووە: هەموو هاووڵاتییەکی تورك (Turk Vatandaşi)، نەك هاووڵاتی تورکیا(Turkya Vatandaşi) ماف بەدەستهێنانی ژیانی هەیە لە بوارەکانی کولتوری نەتەوەیی و پێشکەوتن و بیناکردنی قانون و گەشەپێدانی مادی و ڕۆحی خۆیدا. ئەمە هەڵبەتە تەنها هاوڵاتی تورك دەگرێتەوە، واتا ئەوانەی تورك نین و هاوڵاتیی تورکیان، دەبێ ئەم قانونە پەیوەندیی بە وانەوە نەبێ. ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ ئەوەی لە ماددەی (١٠)دا هاتووە، کە دەڵێ: (هەموو کەسێك بە بێ جیاوازیی زمان، ڕەگەز، ڕەنگ، بیروڕای سیاسی و فەلسەفی و دین و مەزهەب و....هتد، لە بەرانبەر قانوندا یەکسانن)[١]. لێرەدا جیاوازییەکی زۆر بەدی دەکرێت، بەوەی وەك لە پێشەکی دەستورەکەدا هاتووە، تەنها نەتەوەی تورك توانای بەدەستهێنانی ئەم مافانەی هەیە و هیچ نەتەوەیەکی دی بۆی نییە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێشێلکارییەکی زەقە بۆ ئەو پرەنسیپە دەستورییەی کە لە ماددەی دەیەمدا هاتووە و تیایدا گشت هاوڵاتیان لە بەرانبەر قانوندا بەیەکسان دادەنێت، بەڵام لە ڕاستیدا، تەنها نەتەوەی تورك مافی تێدا هەیە.

لە ماددەی (٢)دا هاتووە (کۆماری تورکیا، تێدەکۆشێت بۆ ئاسودەیی کۆمەڵایەتی و پشتیوانیی میللی و تێگەیشتنی دادپەروەری و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، ئەمەش بە نەتەوە پەروەری ئەتاتورکەوە بەستراوەتەوە...)[٢].جگە لەم ماددەیەش چەندین حاڵەت و دۆخی دی هەیە، کە لە دیباچەکەدا هاتووە و وەسفی ئەتاتورك دەکات بە (سەرکردەی ئازا)[٢].ئەمەش ئەوە

---

[١] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٠٨.

(2) **Türkiye Cumhuriyeti 1982 Anayasasi, H.Enver Bozkort, b 1, BRC Matbaa çilik, Istanbul, 2005, S3.**

[٢] ليلاف حمدامين عزيز، الحقوق الساسية للكرد في الدول التي تضم كردستان، دراسة تحليلة مقارنة، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، سليمانية، ٢٠٠٧، ص٢٠٤.

دەگەیەنێت، کە ئەم دەستورەش بە هەمان شێوەی دەستورەکانی پێشووتر پەیوەیستە بە دید و بۆچوونەکانی مستەفا کەمالەوە و ئەوان دەکات بە بنەما.

ماددەی سێیەمی دەستوریش، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە (دەوڵەتی تورکیا خاك و میللەتەکەی یەك قەوارەیە و دابەش نابێت و زمانەکەشی تورکییە). ئەمەش لەکاتێکدا، (کە لە تورکیادا) چەند نەتەوەیەکی دیکەی جیاوازی وەك (کورد و عەرەب و لاز و...ئەوانی تر) دەژین، بەلام تەنها حساب بۆ نەتەوەی تورك کراوە، ئامانجیش لەم قانونە زۆر ڕوونە و مەبەست لێی بەرپەرچدانەوەی هەموو هەوڵێکە، کە لەپێناو سەربەخۆیی نەتەوەکان (بەتایبەت نەتەوەی کورد) لە تورکیادا بدرێت. بە هەمان شێوە، لە ماددەی پێنجەمیشدا هاتووە کە (ئامانج و ئەرکە بنچینەییەکانی دەوڵەت، پێکەوەژیان و سەرفرازیی نەتەوەی تورکە...)[1].

سەرەڕای هەموو ئەمانە دەستوری ساڵی ١٩٨٢ی کۆماری تورکیا بە شێوەیەکی ڕەها سەروەری تەنها بۆ نەتەوەی تورك دەگەڕێنێتەوە، وەك لە ماددەی شەشەمدا هاتووە (نەتەوەی تورك سەروەریی تەواوی هەیە، بە بێ هیچ کۆت و مەرجێك، ئەم سەروەرییەش، لە ڕێگەی دامودەزگای تایبەت، بەرجەستە دەکات، بەپێی ئەو بنچینانەی کە لە دەستوردا نیشان دراون)، هەروەها دەسەلاتی قانوندانان و دادوەریش بە هەمان شێوە تەنها بۆ نەتەوەی تورك دەگەڕێنێتەوە، هەروەك لە ماددەی حەوتدا هاتووە: (دانانی دەسەلاتی قانون، بە ناوی نەتەوەی تورکەوە، بە دەست ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکیاوەیە)، لە ماددەی نۆیەمیشدا هاتووە: (دەسەلاتی دادوەری، کە بە ناوی نەتەوەی تورکەوە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات، دادگایەکی سەربەخۆیە)[2]. لەم ماددانەشدا دیسانەوە هەلۆیستێکی ڕەگەزپەرستانەی ناکۆك بە بنەماکانی دیموکراتی دەسەلاتدارانی تورکیا بەرانبەر بە گەلە ناتورکەکان نیشان دراوە، بەوەی کە هەموو دەسەلات و سەروەرییەکان تەنها بۆ نەتەوەی تورك دەگێڕێتەوە.

---

[1] **Türkiye Cumhureti 1982 Anayasasi, a.g.e, S4.**

[2] ليلاف حمدامين عزيز، المصدر السابق، ص٢٠٦.

ئەم دەستورە، وێڕای ئەوەی لە ماددەی دەیەمیدا هاتووە کە هەموو کەس بە یەکسان دادەنێت لە بەرانبەر قانوندا، کەچی لـە مـاددەی چـواردەدا دەڵـێ: (هـیچ کام لەو ماف و ئازادییانەی کە لەم دەستورەدا هاتوونـە، کـەس نـاتوانێ بـەکاریان بێنـێ بە مەبەست و ئامانجی تێکدانی یەکپارچەیی دەوڵەت، وڵات، نەتـەوە و نـابێ بەکار بێن بۆ هەڕەشەکردن لەسەر بـوونی دەوڵـەت و کۆمـاری تورکیـا)[١]. هـەموو ئەو باسوخواسانە دەربارەی یەکپارچەیی و یەکێتیی خاکی تورکیـا مەبەسـتەکەی ڕوونە، چونکە بە لای ئەوانەوە، کێیە ئەوەی تاوانبار دەکرێ بـەوەی کـە دەیـەوێ یەکێتیی خاکی تورکیا پارچە پارچە بکات، ئەوە کوردە.

لـەماددەی حەڤدەشـدا هـاتووە: (هـەموو کـەس، مـاف ژیـان و پاراسـتن و پێشخستنی کیانی مادی و مەعنەوی خۆی هەیـە....)، هـەروەها دواتـر نووسـراوە (کەس ئازار و ئەشکەنجە نادرێت و نـابێ کـەس هەڵـسوکەوتێك بکـات، کـە لەگـەڵ خەسڵەتە مرۆڤایەتییەکاندا نەگونجێت)[٢].

گەر بێتو بەراوردێك بکەین لە نێوان ئـەم دەقـە و بـارودۆخی کرداریـدا، ئـەوا جیاوازییـەکی زۆر بـەدی دەکرێـت، چـونکە وەك ئاشـکرایە لـە تورکیـادا سـەرجەم نەتەوە غەیرە تورکەکان دووچاری چەندین حاڵـەتی دەسـتدرێژیکردن بونەتـەوە و لــەکاتی دەســتگیرکردنیان ئەشــکەنجە دراون و ڕەفتــاری نابــەجێ بەرانبــەریان کراوە[٣].

سەرکردەکانی کودەتاکە، سەرەڕای ئەمانە، لە ڕێگەی قانونەوە، گواستنەوە و هاتوچـۆی خەڵکیـشیان لـە نـاوخۆی وڵاتـدا سـنوردار کـرد و زەمینەشـیان بـۆ ڕاگواستنی نوێ خۆشتر کرد، ئەمەش بە پێی ئەوەی کە لە ماددەی (٢٣)ی هەمان دەستوردا هاتووە کە دەڵێ: (ئازادیی شوێنی نیشتەجێبوون دەتواندرێت سنور دار بکرێـت بـە مەبەسـتی نەهێـشتنی تـاوان، دابینکردنـی پێـشکەوتنی کۆمەڵایـەتی و ئابووری و جێبەجێکردنی دروستکردنی شار، کە هەموو هۆیـەکانی خۆشـگوزەرانی

---

[١] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١١٢.

[2] **Türkiye Cumhuriyeti 1982 Anayasasi, a.g.e, S9.**

[٣] بڕوانە: ليلاف حمدامين عزيز، المصدر السابق، ص٢٠٧-٢٠٨.

و پارێزگاریی موڵکەکانی دەوڵەتی تێدا بێت)[1]. لێرەدا، وەکو هاوبیرەکانیان لە عێراقی سەدام حوسێندا باسیان لە دێ و شارۆچکەی شارستانی دەکرد، لەکاتێکدا ئەمانە ئۆردوگای زۆرەملێ بوون و ژیان تێیاندا زۆر سەخت بوو.

ئەم ماددەیە بە پێچەوانەی ماددەی سیانزەی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤە، کە بەم پێیە (هەموو کەسێك ئازادە لە گواستنەوە یان دیاریکردنی شوێنی نیشتەجێبوون لەناو سنوری هەر دەوڵەتێکدا...)[2]. لە ڕاستیدا ئەم ماددەیە بە مەبەستی سنور دانان و کۆنترۆڵکردنی جموجۆڵی چالاکوانانی کورد بووە لە باکووری کوردستان و دواتریش وەك لە باسی ڕابوردوودا ئاماژەمان پێدا بە بیانووی پاراستنی ئاسایشی دەوڵەتەوە زیاتر جەختیان لە سەر ئەمە کردەوە، کە قانونێکی تریان دەربارەی ڕاگواستن و نیشتەجێبوون (میللی ئیسکان یاساسی) دەرکرد و بەو بیانووەشەوە چەندین خێزانی کوردیان بەرەو شارەکانی ڕۆژئاوای تورکیا دوورخستەوە.

دەستوری ساڵی ١٩٨٢ی کۆماری تورکیا، وێڕای ئەو بەندانەی سەرەوە، لەپێناو قەدەغەکردنی تەواوەتیی زمانی کوردیدا، ژمارەیەك مەرج و بەندی وەك بەربەست داناوە، بە تایبەت لە بەندەکانی ژمارە (٢٦، ٢٨)دا زیاتر خۆیان دەبیننەوە، کە ئەم مەسەلەیەیان بە ئاشکرا خستۆتە ڕوو. وەك لە بەندی (٢٦)دا هاتووە (هەر زمانێك بە قانون قەدەغە کرابێت، نابێ نە لە قسەکردن و نە بۆ بیروباوەڕ بڵاوکردنەوە بەکاربێت. هەر نووسراوێك، وەکو دیکۆمێنتێك، چاپەمەنی، فۆتۆگراف، قەوان و کاسێتی ڤیدیۆ و میدیاکان سەرپێچی لەم پرەنسیپە بکەن، بە بڕیاری دادگا و ناوەندە بەرپرسیارییەکان دەستگیر دەکرێن...). لە بەندی (٢٨)ەمیشدا هاتووە (هیچ بڵاوکراوەیەك ڕێگەی پێنادرێت ئەگەر بە زمانێك بێ، کە بە قانون قەدەغەکرابێ)[3]. تەنها زمانیش کە بە قانون قەدەغە کراوە، ئەوە زمانی

---

[1] جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٨٩.

[2] بڕوانە: خاموش عمر عبدالله، تأثير قوانين الطوارئ على حريات الأفراد في الدساتير، دراسة مقارنة، منشورات مركز كردستان للدراسات الأستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٧، ص١٧٥.

[3] جاسم تۆفيق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٢.

کوردییه و ساڵی دواتریش زیاتر جەختیان لەسەر قەدەغەکردنی زمانی کوردی کردەوە و لەم بارەیەوە ماددەی (٢٩٣٢) یان دەرکرد[١].

ئەم جۆرە حاڵەتی قەدەغەکردنەی زمان، بەم شێوەیە، پێشتر لە دەستوری ساڵی ١٩٦١دا بوونی نەبووە. هەرچەندە پێشتریش چاپ و بڵاوکردنەوە بە زمانی کوردی هەر قەدەغە بوو. بەڵام هەندێ جار چاپەمەنی کوردی لە چەند شوێنێکدا بڵاو دەکرایەوە[٢].

لە ماددەی (٤٢)شدا بە هەمان شێوە دەڵێ: (جگە لە زمانی تورکی، هیچ زمانێکی دی، رێگەی پێنادرێت لە دەزگاکانی فێرکردندا وەك زمانی دایك بخوێندرێت). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا منداڵانی کەمینە نەتەوەییەکان مافی خوێندن و فێرکردنیان بە زمانی خۆیان نییە و هەر دەبێ بە زمانی تورکی بخوێنن[٣]. بەم شێوەیە، دەسەڵاتدارانی تورکیا، جگە لە زمانی تورکی، ئامادە نەبوون دان بە هیچ زمانێکی تردا بنێن و لە رێگەی ئەم ماددانەوە بەکارهێنانی هەموو زمانێکی تریان قەدەغە کرد. لێرەشدا دیسانەوە سیاسەتی سەرانی کودەتا، بۆ تواندنەوەی کەمینە نەتەوەییەکانی ناو تورکیا دەردەکەوێت.

لە ماددەی (٦٦)ی دەستوردا هاتووە: (هەموو هاووڵاتییەکی کۆماری تورکیا تورکە، هەر منداڵێك باوك یان دایکی تورك بێت بە تورك پێناسە دەکرێ. هیچ تورکێك مافی هاووڵاتیبوونی لێ ناستێنرێتەوە ئەگەر کارێك نەکات ناکۆك بێت لەگەڵ دڵسۆزیی نیشتمانیدا)[٤].

ئەگەر سەیری زۆربەی ماددەکانی ئەم دەستورە بکەین، دەبینین دەسەڵاتدارانی تورکیا، وێڕای ئەوەی سەرجەم مافەکانیان بۆ نەتەوەی تورك گێڕاوەتەوە، هەوڵیشیان داوە سەرجەم نەتەوە ناتورکەکان بە تورك لە قەڵەم بدەن و تەنها دان بە بوونی نەتەوەی تورك لە تورکیادا بنێن[٥]. ئەمەش بە ڕوونی

[١] میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٢٣.
[٢] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١١١-١١٢.
[٣] جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٨٩.
[4] **Türkiye Cumhuriyeti 1982 Anayasasi, a.g.e, S41.**
[٥] بڕوانە: جليلي جليل وآخرون، المصدر السابق، ص٢٨٩.

لـەو مادادانـەی سـەرەوەدا دەردەکـەوێت و لـە دیباچـەی دەسـتورەکە و لـەناو دەسورەکەشدا چەندین حاڵەتی لەم جۆرە دەبینین. وەکو (نیـشتمانی هەمیـشەیی تـورك)، (دەوڵـەتی تورکیـای پـیرۆز)، (نەتـەوەی تـورکی بلیمـەت). لـە مـاددەی حەفتاشدا هاتووە (هەموو تورکێك مافی ئەوەی هەیە بەشداری لە بەڕێوەبەرایـەتیی گشتی وڵاتدا بکات...). لە ماددەی حەفتاوشەشـیدا هـاتووە (هـەموو تورکێـك کـە تەمەنی سی ساڵ بێت، دەتوانێ بە ئەندام پارلەمان هەڵبژێردرێت) [1].

جگە لەوانەی، کە باسمان کرد، ئەگەر لە ڕوانگـەی سیاسـییەوە سـەیری ئـەم دەستورە بکەین و لێی ورد ببینەوە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کـە ماددەکـانی دژ بە خەباتی ڕزگـاریخوازیی گـەلی کـورد ئاراسـتە کـراون، بـەوەی جگـە لـە مـاددەی چـواردە، کـە ئاماژەمـان پێـدا، لـە مـاددەی (٦٨)یـشدا هـاتووە کـە: (پـەیڕەو و پڕۆگرامی پارتە سیاسییەکان نابێت ناکۆك بن لەگەڵ یەکپارچەیی دەوڵـەت و وڵات و نەتەوەدا)[2]. ئەمەش مەبەستی ڕێگە نەدانە بـە دامەزرانـدنی پـارت و ڕێکخـراوی کوردی، کە هەوڵی جیابوونەوە و سەربەخۆیی بدات.

لە ماددەی (١٢٢)شدا ئاماژە بەوە دەکات لە بارودۆخی پەیدابوونی کردەوەی توندوتیژیدا یان لە کاتی ڕوودانی شـەڕ و ڕاپـەڕین لـە دژی نیـشتمان و سیـستەمی کۆماریدا، یـان بـەهۆی مەترسـیی دەرەوە، کـە هەڕەشـە لـە دابەشـکردنی وڵات و نەتــەوە دەکــات، ســەرۆککۆمار لەگــەڵ ســەرۆکایەتیی ئەنجومــەنی وەزیرانــدا کۆدەبێتەوە و لە دوای کۆبوونەوە لە ئەنجومەنی ئاسایـشی نەتـەوەیی، دەتوانێـت باری نائاسایی، کە لە شەش مانگ زیاتر نەخایەنێت لە وڵات ڕابگەیەنێت...[3].

لە ماددەی (١٤٣)شدا هاتووە (پێشنیازی دامەزراندنی دادگاکـان دەکرێـت بـۆ پاراسـتنی ئاسایـشی دەوڵـەت و تەماشـاکردن و پێداچـوونەوەی ئـەو کێـشانەی پەیوەنـدییان بـەو چـالاکیانەوە هەیـە، کـە دژی یـەکێتیی نەتـەوەی تـورك و یەکپارچـەیی خـاکی وڵات ئـەنجام دەدرێـن و دژی ئاسایـشی نـاوەوە و دەرەوەی وڵاتن)[4].

---

[1] جبار قادر، قضايا...، المصدر السابق، ص٢٠٢.

[2] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١١٢.

(3) **Türkiye Cumhuriyeti 1982 Anayasasi, a.g.e, S 86-87.**

[4] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١١٣.

لـه خـستنەڕووی هەنـدێ لـە ماددەكـانی دەسـتوری سـاڵی ١٩٨٢ی كۆمـاری توركیا كە پتر پەیوەندییان بە كورد و نەتەوەكانی دیكەی نێو توركیاوە هەیە و بە شـیكردنەوە و لێكدانـەوەیان، ئـەوە دەردەكـەوێت كـە بـە هـیچ شـێوەیەك لـە دەقـەكانی دا، باسـی بـوونی نەتـەوەی كـورد و هـیچ نەتەوەیـەكی دیكـەی غـەیرە تـوركی نێـو وڵاتـی نـەكردووە، بـەڵكو دەتـوانین بڵـێین سیاسـەتی بـە تـورككردنی بەرانبەر ئەو گەلانە پەیڕەو كردووە. گەرچی لە ماددەی یەكەمی ئـەو دەسـتورەدا هاتووە: (توركیا، دەوڵەتێكی كۆماری دیموكراتییە)، بەڵام باسی سـادەترین مـافی نەتــەوەكانی دیكــەی نــەكردووە و لــە بــەردەم فێربــوون بــە زمــانی خۆیــان و پەیڕەوكردنی نەریت و بۆنە گرنگە نەتەوەییەكانیان و گوزارشـتكردن لـە ئـیرادەی خۆیان ڕێگر بووە[1].

گەر بێتو بەراوردێك لە نێوان ئەم دەستورە و دەستورەكانی پێشتردا بكـەین، (دەسـتوری سـاڵی ١٩٢٤و سـاڵی ١٩٦١)، دەتـوانین بڵـێین: كـە دەسـتوری سـاڵی ١٩٨٢ بە بەراورد لەگـەڵ قانونـە بنەڕەتییـەكانی سـەردەمی كۆماریـدا، لـە گـەلێك بواردا، بـە هـەنگاوێك بـۆ دواوە دادەنـدرێت. ئەمـە جگـە لـەوەی ئاواتـەكانی گـەلی كوردی پشتگوێ خستووە و دانی بە مافە نەتەوایەتییەكانی دا نـەناوە، لـە هـەمان كاتـدا گوزارشـتێكی قانونیانەیـە بـۆ سیاسـەتی تواندنـەوەی كـورد و گـشت كەمـە نەتەوایەتییەكانی تر، لەلایەن حكومەتی توركیاوە[2].

### باسی چوارەم/ سەرهەڵدانی خەباتی چەكداری

بەر لـەوەی بـاس لـە قۆناغـەكانی خۆئامـادەكردن و دەسـتكردن بـە خـەباتی چەكداری (لەلایەن پارتی كرێكـارانی كوردسـتانەوە) بكـەین، سـەرەتا، بـە كـورتی باس لە خەباتی چەكداری و پێناسە كردنـی وەك لایـەنێكی پەیوەندیـدار بـە مـافی چارەنووسـی گـەلان و ڕەوایـەتیی ئـەو خەباتـە (بـە شـێوەیەكی گـشتی) لەلایـەن كۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە دەكەین:

---

[1] بڕوانە: لیلاف حمدامین عزیز، المصدر السابق، ص٢١٠.

[2] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەكانی...، ل١١٣،١٠٨.

**یەکەم/ خەباتی چەکداری و مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان:**

بنەماکانی مافی چارەنووسی گەلان، بە هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی و لەژێر کاریگەریی ئەو کارەسات و زیانە زۆرەی کە لە جەنگەکە کەوتەوە و ئەزمونی کۆلۆنیزەکردنی گەلیٚ ناوچەی جیهان و دەیان وڵات و گەلان، بووە جێی بایەخ پێدان[1]، ئەم بایەخپێدانەش لە چواردە بەندەکەی سەرۆکی ئەمریکا (ودرو وڵسن)دا هات، کە لە ٨ی کانوونی دووەمی ١٩١٨دا پێشکەش بە کۆنگریسی کرد[2].

لە ئەنجامی ڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانیشدا، جارێکی تر، بنەماکانی مافی گەلان، بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان، گرنگییەکی زۆری لای گەلە جیاوازەکانی جیهان پەیداکرد[3]، لە دوای دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیش، لەساڵی ١٩٤٥دا، ئەم ڕێکخراوە، کۆمەڵێك بڕیاری دەربارەی مافی چارەنووس و مافی گەلان دەرکرد، کە تایبەت بوون بە تێکۆشانیان دژ بە داگیرکەرانی بیانی و ڕژێمە ڕەگەزپەرستییەکان. ئەم مافەش، بە یەکێك لە لایەنە زیندووەکانی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان دادەنرێت[4]، کە تیایدا بنچینەکانی یەکسانی، لە مافەکانی گەلان و دیاریکردنی مافی چارەنووسیانی

[1] مافی چارەنووسی گەلان، بۆ یەکەم جار، لە شۆڕشی فەرەنسای ساڵی ١٧٨٩ ئاماژەی پێکرا، کاتێك سەرکردەکانی ئامادەییان پیشاندا بۆ پشتگیریکردن و کۆمەککردنی گەلان، لەپێناو بەدەستهێنانی مافی چارەنووسیان، دواتریش لە ڕاگەیاندنی ئاشتی شۆڕشی بەلشەفی دا هات لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧. بڕوانە: احمد محمد رفعت و صالح بكر الطيار، الارهاب الدولي، ط١، مركز الدراسات العربي– الأوروربي، د.م، ١٩٩٨، ص١١٩–١٢٠.

[2] بڕوانە: سامي جاد عبدالرحمن واصل، أرهاب الدولة في اطار القانون الدولي العام، منشأت المعارف بالأسكندرية، د.م، د.س، ٣٠٤–٣٠٥.

[3] بڕوانە: احمد محمد رفعت و صالح بكر الطيار، المصدر السابق، ص١٢٠–١٢١.

[4] ئەم پەیماننامەیە، بەشێوەیەکی ڕوون ئاماژە دەکات بەوەی، دیاریکردنی چارەنووس، بنچینەیەکە بۆ ئاشتی و ئاسایشی وڵاتان، ئەو مافەش، لە ماددەی یەکەم و پەنجاوپێنجی پەیماننامەکەدا هاتووە، بڕوانە: يوسف كوران، جريمة الأرهاب والمسؤلية المترتبة عنها في القانون الجنائي الداخلي والدولي، مركز كردستان للدراسات الأستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٧، ص٧٦–٧٧.

بەیەکەوە گرێدا و کردی بەوبناغەیەی کە پێویستە پەیوەندیی دۆستانەی نێوان وڵاتانی لەسەر بنیات بنرێت[1].

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە بڕیارەکانیدا، جەختی دەکردەوە لەسەر شێوەی قانونی مافی چارەنووسی گەلان، لەپێناو بەدەستهێنانی سەربەخۆییان[2]. لەم ڕووەشەوە لە ١٤ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٠دا، کۆمەڵەی گشتی، بڕیاری ژمارە (١٥١٤)ی دەرکرد، کە تایبەتە بە بەخشینی سەربەخۆیی گەل و وڵاتانی داگیرکراو[3]. بەڵام ئەم بڕیارە، تایبەتە بەو کۆلۆنیایانەی لەژێر دەسەڵاتی ئیستعماری ئەورووپیدا بوون، نەک ئەو نەتەوە و وڵاتانەی بە وڵاتێکی ترەوە لکێنراون. هەروەها، کۆمەڵەی گشتی، جەختی لەسەر تێکۆشانی گەلان (بۆ گەیشتن بەو مافی سەربەخۆییە) بە هەموو ڕێگەیەک، دەکردەوە، لە وانەش خەباتی چەکداری[4]. بڕیاری ژمارە(٢١٢٦) یشی لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠دا، لەم بوارەدا، خۆی دەبینێتەوە، کە بە هەموو ڕێگەیەک، ڕەوایەتی دەدا بە خەباتی گەلانی داگیرکراو و گەلانی ژێردەستی دەسەڵاتداریێتیی بیانی، لەپێناو دیاریکردنی چارەنووسیان[5]. ئەم مافەش، لە کۆمەڵێك بەڵگەنامە و بڕیاری کۆمەڵەی گشتی و بڕیارە نێودەوڵەتییەکاندا دووپات کراوەتەوە[6].

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە بڕیاری ژمارە (٢٦٢٥) (لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠دا) پێناسەی خەباتی چەکداریی کردووە، بەوەی " ئەو بزووتنەوانەن کە خەبات دەکەن، لەپێناو: سەربەخۆبوون لە داگیرکەر و داگیرکەرانی بیانی و حکومەتە ڕەگەزپەرستەکان، لەپێناو گەیشتن بە مافی

---

[1] سامی جاد عبدالرحمن واصل، المصدر السابق، ٢٢٣–٢٢٤.

[2] احمد حسين سويران، الأرهاب الدولي في ظل المتغيرات الدولية، ط١، منشورات الحلبي الحقوقية، لبنان– بيروت، ٢٠٠٥، ص٨٦.

[3] بڕوانە: احمد محمد رفعت و صالح بكر الطيار، المصدر السابق، ص١٢٤.

[4] احمد حسين سويران، المصدر السابق، ص٨٨–٨٩.

[5] بڕوانە: احمد محمد رفعت و صالح بكر الطيار، المصدر السابق، ص١٢٥–١٢٦.

[6] بۆ خوێندنەوی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، بڕوانە: سامي جاد عبدالرحمن واصل، ص٢٣٥–٢٣٨.

دیــاریکردنی چــارەنووس بــۆ گەلــەکانیان"[1]. کــۆنگرەی دیبلۆماســیی ســاڵی ١٩٧٧[2]یش بەم جۆرە پێناسەی دەکات "ئەو بزووتنەوە چەکداریانەن کە خـەبات دەکـەن و دژایـەتیی داگیرکـەر دەکـەن، لـەپێناو دیـاریکردنی چارەنووسـیان"[3]. هەروەها قانونناسەکانیش جەخت لەسەر ڕەوایەتیی ئەو جۆرە خەباتـە دەکەنـەوە و هەندێکیان بەرەنگاریی چەکداری پێناسە دەکەن بـەوەی "ئـەو جەنگانەیـە، کـە هێزە نیشتمانپەروەرەکان لە دەرەوەی هێـزە چـەکدارییە نیزامییـەکان، ئـەنجامی دەدەن، لەپێناو بەرگریکردن لـە بەرژەوەندییـە نیـشتمانی و نەتەوەییـەکانیان، دژ بە هێزەکانی بێگانە، جا ئەو هێزانە لە چوارچێوەی ڕێکخراوەیەکدا بـن، کـە لـەژێر سەرپەرشتی و ئاراستەکردنی دەسەڵاتێکی قـانونی و واقعیـدا بێـت، یـاخود لـەژێر سەرپەرشـتی و ئاراسـتەکردنی خۆیـدا بێـت، ئـەم چـالاکیانەش، لەسـەر خـاکی نیشتیمان دەست پێ بکەن یان لە دەرەوەی خاکی نیشتمان بێت"[4].

هەندێکی تر لە قانونناسەکان بزووتنـەوەکانی ڕزگـاریخوازیی نیـشتمانی، کـە خەباتی چەکداری دەکەن، پێناسە دەکەن بەوەی "ئەو بزووتنەوانەن کە پشت بـە مافی گەل دەبەستن بۆ گەڕانەوەی هەرێمە داگیر کراوەکەیان و قـەوارەی خۆیـان، ئەمـەش بـە پـشتگیریی جـەماوەری تـوڕە لـە داگیرکـەر، بەدەسـت دەهێـنن. ئـەم بزووتنەوانەش، بەزۆری لە خاکی وڵاتانی دەورووبەردا شـوێنی خۆیـان دەکەنـەوە و لـە ڕێگـەی ئـەو وڵاتـەوە پـشتیوانییەکانیان پێـدەگات و ڕاهێنـان بـە هێزەکانیـان دەکەن..."[5].

---

[1] یوسف کوران، جریمە الٲرهاب ...، ص٧٨.

[2] ئەم کۆنگرەیە، لە ساڵی ١٩٧٧، لە جنێف بەسـترا کـە هەنـدێ مـەرجی دەربـارەی بـەرگری لەخۆکردن، تێدا هاتبوو. بڕوانە: رزاق حمد العوادي، جرائم الحرب والعدوان اخلالا بالـشرعية الدوليـــــــــة وانتهاكـــــــــا للقـــــــــانون الـــــــــدولي الانـــــــــساني (**http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=113322**).

[3] یوسف کوران، جريمة الأرهاب ...، ص٧٨.

[4] سامی جاد عبدالرحمن واصل، المصدر السابق، ص٢٢٦.

[5] بڕوانە: سامی جاد عبدالرحمن واصل، المصدر السابق، ص٢٢٧.

ئـەم پێناسـانە بـۆ ئـەم وڵاتانـە بـەكاردەهێنرێن كـە كۆلۆنیـان و لەلایـەن دەوڵەتانی كۆلۆنیالییەوە داگیركراون، بەڵام، كوردستان، تـاوەكو ئێستا، لەلایـەن نەتـەوە یـەكگرتووەكان، یـان ڕێكخـراوە نێودەوڵەتییەكانـەوە، بـە ناوچـەیەكی كۆلۆنیزەكراو پێناسە ناكرێ، بۆیە زۆر جـار ئـەم پێناسـانەی بـە سـەردا نـادەن و جوڵانەوە ڕزگاریخوازەكەی بە جوڵانەوەیەكی چـەكداری، یـان بـە تیرۆریـستی نێـو دەبەن. ئەو خەباتەش، لەلایەن گەلی كوردەوە، وێڕای ئـەو ڕاپـەڕین و شۆڕشـانەی كە لە سەدەی نۆزدەوە تاوەكو جـەنگی دووەمـی جیهـانی، بـەردەوام دەبێـت، لـە شۆڕشـی ١١ی ئـەیلولی ١٩٦١دا دەركـەوت، كـە لەلایـەن (پـارتی دیمـوكراتی كوردستان)ەوە بە سەرۆكایەتیی بارزانی هەڵگیرسا[١].

دوا بە دوای سـەرهەڵدانی شۆڕشـی ئـەیلول، (پـارتی دیمـوكراتی كوردسـتانی ئێران) لەپێناو بەدیهاتنی مافەكانی كورد، لە ڕۆژهـەڵاتی كوردسـتان و ڕووخانـدنی ڕژێمی شاهەنشاهی، بڕیاری خەباتی چەكداری داو جوڵانـەوەی چـەكداریی سـاڵانی (١٩٦٧–١٩٦٨)ی لە ناوچەكانی (بانە، سەردەشت، مهاباد) بەرپا كرد، كە ماوەی ١٨مانگ، درێژەی كێشا[٢].

لـە بـاكووری كوردسـتانیش، لـە دوای جـەنگی دووەمـی جیهانییـەوە، یەكـەم جوڵانـەوەی چـەكداری، لەلایـەن پـارتی كرێكـارانی كوردسـتانەوە، لـە ١٥ی ئـابی ١٩٨٤دا، دژ بە حكومەتی توركیا بەرپا كرا، كە لـە لاپـەڕەكانی داهـاتوودا، باسـی دەكەین.

---

[١] فاتح رەسول، بنچینەی مێژووی بیرۆكەی چەپ لـە كوردسـتان، چ٢، چـاپخانەی چـوار چـرا، سلیمانی، ٢٠٠٥، ل٣٣٤؛ م.س.لازاریـف وآخـرون: المـصدر الـسابق، ص٣٢٣. بـۆ زانیـاریی زیـاتر دەربـارەی قۆناغـەكانی خـەباتی چـەكداری بڕوانـە: سـەعدی عوسمـان، بزاڤـی ڕزگاریخوازی كوردی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.

[٢] م.س.لازاریـف وآخـرون: المـصدر الـسابق، ص٣٢٣" بـۆ زانیـاریی زیـاتر دەربـارەی ئـەم جوڵانەوەیـە بڕوانـە: یاسـین خالـد سەردەشـتی، خوێندنەوەیـەكی مێـژوویی جوڵانـەوە چـەكدارییەكەی كوردسـتانی ئێـران لـە سـاڵانی ١٩٦٧–١٩٦٨، چ١، ب.ش، ٢٠٠٢؛ د.عبدالرحمن قاسملو و عبدالله حسن زادە، كورتـە مێـژووی حزبـی دیمـوكراتی كوردسـتانی ئێران، كۆمسیۆنی چاپەمەنی حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران، ب.ش، ٢٠٠٢.

**دووەم/ دەستکردن بە خەباتی چەکداری**

پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)، دوای دامەزراندنی لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٧٨ و لە ماوەی کارکردنیدا، تاوەکو کودەتای ١٩٨٠، توانیی ژمارەیەك لە کرێکاران و جوتیاران و هەندێ کەس و گروپ لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و بیروباوەڕە چەپەکانی لەنێو ئەو توێژانەدا بڵاو بکاتەوە[1]، بەڵام دوابەدوای کودەتاکەی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠، لە ئەنجامی ئەو هەڵمەتی دەستگیرکردنەی سەرکردە سەربازییەکان دەستیان دایە، سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە (١٧٩٠) ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستان گیرا بن. ژمارەیەکیشیان بە زیندانکردنی هەتا هەتایی حوکم دران[2]، لەناویاندا هەریەك لە (محەمەد خەیری دورمش و کەمال پیر و مەزلوم دۆغان) ی تێدابوون، کە لە سەرکردە و دامەزرێنەرانی ئەم پارتە بوون[3]. جگە لەمە لە بەیانێکی فەرمیی دەسەڵاتی سەربازیدا، پەکەکە ناسێنرا بە "ڕێکخراوێکی نهێنیی جوداخواز، کە ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی مارکسی – لینینییە، لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، لە ڕێگەی خەباتی چەکدارییەوە"[4].

لە ئەنجامی فشار و هەڵمەتی دەستگیرکردنی ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان و بەهۆی بوونی ڕێکخراوە فەلەستینییەکان لە (سوریا و لوبنان)،

---

[1] بڕوانە: رعد عبد الجليل، المصدر السابق، ص١١٥

[2] هەندێکی تر، ژمارەی گیراوانی ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان، بە (٢٣٣١) کەس دادەنێن کە لەناویاندا، (٩٧)یان، لەلایەن دادگای عورفی دیاربەکر، بە لە سێدارەدان حوکم دران. بڕوانە: ابراهيم الداقوقي، المصدر السابق، ص٢٨٥–٢٨٦.

[3] (مەزڵوم دۆغان) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەستەی دامەزرێنەرانی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو، کە لە ساڵی ١٩٨١دا دەستگیر کرا و لە ساڵی ١٩٨٢دا لە یادی جەژنی نەورۆزدا، لە زیندان خۆی سوتاند. (کەمال پیر) و(محەمەد خەیری دورمش)یش بە هەمان شێوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون، دوابەدوای خۆسوتاندنی مەزڵوم دۆغان، دوای (٦٤) ڕۆژ مانگرتن لە خواردن، لە گەڵ دوو ئەندامی تر، بە ناوی (عەلی چیچەك) و (عاکف یڵمان)، لە زیندان گیانیان لە دەستدا. بڕوانە: عەبدوڵڵا ئۆجەلان، هەڵبژاردە، ل١٠٦–١٠٧.

[4] بڕوانە: ميخائيل م. جونتر، المصدر السابق، ص٧٣.

عەبدوڵڵا ئـوێج ئـالان بڕیـاری چـوونە دەرەوەی دا بـۆ سـوریا و لـە مـایۆی سـاڵی ١٩٧٩دا، چووە سوریا[١].

سەبارەت بەم پاشەکشەکردنە، عەبدوڵڵا ئوێج ئـالان پێـی وایـە ڕاکردنیـان بـۆ سوریا و لوبنان پێویست بـووە تـاوەکو بتـوانن لـە ڕووی ئایـدیۆلۆژی و سیاسـی و ڕێکخـستن و سـەربازییەوە، لـەو وڵاتـەدا، خۆیـان ئامـادە بکـەن، هـەروەها بـۆ نزیکبوونەوە لە ڕێکخراوە فەلەستینییەکان[٢].

دوابـەدوای پاشەکـشە کردنیـان بـۆ دەرەوەی تورکیـا، ئەنـدامانی پـارتی کرێکارانی کوردستان، لە بنکەکانی فەلەستینیەکان، لـە سـوریا و لوبنـان، جـێگیر بـوون، بـە تایبـەت لـە بنکـەکانی (بـەرەی گـەلی ڕزگـاریخوازیی فەلەسـتین- سەرکردایەتیی گشتی) و (بەرەی دیمـوکراتی ڕزگاریخوازیی فەلەستین)، تەنانـەت لەکاتی هێرشی ئیسرائیل بۆ باشووری لوبنان، لەسـاڵی ١٩٨٢، چـەکدارانی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان، بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ئـەو هێرشـە، (١٢) کـوژراو و (١٥) دیلیــان دا، ئــەوەش بەمەبەســتی دەرخــستنی دڵــسۆزی بــوو بــۆ هاوپەیمانــە فەلەستینی و سورییەکانیان، بۆئەوەی ڕێگەیان پێ بدرێ کەسـەربازگەی تایبـەت بە خۆیان لە (بیقاع)ی لوبنان دابمەزرێنن، هەروەها چالاکییەکانیان بـە یارمـەتیی حکومەتی سوریا، زیـاد بکـەن[٣]. ئەمـەش دوژمنایـەتیی ئیـسرائیلی دژ بـە پـارتی کرێکاران لێکەوتەوە و دواتر ئەو وڵاتە لە بواری هەواڵگری و سـەربازیدا، هاوکـاریی حکومەتی تورکیای کرد.

دوای جێگیربـوونی ئەندامانیـشیان لـە سـوریا و لوبنـان، لـە ١٥ی تـەمموزی ١٩٨١دا پارتی کرێکارانی کوردستان کۆنفرانسی یەکەمی لە لوبنان بەست و بڕیاری گەڕانەوەی بۆ کوردسـتان و ئامادەکـاریی بـۆ خـەباتی چـەکداری درا[٤]. هـەروەها چاوی بە شێوازی مامەڵەکردنی پێـشووی لەگـەڵ پـارتی (کـوک)دا گێڕایـەوە و لـەو بوارەدا ڕەخنەی لەخۆی گرت. بڕیاریشیدا پەیوەنـدیی لەگـەڵ (پـارتی دیمـوکراتی

---

[١] بڕوانە: نفس المصدر، ص٤١"
[٢] بڕوانە: عەبدوڵڵا ئۆجەلان، هەڵبژاردە، ل٧٨.
[٣] خليل علي مراد وآخرون، المصدر السابق، ص١٣٤.
[٤] حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٣.

کوردستان—عێراق) دروست بکات، بۆئەوەی پێگەیەکی پتەوی لە باکووری عێراقدا هەبێت، کە لە سنور پەڕینەوە لەوێوە زۆر ئاسانتر بوو لە ڕەتبوون لە سنوی سوریا و تورکیا، بۆیە بڕیاری دا: پەیوەندی لەگەڵ کوردەکانی باشووری کوردستان دروست بکات[١].

لە ٢٠ی ئابی ١٩٨٢، پارتی کرێکارانی کوردستان، دووەمین کۆنگرەی خۆی (لە سوریا) بەست و بڕیاری گەڕانەوەی بۆ کوردستان دووپات کردەوە و لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لە تورکیادا بڕیار درا دەست بە شەڕی پارتیزانی بکەن، ئەم بڕیارەش دوای مەشقکردنی ئەندامانیان درا لە دۆڵی (بیقاع)ی لوبنان[٢]. هەروەها ستراتیژێکی سێ قۆناغییان بۆ خەباتی پارتەکەیان داڕشت، کە ئەوانیش (بەرگری، هاوسەنگیی هێز، هێرشکردن) بوون[٣].

لەو ماوەیەدا، پارتی کرێکارانی کوردستان، چەند سەرکردەیەکی سەربازی نارده سەر سنوری نێوان باکووری کوردستان و ڕۆژهەلات و باشووری کوردستان، بۆئەوەی لە ناردنەوەی گروپە چەکدارییەکان لە لوبنانەوە هاوکارییان بکەن و لەو سنورانەدا جێگیریان بکەن، کە بریتی بوون لە (محەمەد قەرە سونگیور) و مەعسوم قۆرقماز (عەگید) و کەسێکی تر بە ناوی (حەسەن). هەروەها چەند گروپێکی چەکدارییان نارده باکووری کوردستان، لەوانەش هەردوو گروپی (شاهین کلاوز) و گروپی (فەرحان)بوون. لەکاتی دەربازکردنی ئەو گروپانەش بۆ ناو باکووری کوردستان، یانزە کەسیان لە بۆسەیەکی سەربازانی تورکیا کوژران، کە هەشتیان لە گروپی (شاهێن کلاوز) بوون و لە کاتی پەڕینەوەدا لە (چەمی هیزل) کوژران[٤]. لە ساڵی ١٩٨٣شدا سەدان شەڕکەریان لە ناوچەی بۆتان (جەزیرە) خڕ کردەوە[٥].

---

[١] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨٨.

[٢] حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٤؛ **Hamit Bozarsalan, Türkıye'nin Modern Tarihi, F.Heval Bucak, B.1, B.Berdan Matbaasi, Avesta Basin Yayin, Istanbul, 2008, S**

[٣] میخائیل م. جونتر، المصدر السابق ص٧٤،٧٥.

[٤] حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو،ل٣٠٣، ٣٢٣.

[٥] خلیل علي مراد وآخرون، المصدر السابق، ص١٢٠.

لـه مـاوەی دەسـەڵاتی رژێمـی سـەربازیدا (١٩٨٠–١٩٨٣)، پـارتی کرێکـارانی کوردستان، تەنیا چەند هێرشێکی جیاجیای ئەنجام دا، هەندێ سەربازی تورکی لە ناوچـە سـنورییەکان کوشـت[1]. ئەنجامـدانی ئـەم هێرشـانەش لەکاتێکـدا بـوون کـە پەکەکە تاوەکو ١٥ی ئابی ١٩٨٤ بە ڕەسمی دەستکردن بە خـەباتی چـەکداری دژ بە هێزەکانی تورکیا ڕانەگەیاند. لەبەرانبـەر ئـەو هێرشانەشـدا، حکومـەتی تورکیـا بەرپەرچـی ئـەو کـارەی دایـەوە و لـە ئایـاری سـاڵی ١٩٨٣دا هێرشـێکی تۆڵـە سـەندنەوەیان لـە ناوچـە سـنورییەکان ئـەنجام دا و هاتنـە نـاو خـاکی باشـووری کوردستانەوە، بەڵام زۆرترین زیان بەر کوردەکانی عێراق کەوت. لەو کاتەشدا، کـە وا دەهاتە بەرچاو: ئەنقەرە و بەغدا لە دژی کوردەکان یەکیان گرتووە، بارزانی لـە مۆرکردنی ڕێککەوتننامەیـەك لـە تـەممووزی ١٩٨٣دا دوودڵـی نـەکرد و مۆڵـەتی بـە پارتی کرێکارانی کوردستاندا، سود لە باشووری کوردستان وەربگرێت، تـەنیا بـەو مەرجەی هیچ حیزبێکیان زیان بە حیزبەکەی تـر نەگەیـەنێت. بۆیـە لێـرە بـەدواوە باشـووری کوردسـتان و ناوچـە سـنورییەکانی هاوسـنوری سـوریا و ئێـران، بوونـە مەیدانی چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان[2].

دوابـەدوای کۆتاییهـاتنی فـەرمانڕەوایی ڕژێمـی سـەربازی و هاتنـە سـەرکاری حکومەتی مەدەنی، بە سەرۆکایەتیی تورگوت ئـۆزال، لـە ١٩ی کـانوونی دووەمـی ١٩٨٣، سەرۆکوەزیران بەرنامەی حکومەتی خوێنـدەوە و پێـشکەشی ئەنجومـەنی نیشتیمانیی گەورەی تورکیای کرد و لە وتەیەکیدا وتی: "حکومەتی ئێمـە بریتییـە لە حکومەتێکی ناسیۆنالیستی.... بۆچوون و تێگەیشتنی ئێمـە بـۆ ناسـیۆنالیزم و

---

[1] بڕوانە: بیار مـصطفی سـیف الـدین، ترکیـا وکوردسـتان العـراق، "الجـارین الحـائرین"، ط١، مطبعة خاني، دهوك، ٢٠٠٨، ص١٤٠.

[2] ئەو ڕێککەوتننامەیە، ناوی (پرەنسیپەکانی یەکگرتن) بـوو، کـە تێیـدا (پ.ك.ك) و (پ.د.ك) پێکهـاتن، کـە پابەنـدبوونێکی یـەکگرتوویان هـەبێ، دژ بـە هـەر جـۆرە ئیمپریالیزمێـك لـە سەروشـیانەوە ئیمپریـالیزمی ئـەمریکی و دژی پلانـەکانیان لـە ناوچـەکەدا بوەسـتنەوە. هەروەها، جەختیان کردەوە لە وەی کە نابێ دەست لە کاروباری ناوخۆیی یەکتر وەربـدەن و نابـێ کـارێکی وا بکـەن، کـە زیـان بـە ئـەوی تریـان بگەیـەنێ. بڕوانـە: دیڤیـد مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨٨؛ مراد خۆشەڤی حسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٨.

بۆ داكۆكیكردن له [دەقەكانی] دەستوره دەربارەی سەربەخۆیی و یەكپارچەیی نەتەوەی تورك و یەكێتی وڵات. دەستوری ناسیۆنالیزمی توركی ئێمە، لەگەڵ بۆچوونەكانی ئەتاتورك سەبارەت بە ناسیۆنالیزم هاوجووتە كە دەبنە بنەمای فكری و كار و چالاكیەكانی ئێمە"[1]. له لایەكی تریشەوە، حكومەت بەڵێنیدا بە بەردەوامیی دژ بە خەباتی كورد لە باكووری كوردستاندا بوەستێتەوە. واتە مەبەستی بوو درێژە بە سیاسەتی حكومەتەكانی پێشوو بدات لە سەركوتكردنی جوڵانەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی كوردیدا[2].

حكومەتی توركیا، لەو قۆناغەدا، نەیدەویست تەنها لە ڕێگەی سیاسی و سەربازییەوە چارەسەری دۆزی كورد بكات، بەڵكو بڕیاری ئەوەی دابوو، كارێكی وا بكات گەشە بە ناوچە كوردییەكان بدات، چونكە بە ڕای ئەو، ئەو گرژییەی لە كوردستانی توركیادا هەیە كەم دەبێتەوە[3]. ئەم باوەڕەش لەوەوە سەرچاوەی دەگرت، كە پێی وابوو دواكەوتوویی ئابووری و كۆمەڵایەتیی ناوچە كوردنشینەكان، هەستی جوداخوازیی، لای كوردەكان، پتەو دەكات، لە سەر ئەم بنچینەیەش پرۆژەی (گەشەپێدانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ–GAP)ی پەرە پێدا، كە لەسەرەتای شەستەكانەوە، سەری هەڵدابوو، لەساڵی ١٩٨٣دا بە چڕی كاری تێدا دەكرد و تا ئێستاش بەردەوامە. ئەم پرۆژەیە، كە چەند وێستگەیەكی كەهرۆ ئاوی و تونێلی بۆ ئاودێری لەسەر ڕووباری (دیجلە و فورات) لەخۆی دەگرێ، دوای تەواوبوونی، گەشەكردنێكی هەمەلایەنی، بە بوارەكانی كشتوكاڵ و پیشەسازی و بازرگانی دەدا و ئاستی بژێویی ناوچە كوردنشینەكانی دابین دەكرد، بەمەش پێیان وابوو لەم ڕێگەیەوە كورد "واز لە بیروباوەڕی جیابوونەوە لە دەوڵەت و سەربەخۆیی" دەهێنێ، لە لایەكی تریشەوە، بۆ بڕینی پشتگیریی دەرەوە، لە پارتی كرێكارانی كوردستان، فشار لەسەر دەوڵەتەكانی (سوریا و

---

[1] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەكانی...، ل١١٦
[2] هەمان سەرچاوە، ل١١٦.
[3] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەكانی...، ل١١٦.

عێراق)ی دراوسێی تورکیا دروست دەکەن، کە سـودیان لـە ئـاوی دیجلـە و فـورات وەردەگرت[١]. ئەمەش لە ساڵەکانی دواتردا دووپات دەبێتەوە.

زیادبوونی سیاسەتی دژ بە چالاکییەکانی کورد، لەلایەن حکومەتی تورکیاوە، هاوکـات بـوو لەگـەڵ سـەرهەڵدانی خـەباتی چـەکداری لەلایـەن پـارتی کرێکـارانی کوردستان، لە ساڵی ١٩٨٤دا[٢]. ئەم خەباتـەش، بـە پێـی تێڕوانینـی ئایـدیۆلۆژیی پارتی کرێکارانی کوردستان، شێوازێکی بنەڕەتییـە بـۆ تێکۆشـانی، هـەروەها وای دەبینێ کە جەنگێکی درێژ خایەن بەرپا دەکات، ئەو جەنگـەش پـشت دەبەسـتێت بە توندوتیژی، بۆ ئـەوەی بـەرەنگاریی ئـەو چەوسـاندنەوەیە ببنـەوە، کـە بەسـەر گەلی کورددا سەپێنراوە[٣].

بۆ دەستکردن بە خەباتی چەکداری، سەرەتا، پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان، لە هاوینی ساڵی ١٩٨٤دا، (هێزی ڕزگـاری کوردسـتان– HRK –)ی دروسـت کـرد، کە لە باشووری کوردسـتانەوە، هێرشـیان دەکـردە سـەر مـەفرەزەکانی پـۆلیس و سـوپا[٤]. لـە ١٥ی ئـابی ١٩٨٤دا، ئـەم هێـزە هێرشـێکیان کـردە سـەر شـارەکانی (شرناخ و ئەرۆخ و شیروان)، لە ویلایەتی (سـێرت) و شارۆچـکەی (شـەمدینان) لـە ویلایەتی هـەکاری، دوای ئـەوەی هـەموو پەیوەندییـە تەلەفونییـەکانی ناوچـەکەی بڕی. ئەم چالاکییەش ناونرا بە (تەقە بکە و ڕابکە)، هـەروەها بڵاوکراوەیەکیـشیان بڵاو کردەوە، کە ناونیشانی (ئێمەیان پێ لەناو نەچوو)ی لە خۆ گرتبوو[٥].

لە ڕاگەیەنراوێکی ڕەسمیدا، هاتووە: ئەو هێرشە، بۆ سەر بنکەکانی پۆلیس و شوێنی نیشتەجێبوونی ئەفسەران چڕ کرابۆوە، هەروەها لەو ڕاگەیاندنەدا هـاتووە:

---

[١] بڕوانە: محمد نور الدین، ترکیا الجمهوریة الحـائرة، مقاربـات في الـدین والـسیاسیة و العلاقـات الخارجیة، ط١، مرکز الدراسات الأستراتیجیة والبحوث والتوثیق، بیروت، ١٩٩٨، ص٧٤.

[٢] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤.

[٣] ریناس جانو، حزب العمال الکردستاني، دراسة سیاسة–تحلیلیـة، گۆڤـاری (خامـە)، ژ. (٣)، سەنتەری خامە بۆ ڕاگەیاندن و لێکۆڵینەوەی قوتابیان، هەولێر، بەهاری ٢٠٠٦، ل٢٨٠.

(4) **Martin Van Bruinessen, Kürdistan Üzerine Yazilar, Ç.Nevzat Kiraç…, B4, B.Sena Ofset, Iletişim Yaynlar, Istanbul, 2004, S365**.

[٥] ابراهیم الداقوقي، المصدر السابق، ص٢٩٧.

لەماوەی ئەو شالاوەی کە کرایە سەر ناوچەکانی (سێرت و هەکاری)، سەربازێك کوژراوە و دوانزەی تریش بریندار بوون[1].

ئەم هێرشەی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە، کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو، لەسەر ناوەندەکانی دەسەلاتداری تورکیا، بە جۆرێك سەرۆککۆماری تورکیا، جەنەراڵ کەنعان ئێڤرین، سەردانی شەمدینانی کرد و لە وتارێکدا وتی: "ئەو کارانە جگە لە پیلانێك، کە دەسەلاتەکانی بێگانە دەیچێنن، هیچی تر نییە، کە لەو ڕێگەیەوە، دەیانەوێت تورکیا دابەش بکەن، لە ڕێگەی هەندێك خائینەوە، کە بۆ دەرەوەی تورکیا هەلاتوون و لەگەڵ دەسەلاتی بێگانە، هاوکاری دەکەن و خەیاڵ بە گەڕانەوەی تورکیا دەبینن بۆ ئەو بارودۆخەی کە لە پێش کودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ هەبوو، بەلام لێرەوە ڕایدەگەیەنین کە دەوڵەتەکەمان، بەهێزە و تەسلیمی باندە تیرۆریستەکان نابین"[2].

بەم شێوەیە، پارتی کرێکارانی کوردستان خەباتی چەکداری خۆی دەست پێ کرد، ئەم خەباتەش، بەردەوام دەبێت و گەشە دەکات، کە لە بەشەکانی دواتردا ئاماژەی پێدەدەین.

---

[1] بڕوانە: صبرية احمد لافي، المصدر السابق، ص١٢٠.

[2] ابراهيم الداقوقي، المصدر السابق، ص٢٩٧.

**بەشی سێیەم**

## دۆزی کورد لە کاتی شەڕی چەکداریدا (١٩٨٤-١٩٩١)

**بەشی سێیەم/ دۆزی کورد لە کاتی شەڕی چەکداریدا (١٩٨٤-١٩٩١)**
**باسی یەکەم/ پارتی کرێکارانی کوردستان و کاردانەوەی حکومەتی تورکیا:**

### یەکەم/ پەرەسەندنی خەباتی چەکداریی پارتی کرێکارانی کوردستان:

دوای ئەنجامدانی یەکەم هێرشی چەکداری، بۆ سەر یەکەکانی سوپای تورکیا، لە ١٥ی ئابی ١٩٨٤دا، هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە هێرشەکانیان بەردەوام بوون و هێرشیان کردە سەر سەربازانی تورك و ئاغا و موڵکدارە کوردەکان. لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٤دا، سێ کەسیان لە ئەندامانی هێزێك کوشت، کە لێپرسراوێتیی سەرۆککۆماریان لە گەڤەر (یوکشك ئاڤا) بە ئەستۆوە بوو، پاشان لە بۆسەیەکدا، هەشت سەربازیان لە (چوکورجە)ی هەکاری کوشت. لە ساڵی ١٩٨٥یشدا لە شەڕێکی سەخت، لە (سیڤەرەك)، شەست پارتیزان و سەرباز و مەدەنی کوژران و لە ئەنجامی ئەو هێرش و پەلامارانەدا، تا ئابی ١٩٨٥ نزیکەی دووسەد کەس لە حەفتا پێکدادانی چەکدارانەدا کوژران. بەم کردەوانەشی، بەرە بەرە، سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی حکومەتی تورکیا (لە ناوچە کوردییەکاندا) دروست کرد بوو[1].

پەرەسەندنی هێرشەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، بۆ سەر هێزەکانی حکومەت و لایەنگرانی، بووە هۆی ناوبانگدەرکردنی ئەم پارتە و دەنگدانەوەیەکی زۆر لەناو کوردەکانی تورکیادا، ئەمەش پێویستی بەوە هەبوو ڕێکخراوی نوێ لە شێوەی بەرەدا بە سەرکردایەتیی خۆی پێکبهێنێت. ئەم بەرەیە، ناوی لێنرا: بەرەی ڕزگاریی نەتەوەیی کوردستان ( **Eniya Rizgariya Neteweyi ya**

---

[1] بڕوانە: دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٩٠.

**Kurdistan**) (**ERNK**)، که له نەورۆزی ١٩٨٥، ڕاگەیەنرا. به دیدی ئـەوان، ئـەم بەرەیـە، ئامـانجی ڕێکخـستنی جولاّنـەوه "شۆڕشـگێڕیەکان"ی گـەلی کـورد و بـە گورترکردنی خەباتی "شۆڕگێڕی" و پوچەڵکردنەوەی هـەموو شـێوازێکی دەسـتبە سەراگرتنی داگیرکارییه، به مەبەستی هاتنەدیی سەربەخۆیی کوردستان، هەروەها چارەسەرکردنی دۆزی کوردیان بەیەکێك له گرنگترین ئەرکەکانیان داناوه[1].

دامەزراندنی ئەو بەرەیه، لەکاتێکدا بوو که پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان، لـه بیقاعی لوبنان، جێگیر ببوون و کاریگەریی (ڕێکخراوه فەلەستینییەکان) و خەباتی جولاّنـەوه شۆڕشـگێڕیەکانی ولاّتـانی وەکـو (کوبـا، ڤێتنـام، لاوس، کـەمبۆدیا و نیکاراگوا)ی بەسەرەوه بوو[2].

بەرەی ڕزگاری نەتەوەیی کوردستان، له یەکەم ساتەوەختی دروستبوونیەوه، چەندین ئامانج و بنەمای گرنگی بۆخۆی تەرخان کردبوو، لـه کرنگترینیـان، بـریتی بوون له:

١- دامەزراندنی ڕێکخراوی ڕزگاریی نیشتیمانی له (کرێکاران، جوتیاران، لاوان، ژنان و...هتد) لەپێناو هێنانەدیی یەکێتیی سیاسیی جەماوەری.

٢- پێکهێنـانی (میلیـشیا)ی سـەربازی و گەشـەپێدانی ڕێکخـستنی جـەنگی پارتیزانی و دروستکردنی سوپا.

٣- پەرەپێـدانی چـالاکییه سیاسـییەکانی وەکـو ڕێپێـوان و خۆپیـشاندان و پڕوپاگەندەی چەکداری و ڕاپەرین.

٤- نەمانی سوپای تورکیا لـه کوردسـتان و بنکـه سـەربازییەکانی هاوپـەیمانی بـاکووری ئەتڵەسـی (نـاتۆ) و ویلایەتـه یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا و هەڵوەشاندنەوەی هەموو دامودەزگا مەدەنییەکانی حکومەتی تورکیا.

٥- ڕاگرتنی سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەی کورد و کارکردن بۆ گەشـەپێدانی بواری فێرکردن (به زمانی کوردی) و گەشەپێدانی ڕۆشنبیری.

---

[1] بڕوانه: قضية التحرر الوطني الكردستاني وطريق الحل، مشروع برنامج جبهة التحرير الوطنية الكردستانية، من منشورات حزب العمال الكردستاني، ب.م، ب.س، ص١٠" رعد عبدالجليل، المصدر السابق، ص١١٦.

[2] قضية التحرر الوطني الكردستاني وطريق الحل، ص٢١٥، ٢٢٧.

٦- بـەدیهێنانی یـەکێتیی بـاکووری کوردسـتان و گـشت پارچـەکانی تـری کوردستان و بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، کە ڕۆڵـی پەرلـەمان بگێڕێت و قانون و بنەمای پێویست بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد دابنـێ، لەگەڵ چەندین ئامانجی تر[١].

دوای دامەزراندنی (ERNK)، چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان، کە بە (گەریلا)[٢] دەناسرێن بە هاوکاریی ئەم بەرەیە، پەلامارەکانیان چـڕتر کـردەوە.بـە پێی (مارتن ڤان براونەسن)، هێزەکانی (ERNK)، لە مـانگی حـوزەیران، تـاوەکو تشرینی دووەمـی ١٩٨٥، زیـاتر لـە پـەنجا پێکـدادانی چـەکدارییان ئـەنجام داوە و چوار کەرتی سەربازییان تێکشکاندووە، هـەروەها، پـەنجا سـەرباز و دە پـۆلیس و بیست پاسـەوانی گونـد (Köy Kuruculer)[٣]یـان کوشـتووە، لـە هـەمان کاتـدا، خۆشیان زەرەر و زیانیان داوە[٤]. ئەنجامدانی ئەو هێرشانە، بـە نـاوی (ERNK)،

---

[١] بڕوانە: نفس المصدر، ص٢٢٠-٢٢٣.

[٢] گەریلا، لە بنەچـەدا، وشـەیەکی ئیـسپانیە، واتـای شـەری بـچووك دەگەیـەنێ. گـەریلا، بـەو چەکدارە سیڤیلە دەوترێ کـە ئەنـدامی، گروپێکـی بـچووکی شـەڕکەری نانیزامیـە، لـە دژی سوپای نیزامیی دەوڵـەت، یـان سـوپایەکی دەرەکـی شـەڕ دەکـات و تـاکتیکی هێرشـی لـە ناکاو، بۆسە دانان، تێکدانی هێڵی شەمەندەفەر و پرد و کاروانی لۆجستی پـەیڕەو دەکـات. ئەم دەستەواژەیە، بەم واتایە، لە سەدەی هەژدەهەمەوە بەکاردێت. شەری گەریلایی، یـان پارتیزانی، لە سەدەی بیستەمیندا سەرکەوتنی بەرچاوی لە چین و کوبا و ڤیـەتنام و گـەلێ جێگەی تر بەدەست هێنا. بڕوانە:

(http://en.wikipedia.org/wiki/Guerrilla).

[٣] پاسەوانانی گوند، بریتین لەو جاشە کرێگرتانە کە لەلایـەن حکومـەتی تورکیـاوە، لـە سـاڵی ١٩٨٥دا پێکهێنـران و وەك سـوارەی حەمیدییـەن، کـە لەلایـەن سـوڵتان عەبدولحەمیـدی یەکەمـەوە دروسـت کـرا، لـەپێناو تـەمبێکردنی خێڵـە کوردییـەکان و پارێزگـاریکردن لـە پشتیوانی هۆزە کوردییەکان بۆ دەسەڵاتی ناوەندی. ئەمانە ڕێکخراوێکـی نیمـچە سـەربازی بوون و وەك ئەو جاشە کرێگرتانە وا بوون، کە ڕژێمی پێشووی عێراق بەکاری دەهێنـان لـە دژی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد. بڕوانە: دیڤید مەکداول، سەرچـاوەی پێـشوو، ل٦٩١؛ **Ismet G Imset, The PKK Freedom Fighter or terrorists (www.Kurdistan.org/Articleslismet.htm).**

[4] **Martin Van Bruinessen, A.g.e, S365.**

جیاوازبوو لەوەی کە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا وەك بەرەیەکی سیاسی جەماوەری ئاشتیخواز دەردەکەوت، کەچی بەردەوام بوو لە ئەنجامدانی هێرشەکان و تاوەکو کۆتایی هەشتاکان وازی لە کردەوەی چەکداری نەهێنا[١].

لەپێناو بەهێزکردنی چالاکییە چەکدارییەکان، لە ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦دا، پارتی کرێکارانی کوردستان، گۆنگرەی سێیەمی خۆی، لە ئەکادیمیای (مەعسوم قۆرقمان)[٢]، لە دۆڵی بیقاع، لە لوبنان، بەست. یەکێك لە ئەرکەکانی ئەو کۆنگرەیە، ئەوەبوو: چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (کە تا ئەوکاتە) بە هێزی ڕزگاریی کورد (HRK) نێو دەبران، بە وتەی خۆیان، بکرێ بە سوپایەکی پارتیزانی و بۆ ئەو مەبەستەش (HRK) گۆڕا و ناوێکی نوێیان لێنا، کە ئەرتەشی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان (ARGK) بوو[٣].

لە سەروبەندی دانانی سیستەمی پاسەوانانی گوندی، لە ساڵی ١٩٨٥دا، لەلایەن حکومەتی تورکیاوە، پارتی کرێکارانی کوردستان، هەوڵیدا ڕێگە لە دامەزراندنی ئەم میلیشیایە و بەشداریکردنی خەڵکی بگرێت، لەبەرئەوە، لە دژی ئەم سیستەمە دەستی بە هەڵمەتێکی توند کرد و هەڕەشەی لەوانە دەکرد کە هەژاری و بێکاری هەندێ جاریش بەرژەوەندیی خێڵەکی پاڵی پێوە دەنان بچنە نێو ئەو هێزەوە، هەروەك لە نامەیەکدا، کە پارتی کرێکارانی کوردستان ناردوویەتی و تێیدا دەڵێ: "هەر خێزانێك لەگەڵ دەوڵەتدا کاربکات، ئەوا لەناودەبرێت"[٤].

پارتی کرێکارانی کوردستان، هەر بە هەڕەشە و ڕاگەیاندن و نامە ناردن نەوەستا، بەڵکو دوای هۆشیارکردنەوە، دەستیانکرد بە هێرشکردنە سەر ئەو

---

[١] بڕوانە: میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص٥٦.

[٢] ئەمە ئەکادیمیای پەروەردەیی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو، لە بیقاعی لوبنان، کە بە هاوکاریی ڕێکخراوە (شۆڕشگێڕییە) فەلەستینییەکان دامەزرابوو و تێیدا ئەندامانی، پەروەردەی فیکری و سیاسی و سەربازی دەکران، دوای کوژرانی (مەعسوم قۆرقمان)ی ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە دوای کۆنگرەی سێیەم، بڕیاردرا بە ناوی ئەوەوە بکرێ، لە ساڵی ١٩٩٢دا، ئەم ئەکادیمایایە، لەژێر فشاری حکومەتی تورکیا داخرا. حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢٨.

[٣] بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٧١٥،٣٧٢.

[4] **Ismet G Imset, Op.Cit.**

هێزانـه، بـه دوای ئەمەشـدا، لەسـاڵی ١٩٨٧دا، هێرشـیان کـردە سـەر ژمارەیـەك گوندی کوردی، بە بیانووی ئەوەی "هاوکاریکـاری دەوڵـەتن" و لـە ئـەنجامی سـێ هێرشدا، (٣٨) کەسیان کوشت، کە زۆربـەیان پاسـەوانانی گونـد بـوون و دەوڵـەت چـەکداری کردبـوون و موچـەی پێـدەدان بـۆ بەربـەرەکانی گـەریلاکانی پـارتی کرێکارانی کوردستان[1]. لە ماوەی سـاڵانی دواتریـشدا لـە ویلایەتـەکانی مـاردین و سێرت و هەکاری، بێ بەزەییانە کەسوکاری پاسەوانی گوندەکانیان لەناوبرد[2].

لە ئەنجامی ئەو کردەوانەدا کە پارتی کرێکارانی کوردسـتان دژ بـە پاسـەوانی گوندەکان و کەسوکاریان و تەنانەت بەرانبەر هەندێ ئەندامی (پ.د.ك)ی عێراقیش پیـادەی دەکـرد، کـە بـەهاوکاریی تورکیـای دادەنـان، پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ (پ.د.ك) ساردی تێکەوت، بۆیە لـە سـاڵی ١٩٨٧دا، (پ.د.ك) ئاگادارکرنەوەیـەکی بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان نارد و داوای جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی سـاڵی ١٩٨٣ و وازهێنـانی لـە هەڵوێـستەکانی دژ بـە سـەرکردایەتیی پـارتی و دۆسـت و ئەندامەکانی کرد. هـەروەها ڕەخنـەی تونـدی لـە شـێوازی کـار و چـالاکیی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان لـە نـاوەوە و دەرەوەی وڵات گـرت و ئـەو چـالاکییانەی بـە خـراپ دادەنـان کـە دژی گوندنـشینەکان پـەیڕەوی دەکـردن و پـارتی کرێکـارانی کوردستانی بە لادان لە هێڵی ڕزگـاریخوازیی نیـشتیمانی تاوانبـارکرد و لـە کۆتـایی ساڵی ١٩٨٧یـشدا، هاوپـەیمانێتیی نێوانیـان بـە تـەواوی کۆتـایی هـات، بـە وتـەی توێژەرێك فشاری تورکیا دەوری سەرەکی لەمەدا بینیوە[3].

لـە دوای لەدەسـتدانی پـشتیوانی (پ.د.ك)، پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان، هەوڵی دەدا پشتیوانی و هاوکاریی (ی.ن.ك) بەدەست بێنێ، ئـەوە بـوو لـە سـاڵی ١٩٨٨دا (پرۆتۆکۆلێکی لێکتێگەیشتن) لـە دیمەشـق لـە نێوانیانـدا مـۆرکرا. پـارتی کرێکارانی کوردستان، داوای بەهێزتر کردنی یەکێتیی کورد و هاوکـاری و چـالاکیی هاوبەشی نێوان گروپە کوردییەکانی دەکرد، سـکرتێری (ی.ن.ك) جـەلال تاڵـەبانی

---

[1] **Ibod.**

[2] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩٤.

[3] میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص١٧١.

هەرەشەی یارمەتیدانی ئاشکرای بۆ عەبدوڵڵا ئۆیج ئالان کرد، ئەگەر بێتو تورکیا بە بیانووی گەڕان بە دوای گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا، جارێکی تر، هێرش بۆ سەر کوردستانی عێراق بکاتەوە، بەڵام ئەمەش زۆری نەخایاند و دوای ساڵێك ئۆیج ئالان ڕایگەیاند ئەو پرۆتۆکۆڵەی لەگەڵ تاڵەبانیدا مۆری کردووە، بەتاڵ بۆتەوە و هیچ نرخێکی نییە[1]. بە دیدی دیڤید مەکداول پشتیوانیی (ی.ن.ك) بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان سودێکی وای نەبووە و نەیدەتوانی لە ناوچەکانی بادینان بارەگا و پێگە بخاتە خزمەتییەوە[2].

لە ١٥ی نیسانی ١٩٨٨دا، پارتی کرێکارانی کورستان، کۆنفرانسێکی لە لازقییەی سوریا ڕێکخست، کە دوو هەفتەی خایاند و (٣٠٠) کورد تیایدا بەشدار بوون، بریتی بوون لە نوێنەری پارتە کوردییەکانی (کوك، کاوە، ڕزگاری، یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی کۆمەڵە). ئەندامانی کۆنفرانسەکە، پێیان وابوو دەتوانن بەڕێوەبردنێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕ لە نێوان گەلی کورد و تورکدا پێکبهێنن، هەروەها لەپێناو چارەسەر کردنی دۆزی کورد باسیان لە دروستکردنی ڕێکخراوێك بە ناوی (کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان) و دانانی بنچینە و قانونەکانی کۆنگرەکە کرد و بە پێویستیان زانی لە بەرانبەر ئەو باڵەی کە لەلایەن (حسین یلْدرم) لە پارتی کرێکارانی کوردستان جیا بوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند بوو، ڕەفتاری توندیان لەگەڵدا بکرێت[3].

---

[1] بڕوانە: دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩٨

[2] بڕوانە: میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص١٧١.

[3] باڵی جیابووەوەی حیزب، لە ساڵی ١٩٨٨دا، لەلایەن حسین یەڵدرم وتەبێژی ڕێکخستنەکانی ئەوروپای پارتی کرێکارانی کوردستانەوە ڕاگەیەنرا، کە بەهۆی جیاوازی بیروبۆچوونەوە لە پارتی کرێکارانی کوردستان جیابوونەوە. بە پێی وتەی عوسمان ئۆیج ئالان، یلْدرم، لەژێر کاریگەریی بۆچونی سەمیر (چەتین گیونگور)دا، پێی وابوو دەبێ پارتی کرێکارانی کوردستان، پارتێکی دیموکراتی بێ و واز لە خەباتی چەکداری بهێنێ و لە ئەوروپا خەباتی سیاسی پەیڕەو بکات. بە پێی هەندێ بۆچوونی تر، بەهۆی کوشتنی خەڵکی مەدەنی لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە، یلْدرم لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆیج ئالان تووشی ناکۆکی و جیابوونەوە هاتووە. جەمیل بایك، ئەم باڵە بە گروپێکی بچووك دەناسێنێ، کە لە حسین

لــە ڕووی سیاسیــشەوە، پــارتی کرێکــارانی کوردســتان، لــە ســاڵی ١٩٨٧، کۆمەڵێك ڕێکخراوی دروست کرد، کە ئەنـدام بـوون لـە بـەرەی ڕزگـاریی نەتـەوەیی کوردســتان، وەکــو یــەکێتیی کرێکــارانی وڵاتپــارێزی کوردســتان (**YKWK**) و یــەکێتیی ڕۆشــنبیرانی وڵاتپــارێزی کوردســتان (**YRWK**) و یــەکێتیی گــەنجانی کوردســتان (**YXK**) و یــەکێتیی ژنــانی وڵاتپــارێزی کوردســتان (**YJWK**)[1]. هــەروەها لــە ســاڵی ١٩٨٩دا، ئــەم بەرەیــە، گۆڤــارێکی بــە نــاوی بــەرخوەدان (**Berxwedan**) لە دۆسلدۆرف، دەرکـرد و لـە شـاری کـۆڵنی ئـەڵمانیاش، پـارتی کرێکــارانی کوردســتان، گۆڤــارێکی بــە نــاوی ســەرخوەبوون (**Serxwebûn**) دەرکرد[2].

لــە کۆتــایی هەشــتاکاندا، پــارتی کرێکــارانی کوردســتان، جــەختی لەســەر پێویــستیی ئــازادیی کۆمەڵایــەتیی ئیــسلام کــردەوە و ڕێکخراوێکــی بــچووکی بــە پشتیوانی (مەلا عەبدوڵڵا)ی خـەڵکی بـدلیس، بـە نـاوی (یـەکێتیی پیـاوانی دینیـی وڵاتپارێز) دروست کرد و پەیوەندیی بە بەرەی ڕزگـاریی نەتـەوەیی کوردسـتانەوە کرد. ئەمانە لەو ئایەتە قورئانییانە نمونەیان دەهێناوە کـە ڕەوایـەتیی بـە خـەبات دەدەن "واعدوا لهم ما استطعتم من قوة". هەروەها نموونەی وایان دەهێنایەوە کە بوونی کۆمەڵ و پەیوەندی نەتەوایەتی بە ڕاست دەزانێت "وجعلناكم شعوبا وقبائل

---

یڵدرم و ئـەرجان و نـادیرە و چـەند کەسێکی تـر پێکدەهات، فاتمـە (کەسیرە یەڵدرم)ی خێزانی پێشوی ئۆیچ ئالان، بە سەرۆکی ڕاستەقینەی ئەم باڵە ناودەبات. هەر بە بۆچوونی بایك، ئەم باڵە، کە ڕێکخستنەکانی ئەوروپای پارتی کرێکارانی کوردستانیان خستبووە ژێـر دەستی خۆیان، بەهۆی پەلاماردانی بنکـەکانیان لەلایـەن ئەنـدامانی تـری ڕێکخـستنیان لـە ئەوروپا شکستیان هێنا. بڕوانە: هەڤاڵ جوومعـە، سەرچـاوەی پێـشوو، ل٥٥٥، ٥٥٧؛ مـراد خۆشەڤی حسۆ، سەرچـاوەی پێـشوو، ل١٧٤؛ چـاوپێکەوتن لەگـەڵ عوسمـان ئـۆیچ ئـالان، کۆیە، ١ی شوباتی ٢٠٠٩؛ میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٧٦-٧٧.

[1] **Ali Kemal Özcan, Turkey's Kurds : A theoretical Analisis of the PKK and Abdullah Öcalan, London and New York, 2006, P172.**

[2] : هنري باركي وآخرون، القضية الكردية في تركيا، ت. هڤال، ط١، مؤسسة موكرياني للبحـوث والنشر اربيل، ٢٠٠٧، ص١١٦-١١٧.

لتعـارفوا"، لـه میانەشـیدا تایبەتمەنـدە باشـەکانی نەتـەوەی کوردیـان بـە بـیر پەیڕەوکـەرانیان دەهێنایـەوە. جگـە لەمـە (پـارتی ئیـسلامی کوردسـتان)[1] لـە بڵاوکراوەکانیـدا، فتوایـەکی ئیـسلامی بـۆ دژایـەتیکردنی نەتەوایـەتیی کوردەکـان لەگەڵ تورکەکاندا دەرکرد و پارتی کرێکارانی کوردسـتانی بـە داخوازیکـەری مافـە مەدەنیەکانی کوردان دادەنا[2].

ساڵانی دواتر، پارتی کرێکارانی کوردستان، کەوتە چالاکی، بۆ نەهێشتنی ئەو خوێندنگا تورکیانـەی کـە بـۆ تواندنـەوەی زمـان و کولتـوری کـورد، لـەناو بۆتـەی تورکدا، لە ناوچـە کوردیەکانـدا، حکومـەت، دایمەزرانـد بـوون، لـە مـاوەی سـاڵانی ١٩٨٧ بـۆ ١٩٨٩ (١٣٧) خوێنـدنگای لـە بـاکووری کوردسـتان ڕووخانـد[3]. جگـە لەوە، کەوتە گیان پاسەوانی گونـدەکان و لـە زنجیرەیـەك هێرشـدا ژمارەیـەکی لـە خۆیان و هەندێ جار کەسوکاریشیان کوشت، کـە لـە ئەنجامـدا، زیـانی گەیانـد بـە ناوبانگی پارتی کرێکـارانی کوردسـتان. لـە ٢٤ و ٢٥ی تـشرینی دووەمـی ١٩٨٩دا، بیـستوهەشت کەسـی لـە پاسـەوانانی گونـد و کەسـانی مـەدەنی کوشـت، کـە هەشتیان ژن و سـیانزەیان منـداڵ بـوون. لـە ٦ی شـوباتی ١٩٩٠یـشدا، موختـاری پێشووی گوندێکی سلۆپی سەر بە ویلایـەتی (مـاردین)ی کوشـت و لـە ناوەڕاسـتی ئاداری هەمان ساڵیشدا، کارمەندێکی فەرمانگەی دارسـتانی دەوڵتیـان لـە ئـیلازیگ (ئەلعـەزیز) فڕانـد و کوشـتیان[4]. لـە شـەوی ٢٥ی نیـسانی ١٩٩٠دا، گروپێـك لـە چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان، بارەگای پاسەوانانی گونـدیان لـە گونـدی (قایی) گـرت و دەسـتیان بەسـەر (١٧) پارچـە چـەکدا گـرت، هـەروەها موختـاری گوندی (دوکون یوردو)ی سەر بە قەزای (ئەروخ)یشیان لە ویلایەتی سـێرت لەگـەڵ بـاوك و کوڕێکیـدا کوشـت، کـە ڕێنیـشاندەری هێزەکـانی جەندرمـە بـوو لـە دژی گەریلاکانی پارتی کرێکاران، هەروەها لە ویلایەتەکانی هەکاری و قارس و سـێرت،

---

[1] بۆ ناسینی ئەم پارتە بڕوانە: هەمان بەش و باسی سێیەم.

[2] بڕوانـە: دیڤیـد مەکـداول، سەرچـاوەی پێـشوو، ل٧١٠-٧١١؛ میخائیـل م. جـونتر، المـصدر السابق، ص ٥٧.

[3] کریس کوچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب. دووەم، ل١٥٨.

[4] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠.

(٦) پاسەوانی گوندیان کوشت. جگە لەمە هێرشیان کردە سەر شەمەندەفەرێکی بارهەلگر کە لە (ئەلعەزیز) وە بەرەو بدلیس دەڕۆیشت و شۆفێری شەمەندەفەرەکە و یاریدەدەرەکەیان کوشت، هەروەها هێرشیان کردە سەر وێستگەیەکی بەنزین لە ویلایەتی ئایدن و پاسەوانی ویستگەکەیان کوشت و یەکێکی تریشیان بریندار کرد[1]. لە ١٠ی حوزەیرانی هەمان ساڵیشدا، بە شێوەیەکی بەرنامەبۆدانراو، بیستوشەش گوندنشینیان کوشت و پاشان ماڵی چوار پاسەوانی گوندیان سوتاند[2].

کار و چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و بەرگریی ڕابەرەکانی لە زیندان و چەکدارەکانی لە چیاکانی کوردستان، هەستی خەڵکی زۆرلێکراوی جوڵاند و لاوانی لە دەوری دروشمەکانی خۆی کۆکردەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، جەماوەری زیاتر لە دەوری کۆدەبوەوە[3]. حکومەتی ئوێزال، هەوڵی دەدا، هەندێ نەرمی پیشان بدات، بۆ نموونە لە ئاداری ساڵی ١٩٩٠دا، بۆ یەکەمین جار، لاشەی ئەو چەکدارانەی لە شەڕدا دەکوژران، ڕادەستی کەسوکاریان دەکرانەوە، کە بووە هۆی ئەنجامدانی ڕێوڕەسم و خۆپیشاندانی ناڕەزایی خەڵکی[4].

سەرەتای ڕاپەڕین لە شاری (نسێبین) دەستی پێ کرد، دوای ئەوەی لە شەڕێکدا (١٣) چەکداری پارتی کرێکارانی کوردستان، لە چیای (باگۆك) کوژران، خەڵکیش تەرمی ئەو کەسانەیان بەرز کردەوە و خاوەنداریتییان لێ کردن و لە دژی دەوڵەت دەستیان بە ڕاپەڕین کرد[5]. کاتێکیش جەماوەری ڕێوڕەسمەکە،

---

(١) ابراهيم الداقوقي، المصدر السابق، ص٣٣٣.

(٢) نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠.

(٣) بيرش بيربروجلو، اضطراب في الشرق الاوسط الامبريالية، الحرب وعدم الاستقرار السياسي، ت. فخري لبيب، ط١، المجلس الاعلى للثقافة، الجزيرة – القاهرة، ٢٠٠٢، ص١٢٠.

(٤) دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠٠.

(٥) ئەم خۆپیشاندانانە کە لە ئەدەبیاتی سیاسی پارتی کرێکارانی کوردستان، بە سەرهەڵدان پێناسە دەکرێن. حەسەن جودی، لە جمیل بایك دەیگێڕێتەوە کە (١٣–١٤) چەکدار کوژراون، بەڵام وەك نادر ئینتیسار ئاماژەی پێداوە ڕاستییەکەی (١٣) چەکدار کوژراوە. بڕوانە: حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١١–٤١٢؛ نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠.

دەستیان بە وتنەوەی دروشمی (هەر بژی پارتی کرێکارانی کوردستان، بڕوخێ داگیرکەری تورکی) کرد، هێزەکانی ئاسایشی تورکیا، خۆیان کرد بە ناو جەماوەردا و تەقەیان لێکردن، لە ئەنجامدا (٣٣) کەس کوژران و بریندار بوون. ڕۆژی دواتریش لە کاتی بەڕێکردنی تەرمی قوربانییەکاندا، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی ئاسایشدا ڕوویدا[١].

ڕاپەڕینەکە، ناوچەیەکی فراوانی باکووری کوردستانی لە شارەکانی جەزیرە، میدیات، باتمان، ماردین، دیاربەکر، وان و چەند شارێکی تری گرتەوە، کە بەشێوەی خۆپیشاندانێکی ئاشتیانە بوون و ئامانجیشیان داواکردنی مافی نەتەوایەتی و دیموکراتی بۆ گەلی کورد بوو، دژ بە کردەوە سەرکوتکارییەکانی دەسەڵاتدارانی تورکیا بوو لە کوردستاندا[٢]. لەزۆربەی خۆپیشاندانەکاندا وێنەی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان عەبدوڵلا ئۆجەلان و ئاڵای سور و ئاڵای تایبەت بە پارتی کرێکارانی کوردستان بەرز کرابۆوە. دواتریش وەك پشتگیرییەك بۆ ڕاپەڕینەکە، زنجیرەیەك مانگرتنی خوێندکاران و کرێکاران ڕوویدا و بازرگانەکان دوکان و بازاڕەکانیان داخست. تەنانەت دەسەڵاتدارانی تورکیا لەپێناو سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە، ڕێوشوێنی توندوتیژییان گرتەبەر، وەك شکاندنی قوفڵی دوکانەکان و سزادانی مانگرتووەکان و لێکۆڵینەوە و سزادانی بە کۆمەڵی خەڵکی[٣]، دواتریش لە (١١) شاری ویلایەتەکانی (ماردین و سێرت)دا باری نائاسایی ڕاگەیاندرا و ژمارەیەکی زۆری خەڵکی مەدەنیش بە دەست هێزەکانی جەندرمە کوژران، بە جۆرێك زیانی مەدەنییەکان لە مانگی ئاداردا بە پێی هەندێك سەرچاوە، گەیشتە (١٠٠) کوژراو[٤].

---

[١] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١.

[٢] : بڕوانە: صلاح سعدللة، المصدر السابق، ص٥٧–٥٨.

[٣] بڕوانە: عثمان علي، حزب العمال الكردستاني ومستقبل المسألة الكردية في تركيا، مجلة (ئاڵای ئیسلام)، ع١، السنة السابعة، اربيل، كانون الثاني ١٩٩٣، ص١٦.

[٤] ئەم ڕاپەڕینانە درێژەیان کێشا و چەند ڕاپەڕینێکی تر، نەك تەنها ناوچەکانی کوردستان، بەڵکو شارەکانی ئەدەنە و ئیزمیر و ئەستەنبوڵیشی لە یۆلیۆی ١٩٩١دا گرتەوە، ئەمەش جدیترین ڕووبەڕووبوونەوە بوو بۆ دەسەڵاتی تورکیا، لە باکووری کوردستان. گەرچی

لەو سەروبەندەدا و لەکاتی ڕاپەڕینەکەدا، پارتی کرێکارانی کوردستان، لە (٣-١٣)ی ئاداری ١٩٩٠دا کۆنفرانسی دووەمی لە دۆڵی بیقاع بەست و لە بڕیارەکانی ئەو کۆنفرانسە، بریتی بوون لە: دیاریکردنی ناوچەی بۆتان بە بارەگای ناوەندی سەرکردایەتیی جەنگ، بەجۆرێك کە دەبوایە جەنگ لەوێوە بڵاو بێتەوە و ناکۆکی لەگەڵ حکومەتی تورکیا یەکلا بکاتەوە، وێڕای پەیوەندیی دۆستایەتی لەگەڵ بزووتنەوە ئایینییەکان، بڕیاری کارکردنی لەگەڵ پارتە سەوزەکان و ڕێکخراوەکانی ژناندا، هەروەها بڕیاریدا تەنها لە ئامانجە سەربازییەکان نەدات، بەڵکو لە دامودەزگا ئابوورییەکانی دەوڵەتیش بدات. لە (٢٥-٣١)ی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵیش، کۆنگرەی چوارەمی لە سوریا بەست و لەم کۆنگرەیەدا بڕیاریاندا کەوا هێرشەکان بۆ سەر خەڵکانی مەدەنی ڕابگرن و زیاتر هێرش بکەنە سەر پاسەوانی گوندەکان و خێزانەکانیان و کردەوە چەکدارییەکانیان بۆ سەر ئامانجە سەربازییەکان بە زۆریش بۆ سەر هێزە تایبەتییەکان زیاد بکەن، هەروەها بڕیاریاندا هەوڵ بۆ چەسپاندنی ئاسایشی گوندە کوردییەکان بدەن[1].

بەدوای ئەمەشدا، پارتی کرێکارانی کوردستان، لە هەڵمەتەکانیدا بەردەوام بوو، بە وتەی سەرچاوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە ماوەی ساڵێکدا لە (١٥ی ئابی ١٩٩٠بۆ ١٥ی ئابی ١٩٩١) زیاتر لە (٥٨٦) پێکدادان و کردەوەی چەکداری لە نێوان ئەرتەشی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان و هێزەکانی سوپای تورکیادا ڕووی داوە، هەروەها (٧٧) کردەوەی بۆسە و (٢٤) کردەوەی کاولکردن و زیاتر لە (١٨٤) هێرش لەلایەن ئەرتەشی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستانەوە ئەنجام دراوە، کە زۆربەیان لە شێوەی کردەوەی هەڵمەتبردن بوون بۆ سەر ناوەندی شارەکان و زیاتر لە (٥٣) مینی لەسەر ئەو ڕێگایانە داناوەتەوە، کە هێزەکانی تورکیا بەکاریان دەهێنا و دەستیشی گرتووە بەسەر ژمارەیەك ڕێگای

---

هێزەکانی تورکیا سەرکەوتوو بوون لە دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە، بەڵام ڕاپەڕینی پچڕ پچڕی میللی لە ناوچەکەدا هەربەردەوام بوو، خەریك بوو ببنە ڕاپەڕینی جەماوەری بڕوانە: دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠٠؛ نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١؛ بیرش بیربروجلو، المصدر السابق، ص١٢٠-١٢١.

[1] بڕوانە: میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص٧٧.

نێوان ناوچەکانی باکووری کوردستان، کە لە ئـەنجامی ئـەو هێرشـانەدا، زیـاتر لـە (٢١٤) کەس لە یەکەکانی تایبەت و پۆلیس و (١٦١) ئەفسەر و ئەفسەری سـەف و (١٧٧٩) سـەرباز و (١٦٤) پاسـەوانی گونـد و (٩١) کـەس لـە پیـاوانی هێزەکـانی ئاسایش و، هەروەها کوشتنی قایمقام و دادوەر و زینـدانی و هەشـت فەرمانبـەری حکومەت لە کـاتی هەڵکوتانـە سـەر شـارەکان کـوژراون. لـە بەرانبەریـشدا زیـانی هێزەکانی (ARGK) لەو ماوەیەیەدا (١٦٤) کوژراو و چەندین بریندار بووە[١].

**دووەم: کاردانەوەی حکومەتی تورکیا لە بەرانبەر هێرشەکانی پـارتی کرێکـارانی کوردستان:**

دوابەدوای ئەنجامدانی یەکەم هێرشی چەکداریی پارتی کرێکارانی کوردسـتان، لە ١٥ی ئابی ١٩٨٤دا، لە بەرانبەردا، حکومەتی تورکیا، ڕێوشوێنی توندی گرتەبەر و لـە ٢٠ی ئـەیلولی ١٩٨٤، سـوپای حەوتـەم، کـە لـە شـاری دیاربـەکر بـوو، بـە مەبەستی گەڕان بـە دوای چـەکدارانی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتاندا، لـەو ناوچـە شاخاویانەی دەکەونە سێگۆشەی (هەکاری، سێرت، ماردین)، هەڵمـەتێکی فراوانـی سـەربازی ئـەنجام دا. ئـەم هەڵمەتـە لـەژێر نـاوی (کـرداری ڕۆژ)دا بـوو، بـە پێـی ڕاپۆرتـەکان، هێزەکـانی تورکیـا بـە ڕەزامەنـدیی هـەردوو وڵات، نزیکـەی (٢٢ کـم) چوونەتە ناو خاکی ئێران و عێراقەوە. ئەم کردەوەیـەش تاسـاڵی ١٩٨٥ بـەردەوام بوو، کە سەدوپەنجا کەس لە گەریلاکانی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان و سـوپای تورکیا کوژران[٢].

بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ئـەم هێرشـانە، لـە ٤ی نیـسانی ١٩٨٥دا، حکومـەتی تورکیا، دوو قانونی تری لە بارەی گوندەکانەوە دەرکرد و بـەم پێیـەش حکومـەت کەوتە بەکرێگرتن و چەکدارکردنی پاسەوانانی گونـد، لـەو ناوچـانەی کـە پێویـست بوون و لە بارودۆخێکی توندوتیژ و نائاساییدا بوون[٣].

---

[١] بڕوانــە: جــدول عملیــات ARGK خــلال عــام ١٥آب ١٩٩٠–١٥آب ١٩٩١، مجلــة (دنگــی کردستان)، عدد خاص، اذار ١٩٩١، ص١٢٩–١٣٠.

[٢] بڕوانە: ابراهیم الداقوقي، المصدر السابق، ص ٣٠١، ٢٩٨، ٢٩٧.

[3] **Ismet G Imset, Op.Cit.**

لەپێناو ڕێگەگرتنیش لە دزەکردنی ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە دەرەوە بۆ ناوەوەی وڵات، لە شوباتی ١٩٨٦دا، حکومەت بڕیاری ڕاگواستنی دانیشتوانی پانزە گوندی سەر سنورەکانی عێراق و ئێرانی دا، بۆ ناوچەکانی ناوەڕاستی ئەنادۆڵ[1]. لە لایەکی تریشەوە حکومەتی تورکیا، کەوتە هەوڵدان بۆ بڕینی پشتیوانیکردنی دەرەکی لە پارتی کرێکارانی کوردستان و بۆ ئەم مەبەستەش لە ئاداری ١٩٨٧دا، تورگوت ئۆزالی سەرۆکوەزیران، سەردانی سوریای کرد و داوای لە سەرۆکی سوریا (حافز ئەسەد) کرد ڕێگە لە چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (لەناو خاکی سوریادا) بگرێت. ئەنجامی ئەو سەردانەش پەیماننامەیەکی ئاسایش لە نێوانیاندا مۆرکرا، کە دەبوو سوریا کۆتوبەندێکی توند بخاتە سەر چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و ڕێگە بە ئەندامەکانی نەدات لە سوریاوە بپەڕنەوە و هێرش بکەنە سەر تورکیا[2]. هەرچەندە سوریا دوای مۆرکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، تا ڕاددەیەکی بەرچاو، سنوری بۆ چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دانا، بەڵام دیمەشق لەوە گەیشتبوو کە بەکارهێنانی کارتی کوردی، سودێکی زۆری بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر لە تورکیا هەیە ، کە بەهۆی بەربەستەکانەوە، دەستی بەسەر سەرچاوەی ئاوی فوراتدا گرتبوو، بۆیە دەیویست ڕێگە بە گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بدات و وەك کارتێکی فشار بۆ سەر تورکیا ئەو پرسە بەکاربێنێ، بەڵام نەگاتە ئەو ئاستەی ئەنقەرە هێرشی سەربازی بکاتە سەر سوریا[3].

بۆ لەناوبردنی چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانیش، لە وڵاتانی ئەوروپادا، حکومەتی تورکیا کەوتە خۆو هەر لە ساڵی ١٩٨٧دا، کاتێك

---

[1] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١١٩–١٢٠.

[2] هەر لەم سەردانەی ئۆزالدا، بەپێی ڕێککەوتننامەیەك، بڕیاردرا کە تورکیا (٥٠٠)م$^3$ لە چرکەیەکدا ئاوی ڕووباری فورات بەرداتەوە بۆ سوریا. بڕوانە: خليل علي مراد، العلاقات السورية–التركية في ضوء أزمة أوجلان تشرين الاول/ أوكتوبر ١٩٩٨، أوراق تركية معاصرة، العدد(١٦)، مركز الدراسات التركية، جامعة الموصل، ربيع ٢٠٠١، ص٧٣.

[3] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٥.

کۆبوونەوەیەکی هاوپەیمانێتیی وڵاتانی باکووری ئەتڵسی (ناتۆ) لە ئەڵمانیا بەسترا، نوێنەری تورکیا لە کۆبوونەوەکەدا ڕەخنەی لە ئەڵمانیا گرت کە لە وڵاتەکەیانەوە پارتی کرێکارانی کوردستان، خۆی بەهێز دەکا و دژ بە تورکیا شەڕ دەکات. بە لێکدانەوەی (جەمیل بایك)ی یەکێ لە سەرکردەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، پۆلیسی ئەڵمانیا بە هاوکاریی (حسین یلدرم) و کەسێکی تر بە ناوی (ئەرجان)، کە لەو پارتە هەڵگەڕابوونەوە، هەوڵی دەدا پارتی کرێکارانی کوردستان، لە بەرچاوی کورد و بیروڕای ئەڵمانی و ئەوروپی ڕەش بکات و وەکو گروپێکی تاوانکار پیشانی بدات[1]. هەر بە پێی لێکدانەوەی ناوبراو حکومەتی ئەڵمانیا دەیویست تاوانی کوشتنی (ئۆڵف پاڵمە)[2]ی سەرۆکوەزیرانی سوید بخاتە ئەستۆی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە، لەبەرئەوە لە دادگای (دۆسڵدۆرف) ئەندامە گیراوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دادگایی کران، بەڵام هیچیان لە سەریان ساغ نەبووەوە[3].

هەر لە میانەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان، وەك چاپەمەنیەکانی تورکیا بڵاویان کردەوە، حکومەت، دەستی بە جێبەجێکردنی پلانێك کرد، ئەویش کۆکردنەوەی گوندەکان بوو لە کۆمەڵگەی زۆرەملێدا و

---

[1] بڕوانە: هەڤاڵ جوومعە، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣٨، ٥٤٣، ٥٤٢.

[2] ئۆڵف پاڵمە لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٢٧، لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید، لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩٥١، بووەتە ئەندامی پارتی سۆسیال دیموکراتی کۆمەڵایەتی سویدی و ساڵی دواتر، بووەتە سەرۆکی یەکێتیی نیشتیمانی خوێندکاران، ساڵی ١٩٦٣، بووەتە سکرتێری سەرۆکوەزیرانی سوید (تاج ئەرلاندەر) و ساڵی ١٩٦٧ پۆستی وەزیری پەروەدە و فێرکردنی وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٦٩دا، دوای دەست لەکار کێشانەوەی (تاج ئەرلاندەر) بە سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتی کۆمەڵایەتی هەڵبژێردرا و تاساڵی ١٩٧٦ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بووە، ساڵی ١٩٨٦، جارێکی تر بووەتە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران تا لە ٢٨ی شوباتی ١٩٨٦ دوای دەرچوونی لە نمایشێکی سینەمایی، کە خێزانەکەشی لەگەڵ دەبێت، بە دەستی چەکدارێکی نەناسراو دەکوژرێت. بڕوانە: اولف بالمە (www.mnaabr.com/vb/showthread.php?t=26468&page=4).

[3] بڕوانە: حەسەن جودی،سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٤–٣٩٦.

سەرەتاش وا بڕیاردرا لە ویلاتەکانی دەرسیم و سێرتەوە دەست پێ بکەن، کە بەڕای حکومەت، ئەم جۆرە یەکخستنە دەبێتە هۆی باشتر بوونی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی خەڵکەکە و خەباتی سەرکەوتووانە دژی "تیرۆریزم"[1]. دواتریش لە تەمموزی ۱۹۸۷دا حکومەتی ئۆزال پرۆژەیەکی دانا، کە ناونرا بە (پرۆژەی ئۆیزال) و تیایدا دەسەڵاتێکی زۆری بە فەرمانڕەوای ویلایەتە کوردییەکان دەدا[2].

یەکێك لە لایەنە دیارەکانی پرۆژەکەش بڕیاردانی حکومەت بوو بەوەی ویلایەتەکانی باکووری کوردستان بخاتە ژێر باری نائاساییەوە و لە هەرێمێکی ئاسایشی تایبەتدا کۆیان بکاتەوە، کە ناونرا (هەرێمی باری نائاسایی) و پارێزگارێکی تایبەتییش کارو بارەکانی بەڕێوە ببات[3]، بەم پێیە، لە ۱۹ی تەمموزی ۱۹۸۷دا، حکومەت بڕیاری دروستکردنی دۆخی نائاسایی ویلایەتەکانی دەرکرد، کە ویلایەتی (دیاربەکر، سێرت، ماردین، هەکاری، دەرسیم، بینگۆل، وان و ئیلازیگ)ی دەگرتە خۆی[4]، ئەو ویلایەتانەی سەر بەو هەرێمەشن، دەکرا زیاد و کەم بکرێن[5]، هەروەها ویلایەتەکانی دۆخی نائاسایی، دەسەڵاتیان زیاد کرا، بەوەی کە ئامرازەکانی هاتوچۆی کارگەکان و باڵەخانەکان و کەسانی پسپۆڕ و ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و سەرکردایەتیکردنی ئۆرگان و بنکەکانی ئاسایشی ناوچەکە (هەموویان) خرانە ژێر فەرمان و دەسەڵاتیانەوە ، هەروەها ئەم پارێزگارانە، بۆیان هەبوو داوای یارمەتی لە سوپا (لە سەربازگەکانیاندا) بکەن و ئۆپەراسیۆنی سەربازی، لە ویلایەتەکانی دراوسێیان ئەنجام بدەن، لەوەش زیاتر دەسەڵاتی لەسەرکارلابردن و گواستنەوەی هەموو کەسێکیان هەبوو، تەنها سەرباز

---

[1] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل۱۱۹–۱۲۰.

[2] تقرير مركز دراسات الشرق الأوسط، المصدر السابق، ص۲۷.

[3] محەمەد نورەدین، تورکیا لە سەردەمی گۆڕاندا، و.ئازاد بەرزنجی، چ۱، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلیمانی،۲۰۰۰، ل۱٤۲.

[4] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل۱۲۱.

[5] بەپێی محمد نوردەین پارێزگاکانی دۆخی نائاسایی بریتیی بوون لە (ئیلازیگ، باتمان، بینگۆل، دیاربەکر، هەکاری، ماردین، سێرت، شیرناخ، دەرسیم و وان). بڕوانە: تورکیا لە سەردەمی...، ل۱٤۲.

و جەندرمــە و دادوەرەکــان نــەبێت. ســەرباری هــەموو ئەمانــە، گــۆڕینی شــوێنی گوندەکان و کۆکردنەوەی چــەند دێیــەك و زیــادکردنی موچــەی فەرمانبــەرانی ژێــر دەسەلاتیان بە ڕێژەی (١٠–٢٠٪)، لە دەسەلاتی ئەم پارێزگارانە بوو[١]. وێڕای ئەو دەســەلاتانەش، دادگایــەکی تایبــەتی پێکهێنــرا، کــە بــە نــاوی دادگــای ئاسایــشی دەوڵەت (Devlet Guvenlik Mehkemesı) لە دۆزی ناوچەکانی باری نائاســایی و ناوچەکانی تری دەکۆڵییەوە، کە بە لێکدانــەوەی کاربەدەســتان مەترســییان بــۆ سەر ئاسایشی دەوڵەت هەبوو، هەروەها، ژمارەی هێزی چەکداریان لــەو ناوچــانەدا بۆ سێ تیپ زیاد کرد ، کــە ژمارەیــان ســەدوپەنجا هــەزار ســەرباز دەبــوو، بنکــەی سەرەکیــشیان لــە دیاربــەکر بــوو، لەگــەڵ لیــوای بیــستوسێی جەندرمــە و شــەش فرۆکـــەی جـــەنگی و ژمارەیـــەك ئـــامێری ســـەربازی و حەڤـــدە هـــەزار چـــەکداری پاسەوانانی گوند[٢].

جگــە لەمــە، حکومــەتی ئــۆزال، لــە هەنــدێ ناوچــەی کوردیــدا، بــۆ هانــدانی ئەوانەی هاوکاریی دەوڵەتیان دەکرد و لــە دەزگاکــانی ئاسایــشدا کاریــان دەکــرد، کەوتــە بەخــشینی دیــاری و خــەلات بــە ســەریاندا، هــەروەها هەوڵیــدا پــشت بــە تەکنـــەلۆژیای پێـــشکەوتوو ببەســـتێ و ڕێوشـــوێنی تـــازەش بگرێتـــە بـــەر لـــە ڕووبەڕووبونــەوەدا لەگــەڵ چــەکدارانی پــارتی کرێکــارانی کوردســتان. پێــشتر، حکومەت، پشتی دەبەست بە یەکە تایبەتییــەکان، لــەو هــەرێم و ناوچــانەدا کــە ئەنــدامانی پــارتی کرێکــارانی کوردســتان، کردبوویانــە ئامــانجی چــالاکییەکانیان، لەبەرئەوە، حکومەت دەستی کرد بە دانانی تەلی دڕکاوی بــە درێــژایی ســنورەکانی تورکیــا لەگــەڵ ســوریا و ولاتــانی تــری هەرێمــدا و پتــەوکردنی بــە سیــستەمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت[٣]. هەروەها بۆ هاندانی زیاتری گوندنشینانی کــورد و بەکارهێنانی بــاری هــەژاری و بێکارییــان، حکومــەتی تورکیــا موچــەی نیــو ملیــۆن لیرەی دەدا بە پاسەوانانی گوند، کــە هاوتــای موچــەی دەرچــوویەکی زانکــۆ بــوو.

---

[١] بڕوانە: م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستوورییەکانی...، ل١٢١–١٢٢.

[٢] ابراهيم الداقوقي، المصدر السابق، ص٣٠٥.

[٣] رعد عبد الجليل، المصدر السابق، ص١٢٣.

ئەمەش بە پێی هەموارکردنی قانونی ژمارە (٤٤٢)ی تایبەت بە پاسەوانانی گوند لە ساڵی ١٩٨٧دا[1]. هاوکات پاسەوانی گوند دەسەڵاتێکی زۆریان پێدرا بەوەی دەیانتوانی چەك بەکاربهێنن دژ بەوانەی کە:

١- هێرشیان بۆ دێنن، یان ژیانیان دەخەنە مەترسییەوە.

٢- لە کاتی کارکردندا، ئەگەر هیچ ئامرازێکی تریان بۆ ڕزگارکردنی ئەندامانی بنەماڵەکانیان نەبێت.

٣- لە کاتی هەوڵدان بۆ دەستگیرکردنی گومانلێکراوێك کە خۆی بەدەستەوە نادات.

٤- ئەگەر بکوژێك دەستگیر کرا بێت و هەوڵی ڕاکردن بدات.

٥- ئەگەر کەسێك لە ناوچە قەدەغەکراوەکاندا بینرا...[2].

پاسەوانانی گوند، بەهۆی ئەو دەسەڵاتەی پێیان درابوو، وەك ئاغاکانی سوارەی حەمیدییە، بۆ دەستبەسەراگرتنی موڵكو ماڵی کەسانی بێ پشتوپەنا، سودیان لە پێگەی سەر بە دەوڵەتی خۆیان وەردەگرت، هەندێکیان بە پشتبەستن بەوەی کە ئیسلامن هێرشیان دەکردە سەر ئاشوری و ئێزیدییەکانی نزیك ماردین و عەلەویەکانی نزیك مەرعەش و لە ناوچەکانیان دەریان دەکردن[3]، هەروەها پاسەوانانی گوند، ببوونە هۆی ئازاردانی خەڵکی مەدەنی و تەنانەت دەستدرێژیشیان دەکردنە سەر. لە بەرانبەر ئەو سیستەمەشدا (کە دەسەڵاتێکی زۆری بەم پاسەوانانە دابوو) هەندێ لە کاربەدەستانی سیاسی و ڕۆژنامەوانان و دانیشتوانی ناوچە کوردییەکان و تەنانەت هەندێ لە سەرۆکهۆزەکانیش، کەوتنە ڕەخنە گرتن لە سیستەمی پاسەوانانی گوند، هەروەك یەکێك لە ڕۆژنامەنووسان نووسیبووی: "...من پێم وایە دەوڵەت دەیەوێ دووبەرەکی بخاتە ناو گوندەکان، دەوڵەت و سوپا لەبەر ئەو کارانەی کە دەیکەن متمانەو باوەڕیان لە دەستداوە، بە تایبەت لە پڕچەککردنی گوندەکان"[4].

---

[1] ابراهيم الداقوقي، المصدر السابق، ص٣٠٥.

[2] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٢٥.

[3] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩٢.

[4] بڕوانە: م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٢٥،١١٩.

لـه لایـەکی تریـشەوە، حکومـەت هێرشـەکانی بـۆ سـەر پـارتی کرێکـارانی کوردستان، چڕتر کرد و لـە کـانوونی دووەمـی ١٩٨٨دا (خـەیری کوزوجـو ئۆغڵـو) (**Hairy Kuzucuoğlu**)ی پارێزگاری ناوچـەکانی بـاری نائاسـایی، ڕایگەیانـد، لـە سـاڵی ١٩٨٧دا، (٢٨٩) چـەکداری پـارتی کرێکـارانی کوردسـتانیان کوشـتووە، هـەروەها (٤٠٥) مـەدەنیش لـە ئـەنجامی شـەڕەکاندا کـوژراون[1]. لـە زسـتانی ١٩٨٨یشدا، جەنەڕاڵ ئیسماعیل سـەلەن (**Ismail Selen**)ی سـەرکردەی ناوچـەی باری نائاسایی، بەڵێنیدا کە: جوڵانەوەی پارتی کرێکارانی کوردسـتان، لـە مـاوەی (٨٤) ڕۆژدا دابمرکێنێتەوە، بەڵام دوای شەش مانگ لە کـردەوە سـەربازییەکانیان، هێزەکانیان (٦٩) سەربازیان لێ کوژرا. ئەمەش بووە هـۆی ئـەوەی کـە حکومـەتی ئەنقەرە، جەنەڕاڵ ئیسماعیل سەلەن لە کارەکەی بگوازێتەوە و جەنەڕاڵ حیکمەت کوێکساڵ (**Hikmet Köksal**) لە شوێنی دابنێ. بۆ شاردنەوەی ئەو شکستەشیان تورگـوت ئـوێزال، بـۆ ڕۆژنامەنووسـان، ڕایگەیانـد: پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان، لەلایـەن دەرەوەوە ئاراسـتە دەکـرێ و پـشتیوانی دارایـی بـەزۆری لـە وڵاتـانی دەرەوەوە بـۆ دێـت[2]. هاوشـان لەگـەڵ وتـەکانی ئوێزالـدا، دەزگاکـانی میـدیای تورکیاش، کەوتنە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و باسوخواس دەربارەی هاریکاریی نێـوان پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان و پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران، لـەپێناو ڕێگرتن لە بەکارهێنانی ناوچەکانی ئێران وەك بنکەی هێرشـکردن بۆسـەر تورکیـا، ڕێککەوتننامەی (سەعد ئابـاد)یـان بـە بـیر ئێـران دەخـستەوە، هـەروەها ڕوسـیا و سوریا و یۆنانیان بە هاوکاریکردنی پارتی کرێکاران تۆمەتبار دەکرد[3].

لایـەنێکی تـری پڕمەترسـی، لـە پڕۆژەکـەی ئۆزالـدا، بریتـی بـوو لـە پلانـی چۆڵکردنی باکووری کوردستان، لە دانیشتوانی، هـەنگاو بـە هـەنگاو، ئـەوەش، بـە مەبەستی ڕێگەگرتن لە پـشتیوانیکردنی ئەنـدامانی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان، لەلایـەن دانیـشتوانی ئـەو ناوچـانەوە. ئـەم ڕاگواسـتنەی دانیـشتوان، دەبوایـە بـە

---

[1] المسألة الكردية في تركيا الأمل والخيبات، مجلة (شؤون تركية)، تقرير فـصلي، ع (٨)، مركـز للدراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق، بيروت–لبنان، صيف ١٩٩٣، ص٣٨.

[2] ابراهيم الداقوقي، المصدر السابق، ص٣٠٦.

[3] بڕوانە: نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٥–١٣٦.

شێوەیەکی ڕێکوپێك ئەنجام بدرایە و بە یەکسانی بەسەر ناوچەکانی ڕۆژئاوای تورکیا و دوور لە ناوچەکانی خۆیان دابەش بکرابایە[1]. لەم ڕووەشەوە، بڕیارنامەی ژمارە (٢٨٥)ی ئەنجومەنی وەزیران لە تەممووزی ١٩٨٨دا، دەسەڵاتی پارێزگاری گشتیی ناوچەی (باری نائاسایی) فراوانتر کرد، بەوەی نەك دەیتوانی هەر گوندێك کە پێویست بێت چۆڵی بکات، بەڵکو دەیتوانی دانیشتوانەکانیشی لە ناوچەکەدا ڕاگوێزێت. ئەم پرۆسەیەش، بە شێوەیەکی وا فراوان ئەنجام درا، تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٩ (٤٠٠) گوند و کوێستان لە ناوچە سنورییەکاندا چۆڵ کران و سێ ساڵ دواتریش ژمارەیان گەیشتە (٢٠٠٠)، بەم هۆیەشەوە، ژمارەی ئەوانەی لەم ناوچانە ئاوارە بوون، دەگەیشتە نزیکەی (٧٥٠) هەزار کەس[2]. ئەمە جگە لەوەی لە ماوەی پێشووتردا، لەسەر بنەمای قانونی (١٥٨٧) بە مەبەستی لەناوبردنی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی، حکومەت پرۆسەیەکی فراوانی گۆڕینی ناوی گوندەکانی کوردستانی دەست پێ کرد بوو، هەموو ناوە کوردییەکان، دەکران بە تورکی، بەشێوەیەك: تا ساڵی ١٩٨٦، ناوی (٢٨٤٢) گوندی کوردی، لە کۆی (٣٥٢٤) گوندی ویلایەتەکانی (ئادیامان، عێنتاب، ئورفە، ماردین، سێرت و دیاربەکر)ی گۆڕی بوو[3]. لە لایەکی تریشەوە، سەرکوتکردن و گوشار لەسەر خەڵکی ناوچە کوردییەکان، بەهێزتر و هەمەلایەنەتر کرا، بە تایبەتی ئازاردان و پێشێلکردنی کەرامەتی خەڵکی، کە لە میانەی چالاکییە سەربازییەکاندا، ئەنجام دەدرا و تیایدا سەدان کەس ڕەشبگیر دەکران و ئەشکەنجە دەدران، بۆ ئەوەی دان بەوەدا بنێن کە یارمەتیی پارتی کرێکارانی کوردستانیان داوە[4]. لەم بارەیەشەوە، ڕێکخراوی (هێلسنکی وۆچ)[5] و ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی و

---

[1] بڕوانە: بیار مصطفى سيف الدين، تركيا....، ص١٤٦-١٤٧.

[2] بڕوانە: دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩٨.

[3] هەمان سەرچاوە، ل٦٩٦.

[4] بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٦٩٧.

[5] بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ڕاپۆرتی (هێلسنکی وۆچ) بڕوانە:

**Turkey Human Rights Developments**

**(www.hrw.org/reports/1990/WR90/HELSINKI.BOU-04.htm.).**

ڕێکخـراوە نێونەتەوەییـە سـەربەخۆکانی تـری مـافی مـرۆڤ، بـە بەڵگـەوە بڵاویـان دەکردەوە کە لە زیندانەکان و بارەگاکانی پۆلیسی تورکیا، کوردەکـان بـە تونـدی ئـازار دەدرێـن و هـەر کـەس بـەوە تاوانبـار بکـرێ کـە یارمـەتیی گـەریلاکان یـان یارمەتیی پزیشکی یان قانونییان پێشکەش کـردون، مایـەی گـرتن و لێپرسـینەوە بوون[1].

یەکێك لـە کردەوەکـانی تـری حکومـەتی تورکیـا، گوشارخـستنە سـەر هـۆزە کوردییـەکان بـوو، بـۆ ئـەوەی دژ بـە پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان، بـچنە ڕیـزی پاسەوانانی گوندەکانەوە، هـەروەك لـە ئـەیلولی ١٩٨٩دا، دەسـەڵاتدارانی تورکیـا، بانگەوازیی کۆبوونەوەیەکیان بۆ سەرۆکهۆزەکان کـرد و یـەکێك لـە سـەرکردەکانی سوپای تورکیا بـە نـاوی ڕیجـان ئۆغورلـو (**Rican uğurlu**) لـەو کۆبوونەوەیـەدا، هەڕەشەی لە هۆزەکان کـرد و ئـەوەی ڕاگەیانـد کـە سـەرکردایەتیی سـوپا، قبـوڵ ناکات سەرۆکعەشیرەتەکان لەتەك سوپادا، چەك هەڵنەگرن، ئەگەر وانەکـەن، ئـەوا بە لایەنگیریی پارتی کرێکاران دادەنرێن و توشی سزای قورس دەبن[2].

دوای هەڵبژاردنەکانی تشرینی یەکەمی ١٩٨٩ لە تورکیا و هەڵبژاردنی تورگوت ئۆیزال بە سـەرۆککۆمار، دڵسۆزیی خـۆی بـۆ سیاسـەتی دژ بـە پـارتی کرێکـارانی کوردســتان دووپــات کــردەوە و ڕایگەیانــد "تورکیــا لــە ســەر سیاســەتی لــە ڕەگوڕیشەدەرهێنانی کوردە جیاخوازە تیرۆریستەکان، بەردەوام دەبێت و بۆ هـەر کوێیەك بڕۆن، بەدوایان دەکەوین". هەروەها وتی "فشار لەسـەر ئـەو هەڵگەڕاوانـە ســوك ناکــەین و ئەگــەر پێویــستی کــرد، دەســتی تورکیایــان دەگاتــێ لــە پەناگەکانیاندا"[3].

لــە ســەرەتای ســاڵی ١٩٩٠یــشدا، جەنــەڕاڵ نــەجیب تۆرومتــای (**Necip Torumtay**) سەرۆکئەرکانی سوپای تورکیا، لە نامەیەکیدا بۆ هێزی جەندرمە، بە بۆنەی سەری ساڵی تازەوە، جەختی لەسەر پێویستیی ئەنجامدانی چالاکیی چڕتر

---

[1] بڕوانە: نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣.
[2] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٢٩.
[3] وصال نجیب عارف العزاوي، القضیة الکردیة...، ص١٨٦.

و گشتگیرتر له ناوچەکانی بە وتەی ئـەو (ڕۆژهـەڵات و باشـووری ڕۆژهـەڵاتی وڵات) لەپێناو لـەناوبردنی مۆڵگـەکانی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان و پوچـەڵکردنەوەی پلانــەکانیان کــردەوە. هــەر لــەم نامەیــەی نــاوبراودا کــە ئاراســتەی (حیکمــەت کوێکسال)ی فەرماندەی جەندرمە و ئاسایش لەو ناوچەیەدا کرابـوو تیایـدا هـاتبوو کە: " پێویستە کردەوەکان دژ بە پارتی کرێکارانی کوردی لە وەرزی پایزدا زیـاتر بکرێن، بە شێوەیەك چالاكتر بـن لـە هەڵمەتەکـەی ١٩٨٩ و بەتایبـەتی دەبێـت ٢٥ تیرۆریـستی کـوردی بکـوژرێن یـان بدرێنـە دەسـت هێزەکـانی جەندرمـەوە". ئـەو هەڵمەتە لە ١ی ئاداری ١٩٩٠دا دەستی پێ کرد و هێزەکانی جەندرمـە و ئاسایـشی تورکیا توانیان (٢٠) هاوکاری پارتی کرێکارانی کوردستان، دەستگیر بکەن و (٢٢) گـەریلای پـارتی کرێکـارانی کوردسـتانیش لـە ناوچـەی (ئۆیمـاك کایـا)ی شـاخاوی بکوژن و (١٦) کەسیش لە (ئەلعەزیز) بە تۆمەتی کوشتنی (٩) هاوڵاتی لـە قـەزای (پالۆ) دەستگیر بکەن، کە هەموویان گەریلای پارتی کرێکارانی کوردسـتان بـوون. هەروەها هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس لە ئەنقەرە، (١٩) ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستانیان گرت ، کە هەوڵیان دەدا لایـەنگر و ئەنـدامانی نـوێ لـەناو ڕیزەکـانی خوێندکاران و کرێکاراندا بۆ ڕێکخستنەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان ڕابکێشن، لە گوندێکی پارێزگـای هـەکاریش دەسـەڵاتدارانی پارێزگـای بـاری نائاسـایی (٤٧) کەسی تریـان بـە تۆمـەتی هاوکـاریکردنی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان و پێـدانی کۆمەك پێیـان گـرت. لـە ئەسـتەنبوڵیش بـەهۆی زانیارییـەوە، (٥) کـادیری پـارتی کرێکارانی کوردستان، لەلایەن پۆلیسەوە، دەستگیر کران[1].

لە سەرەتای نیسانی ١٩٩٠دا، دوای ئـەو ئاڵۆزیانـەی کـە ناوچـە کوردییـەکانی گرتبۆوە، بەهۆی ڕاپەڕینەکەی ئاداری ١٩٩٠، سـەرۆککۆمار داوای کۆبوونەوەیـەکی تایبەتیی لوتکەی لە ٢ی نیسانی ١٩٩٠دا کرد و لەگەڵ (ئەردال ئینـەنۆی سـەرۆکی پارتی گەلی سۆسیال دیمـوکرات (**Sosyaldemokrat Halkçı Parti -SHP**)[2] و

---

[1] ابراهيم الداقوقي، المصدر السابق، ص٣٣١–٣٣٢.

[2] پارتی گـەلی سۆسـیال دیمـوکرات (**SHP**)، لـە ٢١ی ئـەیلولی ١٩٨٥، دوای یـەکگرتنی پـارتی سۆسیالستی دیموکرات (**SODEP**)، بە سەرۆکایەتیی ئەردال ئینەنۆ، لەگەڵ پاتی گەل، بە سەرۆکایەتیی (ئایدن گوڤێن گولکان) دامەزراوە. بڕوانە:

(سلیمان دێمیرێل)ی سەرۆکی پارتی ڕێگای ڕاست و یلدرم ئەکبلوت (Yıldırım Akbulut)ی سەرۆکوەزیران و سەرۆکی پارتی نیشتیمانی دایک (ANAP). لە کۆبوونەوەکەدا هەموو بەشداربووان ڕازی بوون بەوەی کە دەبێت بڕیاری بەپەلە بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی کوردستان وەربگیرێت[1]. دوای ئەو کۆبوونەوەیەش، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری ژمارە (٤١٣)ی دەرکرد کە تیایدا دەسەڵاتێکی زۆری دەدا بە خەیری کوزوجو ئۆغلوی فەرمانڕەوای گشتی ناوچەکانی باکووری کوردستان، بە سانسۆرکردنی ڕۆژنامە و دورخستنەوەی ئەو خەڵکانەی مەترسیان بۆ قانون هەبوایە و لادانی دادوەر و دواکاری گشتی و هەڵپەساردنی مافی سەندیکاکان، هەروەها دەیتوانی ئەو بڵاوکراوانەی کە لە دەرەوەی ناوچەی فەرمانڕەوایەتییەکەی دەردەکران، دوای چاپکردنیان دەستیان بەسەردا بگرێت[2]. دوای دەرکردنی ئەو بڕیارە، چاودێریی تەواو خرایە سەر ئەو هەواڵانەی کە لە ناوچە کوردییەکانەوە دەهاتن و دەبوایە هەموو ئەو هەواڵانەی باسیان لەو ناوچەیە دەکرد پشتی بەو زانیارییانە بەستبایە کە لەلایەن نووسینگەی فەرمانڕەوای ناوچەکەوە دەردەکرا، بە پێچەوانەشەوە هەر ڕۆژنامەنووسێك لەوە لای بدایە، دووچاری گرتن و زیندانیکردن دەبۆوە[3].

دەرکردنی ئەم قانونە ئیدارییە، لەکاتێکدا بوو، چەند ڕۆژێك پێش ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی، عەبدوڵڵا ئۆیچ ئالان، وێڕای ئەوەی هەڕەشەی خوێنڕشتنێکی زۆرتری کردبوو، بۆ دوو لە ڕۆژنامەنووسە تورکەکان، وتبووی: "با ئاگربەست ڕاگەیەنین و لە دەوری مێزی گفتوگۆ دانیشین، ئەگەر تورکیا وازی لە سەرکوتکردن هێنا، لە ناوچە کوردییەکاندا، ئەوا بە دەوری خۆمان واز لە کاری توندوتیژی دەهێنین... لە ڕاستیدا بەهیچ شێوەیەك بوار نییە بۆ قسە کردن لەسەر جیاکردنەوەی ناوچەکە لە تورکیا، ئەمە کارێکە قسە هەڵناگریت و گەلەکەمان پێویستی بە تورکیایە و بەلایەنی کەمەوە بۆ چل ساڵی داهاتوو، ناتوانین لێی جیا ببینەوە"[4].

---

Sosyal_Demokrasi_Partisi: (tr.wikipedia.org/wiki/Sosyal_Demokrasi_Partisi)

(1) بڕوانە: نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧.

(2) میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٩٢.

(3) **Turkey Human Rights Developments, Op.Cit.**

(4) دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠٣، میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص٩٢.

جگە لەمەش، دەرکردنی ئەو قانونە، لەلایەن ناوەندە سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانی تورکیاوە، ناڕەزایەتییەکی زۆری لێکەوتەوە. ئەوە بوو، لە بەرەبەیانی ١٩ی نیسانی هەمان ساڵدا، تاوەکو بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر(١٨) ئەندامپەرلەمانی سەربەخۆو ئەندامپەرلەمانێکی پارتی گەلی سۆسیال دیموکرات، لە باڵەخانەی پەرلەمان، مانیان گرت و لە دژی دەرکردنی ئەو بڕیارە ئیدارییە وەستانەوە و ڕاگەیاندنێکیان دەرکرد، کە تێیدا، داوایان کرد، قانونی ئیداریی ژمارە (٤١٣)، لە ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورەی تورکیا، گفتوگۆی لەسەر بکرێت و بڕیاری لێبدرێت، هەروەها وتیان: "حکومەت، کاتێك بڕیاری ژمارە ٤١٣ دەردەکات، بە بیانووی دژایەتیکردنی تیرۆر، لە ناوچەی خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، ئەوا بەو کارەی، دەیەوێت دەستور و پەرلەمان بەیەکەوە پەك بخات، بەو کارەی دەیەوێت ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ڕا دەربڕین، لەناوبەرێت، لەگەڵ ڕاگرتنی ئەو دیموکراتییە ڕووکەشەی، کە کودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ هێنابووی، ئەوەش دەرچوونە لە پرەنسیپی سەروەریی گەل، لەکاتێکدا، گەل داوای [فراوانکردنی] دیموکراتییەت و سەربەستی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی دەکات"، هەروەها (٣١) ئەندامی کورد لە پارتی نیشتیمانیی دایك، هەڕەشەیان کرد بە دەستلە کارکیشانەوە لە پارتی فەرمانڕەوا، لە کاتی ڕەتنەکردنەوەی ئەو بڕیارە ئیدارییە[1].

لەسەر ئاستی سیاسیشدا، هەر یەك لە قایا ئەردەم (**Kaya Erdem**)ی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورەی تورکیا و ئەردال ئینەنۆ و سلیمان دێمیرێل، ڕەخنەیان لە هەڵوێستی حکومەت گرت بەوەی پێشئەوەی ئەو قانونە لە پەرلەمان تاوتوێ بکرێ، دەرکراوە، هەروەها سەرۆکی دادگای دەستوریش، بە دەرچوون لە دەستور و قانونە چاودێریکەرەکانی دانا[2]، کاتێکیش، پارتی گەلی سۆسیال دیموکرات، ویستی لە دادگای دەستوریدا، لە دژی قانونیبوونی ئەم بڕیارە، ناڕەزایی دەربڕێ، حکومەت جارێکی دیکە دەستکاری کرد و لەگەڵ

---

[1] بڕوانە: ابراهيم الداقوقي، المصدر السابق، ص٣٣٥–٣٣٦.

[2] ابراهيم الداقوقي، المصدر السابق، ص٣٣٨.

قانونێکی دیکەدا ئاوێتەی کرد و بە ناوی قانونی (٤٢٤)، پێشکەشی ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورەی تورکیای کرد[١]. لە سەرەتای مانگی مایسیشدا، فەرمانڕەوای باری نائاسایی، چەند بڕیارێکی دا، بە پێی ئەو بڕیارانە، ئەو ناوچانەی ئەوکات باری نائاسایی دەیگرتنەوە، واتە: ویلایەتەکانی (بینگیوڵ، دیاربەکر، ئیلازیگ، هەکاری، ماردین، سێرت، تونجەلی، وان، ئادیامان، بدلیس و موش)، هەر جۆرە کارێکی بێمۆڵەتی لە شێوەی کاری قەدەغەکراو، وەك خۆپیشاندان و ئەو کارانەی دەبنە هۆی لەکارخستنی دامەزراوەکان، قەدەغە دەکرێت. دواتریش ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورەی تورکیا، بە مەبەستی خەباتێکی سەرکەوتوانە، دژی پارتی کرێکارانی کوردستان، شرناخ و باتمانی کردە ویلایەت[٢]. بە ویلایەتکردنی باتمانیش بۆ ئەو هۆکارانە، دەگەڕایەوە:

١- بوونی فڕۆکەخانەی سەربازی لە باتمان، بۆ لێدانی بارەگا و جموجۆڵەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان.
٢- بوونی هێزێکی پەنجا هەزار سەربازی و جەندرمە (کە لەژێر سەرکردایەتیی ئامر لیوا حیکمەت کوێکساڵدا بوون) کە لە ناوەندی بڕیاری سەرکردایەتیی هێزە چەکدارەکانی پارێزگاکانی باری نائاساییەوە نزیك بوون.
٣- ناوەندی ویلایەتی باتمان، لە شوێنی چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، لەسەر سنورەکانی ئێران و عێراق نزیك بوو[٣].

بەم شێوەیە، حکومەتی تورکیا، لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەی چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و سەرکوتکردنی گەلی کورد لە تورکیادا، هەموو ڕێگەیەکی (تەنانەت ناقانونیشی) دەگرتە بەر و لەوەش زیاتر، باسکردنی بارودۆخی ناوچەکانی باکووری کوردستان و قسەکردن بەزمانی کوردی، بە هەموو جۆرێك، قەدەغە بوو.

---

(١) دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠١-٧٠٢.
(٢) بڕوانە: ش.خ.مەوگوی و ئەوانی تر، کوردستانی هاوچەرخ، و. گوشاد حەمە سەعید، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٩٤.
(٣) ابراهيم الداقوقي، المصدر السابق، ص٣٣٤.

له شوباتی ١٩٩٠دا، ئیسماعیل بێشکچی، لەسەر نووسینی کتێبێك بە ناوی (کوردستان: کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی)، لەلایەن دەسەلاّتدارانی تورکیاوە گیرا و له ٢٨ی نیساندا دادگایی کرا[1]، بەلاّم بێشکچی لەبەردەم داداگادا وتی: "دەوڵەتی تورك و ئایدیۆلۆژیای رەسمیی دەوڵەت نکۆڵی بوونی نەتەوەی کوردو زمانی کوردی دەکەن. کورد وا دادەنێت کە خێڵێکی تورکییەو زمانی کوردیش دایەلێکتێکی زمانی تورکییە". هەروەها، بێشکچی، ڕەخنەی له ئایدۆیۆلۆژیای فەرمی دەوڵەتی تورکیا گرتو وتی: " ئەوانەی له دەرەوەی سنوری ئایدیۆلۆژیای رەسمیدان بەرەو بەندیخانە دەبرێن". ڕەخنەی توندیشی لە دەستوری تورکیا گرت و پشتگیریی دامەزرانی دەوڵەتی کوردی کرد[2].

له حوزەیرانی ١٩٩٠یشدا، بۆ کپکردنی دەنگی کورد لە تورکیا، وەزارەتی ناوخۆ بە شێوەیەکی کۆتایی، ڕۆژنامەی بەرەو ٢٠٠٠ (**İkibine Doğru**) و ڕاستیی گەلی قەدەغە کرد و هۆکاری داخستنیانی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی ئەو دوو ڕۆژنامەیە، کەشێکی ناجێگیریان لە ناوچە کوردییەکاندا پیشانداوە، بەهۆی بلاّوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست دەربارەی ئەشکەنجەدان و چەوساندنەوە و کۆچپێکردنی خەڵکی ناوچە کوردییەکان و هاندانیان بەوەی بەرگری له هێزەکانی دەوڵەت بکەن، لەو ناوچەیەی کە قانونی گشتی جێگیر نییە و بۆتە هۆی ئەوەی هێزەکانی ئاسایش نەتوانن کارەکانیان بە شێوەیەکی تەواو ئەنجام بدەن. بەلاّم هۆکاری سەرەکیی داخستنی ئەو دوو ڕۆژنامەیە، بە تایبەتی ڕۆژنامەی (بەرەو٢٠٠٠) بەدواداچوونی دۆزی کورد بووە[3].

له کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩٩٠یشدا، کاتێك دانیشتنی ئەنجومەنی گشتیی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ ئەنجام درا، ویداد ئایدنی نوێنەری دیاربەکر و ئەحمەد زەکی و ئۆکچو ئۆغلو و مستەفا ئوزون نوێنەری پارتی خەڵکی زەحمەتکێش لە دیاربەکر، بەهۆی وتاردان بە زمانی کوردی، لەم کۆبوونەوەیەدا، دەستگیر کران.

---

[1] بڕوانە: نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٢.
[2] بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل١٤٢.
[3] بڕوانە: ابراهيم الداقوقي، المصدر السابق، ص٣٦٧-٣٦٨.

ویداد ئایدن لە بەردەم دادگادا (کە بەزمانی کوردی قسەی دەکرد) ڕایگەیاند: زمانی کوردی زمانی دایکێتی، دواتر دادوەری دادگای ئاسایشی ئەنقەرە، بە پێی بەندی سێیەم، ماددەی (١٤٢)ی قانونی سزای تورکیا، بە بیانووی لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتی، داوای دە ساڵ زیندانی بۆ دەکرد. جگە لەمە، موسا عەنتەری نووسەر و ڕۆژنامەوانی کورد، بە بیانووی بەشداریکردن لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی ئینگلیزی، لە ١٣ی تشرینی دووەمدا، کە تایبەت بوو بە باکووری کوردستان، لەلایەن دادگای ئاسایشی دەوڵەتەوە، بە تاوانی پڕوپاگەندە، لە دەرەوەی وڵات، لە دژی کۆماری تورکیا و لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتی، بە نائامادەیی، حوکمی زیندانیکردنی درا[1].

وێڕای ئەوەی حکومەتی تورکیا، بە هەموو جۆرێك، باسکردنی بارودۆخی ناهەمواری ناوچە کوردییەکانی قەدەغە کردبوو، لە لایەکی تریشەوە، لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوە و لەناوبردنی بزاڤی کوردی و جوڵانەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە هەوڵەکانی بەردەوام بوو. ئەوەش بە بەکارهێنانی گوتاری ئیسلامی کە حکومەتی تورکیا پەنای بۆبرد و دەزگای هەواڵگریی تورکیش (میت)، کەوتە مەشقپێکردن و یارمەتیدانی حیزبوڵلای تورکی، بە بیانووی ڕووبەڕووبوونەوە و لەناوبردنی "بێباوەڕی" و مارکسیستی پارتی کرێکارانی کوردستان[2].

ئەم حیزبوڵلایە، لە ناوەراستی ساڵی ١٩٩١، بەرە بەرە لە ئامەد سەریان دەرهێنا و لەگەڵ کۆمەڵە ئیسلامییەکانی سەرانسەری تورکیادا، هاوپەیمان بوون، هەموو قورسایی خۆیان خستبووە سەر کوردستان و بە چاوی دوژمن دەیان ڕوانییە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان، کە لایەنگیری جودایی ئایین بوو لە سیاسەت، ئەویش بەهۆی ئەوەی پەیوەندیی بە کۆمۆنیزمەوە هەبوو، هەروەها، مەترسییەك بوو بۆ باڵی ڕاستی (عیلمانی) تورکیا، کە خۆشی پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵیاندا هەبوو. ئەم ڕێکخراوە، لە ساڵی ١٩٩١دا، لە بەرانبەر شەپۆلی سەرکەوتنەکانی خەباتی پارتی کرێکارانی کوردستان، دەستی بە زنجیرەیەك تاڵان

---

[1] ش.خ.مەوگوی و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧-٩٨.

[2] بڕوانە: بیار مصطفى سیف الدین، ترکیا...، ص١٤٨.

و کوشتن و تەقاندنەوە کرد و ڕۆژنامەنووسان و هەڵسوڕاوانی لایەنگیری پارتی کرێکارانی کوردستان و ئەندامانی یەکێتییەکانی کرێکاران و پیشەگەران (هەموویان) لە ڕیزی نەتەوەپەروەرە چەپەکان دانران و بوونە ئامانجی هەڵمەتەکانی حیزبوڵڵا[1]. یەکەمین کردەوەشیان لە هاوینی ١٩٩١دا بوو، ئەویش تیرۆرکردنی (ویداد ئایدن)ی ئەندامی پارتی خەڵکی زەحمەتکێش بوو، لە دیاربەکر[2]. ئەم هەڵمەتانەی حیزبوڵڵا، لە ساڵەکانی دواتردا بەردەوام دەبن و ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆشنبیران و چالاکوانانی سیاسیی کورد، تیرۆر دەکات.

**باسی دووەم/ گەشەسەندنی دۆزی کورد، لەسەر ئاستی دەرەوە و ناوخۆی تورکیادا :**

لەگەڵ بەردەوامیی پەیڕەوکردنی سیاسەتی شۆڤێنیانەی حکومەتی تورکیا، دۆزی کورد، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا، پەرەسەندنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی و بووە هۆی زیادبوونی دەنگی ناڕەزایی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بە تایبەتی کۆمەڵەی ئەوروپا و پەرلەمانی ئەوروپای سەر بەو ڕێکخراوە[3]، لە بەرانبەر کار و کردەوەکانی حکومەتی تورکیا (کە دژی گەلی کورد پیادەی دەکرد). لەم بارەیەوە، پەرلەمانی ئەوروپا، لە بڕیارێکیدا لە ٢٣ی ئایاری ١٩٨٥،

---

[1] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠٩–٧١٠.

[2] بڕوانە: میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص١٠٢؛ دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٠.

[3] کۆمەڵەی ئەوروپا لە ساڵی ١٩٦٧، لە ئەنجامی یەکگرتنی هەرسێ ڕێکخراوی خەڵوز و پۆڵای ئەوروپی و بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا و ڕێکخراوی وزەی ئەتۆمی دامەزرا. ئەم کۆمەڵەیە یەك نوێنەرایەتی و یەك پەرلەمانی هەبوو، بەڵام پەرلەمانتارەکانی تاساڵی ١٩٧٩ لە ڕێگەی پەرلەمانە جیاجیاکانی دەوڵەتە ئەوروپییەکانەوە هەڵدەبژێردران و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگەیشتنە پەرلەمانی ئەوروپی، لەبەرئەوە لەم ساڵەدا هەڵبژاردنێکی ڕاستەوخۆ بۆ ئەو پەرلەمانە سازدرا و دواتر هەر پێنج ساڵ جارێك ئەو هەڵبژاردنە دەکرا. لە ساڵی ١٩٩٣دا و بەگوێرەی ڕێککەوتنامەی (ماستریخت) ئەم کۆمەڵەیە فراوانکرا و یەکێتیی ئەوروپا شوێنی گرتەوە. بڕوانە: سامی، شۆرش، سەرچاوەی پێشوو، ل٨١–٨٢؛ التطور التاریخی للوحدة الاوروبیة (www.almania-info.diplo)

دژ بە ڕژێمی تورکیا، ڕایگەیاند کەوا: دەوڵەتی تورکیا، بە شێوەیەکی سیستماتیك، سیاسەتی قڕکردنی گەلی کورد پەیڕەو دەکات[1].

لە شوباتی ١٩٨٦یشدا، لە کۆبوونەوەیەکی گشتیی یادی (٤٢) ساڵەی دامەزراندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، وتارێکیان خوێندەوە، کە تیایدا هاتبوو: "دەوڵەتی تورکیا هەر لەسەرەتاوە سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانە پێڕەو دەکات... دان بە بوونی نەتەوەی کورددا نانێ"[2].

لە وتارێکی کۆمەڵەی ئەوروپا (سەبارەت بە وڵاتانی جیهانی سێیەم) دەربارەی مافی داکۆکیکردن لە کولتور و مافی قسەکردن بە زمانی کوردی هاتبوو: "چل ساڵ بەسەر ڕاگەیاندنی بەیاننامەی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا تێپەڕیوە کەچی تائێستا دەوڵەتی تورکیا بوونی (١٢) ملیۆن کورد بە درۆ دەخاتەوە کە لە تورکیا دەژین... لە ژیانی ڕۆژانەدا کوردەکانی تورکیا نووسین و ئاخافتنیان بە زمانی [کوردی] لێ قەدەغە کراوە، زەوتکردنی مافی کوردەکان بۆ دیاریکردنی داهاتووی خۆیان، لێدان و گورزێکە لە ئاشتی و ئاسایشی هەموو [جیهان] دەکەوێت"[3].

لە ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٧یشدا، کۆمەڵەی ئەوروپا، لە بڕیارێکیدا، داوای ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و دانانان بە سەربەخۆیی بەڕێوەبردن و کولتوری گەلی کوردی کرد لەو وڵاتانەی لێی دەژین، بەڵام نوێنەرانی تورکیا، کە وەك چاودێر بەشدارییان لەو کۆبوونەوەیەدا کردبوو، لە وەڵامدا، بوونی گەلی کوردیان لە تورکیادا تەنانەت وەك کەمینەیەکیش ڕەت کردەوە[4]. ئەم هەڵوێستەشیان لەکاتێکدا بوو کە دەوڵەتی تورکیا، ماوەیەك پێشتر و لە ١٤ی نیسانی هەمان ساڵدا، داوای بەئەندامبوونی لە کۆمەڵەی ئەوروپیدا کردبوو. ئەو داوایەی تورکیا، لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٩دا، لەلایەن کۆمەڵەی ئەوروپاوە ڕەت کرایەوە و لە سەرووی هۆیەکانی ئەو ڕەتکردنەوەیەش، پابەندنەبوونی تورکیا بوو بە

---

[1] مارف عومەر گوڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠.

[2] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٢٢–١٢٣.

[3] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٢٣.

[4] جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٥.

پێوەرەکانی مافی مرۆڤ ، ئەمە جگە لە هۆکاری قەبارەی ژمارەی دانیشتوان و دواکەوتوویی ئابووری، هەروەها داواکارییەکە لەکاتێکدا هاتبوو، کە شەڕی چەکداری، لە ناوچە کوردنشینەکاندا، پەرەی دەسەند و حکومەتی تورکیاش، قانونی باری نائاساییی لە باکووری کوردستان، ڕاگەیاند بوو[1]، لەبەرئەوە، داواکارییەکەی تورکیایان بۆ ساڵی ١٩٩٣ دوا خست[2].

هەر دەربارەی بڕیارەکانی پەرلەمانی ئەوروپا، دژ بە حکومەتی تورکیا، لە ١٣ی ئەیلولی ١٩٨٨دا، داوای کرد، کۆتایی بە کردەوەکانی ئەشکەنجەدان لەناو زیندانەکانی تورکیادا بهێنرێ و "چی تر کەس بە بێ هۆ بۆ ماوەی نادیار نەخرێتە زیندانەوە و چی تر ئەو کەسانەی تاکو ئێستا دادگایی نەکراون نەخرێنە ژووری تەنیایی". هەروەها داوای لەناوبردنی تەگەرەکانی بەردەم ئازادیی سیاسی و نەقابی و ئازادیی ڕادەربڕین و هەڵوەشاندنەوەی سزای لە سێدارەدان و فەرمانڕەوایی سەربازی، لە ناوچە کوردییەکاندا کرد[3]. لە ١٨ی نیسانی ١٩٩١یشدا، بڕیارێکی دەربارەی بارودۆخی کورد دەرکرد، کە تیایدا داوای کرد: دۆزی کورد، بخرێتە ناو خشتەی کاری کۆنگرەی ئاشتییەوە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها، داوای لەو وڵاتانە کرد (کە کوردیان تیادا دەژی) دان بە بوونیاندا بنێن و مافی بەڕێوەبردنیان پێ بدەن[4].

لە ڕاستیدا، ئەنجومەنەکانی ئەوروپا، سەرەڕای ناڕازیبوونەکانیان بەرانبەر بە تورکیا و بەدواداچوونی لیژنەکانی مافی مرۆڤ لەم وڵاتەدا، جگە لە بڕیارەکانی ئیدانەکردنی کردەوەکانی و دەربڕینی خەم و پەژارەیی، دەتوانین بڵێین هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوەی بەرانبەر بە تورکیا نەگرتۆتە بەر. بۆ نموونە، ئەو ڕاپۆرتەی کە پسپۆڕە ئەوروپاییەکان لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠دا، دەربارەی

---

[1] بڕوانە: هنري باركي وآخرون، المصدر السابق، ص١٥٨.

[2] سامی شۆڕش، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی پەیوەندییەکانی تورکیا و ڕێکخراوی ئەوروپا، بڕوانە: هێمن میرانی، تورکیا و یەکێتیی ئەوروپا، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩.

[3] بڕوانە: جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٩.

[4] وصال نجيب عارف العزاوي، القضية الكردية...، ص٢٤٧.

ناڕاستگۆیی حکومەتی تورکیا لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا، لە بەرانبەر کورد، لە ئەنجومەن، خستیانە ڕوو، پێویست بوو، ئەو ڕاپۆرتە، بڵاو بکاتەوە، بەڵام ڕێوشوێنی تری گرتە بەر و بڕیاریدا لیژنەیەکی تر بۆ تورکیا بنێرێت، هەروەها ڕاپۆرتەکەش پەردەپۆش کرا[1].

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٩دا، گرنگیدانی کۆمەڵە و گروپەکانی مافی مرۆڤ لە جیهاندا، دەربارەی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا، زیادی کرد و کەوتنە لێکۆڵینەوە لەو بوارەدا. ئەوە بوو لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٩دا، کۆنگرەیەکی جیهانی (بۆ کورد) لە پاریس، لەژێر چاودێریی دەزگای ئازادیی فەرەنسی و بە هاوکاریی پەیمانگای کوردی پاریس بەسترا، کە تیایدا، ڕۆژهەڵاتناسان و زانایانی کورد و نوێنەرانی بزووتنەوەی ڕزگایخوازی کوردی و نێودەوڵەتی، بەشدارییان کرد و نووسەری کورد دوغو پیرینچەك (**Doğu Perinçek**)[2] وتەی پارتی کرێکارانی کوردستانی پێشکەش کرد و وتی: "کێشەی کورد کێشەی خودی تورکەکانە، هەر

---

[1] نفس المصدر، ص٢٥٢.

[2] دوغو پیرینچەك، لە ساڵی ١٩٤٢، لە عێنتاب هاتۆتە دونیاوە، لە ساڵی ١٩٦٤، کۆلیجی قانونی لە زانکۆی ئەنقەرە تەواو کردوە. لە ساڵی ١٩٦٨، دکتۆرای لە قانون وەرگرت. سەردانی ئەڵمانیای کردووە و زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزی زانیوە. چەندین گۆڤاری دەرکردووە و ئەندامی پارتی کرێکارانی تورکیا بووە، یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی پارتی کرێکاران و جوتیارانی شۆڕشگێڕی تورکی (**TIIKP**) کە لە ساڵی ١٩٧١دا، لەلایەن ئەندامانی باڵی ماوییەوە لە پارتی کرێکارانی تورکیا جیابوونەوە و بووە بە یەکەم سەرۆکی ئەم پارتە. لە تەممووزی ١٩٩١دا، لە کۆنگرەی دووەمی پارتی سۆسیالست، بووە سەرۆکی پارتی سۆسیالست، لە ساڵی ١٩٩٢، کاتێك دادگای دەستوری تورکیا، ئەم پارتەی داخست، پیرینچەك پارتی کرێکارانی دامەزراند و بووە سکرتێری گشتی، هەروەها لە کۆنگرەی ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ دووبارە بە سکرتێری پارتی کرێکاران هەڵبژێردرایەوە و چەندین جار لەلایەن حکومەتی تورکیاوە زیندانی کراوە. بڕوانە: **Perinçek Doğu** (**http://www.kimkimdir.gen.tr/kimkimdir.php?id=2648**)؛ رعد عبدالجليل علي، الاسلام السياسي، ازمات التنمية والتحديث في اقطار الشرق الاوسط مع التركيز على تركيا وايران، اطروحة دكتورا (غير منشورة)، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ١٩٩٥، ص٢٤٥.

وەکو تورك و جەماوەری تورك، کە تێدەکۆشن لەپێناو داهاتوویەکی باشتر و دژی زوڵم و دەستدرێژیکردن...، ئێمەی کوردیش لەپێناو پارێزگاری لە بوون و کیانی نەتەوەیی خۆمان خەبات دەکەین... ئەمڕۆ گەلی کورد بە هەردوو باڵەکەیەوە، تێدەکۆشێ: ملیۆنێك کرێکاری کوردی و چارەکە ملیۆنێك جەنگاوەر، چەك هەڵدەگرن لەپێناو بە جێهێنانی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کوردی تاوەکو خۆی حوکمی خۆی بکات... "[1]. هەر لەم کۆنگرەیەدا، (٧) نوێنەری کوردی پارتی گەلی سۆشیال دیموکرات بەشداربوون، کەچی بەهۆی بەشداریکردنیان لەم کۆنگرەیەدا لە حیزب دەرکران[2].

لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٩، کۆنگرەیەك لە واشنتن لەژێر دروشمی (گەل لەمەترسیدا: کوردەکان) لەژێر چاودێریی ئەنجومەنی مافی مرۆڤی ئەمریکی و بە هاوکاریی لیژنەی مافی مرۆڤی فەرەنسی بەسترا و هەروەها لە ١٩–٢٠ی نیسانی هەمان ساڵ، کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ کورد (لەژێر چاودێری یەکێتیی نیشتمانی کوردستان) و بە هاوکاریی لیژنەی مافی مرۆڤی بەریتانی، بەسترا. ساڵی دواتر، لە ٢–٤ی حوزەیرانی ١٩٩٠، کۆنگرەی مافی کەمە نەتەوایەتییەکان و بارودۆخ لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، لە کۆبنهاگن بەسترا، بەشدارانی کۆنگرە، داوای دانپێدانانیان بە زمانی کوردی و پارێزگاری لە کولتور و بوونی نەتەوەی کوردیان لە تورکیا کرد. لە تەمموزی ١٩٩٠یشدا، کۆنگرەیەك بەهەمان شێوەی پاریس، لەژێر چاودێریی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی سوید، لە ستۆکهۆڵم، بۆ گفتوگۆ کردن لەبارەی بارودۆخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەسترا و دوای ئەویش (کۆنگرەی نێودەوڵەتی) لە مۆسکۆ لەژێر ناونیشانی (مافی کەمەنەتەوایەتییەکانی جیهان) لە ئابی ١٩٩٠دا، بەسترا[3].

---

[1] ابراهيم الداقوقي، المصدر السابق، ص٤٢٧–٤٢٨.

[2] نوێنەرەکانی بەشدابوو، بریتی بوون لە: ( ئەحمەد تورك، محەمەد عەلی ئەرەن، مەحمود ئالیناك، ئیسماعیل حەقی ئونال، کەنعان سنمەز، صالح سومەر و ئیبراهیم ئاکسۆی). بڕوانە: لێکۆڵینەوەیەك لەسەر بارودۆخی کورد لە تورکیا، لەئەرشیفی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، کەرکوك، ب.س.

[3] ابراهيم الداقوقي، المصدر السابق، ص٤٢٨.

لەسەر ئاستی ناوخۆی تورکیاش، دۆزی کورد، پەرەسەندنی بەخۆیەوە بینی و لەسەر رووپەڕی رۆژنامەکان، بووە جێگای باس و لێدوان، هەروەك لە تەممووزی ١٩٨٧دا، نووسەری رۆژنامەی جمهوریەت، ئوغور موجو (Uğur Mumcu) نووسیبووی "رووداوەکانی باشووری رۆژهەڵات تەواو جێگای نیگەرانیە، ئەم رووداوانە ئەمڕۆ بە جەنگێکی ڕاستەقینە حسێب دەکرێن"[(١)].

رۆژنامەی (بەرەو ٢٠٠٠) لە ژمارە (٣٢)ی لە ٩ی ئابی ١٩٨٧دا دەستی بە راپرسییەك کرد و تێیدا، رای نووسەرانی تورکی دەربارەی دۆزی کورد، لەژێر ناونیشانی (چارەسەرکردنی دۆزی کورد – بڕیارێکی قورسە) وەرگرت و تێیدا هەریەك لە (عەزیز نەسین و محەمەد عەلی ئەیبار و...هتد) دووپاتیان کردەوە کە "نەتەوەی کورد کەمینەیەکە لە تورکیادا، بوونی هەیە و زمان و کولتوری تایبەت بەخۆی هەیە و پێویستە چارەسەی دۆزەکەی لە رێگەی داننان بە هەبوونی وەك نەتەوەیەك بەپلەی یەکەم بکرێت، هەروەها مافی رۆشنبیری و پەرلەمانی لە چوارچێوەی یەکێتیی تورکیادا پێببەخشرێ"[(٢)]. لە ساڵی ١٩٨٨یشدا، نووسەری تورك، محەمەد عەلی ئەسلان، بەڵگەنامەیەکی لە هەمان گۆڤاردا بڵاوکردەوە و تیایدا بەڵێنی مستەفا کەمالی خستە روو بە بەخشینی مافی ئۆتۆنۆمی بە کوردەکانی تورکیا، دوای ڕزگارکردنی تورکیا لە داگیرکاری بیانی[(٣)]. لە ساڵی ١٩٨٩شدا، نووسینێکی نووسەری بە ناوبانگی تورك (عەزیز نەسین)، لەژێر ناونیشانی (تورکەکانی بولگاریا و کوردەکانی تورکیا) بڵاو کرایەوە و تیایدا (نەسین) رایگەیاند: "ئەگەر لە ٣٪ی هاونیشتیمانیانمان لە رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا، زمانی تورکی نەزانن، لەبەر ئەوەیە بە زمانی کوردی دەدوێن، بەمەش ناتوانن مەرامەکانیان لە دەوڵەت بگەیەنن و دەوڵەتیش ناتوانێت لێیان تێبگات". نەسین پێی وابوو ئەگەر حکومەتی تورکیا گەلی کورد بە نەتەوەیەکی سەربەخۆ بزانێت، بەڵام سەدان هەزار لێیان بە "خیانەتکار" لەقەڵەم بدات و

---

(١) م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٢٠–١٢١.

(٢) ابراهيم الداقوقي، المصدر السابق، ص٣٠٧–٣٠٨.

(٣) وصال نجيب عارف العزاوي، القضية الكردية...، ص٢١٧.

لەناوچەکانیان ڕایان بگوازێ، یان بڕیاری دەستگیرکردنیان بدات و زیندانییان بکات و ئەشکەنجەیان بدات، ئەوە هەوڵی بەدیهێنانی یەکێتیی تورکیا بەدینایەت، بەڵکو بارودۆخێك بۆ تۆڵە سەندنەوە پەیدادەبێ[١].

له لایەکی تریشەوە، ڕۆژنامەی تەرجومان (Tercüman Dergısı)ی تورکی لە ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٨٩دا، ڕای گشتیی دەربارەی دۆزی کورد بڵاوکردەوە، کە (٧٥,٤٣٪) کەس لە وەڵامدەرەکان، پێیان وابوو دۆزی کورد لە تورکیادا هەیە، بەرانبەر (٢١,٨٠٪) کەس پێیان وابوو دۆزی کورد بوونی نییە و (٢,٧٧٪) هیچ ڕایەکیان نەدا[٢].

لەلایەن پارتە سیاسییەکانی تورکیاشەوە، دۆزی کورد بە خستنەڕووی چارەسەر و پێشنیاز بایەخی پێدرا، لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٧دا، بولەنت ئەجەوید لە کێبرکێدا لەگەڵ سلیمان دێمیرێلدا و لەپێناو ڕاکێشانی دەنگی کورد بەلای خۆیدا، بۆ یەکەم جار ڕایگەیاند پارتەکەی پارتی چەپی دیموکرات (Demokrat Sol Partisi)(DSP) [٣] بەڕێوەبەرایەتیی ئۆتۆنۆمی دەدا بەکورد لە باکووری کوردستاندا، لە بەرانبەردا، دیمیرێلیش بۆ یەکەم جار ڕایگەیاند: ئەجەوید لە پێدانی بەڕێوەبەرایەتیی ئۆتۆنۆمی ڕاست ناکات، بەڵکو پارتەکەی پارتی ڕێگای ڕاست (Doğru Yol (Partisi (DYP)[٤] بەرنامەیەکی تەواوی بە پێدانی مافی نەتەوەیی کورد لە شێوەی فیدڕاڵیدا هەیە[٥].

---

[١] ابراهيم الداقوقي، المصدر السابق، ص٤٠٥-٤٠٦.

[٢] وصال بجيب عارف العزاوي، القضية الكردية...، ص٢١٥.

[٣] پارتی چەپی دیموکرات (DSP)، لە تشرینی دووەمی ١٩٨٥دا دامەزرا، کە (ئیسماعیلەدین ئۆغلو) سەرۆکی بوو لەژێر سێبەری دەسەڵاتی بولەنت ئەجەویددا، یەکێك لە ڕابەرانی ئەو پارتەش ژنەکەی ئەجەوید بوو بە ناوی (ڕەهشان)، بەلام ڕێبەری سەرەکی ئەو پارتە ئەجەوید بوو. لە هەڵبژاردنی ئەیلولی ١٩٨٦دا توانی (٨,٧٪)ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت، کە ئەم ڕێژەیەش کەمتر بوو لە (١٠٪) بۆ ئەوەی نوێنەریان لە پەرلەماندا هەبێت. لە لایەنی ئایدیۆلۆژییەوە پشتی بە میراتی موستەفا کەمال و پارتی گەلی کۆماری دەبەست. بڕوانە: ابراهيم خليل احمد وآخرون، المصدر السابق، ص١٨٩.

[٤] ئەم پارتە لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٨٣دا دامەزرا، هەوڵی دەدا میراتی سیاسی پارتی عەدالەت (AP) بە سەرۆکایەتی دیمیرێل بگێڕێتەوە، واش دادەنرێ، کە چەپی ناوەندە و لە

لەسەر ئاستی ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورەی تورکیاش، پەرلەمانتارانی کورد بۆ یەکەم جار باسیان لە دۆزی کورد کرد و داوای چارەسەرێکی سیاسییان بۆی کرد[1]. هەروەك لە ئەیلولی ١٩٨٨دا، محەمەد عەلی ئێرینی ئەندامی پەرلەمان، لەسەر لیستی پارتی گەلی سۆسیال دیموکرات، لە وتارێکیدا، لە پەرلەماندا، وتی: "کێشەی کورد ئەمڕۆ وەك برینێکی ناو کۆمەڵی لێهاتووە ڕای گشتیی نیگەران کردووە و پێویستە چاوخشانێکی هەمەلایەنە بەو کێشەیەدا بکرێت و ڕێگایەکی هەمیشەیی بۆ ئەو کێشەیەی ڕۆژهەڵات بدۆزرێتەوە، کوردەکان قسەکردنیان بە زمانی خۆیان لێ قەدەغە کراوە سیاسەتی تواندنەوە لە دژیان بەردەوامە ناوی دێهاتەکانیان دەگۆڕێن، هاوڵاتیان لە ڕۆژهەڵاتدا ناتوانن بە ئازادی ناو لە منداڵەکانیان بنێن بۆیە پێویستە لەسەر تورکیا دیموکراسییەکی راستەقینە لە هەموو وڵاتدا پێڕەو بکات"[2].

هەر لە میانەی بایەخپێدانەکانی پارتە سیاسییەکان، پارتی سۆسیالست (SP) بە سەرۆکایەتیی دۆغو پیرینچەك، لە پرۆگرامی پارتەکەیدا چارەسەرکردنی دۆزی کوردی تێدابوو، پیرینچەك وای دەبینی (کوردەکان لە توانایاندا هەیە، دەوڵەتی خۆیان پێك بهێنن، کە خاوەنی ئاڵا و سلاوی کۆماریی تایبەت بە خۆیان بن)، هەروەهاپارتە سیاسییەکانی تورکیای تاوانبار دەکرد بە دەمارگیریی نەتەوەیی تورکی و وتی: "پارتە سیاسییەکان و پارتی فەرمانڕەوا [پارتی نیشتیمانی دایك] هیچیان پێشکەشی گەلی کورد نەکردووە، جگە لە بەڵێن و فشار نەبێت". جگە لەمە، پرۆگرامی ئەم پارتە، کە لە (١٥) مادده پێك دەهات، چاپ کرا و لە هەموو تورکیادا دابەش کرا، ئەمانە گرنگترین خاڵەکانی بوون:

---

هەڵبژاردنی ناوخۆیی ١٩٨٤دا (١٣,٣٥٪)ی دەنگەکانی بەدەست هێنا و لە هەڵبژاردنی ١٩٨٦یشدا (٢٣,٥٪) دەنگەکانی بەدەست هێنا، هەندێك وای دەبینن ئەم پارتە هیچ نییە جگە لە کۆپییەکی پارتی عەدالەت نەبێت. بڕوانە: ابراهیم خلیل احمد وآخرون، المصدر السابق، ص١٨٨.

(٥) جرجيس حسن، المصدر السابق، ص١١٩.

(١) جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٥.

(٢) بڕوانە: م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٢٧.

١- پێویسته مافی چارەی خۆنووسین، بە گەلی کورد بدرێت (کە تێیدا) بتوانرێت دەوڵەتێکی تایبەت بەخۆی دروست بکات، ئەگەر ویستیان، هەروەها ئیرادەیەکی نیشتیمانییان هەبێت لە دۆخێکدا کەویستیان بەتەنیا بژین یان لەگەڵ تورك بژین.

٢- باشترین چارەسەر لە بارودۆخی ئێستادا، دامەزراندنی فیدراڵییەکی کوردی- تورکییە.

٣- ئەنجومەنی گەلی فیدراڵی بە بەڕێوەبەرایەتییەکی فیدڕاڵی دابمەزرێنێ.

٤- دەستورێکی فیدڕاڵی بۆ هەردوو گەل لەگەڵ دەستورێکی تایبەت بۆ هەردوو دەوڵەتی کوردی و تورکی.

٥- ئاڵا و سلاوی کۆماریی هاوبەش بۆ هەردوو کۆمارە فیدڕاڵیەکە، لەگەڵ ئاڵا و سلاوی کۆماریی تایبەت بۆ هەر کۆمارێك.

٦- زمانی فەرمی زمانی کوردی و تورکی بێت لەسەر بنچینەیەك هەر کۆمارێك زمانی تایبەتیی هەبێت[1].

پارتی بزووتنەوەی نەتەوەییش بە سەرۆکایەتیی ئاڵپ ئەرسەلان تورکیش، هەڵوێستی بەرانبەر بەگەلی کورد (بۆ ماوەیەکی کورت) گۆڕانکاریی بەسەر داهات، بە پێچەوانەی حەفتاکان، کە بوونی هەر نەتەوەیەکی تری جگە لە نەتەوەی تورکی ڕەت کردەوە. هەر وەك لە ڕاگەیاندنێکدا وتی: "لەگەڵ کوردەکان، بەیەکەوە ژیاوین، لە ماوەی ٩٢٠ ساڵدا، کوردەکان، برامانن و ئەگەر کارەکە پێویستی کرد، بیانپارێزین، ئەوا دەیانپارێزین"[2].

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠یشدا، نوێنەری سکرتێری گشتیی پارتی گەلی سۆسیال دیموکرات، لە شاری دیاربەکر، لە وتەیەکیدا، وتی: "کێشەی کورد کێشەیەکی دیموکراسییە لە وڵاتدا، هیچ پێویست بەوە ناکات خەڵك بە یەك زمان یان بە هەمان زمان قسە بکات". لە کۆبوونەوەیەکی تری جەماوەریداو هەر لە دیاربەکر (ئێردال ئینەنۆ) ڕایگەیاند لەم ناوچەیەدا هەر کەسێك بۆی هەیە بە

---

[1] وصال نجيب عارف العزاوي، القضية الكردية...، ص٢١٠-٢١١.

[2] نفس المصدر، ص٢١١.

ئارامی به زمانی ڕەسەنی خۆی قسە بکات، نابێ بەو کەسانە بوترێ "جوداخواز"، دواتـر بـەڵێنی ئـەوەی پێدان ئەگـەر پارتەکـەی دەسـەڵات بگرێتـە دەسـت، ئـەوا سەرمایەیەکی زۆر لە ناوچەکە دەخاتە گەڕ و لـە هـەمان کاتـدا، ئەوەشـی ئاشـکرا کرد، بە توندی دژ بەو کەسـانە دەوەسـتێت ئەگـەر بیانـەوێت وڵات پارچـە پارچـە بکـەن[1]. لـە تـەمموزی هـەمان ساڵیـشدا، ئـەم پارتـە ڕاپـۆرتێکی دوورودرێـژی دەربارەی بارودۆخی باکووری کوردستان بڵاو کردەوە و ڕاسپاردەیەکی پێشکەش کـرد کـە ئـازادیی دەرخـستنی ناسـنامە و ئـازادیی ڕادەربـڕین بـە زمـانی دایـك و هەڵوەشاندنەوەی پاسەوانی گوند و فەرمانداری گشتی و هەڵوەشـاندنەوەی بـاری نائاسـایی و جێبـەجێکردنی بەرنامەیـەکی هەمەلایەنـەی ئـاوەدانی لـە کوردسـتاندا دەگرتە خۆی، بەڵام ئەم ڕاپۆرتە بە بەدگومانی و وەك شێوازێك بۆ بەدەستخستنی دەنگی کورد سـەیر دەکـرا[2]. جگـە لەمـە، سـەرکردایەتیی پـارتی گـەلی سۆسـیال دیموکرات، ئامادەیی خۆی پیشاندا، چاو بەو بڕیارەیدا بخـشێنێتەوە، (کـە پێـشتر دابوویــان) ســەبارەت بــە دەرکردنــی چــەند ئەنــدامێکی کــوردی ئەنجومــەنی نیشتیمانیی گەورەی تورکیا لە (SHP)، بەهۆی بەشـداریکردنیان لـە کۆنگرەکـەی پاریس لە (١٤–١٥)ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٩دا[3].

### باسی سێیەم/ پارت و بزاڤە سیاسییە کوردییەکان (١٩٨٤-١٩٩١):

### ١- پارتی ئیسلامیی کوردستان (پاك):

پارتی ئیسلامیی کوردستان لە ١١ی تشرینی دووەمـی ١٩٨٠ دامـەزراوە و بـۆ یەکـەم جـار لـە نەوەدەکانـدا نـاوی بیـستراوە[4]. ئـەم پارتـە، لـە ڕوانگەیـەکی ئیسلامییەوە چارەسەری بۆ دۆزی کورد دادەنا و پێیان وابوو کوردستان لـە ڕووی مێـژوویی و جوگرافییـەوە هـی گـەلی کـوردە و ئـەو زەوییـە لـەخۆ دەگرێـت (کـە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردە). زمانی کـوردیی بـە زمـانی ڕەسمیـی کوردسـتان

---

[1] بڕوانە: م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستوورییەکانی...، ل١٢٩–١٣٠.

[2] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠٢.

[3] بڕوانە: م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستوورییەکانی...، ل١٣٠.

(4) **Emin Demirel, a.g.e, S 626.**

دادەنـا و داوای دەکـرد: دەسـەڵاتەکانی یاسـادانان و جێبـەجێکردن بـە دەسـت کوردەوە بن. لەپێناو دەستەبەرکردنی مافەکانی کـوردیش، هاوکـاریکردنی لەگـەڵ سەرجەم لایەنـە کوردییـەکان بـە یـەکێك لـە پرەنسیپەکانی دادەنـا و ڕایانگەیاند بەشداری لەهەموو هەوڵێك دەکەن کە بۆ پیکهێنانی (بەرەی بـاکووری کوردسـتان) بدرێت. ئەم پارتە، دوو گۆڤاریان بە ناوەکانی (جودی) و (کوردسـتانی تێکۆشـەر) دەردەکرد، لەگەڵ چەند کتێب و بڵاوکراوەیـەکی تـر[1]. ئەنـدامانی (پـاك) لەلایـەن هێزەکـانی ئاسایـشی تورکیـاوە، دووچـاری گـرتن و دادگـاییکردن بوونـەوە و لـە هەڵمەتێکدا لە مەڵاتیا ڕابەری ئەم پارتە بـە نـاوی (حـسامەدین هۆجـاکۆك) گـیرا و ڕایانگەیاند کەوا کۆمەڵێك چەك و تەقەمەنی ئەو پارتە دەسـتی بەسـەردا گـیراوە و حکومەتی ئێرانیان بە پێدانی ئەو چەك و تەقەمەنییانە تۆمەتبار کردووە[2].

## ٢- بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانی نەتەوەیی کوردستان (کوك) و جیابوونەوەی باڵی سۆسیالستی:

ئـــەم بزووتنەوەیـــە دوای کودەتـــای ١٢ی ئـــەیلولی ١٩٨٠، ئەنـــدامانی سـەرکردایەتییان چـوونە ئـەوروپا و بەشـێکی کـەم لـە هێزەکانیـان لـە بـاکووری کوردستاندا مابوونەوە. لـە سـاڵی ١٩٨١دا، کۆنفرانسێکیان بەست و بـە ڕەسمـی ناوی ڕێکخراوەکەیان کـرد بـە ڕزگـاریخوازانی نەتـەوەیی کوردسـتان (کـوك). دوای کۆنفرانس، لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندی (کوك) لە ساڵی ١٩٨٢دا، باڵیکی سۆسیالـستی سـەریان هەڵـدا و دواتـر بـە نـاوی (بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازانی نەتـەوەیی کوردسـتان – بـاڵی سۆسیالـستی) جیابوونـەوە، کـە پێکهـاتبوون لـە (عەبـدوڕەحمان گونـدی، یاڵـچن، سـەیدۆ، مـەولا)، کـە لـەژێر کاریگـەریی حیزبـی شیوعی کوردستانی عێراقدا بوون و تێڕوانینی سۆڤیەتیان هەبوو[3]. ئەمانە، داوای سەربەخۆیی کوردسـتانیان دەکـرد و تـا سـاڵی ١٩٨٦، هێـزی چـەکداریان هـەبوو،

---

[1] محمد صالح طابوری، في سبيل تحرير الكرد وتوحيد كردستان، مطبعة قةشـةنط، السليمانية، ٢٠٠١، ص١٣٨–١٤١.

[2] **Emin Demirel, a.g.e, S 627.**

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڕەحمان چیایی، ئەندامی کوك، هەولێر، ٧ی ئابی ٢٠٠٩.

بەڵام بەهۆی ئەوەی سەرکردایەتییان لە دەرەوەی تورکیا (لە ئەوروپا بوو) هیچ کاریگەرییەکیان نەبوو، گۆڤارێکیان بە ناوی (ڕێگەی شۆڕش) بڵاو دەکردەوە(١). ئەمانە، لە ساڵی ١٩٩٢دا، بەشداریی بەرەیەکیان بە ناوی (یەکبوون) کرد، کە لە ئەڵمانیا دامەزرا و پارتی پێشەنگی کرێکارانی کوردستانیشی لەخۆی دەگرت(٢). باڵی نەتەوەیی (کوک)یش، بە ناوی خۆیان مانەوە و بەرەو لاوازی چوون و دواتر گەڕانەوە ناو پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا(٣).

### ٣- پارتی پێشەنگی کرێکارانی کوردستان (PPKK):

ئەم پارتە، لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کارگەری کوردستان (کیپ) لە ساڵی ١٩٨٣دا جیابوونەوە و پارتی پێشەنگی کرێکارانی کوردستانیان پێکهێنا. ئەمانە بڕوایان بە خەباتی چەکداری نەبوو، ڕێکخستنیان لەناو لاوان و خوێندکاراندا بەهێز بوو، گۆڤارێکیان بە ناوی (پێشەنگ) و ڕۆژنامەیەکیشان بە ناوی (ئامانج) دەردەکرد(٤).

### ٤- یەکێتیی سۆسیالستی کوردستان:

ئەم پارتە لەلایەن (سەلیم کایا)وە، دوای دەرکردنی لە ئاڵای ڕزگاری، لە ساڵی ١٩٨٤دا، دامەزرا. ئەم پارتە، مارکسی– لینینی بوو، لە بەرنامەکەیدا، داوای کوردستانێکی سەربەخۆی دەکرد، بەڵام بڕوایان بە خەباتی چەکداری نەبوو. بۆ ماوەیەکی کەم توانییان ڕۆژنامەیەك بە ناوی (ڕزگاریی وڵات) دەربکەن، کە لەلایەن (سەلیم کایا)وە دەردەکرا. ئەم پارتە، بەهۆی ئەوەی ڕێکخستەکانی لاواز بوون، نەیانتوانی چالاکیی زۆر ئەنجام بدەن، لەبەرئەوە، لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٠دا، کۆنفرانسێکیان بەست و خۆیان هەڵوەشاندەوە و زۆربەی ئەندامەکانی گەڕانەوە ناو پارتی (ئاڵای ڕزگاری) و بەشێکی تریشیان چوونە ناو (پارتی دیموکراتی

---

(١) فرەنسۆ هەریری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

(2) **Emin Demirel, a.g.e, S 616.**

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڕەحمان چیایی، ئەندامی کوك، هەولێر، ٧ی ئابی ٢٠٠٩.

(٤) فرەنسۆ هەریری، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.

کوردستانی تورکیا). ئەمانە گروپ بوون و تا دوای نەوەدەکان نەبوون بە حیزب[1].

**٥- پارتی هێزەکانی کوردستان -پارتییا هێزێن کوردستانێ-:**

ئەم پارتە پارتێکی زۆر بچووك بوو، چەند کادیرێکی پارتی سۆسیالستی کوردستان، دوای جیابوونەوەیان لە ساڵی ١٩٨٨دا، دایانمەزراند. ئەمانە، خۆیان بە مارکسی دەزانی و زۆر دۆستی پارتی کۆمۆنیستی تورکیا (TKP) بوون و لە بەرنامەکەیاندا داوای کوردستانێکی سەربەخۆیان دەکرد و ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی (بەرگە) دەرکرد[2].

**٦- تەڤگەری سۆسیالستی کوردستان:**

ئەمە جوڵانەوەیەك بوو، لە دوو گروپ پێك هاتبوو، سکرتێری گشتییان (زەکی ئادسن) بوو، کە لە بەهاری ١٩٩٠دا، کۆچی دوایی کرد. جووڵانەوەیەکی مارکسی–لینینی بوو و داوای سەربەخۆیی کوردستانی دەکرد و بڕوای بە خەباتی چەکداری هەبوو. لێپرسراوی سەربازی ناوی (ئاکپ ئەسلان) بوو، بە سەرۆکیش دەناسرا، چونکە سەردەمێك سەرۆکی شارەوانیی ئاگری بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٨دا کوژرا. ئەم گروپە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە زۆر دۆست و نزیکی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو، بەڵام دواتر پەیوەندییان لەگەڵیدا تێکچوو. ئەم جووڵانەوەیە ناوی هێزی چەکداریان (لەشکری ڕزگاری کوردستان)ەو ژمارەیەکی کەم چەکداریان هەبوو، هەندێك ئەندام و کادیریشان ماوەیەك مەشق و ڕاهێنانیان دەکرد لە لوبنان، هەروەها ڕۆژنامەیەکی ناوەندیشییان دەردەکرد بە ناوی (دەنگی وڵات)[3].

---

[1] وصال نجيب عارف العزاوي، القضية الكردية...، ص١٣٥؛ Emin Demirel, a.g.e, S 616-617

[2] فرەنسۆ هەریری، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.

[3] فرەنسۆ هەریری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

**٧- بەرەی رزگاریخوازی کوردستان- تەڤگەرا رزگاریا کوردستان (تەڤگەر):**

ئەمە بەرەیەك بوو، لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨٨، لە چەند پارت و ڕێکخستنێکی کوردی لە برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا پێکهات، کە بریتی بوون لە: (پارتی پێشەنگی کارکەری کوردستان، پارتی سۆسیالستی کوردستان، ئاڵای ڕزگاری، پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێکخستنی نەتەوەیی، پارتی هێزەکانی کوردستان، شۆڕشگێڕێن کوردستان، پارتی ڕزگاری کوردستان- باڵی سۆسیالستی، یەکێتیی سۆسیالستی کوردستان). ئەم بەرەیە ڕۆژنامەیەکی بە ناوی (تەڤگەر)ەوە دەردەکرد، کە داوای یەکگرتنی سەرجەم لایەنە کوردییەکانی دەکرد لەپێناو سەربەخۆیی کوردستاندا[١].

لە یەکەم بەیاننامەی تەڤگەردا هاتووە "...ئامانجمان ڕزگارکردنی وڵاتەکەمانە، کە سەدان ساڵە لەژێر دەستی داگیرکەران دایە، تێدەکۆشین زنجیر و تەوقی ستەمکارانەی دوژمن لە ئەستۆی گەلەکەمان بشکێنین، دەوڵەتێکی دیموکراتی لە کوردستان ساز بکەین، کۆمەڵگا دواکەوتووەکەی کوردەواری بەرەو پێشکەوتن و ژیانی بەختیاری و مۆدێرن بەرین"[٢].

ئەم بەرەیە تا ساڵی ١٩٩١، توانیی هەندێ چالاکیی سیاسی و ڕاگەیاندن لەڕیزی ڕێکخراوەکانیدا ئەنجام بدات، بەڵام بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر باری کوردستان (بە تایبەت بەسەر باکووری کوردستاندا) هاتن و ئەو شکست و تێکچوونەی بەسەر وڵاتانی سۆسیالستی و هێزە چەپەکاندا هات، بووە هۆی ئەوەی، ناو و دەنگی تەڤگەر لە گۆڕەپانی سیاسییدا کز بێت و هەندێکیان وازیان هێنا و ڕێکخراو و کۆمەڵەی بچووکیان لە دەرەوەی وڵات پێکهێنایەوە[٣].

**٨- پارتی خەڵکی زەحمەتکێش (HEP):**

ئەم پارتە دوای دەرکردنی (٧) ئەندامپەرلەمانە کوردەکەی پارتی گەلی سۆسیال دیموکرات (SHP)، لە ٧ی حوزەیرانی ١٩٩٠دا، لە ئەنقەرەی پایتەخت،

---

[١] وصال نجيب عارف العزاوي، القضية الكردية...، ص١٥.

[٢] بڕوانە: فاتیح ڕەسول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١-١٠٢.

[٣] هەمان سەرچاوە، ل١٠١-١٠٢.

به ئیمزاکردنی (٧٧) ئەندام، دامەزرا. پاش دروستبوونیشی، (٤) پەرلەمانتاری تریش پەیوەندییان بەم پارتەوە کرد. ئەم پەرلەمانتارانە (کە زۆربەیان) لە دەستەی دامەزرێنەی پارتی گەلی سۆسیال دیموکرات بوون و لەناویشیاندا سکرتێری دیسك (فەهمی ئیشیکلار)ی پەرلەمانتاری شاری (بورسە) بوو، کە بوو بە سەرۆکی گشتی[١].

ئەم پارتە، بەهۆی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩١، کۆنگرەی دامەزراندنی نەبەست، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، (٢٢) ئەندامیان بە ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی گەلی سۆسیال دیموکرات، وەك ئەندامپەرلەمان هەڵبژێردران، لە هەڵبژاردنی تشرینی یەکەمی ١٩٩١[٢] و زۆربەی دەنگەکانی کوردستانیان بەدەست هێنا. بەمەش سلیمان دێمیرێل کە بوو بە سەرۆکوەزیران، ناچار بوو ڕێگە بە کوردەکانی لایەنگری (**HEP**) بدات ڕۆژنامەیەك بە ناوی یەنی ئویلکە (نیشتیمانی نوێ) دەر بکەن[٣].

دوو ئەندامپەرلەمانی سەر بەو پارتە، دوای هەڵبژاردن کە بریتی بوون، لە: (خەتیب دیجلە) و (لەیلا زانا)[٤] لە کاتی سوێندخواردنی ئەندامەتیدا، لە

---

[١] لێکۆڵینەوەیەك لەسەر بارودۆخی کورد لە تورکیا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢-١٣.

[٢] لەم هەڵبژاردنەدا، پارتی ڕێگای ڕاست بە سەرۆکایەتیی (سلیمان دێمیرێل)، سەرکەوتنی بەدەست هێنا و دوای هەڵبژاردن، دێمیرێل هاوپەیمانێتییەکی لەگەڵ پارتی گەلی سۆسیال دیموکرات بە سەرۆکایەتیی ئەردالٚ ئینەنۆ بەست. بڕوانە: عثمان علي، المصدر السابق، ص١٧.

[٣] میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٩٨، عثمان علي، المصدر السابق،ص١٧.

[٤] لەیلا زانا، لە ساڵی ١٩٦١، لە گوندی (باخچە)ی سەر بە دیاربەکر لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩٧٥دا، شووی بە (مەهدی زانا) کردووە، کە لە ساڵی ١٩٨٦دا، بە سەرۆکشارەوانیی دیاربەکر هەڵبژێردراوە، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ ئەوەی لەیلا زانا تێکەڵ بە سیاسەت ببێت. دوای کودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠، مەهدی زانای هاوسەری و سەرۆکشارەوانی دیاربەکر، دەگیرێ و دوای ئەوە، لەیلا زانا خۆی فێری خوێندەواری دەکات و یەکەمین ژن بوو لە دیاربەکر، کە بڕوانامەی ناوەندی بەبێ چوونە خوێندنگا وەرگرت و هەر لەو کاتەشدا بوو، بەهرەی ڕێکخستنی ژنانی تێدا دەرکەوت و بوو بە قسەکەری کۆمەڵەی ئەو ژنانەی لە بەندی (چاوەڕوانیی) هاوسەرە زیندانیکراوەکانیاندا

پەرلەمان، هەرایەکی گەورەیان نایەوە. لەیلا زانا، بە ڕەنگی سور و زەرد و سەوز، کە بە ڕەنگی نەتەوەیی لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە، ناو دەبرێت، قژی بە ستبوو، خەتیب دیجلەش، دەسرێکی بە هەمان رەنگەوە بە دەستەوە گرتبوو، ڕایانگەیاند: دژی ناوەرۆکی ڕەگەزپەرستی دەقی ئەو سوێندەن کە ئەندامانی پەرلەمانی تورکیا دەبێ بیخۆن، بۆ ئەوەی ببن بە پەرلەمانتار، کە دەڵێ "من سوێند دەخۆم بەرانبەر بە تورکیای مەزن بەو یەکێتییەی جیانابێتەوە لە گەل و نیشتیمان"، ڕایان گەیاند بە ناچاری و تەنها لەپێناو برایەتیی هەردوو گەلی کورد و تورکدا ئەو سوێندە دەخۆن[1]. ئەم هەڵوێستەش لەلایەن تورکەکانەوە بە سوکایەتی لەقەڵەم درا و هەردوو نوێنەریان لە پارتی گەلی سۆسیال دیموکرات دەرکرد و ئەو ڕێککەوتننامەی هەردوو حیزب پێشتر بۆ هەڵبژاردنەکان مۆریان کردبوو هەڵوەشایەوە[2]. ڕۆژێك دوای سوێندخواردنەکەش، ڕۆژنامەکان بە مانشێتی (تووڕەیی سەرتاپای گەلی گرتۆتەوە، دەرکەوتنێکی ناشرین لە پەرلەماندا، دوو لە تیرۆریستان لە نێوان ئەندامانی پەرلەماندا دەرکەوتن). سەرۆك ئۆێزالیش ڕایگەیاند "دیجلەو زانا بەم کارەیان یارمەتیی پرسی هاوڵاتییەکانیان نەدا لە خوارووی ڕۆژهەلاتی تورکیا"، بەڵام سلیمان دێمیرێلی سەرۆکوەزیران ڕایگەیاند "هیچ هۆیەك نییە لەپێناویدا ئەو ترس و لەرزە بلاو بێتەوە"[3].

ئەم پارتە، لە کانوونی یەکەمی ١٩٩١دا، کۆنگرەیەکی لە ئەستەنبوڵ بەست و تیایدا بانگهێشتی دایکی عەبدوڵلا ئۆجەلانی کرد و وەك پاڵەوان پێشوازییان لێکرد، هەروەها هوتافیان دەدا بە (بژی پارتی کرێکاران و سەرۆکەکەی)[4].

---

بوون. دوای سەرهەڵدانی خەباتی چەکداریش، لە ١٥ی ئابی ١٩٨٤دا، لەیلا زانا، وەك ژنێك لە (ڕێگەی خەباتی سیاسی و پەرلەمانییەوە) تێکەڵاوی ئەو بزاڤە بووە و چەندین جار لەسەر هەڵوێست و بەرگریکردنی لە مافی نەتەوەیی و دۆزی کورد لە تورکیادا، دەستگیرکراوە. بڕوانە، جەبار قادر، چەند بابەتێکی...، ل١٦١–١٧١.

(١) جەبار قادر، چەند بابەتێکی...، ل١٦٧؛ میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٩٨.

(٢) بڕوانە: دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠٦–٧٠٧.

(٣) بڕوانە: میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٩٩.

(٤) عثمان علي، المصدر السابق، ص١٧.

### ٩- پارتی کرێکارانی کوردستان- ڤەژین:

ئەم پارتە، دوای بەستنی کۆنگرەی چوارەمی پارتی کرێکارانی کوردستان لە کانونی یەکەمی ١٩٩٠، کاتێ ژمارەیەك لە ئەندامان جیابوونەوە، لە ساڵی ١٩٩١دا، ئەم پارتەیان دامەزراند کە پێکهاتبوون لە هەندێ ئەندامی سەرکردایەتی و کادیر لە ناوەوەی کوردستان و ئەوروپا، وەکو (جەنگیز هزر، عەبدورەحمان کایکچی،دکتۆر باران–موسلوم دورگون–، مەمەد شەنەر و فایەق باتمان). دیارترین ئەندامەکانیشی ئەرجان و حسین یەڵدرم بوون. لە پایزی ئەو ساڵەدا، کۆنفرانسێکیان بۆ ڕێکخستنی پارتەکە بەست و جیابوونەوەی ئەو کۆمەڵە سەرکردە و کادیرانە لەوەوە هاتبوو، کە داوای چاکسازیی بنەڕەتی و گۆڕینی بەرنامەی پارتی کرێکارانی کوردستان و عەبدوڵڵا ئۆجەلانیان دەکرد، داوای کارکردنیان دەکرد لەسەر بنەمای دیموکراتی. سیاسەتی ستراتیژی (پەکەکە–ڤەژین) بریتی بوو لە کارکردن بۆ ڕزگارکردنی کوردستان و باوەڕبوون بە خەباتی سیاسی و سەربازی و پارێزگاریکردن لە هەرێمی باشووری کوردستان، کە بە نهێنی کاروبارەکانیان بەڕێوەدەبرد و ڕایانگەیاند ناچنەوە ناو پارتی کرێکارانی کوردستان تاوەکو عەبدوڵڵا ئویج ئالان سەرۆکی بێت[1].

ئەندامانی ئەم پارتە و هەندێ کەس، ئویج ئالان تۆمەتبار دەکەن بە کوشتنی ژمارەیەك لە ئەندامانی (پەکەکە–ڤەژین)، لەوانەش کوشتنی محەمەد شەنەر لە قامیشلی سوریا و دکتۆر بارانی فەرماندەی پێشووی پارتی کرێکارانی کوردستان ،بەڵام ڕاپۆرتێکی پارتی کرێکارانی کوردستان، بڵاویکردەوە کە دکتۆر باران خۆی کوشتووە[2].

ئەم پارتە، کۆمەڵێك بڵاوکراوەیان دژ بە ئوێج ئالان دەرکرد، لەوانەش: بڵاوکراوەیەك لەژێر ناونیشانی (کوردستانی باشوور و ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆماندایە)، هەروەها بڵاوکراوەیەکی تریشیان بە ناوی (تیشکێك بۆ سەر

---

[1] بڕوانە: نشرة تاريخية عن الاحزاب الكردية في الكردستان الشمالية: اصدرها مكتب علاقات الفرع الاول للحزب الديمقراطي الكوردستاني، مايس ١٩٩٦، ص١٨–٢١؛. Emin Demirel, a.g.e, S 608

[2] بڕوانە: مراد خۆشەڤی حسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٢؛.Emin Demirel, a.g.e, S 610

دیاردەی لە سێدارەدانی باشوورییەکان) دەرکرد. ئەم پارتە، بەرپرسی یەکەمی دکتۆر باران بوو، تەنها بارەگایان لە دهۆك هەبوو، بەلام نەیانتوانی ڕێکخستنە سیاسی و سەربازییەکانیان فراوان بکەن، بۆیە بەرەو پووکانەوە چوون[١].

**باسی چوارەم/ گۆڕانکارییە هەرێمی و جیهانییەکان و دۆزی کورد لە تورکیادا :**

لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکاندا، چەند گۆڕنکارییەکی گرنگ، ولاتانی دراوسێی تورکیا و جیهانی گرتەوە، کە کاریگەرییان لەسەر باکووری کوردستان هەبوو. یەکێك لەو پێشهاتانە کۆتاییهاتنی جەنگی نێوان عێڕاق و ئێران (١٩٨٠–١٩٨٨) بوو کە لە دوای پەسەندکردنی بڕیاری (٥٩٨)ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەلایەن ئێرانەوە، لە ١٨ی تەمموزی ١٩٨٨دا بە ڕاگەیاندنی ئاگربەستی ٨ی ئاب، کۆتایی هات[٢]. بە کۆتاییهاتنی جەنگەکەش، حکومەتی عێڕاق، هێرشێکی چڕی بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کردە سەر ناوچە کوردییەکانی نێوان (دهۆك–موسڵ)ی نزیك سنورەکانی تورکیا و ئەنجامی ئەو هێرشەش بووە هۆی ئاوارەبوونی دەیان هەزار کەس لە پیر و ژن و منداڵ و هەزاران چەکداری کورد بۆ ناو خاکی تورکیا، کە ژمارەیان بە (٥٠–٦٠) هەزار کەس مەزەندە دەکرا[٣].

لەسەرەتادا، حکومەتی تورکیا، پەنابەرەکانی قبوڵ نەکرد و ڕایگەیاند هەرکەسێك سنور ببەزێنێ دەیگێڕێتەوە، چونکە لە دزەکردنی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان و کاریگەریی کوردەکانی باشووری کوردستان (لەسەر باکووری کوردستان) و بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی (لەنێویاندا) دەترسا[٤]،

---

[١] نشرة تاريخية عن الاحزاب الكردية في الكردستان الشمالية، المصدر السابق، ص٢١–٢٢.

[٢] کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و هیوای سەربەخۆیی، و. ئەکرەمی میهرداد، ب. یەکەم، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلیمانی، ٢٠٠٢، ل٨٥.

[٣] جرجيس حسن، المصدر السابق، ص١١٥؛ فليب روبنس، تركيا والشرق الاوسط، ط١،دار قرطبة للنشر والتوثيق ولابحاث، د.م، ١٩٩٣، ص٨٠

[٤] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩٣؛ مراد خۆشەڤی حسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣.

بەڵام دوای کۆبوونەوەی ٢٩ی ئابی هەمان ساڵ و لەسەر داوای تورگوت ئۆزال، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا، بە سەرۆکایەتیی سەرۆککۆمار کۆبووە و ئەنجومەن بڕیاریدا: ڕێگە بە پەنابەرەکان بدرێ، بێنە ناو خاکی تورکیا و جەختی کردەوە کە دەرکردنی ئەو بڕیارە هۆکاری مرۆییە و کارناکاتە سەر سیاسەتی تورکیا لە بەرانبەر هێزە ناکۆکەکان لە ناوچەکەدا، دواتریش، پەنابەرەکان، لەسەر سنورەکان، گوێزرانەوە و لە ئۆردوگای چادرنشیندا جێگیر کران[١].

تورکیا کە ڕێگەی بە پەڕینەوەی ئاوارەکان بۆ ناو خاکەکەیدا، لەهەمان کاتدا بۆ ڕاگرتنی دڵی عێراق و ڕەواندنەوەی نیگەرانیی ڕژێمی سەدام حسین، نکۆڵی لەوە کرد، کە چەکی کیمیاوی لە دژی کوردە ئاوارەبووەکانی عێراق بەکار هاتبێت[٢]. لە ٩ی ئەیلولی ١٩٨٨، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، ڕایگەیاند کە هیچ بەڵگەیەکیان نییە بەوەی پەنابەرە کوردەکان بە چەکی کیمیایی بریندار بووبن. وەزیری ناوخۆی تورکیاش (مستەفا کەمال) کە خۆی پزیشکی هەناوی بوو، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هیچ دۆزێکی دیاریکراو نییە کە بەکارهێنانی گازی کیمیایی بسەلمێنێت. ئەمە لەکاتێکدا شەش ئەندامپەرلەمانی کوردی سەر بە پارتی گەلی سۆسیال دیموکرات، ڕێکخراوی پزیشکە هەناوییەکانی بۆ مافی مرۆڤ ئاگادار کردەوە کە سەردانی کامپی پەنابەرانیان کردبوو، بەوەی کە شەش پزیشکی ناوچەی هەکاری، ڕاپۆرتێکیان نووسیوە و ئەو ئەنجامە بەدەستەوە دەدەن، کە چەکی کیمیایی دژ بە کوردەکانی باشووری کوردستان بەکار هاتووە[٣].

لە بەرانبەر کردنەوەی سنورەکانی تورکیا بە ڕووی ئاوارەکاندا، حکومەتی عێراق لای خۆیەوە ڕەخنەی لە حکومەتی تورکیا گرت و داوای کرد، مافی

---

[١] بڕوانە: جرجیس حسن، المصدر السابق، ص١١٥.

[٢] هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ١٩٩١–١٩٩٨، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلیمانی، ٢٠٠٨، ل٨٣.

[٣] نەسیمەکانی مەرگ، ڕاپۆرتی سەردانی تیمی تەندروستی بۆ کوردستانی تورکیا لەلایەن پزیشکی هەناوییەکان بۆ مافی مرۆڤ، چ١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٤، ٣٣، ٣٤.

خۆیەتی خاکی تورکیا بە پێی ڕێککەوتننامەی ساڵی (١٩٨٢)، بۆ ڕاوەدونانی کورد بەکار بهێنێت و ئاوارەکان دەستگیر بکات و ڕاپێچی عێراقیان بکاتەوە، بەڵام وەزیری بەرگریی تورکیا ڕایگەیاند، لەژێر هیچ پاساوێکدا ڕێگە بە سوپای عێراق نادرێت خاکی تورکیا بەکار بهێنێت[١]. دواتریش تورکیا یەکلایەنە ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٨٢ی هەڵوەشاندەوە، هەرچەندە جارێکی تر لە ساڵی ١٩٨٩دا، داوای نوێکردنەوەی کردەوە، بەڵام حکومەتی عێراق ئەو داخوازییەی ڕەت کردەوە[٢].

جگە لەوەش، چەند هۆکارێکی تر لە پشت بڕیاڕی ڕێگەپێدانی ئاوارەکان هەبوون، لەوانەش: فشاری ئەندامپەرلەمانە کوردەکان لەسەر حکومەتی تورکیا، کە وەفدێکیان پێکهێناو چاویان بە ئوێزالی سەرۆکوەزیران کەوت و داوایان کرد ڕێگە بە هاتنە ناوەوەی ئاوارە کوردەکان بۆ ناو خاکی تورکیا بدات، هەروەها مەبەستی ڕاکێشانی سۆزی گەلی کورد بوو بەلای خۆیدا، بۆ ئەوەی وەك کارتێکی فشار و ڕێککەوتن ئەم بابەتە لەپێناو بەرژەوەندییە مێژوویی و ئابوورییەکانی لە باشووری کوردستاندا بەکاربهێنێ، بەو هۆیەی کوردەکان بەربەستێکی گەورەن لە بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی تورکیا لەو ناوچەیەدا، بۆیە پێوستی بەوە هەبوو سۆزیان ڕابکێشێت، ئەگەر ویستی باشووری کوردستان داگیر بکات[٣].

ئاوارەکان لە تورکیادا، لە پێنج ئۆردوگا (لە ژێر چادردا) جێ کرانەوە. ئەو ئۆردوگایانە دەکەوتنە دیاربەکر و هەکاری و ماردینەوە، بەڵام لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٩، لە سێ ئۆردوگا کۆ کرانەوە، کە یەکێکیان لە (دیاربەکر) و یەکێکی تریان لە نزیك (موش) و ئۆردوگای سێیەمیشیان لە (قزڵتەپە) بوو، ژیانیان لە ئۆردوگاکاندا لە دۆخێکی ناهەمواردا بوو[٤].

---

[١] هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.

[٢] خليل علي مراد، الموقف الإقليمي من الحركة الكردية المسلحة في تركيا ١٩٨٤-١٩٩٨، مجلة دراسات إقليمية، العدد (٣)، مركز الدراسات الإقليمية/ جامعة الموصل، حزيران ٢٠٠٥، ص٣٥.

[٣] بڕوانە: جرجيس حسن، المصدر السابق، ص١١٨-١١٩.

[٤] بڕوانە: نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٧-١٤٨.

وێـڕای ناڵـەباریی ژیـانی ئاوارەکـان لـە ئۆردوگاکانـدا، حکومـەتی تورکیـا، لـە بڕیارێکیدا، هەموو ئەو پەنابەرانەی بە میـوان لـە قەڵـەم دان و مـافی پەنابـەرێتیی پێنەدان. ئەمەش لەپێناو ئەوەدا بـوو تـاوەکو شـوێن و جێگـەیان بـە شـێوەیەکی سـادە و سـاکار بـۆ دروسـت بکـات و لـە مـافی خوێنـدن و ئیـشکردن و نیشتەجێبوونیان لە تورکیا بێبەشیان بکـات. کاتێك تورکیـا زانیـی پێداویـستیی مرۆیی لە ڕۆژئاواوە بـۆ ئاوارەکـان بـە دەسـت ناگـات، هانیـدان تورکیـا جێبهـێڵن، ئەوەبوو هەندێکیان ڕوویـان کـردە سـوریا و هەنـدێکی تـر بـە بێئاگـاداریی ئێـران، ڕەوانەی ناو سنوری ئێران کران و ڕێگەشی لەوانە نەگرت کە بەرەو یۆنان ڕۆیشتن. تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٩، (٣٦) هەزار کەس لە تورکیادا، مابوونەوە[1].

دوابـەدوای کۆتاییهـاتنی جـەنگی نێـوان عێـڕاق–ئێـران، گۆڕانکارییـەکی تـری گرنگ ڕوویدا، کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئاستی جیهانییدا لێکەوتەوە، ئەویش کۆتاییهاتنی (جەنگی سارد)[2] بوو لەساڵی ١٩٨٩دا، ئەم پرۆسەیە دوای گەیشتنی (گۆرباچۆف) بۆ سەرۆکایەتیی یەکێتیی سۆڤییەت، لە ساڵی ١٩٨٥دا، دەستی پـێ کرد، کـە خاڵـە لاوازەکـانی هێـزی سـەربازیی سـۆڤییەتی و لاوازیـی تواناکـانی لـە پاراستنی کرداری هاوسەنگیی هێـزی لـە ململانـێ نێودەوڵەتییەکانـدا لێکەوتـەوە. جـەنگی سـارد، بـە ڕووخـانی دیـواری بـەرلین، لـە ٩ی تـشرینی دووەمـی ١٩٨٩،

---

[1] هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.

[2] جەنگی سارد، لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانییەوە دەستی پێ کرد، کە تێیدا جیهان دابەش بوو بەسەر دوو سەربازگە (جەمسەر)دا، یەکێکان ڕۆژئاوایی بوو، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرۆکایەتی دەکردو ئەوەی تریشیان ڕۆژهەڵاتی بوو، کە یەکێتیی سۆڤیەت سەرۆکایەتی دەکرد. بۆ زانیـاریی زیـاتر دەربـارەی جـەنگی ساردو کۆتاییهـاتنی بڕوانە: یوسف محەمەد سادق، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سەردەمی شـەڕی سارددا، گۆڤـاری (نوێبـوون)، ژ٣، بەشـی ڕونـاکبیری مەڵبەنـدی یـەکی (ی.ن.ك)، بـەهاری ٢٠٠٨، ل١٨٧–٢١٧؛ محەمەد ئیحسان، ململانێیـە نێودەوڵەتییـەکان لـە سـەدەی بیستەم دا، و. ئاسـۆکەریم و کامـەران ئەحمـەد، چ١، چـاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە، هـەولێر، ٢٠٠١، ل١٤٣–١٩٥؛ جورج سکولوف، روسیا بین ١٨١٥–١٩٩١، ت. انطون حمصي، الجزء الثاني، القسم الثاني، منشورات وزارة الثقافة في الجمهورية السورية، دمشق، ١٩٩٩.

کۆتایی هات و دواتریش لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتی لێکەوتەوە لە ٨ی ئەیلولی ١٩٩١دا[١].

لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی سارد، زۆر بۆچوون هەبوون، پێیان وابوو تورکیا پێگەو گرنگیی ستراتیژیی خۆی بۆ بلۆکی ڕۆژئاوا لە دەست داوە و هیچ پێویستییەك بەو وڵاتە نەماوە، بەڵام بە داگیرکردنی کوێت لە ٢ی ئابی ١٩٩٠دا، لەلایەن عێراقەوە و دوای ئەوەش شەڕی ڕزگارکردنی ئەو وڵاتە لە (١٧ی ینایر-٢٤ فبرایری ١٩٩١)، کە دژی عێراق بە سەرۆکایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڕێوەچوو[٢]، دوو هۆکاری سەرەکی بوون، گرنگیی تورکیایان بە بیر وڵاتانی ڕۆژئاوا هێنایەوە و ئەو ڕاستییەیان دەرخست، کە گرنگی ئەو وڵاتە ڕەنگبێ لە جاران زیاتربێ بۆ ڕۆژئاوا[٣]. داگیرکردنی کوێت، یەکەمین قەیرانی نێونەتەوەیی بوو لە دوای جەنگی سارد و داڕووخانی دەوڵەتە سۆسیالیستەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات لە ساڵانی (١٩٨٩-١٩٩٠)دا و کزبوونی خۆری یەکێتیی سۆڤییەت لەوکاتەدا، هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی جیهانی یەك جەمسەرە بوون بە سەرۆکایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاتنەکایەی (نەزمی نوێی

---

[١] بڕوانە: محمد طاهر محمد، القضية الكردية وحق تقرير المصير (الاستقلال- الحكم الذاتي- الفيدرالية)، ط١، مكتبة مدبولي، ٢٠٠٨، ص١٣٠-١٣١؛ عومەر نورەدینی، سیستەمی نوێی جیهان و دۆزی کورد، کوردستانی عێراق وەك نموونە، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری و سیاسییە، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٣، ل١١٩.

[٢] ئەم جەنگە، دوابەدوای دەرکردنی بڕیاری ژمارە ٦٧٩ هات، لە نۆڤەمبەری ١٩٩٠دا، کە تێیدا ئەنجومەنی ئاسایش هەموو ڕێگەیەکی بۆ دەرکردنی عێراق لە کوێت، بە ڕەوا لە قەڵەمدا. جەنگەکەش، بە بەشداری وڵاتانی هاوپەیمان کە لە (٣٠) دەوڵەت پێکهاتبوون، بە سەرکردایەتیی ئەمریکا بەڕێوە چوو، کە سەرەنجام عێراق شکستی خوارد و زیانێکی گیانی و مادی زۆری لێکەوتەوە. بڕوانە: هێرش عەبدوڵلا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧-٨٨.

[٣] خەلیل ماگنوس کاراوێلی، تورکیا: زلهێزێکی ئقلیمیی نوێی کۆن، گۆڤاری (سیاسەتی دەولی)، ژ٤، ساڵی سێیەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلیمانی، کانوونی دووەمی ١٩٩٥، ل٧٠؛ هێرش عەبدوڵلا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧.

جیهـان)[1]. یـەکێك لـە دیاردەکـانی ئـەم سیـستەمە تەسـککردنەوەی دەسـەڵاتی سیستەمە تۆتالیتارییەکان و بوژاندنەوەی بنەما نەتەوەییەکانی دەوڵەتان بوو[2].

سەبارەت بە هەڵوێستی تورکیا لە بەرانبەر داگیرکردنی کوێتدا، لە دەستپێکدا ڕوون و ئاشکرا نەبوو، ئەم داگیرکارییەی عێراقیشی ئیدانە نەکرد، بـەڵام دواتـر لـە ١٢ی ئابـدا، وتەبێـژی ڕەسمـی بـە نـاوی سـەرۆکایەتیی کۆمـار، بـۆ کەناڵـەکانی ڕاگەیاندن دوا و ئاماژەی بەوە کرد: تورکیا پـشتگیریی هـیچ کـارێکی سـەربازی دژ بە عێراق ناکات. بەڵام لە خـاڵی دووەمـدا، پابەنـدیی تورکیـای بـە جێبـەجێکردنی سـەرجەم بڕیارەکـانی نەتـەوە یـەکگرتووەکانی پەیوەندیـدار بـە قـەیرانی کوێـت ڕاگەیاندبوو، هەروەها باسی ئەوەش کرابوو لە کاتی هەر دەستتێوەردانێکی دژ بـە عێراق، تورکیا بوار نادات لە خاکەکەیـەوە هێـرش بکرێتـە سـەر عێـراق[3]. لەگـەڵ ئەوەشدا، لە ٧ی تشرینی یەکەمدا، تورکیـا بۆرییـە نەوتییـەکانی عێراقـی لـە نێـو خاکی خۆی داخست و مۆڵەتی بە فڕۆکەکانی ئەمریکا دا دوازدە بنکـەی سـەربازی لە تورکیا بەکار بهێنن[4].

ئەو گۆڕانکارییانەی لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سـارد و لـە کـاتی تەنگـژەی کەنداودا خۆی بینییـەوە، کاریگەرییـەکی زۆریـان کـردە سـەر پەرەسـەندنی دۆزی نەتەوایـەتیی کـورد، لــە بــاکوور و باشــووری کوردسـتان. لــە پــایزی ١٩٩٠دا، ڕۆژنامەکانی تورکیا، نەخشەیەکیان بڵاوکردەوە کە ناو نرا بە (نەخشەی ئۆزال) و تیایدا عێراقی دەکرد بە سێ دەوڵەتی بچووکی (عـەرەبی، کـوردی، تورکمـانی) لـە

[1] یوسف گۆران، هەڵوێستی تورکیـا سـەبارەت بـە هێرشـی عێـراق بـۆ سـەر کوێـت، گۆڤـاری (سیاسەتی نێو دەوڵەتان)، ژ١، سەنتەری لێکۆڵینەوەی سـتراتیجی کوردسـتان، سـلیمانی، تشرینی یەکەمی ٢٠٠١، ل٤٩؛ هاوڕێ باخـەوان، ئـاڵای کـورد (لێکۆڵینەوەیـەکی مێـژوویی–کۆمەڵایەتی–رامیاری)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلیمانی، ٢٠٠١، ل١٩٥.

[2] بڕوانە: عومەر نورەدینی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٠.

[3] یوسف گۆران، هەڵوێستی تورکیا...، ل٤٩،٥٢.

[4] هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩.

چوارچێوەی یەکێتییەکی فیدراڵیدا[١]، بەڵام ئەم نەخشەیە لەلایەن سەرۆکی حکومەت و سەرۆکئەرکانی سوپاوە پێشوازیی لێنەکرا و ڕەت کرایەوە[٢].

لە ڕاستیدا، ئۆێزال کە دەویست عێراق ببێتە سێ دەوڵەت، مەبەستی ئەوە بوو، کوردستانی عێراق بە کورد و تورکمانەکانەوە، بخرێنە سەر تورکیا و فیدراڵیزمێکی (کورد-تورکی) دابمەزرێ و بەوەش ناوچەی (موسڵ-کەرکوك)ی دەوڵەمەند بە نەوت بخرێتە سەر تورکیا، هەروەها ئەم فیدراڵیزمە ڕێ لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە کوردستانی عێراقدا دەگرێت، کە لەگەڵ لێدانی عێراق، لەلایەن ڕۆژئاواوە، ئەگەری دامەزراندنی زیاتر دەبوو، لە لایەکی تریشەوە، ئەم مەبەستەی ئۆێزال دەبووە چارەسەرێك بۆ دۆزی کورد لە تورکیا کە هەر لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیاوە تەنگی بە دەوڵەت هەڵچنیبوو[٣]. لەم ڕووەوە، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ (کامەران قەرەداغی) کە کوردێکی عێراقییە و نووسەری کاروباری دەرەوەی ڕۆژنامەی (الحیاة)ی لەندەنی بوو، ئۆێزال دوای چاوپێکەوتنەکە، ڕایگەیان: کە نەنکی کوردە و دەریشیخستبوو، کە پلانی داناوە بە زووترین کات قانونە زۆر خراپەکەی تورکیا، کە لە ڕژێمە سەربازییەکەی (١٩٨٠-١٩٨٣) ماوەتەوە و تیایدا قەدەغەی بەکارهێنانی زمانی کوردی کردووە لابەرێت[٤]. لە لایەکی تریشەوە، لە ڕێی ڕۆژنامەنووسی تورك (جەنگیز چاندار)ەوە، کەوتە پەیوەندیکردن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و لە ناویاندا جەلال تاڵەبانی لە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و موحسین دزەیی لە پارتی دیموکراتی کوردستان، هەردووکیان ڕازی بوون سەردانی ئەنقەرە بکەن و چاویان بە ئۆێزال بکەوێ[٥].

---

[١] محەمەد نورەدین، تورکیا لە سەردەمی...، ل٣٧٥.

[٢] بڕوانە: هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠.

[٣] بڕوانە: محەمەد نورەدین، تورکیا لە سەردەمی...، ل٣٧٦.

[٤] بڕوانە: جۆناتان-سی ڕاندڵ، کوردستان یان کلۆڵی نەتەوەیەك،دوای ئەو هەموو زانیارییە لێبوردنی چی، و. خەسرەو شاڵی، چاپخانەی بەرهەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلیمانی، ٢٠٠٣، ل١٣٢.

[٥] هەمان سەرچاوە، ل١٣١-١٣٢.

هەر لەژێر کاریگـەریی جـەنگی ڕزگـارکردنی کوێـت و دوابـەدوای کۆتاییهـاتنی جەنگەکە، لە ٢٨ی شوباتی ١٩٩١، ڕاپەڕین لە ناوچەکانی باشـووری عێـڕاق دژ بـە حکومەتی عێراق بەرپا بوو، دواتریش ڕاپەڕین لە ناوچەکانی باشـووری کوردسـتان لە ٥ی ئادار لە شاری ڕانیەوە دەستی پێ کرد و تـاوەکو ٢٠ی ئـادار، چـوار شـارە گەورەکەی (سلیمانی، هەولێر، دهۆك و کەرکوك) ئازاد کران[١].

بەرپابوونی ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١، بووە هۆی چـڕبوون و گـەرموگوڕتربوونی گفتوگـۆ حکـومی و ناحکومییـەکانی تورکیـا، دەربـارەی سیاسـەتی تورکیـا لـە باشووری کوردستاندا[٢]، لەم بارەیەشـەوە ئـوێزال لـە ١١ی ئـاداردا لەگـەڵ جـەلال تاڵەبانیدا کۆبۆوە[٣]. لەم دیدارەدا، ئوێزال لەمەڕ ترسێك کە لەناو تورکیادا هەستی پێدەکرد وتی: [ئەمە شتێك نییە لە گوتنی بترسین کە لەگـەڵ کوردەکانـدا دۆسـت بین، ئەگەر دوژمنی یەکتر بین، ئەو دەم خەڵکانی دیکە دەتوانن لە دژی ئێمە سود لە کورد وەربگرن]. لە ڕاستیدا ئوێزال بیری لە ئایندە دەکردەوە و بـۆ دانوسـتانی ئایندە لە کاتی لەبەریەکهەڵوەشانەوەی عێـڕاق زەمینـەی خـۆش دەکـرد و هـەوڵی دەدا نەرمییەك لە هەڵوێستەکانی ئەنقەرە لەمەڕ کوردەکانی تورکیا لـە سیاسـەتی حکومەتدا دروست بکات[٤].

زۆری نەخایانـد، ڕاپـەڕینی باشـووری کوردسـتان، دوای ماوەیـەکی کـەمی ئازادکردنی شارەکان، لە ٢٨و ٢٩ی ئادار، لە بەرانبەر هێرشەکانی سوپای عێڕاقـدا

---

[١] هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٩١؛ فاتح ڕەسول، سەرچـاوەی پێـشوو، ل٣٦٨. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ڕاپەڕینی ئاداری باشـووری کوردسـتان بڕوانـە: ئـاراس عەبـدولرەحمان مـستەفا، ڕاپـەڕینی ئـاداری (١٩٩١) لـە باشـووری کوردسـتان، لێکۆڵینەوەیەکی مێـژوویی سیاسـییە، چ١، دەزگـای چـاپ و پەخـشی حەمـدی، سـلیمانی، ٢٠٠٩.

[٢] یوسف گۆران، سیاسەتی تورکیا لە کوردستانی عێراقدا (١٩٩٠–٢٠٠٠)، گۆڤـاری (سـەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی)، ژ٣، ساڵی نۆیەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلیمانی، ئابی٢٠٠١، ل٥٢.

[٣] هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ٩٢.

[٤] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠٩–٦١٠.

شکستی هێنا[1]، حکومەتی بەعس دەستی گرتەوە بەسەر شاری کەرکوك و دواتریش بەرەو شارەکانی هەولێرو سلیمانیو دهۆكو زاخۆ پێشڕەویی کرد، لە ئەنجامدا و لە ترسی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و زوڵم و زۆری حکومەتی عێراقی، کۆڕەوی خەڵکی باشووری کوردستان بەرەو ئێران و تورکیا دەستی پێ کرد[2].

تورکەکان دژی چوونە ناوەوەی شەپۆلی ئاوارە کوردەکان بوون بۆ ناو تورکیا و دوای چەند ڕۆژێکیش، تورکیا سنورەکانی داخست و لە لایەکی تریشەوە، بەردەوام گفتوگۆی نهێنیی لەگەڵ سەرکردە کوردەکانی باشووری کوردستان دەکرد، بە ئومێدی ئەو ڕاستییەی کە پتەوبوونی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکانی عێراق لێدەکەوێتەوە و کاریگەریی لەسەر باکووری کوردستان دروست نەکات. سەرەڕای ئەوەش، تورکیا، ویستی ڕێگە لە کردنەوەی ئۆردوگای هەمیشەیی و نیمچە هەمیشەیی بۆ ئاوارەکان بگرێت، کە دەبوونە شوێنی پەروەردەکردنی گەریلای کوردی کە شانبەشانی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دەجەنگن، هەروەها دەترسا لەوەی ئەو ئۆردوگایانە ببنە سەرچاوەیەکی تری ناکۆکی لەگەڵ ڕۆژئاوادا، ئەگەر هات و ڕۆژئاوا پشتگیری داواکانی نیشتمانپەروەرانی کورد بکات[3]. لەبەرئەوە، ئەفسەرانی تورکیا، پەیوەندیی ئەم ئۆردوگایایەیان بە هەموو شێوەیەك لەگەڵ دەوروبەریدا بڕیبوو[4]. بەڵام بە پەرەسەندنی هەلومەرجی کورد لە باشووری کوردستان و پەیدابوونی هاوسۆزیی ڕۆژئاوا بەرانبەر کۆڕەوی کورد، تورکیای هاندا، هەڵوێستی پارێزگاریکردن لە کوردی باشوور بنوێنێ، بە تایبەت پاش ئەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ٦٨٨ی تایبەت بە پاراستنی کورد و شیعەی دەرکرد، تورکیا کارئاسانی پێویستی بۆ هێزەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا کرد، بۆ ئەوەی ئەو هێزانە،

---

[1] بڕوانە: کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب.یەکەم، ل١١١.

[2] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١٣.

[3] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٠.

[4] ڕێکخراوی گەلانی هەڕەشەلێکراو، **Human Rights work of the Society for Threatened Peoples for the Kurds 1970-2004,Translater for Kurdish Sorani (Kurdish intellectuals from Berlin), September 2004, P45.**

لـه ڕێـی خاکەکەیـەوە، بتـوانن بێنـە هەنـدێ ناوچـەی کوردسـتانی عێـڕاق، بـەو مەبەستەی، ئـەم هـەنگاوە، ببێتـە هـۆی گەڕانـەوەی ئـاوارە کوردەکـان، بـۆ سـەر خاکی خۆیان[١]. هەروەها تورگـوت ئـوێزال لـە باسـکردنی بیرۆکـەی دروسـتکردنی (ناوچەی ئارام)[٢] بۆ کوردەکانی باشووری کوردستان، ڕۆڵێکی سـەرەکی گێـڕا[٣]، کە سەرەنجام ناوچەی ئارام دروستکراو بەم پێیە ئەو ناوچەیە بـە پێـی نەخـشەی ڕێکخـــراوی نەتـــەوە یـــەکگرتووەکان ســـەرووی هێڵـــی (٣٦) لـــە دژی هێـــزە ئاسمانییـــەکانی عێـڕاق کەوتـــە ژێـــر چـــاودێریی هێـــزە ســـەربازییەکانی وڵاتـــانی ڕۆژئـاواوە[٤]. لـە نیـسانی ١٩٩١یـشدا، پەرلـەمانی تورکیـا، ڕەزامەنـدیی لەسـەر بـەکارهێنانی بنکـەی ئەینجـەرلیك دەربـڕی کـە بـۆ مـاوەی شـەش مـانگ لەلایـەن هاوپـەیمانانەوە لە میانەی ئۆپەراسیۆنی بەدیهێنانی دڵنـەوایی لـەپێناو گەڕانـەوەی ئاوارەکان بەکار بهێنرێت، تورکیاش، بـە چـوار فڕۆکـەی جـەنگی، بەشـداریی تێـدا کـرد و دوای دروســتکردنی هێــزی (چەکوشــی ئامــادە)[٥]ش بــە (٧٤) ســەرباز بەشداریی کـرد[٦]. ئـەم هەنگاوانـەی تورکیـا و بـوونی هێزەکـانی هاوپـەیمانان لـە

---

[١] یوسف گۆران، سیاسەتی تورکیا...، ل٥٣.

[٢] ئەم ناوچەیە، لەلایەن بەریتانیا و بە پشتیوانی فەرەنسا پێشنیاز کرا و پاراستنیشی لەلایەن بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا بە پشتیوانی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ئـەورووپاوە مـسۆگەر دەکرا. بڕوانە: پ.ا.حەسەرتیان و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.

[٣] بڕوانە: مراد خۆشەڤی حسۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥.

[٤] بڕوانە: پ.ا.حەسەرتیان و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.

[٥] ئەم هێزە، پاش کۆتاییهاتنی ئۆپەراسیۆنی دابینکردنی ئاسایش پێکهات، کاتێـك هێزەکـانی هاوپـەیمانان، لـە باشـووری کوردسـتان، کـشانەوە و هەنـدێ لـە هێزەکانیـان، لـە بنکـەی ئەینجەرلیك و دیاربەکر هێشتەوە، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا، خۆیان بگەیەننە باشووری کوردسـتان. هێزەکـەش، لـە سـەربازانی ئـەمریکی و بـەریتانی و فەرەنـسی و تـورکی پێکدەهات کە ژمارەیان دەگەیشتە (٣–٥) هەزار سەرباز، لەگەڵ (٤٨) فڕۆکەی شـەڕکەر و (١٦٢) فڕۆکەی پشتیوانی و نۆ هەلیکۆپتەر. بڕوانە: یوسف گـۆران، سیاسـەتی تورکیـا...، ل٥٣.

[٦] هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥؛ نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٢.

باکووری کوردستان، بوونه هۆی ئەوەی، پارتی کرێکارانی کوردستان، حکومەتی تورکیا تاوانبار بکات کە دەیەوێ داهاتووی کورد بخاتە خزمەتی نێودەوڵەتی و کۆلۆنیالیزمەوە و ناپاکی لە بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکان و سەروەرێتیی تورکیا دەکات، دواتریش دژ بە بوونی سوپای ڕۆژئاوا لە کوردستان، پارتی کرێکاران، زنجیرەیەك هێرشی بۆ سەر ئامانجە تورکییەکان بۆ کوشتنی سێ کارمەندی پایەبەرزی ناوخۆ لە ٢٨ی نیسانی ١٩٩١، بەرپا کرد، هەروەها زنجیرەیەك هەرەشەی دژ بە جێگیربوونی سوپای هاوپەیمانان لە عێراق و تورکیا و دژی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی بڵاو کردەوە، (کە ئەوکات) لەگەڵ هەردوو حکومەتی تورکیا و عێراق، سەرگەرمی گفتو گۆکردن بوون[1].

ئەو گۆڕانکارییانەی لە جەنگی کەنداو و دروستکردنی ناوچەی ئاسایش هاتنە ئاراوە، کاریگەرییەکی گەورەی نەکردە سەر باروودۆخی کورد لە باکووری کوردستاندا، هەرچەندە دامەزراندنی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی لە باشووری کوردستان، هاندەرێك بوو بۆ کوردەکانی باکووری کوردستان. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەم گۆڕانکارییانە، نەیانتوانی ئەو ڕاستییە بگۆڕن کە گەلی کورد، لە هەر دوو وڵاتی تورکیا و عێراقدا، خاوەنی دوو جەنگی جیاوازن[2]، بەڵام پارتی کرێکارانی کوردستان، هەر لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە، باردۆخی باشووری کوردستانی قۆستەوە و کەوتە ناردنی چەکدار و کۆکردنەوەی چەك و پارەوپول و ڕاکێشانی خەڵك بۆ لایەنگیرییان. عەبدوڵڵا ئۆجەلانیش ڕێبازی سەرەکی پارتەکەی نەشاردەوە کە بریتی بوو لە سودوەرگرتن لە ناوچەی ئازادی باشووری کوردستان، بەشێوەیەك، پارتی کرێکارانی کوردستانیش ببێ بە خاوەن دەسەڵات و بڕیاردەری سەرەکی لە هەرێمەکەدا و دواتریش پارتێکی لە باشووری کوردستان، بە ناوی پارتی ئازادیی کوردستان (پاك) پێکهێنا[3]، بەو مەبەستەی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە باشووری کوردستان بناسێنێ و پشتگیریی خەڵکی بۆ خەباتی ئەو پارتە لە باکووری کوردستان بەدەست بێنێ[4].

---

[1] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠١.

[2] بڕوانە: کەندالێ و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٨.

[3] فاتح ڕەسول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٤،١٠٦.

[4] چاوپێکەوتن لەگەڵ یەکێك لە سەرکردەکانی پاك (حەمەئەمین پێنجوێنی)، سلیمانی، ٥ی کانونی دووەمی٢٠٠٩.

ئـەم پارتـە، یەکـەمین کۆنفرانـسی دامەزرانـدنی، لـە چـیای زاگـرۆس، لەسـەر سنوری (عێراق–ئێران)، لە ئاداری ١٩٩١دا بەست و لە ڕاگەیـەنراوی دامەزراندنیـدا کە پێشکەشی کۆنفرانسی کردووە، ئامانجەکانی دیاری کردووە، لە سـەرووییانەوە، بریتییـە لـە نەهێـشتنی دەسـەڵاتی ڕژێمـی کۆلۆنیالیـستی و ئیمپریـالیزمی لـە کوردسـتان و دامەزرانـدنی کوردسـتانێکی سـەربەخۆو ئـازاد، هـەروەها شـەڕی چەکداری بە بنچینەی خەبات دانا[1]. لـەپێناو سـەربەخۆیی باشـووری کوردسـتان، کە دەبوایە لە سـەر ڕێبـازی سۆسیالـستی زانستی بوایـە، بانگـەوازیی پێکهێنـانی یەکێتییەکی دەکرد لە نێوان هەموو هێـزە شۆڕشـگێڕ و نیـشتیمانییەکان و هـەموو کەس و گروپێك، کە ئامانجیـان لـەناوبردنی داگیرکـەران و کۆنەپەرسـتی نـاوخۆیی بێت، هەروەها بانگەوازیی خەباتێکی هاوبەشی دەکرد لەگـەڵ هـەموو ڕێکخراوێکدا کە ڕێبازی ڕزگـاریی نەتـەوەیی گرتبێتەبـەر لـە سەرووشـیانەوە پـارتی کرێکـارانی کوردستان[2]. دەربارەی بـارودۆخی باشـووری کوردسـتانیش، (پـاك) پێـی وابـوو، تورکیا لە ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ (پ.د.ك) و (ی.ن.ك)ەوە، دەستدرێژی دەکاتە سـەر باشـووری کوردسـتان و هـەوڵ دەدات سـەرهەڵدانی کـورد لـە باشـووری کوردستاندا تێك بشکێنێت، بەوەی کە ناوچەکە دەخاتە ژێر چاودێریی خۆیەوە[3].

ئەم هەوڵانەی پارتی کرێکارانی کوردستان، بە مەبەسـتی پتـەوکردنی پێگـەی خـۆی لـە باشـووری کوردسـتاندا، بـووە هـۆی ئـەوەی، پەیوەنـدیی لەگـەڵ پارتـە کوردییەکانی باشوور و بەرەی کوردسـتانیدا بـەرەو خراپـی بـچێت، ئـەوە بـوو لـە ناوەڕاسـتی تـەمموزی ١٩٩١دا، لـە پێکدادانێکـدا، لـە نێـوان پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان و پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی عێراقـدا، دوو کـوژراو و برینـدارێکی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتانی لێکەوتـەوە[4]. لـە ڕاگەیانـدنێکی هاوبەشـی پـارتی

---

[1] بڕوانە: حزب الحرية الكردستاني ضرورة موضوعية تاريخية، مجلـة (دنگـی کردسـتان)، عـدد خـاص، اذار ١٩٩١، ص٥٥؛ چـاوپێکەوتن لەگـەڵ حەمەئـەمین پێنجـوێنی، سـلێمانی، ٥ی کانونی دووەمی ٢٠٠٩.

[2] بڕوانە: پارتی ئازادی کوردسـتان، پرۆگـرام بـەیانی دامەزرانـدن: پەسـەندکراوی کۆنفرانـسی دامەزراندنی پارتی ئازادی کوردستان، ب.ش. ئاداری ١٩٩١، ل١٠٨–١٠٩.

[3] هەمان سەرچاوە، ل٩٦.

[4] کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب. دووەم، ل١٦٦.

کرێکـارانی کوردسـتان و (پـاك)دا، لـه ٢٢ی تـشرینی یەکـەمی ١٩٩١دا هـاتووه: گفتوگۆی نێوان تورکیا و بەرەی کوردستانی لەپێناو دەرکردنـی پـارتی کرێکـارانی کوردستانە لە باشووری کوردسـتاندا و ماوەیـەکی کـەم دوای ئـەو گفتوگۆیانـەش، (٢٦) ئەندامیان لە دهـۆك دەسـتگیر کـراوە[1]. لـە لایـەکی تریـشەوە، بـووه هـۆی ئـەوەی سـوپای تورکیـا، سـنور ببـەزێنێ و لـە ئـابی ١٩٩١دا، بـە نـاوی لێـدانی بنکەکانی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتانەوە، بـۆ ئـەوەی ناوچـەکە نەبێتـە شـوێنی حەوانەوە و خۆڕێکخستنی پارتی کرێکارانی کوردستان دژی تورکیا، هێرشی کردە سـەر باشـووری کوردسـتان و سـەرۆکوەزیرانی نـوێی تورکیـاش (مەسـعود یلْمـاز) ڕایگەیاند: هێڵێکی بەریەککەوتن بە قوڵایی (٥کم) و بـە درێـژایی سـنوری هـەرێمی کوردستان پێك دەهێنێت و بۆ هەموو کەسێکیش قەدەغەیە ئەو سنورە ببەزێنێت. بەپێی ڕاگەیاندنی (پ.د.ك)، ئەو شوێنانەی بەر هێرشی سوپای تورکیا کەوتبوون، شوێنی ئاوارەکان بوو، هەروەها ئەو هێرشە بۆتە هۆی کوشتنی ١٨کەسی سڤیل، کە لەناویانـدا ژن و منـداڵ هـەبوون. لـە ١٤ی تـشرینی یەکـەمی ١٩٩١، هێزەکـانی پارتی کرێکارانی کوردسـتان، ١١ سـەربازی تـورکی لـە سـنوری ناوچـەی هـەکاری کوشت. تورکیاش وەك پەرچە کردارێك، بە (٣) هەزار سـەرباز، سـنوری باشـووری کوردسـتانی بەزانـد. لـەو کاتـەدا، جـەلال تاڵـەبانی بـە تورکیـا و سـوریا و ئێرانـی ڕاگەیاند بە هیچ شێوەیەك دژایەتی، یان پشتگیریی پارتی کرێکارانی کوردستان لە هـەرێمی کوردسـتاندا ناکـەن، مەسـعود بـارزانیش ئامـادەیی هێـزی پێـشمەرگەی کوردسـتانی بـۆ بـەرگریکردن لـە هـەرێمی کوردسـتان لـە دژی هێرشـی تورکیـا دەرخست. هەروەها سەرۆکی لیبیا (موعەمەر قـەزافی)، لـە نامەیەکدا بـۆ تورکیـا ناڕەزایی دەربڕی کە لەیەك کاتدا تورکیا خـۆی بـە پـارێزەری هـەرێمی کوردسـتان دەزانێـت و لـە لایـەکی تـرەوە هێـرش دەباتـە سـەر ئـەو هەرێمـە[2]. حکومـەتی عێراقیش، نارەزایی خۆی بەرانبەر ئەو هێرشە پیشاندا و بـۆ ڕێزگرتنـی هاوسـێتیی

---

[1] **PKK-PAK**: یا ابناء الشعب الكر دستاني، ١٩٩١/١٠/٢٢، مجلـة (دنگـی کردسـتان)، عـدد خاص، **اذار** ١٩٩١، ص٧١-٧٢.

[2] هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩.

لەگـەڵ توركیـادا، داوای ڕاگرتنـی کـردەوە سـەربازییەکانی دەکـرد. ئـەمریکا و هاوپەیمانەکانیشی لە کەنداوی فارسدا، لەبارەی کردەوە سـەربازیەکانی تورکیـاوە لە باشووری کوردستان، ناڕەزایی خۆیان پیـشاندا و یـەکێك لـە نوێنـەرەکانیان لـە باشووری کوردستان، ڕایگەیاند: بە دڵنیاییـەوە کـردەوە سـەربازییەکانی ئەنقـەرە دەتوانـێ پەیوەنـدیی هێزەکـانی چـەند میللـەتێك لەگـەڵ تورکیـادا بـەرەو خراپـی بەرێت[1].

بە پێی قسەکانی مەسعود یڵمازی سـەرۆکوەزیران، کـردەوە سـەربازییەکانی تورکیـا، بـە مەبەسـتی گـەڕان بـە دوای "تیرۆریـستان"دا بـوون، کـە لـە ناوچـە سنورییەکان هێرشیان دەکردە سەر هێزەکانی تورکیـا. لـە لایـەکی تریـشەوە، بـۆ ئازادکردنی (٧) کەس بوو، کە لەلایـەن پـارتی کرێکـارانی کوردسـتانەوە، بـە دیـل گیرابوون و بۆ ئەم مەبەستەش، نەخشە و پلان داڕێژرابوو، بەڵام یەکێك لە ئامانجە بنـچینەییەکانی حکومـەتی تورکیـا، لـەو کـردەوە سـەربازیانەدا، سـەرکوتکردنی چالاکیی کورد بوو[2].

---

[1] ش.خ.مەوگوی و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩.

[2] هەمان سەرچاوە، ل١٠٩.

بەشی چوارەم

# سەردەمێکی نوێ لە مێژووی کورد لە تورکیا

**بەشی چوارەم/ سەردەمێکی نوێ لە مێژووی کورد لە تورکیا:**

**باسی یەکەم/ هەوڵەکانی چارەسەرکردنی دۆزی کورد:**

وەك لە بەشەکانی ڕابوردوودا ئاماژەمان پێدا، سەربارى ئەوەى حکومەتى تورکیا لە درێژەدان بە سیاسەتی نکۆڵیکردن لە هەبوونی کورد، بەردەوام بوو، لە کۆتایی هەشتاکاندا، هەنگاوە بەراییەکانی گۆڕانی دیدی فەرمی دەوڵەتی تورکیا، دەستیان پێ کرد و یەکێك لە ڕووخسارە بنەڕەتییەکانی سیاسەتی ئۆزال لەسەر ئاستی ناوەوە، هەوڵدانی بوو بۆ بە مەدەنیکردنی ژیانی سیاسی و فیکریی تورکیا و سەیرکردنی دۆزی کورد بە دیدێکی کراوەتر و هاوچەرخانەتر[1].

لە ئەیلولی ١٩٨٩دا، لە وەڵامێکی مەبەستداردا، دەربارەی ئەو پرسیارەی: ئایا کەمینەیەك لە تورکیا هەیە یان نا؟ تورگوت ئۆزال وتی: "ئەگەر حکومەت لە ساڵەکانی سەرەتای حوکمی کۆماری و لە ماوەی حوکمی تاکحیزبیدا چەند هەڵەیەکی کردبێ دەربارەی ئەو بابەتە، ئەوا پێویستە دان بەو هەڵانەدا بنێت"[2].

ماوەیەکی کەمیش دوای هەڵبژاردنی بە سەرۆککۆماری تورکیا، لە ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٩دا، لە هەڵوێستێکی تاوەکو ئەوکاتە بێوێنەدا ڕایگەیاند: گەلی تورکیا لە زۆر ڕەگەزی جودا پێکهاتووە، کە پاشماوەی ئیمپراتۆریەتێکن[3]. بەمەش ئۆزال دانینا بە پێکهاتەی فرە کولتوری و فرە ڕەگەزیی تورکیا و دەربڕینی ئەو ڕاستییەشی بە پێشکەوتنی تورکیا بۆ هەنگاونانی چارەسەرکردنی دۆزی کورد لەقەڵەمدا.

---

[1] فەرۆز ئەحمەد و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٦.

[2] میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص٩٢.

[3] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٦.

ئۆێزال دەیویست دۆزی کورد، بە ڕێگەیەکی ئاشتیخوازانە چارەسەر بکات. بۆ ئەم مەبەستەش بەشێك لە دیموکراتخوازانی ناو حکومەت و پەرلەمان و هێزە سیاسییەکانی تورکیای لەگەڵ بوو، بەلام سەرکردایەتیی سەربازی، دژی وەستان[1]. لە نیسانی ١٩٩٠دا، پێشنیازێکی دەربارەی گرتنەبەری سیاسەتێکی نوێ بەرانبەر کورد خستە ڕوو. هەر وەك لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ پیاوانی پیشەسازی و پیاوانی کار (**Türkıya Sanayi ve Iş Adamleri–Tusiad**) ڕایگەیاند: "حکومەت بە باشی بەدوای هەڵێنجانی نموونەیەکی باشەوەیە بۆ چارەسەر کردنی (کێشە)ی کورد، بە ڕێگەیەکی دوور لە ڕێوشوێنی پۆلیسی"[2]. وەك کاردانەوەیەك بۆ ئەو وتانەی ئۆێزالیش، لە بەرانبەردا عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان، بۆ دوو لە ڕۆژنامەنووسە تورکەکان وتی: "با ئاگربەست ڕاگەیەنین و لە دەوری مێزی گفتوگۆ دانیشین، ئەگەر تورکیا وازی لە سەرکوتکردن هێنا لە ناوچە کوردییەکاندا، ئەوا بە دەوری خۆمان لە کاری [چەکداری] واز دەهێنین... لە ڕاستیدا بەهیچ شێوەیەك بوار نییە بۆ قسە کردن لەسەر جیاکردنەوەی ناوچەکە لە تورکیا، ئەمە کارێکە قسە هەڵناگریت و گەلەکەمان پێویستی بە تورکیایە و بەلایەنی کەمەوە بۆ چل ساڵی داهاتوو ناتوانین لێی جیا ببینەوە"[3]. ئەم وتەیەش نیشاندانی هەڵوێستی ڕوونی ئۆجەلان بوو، بە ئاقاری چارەسەرکردنی دۆزی کورد، بە شێوەی ئاشتییانە و دوورکەوتنەوە لە شێوازی پێشووی کاری چەکداری. بە دوای ئەوەشدا، لە ٥ی تەمموزی ١٩٩٠، تورگوت ئۆزال، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (ئێزڤێستیا)ی سۆڤیەتی، دەربارەی دۆزی کورد، وتی: " (کێشەکە) زۆر کۆنەو زۆر ئاڵۆزە، ئەمڕۆ نەك هەر سەرنجی تورکەکانی ڕاکێشاوە بەڵکو هی کۆمەڵی جیهانیش، ئێمە ڕامان وایە کە ئەم (کێشەیە) تەنها بە ڕێگەی ئاشتییانەو یەکسانانە چارەسەر دەبێت و دەکرێ واز لەو ڕکەبەرایەتی و تیرۆر و

---

[1] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٢٩.

[2] میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص٩٢.

[3] نفس المصدر، ص٩٢.

[بێسەروبەرییە] بهێنرێ"[1]. بەو شێوەیە، بە درێژایی مێژووی کۆماری تورکیا و بۆ یەکەمین جار، دان بە بوونی دۆزی کورددا نرا و ئاوات بۆ ئەوە خوازرا بە رێگەیەکی ئاشتیانە دۆزەکە چارەسەر بکرێت. ئەمەش هەنگاو و مەیلێك بوون بۆ چارەسەرکردنی ئەو دۆزەی کە سەرتاپای لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگای تورکی گرتبۆوە.

وەك لە باسی چوارمی بەشی رابوردوودا ئاماژەمان پێدا، ئەو گۆڕانکارییانەی لە جەنگی گەردەلولی بیاباندا، لە ساڵی ١٩٩١، روویان دا، بوونە هۆی دەسپێکی قۆناغێکی گرنگ لە قۆناغەکانی گەشەسەندنی دۆزی کورد لە تورکیا. لەو ساڵەدا، چەند پرسێك کە پەیوەندییان بە داننان بە مافەکانی کوردەوە هەبوو، لەلایەن پارتە سیاسییەکانی تورکیاوە، گفتوگۆی لەسەر کراو ٢٧ی کانونی دووەمی هەمان ساڵیش، حکومەتی تورکیا، بڕیاریدا، پێشنیاز بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانیی گەورەی تورکیا بکات، قانونی ژمارە (٢٩٣٢) کە قسەکردن و نووسینی بە زمانی کوردی قەدەغە کردبوو هەڵبگیرێت. بۆ بەرگری کردن لەو هەڵوێستەش، هەروەك نادر ئینتیسار دەیگێڕێتەوە، تورگوت ئۆزال رروونی کردەوە: لەبەرئەوەی شەش کەسی تورکیا یەکێکیان کوردە، پێویستە حکومەتەکەی دان بە واقعیەتی مافی زمانی کوردیدا بنێت[2].

ئەم پێشنیازەی ئۆزال، کاردانەوەی جیاوازی لە نێوان پارتە سیاسییەکانی تورکیادا لێکەوتەوە. ئەردالْ ئینەنۆ، ئەو بیروباوەڕەی دەربڕی کە ئۆزال ئەو سیاسەتەی پەیڕەو کردووە کە لەلایەن پارتەکەیەوە بە شێوەیەکی سەرەکی پەسەند کراوە. نەیارەکانیش ئۆزالیان تاوانبار کرد بە قۆستنەوەی ئەم پێشنیازە بۆ بەرژەوەندیی سیاسییانە و تەنانەت ئەم سیاسەتە لەلایەن (پارتی نیشتیمانی دایك)ی فەرمانڕەواش ڕەت کرایەوە[3]. بەم شێوەیە، پارتەکەی خۆشی لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نەبووە، تەنها ئۆزال وەك سیاسەتمەدارێکی پراگماتی ئەو دیدەی

---

[1] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل ١٣١.
[2] نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٨.
[3] هەمان سەرچاوە، ل١٣٨.

دەربڕیوە. سلیمان دێمیرێلی سەرۆکی (پارتی ڕێگای ڕاست)یش ڕایگەیاند " ئەم جوڵانەوەیە، هەوڵێکە بۆ دابەشکردنی وڵات... ئەوە مەزنترین زیانە کە لەوانەیە بەر تورکیا بکەوێت"[1]. هەروەها پرسی: ئایا حکومەت و پارتی فەرمانڕەوا، ڕێگە بە زمانی کوردی دەدەن لە قوتابخانەکان و لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانەوە بڵاو ببێتەوە؟ ئایا ڕێگە دەدەن بە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە بەڕێوەبردندا؟ ئەگەر ئەمە نەکرێ، ئەوە مانای وایە بەکارهێنانی ئەو مەسەلەیە جۆرێکە لە فریودان و خەڵەتاندن[2].

دەربارەی ئەو پرسیارەی ئایا پێشنیازی تازەی ئۆزال ڕێگە دەدات بە چاپکردنی کاسێت و کتێب بە زمانی کوردی. وەزیری دەوڵەت، ئۆڵتان سونگورلو (**Sungurlu Oltan**) لە وەڵامدا وتی: "ئەو زمانە چییە؟ من زمانێکی وا ناناسم". وەزیری لیژنەی دادوەرییش ئەلپ ئەسڵان پەهلەڤانلی (**Alp Aslan Pehlivanli**) لەناو پەرلەماندا، دەربارەی مەترسیی سەربەخۆیی لەو پێشنیازەدا وتی: "ئەگەر بەکارهێنانی زمان لە لیستەکەدا بمێنێتەوە، ئەوا ئێمە بڕیار دەدەین کە کورد نەتەوەیە... ئەگەر کاروبارەکان بەم شێوەیە بەرەو پێشەوە بڕۆن، ئەوا سبەی لە چایخانەکاندا دەبینین [دەنگی] گۆرانی میللی بەرز دەبێتەوە، لە شانۆکاندا فیلمی کوردی پێشکەش دەکرێت و چایخانەکان بە کوردی نەبێت قسەی تێدا ناکەن، ئەگەر ئەمە جیابوونەوە نەبێ ئەی ئەمە چییە"[3]. ئەمەش هەڵوێستێکی نەرێنیی دەسەڵاتدارانی تورکیا بوو بەوەی ئامادە نەبوون دان بە هیچ مافێکی کورددا بنێن، تەنانەت دژ بەهەر هەوڵێکی لەو جۆرە وەستانەوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هەنگاوەکانی دانان بە دۆزی کورد، هەروا ئاسان نەبوون، نەریتی ڕەتکردنەوەی کورد، ڕەگوڕیشەیەکی قوڵی لە وڵاتی تورکیادا هەبوو.

هەروەها ڕۆژنامەی (تورکمان) کە ڕۆژنامەیەکی کۆنەپارێزی کاریگەرە، ئۆزال و تورکیای ئاگادار کردەوە لەوەی ئەو سیاسەتە لیبراڵیەی زمان، زیاتر کورد

---

[1] میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص٩٤.

[2] بڕوانە: نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٨.

[3] میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص٩٤-٩٥.

دەکات بە سیاسی و ڕادیکاڵ و هانیان دەدات بۆ داواکاریی سیاسی، کە لە داهاتوودا، خۆی لە جیابوونەوەدا دەبینێتەوە. جەمیل سیجاك (**Cemil Sıcak**)ی وەزیری دەوڵەتیش، لەوە ترسا، ئەگەر مەسەلەی زمان، چارەسەر کرابایە، ئەوا کورد، ئێستا داوای وەرگرتنی مافی کەمایەتییان دەکرد، دواتریش یان داوای ئۆتۆنۆمی، یان داوای دەوڵەتیان دەکرد[1].

جگە لەمانە پەرچەکرداری هەندێ لە ڕۆژنامەنووسەکان، لایەنگرییەکی بە ئاگا بوو بۆ دەستپێشخەرییەکەی ئوێزال، لەوانە محەمەد عەلی بیراند ( **Mehmet Ali Birand**)ی ڕۆژنامەنووسی دیاری تورك، ڕایگەیاند ئەو هەنگاوەی ئوێزال، وێنەی تورکیا لە ئەوروپا جوان دەکات، هەروەها، ڕۆژنامەنووس (ئەرتوگرل) لە ڕۆژنامەی حورییەت (**Hürriyet**) کە هەموو کات وەك قسەکەرێکی نارەسمی، بە ناوی ئوێزالەوە قسەی دەکرد، وای دەبینی، ئەو هەنگاوەی سەرۆك ئوێزال، یەکەم بەرەنجامی ئەرێنییە بۆ جەنگی کەنداو. (یوجور مۆمچو)ش لە ڕۆژنامەی جمهورییەت (**Cümhuriyet**) ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، تاوەکو ئێستا، چەندین قانونی هەمەجۆر (کە پەیوەندییان) بە بانگەشەی "جیاخوازییەوە" هەیە، لەوانەیە، دژی کوردەکانی تورکیا و لایەنگرەکانیان بەکار بهێنرێت، هەروەها، ئاماژەی کرد بە قانونی پارتە سیاسییەکان (کە تاوەکو ئێستا) ڕێگە نادات بە پارتەکان، ناوی بوونی کەمینەی نەتەوەیی لە وڵاتدا بهێنن. (تەها ئیکیول)یش، پێی وابوو، زمانی کوردی بە سیاسەتکراو، دەبێتە چەکێکی توند، بۆ جیابوونەوە و دابەشبوون. ئیسماعیل بێشکچیش پێی وابوو: "واقیع پێمان دەڵێ پلانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست کە بوونی نەتەوەیی و پێویستییە سیاسییەکانی کوردی بە حیساب وەرنەگرتووە، سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت"[2]. شەرەفەدین ئێلچی کورد (**Şerafettin Elçi**) و وەزیری پێشوو، هەروەها ئەندامپەرلەمان و نووسەر و ڕۆژنامەنووس (موسا عەنتەر) و (سەرتاج بوجاك)ی خاوەنی هەفتەنامەی وڵاتی نوێ (**Yeni Ülke**) و گۆرانیبێژی میللی ناسراو (ڕەحمی ساڵتوك)،

---

[1] بڕوانە: نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٩.

[2] میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص٩٥-٩٦.

دەستپێشخەرییەکەی ئوێزالیان وا شی دەکردەوە، کە بەس نییە، "ئەگەر کێشەکە قسەکردن بێت بە کوردی، ئەوا ئێمە قسەی پێدەکەین. گرنگ مافی فەرهەنگییە. کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردییە، فۆلکلۆری کوردی، پێویستە بە ئازادی پراکتیزە بکرێت، پێویستە توانای بڵاوکردنەوەی پەخشی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی کوردی هەبێت"[1]. هەروەها (کەندال نەزان)ی سەرۆکی ئینستیتۆی کوردی لە پاریس لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ گۆڤاری نوقتە (**Nokta Dergisi**)ی تورکی وتی: "سەرۆك ئوێزال دەبێت بە کردەوەکانی هەڵبسەنگێنرێت نەك بە قسەکانی..."[2]. جگە لەم چاوپێکەوتنەش، کەندال نەزان، دەربارەی پێشنیازەکەی ئوێزال، پێی وابوو، پێشنیازێکی ئەرێنییە بەرەو چارەسەرێکی ئاشتی و دیموکراتی و شارستانیانەی دۆزی کورد لە تورکیا. هەروەها دەیوت "تورگوت ئوێزال یەکەم کەسی دەوڵەتی تورکیایە...کە قبوڵ دەکات و دان بە بوونی کورد لە تورکیادا دەنێت". عەبدوڵڵا ئوێج ئالانیش وتی: "بۆ حەق دەیڵێم، من چاوەڕێی ئەوەم لە ئوێزال نەدەکرد کە خاوەنی ئەو ئازایەتییە بێ...لەو ڕێرەوەدا، ئێمەی خەجاڵەت کرد...هەنگاوێکی گەورەی ناوە"[3]. کاتێکیش هەندێ لە کوردەکان، ناڕەزاییان لەو بڕیارەی حکومەت دەربڕی و وایان دانا ئەو بڕیارە، سەرکەوتوو نییە، لەبەرئەوەی قەدەغەی لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی، لە فەرمانگەکانی حکومەت و بواری فێرکردندا، هەڵنەگرتووە، لە بەرانبەردا ئوێزال ڕایگەیاند: "لە داهاتوودا لێپێچینەوەی تر بۆ دانپێدانانی مافی نەتەوایەتیی کورد دەکرێت، بەڵام ئەو کارە پێویستی بە ئارامگرتنە"[4].

دوای ئەم هەنگاوانە، لە ٢٣ی ئاداری ١٩٩١، عەبدوڵڵا ئوێج ئالان، ڕایگەیاند: بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی دۆزی کورد لە تورکیا، ئامادەیی هەیە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ لێپرسراوانی تورکیا. دوای ئەم ڕاگەیاندنە ئەرێنییەی ئوێج ئالانیش، پەرلەمانی تورکیا، لە ١٢ی نیسانی ئەو ساڵە، پرۆژەی قانونی

(١) نفس المصدر ، ص٩٦–٩٧.

(٢) بڕوانە: نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٩.

(٣) بڕوانە: میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٩٧.

(٤) عثمان علي، المصدر السابق، ص١٧.

بەگژاچـــوونەوەی تـــیرۆری پەســـەند کـــرد و تێیـــدا قـــانونی ژمـــارە (٢٩٣٢) هەڵدەوەشـاندەوە کـە بـەکارهێنانی زمـانی کـوردی قەدەغـە کردبـوو، هـەروەها، ماددەکانی (١٤١، ١٤٢، ١٦٣)ی لە قـانونی سـزادانی تورکیـدا هەڵوەشـاندەوە کـە کۆتوبەندی خستبووە بەردەم دەربڕینی ئازادانەی بیروڕا و بانگەواز و دامەزرانـدنی پـارتی چـەپ و ئـایینی و ئەنـدامبوون تێیانـدا، لەگـەڵ هەڵوەشـاندەوەی قـانونی خیانەتی نیشتیمانی کە دواکاریی نەتەوایەتیی کـوردی بـە خیانـەت و هەوڵـدان بـۆ دابەشـکردنی وڵات تۆمـەتبار دەکـرد، سـزای (٢٠) سـاڵ زینـدانیـشی لـەبری سـزای لەسێدارەدان سەپاند بەسەر ئەوانەی تاوان دژی دەوڵەت دەکەن، یاخود بەشـداری لـە کـردەوە "تیرۆریـستییەکان"دا دەکـەن و ئازادییـەکی زۆریـشی بـە دەربڕینـی بیروبـاوەڕ دا و ئـەو کۆتوبەندانـەی کـە بەسـەر ڕۆژنامەگەریـدا سـەپێنرابوون، هەڵوەشـــاندنەوە، جگـــە لـــە هـــەواڵی ناوچـــەکانی بـــاری نائاســـایی (ناوچـــە کوردنشینەکان) نەبێت، قانونی لێخۆشبوونی مەرجداریشی پەسەند کرد، کە بـووە هۆی ئازادکردنی زیاتر لە (٤٠) هەزار کەس کـە سـێیەکیان کوردبـوون و ئەنـدامانی پارتی کرێکارانی کوردستان بوون[١]. سـەبارەت بـە قـانونی پەسـەندکردنی زمـانی کوردیش (سودوەرگرتنی ئازاد، لە زمانی کوردی و زمانـەکانی دیکـە)، هەرچـەندە قانونەکە، زمانی تورکی بە زمـانی ڕەسمیـی وڵات دانـا و هـەموو داواکارییـەکی لـە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەتی تورکیادا، بە زمانی تورکی سـەپاند و سـزای (٢,٥) ملیۆن لیرەی وەك ئاگادارکردنەوە بەسەر سەرپێچیکاردا سەپاند، لە لایەکی ترەوە دەتوانرا زمـانی کـوردی لـە بـواری مۆسـیقا و لەسـەر گرامـافۆن و ڤیـدیۆ و کاسێت بەکاربهێنرێت، بەڵام لە ڕادیـۆو تەلـەفزیۆن و فـیلم، بـەکارهێنانی قەدەغـە بوو، بە پێچەوانەوە، هەرکەسێك، ئەم سنورەی بەزاندبا، بە (٢٥–٥٠) ملیۆن لـیرە سزادەدرا[٢].

---

[١] ابـراهيم الـداقوقي، المـصد الـسابق، ص٣٤٨" خليـل علـي مـراد وآخـرون، المـصدر الـسابق، ص١٨٦.

[٢] ش. خ. مەوگوی و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠.

ئەم هەوڵانەی حکومەتی تورکیا و دەرکردنی ئەم پـڕۆژە قانونـە، بـە تایبـەت قـانونی پەسـەندکردنی زمـانی کـوردی، هیـچی لـە بـارەی بـەکارهێنانی زمانەکـە نەگۆڕی، بەڵکو دەسـەڵاتدارانی تورکیـا دەیانویـست ڕای گـشتی نـاوخۆ و دەرەوە بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و ناڕەزایەتیی کوردەکان کـەم بکەنـەوە و پێگـەی خۆیـان بە تایبەت لەلای گەلانی عێراق بەهێزبکـەن و ڕای گـشتیی جیهـان بـە لای خۆیانـدا ڕابکێشن، کە تورکیایان بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ تاوانبار دەکـرد[1]. جگـە لەمـە قـانونی بەگژداچـوونەوەی تـیرۆر، بـەمجۆرە تـیرۆری ناسـاند: "ئـەو کەسـەیە، کـە هەڵدەستێ بە کاری جیاخوازی لـە ڕیـزی نیـشتیمان و دابەشـکردنی وڵات و کـاری تیرۆریستی بە ڕێککـەوتن لەگـەڵ کەسـێکی تـر یـان زیـاتر کـە حـوکم دەدرێـت بـە زیندانیکردنی بۆ ماوەی (٥–٨) ساڵ یان بە پارە غەرامە دەکرێت"[2].

ئەم قانونە هەر پڕوپاگەندیـەکی دژ بـە یـەکێتیی خـاکی تورکیـا بـە خیانـەت دادەنا، ئەمەش دیسان "جوداخوازی"ی کوردی لای دەوڵەتی تورکیا زیندوکردەوە و دەرگای پێشێلکردنی مافی مرۆڤی بۆ هێزەکانی ئاسایش خستە سەر پشت. ئەم قانونـە، لەلایـەن پـۆلیس و سـوپاوە، بـۆ داخـستنی ڕۆژنامـە کـوردی و دۆسـتی کوردەکان و تاوانبـارکردنی ئـەو پەرتوکانـەی لـەبارەی کـوردەوە دەیاننووسـین و گرتنـی لایـەنگرانی مافـەکانی کـورد، بـەکارهات، (تەنانـەت) پـارێزەران، کـە پارێزگارییان لە یەکێك بکردبایە، کە بە پێی ئەو قانونە گیرابێت، دەتوانرا تاوانبـار بکرێت و بدرێت بـە دادگـا، هـەروەها دەتـوانرا دژ بـە چـالاکوانە دیارەکـانی مـافی مـرۆڤ، بـەکاربهینرێت، بێگومـان دژ بـە هەرکەسـێکیش کـە گومـانی یارمەتیـدانی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستانی لێبکرێت[3].

لەگەڵ نزیکبوونـەوەی وادەی هەڵبـژاردنی تـشرینی یەکـەمی ١٩٩١ و لـە ١٤ی ئەو مانگەدا ئۆیزال لە ڕاگەیاندنێکیدا کە لە ڕادیۆ جیهانییەکان بڵاوکرایـەوە، داوای بـەکارهێنانی شـێوازی دیمـوکراتی بـۆ چارەسـەرکردنی دۆزی کـورد کـرد و وتـی:

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل١٠١.

[2] ابراهيم الداقوقي، المصد السابق، ص٣٤٨–٣٤٩.

[3] کەندالّ و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٣–٤٣٤.

"پێویسته چارەسەری (کێشه)ی یاخیبوون/جیاخوازیی کوردەکان بکرێت". هەروەها ڕایگەیاند: "سووره لەسەر دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی بۆ ئەو (کێشه)یه"، بۆ ڕۆژی دواتریش ئۆیزال بۆ ڕۆژنامەی (حوریيەت) جەختی لەسەر پێویستیی بەکارهێنانی شێوازی ئاشتییانه بۆ چارەسەر کردنی دۆزی کورد کردەوه و وتی: "پێویسته واز له بەکارهێنانی هێز بهێنرێت بۆ چارەسەر کردنی (کێشه)ی کورد و پێویسته دان به مافی هەموو هاوڵاتییەکدا بنرێت، بۆ دەربڕینی ناسنامه ڕەسەنەکەی". ڕاشیگەیاند که ئامادەیی هەیه بۆ دانوستان لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان، دەربارەی پێکهێنانی یەکێتییەکی فیدراڵی تورکی-کوردی[1]. ئەمەش لەو کاتەدا هەنگاوێکی گەوره و ئازایانه بوو. پێشتر وێڕای ئەوەی ناوهێنانی کورد قەدەغه بوو، سزاشی لەسەر بوو، ئێستاش بۆ یەکەمجار سەرۆککۆمارێکی تورکیا، باس له گفتوگۆکردن لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان دەکات و سیستەمی فیدراڵی بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد له تورکیا، پێشنیاز دەکات.

له لایەکی تریشەوه، سلیمان دێمیرێل لەپێناو ڕاکێشانی دەنگی کورد له هەڵبژاردنەکاندا بەلای خۆیدا، گۆڕانکارییەکی کتوپڕ له هەڵوێستیدا بەرانبەر به دۆزی کورد ڕووی دا و له ڕاگەیاندنەکانیدا چەند جارێك دووپاتی کردەوه ئەگەر له هەڵبژاردندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت ئەوا چارەسەری دۆزی کورد دەکات (به خۆشەویستی و دۆستانه)، بەڵام نیازی خۆشی له لێدانی خەباتی چەکداری کوردی نەشاردەوه، که وتی: "تیرۆر له ڕۆژهەڵاتی وڵات له ڕەگوڕیشەوه دەردەهێنین"[2]. له کۆبوونەوەیەکیشدا که له نێوان دێمیرێل و ئینەنۆ به مەبەستی پێکهێنانی حکومەت بەسترا، دێمیرێل ئەرکه سەرەکییەکانی حکومەتی دیاریکرد، به (چەسپاندنی دیموکراتی و چارەسەرکردنی "کێشەی تیرۆر" و بەدیهێنانی ئاسایش و ئارامی و چاکسازی له بوارەکانی بەرگری و فێرکردن و تەندروستی). هەردوو سەرکردەش ئاشکرایان کرد که حکومەتی تازه، بوار به کوردەکان دەدات مافه

[1] صلاح سعدالله، المصدر السابق، ص٧٨-٧٩.

[2] بڕوانه: عثمان علي، المصدر السابق، ص١٧.

ڕۆشنبیرییەکانیان پراکتیزە بکەن، لەناو ئەو مافانەشدا، دەرکردنی ڕۆژنامە و چاپکراوەکانی تر بە زمانی کوردی[1]. کاتێکیش حکومەت بە سەرۆکایەتیی دێمیرێل، بە هاوبەشی لەگەڵ پارتی گەلی سۆسیال دیموکرات (SHP) پێکهات، (SHP) لەگەڵ پارتی خەڵکی زەحمەتکێش (HEP) ڕێککەوت و بەمەش (HEP) چووە ناو پەرلەمان، کە (٢٢) کورسیان لە ناوچە کوردییەکاندا بەدەست هێنا، وەك پێشتر ئاماژەمان پێیدا[2].

لە ڕاگەیاندنێکی تردا، لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا، دێمیرێل ڕایگەیاند: تورکیا "وڵاتێکە چەند گەلێکی جیاوازی تێدا دەژی، کە خۆیدەدا لە بیستوشەش نەتەوەی جیاواز". هەروەها وا باسی دۆزی کوردی کرد کە: کێشەیەکی گەورەی ژمارە یەکە لە وڵاتدا. لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتیشدا، وتی: "سنوری تورکیا، ئاڵای تورکیا و زمانی فەرمی، بواری گفتوگۆکردنی نییە، بەڵام داواکاریی نەتەوەکان بۆ پاراستنی زمانی دایکیان و ڕۆشنبیرییان ڕەتناکەینەوە. پیشتریش بە زمانی ڕەسەنی خۆیان دواون، خاوەنی مێژووی تایبەت و زمان و فۆلکلۆری خۆیانن. ئەگەر نەتەوەکان دەیانەوێ گەشە بەوانە بدەن بابیکەن". ئەردالێ ئینەنۆی جێگریشی دوای ئەوەی دەسەڵاتی گرتە دەست وتی: "پێویستە بە تەواوی دان بە ناسنامە و ڕۆشنبیریی کوردیدا بنرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، ئێمە، پێویستە دان بەو ڕاستییەدا بنێین، کە هەندێ لە دانیشتوانی تورکیا تورك نین، بەڵکو لەژێر سێبەری کۆماری تورکیادا دەژین و ئینتیمایان بۆی هەیە"[3].

جگە لەمەش، دێمیرێل تەنها لە ڕۆژانی یەکەمی دەسەڵاتیدا، چەند هەنگاوێکی ئەرێنی هەڵێنا، کاتێك گیراوانی زیندانی ئەسکی شەهری کە (٢٢٧) گیراوی سیاسی بوون و لەسەر ناسنامەی نیشتیمانی گیرا بوون، ئازاد کرد، هەروەها هەندێ ڕێگەی بە خێزانەکاندا ناوی کوردی لە منداڵەکانیان بنێن و هەندێ فیلم و کاسێت

---

[1] صلاح سعدالله، المصدر السابق، ص٨٧.

[2] **Henri J. Barkey and Graham E. Fuller, Turkey's Kurdish Question, Published in the United States of America by Rowman & Littlefield Publishers, Inc, New York, 1998, P85.**

[3] بڕوانە: میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٩٩.

لەلایـەن دەزگـای سانـسۆر (رقابـە) لـە لیـستی قەدەغـە کراوەکـان هـەڵگیرێن و ڕێگەشـیدا بـە کردنـەوەی یەکـەم ناوەنـدی کـوردی بـە سـەرۆکایەتیی ئیـسماعیل بێشکچی لە ئەستەنبوڵ و دەرکردنی هەندێ ڕۆژنامە بە زمانی کوردی[١]. لەوانـەش ڕۆژنامـەی (یـەنی ئویلکـە)، کـە لەلایـەن لایـەنگرانی پـارتی (**HEP**) دەردەکـرا[٢]. ڕۆژنامەی ئوێزگویر گویندەم (ڕۆژەفـی ئـازاد) یەکـەمین ژمـارەی بـە نزیکـەی (٣٠) هەزار تیراژ (١٠ هەزار لە دەرەوەی وڵات)، لـە ٣١ی مایـسی ١٩٩٢، بـڵاو کرایـەوە. ڕۆژنامەی (ئازادی)یش کە سەر بـە پـارتی سۆسیالـستی کوردسـتان بـوو، هـەر لـە هەمان مانگدا بڵاوکرایەوە[٣].

لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٩١ (کە تا ئەوکاتە) ژمارەی کوژراوان لە نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و هێزەکـانی تورکیـا گەیـشتبووە سـێ هـەزار کـەس، (عیسمەت ئیمسەت)ی ڕۆژنامەنووس لە عەبدوڵڵا ئوێج ئالانی پرسی: ئایا ئامادەیـە ڕێگەچارەیەکی فیدڕاڵی قبوڵ بکات؟ ئوێج ئالانیش لە وەڵامدا وتی: "بە مسۆگەری ئەمە ئەو شتەیە، کە ئێمە دەمانەوێ". ئەم ڕاگەیاندنە ئەرێنییەی ئوێج ئالانیش بە قبوڵکردنی ڕێگەچارەیەکی فیدڕاڵی، نیشاندەری مەیلێك بوون بـۆ چارەسـەرکردنی دۆزی کـورد لـە تورکیـا و جیـاواز بـوو لـە پێـشوو کـە بـە تونـدی قـسەی لـە کوردستانێکی سەربە خۆ دەکرد[٤]. جەلال تاڵـەبانیش لـە سـەرەتای ئـەو مانگـەدا چەکدارە کوردەکانی لە کوردستانی تورکیا بۆ ئاگربەست بانگهێشت کرد و هیـوای خواست لە خەباتی چەکدارانەیان لەپێناو سەربەخۆییدا دەست هەڵبگرن، هەروەها ڕایگەیاند ئەگەر داوا بکرێـت ئـەوا دەتوانـێ ڕۆڵـی ناوبژیکـەر لـە نێـوان ئەنقـەرە و پارتی کرێکارانی کوردستاندا ببینێ[٥].

لە مانگی کانونی یەکەمی ئەو ساڵەدا، سـلیمان دێمیرێـل بـە هـاوەڵی ئـەردالْ ئینەنۆ و سەرۆکی فەرماندەیی گشتی سوپا (دۆغـان گیـورەش–**Doğan Güreş**)

---

[١] میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص١٠٠.

[٢] : عثمان علي، المصدر السابق، ص١٧.

[٣] بڕوانە: کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب. دووەم، ل١٨٣–١٨٤.

[٤] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠٥.

[٥] ش.خ.مەوگوی و ئەوانی تر ، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠.

و چـەندین کاربەدەسـتی گـەورەی تـر و گروپێکـی بەرچـاوی ڕۆژنامەنووسـان سەردانێکیان بۆ ناوچە کوردییەکان ڕێکخست. لـەم سـەردانەدا دێمیرێـل ڕایگەیانـد کـە حکومەتەکـەی دانـی بـە هـەبوونی کـورد لـە تورکیـادا نـاوە و هەوڵـدەدات ڕێگەچارەیەکی سیاسی بۆ دۆزەکەی بدۆزێتەوە[1]. لە هەنگاوێکی تـردا حکومـەتی هاوپـەیمانی لـە کـانوونی دووەمـی ١٩٩٢ (مـافی هـاوڵاتێتی) ١٥ هـەزار کەسـی گەڕاندەوە کە دوای کودەتای ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ وڵاتیان جێ هێشتبوو، حکومـەت لێی زەوت کردبوون. بەپێی قسەی وەزیری ناوخۆش، حکومەتی تورکیا، هەوڵدەدا کۆتایی بەو کارو کردەوانە بێنێت کە دەبنە مایەی پێشێلکردنی بنەماکانی مـاف و ئازادییـە گشتییەکان. جگـە لەمـە حکومـەت بـەڵێنی دابـوو هـەموو ئـەو قانونانـە هەڵوەشـێنێتەوە کـە لـە سـەردەمی حـوکمی سـەربازیدا (١٩٨٠–١٩٨٣) دەرچـوو بوون[2].

بەڵێنەکانی دێمیرێل، بە مەبەستی چارەسەرکردنی دۆزی کـورد، تـەنها قسـە بـوون و هیـچی جێبـەجێ نـەکران. پێـشتر و دوای هەڵبـژاردنی تـشرینی یەکـەمی ١٩٩١، وەك لـە بەشـی ڕابـوردوودا ئاماژەمـان پێیـدا، دوای سـوێندخواردنی دوو ئەندامپەرلەمان (خەتیب دیجلە و لـەیلا زانـا)، تورکـەکان ئەمـەیان بـە سـوکایەتی زانـی و هـەردوو نوێنـەریان لـە پـارتی گـەلی سۆسـیال دیمـوکرات دەرکـرد. بـەم شێوەیە، دەسەڵاتدارانی تورکیا کە ڕێگەیان نەدەدا باسی کورد و زمانی کوردی لە ناو پەرلەمانی تورکیادا بکرێ چۆن دەگەیشتە ئەوەی لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆیج ئالانـدا گفتوگۆ بکەن[3]. کاتێك، تورگوت ئۆزال لە ٣١ی کانوونی دووەمـی ١٩٩٢، قـسەی لە لێبوردنی پێشمەرگەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و قبوڵکردنی وەك پارتێك دەکرد کە بتوانێ لە سیستەمی سیاسیی وڵاتـدا بەشـداری بـێ، لەلایـەن دێمیرێلـی ڕێبـەری بـیری کۆنەپارێزانـەوە، دژایـەتی کـرا و ڕەت کرایـەوە، لەبەرئـەوەی ئـەم هەنگاوەی بە دژی دەستور لەقەڵەم دەدا[4].

---

[1] عثمان علي، المصدر السابق، ص١٨؛ م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی ...،ل١٣٣.

[2] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی...، ل١٣٣–١٣٤.

[3] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠٧.

[4] محمد نورالدين، شؤون تركية، تقرير فصلي، ع (٥)، مركـز للدراسـات الاسـتراتيجية والبحـوث والتوثيـق، بـيروت– لبنـان، كـانون الثـاني ١٩٩٣، ص٣٩؛ دیڤیـد مەکـداول، سەرچـاوەی پێشوو، ل٧٠٧.

لەو ڕوانگەوە، خەتیب دیجلە پێی وابوو: ئەگەر حکومەتی تورکیا، بیەوێ بە ڕاستی چارەسەری دۆزی کورد بکات، ئەوا دەبێت گفتوگۆ لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستاندا بکات. بە بۆچوونی ئەو، پارتی کرێکارانی کوردستان، ئەو ڕێکخراوەیە کە داکۆکی لە مافەکانی کورد لە تورکیادا دەکات[١]. لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونەی دیجلە لە شوێنی خۆیدا بوو، چونکە ئەو ڕووداوانەی کە لە نەورۆزی ١٩٩٢دا ڕوویاندا، لە بری چارەسەرکردنی دۆزی کورد، توندوتیژی لە ناوچە کوردییەکاندا زیاد کرد، کاتێك خەڵکی خەریکی گێڕانی ئاهەنگی نەورۆز بوون و هیوای ئەوەیان دەخواست دەرگای گفتوگۆ لە نێوان حکومەت و پارتی کرێکارانی کوردستاندا بکرێتەوە، هێزەکانی تورکیا، بە بەکارهێنانی تانك و فڕۆکەی ئاسمانی بۆردومانی شارەکانیان کرد و هێزەکانی ئاسایشی (میت)، بە بیانووی گەڕان بە دوای چەك و "تیرۆریستان"دا دەچوونە سەر ماڵان و دەستیان دەکرد بە ڕاو و ڕووت و ئازاردانی خەڵکی و زیاتر لە دوو هەفتە سوپای تورکیا چوار دەوری شارەکانی (ماردین، جەزیرە، دیاربەکر، شیرناخ، هەکاری، وانو...چەند شارێکی تر)ی گرت[٢]. ئەنجامی ئەو کردەوانەش بە لێکدانەوەی هەندێ توێژەر بووە هۆی کوژرانی سەد کەس و برینداربوونی دەیان و دەستگیر کردنی سەدان کەس[٣].

دوای ڕووداوەکەش، وەك ڕۆژنامەنووس (جۆناتان سی- ڕاندڵ) دەڵێ: تورگوت ئۆزال، بە پێچەوانەی ئەو هەنگاوانەی پێشووی، بەڕێوەبەرایەتیی ناوچەکانی باری نائاسایی بە سوپا سپارد و لە ١٨ی ئابی هەمان ساڵدا، هێزەکانی ئاسایش، لە ئەنجامی زانیارییەك بەوەی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە شاری (شیرناخ)دا هەن، هەڵیان کوتایە سەر شارەکە و زیانێکی زۆریان لە شارەکەدا و نزیکەی بیست هەزار کەس لە ترسی ژیانیان شارەکەیان جێهێشت، بە پێی ڕاپۆرتە ڕەسمییەکان، ٣٤ کەسی بێتاوان کوژراون. ئەو هەڵمەتە سەربازییانەش، لە شارەکانی چوکورجە و دارگەچیت درێژەی هەبوو، لە ماوەی

---

[١] کەندالّ و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٤-٤٣٥.

[٢] جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢.

[٣] عثمان علي، المصدر السابق، ص١٨.

(٣٠) ڕۆژدا، پێنج سەد کەس کوژران و تەنها لـە سـاڵی ١٩٩٢دا، دوو هـەزار کـەس لەناوچـوون[١]. جگـە لەمـە ئـازاردان و گرتنـی چـاودێرانی مافـەکانی مـرۆڤ و ئەشـکەنجەدانی زیندانییـە سیاسـییەکان، لـە جـاران زیـاتر بـوون. ئـەو کوردانـەی نەدەبوونە پاسەوانی گوند، دەبوونە قوربانی و گونـدەکان بـە زۆر چـۆڵ دەکـران، ئەمەش یان لەبەرئەوەی دانیشتوانەکەی چەکیان دژی پارتی کرێکارانی کوردستان هەڵنەدەگرت، یاخود لە هێزەکانی گەریلا نزیك بوون یان بە فەرمانی لەشـکر چـۆڵ دەکران[٢]. ئەو هەڵمـەتی تیرۆرکردنـەی کـە (حیزبـوڵلا)ی سـەر بەحکومـەت دژ بـە هاوڵاتیانی کورد دەستی پێکردبوو، ڕووی لـە زیـادبوون کـرد و بـە پێـی ڕاپۆرتێـك تاوەکو کۆتایی کـانوونی دووەمـی ١٩٩٢، (٢٤٥) کـردەوەی تیرۆرسـتییان ئـەنجام داوە. بە پێی ڕاپۆرتێکی تریش، ژمـارەی تیرۆرکـردن، گەیـشتۆتە (٣٦٠) کـردەوە کە (١٤٠) کردەوەیان تەنها لە باتمان بووە[٣]. تـا سـاڵی ١٩٩٣، ئـەم گروپـە (٥٠٠) کەسی لە هەڵسوڕاوانی سیاسی، کوشـتبوو، لـە هەمووشـیان دیـارتر، تیرۆرکردنـی موسا عەنتەر بوو، کە لەسەردانێکیدا بۆ ئامەد، لە ئەیلولی ١٩٩٢، تـیرۆر کـرا. ئـەو ڕۆژنامەنووسانەی بۆ (ئێلکێ بینـە دوغـرو، یـەنی ئویلکـە و ئیۆزگیـور گیونـدەم) و گۆڤارو بڵاوکراوەکانی تری لایەنگری کوردەکان، وتاریـان دەنووسـی دەفرێنـران و دەکـوژران، تەنانـەت فرۆشـیارانی ئـەو بڵاوکراوانـەش، کەوتنـە بـەر هەڵمەتـەکانی حیزبولڵا[٤]. لەوانەش (خالید کونجن)ی پەیامنێری کوردی ڕۆژنامەی (بـەرەو ٢٠٠٠) لـە ١٨ی شـوباتدا، لەلایـەن کەسـێکی نەناسـراو، لـە نووسـینگەی گۆڤارەکـە، لـە دیاربەکر، تیرۆرکرا. شەش ڕۆژ دواتریش، (جەنگیز ئاڵتون)ی پەیامنێری ڕۆژنامـەی (یەنی ئویلکە)، لە شاری ماردین، کوژرا و (حافز ئاکدەمیر)ی پـەیامنێری گۆڤـاری (ئەژێندای نوێ)ش لە ٨ی حوزەیران لە دیاربەکر کوژرا[٥]. دەربارەی ئەم کـردەوە

---

[١] جۆناتان–سـی رانـداڵ، سەرچـاوەی پێـشوو، ل٣٩٧–٣٩٨؛ **Ali Kemal Özcan, Op.Cit, P178.**

[٢] بڕوانە: کەندال و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٤.

[٣] بڕوانە: میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص١٠٢.

[٤] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٠.

[٥] بڕوانە: میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ١٠٣–١٠٥.

تاوانكاريانه، دێميرێل، دوای تیرۆرکردنی موسا عەنتەر وتی: "ئەوانەی کوژران، ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینە نەبوون، ئەمانە یاخیبوو بوون...یەکتریان دەکوشت".
وێڕای ئەوەی حکومەتی تورکیا کەوتبووە وێزەی ڕۆژنامەنووسان، لە هەنگاوێکی تردا، حکومەتی تورکیا، ژمارەیەك ڕۆژنامە و گۆڤاریشی داخست[1]. ڕۆژنامەی (ئیۆزگیور گیوندەم) تایبەت لەبەر بڵاوکردنەوەی دیداری یەك لەدوای یەکی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و تایبەتکردنی بەشێکی بۆ ڕاپۆرتی هەفتانە بە ناوی خوازراوی (عەلی فورات) لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٩٣ ڕاگیرا، دوای ئەوەی پێنج پەیامنێر و چوار کارمەندی دابەشکردنی ڕۆژنامەکە کوژران. لە ٢٦ی نیسانی هەمان ساڵ، سەرلەنوێ ڕۆژنامەکە بڵاو کرایەوە کە دوو کەس لە نوێنەرانی تایبەتی و چوار کەس لە دابەشکەرانی کوژران و چەند جارێکی تریش ڕۆژنامەکە ڕاگیرا. ڕۆژنامەی ئازادییش لە ماوەی (٤٠) ژمارەی یەکەمیدا "(١٥) جار ڕاگیرا و لە تەواوی (١٤٠) ژمارەدا (٦٦) جار سانسۆری خرایە سەر و سەرەنجام بە پێی قانون ڕاگیرا[2].

لە لایەکی ترەوە، لەپێناو هێشتنەوەی ناوچە کوردییەکان لە دۆخی نائاساییدا، لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٩٢، پەرلەمانی تورکیا، لەسەر پێشنیازی حکومەت، بڕیاری درێژکردنەوەی باری نائاسایی لە ناوچە کوردییەکان دا[3]. هەروەها ئەنجومەنی ناوچەکانی باری نائاسایی، لە ناوەڕاستی شوباتی ١٩٩٣، سیاسەتێکی نوێی بۆ ناوچە کوردییەکان ڕاگەیاند کە جەختی دەکردەوە لەسەر دوو بنچینەی سەرەکی، ئەوانیش بریتی بوون لە: ڕێکخستنی وەچە لە باشووری ڕۆژهەڵات و کۆکردنەوەی یەکەی دانیشتوانی بچووك لە ناوچەیەکدا. ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکیاش، ڕەزامەندیی لەسەر ئەو سیاسەتە نیشاندا کە دامەزراندنی دووەم دادگای ئاسایشی دەوڵەتی لە هەرێمی باری نائاسایی لەخۆی دەگرت بۆ سوککردنی ئەو فشارانەی کە تاکە دادگا لە هەرێمەکەدا لەسەریەتی،

---

[1] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٠.

[2] کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب.دووەم، ل١٨٤.

[3] محمد نورالدين، مجلة (شؤون تركية)، تقرير فصلي، ع (٣)، مركز الدراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق، بيروت– لبنان، تشرين الثاني ١٩٩٣، ص٢١.

هەروەها دروستکردنی زینـدانی گـەورە و پـارێزرا و لـە دیاربـەکر تـاوەکو شـوێنی زیندانییە بچووکەکان لە هەرێمەکەدا بگرێتەوە[1].

لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٩٣، کوشـتن و وێرانکـاری لـە ناوچـە کوردییەکانـدا، گەیشتبووە ئەوپەڕی و هیچ کەسێك بـە کەمالیزمـە توندڕەوەکانیـشەوە نکۆڵییـان لـەوە نـەدەکرد دۆزی کـورد گـەورەترین دۆزی تورکیایـە و وڵات بـەرەو لاوازی دەبات[2]. لەم بارودۆخەدا و لە هەوڵێکدا بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە تورکیا، جـەلال تالـەبانی لـە ١٧ی شـوباتی ١٩٩٣، سـەردانی عەبـدوڵلا ئـوێج ئـالانی لـە ماڵەکەی خۆی لە دیمەشـق کـرد و لەگەڵیـدا کۆبـۆوە و داوای کۆتاییهـاتنی شـەڕ و ڕاگەیاندنی ئاگربەستی لـە ئـوێج ئـالان کـرد و ئـەویش داواکـەی تالـەبانی پەسـەند کرد[3]. دوای ئەمە تاڵەبانی لە ٥ی ئاداری هەمان سـاڵ نامـەکی بـۆ ئـوێزال نـارد و ئامادەیی ئوێج ئالانی بۆ ئاگر بەست بە گوێرەی ئەم مەرجانە ڕاگەیاند:

١- ئیدانە کردنی تیرۆر بە هەموو جۆرەکانیەوە.
٢- چارەسـەرکردنی دۆزەکـانی نێـوان هـەردوو گـەلی بـرا (کـورد و تـورك) بـە شێوازی ئاشتیانە نەك بە ڕێگەی پەنابردنە بەر شەڕ و توندوتیژی.
٣- ئوێج ئالان داوای دانوستان ناکات لە نێوان حکومەت و پارتەکـەی، بـەڵکو پێی باشە حکومەتی تورکیا لەگەڵ ئەندامە کوردەکانی پەرلەمانی تورکیـا گفتوگۆ بکات.
٤- پاراستنی یەکێتیی خاکی تورکیا و بایەخـدان بـە پتـەوترکردنی برایـەتیی هەردوو گەلی کورد و تورك.
٥- ڕەتکردنـــەوەی دروشمـــی جیابوونـــەوە و پەســـەندکردنی دروشمـــی دیموکراسی کە لە سایەیدا مافی ڕۆشنبیری و کارگێڕی بـۆ کـورد پـارێزراو بێت.

---

[1] ولید رضوان، موقف التیار الإسلامي والتیار العلماني في ترکیا مـن القـضیة الکردیـة، ط١، دار النهج للدراسات والنشر والتوزیع، سوریا - حلب، ٢٠٠٨، ص٢٩١.

[2] جۆناتان- سی ڕاندالّ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٨.

[3] بڕوانە: کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب.دووەم ، ل١٧٣.

٦- پیادە کردنی چالاکیی سیاسی و حیزبایەتی لە سنوری دیموکراسی و قانوندا[١].

دوای ئەوە، لە ١٧ی ئاداری هەمان ساڵدا، بە ئامادەبوونی جەلال تاڵەبانی، ئوێج ئالان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی لە بیقاعی لوبنان بەست و یەکلایەنە ئاگربەستی بۆ ماوەی (٢٥) ڕۆژ (لە ٢٠ئادار بۆ ١٥ی نیسان) ڕاگەیاند. جگە لەو خاڵانەی سەرەوە، داوای گفتوگۆی دوو لایەنەی لە نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و حکومەتی تورکیا و بەدیهێنانی مافە مرۆیی و ڕۆشنبیریی و سیاسیەکانی گەلی کوردی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا کرد و ڕاشیگەیاند ئامادەیە بگەڕێتەوە تورکیا ئەگەر هەموو زەمانەتێکی بدرێتێ[٢]. هەروەها بەڵێنیشیدا چەکدارەکانی هێرش نەبەن و تەنها لە حاڵەتی بەرگریکردن لەخۆ وەڵام دەدەنەوە[٣].

دوو ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست و لە ١٩ی ئادار، کۆبوونەوەیەك لە نێوان عەبدوڵڵا ئوێج ئالان و کەمال بورقای سکرتێری پارتی سۆسیالستی کوردستانی تورکیا لە سوریا ئەنجام درا و پرۆتۆکۆلێك لە نێوان هەردوو لادا مۆرکرا، کە داواکاریی میانڕەوانە بۆ ئاگربەست و هەوڵدان بۆ ئاشتی لە ئایندەدا و هاوکاریی نێوان هەردوو حیزبی لە خۆ دەگرت[٤]. هەردوو سەرکردە، بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە تورکیادا، نۆ مەرجیان باس کرد کە بریتی بوون لەمانە: (ئاگربەستی دوو لایەنە ڕابگەیەنرێت، هەلومەرجی نائاسایی هەڵبوەشێنرێتەوە...، کۆماندۆی تایبەتی و پاسەوانی سنور نەمێنێت، قانونی بنەڕەتی (دەستور) کە بوونی نەتەوەی کورد و مافەکانی دابین دەکات دابنرێت و هەموو قانون و دامەزراوە دژە دیموکراسییەکان هەڵبوەشێنرێنەوە. ڕاگەیاندنی لێبوردنی گشتی، ئازادیی بڵاوکراوە و بیروباوەڕ و چاپەمەنی و کۆبوونەوە و کۆمەڵەکان بەبێ سنوردانان بە ڕەسمی بناسرێت، زەمینەی بەشداریی هەموو پارتەکان، لە ناویاندا

---

[١] هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩-١١٠.

[٢] محمد نورالدین، المسألة الکردیة...، ص٢٧.

[٣] جۆناتان-سی ڕانداڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٨.

[4] **Alı Kemal Özcan,Op.Cit, P178.**

پارتە کوردییەکان، دابین بکرێت، قەدەغەبوونی زمان و مێژوو و فەرهەنگی کورد، دەبێ هەڵبگیرێت، هەلی پەروەردە و فێربوون بە زمانی کوردی دابین بکرێت و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بە زمانی کوردی هەبێت، هەلی گەڕانەوەی ئەوانەی بەهۆی جەنگ یان ڕاگوێزانەوە کوردستانیان بەجێ هێشتووە فەراهەم بکرێت و زیانەکانیان بۆ قەرەبوو بکرێتەوە، بەرنامە پێشکەوتووەکانی زەمینەی کاری کشتوکاڵی و بازرگانی بۆ پێشخستنی کوردستان کە بەهۆی شەڕەوە دواکەوتووە دەست پێ بکرێتەوە)[1].

دوای ئەم هەوڵانەی عەبدوڵڵا ئۆیج ئالان، پەرچە کرداری دەسەڵاتدارانی تورك لەوەدا یەکیان دەگرتەوە، کە ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان نەکەن، وێڕای ئەوەش دانیان بەوەدانا ئاگربەست و وازهێنان لە توندوتیژی چارەسەرەکە ئاسان دەکات. سەرۆککۆمار ئۆێزال، وتی: "ئارام بگرن، با بزانین خاوەنی قسەی خۆیانن"، بەڵام دێمیرێل دەیووت: "دەوڵەت دانانیشێ بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ خوێنڕێژان". ئینەنۆش دەیگوت: "دەوڵەت خاوەنی ئەو هێزەیە، کە کۆتایی بە تیرۆر بهێنێت، تا ئەوە خێراتر بێت باشترە. هیچ نامەیەك نییە لەگەڵ ئەنجامدەرانی تیرۆر، هیچ چاوپێکەوتنێك نییە و هیچ ڕێککەوتنێکیش نییە"[2]. عیسمەت سەزگینی وەزیری دەرەوەی ئەوکات ڕاگەیاند: هیچ ڕێگەیەك جگە لە تەسلیمبوونەوەی بێ مەرجی عەبدوڵڵا ئۆیج ئالان، لە ئارادا نییە. هەروەها نۆزات ئەیازی وەزیری بەرگری وتی: "دانوستان لەگەڵ سازمانێکی تیرۆریست بۆ باسکردن ناشێت"[3]. سەرۆکی پارتی نیشتیمانی دایك مەسعود یڵمازیش، حکومەتی ئاگادار کردەوە لە دانیشتن لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆیج ئالان بە ناوی دەوڵەتی تورکیاوە[4].

---

[1] کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب.دووەم ، ١٧٤.

[2] ئەم پارتە، دوای سەرنەکەوتنی لە هەڵبژاردنی ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١، ململانێ دەکەوێتە نێوان ئوێزالی سەرۆك و مەسعود یڵماز، لە ٣٠ تشرینی دووەمی ١٩٩٢، باڵی ئۆێزال، ململانێی لەسەر سەرۆکایەتی پارتی نیشتمانی دایك دۆڕاند و سەرۆکایەتی پارتەکە کەوتە دەست مەسعود یڵماز. بڕوانە: محمد نورالدين، المسألة الكردية ...، ص٢٨؛ محەمەد نورەدین، تورکیا لە سەردەمی...، ل٧٣-٧٤.

[3] کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب.دووەم ، ١٧٤.

[4] محمد نورالدين، المسألة الكردية ... ، ص٢٨.

ئـوێزال لەسـەرەتادا گومـانی لـە ئاگربەسـت هـەبوو، پێـی وابـوو سـوریای یارمەتیـدەری سـەرەکی ئـوێج ئـالان ترسـی لـە لەدەسـتچوونی پـارتی کرێکـارانی کوردستانی دەبێت، کە وەك گوشاری ململانێی سەر ئاوی ڕووبـاری فـورات لەگـەڵ تورکیادا بەکاری دەهێنا، بەڵام دوای چەند ڕۆژێك لە دانیشتنێکی تایبەتدا، ئـوێزال جەنگیز چانداری ڕۆژنامەنووسی لە پـڕۆژەی چارەسـەرکردنی دۆزی کـورد ئاگـادار کرد و پێی وت: دەرکردنی لێبوردنێکی گشتی، بـۆ چـەکداران و ئەنـدامانی پـارتی کرێکارانی کوردستان، کە بەچـەند هەنگاوێکـدا بـڕوات بـە چـاك دەزانێـت، بـەوەی لەسەرەتادا، لێبوردنێکی گشتی بۆ ئەو چەکدار و ئەندامانە دەربکات کـە تـاوانێکی دیاریکراویـان لەسـەر نییـە و ڕێگەشـیان بـدرێت بێنـەوە نـاو کۆمـەڵ، دووسـاڵ دواتـریش، لێبـوردنێکی دی بـۆ بەرپرسـانی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان و سەرکردەکانیان دەربکرێت، بەمەرجێك ئوێج ئالان دوای پێنج ساڵ ئەوەی لەگەڵدا بکرێت[1]. لە ١ی نیسانیشدا، لـە کۆبوونەوەیەکیـدا، کـە دێمیرێـل و وەزیرەکـان و سەرۆکی ئەرکان (دۆغان گیورەش) ئامادەی بوون، بارودۆخی کورد تـاوتوێ کـرا و کۆمەڵێك ڕێوشوێنیشیان بڕیاردا و ناویان نا (پلانـی کـوردیی حکومـەت)، کـە ئـەم خالانەی لەخۆ دەگرت:

١– دەستکاریکردنی قانونی لێبوردن بە جۆرێك چـەکدارانی پـارتی کرێکـارانی کوردستانیش کە لە شاخەکاندا خۆیان قایم کردووە، بگرێتـەوە و ڕێگـەیان پێ بدرێت خۆیان ڕادەستی حکومەت بکەنەوە.
٢– هەڵوەشاندنەوەی باری نائاسایی پارێزگاکان.
٣– زیادکردنی دەسەڵاتی هەموو پارێزگاکان، نەك تەنها پارێزگاکانی باشـووری ڕۆژهەڵات و دەستکاریکردنی قانونی پارێزگاکان.
٤– پێکهێنانی ڕاوێژکارییەك بۆ ئاسایش و گرێدانی پاسەوانانی گوند پێـوەی و دووبـارە ڕێکخستنەوەی ناوچـەکانی بـاری نائاسـایی و وازهێنـانی پلـە بـە پلەی ڕژێمی پاسەوانی گوندەکان.
٥– بـەهێزکردنی هانـدان کـە ڕێوشـوێنی باشـتر بـۆ وەبـەرهێنان لـە باشـووری ڕۆژهەڵات لەخۆ دەگرێت[2].

---

[1] جۆناتان – سی ڕانداڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠١.

[2] محمد نورالدين، المسألة الكردية ... ، ص٣٠.

جگە لەم هەنگاوە، عیسمەت سەزگین لە سەردانێکیدا بۆ ناوچە کوردییەکان، ڕایگەیاند: دەوڵەت نیازی وایە، ناوی گوندە کوردییەکان، بگەڕێنێتەوە بۆ ناوە کوردییەکانی خۆیان، دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی تورکی، لە ساڵانی حەفتاکان بەدواوە، گۆڕیبوویانن بۆ ناوی تورکی[1].

کاتێك ئەو هەنگاوانە دەنران، ئۆێزال گومانی لە چۆنییەتیی پشتگیریکردنی حکومەت و پەرلەمان هەبوو کە ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو، تا ئەو ساتەش، پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە نابێ دەوڵەت هەرگیز دانوستان لەگەڵ "تیرۆرستاندا" بکات، بەڵام ئۆێزال کەمتر گومانی لە سوپا هەبوو، هەروەك بە جەنگیزچانداری وتبوو: "زۆر لە سوپا دوودڵ نیم چونکە ئەوان لە ڕیزی پێشەوەی بەرەنگاربوونەوەی چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستاندان و دەزانن جەنگ چی دەگەیەنێت، بەڵام لە سیاسەتمەدارە مەدەنییەکان تەواو دوودڵم". بڕوای تەواویشی بە قایلکردنی جەنەڕاڵ (دۆغان گیورەش)ی سەرۆك ئەرکانی سوپای تورکیا هەبوو کە بە توندڕەو ناسرابوو. لە لایەکی تریشەوە، هەندێك لە کوردەکان، گومانیان لە ئۆێزال و لە هەر مەدەنییەکی تریش دەکرد، تا بتوانن کار لە سوپا بکەن، یاخود لەم پێناوەدا بەلای خۆیاندا ڕایان کێشن. هەروەك ئەحمەد تورك ڕایگەیاند: ئۆێزال لەو ماوەیەدا پێی وتووە "تا کار بکاتە سەر گەورە ژەنراڵەکانی سوپا و بۆ چارەسەر کردنی ئاشتیانە"ی دۆزی کورد هانیان بدات و ئەویش سورە لەسەر بەردەوامبوونی هەوڵەکانی. لەبەرئەوە، ئەحمەد تورك، ئەوکات، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئۆێزال لە بەدەستهێنانی ئامانجەکەیدا دڵنیا نەبوو، چونکە بە پێی قسەکانی، ئەوەی دەردەخست کە دەسەڵاتی ڕاستەقینەی بەڕێوەبردنی وڵات لەدەست ئەودا نییە[2]. لەبەرئەوە، هەوڵەکانی ئۆێزال بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد، کاریگەریی ئەرێنییان نەکردە سەر دەسەڵاتدارانی سیاسی و سەربازیی تورکیا و تەنها وەك سیاسییەکی پراگماتی هەنگاوی نا، کە هیچ دەرەنجامێکی چارەسەرکردنی دۆزی کوردی لێنەکەوتەوە.

---

[2] نفس المصدر، ص٣٠.

[1] جۆناتان – سی ڕاندال، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.

ئەوەی ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە قەناعـەتپێکردنی ئـوێزال بـۆ ئـەوەی هـەنگاوی کردارەکی بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە تورکیـا بنێـت، سـێ ڕاپـۆرتی گرنگـی دەزگاکانی حکومەت بوون، کە خرانە بەردەمی ئوێزال. ڕاپۆرتی یەکەم، لـە سـاڵی ١٩٩٢، لەلایـەن هەریـەك لـە بـاڵیۆز (کایـا تۆپـەری– **Kaya Toperi**)ی وتـەبێـژی فـەرمی ئـوێزال و ژەنـڕاڵ (ئەسـڵان گیونـەر– **Aslan Güner**)ەوە ئامـادەکرابوو لــەژێر نــاوی (دۆزی کــورد و بــارودۆخی باشــووری ڕۆژهــەڵات و پێــشنیازەکانی چارەســەری). لـە ڕاپۆرتەکـەدا هـاتووە: ئەگـەر دۆزی کـورد چارەسـەر نـەکرێت، شانسی ئەوە لە دەست دەچێ تورکیـا ببێتـە دەوڵـەتێکی مامناوەنـدی و ئەگـەری ئەوەش هەیە بەلاوازی بمێنێتەوە. هەروەها ئاماژە بەوە دەکـات کـە دۆزی کـورد، گـەورەترین و گـرنگترین کێـشەی کۆمـاری تورکیایـە. چـوار مـانگ دوای ڕاپـۆرتی یەکەم، لە مایسی هەمان ساڵ (عەدنان کاهڤەچی– **Adnan Kahveçi**) یەکێك لـە وەزیرەکانی پـارتی نیـشتیمانی دایـك و دۆسـتی تورگـوت ئـوێزال، ڕاپـۆرتێکی ١٣ لاپــەڕەیی نــاردە نووســینگەی ســەرۆککۆمار و تیایـدا دەڵێـت: "بـۆ چارەسـەری (کێشە)ی کورد پێویستە دەسەڵاتی سیاسی تورکیا تواناکـانی خـۆی بخاتـە گـەڕو بەر لە هەموشتێکیش کۆمـەڵگای تـورك بـۆ قبـوڵکردنی ئـەو چارەسـەرییە ئامـادە بکات. هەرچەندە تورکیا خۆی دیموکراتیزە بکات بـە هـەمان ئەنـدازەش دەتوانـێ ڕێگا لە جیابوونەوەی کوردەکان بگرێ، پێویستە قەدەغـەی سـەر زمـانی کـوردی هەڵبگیرێ". لە ساڵی ١٩٩٣شدا، جەنەڕاڵ (کـەمال یامـاك – **Kemal Yamak**)ی فەرمانــدەی پێــشووی هێــزە زەمینییــەکانی ســوپای تورکیــای خانەنــشینکراو ڕاپۆرتێکی تری بۆ ئوێزال نارد و ئەویش چارەسەرکردنی دۆزی کورد بـە پێویـست دەزانێت و دەڵێت: "ئەگەر سیاسەتەکانی تورکیا لە ماوەی ٢٠٠ سـاڵی ڕابـوردوودا دەربارەی کورد دروست بووبن، بۆچی تا ئێستا دۆزی کـورد چارەسـەر نـەکراوە و ناوەناوە سەرهەڵدەداتەوە؟". هەروەها یاماك لە ڕاپۆرتەکەیدا دەرکـەوتنی پـارتی کرێکارانی کوردستان، وەك ڕاپەڕینێکی کورد لەقەڵەم دەدات[1].

---

[1] بۆ خوێندنەوەی زیاتری ڕاپۆرتـەکان، بڕوانـە: دیجلـە مـاردین، مەسـەلەی کـورد لـە گوتـاری سیاسـیی ئـۆزال و ئـەردۆغان و ئاغـاردا، گۆڤـاری (دۆسـتی تورکیـا)، ژ (٦)، سـەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلیمانی، ئابی ٢٠٠٧، ل٤٨–٥٠.

پێش تـەواوبوونی مـاوەی ئاگربەسـت، لـە هـەنگاوێکی تـردا بـۆ ئاشـتی و لـە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا، لـە ١٦ی نیـسانی ١٩٩٣، بـە ئامـادەبوونی سـەرکردە کوردەکانی وەك (جـەلال تاڵـەبانی) و (حەمـەڕەش – ڕەشـۆ)ی سـکرتێری پـارتی دیموکراتی کوردستان– هەڤگرتن و (ئەحمـەد تـورك)ی سـکرتێری (**HEP**)، ئـۆیج ئـالان مـاوەی ئاگربەسـتی بـۆ کـاتێکی دیارینـەکراو درێـژ کـردەوە[1]. جگـە لـەو داواکارییانــەی ســەرەوە، چــەند داواکارییــەکی تریــشی خــستە ڕوو، لەوانــەش: کۆتاییهێنـــانی دەســـتبەجێی چـــالاکییە ســـەربازییەکان و دەســـتهەڵگرتن لـــە چەوساندنەوە و ئەشکەنجەدانی کۆمەڵانی خەڵکی کورد و کۆتاییهێنان بە کوشتنی هەڕەمــەکی کــە لەلایــەن کەســانی نەناســراو ئــەنجام دەدرێــن و دابینکردنــی ئەنجومەنێکی ئازاد، بۆ گەلی کورد[2].

ئۆیج ئالان لـە کۆنفرانـسەکەدا ڕووی کـردە حکومـەت و وتـی: "هەڵەیـە ئـەو جـۆرە بـیر کردنەوەیـەی، کـە دەیـەوێت ئێمـە لـە نـاو بـەرێ، ئاشـتی و ئاسـایش بەیەکلایەنی بەدەست ناهێنرێن، پێویستە دان بە واقیعی کۆمەڵانی خەڵکی کـورددا بنرێت". لە کۆتاییدا، ئۆیج ئالان وتی: "بـە بـاوەڕی مـن ڕێگـای گونجـاو هەیـە بـۆ ئەوەی مافـە نەتەوەییـەکانی گـەلی کـورد دابـین بکـرێن. پیـشاندانی ئامـادەبوونی حکومەت ئەوە دەگەیەنێ، کە چارەسەرێکی ئاشتیانە بدۆزرێتـەوە. ئێمـە مێـژووی هەزار سـاڵمان بەیەکەوەیـە... داواکـاری ئێمـە بـە هـیچ جۆرێـك مانـای جیـاخوازی ناگەیەنێ. ئێمە دەمانەوێ لەتەك یەکتر بە ئازادی و بە یەکسانی بژین. بە بـاوەڕی ئێمە ڕێگای گەیشتن بەو ئامانجانە ئاوەڵایە و ئێـستاش نۆبـەی حکومـەتی تورکیـا هاتووە"[3].

هــەمان ڕۆژ، دێمیرێلــی ســەرۆکوەزیران وەڵامــی ئــۆیج ئــالانی دایــەوە کــە: "دەوڵەتی تورکیا ناتوانێت لەگەڵ ئەو چـەکدارانەی خـەڵکی بێتاوانیـان کوشـتووە گفتوگۆ بکات. ئەگەر ئەو (ئاپۆ) لە کوشتار پەشیمان دەبێتەوە هیچ پاداشتێك بـە

---

[1] کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب.دووەم ، ١٧٥.

[2] بڕوانە: جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦.

[3] جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧.

ئەو نابەخشین، ناوچەیەك لە تورکیای نادەینـیّ!". ڕۆژی دواتـر، تورگـوت ئـوێزال مرد، مردنی ئوێزال ڕێگەی لە بەردەم گفتوگۆ دژوار کرد. دوای مردنیشی، سـلیمان دێمیرێل جێی گرتەوە و لە ١٦ی ئایاری ئەوساڵە بە سەرۆککۆمار هەڵبژێردرا[1].

مردنی ئوێزال، کاریگەریی نەرێنیی کردە سەر پرۆسەی چارەسەرکردنی دۆزی کورد و ئەو هەنگاوانەی لەسەردەمی ئـەودا هاتنـە ئـاراوە. خـودی عەبـدوڵڵا ئـوێج ئالان دڵگران بوو بە مردنی و بە پەرۆشەوە ڕایگەیاند ئـوێزال ئـەو پیـاوە بـوو کـە لەسەر ئاستی دۆزی کورد هەنگاوی ئازایانەی ناو کۆچـی دواییـشی دەبێتـە مایـەی بۆشـاییەکی گـەورە. هەریـەك لـە جـەلال تاڵـەبانی و ئەحمـەد تـورکی سـەرۆکی (HEP)یش غەمباری خۆیان لـەو بارەیـەوە ڕاگەیانـد و پێیـان وابـوو مردنـی ئـەو، کاریگـەریی خـراپ دەکاتـە سـەر ئـەو کرانەوەیـەی بەرانبـەر کـورد هاتـە ئـاراوە. هـەروەها ئەحمـەد تـورك بـیّ متمانـەیی خۆشـی بەرانبـەر بـە سـلێمان دێمیرێـل نەشاردەوە و ڕایگەیاند: دێمیرێل جێـی متمانـە نییـە و ئـەوەی دوێنـیّ وتوویـەتی، ئـەمڕۆ لـە بـیری دەچـێتەوە. ئـەوەی ئـەمڕۆش دەیڵێـت سـبەی لـە بـیری دەچێتەوە...[2].

مردنــی ئــوێزال و جێگرتنــەوەی دێمیرێــل هــەلی گفتوگـۆ و چارەســەریی ئاشتیانەی دۆزی کوردی لەبار برد و دووبارە توندوتیژی بە دوای خۆیـدا هێنـا. بـە پێچەوانەی ئەو بەڵێنانەی کە دێمیرێل لە کاتی گەیشتنی بە پۆستی سەرۆکوەزیری لـە تـشرینی دووەمـی ١٩٩١دا دابـوونی، وێـڕای ئـەوەی کـارێکی ڕاسـتەقینەی بـۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد بـە ڕێگـەی سیاسـی نـەکردبوو، دوای ئـەوەی بـوو بـە سەرۆککۆمار، ڕێگەی بە سوپا دا ئاگربەستەکەی ئوێج ئالان بە لاوازی لێك بداتەوە و سـوپاش لـە ناوچـەکەدا هەوڵیـدەدا ئـەو حـەوت هـەزار چـەکدارەی ئـوێج ئـالان پڕوپاگەندەی بۆ کردبوون، لە ناوچەکەدا بڵاوبوونەتەوە، بدۆزێتەوە و دەستگیریان بکات، لە ماوەی یەك مانگ و نیـوی دواتـردا، هێزەکـانی حکومـەت نزیکـەی (١٠٠) چەکداری پارتی کرێکارانی کوردستان و خەڵکی سڤیلیان کوشت و بە سەدانیشیان

---

[1] کـریس کۆچـێرا، بزووتنـەوەی نەتـەوەیی...، ب.دووەم ، ل١٧٥؛ محمـد نورالـدین، المـسألة الكردية ... ، ص٣٢.

[2] محەمەد نورەدین، تورکیا لە سەردەمی ...، ل٦٤–٦٥.

دەستگیر کرد و وێرانکردنی گوندەکانیشیان دەست پێ کردەوە. بەمەش دێمیرێل و سوپا ئەوەیان ڕوونکردەوە کە دانوستان یان هیچ ئیمتیازێك لە گۆڕێ نییە، بەڵکو یەکەم جار پارتی کرێکارانی کوردستان بە تەواوای لەناودەبەن، پاشان چاو بە سیاسەتی حکومەت لە بارەی کوردەوە دەگێڕنەوە و هەڵیدەسەنگێنن[١].

هۆکارێکی تری بەرپابوونەوەی توندوتیژی کوژرانی ٣٣ سەبازی تورك بوو لەلایەن دەستەیەك لە چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان، بە سەرۆکایەتیی شەمدین ساکیك، کە یەکێك لە سەرکردەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو، لە ٢٤ی ئایاری ١٩٩٣ و دواتریش ڕاگەیاندنی کۆتاییهاتنی ئاگربەست و دەستپێکردنەوەی شەڕ بوو لەلایەن عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە، لە ٨ی حوزەیرانی ئەو ساڵەدا[٢]، لەبەرئەوەی حکومەتی تورکیا لەم ماوەیەدا، هیچ نیشانەیەکی ئەرێنی بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد نیشان نەدابوو، نە مۆڵەتی پەخشی بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بە زمانی کوردی دابوو، نە کردەوەی سەربازیشی ڕاگرتبوو[٣].

سەبارەت بەو قۆناغەش، ئۆجەلان پێی وابوو ئەگەر ئۆزال نەمردبایە و شەمدین ساکیکیش ئەو ٣٣ سەربازە بێچەکەی نەکوشتبانایە، لەوانە بوو ئاگربەست بە ئاشتییەکی هەمیشەیی و کۆتایی، ئەنجامێکی باشی هەبوایە[٤]. هەرچەندە دوای ئەوەی حکومەتی تازە بە سەرۆکایەتیی تانسۆ چیللەر[٥] پێکهات

---

[١] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٨.

[2] **Alı Kemal Özcan, Op.Cit, P179.**

[٣] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٨.

[٤] عەبدوڵڵا ئۆجەلان، بەرگریکردن لە گەلێك، ل٣٧٨.

[٥] تانسۆ چیلەر لە ساڵی ١٩٤٦ لە ئەستانبوڵ لەدایك بووە، کۆلێژی ئابووری لە زانکۆی بۆغازیچی تەواوکردووە، پاشان دکتۆرای لە زانکۆی کۆنێکتیکاتی ئەمریکی لە بواری ئابووریدا وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٧٨ وانەبێژی زانکۆ بووەو لە ساڵی ١٩٨٣ بۆتە پرۆفیسۆر. لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٠دا چۆتە ناو پارتی ڕێگای ڕاست، لە ساڵی ١٩٩١ بۆتە ئەندام پەرلەمان، لەگەڵ دامەزراندنی پارتی نەتەوەپەرستی سۆسیالیستیش لەگەڵ حکومەتەکەی دێمیریلدا بۆتە وەزیری کاروباری ئابووری و دواتر بۆتە یەکەم سەرۆکوەزیری ئافرەت لە مێژووی تورکیادا. بڕوانە:

(http://www.biyografi.net/kisiayrinti.asp?kisiid=278)

و هەوڵیدا شوێن پێی ئوێزال هەڵبگرێت، بۆ ئەو مەبەستەش، لە ١٢ی تەمموزی ١٩٩٣، پێشنیازێکی خستە بەردەم سەرکردەکانی تورکیا، بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر خوێندنی زمانی کوردی لە خوێندنگاکانی ناوچە کوردنشینەکان وەکو بابەتێکی ئازاد بکرێت و ڕێگە بە پەخشی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی بە زمانی کوردی بدرێت، بەڵام ئەم پێشنیازە لەلایەن سلێمان دیمیرێل و سەرکردەی پارتەکانی تری تورکیاوە پشتگیری نەکرا و ڕەت کرایەوە، لە سەرو هەمووشیانەوە سەرکردەکانی سوپا. لەبەرئەوە، هەوڵەکەی چیللەر، هەر قسە بوو، نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە[1]. بەم شێوەیە، قۆناغێکی گرنگی مێژوویی و هەلێکی گەورەی هەوڵەکانی چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە تورکیادا، کۆتایی پێهات و باکووری کوردستان سەرلەنوێ کەوتەوە ناو دۆخی شەڕ و توندوتیژی، کە لە باسەکانی لەمەبەدوا، ئاماژەی پێدەدەین.

### باسی دووەم/ پارتی کرێکارانی کوردستان و پەرەسەندنی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد لە نەوەدەکاندا:

پارتی کرێکارانی کوردستان، لە سەرەتای نەوەدەکان بەدواوە، پەرەسەندن و پاڵپشتییەکی جەماوەریی بەرچاوی بەدەست هێنابوو، ژمارەیەکی زۆری خەڵك و ژمارەیەکی زۆری کوڕان و کچان لە لادێنشینەکان و خوێندکارانی زانکۆ لە شارە کوردی و تورکییەکان، پەیوەندییان بە پارتی کرێکارانی کوردستان و هێزە چەکدارییەکانیەوە کرد. (عەلی کەمال ئۆزجان) لە کتێبەکەیدا، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەرتەشی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان (ARGK) لە ساڵی ١٩٨٩دا، قانونی بەزۆر بەسەربازکردنی کوردانی ڕاگەیاند بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٩١ ناچاربوو ئەم قانونە بۆ ماوەیەك لە هەندێ ناوچەدا ڕاگرێت، بەهۆی نەبوونی توانا بۆ مەشقپێکردنی ئەو بە سەربازکراوانەی تازە هاتبوونە ناو هێزەکانیان[2]. بە پێی وتەی عوسمان ئۆێج ئالانی ئەندامی کۆنسەی سەرکردایەتیی پارتی کرێکارانی

---

[1] بڕوانە: محەمەد نورەدین، تورکیا لە سەردەمی...، ل١٣٩، ١٦٤.

[2] **Ali Kemal Özcan, Op.Cit, P 175.**

کوردستانی ئەوکات، تا ساڵی ١٩٩٢، ژمارەی هێزە چەکدارەکانیان زیاتر لە (١٠) هەزار چەکدار دەبوو[١].

لە رووی داراییشەوە، پارتی کرێکاران، لە چەند لایەکەوە کەوتبووە کۆکردنەوەی داهات و گەشەی بە بواری دارایی خۆی دابوو، لەوانەش کۆمەکی هەزاران کورد لە ئەوروپا و بە سەدان و بە هەزارانیش لە ئاغا و سەرمایەدارانی باکووری کوردستان لە ئەوروپا و کوردستان هاوکارییان دەکرد، حەسەن ئەحمەدی کادیری پێشکەوتووی پێشووی پارتی کرێکاران، ئەم پارتە تۆمەتبار دەکات بەوەی پارەیەکی زۆریان لە موڵکدار و خاوەن پرۆژە و کۆمپانیاکان وەردەگرت و لە ساڵی (١٩٨٧) بەدواوە باجی خستبووە سەر گەشتیاران و لە ئەندامانی رێکخستنەکانیشی ئابونەی وەردەگرت[٢]. گەلێ لایەن و ناوەندی سیاسی و راگەیاندنی تورکی و ئەوروپیش پروپاگەندەی ئەوە دەکەن، گوایە ئەم پارتە، لە رێگەی بازرگانیکردن بە مادده سرکەرەکانەوە، ملیۆنەها دۆلار دەستکەوتی بووە، ئەم پروپاگەندانەش لەلایەن عەبدوڵڵا ئۆیَج ئالان و جەمیل بایکی ئەندامی کۆنسەی سەرکردایەتی ئەوکاتەی ئەم پارتە رەتکراونەتەوە[٣]. ئەم پروپاگەندانەش لە چوارچێوەی ناشرینکردن و ناوزڕانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا بوونە.

لە رووی سیاسیشەوە، پارتی کرێکارانی کوردستان، لە سەرەتای نەوەدەکانەوە گەشەی کرد و لە هەڵبژاردنەکانی تشرینی یەکەمی ١٩٩١دا، ٢٢ ئەندام لە ئەندامانی (**HEP**)، کە بە لایەنگری پارتی کرێکارانی کوردستان دەناسرێن، دەنگیان هێنا و چوونە ناو پەرلەمان. ئەمەو رووتێکردنی خەڵکی لەم پارتە متمانەی زیاتری بە پارتی کرێکارانی کوردستان دابوو، لەمە بەدوا، ئەم پارتە داوای مانگرتنی خەڵکی دەکرد و، دامودەزگای تایبەت بە خۆی بۆ بەڕێوەبردنی گوندنشینە کوردییەکان و هەندێ شاری سنوریش، وەك شارەکانی (سلۆپی، شیرناخ، جەزیرە، ماردین و نسێبین) پێك هێنا[٤]. ئەم هەنگاوەش،

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان ئۆیَج ئالان، کۆیە، ١ی شوباتی ٢٠٠٩.

[٢] حەسەن ئەحمەد مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.

[٣] بڕوانە: میخائیل. م.جونتر، المصدر السابق، ص٨٤–٨٨.

[٤] بڕوانە: عثمان علي، المصدر السابق، ص١٧.

هەڵمەتی ڕاگەیاندن بوون لەپێناو دامەزراندنی حکومەتی (بۆتان–بادینان)، کە هیچ ئەنجامێکی لێنەکەوتەوە[١].

تا ساڵی ١٩٩٢، پارتی کرێکارانی کوردستان، بە شێوەیەك گەشەسەندنی بە خۆیەوە بینی، دەسەڵاتی بەسەر چەند ناوچەیەکی باکووری کوردستاندا کێشابوو، شەوانە، هێزەکانی مەفرەزەیان دەنارده سەر ڕێوبانەکان و سەرباز و پاسەوانی گوندیان لەو ڕێوبانانە دەکوشت و ناسنامەیان لە کوردەکان وەردەگرت و دەیانگۆڕی بە ناسنامەی تر، کە لەلایەن خۆیانەوە دروست کرابوون، گەشتکەر و ڕێبوارانی بیانیش ڕێنمایی کرابوون بەرلەوەی بێنە ناوچە کوردنشینەکان پێویستە (ڤیزە) لە **(ERNK)** وەربگرن[٢].

لە شوباتی ١٩٩٢، ئەم پارتە، وەك پڕوپاگەندەی ڕاگەیاندن، داوای لە کادیرەکانی کرد ئامادەکاری بۆ ڕاگەیاندنی حکومەتی جەنگ لە (بۆتان– بادینان) بکەن و ڕایگەیاند ساڵی نوێی کوردی (٢١ی ئاداری ١٩٩٢)، لە ململانێی لەگەڵ حکومەتی تورکیا، ساڵێکی یەکلاکەرەوە دەبێت و ژمارەیەك بڵاوکراوەشی دەرکرد کە تێیدا داوای لە کوردەکان دەکرد ئامادەکاری بۆ جەنگێکی یەکلاکەرەوە بکەن، بە پاشەکەوتکردنی سوتەمەنی و کۆکردنەوەی خۆراك و داوای کرد: هەموو خێزانێك لە ناوچە کوردییەکاندا ببنە یەکەیەکی شەڕکەر[٣]. دوای ئەوە، کوردەکانی باکووری کوردستان، لە شارە کوردنشینەکاندا، بە شێوەیەکی فراوان بەشدارییان لە ئاهەنگی نەورۆزدا کرد، کە وەك ڕاپەرینێکی لێهات، بەڵام دواتر لەلایەن حکومەتی تورکیاوە، بە توندی دامرکێنرایەوە و بووە هۆی کوژرانی نزیکەی سەد کەس، وەك لە باسی ڕابوردوودا ئاماژەمان پێدا[٤].

دەربارەی ئەو ڕووداوە، پارتی کرێکارانی کوردستان، لە ڕێگەی **(ERNK)** لە برۆکسل، ڕۆژی ٢٨ی ئاداری بە پرسەی نیشتیمانی دانا و قسەکەرێك بە ناوی بەرەوە، ڕوونی کردەوە، (ئێمە دەوڵەتی تورکیا ئاگادار دەکەینەوە، یان ڕێز لە

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان ئوێچ ئالان، کۆیە، ١ی شوباتی ٢٠٠٩.

[٢] کەندال و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٥.

[٣] عثمان علي، المصدر السابق، ص١٨.

[4] **Ali Kemal Özcan, Op,Cit. P17**

یاساکانی شەڕ و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان وەکو ڕێککەوتننامەی جنێف بگرێت، یان بارودۆخەکەیان قورس دەبێت، ئێمە دەسەڵاتی تورکیا دەکەینە ئامانج لە هەندێ ویلایەت و لە ویلایەتەکانی تریش خەباتی چەکداریمان چڕ دەکەینەوە)[1].

دوای ئەوە، پارتی کرێکارانی کوردستان، لە یادی هەشتەمین ساڵەی دەستپێکردنی خەباتی چەکداریدا، لە شارە کوردییەکان، دەستی بە هێرشێکی بەرفراوان بۆ سەر سوپای تورکیا کرد و بەیەکداچوونی سەخت لە نێوانیاندا ڕووی دا. ئەم هێرشانەش لە ویلایەتی ئەرزەڕۆم و سنورەکانی تورکیا لەگەڵ ئێران و عێراق و سوریا ڕوویان دا و لە هێرشێکیدا بۆ سەر شاری شیرناخ، شەڕ ماوەی (٤٠) کاتژمێری خایاند[2].

لە بەرانبەر ئەو ڕووداوانەدا، حکومەتی تورکیا بۆ لەناوبردنی چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، هەوڵەکانی چڕ کردەوە و کەوتە هەوڵدان بۆ نەهێشتنی هەر پشتگیریکردنێکی دەرەوە لەم پارتە. ئەوەبوو، لە نیسانی ١٩٩٢، (عیسمەت سەزگین) و جەنەڕاڵ (ئەشرەف بتلیس)ی سەرۆکی هێزی جەندرمە سەردانی سوریایان کرد و لەگەڵ (حافز ئەسەد)ی سەرۆکی سوریا کۆبوونەوە. لە دوای بڕیارنامەیەکی ئاسایشی بەرەو ئەنقەرە گەڕانەوە و ڕایانگەیاند: ئەم جارە پشتیوانیی سوریا لە پارتی کرێکارانی کوردستان تەواو بووە و سەربازگەکانی لە بیقاع داخراون و ئەم پارتەشی بە ناقانونی ڕاگەیەنراوە[3]. لەم سەردانەدا، سەزگین بەڵگەنامەیەکی پێشکەشی حافز ئەسەد کرد کە ئەو خاڵانەی تێدا هاتبوو:

١- تا ئێستا ئوێج ئالان لە دیمەشق لە نزیک مزگەوتی سەلاحەدینی ئەیوبی دەژی و لەلایەن ئەندامانی هەواڵگری سوریاوە پارێزگاریی لێدەکرێت.

٢- دەزگای هەواڵگری سوریا، پارە و کەرەستە و پێناسەی ساختە بۆ پەکەکە دروست دەکەن.

---

[1] وصال نجيب عارف العزاوي، القضية الكردية...، ص١٩٢-١٠٣.

[2] جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧.

[3] بڕوانە: کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب.دووەم ، ل١٦٢.

٣- سوريا، ڕێگە بە کۆبوونەوە و چاوپێکەوتن و بەستنی کۆنگرەکانی پەکەکە دەدات، لەسەر خاکەکەی، لە مێژووی جیاوازدا.
٤- سوریا، ڕێگەی داوە بە بوونی سەربازگەی پەکەکـە و ناوەنـدی مەشـق، لـە دۆڵی بیقاع، لە لوبنان و موشەکی (زەمینی-ئاسمانی) لە جۆری (سام٧)ی دەستخستووە.
٥- سوریا، هاریکاری بە پەکەکە بەخشیوە لە گەنجینەی چەکەکانی کـە نزیـك سنورەکەی لەگەڵ تورکیا دانراوە.
٦- سـوریا، ڕێگـەی بـە پەکەکـە داوە بـۆ دانـانی بڵاوکراوەیـەکی ڕادیـۆیی بـۆ ماوەی ٧٢کم (نزیکەی ٤٤ میل) لە دیمەشق[١].

لە ئەیلولی هەمان ساڵیشدا، عیسمەت سـەزگین، بـە ئامـانجی قەدەغـە کردنـی چالاکییەکانی ئەم پارتە، چووە ئێران، بەڵام هەوڵەکـەی سـەرکەوتوو نـەبوو[٢]. لـە لایەکی تریشەوە، حکومـەتی تورکیـا بـە مەبەسـتی دەرکردنـی چـەکدارانی پـارتی کرێکارانی کوردستان، لە باشووری کوردستان کە لـە دوای داخـستنی سـەربازگەی مەشـقیان (سـەربازگەی مەعـسوم قۆرقمـاز) لـە بیقـاعی لوبنـان، لـە سـنورەکانی باشووری کوردستان و تورکیا لـە ناوچـەکانی (خواکـورك، چـوقورجە، حـەفتانین) جێگیر بوو بوون و لەوێوە هێرشیان دەکـردە سـەر تورکیـا، فـشاری خـستە سـەر (حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان)[٣]، کـە لـەو کاتـەدا گەمارۆیـەکی ئـابووریی دوو لایەنـەی لەلایـەن ڕۆژئـاوا و حکومـەتی عێراقـەوە لەسـەر بـوو، لایـەنی سـەرەکیی

---

[١] هنري باركي وآخرون، المصدر السابق، ص١٠١.
[٢] نفس المصدر، ص١٠٤.
[٣] حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ٤ی حوزەیرانی ١٩٩٢، بە سـەرۆکایەتیی (محەمـەد فوئـاد مەعسوم) دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئـەو سـاڵە پێـك هـات، کـە تیایـدا (پ.د.ك) ڕێـژەی (٤٥,٥٪)و (ی.ن.ك)ش ڕێژەی (٤٣,٦)ی دەنگەکانیان بەدەست هێنا، دواتر دەنگـی پارتـە سەرنەکەوتووەکانی هەڵبژاردن بەسەر هەریەك لەو دوو پارتە دابەشـکران، بەمـەش ڕێژەکـە بـوو بـە (٥٠,٨) بـۆ (پ.د.ك) و (٤٩,٢٪) بـۆ (ی.ن.ك) و سـەرەنجام هەریـەك لـە پارتـە سەرکەوتووەکە (٥٠) کورسییان لە پەرلەماندا وەرگرت و (٥) کورسـیش بـۆ ئاشـورییەکان تەرخانکرا. بڕوانە: هێرش عەبدوڵلا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١-١٠٢.

بـڕێویی ئابووریـشی ناوچـەی خـابور (ئیـبراهیم خـەلیل) بـوو، کـە ڕاسـتەوخۆ لـە باکووری زاخۆوە بە سنوری تورکیا بەسـتراوەتەوە و تاکـە شـوێنی ڕێپێـدرابوو بـۆ بازرگـانی و گـومرگ[1]. وێـڕای ئـەو گـەمارۆ ئابوورییـەی کـە پـارتی کرێکـارانی کوردستان لە مـانگی حوزەیرانـدا بەسـەر باشـووری کوردسـتاندا سـەپاندبووی بـە سوتاندنی ئەو بارهەڵگرانەی بە سنوردا تێدەپەڕین و هەڕەشـەی لـە شـۆفێرەکانی دەکرد[2]، حکومەتی تورکیـاش، بـە درێـژایی مـانگی ئـاب و ئـەیلول، سـنورەکانی خۆی لەگەڵ باشووری کوردستان داخست و پارتی کرێکارانی کوردستانی تۆمەتبار کرد کە پەلاماری ئۆتۆمۆبیلە بارهەڵگرەکانی داوە[3].

ئـەم فـشارانە، بوونـە هـۆی ئـەوەی، پەرلـەمانی کوردسـتان لـە ١ی تـشرینی یەکەمی ١٩٩٢دا، ئاگادارکردنەوەیەك بە پارتی کرێکارانی کوردستان بـدات، تـا لـە ماوەی (٤٨) کاتژمێردا چالاکییە سەربازییەکانی دژی حکومەتی تورکیا ڕابگرێت و بنکـەکانی لـە باشـووری کوردسـتان دابخـات و پابەنـد بێـت پێـوەی. هـەروەها، حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانیش بەیاننامەیـەکی دەرکـرد و داوای لـە پـارتی کرێکارانی کوردستان کرد: ناوچە سنوریەکان جێبهێڵێ، بەوەی یان بگەڕێنەوە ناو سـنوری چـالاکیی خۆیـان لـە بـاکووری کوردسـتان، یـاخود بێنـە نـاو باشـووری کوردستانەوە[4].

سـەرەنجام، لـە ٥ی تـشرینی یەکـەمی ١٩٩٢دا، شـەڕ لـە نێـوان هێزەکـانی (پ.د.ك) و (ی.ن.ك) و پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان دەسـتی پـێ کـرد[5]. لـەو هێرشانەی بۆ سەر پارتی کرێکـارانی کوردسـتان ئـەنجام دران، هـەزاران سـەربازی

---

[1] آزاد کرمياني، حـزب العمـال الكردسـتاني بـين المجابهـة العـسكرية والتحـرك الـسياسي، مجلـة (ئالآی ئیسلام)، ع٢، السنة السابعة، اربيل، مايس/حزيران ١٩٩٣، ص٣"ميخائيل م. جونتر، المصدر السابق، ص١٧٢؛ حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٧.

[2] بڕوانە: کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب.دووەم ، ل١٦٧.

[3] بڕوانە: جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩.

[4] مـەحمود سـەنگاوی، بیرەوەرییـەکانی سـەنگاوی، چ٢، دەزگـای چـاپ و پەخـشی حەمـدی، سلیمانی، ٢٠٠٥، ل٤٥٠.

[5] کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب.دووەم ، ل١٦٩.

تورك بەشدارییان تێدا کرد و سەدان گەریلا کوژران و ئەوانی تریش یان خۆیان ڕادەستی هێزە کوردییەکانی باشوور کرد، یان چوونە ناو خاکی ئێرانەوە[1]. تا دواتر، لەسەر داوای پارتی کرێکارانی کوردستان، ئاگربەست ڕاگەیەنرا و لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، گەیشتە ڕێککەوتنێك و ڕازی بوو بەوەی چالاکی سەربازیی خۆی ڕابگرێ و بنکەکانی خۆی بخاتە ژێر چاودێریی حکومەتی هەرێم، بەمەرجێك پارێزگاری لە بونیادی سیاسی و چەکەکانی بکات[2]. هێزەکانیشیان لە گوندی زەڵێی سەر سنوری ئێران جێگیرکران[3].

دوای ئەم شکستەی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە باشووری کوردستان، لە باکووری کوردستانیشدا، دەزگا سەربازییەکانی حکومەتی تورکیا، هەڵمەتێکی فراوانی دژ بە چەکدارانی ئەم پارتە دەست پێ کردبوو. ئەمە وێڕای ئەو هەڵمەتی کۆمەڵکوژییەی بە ناوی حیزبوڵاوە دژ بە گەلی کورد دەستی پێ کردبوو[4]. لە ساڵی ١٩٩٢دا، تورکیا (سوپای تایبەت)ی دروست کرد، (کە ڕاستەوخۆ) گرێدراوی پۆلیسی نهێنی بوو، لە (١٠) هەزار چەکداری ڕاهاتووی شەڕی پارتیزانی پێك هاتبوو، ئەمە جگە لە دروستکردنی چەندین تیمی تایبەتی دیکە کە دژ بە چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان، پێکهێنرابوون[5]. بە مەبەستی بەردەوامیدان بە باشترین شێوەی شەڕکردنیش دژ بە پارتی کرێکارانی کوردستان، لە مانگی ئاب، حکومەتی تورکیا، ماوەی کارکردنی (دۆغان گیورەش)ی سەرۆکئەرکانی سوپای تورکیای بۆ ماوەی ساڵێکی تر درێژ کردەوە، هەرچەندە کاتی خانەنشینکردنی هاتبوو[6].

---

[1] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٥.

[2] جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان ئوێچ ئالان، کۆیە، ١ی شوباتی ٢٠٠٩.

[4] بڕوانە: حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٦.

[5] ئەم سوپا تایبەتە، زۆر جار زمانی کوردی دەزانن و جلی کوردی لەبەر دەکەن و وەکو چەکدارانی پەکەکە ڕەفتار دەکەن. ئەم هێزە، بەزۆری لە کوردە گیراوەکان، بە تایبەتی لە زیندانییە سیاسییەکان پێك دەهات کە (بوونە پیاوی دەوڵەتو بە ئیعتیرافچی دەناسران). ئەم سوپا تایبەتە، بەرپرسن لە کوشتنی کەسانی سڤیل و تاوانەکەشیان دەخستە ئەستۆی پەکەکە.بڕوانە: جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧.

[6] محەمەد نورەدین، تورکیا لە سەردەمی...، ل١٧٥.

هــەروەها حکومــەت لــە ناوەراسـتی تــەمموزی ١٩٩٣شــدا، پــارتی خــەڵکی زەحمەتکێش (HEP)، کە بە لایـەنگری پـارتی کرێکـارانی کوردسـتانی دەناسـی، قەدەغەکرد. ئەم هەنگاوەش، دوای تاونبار کردنی ئەم پارتە هات لەلایـەن دادگـای ئاسایشی دەوڵەتەوە، بە هاندانی چـالاکیی جوداخـوازی، دژی یەکپارچـەیی خـاکی تورکیا. دوای ئەوەش، ئەندامانی پەیوەندییان کرد بە پارتی دیموکراسی (DEP)، کە ماوەیەك پێشتر، لەلایەن ژمارەیەك ئەندامی پارتی (HEP) لە ٧ی مایسی ئـەو سـاڵەدا، بـە سـەرۆکایەتیی (یەشـار کایـا) و بـە بەشـداری (١٨) ئەندامپەرلـەمان دامـەزرابوو، لـە کـۆنگرەی یەکەمیـشدا، لـە ١٢ی کـانوونی یەکـەمی ئـەو سـاڵەدا (خەتیب دیجلە) بە سەرۆکی ئەم پارتە هەڵبژێردرا[1].

کاتێك پارتی (DEP) دامەزرا، بەهەمان شێوازی پـارتی پێـشوو، ڕووبـەڕووی گوشار و هێرشی توند بـووەوە لەلایـەن حکومـەتی تورکیـاوە. لەوانـەش کوشـتنی (محەمـەد سـنجار)ی ئەندامپەرلـەمان و برینـدارکردنی ئەندامپەرلـەمانێکی تـر، بـە ناوی (نیزامەدین تۆغۆچ) و کوشتنی ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتەکە، بـە نـاوی (مــەتین ئــوێزدەمیر)، لــە ئــەیلولی ١٩٩٣دا. هــەروەها یەشــار کایــای ســەرۆکی پارتەکــەش، لــە ١٣ی ئــەو مانگــەدا، بــە تۆمــەتی بڵاوکرنــەوەی بیروبــاوەڕی جوداخوازی، خرایە بەندیخانەوە (کە ماوەیەك پێش ئەمـە) لـە کـۆنگرەی یـازدەی (پ.د.ك)، لە کۆتایی ئابی ئەو ساڵەدا، لەگەڵ هەریەك لە لەیلا زانا و موراد بـۆزلاق و شکری چاڵڵ و قادر یڤەگەن، ئامـادەی کۆنگرەکـە ببـوون و تێیـدا یەشـار کایـا، وتەیـەکی پێـشکەش کـرد بـوو، داوای یـەکگرتنی کـوردی لـەپێناو کوردسـتانێکی ئازاددا کردبوو[2].

[1] ئەم پارتە، لە نێوان دوو باڵدا دابەش ببوو، باڵی (خەتیب دیجلە و لەیلا زانا)، هـەوڵیان دەدا ئەم پارتە بە نوێنەری قانونی پەکەکە بناسێنن، بەڵام، باڵەکەی تر، دەیانویست سـەربەخۆ بـن لـە پەکەکـە. بڕوانـە: کـریس کۆچـێرا، بزووتنـەوەی نەتـەوەیی...، ب.دووەم ، ل١٨٠؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ یەشار کایا، هەولێر، ١١ی شوباتی ٢٠٠٨.

[2] یەشار کایا دوای گیرانی بە پێنج ساڵ زیندانی حوکم درا، بەڵام دەبوایە حوکمەکەی لەلایـەن (دادگای ئاسایشی دەوڵەت) پشتڕاست بکرێتـەوە، بۆیـە تـا کـاتی پـشتڕاست کردنـەوەوەی دادگا، ناوبراو بەردەدرێ و لـەو کاتـەدا لـە تورکیـاوە بـۆ ئـەوروپا ڕادەکـات. چـاوپێکەوتن لەگەڵ (یەشار کایا)، هەولێر، ١١ی شوباتی ٢٠٠٨.

ئەم هەنگاوانـەی حکومـەت، دوای کۆتاییهـاتنی ئاگربەسـتی یەکلانـەی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان هـاتن، لـە بەرانبـەردا، پـارتی کرێکـارانی کوردسـتانیش، دەسـتی بـە هێرشـەکانی کـردەوە و هـەوڵی دەدا شـەڕ بـۆ نـاوەوەی ناوچـە تورکنـشینەکان ببـات. لـە ناوەراسـتی حـوزەیرانی ١٩٩٣، دەسـتی بـە زنجـیرە هەڵمـەتێك (بـۆ سـەر ناوچـە گەشـت و گوزارییـەکانی باشـووری تورکیـا) کـرد و گەشتیارە بیانییـەکانی ئاگـادار کـردەوە: بـۆ تورکیـا، سـەرفەر نەکـەن، هـەر لـەو ماوەیەدا، ژمارەیەك گەشتیاری ئەوروپاییان لە ناوچە کوردییەکان بە بارمتە گرت، (کە ئەمانە کاردانەوەی خراپیـان لەسـەر وێنـەی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان لـە ئـەوروپا هـەبوو). لـە ٢٤ی تـەممووزی هـەمان سـاڵ، هەڵمـەتی کـردە سـەر قونسوڵخانەی تورکیا لە بێرنی ئەڵمانیا و ئەمەش سەرەتای زنجیرە هەڵمەتێك بـوو بۆ سەر بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی تورکیـا لـە شـارەکانی وڵاتـانی ئـەوروپا، لـە مانگی تشرینی دووەم، کە بووە هـۆی قەدەغـەکردنی چـالاکییەکانی ئـەم پارتـە و ڕێکخراوە وابەستەکانی لە ئەڵمانیا و گیرانی ژمارەیەك لە لایەنگرانی لە فەرەنسا و سەرچـاوە دارییـەکانی خـستە بـەر هەڕەشـە[1]. لـە هەنـدێ ناوچـەی بـاکووری کوردسـتانیش، پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان، چـالاکیی گـشت پارتـە سیاسـییە تورکییەکان و گشت ڕۆژنامەوانانی قەدەغە کرد[2].

ئەم هێرشانەی پارتی کرێکارانی کوردستان، کە تاوەکو ساڵی ١٩٩٣، ژمارەی قوربانییەکانی هـەردوولا گەیشتبوە (١٠) هـەزار کـەس، دەسـەڵاتی حکومـەتی لـە ویلایەتەکانی کوردستانی تورکیا ڕووبەڕووی ئایندەیەکی ناخۆش بۆ حکومەت کرد بـوو، بـەوەی کـە: وا دەردەکـەوت، خەریکـە ناوچـەکە بـەرە بـەرە لـە بازنـەی دەسـەڵاتی ئـەو دەردەچـێت. لەبەرئـەوە، بـۆ کۆتاییهێنـانی یـەکجارەکیی پـارتی کرێکارانی کوردستان، حکومەتی تورکیـا، لـە سـاڵی ١٩٩٤، هێزێکـی (٣٠٠) هـەزار کەسی کۆکردەوە و لـەپێناو ڕێگـرتن لـە گەیشتنی گـەریلاکانی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان، بـۆ نـاو گونـدەکان، ژمارەیـەکی زۆرتـری گونـدە کوردییـەکانی چـۆڵ کـرد[3]. بـە گـوێرەی چـاپەمەنییەکان، لـە کۆتـایی ئـاداری ١٩٩٤، حکومـەت

---

[1] بڕوانە: دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٩.

[2] بڕوانە: میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص١١٩.

[3] بڕوانە: دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٩.

دەوروبـەری چـیای ئـاراراتی بـە ناوچـەی سـەربازی ڕاگەیانـد و هاوڵاتیـانی ئـەو ناوچـەیە، دەبووایـە چـۆڵی بکـەن. هـەر کەسـێکیش، لـەو ناوچـەیە، بـە بـێ مۆڵەتوەرگرتن، ببینرابایە، دەبوایە دەستگیر بکرێت و لە شوێنی خۆی گوللـەباران بکرێت[1]. سەرەنجام زیاتر لە (٢) هەزار گونـد چـۆڵ و وێـران کـران. ئەشـکەنجە و کوشتنی گوندییە ئاساییەکان ئەوەندە فراوان بوو بوو، گـەلێك گوندنـشینی دیکـە، ماڵ و حاڵیان جێهێـشت و کاریگـەریی ڕاسـتەوخۆی ئـەو کـارەش خـەڵکێکی زۆری بەرەو شار و شارۆچکەکانی کوردستان دەربەدەر کرد و بە وتەی دیڤید مەکـداول: تا کۆتایی ئەو ساڵە، نزیکەی یەك ملیۆن پەنابەر، لە لادێکانەوە، ڕوویـان کردبـووە شـاری دیاربـەکر و نزیکـەی (٢٠) هـەزار کەسـیش، پـەنایان هێنـابووە باشـووری کوردستان[2].

لە لایەکی تـرەوە، حکومـەت، فـشاری خـستبووە سـەر پـارتی **(DEP)** و لـە سەرەتای مانگی ئاداری ١٩٩٤ و بەر لـە ئەنجامـدانی هەڵبـژاردنی شـارەوانییەکانی ٢٧ی ئـاداری ئـەو سـاڵە، هێرشـێکی فراوانـی کـردە سـەر ئەنـدامانی ئـەو پارتـەو نووسینگە و بارەگاکانی لە شارە کوردییەکان. ژمارەیەك لە ئەندامەکانی تیرۆرکـرا و بڕیاریش درا: ئەم پارتە، بەشداری لە هەڵبژاردندا نەکات. لەبەرئەوە، ئەم پارتـە خۆی لە هەڵبژاردنەکان کشاندەوە[3]. لـە مـانگی ئـاداریش، بـە تۆمـەتی چـالاکیی جوداخــوازی، حکومــەتی تورکیــا، (٦) ئەندامپەرلــەمانی گــرت و مــافی ئەندامپەرلەمانیی لێستاندنەوە و دواتر دوو ئەندامپەرلەمانی تریشی گرت کە بریتی بوون لـە: (خـەتیب دیجلـە، ئەحمـەد تـورك، لـەیلا زانـا، ئۆرهـان دۆغـان و سـەلیم ساداق)، کە لەلایەن دادگای ئاسایشی تورکیاوە، بە پێـی بەنـدی دووەمـی قـانونی ژمارە (١٦٨)، ماوەی پانزە ساڵ زیندانییان بۆ بڕایەوە، (سادات یۆرتاش)یـش بـە پێی قانونی ژمارە (١٦٩) بە حەوت ساڵ و نیو زیندانی حوکم درا و (سری سـاکیك و مەحمود ئالیناك)یش، بە سێ ساڵ و نیو حوکم دران، بەڵام دواتر، لە دوا بڕیاری

[1] م.ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستوورییەکانی ...، ل١٣٥.

[2] بڕوانە: دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٩–٧٢٠.

[3] دیڤید مەکداول، سەرچـاوەی پێـشوو، ل٧١٩؛ ڕۆژنامـەی (وڵات)، ژ. (٢٤)، ٣٠ی حـوزەیرانی ١٩٩٤.

دادگا، له ٨ی کانوونی دووەمی ١٩٩٤، بە پێی بەندی یەکەمی قانونی ژمارە (٨)ی دژەتیرۆر، ئـازاد کـران. ئـەم هـەنگاوەی حکومـەتی تورکیـا، وەك ڕەخنـەگران بـە (کودەتـای ٢ی ئـاداری ١٩٩٤) باسـی دەکـەن، بـە مەبەسـتی دەرکردنـی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان بـوو لـەناو پەرلـەمانی تورکیـا، لـە وەش زیـاتر، لـە ١٦ی حـوزەیران، بـە پێـی بڕیـاری دادگـای دەسـتوری (DEP) قەدەغـە کـرا و مـافی ئەندامپەرلەمانەکانی هەڵوەشاندەوە[1].

ئـەم هـەنگاوەی حکومـەت، نـەیتوانی ڕێگـە لـە چـالاکیی سیاسـیی کـورد لـە تورکیـادا بگرێـت، چـونکە ماوەیـەك پـێش قەدەغـەکردنی (DEP) پـارتێکی تـری کـوردی بـە نـاوی پـارتی دیمـوکراتی گـەل (Halkın Demokrasi –HADEP– Partisi) بـە ڕێبەرایـەتیی مـوراد بـۆزلاك (Murat Bozlak) پەیـدابوو، یەکـەم کۆنگرەشی لە ٢٦ی حوزەیرانی ئەو ساڵەدا بەست[2].

هاوکـات لەگـەڵ زیـادبوونی توندوتیـژی، پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان، کۆنفرانـسی سـێیەمی لـە (٣-١٥)ی نیـسانی ١٩٩٤ بەسـت. بەشـداربووانی کۆنفرانسەکە، پێیان وابوو لە خـەباتی چـەکدارانەیان دژ بـە هێزەکـانی حکومـەتی تورکیـا، قۆنـاغی (بـەرگریی سـتراتیجی)یـان تێپەڕانـدووە و کەوتوونەتـە قۆنـاغی (هاوسـەنگیی سـتراتیجی)، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش، بڕیـاری زیـادکردنی کـردەوە چەکدارییەکانیدا، بۆ سەر دامودەزگا ئابووری و سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییـەکانی حکومـەتی تورکیـا، بـە شـێوەیەك، هـەموو تۆڕەکـانی ڕادیـۆ، تەلەفزیۆن، ڕۆژنامە، گۆڤارەکان، دامودەزگا داراییەکان، گەشـتیاران، بۆڕییـەکانی

---

[1] بڕوانە: هنري باركي وآخرون، المصد السابق، ص٧١-٧٢؛ ڕۆژنامـەی (وڵات)، ژ. (٤٤) ١٢ی کانونی یەکەمی١٩٩٤.

[2] ئەم پارتە، لە هەڵبژاردنەکانی ٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٥، ڕێژەی (٤,١٧٪)ی دەنگـەکانی بەدەسـت هێنـا و لـە هەڵبـژاردنی ١٨ی نیـسانی ١٩٩٩، بـە هـەمان شـێوە، لـە ناوچـە کوردییەکاندا سەرکەوت و (٣٨) شارەوانی بەدەست هێنا، بەڵام بـەهۆی ئـەوەی کـەمتر لـە ڕێـژەی (١٠٪) دەنگـەکانی بەدەسـت هێنـا، نـەیتوانی بـچێتە نـاو پەرلـەمان. بڕوانـە: لێکۆڵینەوەیەك لەسەر بارودۆخی کورد لـە تورکیـا، سەرچـاوەی پێـشوو، ل١٢؛ Henri J. Barkey and Graham E. Fuller, Op.Cit, P86.

ناردنی نەوت، وێستگەکانی سوتەمەنی، کارگە و دامودەزگای پیەشەسازی، بنکە سەربازییەکان و هەموو یەکە و تیمە تایبەتەکان و هێزەکانی پۆلیس و (میت)ی دەگرتەوە. بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانجانەش، بڕیاریاندا: داوا لە ئەندامانی ئەرتەشی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان (ARGK) بکەن، پشتیوانیی هونەری و ڕیکلامی و لۆجیستیی هێرشەکان بکەن. هەروەها، کۆنفرانسەکە، داوای فراوانکردنی (ARGK)ی کرد، کە (٥٠) هەزار چەکدار لەخۆبگرێ[١].

لە هەمان کاتدا، ئۆیج ئالان، داوای چارەسەریی ئاشتییانەی دۆزی کوردی کرد بە شێوەیەك یەکێتیی خاکی تورکیا بپارێزێت. لە نامەیەکدا بۆ کۆنفرانسی نێودەوڵەتی دەربارەی باکووری ڕۆژئاوای کوردستان، کە لە برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا لە (١٢-١٣)ی ئاداری ١٩٩٤ بەسترا، جەختی لەو چارەسەریە و دانیشتن لەگەڵ حکومەتی تورکیا و گفتوگۆکردنی لەسەر فیدراڵیەت کردەوە. لە نامەیەکیشدا، بۆ سەرکردەکانی ڕۆژئاوا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، داوای لێکردن: لەپێناو گەیشتن بە ئاشتی هەوڵ بدەن. هەروەها، پابەندبوونی پارتەکەشی بە پەیماننامەی ژنێفی تایبەت بە قانونەکانی جەنگ و مافی مرۆڤ و سەرجەم بەندەکانی ئەو پەیماننامەیە ڕاگەیاند[٢]. لەوەش زیاتر، ئۆیج ئالان پێشنیازی ئاگربەستی خستە بەردەم حکومەتی تورکیا، بەڵام پێشنیازەکەی لەلایەن تانسۆ چیللەری سەرۆکوەزیرانی تورکیا، ڕەت کرایەوە و ڕایگەیاند "ئێمە لەگەڵ تیرۆریزمدا گفتوگۆ ناکەین"[٣]. لە بەرانبەردا، ئۆیج ئالان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕادیۆی (BBC)دا ڕایگەیاند: لەبەرئەوەی تورکیا ئامادە نییە بۆ ئاگربەستێکی دوولایەنە، ئەوا ئێمە بە لایەنی کەمەوە (٥٠) هەزار شەڕکەر دەخەینە گۆڕەپانی شەڕ و ئاستی شەڕ زۆر بەرزدەکەینەوە[٤]. تەنها لەو ساڵەدا، پارتی کرێکارانی کوردستان (٣٠١) کردەوەی چەکداریی دژ بە دامودەزگاکانی

---

[١] بڕوانە: میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص٧٨-٧٩.

[٢] : میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص٧٩.

[٣] ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٤٣)، ٥ی کانونی یەکەمی ١٩٩٤.

[٤] ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٣٥)، ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٤.

سوپای تورکیا و ئامانجە ئابورییەکان و دەزگاکانی سەر بە دەوڵەت لە گوندە کوردییەکاندا ئەنجام دا[1].

لە ڕووی پەیوەندیی دیبلۆماسیی هەرێمیشەوە، پارتی کرێکارانی کوردستان، گەشەکردنی بەخۆیەوە بینی و بە ڕێپێدانی حکومەتی یۆنان، دوو نووسینگەی لە ئەسینای پایتەخت کردەوە. یەکەمیان لەژێر ناوی (لیژنەی هاوکاریی لەگەڵ کوردستان) و دووەمیشیان بە ناوی (نووسینگەی بەستنی پەیوەندیی یۆنان و بەڵقانییەکان)، کە ئاڵای کوردستان لە سەریان هەڵ کرا بوو. مانگنامەی (بەرخۆدان)یش (کە لە شاری کۆلۆنیای ئەڵمانیا دەردەچوو) لە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە نزیکە، لە ژمارەی ڕۆژی ١٥ی حوزەیرانی ١٩٩٤دا، هەندێ هەواڵی سەبارەت بە دیداری فەرمی نوێنەری بەرەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کوردستان (ERNK) و لێپرسراوانی یۆنانی بڵاو کردەوە[2]. لە تەممووزی ١٩٩٤دا نوێنەری پارتی کرێکارانی کوردستان، لە ئەورووپا، (عەلی سەپان)، بۆ بولگاریا بانگهێشت کرا، کاتێکیش لەبارەی ئەو سەردانەوە لە (جیلیۆ جیلێف)ی سەرۆکی بولگاریایان پرسی، وتی:"لە دەوڵەتانی دیموکراتدا، هەر حیزبێك بۆی هەیە نوێنەری حیزبێکی دی بانگهێشت بکات". هەروەها، جیلیف داوای چارەسەری سیاسییانەی دۆزی کوردی کرد لە تورکیا و ئاماژەیدا کە دیموکراسییەت لە تورکیا پێشێل کراوە و وتی: "دەمانەوێ تورکیا وڵاتێکی دیموکرات و سەقامگیر بێت". لە وڵاتی ڕووسیاش، لە ٢٢ی شوباتی ١٩٩٤، لە مۆسکۆی پایتەختی ئەو وڵاتە، بە چاودێریی فەرمی وەزارەتی کاروباری نەتەوەکانی ئەو وڵاتە و (ڤلادیمێر شیمشێرۆف)ی جێگری وەزیر، یەکەمین کۆنگرەی کورد بە بەشداری کۆمەڵێك لیژنەی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان، وەکو (لیژنەی کوردستان– مۆسکۆ) و گۆڤاری (کوردستان ڕیپۆرت) کە لە لەندەن دەری دەکرد بەسترا. لە هۆڵی کۆنگرەکەدا، هەردوو ئاڵای کوردستان و ڕووسیا، هەڵکران و لە سەرەتای کۆنگرەکەش وتەیەکی عەبدوڵڵا ئۆجەلان خوێنرایەوە کە تێیدا داوای بەردەوامبوونی شەڕی دژ بە

[1] بڕوانە: ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٥٣)، ٢٠ی شوباتی ١٩٩٥.

[2] بڕوانە: محەمەد نورەدین، تورکیا لە سەردەمی...، ل١٦٤–١٦٥.

دەوڵەتی تورکیا دەکرد و کۆنگرەکەشی بە پشتیوانییەکی گەورە بۆ پارتەکەی لە قەڵەم دا. لە کۆتایی کۆنگرەکەشدا، داوا لە ڕوسیا کرا، پەیوەندیی فەرمی لەسەر بناغەی (هاوبەرژەوەندی) لەگەڵ بزووتنەوەی کورددا ببەستێت و بەستنی کۆنگرەکەش بووە مایەی تووڕەیی حکومەتی تورکیا[1]. لە ١١ی ئەیلولیش، بە ئامادەبوونی (٨٥) لە نوێنەرانی کوردەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، لە وڵاتانی (ئەرمەنستان، گورجستان، ئازەربایجان، قیرغیستان و شاری مۆسکۆ)، کۆنفرانسی دووەم بەسترا. کۆنفرانسی سێیەمیش لە ٢٨-٣١ی کانوونی یەکەی ١٩٩٤ بە ئامادەبوونی (٨٠) نوێنەر و لەژێر چاودێریی پارتی کرێکارانی کوردستاندا لەپێناو یەکگرتنی کوردەکانی یەکێتیی سۆڤییەتی پێشوو بەسترا و ئوێج ئالانیش نامەیەکی بۆ کۆنگرە نارد. لە کۆنگرەکەشدا (یوری نەبێیف)ی کوردی ناوچەی (لاچین)ی ئازەربایجان هەڵبژێردرا بە سەرۆکی (یەکێتیی کوردی) کە لە کۆتایی کۆنگرەکەدا پێکهات. لە ٢٥ی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵیش بە بەشداری نزیکەی (١٥٠) لایەنگری پارتی کرێکارانی کوردستان، (ماڵی کورد) لە مۆسکۆ کرایەوە و شوێنی ماڵی پێشووی گرتەوە کە بەر لە سێ مانگ کرابۆوە[2]. ئەم ماڵەش، وەکو ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی وابوو. بۆ ئەو کەسانە بوو کە لەناو ڕێکخستنەکانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا بوون و گروپی هونەری و ڕاگەیاندنیان هەبوو. لە زۆربەی شارەکانی ئەوروپاش، ئەو ماڵانە هەبوون و کوردەکانیان کۆدەکردەوە و بەرەو بیروباوەڕی سیاسیانەی خۆیان، بۆ خۆپیشاندان و پێداویستی و یارمەتی کۆکردنەوە ئاراستەیان دەکردن[3].

جگە لەمەش، پارتی کرێکارانی کوردستان، لە پشتی دروستکردنی چەندین ڕێکخراوەوە بوو لە وڵاتانی ئەوروپا، وەکو کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و هونەری و یەکێتییەکانی مامۆستایان و ژنان و لاوان و...هتد، لە ساڵی ١٩٩٤، (ئینستیتوتی کوردی بۆ لێکۆڵینەوە و زانست) بۆ لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی دیکۆمێنتەکانی

---

[1] بڕوانە : محەمەد نورەدین، تورکیا لە سەردەمی...، ل١٦٦-١٦٧.

[2] بڕوانە: میخائیل م.جونتر، المصدر السابق، ص١٦٦؛ ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٣٨)، ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٤.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ (حەمەئەمین پێنجوێنی)، سلیمانی، ٥ی کانونی دووەمی ٢٠٠٩.

پەیوەندیدار بە کورد، لە یادی ساڵانەی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، لە ٢٢ی نیسانی ١٩٩٤، لە بەرلین، کرایەوە کە لە بەشی زمان بە سەرپەرشتی (حسین کەرتاڵ) و بەشی مێژوو بە سەرپەرشتی (دکتۆر جەبار قادر) و بەشی کۆمەڵایەتی بە سەرپەرشتی (سەلیم فورات) و بەشی ئەدەبیات بە سەرپەرشتی (حەمەئەمین پێنجوێنی)، کە بەڕێوەبەری ئەنیستۆتۆکەش بوو، (دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی)یش سەرۆکی ئەنیستۆتۆکە بوو. هەروەها ڕێکخراوی مانگی سوری کوردستان، بۆ یارمەتیدانی کەسانی بریندار (لە شەڕەکاندا) دروست کرد کە بنکەکەی لە نزیك شاری (بۆن)ی ئەڵمانیا بوو، لە زۆربەی شارەکانی وڵاتانی ئەورووپاش بنکەی هەبوو[١].

لە (٨-٢٧)ی کانوونی دووەمی ١٩٩٥، پارتی کرێکارانی کوردستان، بۆ بەخۆداچوونەوە و هەوڵی خۆگونجاندن لەگەڵ باری نوێی جیهاندا، دوای کۆتایی شەڕی سارد، کۆنگرەی پێنجەمی خۆی بەست کە (٣١٧) ئەندام بەشدارییان تێیدا کرد[٢].

کۆنگرەکە دەیویست گۆڕانکاری لە پەیڕەو و پرۆگرام و تاکتیکی پارتی کرێکارانی کوردستاندا ئەنجام بدات، هەروەها لە ڕووی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ڕێکخستن و پراکتیکەوە گۆڕانکاری بکرێت[٣]. لەو بڕیارە گرنگانەی کە لە کۆنگرەکەدا دران: خۆگونجاندن بوو لەگەڵ باری تازەی جیهان و وازهێنان بوو لە هێما تەقلیدییەکانی جەنگی سارد. لەم پێناوەشدا، بڕیاری گۆڕینی ئاڵای پارتی کرێکارانی کوردستان درا بە لادانی چەکوش و داس و گۆڕینی بۆ مەشخەڵ. هەروەها، لە کۆنگرەدا، دەنگ لەسەر ڕەتکردنەوەی سۆسیالیزم بە پێی تێڕوانینی سۆڤیەت درا و جەختیان لەسەر گرنگیدان بە چالاکیی سیاسی و دیبلۆماسی کردەوە و خەباتی چەکداریشیان بە هۆکارێك بۆ گەیشتن بە ئامانج دانا[٤]. لەپێناو فراوانکردنی بنکەی جەماوەریش، کۆنگرە بڕیاری پێکهێنانی دەستەیەکی

---

[١] هەمان چاوپێکەوتن.

[2] **Ismet G Imset, Op.Cit.**

[٣] بڕوانە: حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦٢.

[٤] حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦٢ ؛ **Ismet G Imset, Op.Cit.**

ئامادەکـاری دا بــە ئامــانجی پێکهێنــانی ئەنجومــەنێکی نەتــەوەیی کــە خــۆی دەبینییەوە لە دامودەزگا جەماوەرییەکان و بەڕێوەبردنە ناوخۆیی و هەرێمییەکان و دامودەزگای ڕێکخراوەیی بۆ ڕێکخستنی ئەندام و ڕاگەیانـدنی ئـەوەی کـە پێیـان دەوت: (حکومــەتی شۆڕشــگێڕی). بــەهۆی ئــەوەی ژمارەیــەکی زۆری ژنــان لــەو کۆنگرەیــەدا ئامــادەبوون کــە ژمارەیــان دەگەیــشتە (٦٣) ژن، بڕیــاری بەســتنی کۆنگرەیەکی تایبەتی بۆ ژنان درا[١].

هەنگاوێکی تری پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان، لـە دوای کـۆنگرەی پێنجـەم، پــشتگیریکردنی پێکهێنــانی پەرلــەمانی کوردســتان بــوو لــە دەرەوەی وڵات (PKDW). ئەم پەرلەمانە دوای قەدەغەکردنی پـارتی (DEP) لـە سـاڵی ١٩٩٤ و ڕاکردنی (٦) ئەندامپەرلەمانی سەر بەو پارتە بۆ وڵاتانی ئـەوروپا هـەنگاوی بـۆنرا، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش، لیژنەیـەکی ئامادەکـار بـۆ سەرپەرشـتیکردن و ئامـادەکرنی بەرنامە و پەیڕەوی پەرلەمان پێکهێنـرا کـە لـە (٢٣) ئەنـدام پێـك دەهـات و پێـنج ئەندامی پەرلەمانی ڕاکردووی تورکیای تێدا بوو[٢].

پەرلەمانەکە، لـە (١٢-١٦)ی نیـسانی ١٩٩٥، یەکـەم کۆبوونـەوەی خـۆی بـە نـاوی (پەرلـەمانی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات) لـە شـاری لاهـای هۆڵەنـدا بـە بەشداری نوێنەرانی چەند پارتێکی سیاسیی ئەوروپایی و ڕێکخراوە کوردییەکان لە ئەوروپا و ئەمریکا ئەنجام دا. (٦٥) ئەندام کـە لەلایـەن ڕێکخـراوە کوردییەکانـەوە هەڵبژێردرا بوون و زۆربەیان لەژێر کاریگەریی پارتی کرێکارانی کوردسـتاندا بـوون، لە کوردە پەرلەمانتارەکانی دەرەوە و کەسایەتییە کوردییەکان و ئاشـوورییەکان و ژنــان و نوێنــەرانی ڕێکخــراوە نیــشتیمانییەکان و ڕێکخراوەکــانی لاوان و کارگــە بازرگانییەکان پێـك دەهـات. لـەو (٦٥) ئەندامـەش جگـە لـە (٦) ئەندامپەرلـەمانی سەر بە پارتی (DEP)، پەرلەمانەکە (١٢) ئەنـدامی (ERNK)ی لـە خـۆ دەگـرت.

---

[١] بڕوانە: میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٨٠-٨١.

[٢] پێنج ئەندام پەرلەمانەکەی پارتی (DEP)، ئەمانە بوون: (ڕەمزی کرتاڵ، نیزامەدین تۆغوچ، عەلی یگیت، مەحمود قلینج و زوبێر ئایدار). چاوپێکەوتن لەگـەڵ حەمەئـەمین پێنجـوێنی، سـلیمانی، ٥ی کـانونی دووەمـی ٢٠٠٩؛ Henri J. Barkey and Graham. E Fuller, Op.Cit, P35.

ئەوانی تریش زوربەیان کوردانی لایەنگری پارتی کرێکارانی کوردستان بوون و لە دەرەوە دەژیان، زوربەشیان خەڵکی باکووری کوردستان بوون و چەند ئەندامێکی سەربەخۆی بەشەکانی کوردستانیشی تێدا بوو. سەرۆکایەتیی پەرلەمانەکەش بە شێوەیەکی کاتی بە (یەشار کایا) سپێردرا و جێگرەکەی دکتۆر جەبار قادر بوو[1].

پەرلەمان لەو کۆبوونەوەیەدا، دەستەیەکی جێبەجێکردنی لە (١٢) ئەندام بە سەرۆکایەتیی (زوبێر ئایدار) و (عەلی سەپان)ی بە گوتەبێژ (بە ناوی ئەنجومەنەوە) هەڵبژارد و چەند لیژنەیەکی وەك (پەیوەندییەکانی دەرەوە، ڕۆشنبیری، کاروباری گروپە ئاینیی و مەزەبییەکان، ژنان و لاوان و کۆمەڵایەتی...تاد)ی پێکهێنا[2].

پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، هەرچەندە بنکەی هەمیشەیی لە برۆکسل بوو، بەڵام کۆبوونەوە گشتییەکانی لە وڵاتانی تری ئەوروپا دەکرد، وەکو شارەکانی ڤیەننا، مۆسکۆ، ڕۆما، کۆپنهاگن و ئۆسلۆ، هەروەك لە بینای پەرلەمانی دانیمارکی و نەرویژی و دۆمای ڕوسی کۆبوونەوەی کرد، لە بینای شارەوانی ئیتاڵیا دەبووایە کۆبوونەوە بکرێت، بەڵام ڕێگە نەدرا و دواتر لە بینای پەرلەمانی ئیتاڵیا لە ساڵی ١٩٩٨، بە بەشداریی چەند ئەندامپەرلەمانێك کۆبوونەوەی کرد و نووسینگەی ئاگادار و زانیاریی لە چەند شارێکی ئەوروپادا کردەوە[3].

ئامانجی پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، پارێزگاریکردن بوو لە بەرژەوەندیی سیاسی و ڕۆشنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتیی کورد و کارکردن بوو بۆ دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد[4]. ئەم ئامانجانەش، بە ڕوونی لە بەرنامەی ئەنجومەنی جێبەجێکردن ڕەنگیان داوەتەوە کە لە (٣٥) مادده پێك

---

[1] میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٦٩؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ یەشار کایا، هەولێر، ١١ی شوباتی ٢٠٠٨.

[2] بڕوانە: میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٧٠.

[3] بڕوانە: دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣٦؛ ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (١٤٣)، ١٨ی ئاداری ١٩٩٦.

[4] چاوپێکەوتن لەگەڵ یەشار کایا، هەولێر، ١١ی شوباتی ٢٠٠٨.

دەهات و وێڕای ئەو خاڵانەی سەرەوە، ئەم بەرنامەیە چەند ئامانجێکی تری لە خۆ دەگرت. وەکو: بەستنی ڕێککەوتننامەی ئازاد لەگەڵ گەلانی دراوسێ و جێبەجێکردنی قانونەکانی جەنگ کە ڕێککەوتننامەی ژنێف لە ساڵی ١٩٤٩ و پرۆتۆکۆڵەکانی لە ساڵی١٩٧٧ بڕیاری لەسەر داوە، لەپێناو گەیشتن بە ئاگربەستێکی دوولایەنە و گواستنەوەی دۆزی کورد بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی هاوکاری و ئاسایشی ئەوروپا و بۆ ئەنجومەن و پەرلەمانی ئەوروپا. هەروەها فشارخستنە سەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ ڕاگەیاندنی گەمارۆی سەربازی و ئابووری و سیاسی لەسەر دەوڵەتی تورکیا و، کارکردن بۆ پێکهێنانی یەکێتیی گشت پارتە سیاسی و ڕێکخراوەکان و دامو دەزگاکان و کەسایەتییە کاریگەرەکان بۆ بەدیهێنانی یەکگرتوویی نەتەوەی کورد، کۆتاییهێنان بە شەڕی براکوژی کە لە نێوان پارتە کوردییەکانی باشووری کوردستان بەردەوام بوو، ئامادەکردنی ڕەشنووسی بڕیارەکانی پەیوەندیدار بە دەستور و قانونەکانی بە سەربازکردن و مەدەنی و باج و...هتد، لە گەڵ چەند ئامانجێکی تر[1].

لە بواری ڕاگەیاندنیشدا، پارتی کرێکارانی کوردستان، وێڕای سودوەرگرتن لە پەیوەندیی تەلەفۆنی (مۆبایل) و فاکس و نامەی ئەلیکترۆنی و سایتی ئینتەرنێتی، هەنگاوێکی گرنگی نا، بە کردنەوەی یەکەم کەناڵی ئاسمانیی کوردی، لە ئەوروپا، بە ناوی (MED-TV) کە لە ٣١ی ئاداری ١٩٩٥دا، لە لەندەن و برۆکسلەوە دەستی بە پەخشی فەرمی کرد[2]. ڕۆژانە، بەرنامەکانی (١٨) کاتژمێر، بە شێوەزارەکانی کوردی و بە زمانەکانی تورکی و عەرەبی، پێشکەش دەکرد و ژمارەیەکی زۆر کوردی پارچەکانی کوردستان و هەندەرانی لەخۆی کۆ کردبۆوە[3]. بەرنامەکانیش، بریتی بوون لە: هەواڵ، بەرنامەی سیاسی، موسیقا، پەروەدەی منداڵ، دراما، بەرنامەی بەڵگەنامەیی، لێکدانەوەی ڕووداو و دۆزە سیاسییەکان و تاوتوێکردنیان کە لە میانەیدا داواکارییەکانی گەلی کوردی لەپێناو بەدەستهێنانی مافی چارەنووس دەگرتەوە[4].

---

(١) بڕوانە: میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٧٠-٧١.

(٢) حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٨؛ دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣٦.

(٣) دریە عونی، المصدر السابق، ص٨١.

(٤) بڕوانە: **David Romano, The Kurdish nationalist Movement, Opportunity, Mobilization, and Identity, Cambridge University Press, 2006, P155.**

له ماوەیەکی کورتدا، ئەو کەناڵە، توانیی کاریکاتە سەر کوردەکانی باکووری کوردستان، بوو بە فاکتەرێك بۆ بوژانەوەی هەست و کولتوری نەتەوەیی[1]. لەبەرئەوە، حکومەتی تورکیا، بە هەموو رێگەیەك، هەوڵی دەدا پەخشی ئەو کەناڵە بوەستێنێ و چەند جارێك توانیی پەخشەکەی لە کار بخات[2]. هەروەها، دەستی کرد بە شکاندنی ساجی سەتەلایتەکان و گرتن و ئازاردانی ئەو کوردانەی سەیری بەرنامەکانیان دەکرد. لە رووی دیبلۆماسیشەوە، فشاری خستە سەر ئەو لایەنانەی کە مۆڵەتیان دەدا بە کەناڵەکە و هەوڵی دەدا لە بەریتانیا و بەلجیکا، مۆڵەتەکە هەڵبوەشێنێتەوە و فشاری دەخستە سەر کەرتی تایبەت، بۆ ئەوەی: مامەڵە لەگەڵ (MED-TV)دا نەکەن. لە ئەنجامیشدا ژمارەیەکی زۆر لە بانکەکان و کۆمپانیاکان و بازرگانەکان مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەو کەناڵە رەت کردەوە، لە ترسی ئەوەی نەوەکو تورکیا گرێبەستیان لەگەڵدا نەکات. سەرەنجام لە ٢٣ی نیسانی ١٩٩٩دا، مۆڵەتی فەرمی کەناڵەکە، لەلایەن بەریتانیا و لیژنەی چاودێریکردنی تەلەفزیۆنی سەربەخۆوە، بە تۆمەتی هاندان بۆ توندوتیژی هەڵوەشێنرایەوە، بەڵام سێ مانگ دواتر، کەناڵێکی تر، بە ناوی مێدیا تیڤی (MEDYA-TV)، لەلایەن فەرەنساوە، رێی پێدرا و شوێنی کەناڵی پێشووی گرتەوە[3]. مەدو میدیا تیڤی، وەکو تەنها کەناڵی کوردی لە دواییشدا رۆژ تیڤی، لە ساڵانی دەسپێکدا، رۆڵی گەورەیان هەبوو لەسەر کوردی ئەورووپا و هەموو بەشەکانی کوردستان.

جگە لەو هەنگاوانەی سەرەوە، پارتی کرێکارانی کوردستان، لە باشووری کوردستانیش هەوڵەکانی چڕ کردەوە. وێڕای کردنەوەی لقی باشووری (مەڵبەندی رۆشنبیریی میزۆپۆتامیا) و دەرکردنی هەفتەنامەیەك بە ناوی (رۆژی وڵات) لە ساڵی ١٩٩٣[4]. لە ساڵی ١٩٩٥، بڕیاری دامەزراندنی رێکخراوێکی بۆ باشووری

---

[1] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣٦.

[2] دریە عونی، المصدر السابق، ص٨١.

[3] **David Romano,Op.Cit, P156-157.**

[4] دەقی چاوپێکەوتنی رۆژنامەی رۆژی وڵات لە گەڵ دیار غەریب (**www.pcdk.org**)؛ رۆژنامەی (وڵات)، ژ.(٨٦)، ٢٨ی ئابی ١٩٩٥.

کوردستاندا، بەو ئامانجەی بارودۆخی شەڕی نێوخۆی (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) کە لە ساڵی ١٩٩٤، لە نێوانیاندا بەرپا ببوو، بقۆزێتەوە و لەسەر حسابی ئەو دوو پارتە، دەسەڵات پەیدا بکات و پارتە بچووکەکانی باشووری کوردستان کۆبکاتەوە و سەرپەرشتییان بکات و وەکو هێزی سێیەم لە باشووری کوردستان دەربکەوێت[1].

ئەوەبوو لەو ساڵەدا، پارتێکی بە ناوی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان (**YNDK**) پێکهێنا کە کاوە عەلی، بە نازناوی حیزبی (دکتۆر سیروان) سکرتێری بوو. بە پێی وتەی جەمیل بایك، ئەم پارتە، جیاواز لە (**PAK**) زیاتر ڕێکخستنێکی سیاسی بوو، لە بری ڕێکخستنێکی ئایدیۆلۆژی و جگە لە ئەندامانی پەکەکە کەسانی سەر بە (پ.د.ك) و (ی.ن.ك) تێیدا ئەندام بوون[2].

لە ٢١ی ئاداری ١٩٩٥، (**YNDK**)، بەیاننامەی دامەزراندنی بڵاوکردەوە، کە تێیدا هاتبوو: ئەم پارتە، خەبات دەکات لەپێناو ڕزگاریی نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی و ئامانجی پاراستنی دەسکەوتەکانی باشووری کوردستانە، لە هێرشی هێزە داگیرکەرەکان و خەبات بۆ پەرەپێدانی ئەو دەستکەوتانە دەکات، بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گەلی کورد و کارکردن لەپێناو هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکراتی بە شێوەی دەنگدانی نهێنی، ڕەخساندنی بوار، بۆ کەمە ئایینی و نەتەوەییەکان، بۆ دەربڕینی ئازادانەی بیروبۆچوونیان و بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بۆ کوردستان و هەڵوەشاندنەوەی میلیشیای پارتە سیاسییەکان و هەنگاونان بۆ دروستکردنی سوپایەکی هاوچەرخ، لەسەر بنەمای (بەزۆر بەسەرباز گرتن) و....هتد[3].

---

[1] بڕوانە: حەسەن ئەحمەد مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦.

[2] بڕوانە: حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦٨-٤٦٩.

[3] بڕوانە: ڕۆژنامەی وڵات، ژ. (٥٨)، ٢٧ی ئاداری ١٩٩٥. ئەم پارتە دوای کوژرانی (دکتۆر سیروان) لە ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٦ و هێرشکردنە سەر بارەگاکانیان لە شاری هەولێر، لە ساڵی ١٩٩٧ و داخستنی بارەگاکانیان لە شارەکانی سلێمانی و ڕانیە و کەلار، سنوری چالاکییان بەرتەسك بۆوە و دواتر لە ساڵی ٢٠٠٠ هەڵوەشایەوە. بڕوانە: دەقی چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی ڕۆژی وڵات لەگەڵ دیار غەریب (**www.pcdk.org**).

لەوەش زیاتر، پارتی کرێکارانی کوردستان، کەوتە پیادەکردنی ئەوەی کە پێیان دەوت فەرمانڕەوایی بە ناوی (دەسەڵاتی گەل) لە گەلێك ناوچە لە ناوچەکانی بادینان، بە تایبەت ناوچە سنورییەکانی تورکیا، تەنانەت بەڕێوەبەری ناحیە و ئەنجومەنەکانی شارەوانی هەندێ شارۆچکەی سەر بە پارێزگای دهۆکی دانا[1]. ئەمەش دەستوەردان بوو لە کاروباری ناوخۆی باشووری کوردستان و هەوڵدان بوو بۆ پەیڕەوکردنی حکومەتی (بۆتان–بادینان) کە پڕوپاگەندەیان بۆی دەکرد.

دواتر لە شەوی ٢٦/٢٥ ئابی هەمان ساڵدا، بە ناوی شالاوی (بروسك١) هێرشیان کردە سەر (٢٥) خاڵی سەربازی و ئیداریی هێزەکانی پارتی دیموکرتی کوردستان، لە ناوچەکانی (شێروان، مزوری باڵا، بامەڕنی، ئامێدی، زاخۆ و...هتد) و ڕایانگەیاند: هێرشەکە ئاگادارکردنەوەی (پ.د.ك)یە تاوەکو دەست لە هاوکاریکردنی هێزەکانی سوپای تورکیا بەردەن[2] کە لە ٢٠ی ئاداردا هاوکاریی ئۆپەراسیۆنیی سوپای تورکیایان دەکرد بۆ سەر چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە باشووری کوردستان. ئەو ئۆپەراسیۆنە بە ناوی (ئۆپەراسیۆنی پۆلایین) بوو[3].

دەربارەی ئەم ڕووداوە، ئۆیج ئالان ڕایگەیاند: ئەم هێرشانە پەرچەکردار بوون بۆ ئەو ڕێککەوتننامەیەی کە لە نێوان (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) بۆ کۆتاییهێنانی شەڕی نێوانیان لە مانگی ئابدا لە شارەکانی (دورگیدا و دبلن)ی ئێرلەندا لە قۆناغی گفتۆگۆکردندا بوو[4]، سەرەنجامی ئەو پێکدادانانەش بووە هۆی کوژران و

---

[1] پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ك.ك) و ڕۆڵی لە بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی کوردستاندا، چ١، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لێکۆڵینەوەی ژمارە (١٠)، ب.ش، ٢٠٠٦، ل٧٠.

[2] ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٨٦)، ٢٨ی ئابی١٩٩٥.

[3] ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٥٩)، ٣ی نیسانی١٩٩٥؛ حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٨.

[4] پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ك.ك) و ...، سەرچاوەی پێشوو،ل٧١.

پەراگەندەبوونی سەدان کەس لە هەردوولا[1]. تا لە ١١ی تشرینی دووەمدا، ئۆیج ئالان ئاگربڕی بێ مەرجی ڕاگەیاند و ڕۆژی دواتر (پ.د.ک) پەسەندی کرد[2].

هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئاگربەست، لەگەڵ (پ.د.ک)، لە هەنگاوێکی تردا، پارتی کرێکارانی کوردستان، بە ئامانجی فراوانکردنی بوار بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٥[3]، لەگەڵ چارەسەرکردنی دۆزی کورد بە ڕێگەیەکی ئاشتیانە و کۆتاییهێنان بەجەنگ، ئاگربەستێکی تازەی ڕاگەیاند و هوشیاریشی بە تورکیادا، ئەگەر حکومەتی تورکیا بە تەنگ داخوازییەکانییەوە نەچێت، ئەوا تەنگژەکە لە تورکیا قوڵتر دەبێتەوە. هەروەها، هۆشیاریشی بە هەریەک لە ئەڵمانیا و بەریتانیا و فەرەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بەوەی کە هاوکاریی حکومەتی تورکیا دەکەن بە پێدانی چەك و پێداویستی و پارەوە[4]. بەر لەوەش، عەبدوڵڵا ئۆیج ئالان، لە ١٣ی تشرینی یەکەم، نامەیەکی ئاراستەی (بیل کلنتۆن)ی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد بوو، تیایدا، ئامادەیی پارتەکەی بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست دەربڕیبوو، داواشی لێ کردبوو بۆ چارەسەریی ئاشتییانەی دۆزی کورد، تورکیا قایل بکات. هەروەها، بۆ هەمان مەبەست نامەیەکیشی ئاراستەی سەرۆکی کۆنگرێسی ئەمریکا کرد بوو[5].

---

(١) ریناس جانو، المصدر السابق، ص٢٨٥.

(٢) هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢.

(٣) لەم هەڵبژاردنەدا پارتی ڕەفا، بە سەرۆکایەتیی نەجمەدین ئەربەکان، ڕێژەی (٢١٪) و (١٥٨) کورسی پەرلەمانی بەدەست هێنا و پارتی ڕێگای ڕاست، بە سەرۆکایەتیی تانسۆ چیللەر (١٩,٣٪) و پارتی (نیشتیمانی دایك) بەسەرۆکایەتیی مەسعود یڵماز (١٩,١٪)ی دەنگەکانی بەدەست هێنا و دواتر حکومەتی هاوبەش بە سەرۆکایەتی یڵماز لەگەڵ چیللەر بە شێوەی ئاڵوگۆڕ کردنی پلەی سەرۆکوەزیران، لە نێوانیان پێك هات و حەوت مانگ دواتر، ئەم حکومەتە هەڵوەشایەوە و لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٩٦، ئەربەکان بە هاوبەشی لەگەڵ چیللەر، حکومەتی تازەی پێك هێنا. بڕوانە: صلاح سعدلله، المصدر السابق، ص١١٣–١١٧.

(٤) بڕوانە: میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٨٢.

(٥) بڕوانە: ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (١٠٢)، ٢٣ی تشرینی یەکەمی١٩٩٥.

وێـڕای ڕاگەیانـدنی ئاگربەسـت، لەبەرانبـەردا، حکومـەتی تورکیـا وەڵامـی ئاگربەسـتی نەدایـەوە و بـەردەوام بـوو لـە ئەنجامـدانی ئۆپەراسـیۆنەکانی دژ بـە گەریلاکانی پەکەکـە لـە ناوچـە کوردییـەکان و[1] چـۆڵکردنی گونـدە کوردییـەکان. بـەگوێرەی ڕاگەیانـدنی کۆمیتـەی کوردسـتانی سـەر بـە پەکەکـە لـە برۆکـسل، حکومەتی تورکیا، تەنها لە ناوچەی (سیواس)، نزیکەی (١٠٠) گوندی کوردی چۆڵ کـردووە و گوندنـشینەکانیش لـە ئۆپەراسـیۆنەکاندا بـە شـێوەیەکی دڕندانـە ئـازار دەدران[2].

لە پلانێکدا کـە لەلایـەن سـەرۆککۆماری تورکیـا و سـەرۆکوەزیران و دەزگـای هەواڵگریی تورکیا (میت)ەوە بۆ تیرۆرکردنی ئوێج ئالان داڕێژرابوو. لە ٦ی ئایـاری ١٩٩٦، ئۆتۆمۆبیلێکی بۆمبڕێژکراو، لەنزیك شوێنی ئوێج ئالان، بە دووریی زیاتر لـە (١٠٠) مـەتر تەقییـەوە و لەلایـەن پـارتی کرێکارانیـشەوە هەریـەك لـە دەزگـای هـەواڵگریی یۆنـان و تورکیـا و ئیـسرائیل و هەنـدێ کـەس لـە دەزگـای هـەواڵگریی سوریا و هەندێ کورد بە بەشداربوون لەو کردەوەیە تۆمەتبار کران[3].

لە ناوخۆی تورکیاشدا، حکومەتی تورکیا، دژ بە لایەنگرانی پـارتی کرێکـارانی کوردستان وەستایەوە و دوابەدوای کۆتاییهـاتنی کـۆنگرەی دووەمـی (HADEP) لە ٢٣ی حوزەیرانی ئەوساڵە، هێزی تایبەتیی تورکیا، بە بیـانووی داگرتنـی ئـاڵای تورکیا و بەرزکردنەوەی ئاڵای (ERNK) و وێنەی عەبـدوڵڵا ئـوێج ئـالان، هێرشـی کردە سەر بەشداربووانی کۆنگرە و سەرجەم ئەنـدامانی بەڕێوەبـەری ئـەو پارتـەی دەسـتگیرکرد کـە (مـوراد بـۆزلاق)ی سـکرتێری پارتەکەشـی تێـدابوو. کـاتێکیش ئۆتومۆبیلێکی هەڵگری ئەنـدامانی ئەوپارتـە لـە کۆنگرەکـە دەگەڕانـەوە، تەقـەیان لێکرا و بووە هۆی شەهیدبوونی سێ ئەندام و برینداربوونی یەکێکی تر[4].

---

[1] ڕۆژنامەی وڵات، ژ. (١٢٢)، ١ی کانونی دووەمی ١٩٩٦.

[2] بڕوانە: ڕۆژنامەی وڵات، ژ. (١٣٥)، ١٥شوباتی ١٩٩٦.

[3] بڕوانە: تونجای ئۆزکان، ئۆپراسیۆن، (زریان ڕۆژهەڵاتی) خوێندنـەوەی بـۆ کـردوە، گۆڤـاری (دۆسێی تورکیا)، ژ(٣)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سـلیمانی، نیـسانی ٢٠٠٦، ل١٦٢؛ حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨٤–٤٨٦.

[4] ڕۆژنامەی وڵات، ژ. (١٧١)، ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٩٦.

دوابەدوای ئەو ڕووداوانە و دوای ئەو بڕیارانەی کە پارتی کرێکارانی کوردستان لە چوارەمین کۆنفرانسیدا، لە (١-١٥)ی ئایاری ١٩٩٦ دابوونی، بە زیادکردنی هێزی لەشکری و پێشخستنی شێوازی شەڕ و چالاکییەکانی لە شارەکاندا و ئامادەکردنی تیمی تایبەتی (خۆکوشتن)[1]. دەستی بە هەڵمەتێکی خۆکوشتن کرد و لە ٣٠ی حوزەیرانی ئەو ساڵە لە شاری دەرسیم، لەکاتی ڕێورەسمێکدا، ژنێکی تەمەن ٣٤ ساڵ، بە ناوی (زینەب کناجی) ناسراو بە (زیلان) خۆی تەقاندەوە و لە ئەنجامدا: (٩) سەربازی کوشت و (٣٠)ی تریش بریندار بوون. لە ٢٥ی تشرینی یەکەمیش (لەیلا کاپڵان) ناسراو بە (ڕەوشەن) لە نزیك نووسینگەی هێزی تایبەت، لە ئەدەنە، خۆی تەقاندەوە و لە ئەنجامدا: سێ پۆلیس و هاوڵاتییەك کوژران و ٤ی تریش بریندار بوون. لە ٢٩ی تشرینی یەکەمیش، هێرشێکی تری هاوشێوە لە نزیك بارەگای سەرۆکایەتیی پۆلیس لە سیواس لەلایەن (گولەر ئاتاچ) ناسراو بە (بەرماڵ) ئەنجام درا، بە پێی سەرچاوەیەکی پۆلیس، ئەم هێرشە، (٦) کوژراوی لێکەوتەوە کە سێیان پۆلیس بوون[2].

لە بەرانبەردا، حکومەتی تورکیا، هەڵمەتێکی فراوانی بە هێزێکی زۆر و بە پاڵپشتیی فڕۆکە دژ بە چەکدارانی پارتی کرێکاران دەست پێ کرد و سەرۆکی ئەرکانی سوپای تورکیا، جەنەڕاڵ ئیسماعیل حەقی کارادای ( **Ismail Hakki Karaday**) لە سەردانێکیدا بۆ ناوچەکانی ویلایەتی ئەرزەڕۆم، ڕایگەیاند: کردەوەکانیان لە تەواوی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا

---

[1] بڕوانە: ڕۆژنامەی وڵات، ژ. (٢١٩)، ٢ی کانونی دووەمی ١٩٩٧؛ ژ. (١٦٦)، ١٠ی حوزەیرانی ١٩٩٦.

[2] بە پێی (میخائیل م. جونتر) هێرشی دووەم لە ٢٥ی ئەیول ئەنجام دراوە، بەڵام، بە پشت بە ستن بە (حەسەن جودی و عایدە عەلی)، هێرشەکە لە ٢٥ی تشرینی یەکەم ئەنجام دراوە. (حەسەن جودی)ش نووسیویەتی، هێرشەکە لە شاری (ئامەد) ئەنجام دراوە، بەڵام بە پشت بەستن بە دوو سەرچاوەکەی تر، لە شاری (ئەدەنە) ئەنجام دراوە. بڕوانە: میخائیل م. جونتر، المصدر السابق، ص٨٣؛ حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٩؛ عايدة العلي سري الدين، دول المثلث بين فكي الكماشة التركية الاسرائيلية، ط١، دار الفكر العربي، لبنان-بيروت، ١٩٩٧، ص٢٢١-٢٢٢.

بەردەوام دەبێت. بەگوێرەی ڕاگەیاندنێکی فەرمیی تورکیا، هێزەکانیـان لـە (٢٣–٢٥)ی ئـەیلولی ١٩٩٦، (٤٧) چـەکداری ئـەم پارتـەیان لـە ناوچـەکانی شـیرناخ و دەرسیم و ناوچە کوردییەکانی تر کوشتووە. دەزگای هەواڵی ئـەنادۆڵی تـورکیش، ڕایگەیاند: لەو ماوەیەیەدا، (٢) سەربازی تورکی و (٤) پاسـەوانی گونـد کـوژراون، بەڵام سەرچاوەیەکی ئاسایش، ژمـارەی کـوژراوانی هێزەکـانی حکومـەتی بـە (١٠) کوژراو خەمڵاند بوو[1].

بە پێی ڕاگەیاندنی دەزگای هەواڵی ئەنادۆڵی تورکی (٢١٣٦٧) کـەس کـە لـە نێوانیانـدا (١٣٥٥) چـەکداری پەکەکـەیان تێـدا بـووە، لـە تورکیـا، کـوژراون لـەو کاتەوەی باری نائاسایی لە ڕۆژهەڵاتو باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیـا، لـە تـەمموزی ١٩٨٧ ڕاگەیـەنراوە. بـە پێـی سەرچـاوەیەکی تـریش، لـەو ماوەیەیـەدا، پـارتی کرێکارانی کوردستان، (٣٩١٥) کەسی لـە هێزەکـانی ئاسایـشی تـورکی و چـەندین کەسی سیڤیلی کوشتووە[2].

لە لایەکی ترەوە، حکومەتی تورکیـا، لـە ئایـاری ئـەو سـاڵەدا، بـە مەبەسـتی لەناوبردنی بنکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، بە هێزێکی ١٢٠٠ سـەربازی، بـە پاڵپشتیی تانك و فڕۆکەی جـەنگی، سـنوری باشـووری کوردسـتانیان بەزانـد و ١٥ چەکداری پـارتی کرێکـارانی کوردسـتانیان کوشـت[3]. هـەروەها لـە ٣١ی کـانوونی یەکەمی ١٩٩٦، سوپای تورکیا، ڕایگەیاند: هەزاران سەربازیان چوونەتە باشـووری کوردستان. دەستەی ئەرکانی سوپای تورکیـاش، لـە ڕاگەیاندنێکیـدا، وتـی: (٤٣) چـەکداری پـارتی کرێکـارانی لـەو هەڵمەتـەدا کوشـتووە و ڕاشـیگەیاند: (هەڵمەتـە زەمینی و ئاسمانیەکانیان بەردەوامە)[4]. لە ١٤ی ئایار– ٢١ی حـوزەیرانی ١٩٩٧، هێزێکی (٥٠) هەزار سەربازی، بە تەواوی چەکی ئاسمانی و زەمینی، لـەژێر نـاوی: (ئۆپـەراسیۆنی فولاز) ڕژانـدە هـەرێمی کوردسـتانەوە[5]. ئـەم هێرشـەش، دوور لـە

---

[1] بڕوانە: عايدة العلي سري الدين، دول المثلث ...، ص١٤٥–١٤٦.

[2] نفس المصدر، ص١٤٧–١٤٨.

[3] يوسف ابراهيم الجهماني، اوج آلان...، ص٧٦.

[4] بڕوانە: عايدة العلي سري الدين، دول المثلث ...، ص١٤٩–١٥١.

[5] هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠.

ڕاگەیاندن و بە هاوکاریی (پ.د.ك) و بە هاوەڵیی ڕاوێژکارانی سوپای ئیسرائیل بووە[١]. بە پێی ڕاگەیاندنی سوپای تورکیا، لەو هێرشەدا، (٢٦٠١) گەریلای پەکەکەیان کوشتووە و خۆشیان (٩٩) کوژراو و (٣١٣) بریندار و کەوتنە خوارەی (٢) کۆپتەر زیانیان بووە[٢].

لە لایەکی ترەوە، لە ١٦ ئایاری ١٩٩٧دا هێزەکانی (پ.د.ك)، هێرشیان کردە سەر بنکە و بارەگاکانی (**YNDK**) و نووسینگەی ڕۆژنامەی وڵات و نەخۆشخانەی مانگی سووری کوردستان و نوێنەرایەتیی باشووری پارتی کرێکارانی کوردستان و مەڵبەندی ڕۆشنبیریی میزۆپۆتامیا و نووسینگەی (**MED.TV**)ی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان لە شاری هەولێر کە دەیان کوژراوی لێکەوتەوە[٣].

لە ٢٥ئەیلولیش، جارێکی دیکە، سوپای تورکیا، پەلاماری باشووری کوردستانی دایەوە[٤]، لە ٢٤ی تشرینی دووەمیش، بە مەبەستی لێدانی هێزێکی هەزار کەسی لە چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان، بە هەماهەنگیی (پ.د.ك)، بە (١٦) هەزار سەرباز هاتنەوە ناو سنوری هەرێمی کوردستان. ئامانجی ئەو لەشکرکێشییەش، تەواوکردنی کارەکانی ئۆپەراسیۆنی فولاز بوو بۆ جێبەجێکردنی پشتێنەی ئاسایش لە قوڵایی (٥-١٥) کم بە درێژایی سنوری نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، بە بەکارهێنانی تازەترین ئامێری چاودێری و بە هاریکاریی (پ.د.ك) و بە (١٠٠) تانکی تورکی و هەشت هەزار سەرباز لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ بوون[٥].

دوای جێگیربوونی ئەم هێزانەش، لە ٢٨ی نیسانی ١٩٩٨، دەزگای هەواڵگریی (میت)ی تورکی لە ڕێگای نێوان (دهۆك- هەولێر)، شەمدین ساکیکی یەکێك لە فەرماندەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانیان دەستگیر کرد و ڕەوانەی تورکیایان

---

[١] بڕوانە: يوسف ابراهيم الجهماني، اوج آلان...، ص٧٧.

[٢] هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠.

[٣] حەسەن جودی، سەرچاوەی پیشوو، ل٧١٩.

[٤] بڕوانە: عايدة العلي سري الدين، دول المثلث ...، ص١٩٨.

[٥] بڕوانە: هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠-١٣١.

کـردەوە، (کـە ماوەیـەك پێـشتر و لـە ١٦ ئـاداری ئـەو سـاڵەدا) لەگـەڵ (عـارف ساکیك)ی بـرای بـەهۆی نـاکۆکیی لەگـەڵ عەبـدوڵڵا ئـوێج ئـالان، وازی لـە پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان هێنـابوو، خـۆی تەسـلیمی (پ.د.ك) کردبـۆوە[1]. لەلایـەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە، (شەمدین ساکیك) تۆمەتبار کراوە بەوەی: هـەوڵی دەدا، لە ناوچەی (زاپ)، هەموو دەسەڵاتێك بخاتە ژێر دەستی خۆی و ئـوێج ئـالان بێکاریگەر بکات[2]. هەروەها، تۆمەتباریان دەکرد کە: کار بـۆ دەزگـای هـەواڵگریی تورکی دەکات و لە ڕیزەکانی پارت دوور کەوتۆتەوە[3]. حەسەن ئەحمەدیش: پێی وایە شەمدین ساکیك بەهۆی ئەوەی ناوبانگی لە نـاو چـەکدارانی پـارتی کرێکـارانی کوردستاندا هەبووە و لە ترسی ئەوەی لە دوای ئوێج ئـالان ببێتـە کەسـی یەکـەم، ئوێج ئالان ساکیکی دوور خستۆتەوە[4].

لـە بـاکووری کوردسـتانیش، سـوپای تورکیـا، لـە کۆتـایی نیـسانی ١٩٩٨دا، هەڵمەتێکی فراوانـی بـە بەشـداری (٤٠) هـەزار سـەرباز و بـە سـەرکردایەتیی (١٤) جەنەڕاڵ بۆ گەمارۆدانی چەکدارانی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان (لـە ناوچـەیەکی سەختی ١٦ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشـە) ئـەنجام دا و ئـەم هێرشـەش لـە سـاڵی ١٩٨٤بەدواوە بە گەورەترین هێرشی هێزەکانی سوپای تورکیا دادەنرێـت[5]. دوای تەقینــەوەی لــوغمێکیش بــە ســوپای تورکیــادا، کــە لەلایــەن پــارتی کرێکــارانی کوردستان، لە ناوچـەی ویلایـەتی دەرسـیم چـێنرابوو، سـوپای تورکیـا هێرشـێکی فراوانی بە پاڵپشتیی فرۆکە کردە سەر ئەو ناوچەیە و ژمارەی قوربانیانی هەردوولا (تەنها لەوساڵەدا) گەیشتە نزیکەی (٢) هەزار کـەس و[6]، تاسـاڵی ١٩٩٩، ژمـارەی

---

[1] ڕۆژنامەی (ئاوێنە)، ژ. (٩٨)، ٤ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٧ ؛

**1998 April 13 , Press Release, Political Bureau of KDP on Today's Abduction of Shamdin Sakik in Iraq Kurdistan by Turkish. (www.kdp.pp.se) Forces Special and Airborne**.

[2] بڕوانە، حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٣-٤٩٤.

[3] ریناس جانو، المصدر السابق، ص٢٨٨.

[4] حەسەن ئەحمەد مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

[5] یوسف ابراهیم الجهماني، اوج آلان...، ص٧٧.

[6] حامد محمود عیسی، المصدر السابق، ص٣٢٣.

قوربانییان له سەرەتای دەستکردن به شەڕی چەکدارییەوە گەیشتە نزیکەی (٣٥) هەزار کەس[١].

لەم بارودۆخەدا و لەپێناو زەمینەخۆشکردن بۆ گفتوگۆ، لە ١ی ئەیلولی ١٩٩٨دا، بە بۆنەی ڕۆژی ئاشتیی جیهانی، پارتی کرێکارانی کوردستان، ئاگربەستێکی یەکلایەنەی ڕاگەیاند[٢]، بەڵام حکومەتی تورکیا، گوێی بە ئاگربەست نەدا و تەنها لە مانگێکی دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست، حکومەتی تورکیا، زیاتر لە (٦٠) ئۆپەراسیۆنی لە ناوچە جیاوازەکانی باکووری کوردستان بە پاڵپشتی فڕۆکە و سەدان هەزار سەرباز و پاسەوانی گوند، ئەنجام دا[٣]. هەروەها، لە تشرینی یەکەمی ئەوساڵەدا دەستیان بە هەڵمەتێکی فشارخستنە سەر سوریا کرد بۆ پاڵپشتینەکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان، بە داخستنی بنکەکانی ئەو پارتە لە سوریا و لوبنان و دەرکردنی چەکدارەکانی و عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان لە سوریا[٤]. ئەنجامی ئەو فشارەش بووە هۆی ئەوەی ئۆجەلان لە ٩ی تشرینی یەکەم سوریا جێبهێڵێت و بەرەو یۆنان بەڕێ بکەوێت و لە ١٥ی شوباتی ١٩٩٩، لە وڵاتی کینیا، دەستگیر بکرێت و تەسلیم بە تورکیا دەکرێتەوە کە لە باسی سێیەمدا باسی دەکەین[٥].

دوای دەرچوونی ئۆجەلان لە سوریا، پارتی کرێکارانی کوردستان، کۆنگرەی شەشەمی لە شوباتی ١٩٩٩، بەست. دیارترین دروشمەکانی کۆنگرەش، دروشمی (کوردستانی ئازاد و سەربەخۆ) بوو، گرنگترین لیستی کارەکانیشی گفتوگۆکردن بوو دەربارەی بارودۆخی باکووری کوردستان و کردەوە چەکدارییەکان و چارەسەرکردنی دۆزەکانی ناوخۆ. لەو کۆنگرەیەدا، عەبدوڵڵا ئۆجەلان، دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەشی کۆنگرە کرد، بەڵام دەستلەکارکێشانەوەکەی قبوڵ نەکرا. کاتێکیش عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەستگیر

---

[١] جۆناتان–سی راندڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦٩.

[٢] حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢٠.

[٣] ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٣١٨)، ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨.

[٤] بڕوانە: صلاح سعدلله، المصدر السابق، ص١٢٠.

[٥] بڕوانە: حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢٠–٧٢١.

دەکرێـت، کـۆنگرە دەسـتبەرداری سـەرجەم بەرنامـەکانی دەبێـت و ئاراسـتەی سەرەکیی کۆنگرەکە دەگۆڕێت بۆ: "هەموو شتێك لەپێناوی ئوێج ئالان" و بڕیـاری زیـادکردنی شـەڕ دەدرێـت، هـەروەها، کـۆنگرە بڕیـاری پێکهێنـانی هێزێکـی خۆبەختکـەری بـە نـاوی (هێـزی خۆبەخـشی ئـاپۆ) دا[1]. دوای کـۆنگرەش، کۆنسەیەکی سەرۆکایەتیی بۆ شوێنگرتنەوەی ئوێج ئالان پێکهێنرا کە لە (عوسمان ئوێج ئالان، جەمیل بایك–هەڤاڵ جومعـە، دوران کالکـان، ڕەزا ئـاڵتون، نیزامـەدین تـاش– هـەڤاڵ بۆتـان، مـوراد قەرەیـەلان، هـەڤاڵ ژیـان، هـەڤاڵ پـەیمان) پێکهاتبوون[2].

لەپێناو کرانەوەی پارتی کرێکارانی کوردسـتانیش، بـە ڕووی سـەرجەم هێـزە کوردییـەکان و کۆکردنـەوەیان لـەژێر چـەتری کـۆنگرەی نەتـەوەیی کوردسـتان (KNK) و بۆ فراوانکردنی بنکەی ئاشـتیانە لەگـەڵ دەوڵـەتی تورکیـا. پەرلـەمانی کوردستان، لە کۆبوونەوەی ١٧ی ئەیلولی ١٩٩٩دا، خۆی هەڵوەشـاندەوە و لەگـەڵ (کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان) خۆی ڕێك خست[3].

دامەزرانـدنی کـۆنگرەی نەتـەوەیی کوردسـتان، لـە سـاڵی ڕابـوردووەوە، ئامادەکاریی بۆکرابوو، بۆ ئەو مەبەستەش، لە کۆبوونەوەیەکی پـارت و ڕێکخـراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کەسێتییەکانی کوردسـتاندا، پەیماننامەیـەك بـۆ دامەزرانـدنی کـۆنگرە ئیمزاکـرا و پرۆژەیـەکیش لـەم پێنـاوەدا ئامـادەکرا. پرۆژەکە، لە شەش بەشی سـەرەکی و شـانزە بەنـد پێکهـاتووە و بـە شـێوەیەکی گشتی، زۆر خاڵی گرنگی باس کردووە و دەزگاکانی کۆنگرە و ئەرکـەکانی دیـاریی کردووە، ئامانجەکانی کۆنگرەشی دیاریکردونە کە بریتین لە:

١– پێشخـستنی بەرژەوەندییـەکانی گـەلی کوردسـتان، پـێش هـەموو بەرژەوەندییەکی پارچەکان و پارتە سیاسییەکانی کوردستان.

---

[1] بڕوانـە: رینـاس جـانو، المـصدر الـسابق، ص٢٨٩؛ حەسـەن جـودی، سەرچـاوەی پێـشوو، ل٧٢١.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان ئوێج ئالان، کۆیە،١ی شوباتی ٢٠٠٩.

[3] بڕوانە: ولید رضوان، المصدر السابق، ص٣٤٢–٣٤٣.

٢- كۆنگرەی نەتەوەیی، ڕاگەیاندنی جیهانی مافی مرۆڤ بە بنگەیەك بۆخۆی وەر دەگرێت.

٣- هیچ پارت و ڕێكخراو و كەسێك بۆی نییە لەبەر هەر هۆیەك پشتگیری و هاوكاری لەگەڵ دەوڵەتانی داگیركەری كوردستان یان هەر دەوڵەتێكی تر بكات كە لە دژی بەرژەوەندیی نەتەوەی كورد بێت.

٤- كۆنگرەی نەتەوەیی، شەڕی نێوخۆی پارت و ڕێكخراوە كوردستانییەكان، تاوانبار دەكات و ڕەتی دەكاتەوە.

٥- داننەنان بەو ڕێككەوتنانەی كە كوردستانی پێ دابەش كراوە، یان مافی گەلانی تێدا پێشێل كراوە.

٦- نەهێشتنی هەموو شێوەیەكی ناكۆكی و دژایەتی لە نێوان پارتە سیاسییەكانی كوردستان و لایەنگرانیان و چارەسەركردنی كێشەكانی ناوخۆیی لە كوردستان.

٧- هەوڵدان بۆ چارەسەركردنی دۆزەكانی نێوان گەلی كوردستان و دراوسێكانی بە شێوەیەكی ئاشتی و دۆستانە.

٨- بەكارنەهێنانی هێز تەنها بۆ پاراستنی مافی نەتەوەیی و ناسنامەی گەلی كوردستان نەبێت.

٩- پشتگیریكردنی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی لە هەموو پارچەكانی كوردستان و پێشكەشكردنی هەموو یارمەتییەكی پێویست لەپێناو چارەسەركردنی سیاسیدا كە بە ئەركی خۆی دەزانێت.

١٠- هەوڵدان بۆ دەستخستن و پاراستنی بەرژەوەندییەكانی گەلی كوردستان لەسەر ئاستی دەزگا و ڕێكخراوە نێودەوڵەتی و جیهانییەكانداو هاریكاریكردنی لەگەڵ ڕێكخراوە سیاسییەكانی كوردستان، وەك نوێنەری گەلی كوردستان لەو ئاستەدا.

١١- هەوڵدان بۆ بەهێزكردنی دۆستایەتی لە نێوان گەلی كورد و گەلانی عەرەب و تورك و فارس و هەموو گەلانی جیهان.

١٢- پشتگیریكردن لە پاراستنی ئازادی و سەربەستی بۆ هەموو ئایین و ئایینزا و باوەڕییەكان لە كوردستاندا.

١٣- هەوڵدان بۆ بوژاندنەوە و گەشەپێکردنی زمان و کولتوری کوردی[1].

کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بەسەرۆکایەتیی (عیسمەت شەریف وانلی) و جێگرەکەشی دکتۆر (جەبار قادر) بوو، یەکەم کۆبوونەوەشی لە شاری ئەمستردامی هۆڵەندا لە ساڵی ١٩٩٩، ئەنجام دا کە زیاتر لە (١٧) پارت و ڕێکخراو بەشدارییان تێدا کرد و هەر شەش مانگ جارێك ئەنجومەنی گشتی کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دەکرد و لە ناساندنی پرسی کورد بە زۆر دەزگای جیهان ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا، لەم میانەیەشدا پەیوەندیی بە کۆنگرێسی ئەمریکا و پەرلەمانی ئەوروپا و پارتە ئەوروپییەکان کرد و بە گشتی هەوڵێکی گرنگ بوو بۆ کۆکردنەوەی هێز و ناوەند و کەسایەتییەکانی کوردستان و ئەزمونێکی دەوڵەمەندی خستە بەردەست، دواتر، کۆنگرە، بە تەواوی کەوتە ژێر ڕکێفی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە[2].

### باسی سێیەم/ گیرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و گۆڕانکاری لە هاوسەنگیی هێزەکاندا:

وێڕای ئەوەی حکومەتی تورکیا لە ماوەکانی پێشوودا، چەندین جار سوریای بە یارمەتیدانی پارتی کرێکارانی کوردستان تۆمەتبار کردبوو، بەڵام دوای فڕاندنی شەمدین ساکیك، لە کاتی دادگایکردنی لە دادگای دیاربەکر، لە ٣ی ئایاری ١٩٩٨، ڕایگەیاند: حکومەتی سوریا پێگەی سەرەکی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستانە دژی تورکیا[3]. بەمەش حکومەتی تورکیا، هەوڵەکانی بۆ وەستاندنی پاڵپشتیکردنی سوریا لە پارتی کرێکارانی کوردستان چڕ کردەوە. لە هەفتەی یەکەمی مانگی ئەیلولدا ڕۆژنامەی (حورییەت)ی تورکیا، لە زاری بەرپرسانی سەربازییەوە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکی، بڵاوی کردەوە کە:

---

[1] بۆ خوێندنەوەی تەواوی پڕۆژەی پەیماننامەکە. بڕوانە: ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٣١١)، ٦ی ئابی ١٩٩٨.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەئەمین پێنجوێنی، سلیمانی، ٥ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٩.

[3] عايدة العلي سري الدين، المسألة الكردية في ملف السياسة الدولية، ط١، منشورات دار الآفاق الجديدة، بيروت، ٢٠٠٠، ص٣٦.

توركیا بەڵێنی سەپاندنی سزای سیاسی و ئابووری و سەربازی دژی سوریا داوە[1]. سلیمان دێمیرێلی سەرۆککۆماری تورکیا و مەسعود یلمازی سەرۆکوەزیرانیش داوایان کرد: کاردانەوەی پێویست لە بەرانبەر دیمەشق پەیڕەو بکرێت[2]. جەنەڕاڵ (ئەتیلا ئاتێش–Atılla Ateş) ی سەرکردەی هێزی زەمینی سوپای تورکیاش لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلولدا، لە نزیك سنوری سوریا هەڕەشەی لە سوریا کرد و ڕایگەیاند خەریکە تورکیا ئارامیی نەمێنێت و ڕەنگە تۆڵەی خۆی لە سوریا بکاتەوە[3].

لە سەرەتای تشرینی یەکەمی ١٩٩٨دا، حکومەتی تورکیا، بەمەبەستی داخستنی بنکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە سوریا و لوبنان و دەرکردنی (عەبدوڵڵا ئوێج ئالان) و چەکدارانی ئەو پارتە لەو وڵاتە، فشارێکی توندی خستە سەر سوریا[4]. لەم میانەیەشدا، سلیمان دێمیرێلی سەرۆککۆماری تورکیا، هەڕەشەی تۆڵەکردنەوەی لە سوریا کرد لەپای پاڵپشتیکردنی لە پارتی کرێکارانی کوردستان[5].

گرژییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە، گەیشتە ئاستی هەڕەشەکردنی تورکیا بەوەی بۆ تەمبێکردنی دیمەشق، خاکی سوریا داگیردەکات و تەنانەت ڕێوشوێنی جموجۆڵی سەربازیی تورکیا لەسەر سنوری سوریا ڕووی دا و ڕایانگەیاند: هێزەکانیان بە ئەنجامدانی مانۆڕی زەمینی و دەریایی هەڵدەستن لەسەر سنورەکانی نێوان هەردوو وڵات[6]. حسین کیڤریك ئۆغلو ( Hüseyin Kıvrıkoğlu)ی سەرۆکئەرکانی سوپای تورکیا، بارودۆخەکەی وا باس کرد کە وڵاتەکەی لە شەڕێکی ڕانەگەیەنراو دایە لەگەڵ سوریا[7]. مەسعود یلمازی

---

[1] خلیل علي مراد، العلاقات السوریة–الترکیة ...، ص٧٥.

[2] ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژ. (١٧٠٠)، ١٧ی ئەیلولی ١٩٩٨.

[3] جۆناتان–سی ڕاندال، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦٥ .

[4] صلاح سعدالله، المصدر السابق، ص١٢٠.

[5] یوسف ابراهیم الجهماني و سالار أوسي، ترکیا و سوریا، ط١، دار حوران للطباعة والنشر والتوزیع، سوریا–دمشق، ١٩٩٩، ص٨٤.

[6] نفس المصدر، ص٧٩.

[7] خلیل علي مراد، العلاقات السوریة–الترکیة ...، ص٧٥.

سەرۆکوەزیری تورکیاش لە ٣ی تشرینی یەکەم، ڕایگەیاند: سوپا چاوەڕێی فەرمانی حکومەت دەکات بۆئەوەی کردەوەیەکی سەربازی لە دژی سوریا ئەنجام بدات. (عیسمەت سەزگین)ی وەزیری بەرگریی تورکیاش لە کاتی بەسەرکردنەوەی بنکەکانی سوپا لە ناوچەی (ئورفە)ی هاوسنور لەگەڵ سوریا، وتی: "ئەمە دوا هەوڵی دیبلۆماسیی تورکیایە و کاتێ دیبلۆماسیش نشوستی هێنا ئەوا شتێکی تر دەست پێ دەکات"[1]. لە ١٣ی هەمان مانگیش، مەسعود یلماز، هەڕەشەی ئەوەی کرد: ئەگەر سوریا داخوازییەکانی تورکیا جێبەجێ نەکات ئەوا ئامادەین دنیایان بەسەردا بڕوخێنین و سوریا لەسەر نەخشەی جیهان بسڕینەوە[2]. لە ١٩ی مانگیش، سلیمان دێمیرێل لە چاوپێکەوتنێك لە ویلایەتی ئەسکەندەروونە دوا ئاگادارکردنەوەی بە سوریا دا بە ڕاگرتنی پاڵپشتیکردن لە پارتی کرێکارانی کوردستان، هەروەها سوریای لە ئاکامی خراپی داواکردنی ویلایەتی ئەسکەندەروونە ئاگادارکردەوە[3].

سەرهەڵدانی قەیرانی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨، وێڕای تۆمەتبارکردنی سوریا لەلایەن تورکیاوە بە پاڵپشتیکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان، چەند هۆکارێکی تریشی لە پشتەوە بوو، لەسەرووشیانەوە مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی سەربازی نێوان تورکیا و ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٩٦ و مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی سیاسی و ئاسایش بوو لە نێوانیان، تەنانەت پەیوەندییەکانیان گەیشتە ئاستی هاوپەیمانیی سەربازی و لەم میانەیەشدا ئیسرائیل پشتیوانییەکی گرنگی تورکیا بوو لە شەڕی دژ بە پارتی کرێکارانی کوردستان، بە تایبەت لە بواری هەواڵگری، دوای ئەم هاوپەیمانێتییەش هەڕەشەکانی تورکیا دژ بە سوریا دژوارتر بوون[4]. لە کاتی تەنگژەکەشدا ئیسرائیل لە ڕاگەیاندنەکانیدا ئەوەی دووپات دەکردەوە: ئەگەر بێت و جەنگێك لە نێوان تورکیا و سوریادا بەرپا بێت، ئەوا تەلئەبیب پشتی ئەنقەرە دەگرێت[5].

---

[1] کوردستانی نوێ، ژ(١٧١١)، ١٩٩٨/١٠/٤.

[2] ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٣٢٠)، ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨.

[3] وليد رضوان، المصدر السابق، ص٣٣٥.

[4] بڕوانە: خليل علي مراد، الموقف الإقليمي...، ص٤٣.

[5] ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژ. (١٧١١)، ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨.

لــە بەرانبــەردا، ســوریا، هەڵوێــستێکی نــەرمی لــەو قەیرانــەدا نوانــد و پەرچــەکرداری لــە ڕووی سیاســی و ســەربازییەوە نــەبوو، زۆربــەی ڕاگەیانــدنی بەرپرسەکانیشی لە چوارچێوەی بانگەوازکردن بوو بۆ پێویستیی چارەسەرکردنی دۆزەکــە بــە ڕێگەیــەکی دیبلۆماســی و چارەســەرکردنی ســەرجەم کێــشە هەڵواسراوەکان لەگەڵ لایەنی تورکی لە ڕێگەی گفتوگۆوە. هەروەك فاروق شەرعی وەزیری دەرەوەی سوریا ڕایگەیاند: "ئێمە لە سوریا، هەڕەشـەکانی تورکیـا ڕەت دەکەینەوە و جەختمان لەسەر ئارەزووی ڕاستگۆیانەمان کردۆتەوە بۆ چارەسەری دیبلۆماسی، بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکان لە نێوان هەردوو وڵاتـدا، لـە پێشەوەشیاندا کێشەی ئاسایش". محەمەد سەلمانی وەزیری ڕاگەیاندنی سـوریاش لە گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ئەوەی دووپات کردەوە کە عەبـدوڵڵا ئـوێج ئـالانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردسـتان مـاوەی سـێ مانگـە نەهاتۆتـە نـاو سـوریا و پارتەکەشـی لـە سـوریادا قەدەغـە کـراوە و ئـەو گرژییـەی تورکیـا دژ بـە سـوریا هەیەتی، ئیسرائیل لە پـشتیەوەیەتی[1]. عەبدوڵڵا ئـوێج ئـالانیش ڕایگەیانـد: "مـن جاروبار بەبێ ئاگاداریی سوریا سەردانی کوردەکانی ئەو وڵاتە دەکـەم. مـن ئێـستا لە سوریا نیم، من لە کوردستانم و لێرە درێژە بە تێکۆشان و خەبات دەدەم"[2].

گرژی نێوان تورکیـا و سـوریا، دوای هـەوڵی دیبلۆماسـی لەلایـەن هەریـەك لـە میسر (بەو پێیەی کە سەرۆکی لوتکەی عەرەبییە) و ئێران (بـەو پێیـەی سـەرۆکی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامییە) و دوای سەردانی هەریـەك لـە حوسـنی موبـارەکی سەرۆکی میسر، لە ٤ی تشرینی یەکەم، بۆ سوریا و دوو ڕۆژ دواتریش بـۆ ئەنقـەرە و سـەردانی کـەمال خـەرازی وەزیـری دەرەوەی ئێـران بـۆ سـوریا و دواتـریش بـۆ تورکیا لە ٩ی مانگ و سەردانی عەمر موسای وەزیری دەرەوەی میسر بۆ ئەنقەرە لە ١٢ی هەمان مانگدا[3]، هەریەك لە سوریا و تورکیا، دوای دوو ڕۆژ گفتوگـۆکردن،

---

[1] یوسف ابراهیم الجهماني و سالار أوسي، المصدر السابق، ص٨٨–٨٩.

[2] ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٣٢١)، ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨.

[3] بڕوانە: خلیل علي مراد، العلاقات السوریة–الترکیة ...، ص٨٠" عایدة العلي سري الدین، المسألة الکردیة ...، ص١٢٦ ،١٢٧، ١٥١؛ ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژ. (١٧١٨)، ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨.

لـە ١٩ و ٢٠ی ئـەو مانگـەدا، لـە شـاری ئەدەنـە ڕێککەوتننامەیـەکیان بـە نـاوی ڕێککەوتننامەی ئەدەنە مۆر کرد. بە پێـی وتەبێـژی وەزارەتـی دەرەوەی تورکیـا، ڕێککەوتننامەکە، سێ بەندی سەرەکیی لەخۆی دەگرت. لە بەندی یەکەمدا، سوریا ڕایگەیاند کـە پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان، ڕێکخراوێکـی تیرۆرسـتییە و بەڵێنیـدا ڕێگـە بـەو پارتـە نـەدات چـەك هـەڵگرێ یـان یارمـەتی دارایـی پێبگـات یـان کـاری پروپاگەندەیی ئەنجام بدات لەناو خاکەکەیدا و ڕێگەنەدات بە عەبدوڵڵا ئۆێج ئـالانی سەرۆکی پارتەکە و ئەو ڕێکخراوانەی سەر بەون بگەڕێنەوە ناو خاکەکـەی. بەنـدی دووەمیش، پەیوەست بوو بە ڕێککەوتنێکی دوولایەنە کە پێویستە هـیچ لایـەکیان ڕێگە بە هیچ چالاکییەك لە خاکی وڵاتەکـەیان نـەدەن کـە ئاسایـشی وڵاتەکـەی تـر تێك بدات. بەندی سێیەمیش، پەیوەندیی هەبوو بە میکانیزمی سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە بە دانـانی هێڵێکـی تێلیفـونی ڕاسـتەوخۆ لـە نێـوان دیمەشق و ئەنقەرە و دامەزراندنی نوێنەری ئاسایش لە باڵیۆزخانەی هەر یـەك لـەو دوو وڵاتە[1].

مۆرکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە، لەکاتێکدا هات کە ئۆێج ئـالان پێـشتر لـە ٩ی ئـەو مانگـەدا سـوریای بەجێهێـشتبوو، ڕووی کردبـووە یۆنـان، بـەڵام هـەر لـە فرۆکەخانەی ئەو وڵاتە پێشوازی لێناکرێت. ئەمە وێڕای ئەوەیساڵی ڕابـوردوو بـە ئیمـزای (١٠٨) پەرلـەمانتاری پـارتی (پاسـۆك)ی یۆنـانی بەفـەرمی بـۆ یۆنـان بانگهێشتی کرابوو. دوای ئەوە، ئۆێج ئـالان بـەرەو ڕوسـیا بـەڕێ دەکـەوێت[2]. لـە ڕێگـەی نوێنـەریان لـەو وڵاتـە، (مـاهیر وڵات) و بـە ڕێککـەوتن لەگـەڵ سـەرکردەی پـارتی تونـدڕەو (ژیرنۆڤـسکی)، گونـدێکی بـچووکیان لـە دووریـی (٢٠٠)کـم لـە مۆسکۆی پایتەخت بەمەبەستی نیشتەجێبوونی بۆ کڕی[3].

---

[1] ولید رضوان، المصدر السابق، ص٣٣٦.

[2] حەسەن جـودی، سەرچـاوەی پێـشوو، ل٧٢٠؛ ڕۆژنامـەی (وڵات)، ژ. (٣٢٤)، ١٢ی تـشرینی دووەمی ١٩٩٨.

[3] ابراهیم الداقوقي، المصدر السابق، ص٤٥٩–٤٦٠؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان ئۆێج ئالان ، کۆیە، ١ی شوباتی ٢٠٠٩.

توركیا ڕایگەیاند: ئۆێج ئالان ڕووی کردۆتە ڕوسیا[1]. لە بەرانبەردا ڕوسیا، لە ڕێگەی باڵیۆزەکەیەوە لە ئەنقەرە (ئەلیکسەندەر لێبیدێف) ڕەتی کردەوە، کە ئۆێج ئالان لە ڕوسیا بێت، یاخود ڕێگەی پێدرابێت بێتە ناو خاکی وڵاتەکەی[2]. لە ٥ی تشرینی دووەمیش، وەزیری ناوخۆی ڕوسیا، ڕایگەیاند: ئۆێج ئالان لە وڵاتەکەیان نییە و مافی پەنابەریشی نادەنێ. ئەمەش وێڕای ئەوەی پەرلەمانی ئەو وڵاتە (دۆما)، ڕۆژێك پێشتر بانگهێشتی ئۆێج ئالانی کردبوو بێتە ڕوسیا و بڕیارێکی لەو بارەیەوە پەسەند کردبوو[3].

دوای ئەوەی عەبدوڵڵا ئۆێج ئالان لە ١٢ی تشرینی دووەم، لە ڕوسیاوە بە بەڵگەنامەیەکی ساختەوە، بە یارمەتیی (ڕامۆن مۆنتاڤیانی) ئەندامپەرلەمانی گروپی (سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوە)ی پارتی کۆمۆنیست گەیشتە فڕۆکەخانەی ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا و دەستگیر کرا[4]. لەپێناو پێدانی مافی پەنابەریی سیاسی، لە ١٤ی مانگ، مانی لە خواردن گرت و داواشی لەو کوردانە کرد کە بە مەبەستی پیشتگیریکردنی هاتوونەتە ڕۆما، مان لە خواردن بگرن و کاسبکار و کرێکارانی کوردیش لە وڵاتانی ئەوروپا نەچنە سەر کارەکانیان و دوکانەکانیان دابخەن و خوێندکارانی کوردیش نەچنە خوێندنگاکانیان[5].

بە دوای ئەو ڕاگەیاندنەی ئۆێج ئالانیشدا، کوردەکان لە ١٥ی مانگ خۆپیشاندانێکی پشتگیرییان بۆ ئۆێج ئالان لە وڵاتانی ئەوروپاوە بۆ بەردەم نەخۆشخانەی سەربازیی (چێلیۆ)ی سەربازی لە ڕۆما، بەمەبەستی ئازادکردنی

---

[1] عەبدوڵڵا ئۆج ئالان، لە دەوڵەتی راهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانییەتی دیموکراسییانە، و. لوقمان عەبدوڵڵا، بەرگی دووەم، چاپخانەی ئازادی، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕاگەیاندنی (پ.چ.د.ك)، ب.ش، ب.س، ل٢٨٦ ؛ مەحمود سەنگاوی، سەرچاوەی پێشوو، ٦٧٤.

[2] عايدة العلي سري الدين، المسألة الكردية ...، ص١٥٥.

[3] يوسف ابراهيم الجهماني، اوج آلان ، ص٨٣؛ ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٣٢١)، ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨

[4] مەحمود سەنگاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧٤–٦٧٥.

[5] ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٣٢٥)، ١٩تشرینی دووەمی ١٩٩٨.

ئویێج ئالان و پێدانی مافی مانەوەی سیاسی ڕێك خست (کە تیایدا) ئالآی پارتی کرێکاران و وێنەی عەبدوڵڵا ئویێج ئالانیان بەرز کردبووەوە[1]. ژمارەی ئەو کوردانە کە خۆی دەدا لە (١٠) هەزار کەس، دەستیان بە مانگرتن لە خواردن کرد و لە ناویاندا یەکێك لە خۆپیشاندەران ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا[2]. تەنانەت خۆپیشاندان و مانگرتنی کوردان لە باکووری کوردستان، لە شارەکانی وەك ئامەد و باتمان و لە باشووری کوردستانیش لە شارەکانی وەك سلێمانی و ڕانیە و وڵاتەکانی سعودیە و ژاپۆن و ئەمریکا بۆ پشتگیریکردنی ئویێج ئالان بەردەوام بوو. جگە لەوە، هەزاران زیندانی سیاسیی پارتی کرێکارانی کوردستان و چەندین گیراوی پارت و ڕێکخراوە چەپ و شۆڕشگێڕییەکان لە زیندانەکانی باکووری کوردستان و تورکیا دەستیان دایە چالاکی مانگرتن و خۆسوتاندن[3]. بە گوێرەی ڕۆژنامەی وڵاتی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان، لە ماوەی هەفتەی یەکەمی چوونی ئویێج ئالان بۆ ڕۆما، (٣٢) ئەندام و لایەنگر و دۆستی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ پشتگیری لە ئویێج ئالان لە زیندانەکانی باکووری کوردستان و تورکیا و لە ڕۆژئاوای کوردستان و ئەڵمانیا و ڕوسیا و ئیتاڵیا خۆیان سوتاند[4].

لە لایەکی ترەوە، تورکیا، هەر لەگەڵ گەیشتنی ئویێج ئالان بۆ ڕۆما، داوای کرد ڕادەستی تورکیا بکرێتەوە[5]. لەم میانەیەشدا، مەسعود یلمازی سەرۆکوەزیرانی تورکیا، لە وتارێکیدا، لە ١٨ی تشرینی دووەم، هەڕەشەی بەرپەرچدانەوەی لە ئیتاڵیا کرد گەر بێت و عەبدوڵڵا ئویێج ئالان بۆ تورکیا نەگەڕێنێتەوە، بڕیاریشیدا: هێڵی فاکس بکاتە خۆڕایی لە بەردەم هاوڵاتیانی وڵاتەکەی بۆ ئەوەی دەربارەی داوای ڕادەستکردنەوەی ئویێج ئالان، نامە ئاراستەی حکومەتی ئیتاڵیا بکەن. هەروەها لە وتارەکەیدا، ڕایگەیاند: ئەگەر حکومەتی ئیتاڵیا وەڵامی ئەو داوایە نەداتەوە، ئەوا دەبێتە هاوبەشی ئەو کردەوانەی کە تا ئێستا پارتی کرێکارانی کوردستان ئەنجامی داون. جگە لەمەش،

---

[1] عایدة العلي سري الدین، المسألة الکردیة ...، ص٢٤٦.

[2] مەحمود سەنگاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧٥.

[3] ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٣٢٥)، ١٩تشرینی دووەمی ١٩٩٨.

[4] ڕۆژنامەی (وڵات)،ژ. (تایبەت)، ٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٩٨.

[5] مەحمود سەنگاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧٥.

کۆمپانیاکـانی گەشـتوگوزاری تـورکیش، لـە ١٩ی مـانگ، بڕیـاری وەسـتاندنی گەشتەکانی بۆ ئیتاڵیادا لە دژی ئەو ڕاپۆرتانەی ئاماژەیان بەوە دەدا کە ڕۆما ئۆیج ئـالان ڕادەسـتی ئەنقـەرە ناکاتـەوە[1]. هـەروەها، حکومـەتی تورکیـا داوای لـە هاوپـەیمانێتیی بـاکووری ئەتڵەسـی (نـاتۆ) کـرد، پـشتیوانی لـە داوای ڕادەستکردنەوەی ئۆیج ئالان لە ئیتاڵیاوە بۆ تورکیـا بکـات. ئـەمریکاش کـە هـەر لەسـەرەتای تەنگژەکـەی نێـوان تورکیـا و سـوریا پـشتیوانی داواکـەی حکومـەتی تورکیای بە دەرکردنی ئۆیج ئـالان لـە سـوریا کـرد بـوو، لـە ڕاگەیانـدنێکی فـەرمی کۆشکی سپیدا، بە هەمان شێوە، پشتیوانیی داواکەی تورکیـای لـە ئیتاڵیـا کـرد و داواشی لە هـەردوو وڵات کـرد: کـار بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو تەنگژەیـە بکـەن بـە جۆرێك تورکیا نەسەپاندنی حوکمی لەسێدارەدان (بەسەر ئۆیج ئالان) زامن بکـات. سـەرەنجام: لـە ٢٠ی مـانگ، دادگـای پێداچـوونەوەی ڕۆمـا، بـە پێـی دەسـتوری وڵاتەکەی، داواکەی تورکیـای بـە ڕادەسـتکردنەوەی ئـۆیج ئـالان بـۆ تورکیـا، ڕەت کردەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی، لە تورکیا، قانونی لە سێدارەدان پەیڕەو دەکرێـت، لە لایەکی ترەوە، ئەڵمانیاش داوای دەستگیرکردنی ئۆیج ئالانی کردبوو[2].

ئەم بڕیارەی دادگای پێداچـوونەوەی ڕۆمـا، تەنگژەیـەکی سیاسـیی قـوڵی لـە نێـوان ئەنقـەرە و ڕۆمـادا هێنایـە کایـەوە. ئیـسماعیل جـەمی وەزیـری دەرەوەی تورکیـا، ئـەو بڕیـارەی بـە نـاڕەوا و بێمتمانـە دانـا. حەسـەن دەنیـز ( **Hasan Deniz**)ی وەزیری دادیش، لە ٢٣ی مانگ، ڕایگەیانـد: وڵاتەکـەی لـە (٢٥ و ٢٦)ی مانگ، داواکارییـەکی فـەرمی لـەپێناو گێڕانـەوەی ئـۆیج ئـالان بـۆ تورکیـا دەداتـە حکومەتی ئیتاڵیـا، وێـڕای ئـەوەی یاداشـتێکی بـۆ دەستبەسـەرکردنی ئـۆیج ئـالان دابووە ڕۆما. عیسمەت سەزگینی وەزیری بـەرگریش، هەرەشـەی دوورخـستنەوەی کۆمپانیـا ئیتاڵییـەکانی کـرد بـە کڕینـی چـەك و پێداویـستی یـەدەگ و زەخـیرەی تەقەمەنی بۆ سوپای تورکیا[3]، هەروەها، خۆپیشاندانی ناڕەزایی دژ بەو بڕیارە لە تورکیادا ڕووی دا و هێرش کرایە سەر باڵیۆزخانەی ئیتاڵیا لە ئەنقەرە و ئاڵای ئـەو وڵاتەش سوتێنرا[4].

---

[1] بڕوانە: عايدة العلي سري الدين، المسألة الكردية ...، ص٢٣٣.

[2] بڕوانە: حامد محمود عيسى، المصدر السابق،ص ٣٤٢-٣٤٣.

[3] بڕوانە: عايدة العلي سري الدين، المسألة الكردية ...، ص٢٣٤.

[4] بڕوانە: حامد محمود عيسى، المصدر السابق،ص٣٤٣.

سەربارى هەوڵەكانى حكومەتى توركيا، جارێكى تريش، داواكاريى گەڕاندنەوەى ئۆيج ئالان لە ٢٨ى مانگ، لەلايەن دادگاى ڕۆماوە، ڕەت كرايەوە و حكومەتى ئيتاڵياش چەند مەرجێكى بۆ ڕادەستكردنەوەى ئۆيج ئالان خستە بەردەم حكومەتى توركيا كە بريتى بوون لە:

١- ئازادكردنى پەرلەمانتارە كوردەكان و چەند بەرپرسێكى ناوخۆيى كە بە پێى قانونى بەگژداچوونەوەى تيرۆر دەستگير كراون.

٢- وازهێنان لە قانونەكانى بەگژداچوونەوەى تيرۆر.

٣- دەركردنى لێبوردنێكى گشتى بۆ چەكدارانى پارتى كرێكارانى كوردستان.

٤- ڕێگەدان بە كاركردنى ئازادانەى پارتە كوردييەكان لە توركيادا[1].

ڕەتكردنەوەى داواكاريى ڕادەستكردنەوەى ئۆيج ئالان بۆ توركيا، لەلايەن دادگاى ئيتاڵياوە، دواى ئەو هەنگاوە ديبلۆماسيانەى عەبدوڵڵا ئۆيج ئالان هات كە چوار ڕۆژ پێشتر، لە ٢٤ تشرينى دووەمى ١٩٩٨، نامەيەكى بۆ (پاپاجان پۆلى دووەم)ى پاپاى ڕۆما نووسى و تێيدا داواى چارەسەركردنى دۆزى كورد و ڕاگرتنى پشتگيريى وڵاتانى ڕۆژئاواى بۆ حكومەتى توركيا دەكرد، هەروەها ئەوەشى دەرخستبوو كە بە مەبەستى دانانى سنوور بۆ كۆمەڵكوژييەكانى توركيا هاتۆتە ئەورووپا[2]. لە ٢٥ى مانگيش، لە كۆنگرەيەكى ڕۆژنامەوانيدا، پارێزەرى ئۆيج ئالان (لويجى ساراسينى) ڕايگەياند: ئۆيج ئالان داواى لە ئەورووپا كردووە كە پشتيوانى لە پێشنيازى ئاشتى لەگەڵ توركيادا بكات كە بريتيين لە:

١- وەستاندنى هەموو هەڵمەتە سەربازييەكان دژ بە گوندە كوردييەكان.

٢- گەڕاندنەوەى پەنابەران بۆ گوندەكانيان.

٣- هەڵوەشاندنەوەى سيستەمى پاسەوانانى گوند.

٤- بەخشينى مافى ئۆتۆنۆمى بە ناوچە كوردييەكان، بەبێ دەستكاريكردنى يەكێتيى دەوڵەتى توركيا و پاراستنى خاكەكەى.

---

[1] يوسف ابراهيم الحهماني، اوج آلان ، ص٨٤.

[2] ڕۆژنامەى (وڵات)،ژ. (تايبەت)، ٢٦ى تشرينى دووەمى ١٩٩٨.

٥- داننان به مافی کوردەکان لە هەموو ئازادییە دیموکراتییەکان.
٦- داننان بە پێناسە و زمان و ڕۆشنبیریی کوردی و چەندایەتی و ئازادیی ئایینی.

جگەلەوە، ئۆیج ئالان داوای هێنانەدیی ئەو ئامانجانەی لە ڕێگەی گفتوگۆی سیاسی بە سەرپەرشتیی چاودێرانی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەوروپا کرد[1].

دوای ئەم هەوڵانەی ئۆیج ئالان، هەریەك لە گێرهارد شرۆیدەری ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و ماسیۆ دالیمای سەرۆکوەزیری ئیتاڵیا لە ٢٧ی مانگ کۆبوونەوە و پێشنیازی بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتییان بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە تورکیا و دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ دادگاییکردنی ئۆیج ئالان کرد، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە ڕەت کرایەوە[2]. لەم بارەیەشەوە، سلیمان دێمیرێلی سەرۆکی تورکیا، لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵی (تەرەتە)ی تورکی، وڵاتانی ئەوروپای بە پارێزگاریکردن لە تیرۆر لەسەر حسابی وڵاتەکەی لە دۆزی ئۆیج ئالاندا تۆمەتبار کرد و ڕاشیگەیاند: بیرۆکەی دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتیی بۆ دادگاییکردنی ئۆیج ئالان، لەگەڵ قانونە نێودەوڵەتییەکاندا ناکۆکە. ئیسماعیل جەمی وەزیری دەرەوەی تورکیاش، هەموو دەستپێشخەرییەکی وڵاتانی ئەوروپای لە چارەسەرکردنی کێشەی ئۆیج ئالاندا ڕەت کردەوە و پێی وابوو گێڕانەوەی ئۆیج ئالان و دادگاییکردنی دەبێ بە هەماهەنگی لە نێوان حکومەتی تورکیا و ئیتاڵیا بێت. مەسعود یلمازی سەرۆکوەزیری تورکیاش، پێشنیازی دەستپێشخەریی ئەوروپای بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە تورکیا ڕەت کردەوە[3]. هەروەها، لە ٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٨، کاتێك پەرلەمانی ئەوروپا بڕیارێکی سەبارەت بە چارەسەرکردنی دۆزی کورد و سەقامگیرکردنی مافی مرۆڤ لە ئەوروپا خستە بەر باس و پەسەندی کرد، لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە، ڕەت کرایەوە و

---

[1] عايدة العلي سري الدين، المسألة الكردية ...، ص٢٥٠.
[2] صلاح سعدالله، المصدر السابق، ص١٢٠.
[3] بڕوانە: عايدة العلي سري الدين، المسألة الكردية ...، ص٢٣٦-٢٣٧.

ڕایانگەیاند ئەنقەرە دەستتێوەردانی لەو جۆرە پەسەند ناکات، ئەگەر وڵاتانی ئەوروپا دابەشکردنی تورکیا دەخەنە سەر مێزی گفتوگۆ، با یەکێتیی ئەوروپا هەر بۆ ئەوان بێت. بڕیارەکەش پێك هاتبوو لە:

١- ئازادکردنی پەرلەمەنتارانی پارتی (DEP).

٢- لە چوارچێوەیەکدا کە زیان بە یەکپارچەیی خاکی تورکیا نەگات، لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستاندا، دەست بە دانوستان بکرێت.

٣- گۆڕینی قانونی هەڵبژاردنەکانی تورکیا.

٤- هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پاسەوانانی گوند.

٥- هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی باری نائاسایی.

٦- وەڵامدانەوەی ئەو ئاگربەستەی کە لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە لە١ی ئەیلولی ١٩٩٨ ڕاگەیەنراوە.

٧- سازکردنی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد کە هەموو ئەو لایەنانەی پەیوەندییان بە دۆزی کوردەوە هەیە پێی ڕازی بن.

٨- ڕەخساندنی بوار بۆ گەلی کورد تا بتوانێ لە هەموو تورکیادا، بە زمانی زگماکیی خۆی، منداڵانی پەروەردە بکرێن[1].

ئـوێج ئـالان لـە هەوڵەکانیـدا بـە مەبەسـتی چارەسـەرکردنی دۆزی کـورد و بەدەستهێنانی مافی پەنابەریی سیاسی، بەردەوام بوو، لەم پێناوەشدا، ئامادەیی خۆی ڕاگەیاند بۆ ئامادەبوون لەبەردەم دادگایەکی نێودەوڵەتی بەو مەرجەی لەلایەن کەسانی بێلایەنەوە سەرپەرشتی بکرێت[2]. لە ١١ی کانوونی یەکەم، لە لێدوانێکیدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئامادەیی خۆی بۆ وازهێنان لە پارتی کرێکارانی کوردستان دەربڕی و ڕایگەیاند ئەگەر کێشەکە منم و گرەنتی تەواو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بدرێت، ئەوا من ئامادەم واز لە سەرکردایەتیکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان بهێنم و وەك چاودێرێك دانیشم[3]. لە ١٣ی مانگیش،

---

[1] ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٣٢٧)، ١٩ی کانونی یەکەمی ١٩٩٨.

[2] ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژ. (١٧٥٧)، ٧ی کانونی یەکەمی ١٩٩٨.

[3] ڕۆژنامەی (وڵات)، ژ. (٣٢٨)، ١٧ی کانونی یەکەمی ١٩٩٨.

لە لێدوانێکیدا بۆ تەلەفزیۆنی مید تیڤی ڕایگەیاند کەوا: پیشتیوانی لە خەباتی چەکداری لەلایەن باڵی سەربازی پارتەکەی (ARGK) ناکات و بە توندیش ڕەخنەی لە شێوازی کارکردنی گرت[١].

دوای فشارەکانی حکومەتی تورکیا وەك لە ماوەکانی دواتردا زانرا، حکومەتی ئیتاڵیا بە ئۆجەلانی وتووە: پێویستە لە وڵاتەکەیان بڕوات. ئەوە بوو ئۆجەلان لە ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩، ئیتاڵیای بەجێهێشت و بە پاسپۆرتێکی قوبرسی یۆنان گەڕایەوە ڕوسیا[٢]. لەگەڵ دەرچوونی ئۆجەلانیش لە ڕۆما، وێڕای ئەوەی حکومەتی ئیتاڵیا هەواڵی دەرچوونی لە وڵاتەکەی پشتڕاست کردەوە، لە بەرانبەردا وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیا و دەزگا ئەمنیەکانی ئەو وڵاتە ئامادە نەبوون دان بەوەدا بنێن ئۆجەلان ڕووی کردۆتە ڕوسیا. حکومەتی تورکیاش، لە ١٧ی مانگ، ڕەخنەی توندی لە ئیتاڵیا گرت کە بە پێی قانون نەجوڵاوەتەوە، بەوەی ڕێگەی بە ئۆجەلان داوە، ئیتاڵیا جێبهێڵێ، هەروەها سوربوونی وڵاتەکەشی بە ڕاوەدوونانی ئۆجەلان لە هەموو شوێنێك دووپات کردەوە[٣]. جگە لەوە، هەر ڕۆژەی وڵاتێکیان تاوانبار دەکرد بەوەی پەنای ئۆجەلانیان داوە. لەوانەش وڵاتانی (لیبیا، ئەرمینیا، قەرەباغ، ڕوسیا، سودان، لوبنان، عێراق و...هتد)[٤].

دەرچوونی ئۆجەلان لە ڕۆما و گەڕانەوەی بۆ ڕوسیا، دوای ئەو زانیارییانە هات کە دەگەیشتنە ئۆجەلان بەوەی دەوڵەتی ڕوسیا مۆڵەتی پێدەدات ماوەی (١-٦) مانگ لە وڵاتەکەیدا بمێنێتەوە[٥]. دەرچوونیشی لە ئیتاڵیا بە وتەی (حەمەئەمین پێنجوێنی) کە خۆی ئۆجەلانی لە ڕۆما بینیوە، بە پێچەوانەی بۆچوونی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیران بووە کە سەردانیان کردووە و پێیان باشبوو، ئیتاڵیا بەجێ نەهێڵێ[٦]. عوسمان ئۆجەلانیش

---

[١] صلاح سعدالله، المصدر السابق، ص١٢٠.

[٢] تونجای ئۆزکان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨.

[٣] ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژ. (١٧٨٥)، ١٨ی کانونی یەکەمی ١٩٩٩.

[٤] ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژ. (١٧٩٤)، ٣ی شوباتی ١٩٩٩.

[٥] تونجای ئۆزکان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨.

[٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەئەمین پێنجوێنی، سلیمانی، ٥ی کانونی دووەمی ٢٠٠٩.

دەرچوونی لە ئیتاڵیا بە هەڵەیەکی گەورەی عەبدوڵڵا ئوێج ئالانی برای دادەنێت، چونکە ماوەیەك بەر لە دەرچوونی لە ڕۆما، بڕیاربوو دوو کەس لە دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا (**CIA**) ببینێت، بەمەش ئەگەر ئەو چاوپێکەوتنە ببوایە، نزیك بوو کە ئەو دۆزە بە ڕێگەیەکی ئاشتییانە چارەسەر کرابایە[1].

ئوێج ئالان، بە فڕۆکەیەکی تایبەتی کە خۆیان بەکرێیان گرتبوو، گەڕایەوە ڕوسیا و چەند ڕۆژێك لەو وڵاتەدا مایەوە، بەڵام دواتر پێی گوترا: پێویستە لێرە دەرچێت، ئەگینا ڕادەستی سوریات دەکەینەوە. ئوێج ئالانیش زانیی ئەگەر بیگەڕێننەوە سوریا، ئەوا ڕادەستی تورکیا دەکرێتەوە، بۆیە لەگەڵ نوێنەرایەتیی پارتی کرێکارانی کوردستان لە یۆنان قسە دەکات و ئەوە دەزانێ کە یۆنان ڕێگەی مانەوەی پێدەدات، لەو کاتەشدا دوو ئەندامی دەزگای هەواڵگریی یۆنان (**EIP**) لە ٢٩ی کانوونی دووەم دێنە ڕوسیا بۆ ئەوەی ئوێج ئالان لەگەڵ خۆیاندا ببەن و دەچێتە یۆنان، بەڵام دواتر حکومەتی ئەو وڵاتە ماوەی مانەوە بە ئوێج ئالان نادات و داوای لێدەکات لە یۆنان دەرچێت. دوای ئەوە هەوڵدرا لە ڕێی مینیسك (بیلاڕوسیا)وە بۆ هۆڵەندا بنێردرێت، بەڵام ئەوە سەری نەگرت کە بچێ بۆ هۆڵەندا[2].

دوای قبوڵنەکردنی ئوێج ئالان لەلایەن ئەو وڵاتانە و لەبەرئەوەی وڵاتانی تری یەکێتیی ئەورووپا بڕیاری ڕێگەپێنەدانی ئوێج ئالان یان دابوو، بەلجیکاش لەو بارەیەوە فڕۆکەی پاسەوانیی خۆی هەڵستاندبوو، حکومەتی ڕوسیاش بە سەرۆکایەتیی یڤگێنی پریماکۆڤ ڕێگەی مانەوەی بە ئوێج ئالان نەدەدا، ئوێج ئالان بە ناچاری گەڕایەوە یۆنان. ئەگەر چی ئوێج ئالان بەرلەوەی بگەڕێتەوە یۆنان بە نیاز بوو لە هەرێمی چیایی قەرەباغ جێگیر ببێت، بەڵام لە ئەنجامدا سەرینەگرتو ئەو بڕیارە پێکنەهات[3]. لە یۆنانیش هەوڵدرا بهێنرێتە کوردستان، بۆ ئەو

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان ئوێج ئالان، کۆیە، ١ی شوباتی ٢٠٠٩.

[2] بڕوانە: تونجای ئۆزکان ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨؛ بریتا بوهلەر، گەشتی بێ ئەنجامی سەرکردەیەك، ئەمستەردام، ٢٠٠٠ (بە زمانی هۆڵەندی).

[3] تونجای ئۆزکان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨–١٦٩.

مەبەستەش عوسمان ئوێج ئالانی برای قسەی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێراندا کرد، بەڵام ڕازی نەبوون بە خاکی ئێراندا بهێنرێتە کوردستان[1].

دوای گەڕانەوەی ئوێج ئالان بۆ ئەسینای پایتەختی یۆنان، هەروەکو لە چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری (دێرشپیگڵ)ی ئەڵمانیدا (لەگەڵ یەکێك لە هاوەڵانی ئوێج ئالان بەبێ ئاشکراکردنی ناوەکەی) دەردەکەوێت، دەسەڵاتدارانی یۆنان فڕۆکەیەکی تایبەتیان خستبووە بەردەست ئوێج ئالان تاوەکو بگوازرێتەوە بۆ وڵاتی کینیا کە دوو کارمەندی ئاسایشی یۆنانیشی تێدابوو. لە ٢ی شوبات، ئوێج ئالان گەیشتە نایرۆبیی پایتەختی کینیا و لەلایەن سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانەی یۆنانییەوە پێشوازیی کرا و دواتر گوازراوەتەوە بۆ باڵیۆزخانەی یۆنان لەو وڵاتە[2].

ئوێج ئالان لەگەڵ چوار هاوەڵیدا (دووانیان کچ بوون)، بەهۆی پاسپۆرتێکی قوبرسی لەژێر ناوی (لاساروس ماوروس–**Lasaros Maoros**) چووە کینیا[3]. ناردنیشی بۆ کینیا هەروەك ڕاپۆرتێکی باوەڕپێکراو دڵنیای دەکاتەوە کە یۆنان بە هاوکاری لەگەڵ دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا (**CIA**) گەشتی (ئوێج ئالان) یان بۆ کینیا ڕێکخستووە، بە مەبەستی دەرچوونی لە ئەوروپا[4]. ئوێج ئالانیش لەو بارەیەوە دەڵێت: "ئەو هێنان و بردنەی من شتێکی لە خۆڕایی نەبوو، ناردنی من بۆ کینیا بەرنامەیەکی شاراوەی تێدابوو، یەکێتیی ئەوروپا منی وەرنەدەگرت و حکومەتی یۆنانیش لە دژی مانەوەم لە وڵاتەکەیاندا بوو، بۆیە بەناچاری ڕۆیشتن بۆ کینیام قبوڵ کرد... لە باڵیۆزخانەی یۆنان لە کینیا پێیان ڕاگەیاندم، کە پاسپۆرتی ئەفریقای باشوورت بۆ دەردەکەین، بەڵام سەرەڕای تێپەڕینی ڕۆژانێکی زۆر هیچ جۆرە پاسپۆرتێکیان بۆ نەهێنام..."[5].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان ئوێج ئالان ، کۆیە، ١ی شوباتی ٢٠٠٩.

(٢) بڕوانە: عايدة العلي سري الدين، المسألة الكردية ...، ص٢٩٦–٢٩٧.

(٣) بڕوانە: سالار باسیرە، چیرۆکی ڕفاندنی ئۆجەلان لە کینیاوە بۆ تورکیا، لە ئەرشیفی د.محەمەد سالار باسیرە، ل٥–٦.

(٤) بڕوانە: وليد رضوان، المصدر السابق، ص٣٣٩.

(٥) تونجای ئۆزکان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٠.

دوابەدوای چوونی ئۆیچ ئالان بۆ کینیا لە (٣-٤)ی شوبات، ئەسینا بە ئەنقەرە ڕادەگەیەنێت کە: ئۆیچ ئالان لە کینیایە، (**CIA**) لەو بارەوە بەدواداچوونی پێویستی ئەنجام دا. بە پێی تونجای ئۆزکان، دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیل (**Mosad**) خۆی تێکەڵی ئەم کێشەیە نەکردووە، تەنیا لەکاتی دەرچوونی ئۆیچ ئالان لە سوریا، هەندێك زانیاریی بە تورکیا دابوو[(١)]، بەڵام زانیارییەکانی گۆردۆن تۆماس لە کتێبی (نهێنییەکانی مۆساد) بە پێچەوانەوەیەوە و باس لە ڕۆڵی موساد لە چاودێریکردنی ئۆیچ ئالان لە ڕۆما و شوێنپێهەڵگرتنی دەکات، لە هەموو وڵاتانی حەوزی دەریای سپیی ناوەڕاست وەکو ئیسپانیا و تونس و مەراکیش کە ئۆیچ ئالان پەنای بۆیان بردووە، بەڵام بەهۆی بەدەستنەهێنانی مافی پەنابەری، ناچاربووە، لە وڵاتێکەوە بەرەو وڵاتێکی تر بچێت. هەروەها لە کینیاش، شوێنپێی ئۆیچ ئالان هەڵدەگرێ و بەهۆی ئەو گفتوگۆ بێتەلانەی لە باڵیۆزخانەی یۆنانەوە کراون، لەلایەن تیمی تایبەتیی موسادەوە گوێی لێگیراوە و لەسەر ئەم زانیارییانەش، پلانەکانیان دارشتووە. هەروەها لە ڕێی پەیوەندیکردنی بەکرێگیراوێکیان بە یەکێك لە هاوەڵانی ئۆیچ ئالان، هەوڵ دراوە بە ڕازیکردنی ئۆیچ ئالان بۆ دەرچوونی لە باڵیۆزخانەی یۆنان بەوەی کە مانەوەی مەترسیی لە سەر ژیانی دروست دەکات و تاکە هیوای ئەوەیە کە بەرەو لایەنگرانی خۆی بڕوات لە ناوچە شاخاوییەکانی باشووری کوردستان[(٢)].

وەزارەتی دەرەوەی یۆنان، بەردەوام لێپرسراوانی هەواڵگریی یۆنانیان لە نایرۆبی ئاگادار دەکردەوە کە پێویستە ئۆیچ ئالان کە لە گفتوگۆ نهێنییەکانیاندا بە (دایە گەورە) ناویان دەبرد، پێویستە لە باڵیۆزخانەکەیان بچێتە دەرەوە. بۆ ئەو مەبەستە، گروپێکی چوار کەسی دەنێرێتە نایروبی، بۆ دەرکردنی ئۆیچ ئالان لە باڵیۆزخانە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەو چوار هاوەڵەی لەگەڵ ئۆیچ ئالاندا بوون، بیریان لەوە کردەوە ئەگەر ئۆیچ ئالان بە زۆر دەربکەن لەوانەیە ڕووداوێکی خراپ ڕوو بدات. لە ١٤ی شوبات، کینییەکان دەزانن کە ئۆیچ ئالان لە باڵیۆزخانەی

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل١٧٥.

(٢) بڕوانە: گۆردۆن تۆماس، نهێنییەکانی مۆساد، و. شەفیقی حاجی خدر، چ١، چاپخانەی هیڤی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٣٩٠-٣٩٤.

یۆنانە، بە هەڕەشە لێکردنەوە، داوایان لێکردبوون ئۆیج ئالان دەبێت تاوەکو پاش نیوەڕۆی ئەوڕۆژە خاکی کینیا بەجێبهێڵێت و بۆ ئەو مەبەستەش ئامادەن فڕۆکە بۆ ئۆیج ئالان تەرخان بکەن بۆ ئەوەی بڕوات بۆ ئەو وڵاتەی کە خۆی دەیەوێت. باڵیۆزی یۆنان ئەمە بە ئۆیج ئالان دەڵێت، بەڵام ئۆیج ئالان ڕۆیشتنی ڕەت کردەوە. لەو کاتەشدا وەزیری دەرەوەی کینیا داوای چاوپێکەوتن لەگەڵ باڵیۆزی یونان دەکات و دوای چاوپێکەوتنی نێوانیان لە ١٥ی شوبات، باڵیۆزی یۆنان بە ئۆیج ئالان و هاوڕێکانی دەڵێت: مانەوەیان مەترسییە بۆ سەریان. دوای ئەوە ئۆیج ئالان بڕیاریدا بچێتە بەردەم دادگای لاهای کەچی نزیکەی (١٥) کەس لە هێزەکانی ئاسایشی کینیا، دوای نیو سەعات گەیشتنە بەردەم بیناکە و گەمارۆیاندا. لەو کاتەشدا، وەزیری دەرەوەی یۆنان (تیۆدۆرۆس بانگالۆس) پەیوەندیی بە ئۆیج ئالانەوە کرد و پێی دەڵێت: وا باشترە بڕۆی بۆ ئەورووپا و پێویستە واش بکەی. دوای گفتوگۆیەکی زۆری نێوانیان، ئۆیج ئالان ئارەزووی دەربڕی کە بچێتە هۆڵەندا، بۆ ئەو مەبەستە، لەگەڵ هاوڕێکانی و باڵیۆزی یۆنان و سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی کینیا، پاش نیوەڕۆی ١٥ی شوباتی ١٩٩٩، بینای باڵیۆزخانەی یۆنانیان بە جێهێشت. بڕیار بوو ئۆیج ئالان و باڵیۆزی یۆنان بچنە ناو یەك ئۆتۆمۆبیل، بەڵام دواتر لەلایەن پۆلیسی کینیاوە ئۆیج ئالان ناچارکرا بە تەنیا سواری یەکێك لەو پێنج ئۆتۆمۆبیلە جێپانە بێت کە لەدەرەوە چاوەڕێیان دەکرد، بە مەبەستی گواستنەوەی بۆ فڕۆکەخانە، پاش چەند خولەکێك، ئۆتۆمۆبیلەکەی ئۆیج ئالان زۆر بە خێرایی لە کاروانەکە جیابۆوە و باڵیۆز و هاوەڵەکانی ئۆیج ئالانیش بێهودە لە فڕۆکەخانە چاوەڕێی ئۆیج ئالانیان کرد و لێی گەڕان[1]. دواتر کینییەکان ئۆیج ئالان بەرەو فڕۆکەی تیمی تایبەتیی (میت) دەبەن کە پێشتر بە شێوەیەکی نهێنی لە ١٠ی شوبات لە ئەنتالیاوە بە ڕێگای میسر چوونە وڵاتی ئۆگەندا و تا ڕۆژی پێشتر لەو وڵاتە مابوونەوە. ئەوانیش ئۆیج ئالان دەگرن و دەستیان گرێ داو چاوی داپۆشرا و لەلایەن دکتۆرێکەوە بێ هۆش کرا[2].

---

[1] سالار باسیرە، سەرچاوەی پێشوو، ل٦؛ عايدة العلي سري الدين، المسألة الكردية ...، ص٢٩٧" عەبدوڵڵا ئۆج ئالان، لە دەوڵەتی...، ل٢٩١.

[2] بڕوانە: تونجای ئۆزکان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٦-١٧٧.

له ١٦ی شوبات، ئوێج ئالان دەگەیێنرێتەوە تورکیا و کاتێکیش لەناو فڕۆکەکە پێی دەڵێت "بەخێربێی بۆ تورکیا". ئوێج ئالان لە وەڵامدا دەڵێت: "سوپاس، بەڕاستی من تورکیا و گەلی تورکم خۆش دەوێت"[1]. هەروەها کاتێك بەرپرسیاری (میت) پێی دەڵێ: "ئاسودە بە"، ئوێج ئالان لە وەڵامدا دەڵێت: " من حەز لە وڵاتی خۆم دەکەم. دایکیشم تورك بوو، ئەگەر خزمەتێك پێویست بێت ئەوا [ئەنجامی دەدەم]"[2]. ئەو وتانەشی زۆر نزیکە لەو بۆچوونەی کە لە بێئاگایی خۆیەوە وتبێتی (گوایە بەهۆی کاریگەری ئەو دەرزییەی کە پێی بێ هۆشکراوە). هەروەها وەك ئوێج ئالان دەیگێڕێتەوە: لەناو فڕۆکەکەدا، ئەندامانی تیمی تایبەتیی (میت) لەش و چاویان بەستووە و پێی وایە فڕۆکەکە دوو جار نیشتۆتەوە، شوێنێکیان لە میسر و، ئەوی دیکەشیان ئیسرائیل یان قوبرس بووە[5]. بولەنت ئەجەویدی سەرۆکوەزیرانی تورکیاش لە ١٦ شوبات، باسی گیرانی ئوێج ئالانی کرد و ڕایگەیاند، کە: لەلایەن عەدالەتی تورکەوە دادگایی دەکرێت و پێویستە چەکدارەکانیشی بەبێ مەرج خۆیان ڕادەست بکەنەوە[3]. دوای دەستگیرکردنیشی، لە دورگەی (ئیمراڵی) لە دەریای مەڕمەڕە، دانرا[4].

لە ١٦ی شوبات، ناوەندی زانیاریی کوردستانی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان، ڕایگەیاند: لیژنەی ناوەندیی پەکەکە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و تورکیای تاوانبار کردووە بەوەی لە دوای جوڵانەوەی ئەو دەزگا نهێنییانەوە بوون کە بوونە هۆی فڕاندنی ئوێج ئالان. نیزامەدین تاش، بەرپرسی باڵی سەربازی (**ARGK**)ش ڕایگەیاند: هەردوو حکومەتی کینیا و یۆنان، بەرپرسیارییەتیی ئەو پیلانە لە ئەستۆ دەگرن، هەروەها داوای دڵنیایی بۆ پاراستنی ژیانی ئوێج ئالان کردەوە کە ژیانی لە مەترسییەکی گەورە دایە[5].

---

(١) ریناس جانو، المصدر السابق، ص٢٩١.

(٢) بڕوانە: تونجای ئۆزکان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧-١٧٨.

(٣) عەبدوڵڵا ئۆج ئالان، لە دەوڵەتی...، ل٢٩٢.

(٤) بڕوانە: تونجای ئۆزکان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧-١٧٨.

(٥) ولید رضوان، المصدر السابق، ص٣٣٩.

(٦) بڕوانە: عایدة العلي سري الدین، المسألة الكردیة ...، ص٣٠٤.

ئۆیج ئالانیش له ١٧ی تشرینی دووه‌می ١٩٩٩، له سه‌ر ئه‌م بابه‌ته، له ڕێگه‌ی پاریزه‌ره‌کانیه‌وه ڕوونکردنه‌وه‌یه‌کی داو وتی: "ئۆپه‌راسیۆنی ده‌ستگیرکردنی من له‌لایه‌ن (CIA)وه به‌ڕێوه‌براوه و حکومه‌ته‌کانی ئیسرائیل–ئه‌مریکا–یۆنان و کینیاش یارمه‌تییان داون، ئێمه فریومان خوارد، وامانزانی حکومه‌تی یۆنانستان دۆستی ئێمه‌یه چونکه له قۆناغه‌کانی ڕابوردوودا پشتیوانیی لێده‌کردین، ئه‌مه‌ش وای له ئێمه کرد، که بکه‌وینه ناو که‌مته‌رخه‌مییه‌وه"[1].

جه‌میل بایکیش، ده‌ستگیرکردنی عه‌بدوللا ئۆیج ئالان، به پیلانگێڕییه‌کی نێوده‌وڵه‌تی له‌قه‌ڵه‌م ده‌دا و جگه له‌و وڵاتانه، چه‌ند وڵاتێکی تریشی تاوانبار کرد که ڕۆڵی سه‌ره‌کییان هه‌بووه، وه‌کو ئینگلته‌را، چونکه پێی وایه بیرۆکه‌ی ئه‌و پیلانگێڕییه‌ی پێشخستووه و له‌سه‌ر ئه‌و بیرۆکه‌یه‌ش پیلان بۆ گرتنی ئۆیج ئالان داڕێژراوه. هه‌روه‌ها پێی وایه: میسریش، ڕۆڵی سه‌ره‌کیی هه‌بووه به‌وه‌ی وڵاتانی عه‌ره‌بی له‌کاتی ته‌نگژه‌که‌دا هانداوه که له‌گه‌ڵ سوریا نه‌بن. سه‌باره‌ت به ئه‌ڵمانیاش، پێیان وابوو، کاتێك که ئۆیج ئالان چووه ڕۆما، پێشتر ئه‌ڵمانیا بڕیاری ده‌ستگیرکردنی دابوو، ئه‌گه‌ر له بڕیاره‌که‌ی پاشگه‌ز نه‌بووبایه‌وه، به‌هۆی ئه‌وه‌ی له ئه‌ڵمانیا مه‌ترسیی گرتنی له‌سه‌ر بوو، ئه‌گه‌ری پێدانی مافی په‌نابه‌ری سیاسی به ئۆیج ئالان له ئیتاڵیا زیاتر ده‌بوو. کاتێکیش ماسیۆ دالیمای سه‌رۆکوه‌زیری ئیتاڵیا خواستی به‌یه‌که‌وه له‌گه‌ڵ ئه‌ڵمانیا دۆزی کورد بکه‌نه کێشه‌ی یه‌کێتیی ئه‌ورووپا، ئه‌ڵمانیا ئاماده نه‌بوو. هه‌روه‌ها پێی وایه: هه‌ردوو پارته سه‌ره‌کییه‌که‌ی باشووری کوردستانیش له‌دوای مۆرکردنی ڕێککه‌وتننامه‌ی واشنتۆن[2] که له سالی

---

[1] تونجای ئۆزکان ، سه‌رچاوه‌ی پێشوو،ل١٧٤.

[2] ڕێککه‌وتننامه‌ی واشنتۆن، له ١٧ی ئه‌یلولی ١٩٩٨، له نێوان جه‌لال تاڵه‌بانی و مه‌سعود بارزانی له واشنتۆن، به ئاماده‌بوونی (مادلین ئۆلبرایت)ی وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریکا، مۆرکردنی ڕاگه‌یه‌نرا. له ده‌قی ڕێککه‌وتننامه‌که‌دا هاتووه: هه‌ردوو پارته‌که بۆ ڕێگه‌گرتن له پێشێلکردنی سنوره‌کانی تورکیا و ئێران، هاوکاری یه‌کتر ده‌که‌ن و ڕێ له جموجۆڵی تیرۆریستان (واته په‌که‌که) له سنور ده‌گرن. هه‌روه‌ها، هه‌ردوو پارت هیچ په‌ناگه‌یه‌ك ناده‌ن به پارتی کرێکارانی کوردستان، له سه‌رتاسه‌ری هه‌رێمی کوردستان و نه‌بوونی هیچ بنکه‌یه‌کی په‌که‌که له ناوچه‌که‌دا مسۆگه‌ر ده‌که‌ن و ڕێگه ده‌گرن له‌وه‌ی په‌که‌که ئاشتی

١٩٩٨ له نێوان (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) به سەرپەرشتیی ئەمریکا مۆرکرا، ڕۆڵیان لەو پیلانگێڕییەدا بینیوە[١].

دوابەدوای فڕاندنی ئۆچ ئالان، کوردەکان دەستیان بە خۆپیشاندانی ناڕەزایی کرد و له بیست وڵاتی ئەوروپا، خۆپیشاندانیان سازدا و دەست بەسەر چەند ناوەندێکی دیبلۆماسیدا گیرا و سێ کوردیش به گوللەی گاردی باڵوێزخانەی ئیسرائیلی لە بەرلین کوژران[٢]. تەنها یۆنان پێنج باڵوێزخانەی پەلامار درا و دەستی بە سەردا گیرا. بەمەش سەرۆکوەزیری یۆنان هێرشی کردە سەر لایەنگرانی پارتی کرێکارانی کوردستان و وتی: ئەگەر واز لەو کارانە نەهێنن ئەوا به شێوەیەکی کرداری دژی ئەم پارتە دەکەونە کار[٣]. هەروەها خۆپیشاندانی ناڕەزایی کوردەکان و داواکاریی ئازادکردنی ئۆچ ئالان، وڵاتانی لیبیا و باکووری کوردستان و ئەستەنبوڵ و شارە گەورەکانی تورکیا و ئێران و باشووری کوردستان و کەرتی ڕۆژئاوای فەلەستینیشی گرتەوە[٤].

دادگای ئاسایشی تورکیا، ٣١ی ئایاری ١٩٩٩ی بۆ دادگاییکردنی ئۆچ ئالان دیاریی کرد، به تۆمەتی سەرۆکایەتیکردنی ڕێکخراوێکی "یاخیبووی جوداخواز"، دژ به دەوڵەتی تورکیا کە بۆتە هۆی لەناوچوونی زیاتر لە ٣٠ هەزار کەس و کەوتنەوەی زیانی ماددی بە بڕی ٣٠ ملیار دۆلار، لە (١٥ی ئابی ١٩٨٤)ەوە[٥]. کاتێکیش دادگایی کرا به لە سێدارەدان حکوم درا، بەڵام دواتر، بەهۆی فشاری نێودەوڵەتی و یەکێتیی ئەوروپاوە، سزاکەی بۆ زیندانیی هەتا هەتایی لەسەر سوك کرا [٦].

---

تێکبدات و تەگەرەی بخاتەبەر، یان سنوری تورکیا پێشێل بکات. بڕوانە: هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٢، ٢١٠.

[١] بڕوانە: حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣٧–٥٣٨.

[٢] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣٧–٧٣٨.

[٣] تونجای ئۆزکان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٢.

[٤] بڕوانە: عایدة العلي سري الدین، المسألة الکردیة ...، ص٣٠٨–٣١٨.

[٥] ولید رضوان، المصدر االسابق، ص٣٤٢.

[٦] ریناس جانو، المصدر السابق، ص٢٩١.

دوابـەدوای دادگـاییکردن و سـزای لـە سـێدارەدانی، ئـوێج ئـالان لـەو ڕۆژەدا ئامـاژەی بـەوەدا کـە: لەوانەیـە وەسـتانی کـردەوە چـەکدارییەکان ببێتـە هـۆی جێبەجێنەکردنی سزای لەسێدارەدانەکەی. لـە پێـشکەوتنێکی سەرنجڕاکێـشدا، لـە ڕاگەیاندنێکدا کە پارێزەرەکانی ئوێج ئالان لـە ٣ی ئـابی ١٩٩٩، بڵاویـان کـردەوە، ئوێج ئالان داوای لە ئەندامانی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان کـرد: واز لـە خـەباتی چەکداری بهێنن و هێزە چەکدارەکان بۆ دەرەوەی سنوری تورکیا لە (١ی ئـەیلولی ١٩٩٩)دا بکێشنەوە و پێی وابوو: ئەم جوڵانەوەیە دەبێتە هۆی بەرپابوونی ئاشتی لە تورکیا. هەروەها داوای لێ کردن کە چەك فڕێ بدەن و واز لـە بـە ئامـانجگرتنی دامودەزگا و بەرژەوەندییەکانی تورکیا بێنن. ئەمەش، یەکەم جار بوو ئـوێج ئـالان داوایەکی لەم جۆرە بکات، لەکاتی دەستگیرکردنیەوە. بـە دوای ئـەو ڕاگەیاندنـەی ئـوێج ئالانیـشدا وەك شـتێکی چـاوەڕواننەکراو، سـەرکردایەتیی پـارتی کرێکـارانی کوردستان، لەو ڕاگەیاندنەی لە٥ی ئابی هـەمان سـاڵدا دەری کـرد، ڕایگەیانـد کـە: پشتگیری تـەواوی "ڕاگەیاندنـە مێژووییەکـەی" ئـوێج ئـالان دەکـات و جەختیـشی کردەوە کـە هەوڵـەکانی لەسـەر ئـەم بنـچینەیە بـەردەوام دەبـن. ڕۆژی دواتـریش، (ARGK)، ڕاگەیاندنێکی دەرکرد و ئاماژەی بەوەدا کە بانگەوازەکەی ئوێج ئـالان وەك فەرمانێك دایدەنێت و جەختیشی کردەوە ئەو کشانەوەیەی، کـە ئـوێج ئـالان داوای دەکات، لە سەرەتای مانگی ئەیلول دەست پێ دەکات و جێبـەجێ دەکـرێ. لەبەرانبـەردا، بوڵـەنت ئەجەویـدی سـەرۆکوەزیرانی تورکیـا، پێـشنیازەکەی ئـوێج ئالانی ڕەت کردەوە و زۆر دەزگای ئاگاداری تورکیاش گومانیان لە گوێڕایـەڵبوونی پارتی کرێکـارانی کوردسـتان بـۆ ئـوێج ئـالان و لـە نیـەتی ئـوێج ئـالانیش هـەبوو. ئاماژەیان بۆ ئەوە کـرد: بانگەوازەکـەی ئـوێج ئـالان جـەخت لەسـەر گرنگیپێـدانی ژیانی خۆی دەکاتەوە نەك کۆتاییهاتنی شەڕ و وەستانی خوێن ڕژان[1].

دوای بانگەوازەکەی ئوێج ئالان، پارتی کرێکـارانی کوردسـتان، هێزەکـانی بـۆ باشووری کوردستان کـشاندەوە و هـەر لەسـەر داوای ئـوێج ئـالانیش، دوو گروپـی ئاشتی، لە ئەوروپا و لەناو چەکدارەکانەوە بۆ تورکیا نێـردران، کـە هـەڵگری نامـە

---

[1] بروانە: حامد محمود عیسی، المصدر السابق، ص٣٣٧.

بوون بۆ سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیران و سـەرۆکی ئـەرکانی سـوپا و پـەرلـەمان و حکومەتی تورکیا، بە مەبەستی هێنانەدیی چارەسەری سیاسی، بەڵام ئەو نامانـە، هــیچ وەڵامێکیــان نەدرایــەوە و حکومـــەتی تورکیــاش هـــەردوو گروپەکـــەی دەستگیرکردن و زیندانیی کردن[1].

بەم شێوەیە، پارتی کرێکارانی کوردسـتان، بـە شـێوەیەکی چـاوەڕواننەکراو، گۆڕانکارییەکی گەورەی لە سـتراتیژییەتی خۆیـدا کـرد، ئامـادە بـوو ڕێنماییـەکانی ئوێج ئالان، کە لە ئیمراڵییەوە لە ڕێـی پارێزەرەکانییـەوە پـەخش دەکـران، بـەبێ هیچ دوودڵییەك، جێبەجێ بکات. پرۆسەی کشانەوەی هێزەکانیشان بـۆ باشـووری کوردسـتان، هــیچ دەرەنجـامێکی ئــەرێنی لــەپێناو ئــازادکردنی ســەرۆکەکەیان لێنەکەوتـەوە. بەمـەش، چـەکدارەکانی ڕەوانـەی بـاکووری کوردسـتان کـردەوە و شـەڕی چـەکداریی دژ بـە هێزەکـانی تورکیـا دەسـت پـێ کـردەوە، (کـە تـاوەکو ئەمڕۆش) درێژەی هەیە.

---

[1] حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو، ٥٧٤، ٧٢١.

## ئه نجام

له ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، دەگەینە ئەو دەرەنجامانە:

١- دۆزی کورد لە تورکیادا، ڕەگوڕیشەیەکی قووڵی مێژوویی هەیە و بە درێژایی تەمەنی کۆماری تورکیا، ئەو دۆزە بەردەوامە.

٢- پەرەسەندنی دۆزی کورد، داننەنانە بە مافەکانیدا و نکۆڵیکردنی بوونیەتی لە تورکیا و هەوڵە بەردەوامەکانی دەسەڵاتدارانی تورکە بۆ سڕینەوەی ناسنامە و کولتوری نەتەوەیی و پەراوێزخستن و جێگیرنەکردنی مافەکانی کورد لە دەستوری ئەو وڵاتەدا.

٣- لە کۆماری تورکیادا، دامەزراندنی هەر پارت و ڕێکخراوێکی کوردی، ڕێپێنەدراو بووە، بەو پێیەش پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان، بە شێوەیەکی نهێنی، بۆ بەدیهێنانی مافەکانی کورد لە تورکیادا خەباتی سیاسییان دەست پێ کردوە، ئەوپارتانەی ڕێگاشیان پێدراوە بە ناوی کوردییەوە نەبوون و هەمیشە بە تۆمەتی لایەنگیریکردن و باڵیی سیاسی پارتی کرێکارانی کوردستان و هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی تورکیا، لەلایەن حکومەتی تورکیاوە، تۆمەتبار کراون و هەڵوەشێنراونەتەوە.

٤- کودەتایی سەربازی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠، بارێکی پڕ لە ترس و چەوسانەوەی دژ بە گەلی کورد، هێنایە کایەوە و کودەتاچییەکان هەموو جۆرە خەباتێکی سیاسی و ڕۆشنبیریی نهێنیی ئەو کاتەی کوردیان سەرکوت کرد.

٥- دوای کودەتا، سەرجەم پارت و ڕێکخستنە کوردییەکان، لە باکووری کوردستاندا، چوونەدەر و لەوڵاتانی ئەورووپاوە درێژەیان بە خەباتی سیاسییان دا، تەنها پارتی کرێکارانی کوردستان نەبێ کە لە سوریا و لوبنانەوە گەڕایەوە باکووری کوردستان و دەستی بە شەڕی چەکداری کرد، دواتریش بووە کاریگەرترین هێزی کوردی لە بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی دەوڵەتی تورکیا و تاوەکو ئەمڕۆش لەم شێوازی خەباتەی بەردەوامە.

٦- دەسەڵاتدارانی تورکیا (جگە لە تورگوت ئۆزال)، هیچ کات، هەنگاوی ڕاستەقینەیان بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد نەناوە و بەڵێنەکانیان بۆ مەبەستی سیاسی و زیادکردنی نفوز و ڕاکێشانی دەنگی کورد بووە، بەلای خۆیاندا.

٧- چارەسەرنەکردنی دۆزی کورد، بۆتە مایەی پشێوی و نائارامیی ناو دەوڵەتی تورکیا، بە تایبەت ناوچە کوردنشینەکان. بەردەوامیی کردەوە چەکدارییەکانیش، هەزران قوربانیی لە نێوان هەردوولادا لێکەوتۆتەوە و بۆتە هۆی خاپوورکردنی هەزاران گوندی کوردی و زیانێکی زۆری ماددیشی بە ژێرخانی ئابووریی ئەو وڵاتەو ناوچە کوردنشینەکان گەیاندووە.

٨- لە ئەنجامی ئەو زیانە زۆرەی کە لە شەڕەکاندا کەوتنەوە و دوای ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە جەنگی کەنداوی دووەم هاتنە ئاراوە، بیرکردنەوە و گەڕان بە دوای چارەسەریدا (لە سەردەمی تورگوت ئۆزالەوە، وەك سیاسییەکی پراگماتیك) دەستی پێ کرد.

٩- هەوڵەکانی ئۆزال، لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە شکستیان پێ هێنرا و حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی تورکیا، تەنها بیریان لە شێوازی سەربازی بۆ کۆتاییهێنانی دۆزی کورد دەکردەوە.

١٠- حکومەتەکانی تورکیا، پارتی کرێکارانیان بە پاڵپشتی دەرەکی و پارتێکی تیرۆریستی تۆمەتبار کردووە و هەمیشە جەختیان لەوە کردۆتەوە کە لەگەڵ پارتێکی تیرۆریستیدا گفتوگۆ ناکەن.

١١- هەرچەندە دوای دەستکردن بە خەباتی چەکداری، کەسانی سڤیل بوونەتە قوربانیی کردەوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، بەڵام لە سەرەتای نەوەدەکاندا، ئەم پارتە، بڕیاری ڕاگرتنی هێرشەکانی بۆ سەر کەسانی سیڤیل دا و لەمەبەدوا، دامو دەزگا ئابووریو سەربازییەکانی حکومەتی تورکیا و لایەنگرانی حکومەتی کردە ئامانجی هێرشە چەکدارییەکانی.

١٢- گرتنی عەبدوڵڵا ئۆیچ ئالان، وەکو دەرفەتێکی گەورە (بۆ لە نێوبردنی پارتی کرێکارانی کوردستان) بینرا، بەڵام ئەوە سەری نەگرت و ئێستا بیر لە چارەسەریی سیاسی دۆزی کورد دەکرێتەوە.

## سەرچاوەکان

**یەکەم/ بڵاوکراوە حکومی و ڕێکخراوەیی و حیزبییەکان:**

**أ- بە زمانی کوردی:**


١- پارتی ئازادی کوردستان، پرۆگرام، بەیانی دامەزراندن: پەسەندکراوی کۆنفرانسی دامەزراندنی پارتی ئازادی کوردستان، ب.ش. ئاداری ١٩٩١.

٢- پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ك) و ڕۆڵی لە بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی کوردستاندا، چ١، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لێکۆڵینەوەی ژمارە (١٠)،ب.ش، ٢٠٠٦.

٣- لێکۆڵینەوەیەك لەسەر بارودۆخی کورد لە تورکیا، لەئەرشیفی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، کەرکوك،ب.س.

٤- نەسیمەکانی مەرگ، ڕاپۆرتی سەردانی تیمی تەندروستی بۆ کوردستانی تورکیا لە لایەن پزیشکی هەناوییەکان بۆ مافی مرۆڤ، چ١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨.

٥- ڕێکخراوی گەلانی هەڕەشەلێکراو،

**Human Rights work of the Society for Threatened Peoples for the Kurds 1970-2004,Translater for Kurdish Sorani (Kurdish intellectuals from Berlin), September 2004.**


**ب/ بە زمانی عەرەبی:**


٦- تقرير مركز دراسات الشرق الأوسط، مستقبل القضية الكردية في الشرق الأوسط، الأردن-عمان، اكتوبر٢٠٠٠.

٧- **PKK-PAK**: يا ابناء الشعب الكر دستاني، ١٩٩١/١٠/٢٢، مجلة (دنگی كردستان)، عدد خاص، اذار ١٩٩١.

٨- حـزب الحريـة الكردسـتاني ضـرورة موضـوعية تاريخيـة، مجلـة (دنگـى كردستان)، عدد خاص، اذار ١٩٩١.
٩- دول عمليـات ARGK خـلال عـام ١٥آب ١٩٩٠-١٥آب ١٩٩١، مجلـة (دنگـى كردستان)، عدد خاص، اذار ١٩٩١.
١٠- قـضية التحـرر الـوطني الكردسـتاني وطريـق الحـل، مـشروع برنـامج جبهـة التحرير الوطنية الكردستانية، من منشورات حزب العمال الكردستاني، د.م، د.س.
١١- الجمهورية العراقية، مديرية الأمن العامة مركز التطـوير الأمـني)، الجمهوريـة التركية، الجارة الشمالية، د.م، د.س.
١٢- نشرة تاريخية عن الاحزاب الكردية في الكردستان الشمالية: اصـدرها مكتـب علاقات الفرع الاول للحزب الديمقراطي الكوردستاني، مايس ١٩٩٦.

**دووەم/ بیرەوەری و یاداشت:**

١٣- مـەحمود سـەنگاوی، بیرەوەرییـەکانی سـەنگاوی، چ٢، دەزگـای چـاپ و پەخشی حەمدی، سلیمانی، ٢٠٠٥.

**سێیەم/ دیمانەکان:**

١٤- یەشار کایا، هەولێر، ١١ی شوباتی٢٠٠٨.
١٥- مستەفا ئەکسەل، هەولێر، ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٨.
١٦- چاوپێکەوتنی (ماجد خەلیل فـەتاح) لەگـەڵ خەدیجـە یەشـار، سـلیمانی، ١١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٨.
١٧- حەمەئەمین پێنجوێنی، سلیمانی، ٥ی کانونی دووەمی ٢٠٠٩
١٨- عوسمان ئۆێج ئالان، کۆیە، ١ی شوباتی ٢٠٠٩.
١٩- عەبدوڕەحمان چیایی، هەولێر، ٧ی ئابی ٢٠٠٩.

**چوارەم/ سەرچاوەی زانکۆیی**

**أ/ تیۆزی دکتۆرا**

٢٠- رعد عبدالجليل علي، الاسلام السياسي، ازمات التنمية والتحديث في اقطار الشرق الاوسط مع التركيز على تركيا وايران، اطروحة دكتورا (غير منشورة)، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ١٩٩٥.

٢١- وصال نجيب عارف العزاوي، القضية الكردية في تركيا، دراسة في التطور السياسي للقضية الكردية منذ بدايتها وحتى عام/ ١٩٩٣، اطروحة دكتورا (غير منشورة)، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ١٩٩٤.

**ب/ نامەی ماستەر**

٢٢- وصال نجيب عارف العزاوي، المؤسسة العسكرية التركية (دراسة في الدور السياسي ١٩٦٠-١٩٨٠)، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ١٩٨٨.

**پێنجەم/ کتێب**

**أ/ بە زمانی کوردی:**

٢٣- ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا، ڕاپەڕینی ئاداری (١٩٩١) لە باشووری کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلیمانی، ٢٠٠٩.

٢٤- ئیحسان نوری بیتلیسی، شۆڕشی نەتەوەیی کورد لە تورکیا، هۆی بایەخی سوپایی-چۆنیەتی لەشکرکێشی و بەڕێوەبردنی، و. م.جەمیل رۆژبەیانی، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، زنجیرەی ژمارە (٢٩٢)، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٩٣.

٢٥- ئیحسان نوری پاشا، راپەڕینی ئاگری، و. ئەرسەلان بایز، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ب.ش، ١٩٩٥.

٢٦- ئیسماعیل بێشکچی، سیوسێ گوللە، و. ئاسۆس هەردی، چاپخانەی ئۆفسێتی دەزگای سەردەم، ب.ش، ١٩٩٩.

٢٧- بلەچ شێرکۆ، کێشەی کورد،مێژینەو ئێستای کورد، و. محەمەد حمە باقی، چ٣، ب.ش، ١٩٩٢.
٢٨- د. جاسم تۆفیق خۆشناو، مەسەلی کورد و یاسای نێودەوڵەتان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٢٩- جۆناتان-سی راندالّ، کوردستان یان کلۆڵی نەتەوەیەك، دوای ئەو هەموو زانیارییە لێبوردنی چی، و. د.خەسرەو شالی، چاپخانەی بەرهەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلیمانی، ٢٠٠٣.
٣٠- د.جەبار قادر، چەند بابەتێکی مێژووی کورد، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.
٣١- جەلادەت عالی بەدرخان، لەبارەی کێشەی کوردەوە، سەبارەت بە یاسای دوورخستنەوە و بڵاوەپێکردنی کوردان، و. زریان ڕۆژهەڵاتی،چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٣٢- حەسەن ئەحمەد مستەفا، باکوری کوردستان لە گڕاوە سیاسییەکاندا، ئامادەکردنی قەندیل محەمەد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ب.ش، ٢٠٠٠.
٣٣- حەسەن جودی، مێژوویێك لە ئاگر، نهێنی خۆڕاگری بزووتنەوەی ئاپۆچی، دیمانەیەك لەگەڵ (جەمیل بایك)دا، چ١،لە بڵاوکراوەکانی ڕاگەیاندنی (پ.چ.د.ك)، ب.س.
٣٤- حەمید بۆزئەرسلان، مێژووی تورکیای هاوچەرخ، و. نەجاتی عەبدوڵڵا، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.
٣٥- دڵشاد مەجید، تورکیا لە دووڕیانی دەسەڵاتی ژەنراڵەکان و دەسەڵاتی سیاسییەکاندا، چاپخانەی ڕەنگاڵە، هەولێر، ١٩٩٥.
٣٦- دیڤید مەکداوڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد، و. ئەبوبەکر خۆشناو، چ.دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

٣٧- رۆبرت ئۆڵسن، مەسـەلەی کـورد و پەیوەندییـەکانی ئێـران و تورکیـا، و. ڕێبوار کـەرم وەلی، چ١، بەڕێوەبەرایـەتی چـاپخانەی ڕۆشـنبیری، هـەولێر، ٢٠٠٢.
٣٨- رۆبەرت ئۆڵسن، راپەڕینی شێخ سەعیدی پـیران، و. ئەبوبـەکر خۆشـناو، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.
٣٩- رۆنیـە لۆمبـۆرن، کـورد گـەلێکی بـێ وڵات، و: ئەمجـەد شـاکەلی، سـوید، ١٩٩٤.
٤٠- رۆهـات ئـالاکۆم، خۆیبـون و شۆڕشـی ئـاگری، و. شـوکور مـستەفا، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس، هەولێر، ٢٠٠٠.
٤١- سامی شۆڕش، تورکیـا و ئـەوروپا، کـورد لـەو بازنەیـەدا، چ١، چـاپخانەی خانی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٧.
٤٢- سەعدی عوسمان، بزاڤی رزگاریخوازی کوردی، چ١، چاپخانەی وەزارەتـی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.
٤٣- پرۆفیسۆر ش.خ.مەوگوی و ئەوانی تر، کوردستانی هاوچەرخ، و. گوشـاد حەمە سەعید، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.
٤٤- د. عبدالرحمان قاسملو، کوردسـتان و کـورد، لێکۆڵینەیـەکی سیاسـیی و ئابووری، و. عبدالله حسن زادە، ب. ش، ١٩٧٣.
٤٥- د.عبـدالرحمن قـاسملو و عبـدالله حـسن زادە، کورتـە مێـژووی حیزبـی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمـسیۆنی چـاپەمەنی حیزبـی دێمـوکراتی کوردستانی ئێران، ب.ش، ٢٠٠٢.
٤٦- عەبـدوڵڵا ئـۆج ئـالان، بـەرگریکردن لەگـەلێك، و. لوقمـان عەبـدوڵڵا، چ١، چـاپخانەی رەنـج، لـەبڵاوکراوەکانی مەکتـەبی ڕاگەیانـدنی (پ.چ.د.ك)، ب.ش، ب.س.
٤٧- عەبدوڵڵا ئۆج ئالان، لە دەوڵەتی راهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانییەتی دیموکراسییانە، و. لوقمان عەبدوڵڵا، بەرگی دووەم، چاپخانەی ئازادی، لـە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕاگەیاندنی (پ.چ.د.ك)، ب.ش، ب.س.

٤٨- عەبدوڵڵا ئۆجەلان، هەڵبژاردە (دەربارەی بەرگریکردن لە نیشتیمان و قۆناغی نوێی بزاڤی بەرخودانمان)، و. بروسك، لە بڵاوکراوەکانی (PKK)، هەولێر، ١٩٩٣.
٤٩- د.عەزیز شەمزینی، جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانی کوردستان، و. فەرید ئەسەسەرد، چ٤، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٥٠- عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی جەنگی عێراق ئێراندا (١٩٨٠-١٩٨٨)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨.
٥١- عومەر نورەدینی، سیستەمی نوێی جیهان و دۆزی کورد، کوردستانی عێراق وەك نموونە، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری و سیاسییە، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٣.
٥٢- فاتح رەسول، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چ٢، چاپخانەی چوار چرا، سلیمانی، ٢٠٠٥.
٥٣-فەرۆز ئەحمەد و ئەوانی تر، تورکیا نەبەرد لە پێناوی مانەوەدا، و. خالد بەکر مەحمود و ئەوانی تر، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٥٤- کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین (کامەران مەنتك)، کوردستان لە نێوان ململانێی نێودەوڵەتیی و ناوچەییدا (١٨٩٠ - ١٩٣٢)، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.
٥٥- کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و هیوای سەربەخۆیی، و. ئەکرەمی میهرداد، ب. یەکەم، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلیمانی، ٢٠٠٢.
٥٦- کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و هیوای سەربەخۆیی، و. ئەکرەمی میهرداد، بەرگی دووەم، سەنتەری چاپ و پەخشی نما، سلیمانی، ٢٠٠٢.

٥٧- كريس كوچێرا، كورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، و. حمەکەریم عارف، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٥٨- کەندالّ و ئەوانی تر، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت، کورد و کوردستان، و. لە عەرەبیو فارسییەوە: م. گۆمەیی، لە ئینگلیزییەوە:أ. حەوێزی، ب.چ، سوید، ١٩٩٨.
٥٩- گۆردۆن تۆماس، نهێنییەکانی مۆساد، و. شەفیقی حاجی خدر، چ١، چاپخانەی هیڤی، هەولێر، ٢٠٠٨.
٦٠- د.گۆینتەر دێشنەر، کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، و. بۆ عەرەبی: عەبدولسەلام بەرواری، و. بۆ کوردی حەمە کەریم عارف، چ١، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
٦١- م.أ. حەسرەتیان، راپەڕینی کوردان ١٩٢٥، و. جەلال دەباغ، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای توێژینەوە و بلاّوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦.
٦٢- م. ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی تورکیا و کورد لە سەردەمی نوێدا، و. د.دلێر ئەحمەد، چ١، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٦٣- مارتین ڤان برونەسن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، و. کوردۆ عەلی، ب.دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٦٤- د.محەمەد ئیحسان، ململانێیە نێودەوڵەتییەکان لە سەدەی بیستەم دا، و. ئاسۆکەریم و کامەران ئەحمەد، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.
٦٥- محەمەد نورەدین، تورکیا لە سەردەمی گۆڕاندا، و. ئازاد بەرزنجی، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلیمانی،٢٠٠٠.
٦٦- مراد خۆشەڤی حسۆ، گۆڕانکارییەکانی کوردستانی عێراق و پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق ١٩٩٠-٢٠٠٥، و. نوسەر، چ١، چاپخانەی دەزگای ئاراس،هەولێر،٢٠٠٨.
٦٧- میهردادی ئیزةدی، ضةردة باسيَك لة بارةی کوردانـةوة، و. ئـةمین شـوان، ض١، دةزطای ضاث ء ثةخشی سةردةم، سليمانی، ٢٠٠٧.

٦٨- نـادر ئینتـسار، ئیتنـۆ نەتەوایـەتی کـوردی، و. عـەتا قـەرەداخی، چ١، چاپخانەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٦٩- هانز- ۆکاس کییسێر، راپەرینی کوردە عەلەوییەکانی دەرسـیم (١٩١٩ - ١٩٢١ قۆچـگیری)، و. نـەجاتی عەبـدوڵڵا، چ٢، چـاپخانەی شـﭬان، لـە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٧٠- هـاورێ باخـەوان، ئـاڵای کـورد، کورتـە لێکۆڵینەوەیـەکی مێـژوویی- کۆمەڵایەتی-رامیاری، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلیمانی، ٢٠٠١.
٧١- هەﭬاڵ جوومعە، مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان، لـە بڵاوکراوەکـانی قوتابخانەی ناوەندی پارتی، ب.ش، ب.س.
٧٢- هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم، پەیوەندییـە سیاسـییەکانی نێـوان هـەرێمی کوردسـتان و تورکیـا ١٩٩١-١٩٩٨، مەڵبەنـدی کوردۆلـۆجی، سـلیمانی، ٢٠٠٨.
٧٣- هێمن میرانی، تورکیا و یەکێتی ئەوروپا، چ١، چاپخانەی منارە، هـەولێر، ٢٠٠٩.
٧٤- یاسـین خالـد سەردەشـتی، خوێندنەوەیـەکی مێـژوویی جوڵانـەوە چەکدارییەکەی کوردستانی ئێـران لـە سـاڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨، چ١، ب.ش، ٢٠٠٢.

**ب/ بەزمانی عەرەبی:**

٧٥- د.ابـراهیم الـداقوقي، اكـراد تركيـا، ط١، دار المـدى للثقافـة والنـشر، سـورية- دمشق، ٢٠٠٣.
٧٦- د.ابراهيم خليل احمد وآخرون، تركيا المعاصرة، مركز الدراسـات التركيـة، مدرية دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، ١٩٨٨.
٧٧- د.ابراهيم خليل احمد و د.خليل علي مراد، إيران وتركيا (دراسة في التاريخ الحديث والمعاصر)، دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة موصل، ١٩٩٢.
٧٨- احمـد حسين سـويران، الأرهـاب الـدولي في ظـل المـتغيرات الدوليـة، ط١، منشورات الحلبي الحقوقية، لبنان-بيروت، ٢٠٠٥.

٧٩- د.احمد محمد رفعت و د.صالح بكر الطيار، الأرهاب الدولي، ط١، مركز الدراسات العربي-الأوروربي، د.م، ١٩٩٨.
٨٠- د.احمد نورى النعيمي، الحياة السياسية في تركيا الحديثة ١٩١٩-١٩٣٧، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٩٠.
٨١- د.احمد نورى النعيمي، السياسة الخارجية التركية بعد الحرب العالمية الثانية، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٥.
٨٢- د.احمد نوري النعيمي، تركيا و حلف شمال الاطلسي، المطبعة الوطنية، الاردن-عمان، ١٩٨١.
٨٣- اسماعيل بيشكضي، النظام في الاناضول الشرقية، الاسس الاجتماعية - الاقتصادية والبنى القومية، ت. شكور مصطفى، ج٢، ط١، دار ئاراس للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠١.
٨٤- اسماعيل بيشكجي، كردستان مستعمرة دولية، ت. زهير عبدالملك، دار APEC للطباعة والنشر، السويد، ١٩٩٨.
٨٥- بيار مصطفى سيف الدين، السياسة البريطانية تجاه تركيا وأثرها في كوردستان (١٩٢٣ - ١٩٢٦)، ط١، مطبعة وزارة التربية، دار سبيريز للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٤.
٨٦- بيار مصطفى سيف الدين، تركيا وكوردستان العراق،"الجارين الحائرين"، ط١،مطبعة خاني، دهوك، ٢٠٠٨.
٨٧- بيرش بيربروجلو، اضطراب في الشرق الاوسط الامبريالية، الحرب وعدم الاستقرار السياسي، ت. فخري لبيب، ط١، المجلس الاعلى للثقافة، الجزيرة-القاهرة، ٢٠٠٢.
٨٨- د.جبار قادر، قضايا كردية معاصرة، كركول-الانفال- الكرد وتركيا،ط١،دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٦.
٨٩- د.جرجيس حسن، تركيا في الاستراتيجية الامريكية بعد سقوط شاه، ط١، ب.م، ١٩٩٠.
٩٠- جليلي جليل وآخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، ت. د.عبيدي حاجي، ط١، دار الرازي للطباعة والنشر والتوزيع، لبنان-بيروت، ١٩٩٢.

٩١- جورج سكولوف، روسيا بين ١٨١٥-١٩٩١، ت. انطون حمصي، الجزء الثاني، القسم الثاني، منشورات وزارة الثاقافة في الجمهورية السورية، دمشق، ١٩٩٩.
٩٢- د.حامد محمود عيسى، القضية الكردية في تركيا، ط١، مكتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠٣.
٩٣- د.حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط، مطبعة اطلس، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٢.
٩٤- خاموش عمر عبداللة، تأثير قوانين الطوارئ على حريات الأفراد في الدساتير، دراسة مقارنة، منشورات مركز كردستان للدراسات الأستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٧.
٩٥- د.خليل علي مراد وآخرون، القضية الكردية في تركيا وتأثيرها على دول الجوار، مركز الدراسات التركية، جامعة الموصل، ١٩٩٤.
٩٦- رضا هلال، السيف والهلال :تركيا من اتاتورك الى اربكان: الصراع بين المؤسسة العسكرية والاسلام السياسي، ط١، دار اللشروق، القاهرة، ١٩٩٩.
٩٧- رعد عبدالجليل مصطفى الخليل، صراع الأستيعاب والانفصال، دراسة في تجربة "حزب العمال الكردستاني" في تركيا، الوحدة الوطنية ومشكلة الأقليات في العالم الثالث، مركز دراسات العالم الثالث، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، مطبعة التعليم العالي في الموصل، ١٩٨٩.
٩٨- د.سامي جاد عبدالرحمن واصل، ارهاب الدولة في اطار القانون الدولي العام، منشأت المعارف بالأسكندرية، د.م، د.س.
٩٩ - أ.د.سعد ناجي جواد، دراسات في المسألة القومية الكردية، ط١، دار العربية للعلوم، بيروت، ٢٠٠٥.
١٠٠ - صلاح سعدلله، لمسألة الكردية في تركيا، مرحلة جديدة، ط٢، د.م، د.س.
١٠١- عايدة العلي سري الدين، المسألة الكردية في ملف السياسة الدولية، ط١، منشورات دار الآفاق الجديدة، بيروت، ٢٠٠٠، ص٣٦.
١٠٢- عايدة العلي سري الدين، دول المثلث بين فكي الكماشة التركية الاسرائيلية، ط١، دار الفكر العربي، لبنان-بيروت، ١٩٩٧.

١٠٣- د.عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨ - ١٩٥٨، ط١، شركة المعرفة للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٩.

١٠٤- د.عبدالفتاح علي البوتاني، دراسات ومباحث في تاريخ الكورد والعراق المعاصر، ط١، مطبعة حاجي هاشم، اربيل، ٢٠٠٧.

١٠٥- د.عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية،ملاحظات تاريخية ودراسات أولية، ط١، مطبعة وزارة التربية، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠١.

١٠٦- د.عزيز الحاج، القضية الكردية في العشرينات، ط٢، مطبعة الانتصار-خالد البربوتي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بغداد، ١٩٨٥.

١٠٧- علي تتر توفيق، الحياة السياسية في كردستان ١٩٠٨ - ١٩٢٧، ت. تحسين ابراهيم الدوسكي، مطبعة خاني، دار سپيريز للطباعة والنشر، دهوك، ٢٠٠٧.

١٠٨- فلاديمير ايفانوفيتش دانيلوف، الصراع السياسي في تركيا، الأحزاب الساسية والجيش، ت. يوسف ابراهيم الجهماني، ط١، دار حوران للطباعة والنشر والتوزيع، سوريا-دمشق،د.س.

١٠٩- فليب روبنس، تركيا والشرق الاوسط، ط١،دار قرطبة للنشر والتوثيق ولابحاث، د.م، ١٩٩٣.

١١٠- فيروز احمد، صنع تركيا الحديثة، ت. د. سلمان داود الواسطي و د.حمدي حميد الدوري، بيت الحكمة، قسم الدراسات الاجتماعية، د.م، د.س.

١١١- قادر سليم شمو، موقف الكرد من حرب الاسقلال التركية ١٩١٩- ١٩٢٢ط١، مطبعة خاني، دار سبيريز للطباعة والنشر، دهوك، ٢٠٠٨.

١١٢- قدري جميل باشا، (زنار سلوبي)، مسألة كردستان،٦٠عاما من النضال المسلح للشعب الكردي ضد العبودية، ط٢، بيروت، ١٩٩٧.

١١٣- د.كمال مظهر احمد، انتفاضة ١٩٢٥ في كردستان تركيا، ط١، رابطة كاوا للثقافة الكردية، لبنان-بيروت، ٢٠٠١.

١١٤- د.كمال مظهر احمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ت. محمد الملا عبدالكريم، دار افاق عربية للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٤.
١١٥- م.س. لازاريف وآخرون، تأريخ كردستان، ت. د.عبدي حاجي، ط١، مطبعة حجي هاشم، أربيل، ٢٠٠٦.
١١٦- ليلاف حمدامين عزيز، الحقوق الساسية للكرد في الدول التي تضم كردستان، دراسة تحليلة مقارنة، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، سليمانية، ٢٠٠٧.
١١٧- مجموعة من الباحثين السوفيت، تاريخ تركيا المعاصر، ت. د.هاشم صالح التكريتي، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، من منشورات مكتب الفكر والتوعية في الاتحاد الوطني الكردستاني، سليمانية،٢٠٠٧.
١١٨- د.مجيد جعفر، كردستان-تركيا، دراسة اقتصادية اجتماعية سياسية في تحت التخلف الاستعماري، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، ٢٠٠٦.
١١٩- الاستاذ محمد صالح طابورى، في سبيل تحرير الكرد وتوحيد كردستان، مطبعة قةشقةنط، السليمانية، ٢٠٠١.
١٢٠- محمد طاهر محمد، القضية الكردية وحق التقرير المصير (الاستقلال- الحكم الذاتي-الفيدرالية)، ط١، مكتبة مدبولي، ٢٠٠٨.
١٢١- محمد نور الدين، تركيا الجمهورية الحائرة (مقاربات في الدين والسياسية و العلاقات الخارجية)، ط١، مركز الدراسات الأستراتيجية والبحوث والتوثيق، بيروت، ١٩٩٨.
١٢٢- مصطفى الزين، أتاتورك وخلفاؤه، ط١، دار الكلمات والنشر، بيروت- لبنان، ١٩٨٢.
١٢٣- ميخائيل م. جونتر، الاكراد ومستقبل تركيا، ت. د.سعاد محمود ابراهيم خضر، مركز كردستان للدراسات الأستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٧.
١٢٤- نديم البكتين، تركيا بوابة استراتيجية للأمبريالية العالمية، ط١، لندن، ١٩٨٧، الملحق رقم(٣)، (لا يمكننا الوصول الى التحرر الا من خلال مواصلة النضال...)، نص المقابلة التي اجراها الصحفي النمساوي (فرديناند هنر

بسلر) مع كمال بورقاي السكرتير العام للحزب الأشتراكي في كردستان تركيا.
١٢٥- نذيار نعمان باجلوري، الحركة القومية الكوردية التحررية في كوردستان تركيا ١٩٢٧ - ١٩٣١، ط١، مطبعة حجي هاشم، دار سبيريز للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠٧.
١٢٦- نوبار هوفسبيان(المحرر) و فيروز احمد وآخرون، تركيا بين الصفوة البيروقراطية والحكم العسكري، ط١، مؤسسة الأبحاث العربية،بيروت-ابنان، ١٩٨٥.
١٢٧- هنري باركي وآخرون، القضية الكردية في تركيا، ت. هظال، ط١، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر، اربيل، ٢٠٠٧.
١٢٨- د.وليد رضوان، موقف التيار الإسلامي والتيار العلماني في تركيا من القضية الكردية، ط١، دار النهج للدراسات والنشر والتوزيع، سوريا-حلب، ٢٠٠٨.
١٢٩- ياسراحمد حسن، تركيا، البحث عن مستقبل، ط١، دارالمصرية اللبنانية، القاهرة، ٢٠٠٦.
١٣٠- يوسف ابراهيم الجهماني، اتاتوركية القرن العشرين، ط١، دار حوران للطباعة والنشر والتوزيع، سوريا-دمشق، ٢٠٠٠.
١٣١- يوسف ابراهيم الجهماني، اوج آلان، تركيا والاكراد، ط١، دار حوران للطباعة والنشر، سوريا-دمشق، ١٩٩٩.
١٣٢- يوسف ابراهيم الجهماني و سالار أوسي، توركيا و سوريا، ط١، دار حوران للطباعة والنشر والتوزيع، سوريا-دمشق، ١٩٩٩.
١٣٣- يوسف گۆران، جريمة الأرهاب والمسؤلية المترتبة عنها في القانون الجنائي الداخلي والدولي، مركز كردستان للدراسات الأستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٧.

## ج/ بە زمانی تورکی:

134- Emin Demirel, Terör, B.5, Çalış Ofset, IQ Kültür Sanat Yayıncılık, Istanbul, 2001.

135- Hamit Bozarsalan, Türkıye'nin Modern Tarihi, Ç.Heval Bucak, B.1, B.Berdan Matbaasi, Avesta Basin Yayin, Istanbul, 2008.

136- Martin Van Bruinessen, Kürdistan Üzerine Yazilar, Ç.Nevzat Kiraç…, B.4, B.Sena Ofset, Iletişim Yaynlar, Istanbul, 2004.

137- Meherdad R. Izady, Kürtler(Bir AlKibı), Ç.Cemal Atila, B1, Can ofset, Can Yayinları, Istanbul,2004.

138- Nuri Dêrsımı, Kürdıstan Tarihınde Dersim, Can Matbaaçilik, Doz Yaynıları, Istanbul, 2004.

139- Türkiye Cumhuriyeti 1982 Anayasasi, H. Prof.dr.Enver Bozkort, B.1, BRC Matbaa çilik, Asil yayın Dağitim Ltd, Şti, Istanbul, 2005.

140- Yilmaz Çamlıbel, Gilîdax Bêxwedî Nîn e ,serhildana Çîyayê Agirîyê, Ç1, Barış Matbaa-Mücellit, Weşanên Deng, Istenbol, 2005.

## د/ بە زمانی ئینگلیزی:

141- Ali Kemal Özcan, Turkey's Kurds : A theoretical Analisis of the PKK and Abdullah Öcalan, London and New York, 2006.

142-David Romano: The Kurdish Nationalist Movement, Opportunity Mobilization and Identity, Cambridge University Press, 2006.

143- Henri J. Barkey and Graham E. Fuller, Turkey's Kurdish Question, Published in the United States of America by Rowman & Littlefield Publishers, Inc, New York, 1998.

**ه. بەزمانی هۆڵەندی:**

١٤٤– بریتا بوهلەر، گەشتی بێ ئەنجامی سەرکردەیەك، ئەمستەردام، ٢٠٠٠ (بە زمانی هۆڵەندی).

**شەشەم/ ووتارو توێژینەوەکان:**

**أ/ بە زمانی کوردی:**

١٤٥– تونجای ئۆزکان، ئۆپراسیۆن، (زریان ڕۆژهەڵاتی) خوێندنەوەی بۆ کردوە، گۆڤاری (دۆسێی تورکیا)، ژ(٣)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلیمانی، نیسانی ٢٠٠٦.

١٤٦– حەمید بۆز ئەرسەلان، کوردایەتی و جوڵانەوەی کورد لە ماوەی نێوان ١٨٨٩–٢٠٠٠، گۆڤاری (دۆسێی تورکیا)، ژمارە (٤)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، تشرینی دووەمی ٢٠٠٦.

١٤٧– خەلیل ماگنوس کاراوێلی، تورکیا: زلهێزێکی ئقلیمی نوێی کۆن، گۆڤاری (سیاسەتی دەوڵی)، ژ٤، ساڵی سێیەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلیمانی، کانوونی دووەمی ١٩٩٥.

١٤٨– دیجلە ماردین، مەسەلەی کورد لە گوتاری سیاسیی ئۆزال و ئەردۆغان و ئاغاردا، گۆڤاری (دۆسێی تورکیا)، ژ(٦)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلیمانی، ئابی ٢٠٠٧.

١٤٩– ڕاپۆرتێك دەربارەی کوردستانی تورکیا، گۆڤاری (کۆمەڵە)، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ژمارە(١)، خولی(٢)، کانوونی دووەمی ١٩٨٢.

١٥٠– ریناس جانو، حزب العمال الکردستاني، دراسە سیاسە–تحلیلیە، گۆڤاری (خامە)، ژ. (٣)، سەنتەری خامە بۆ ڕاگەیاندن و لێکۆڵینەوەی قوتابیان، هەولێر، بەهاری ٢٠٠٦.

١٥١–سالار باسیرە، چیرۆکی رفاندنی ئۆجەلان لە کینیاوە بۆ تورکیا، لە ئەرشیفی د.محەمەد سالار باسیرە.

١٥٢- فرەنسۆ هریری، بزووتنەوەی رزگاریخوازی تورکیا و دامەزراندنی حزبە کوردستانییەکان لەوێ، گۆڤاری (کادر)، ژمارە(٢٨)، گۆڤاری رۆشنبیری پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق، حوزەیرانی ١٩٩٢.
١٥٣- یوسف گۆران، سیاسەتی تورکیا لە کوردستانی عێراقدا (١٩٩٠-٢٠٠٠)، گۆڤاری (سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی)، ژ٣،ساڵی نۆیەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلیمانی، ئابی٢٠٠١.
١٥٤- یوسف گۆران، هەڵوێستی تورکیا سەبارەت بە هێرشی عێراق بۆ سەر کوێت، گۆڤاری (سیاسەتی نێو دەوڵەتان)، ژ١، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلیمانی، تشرینی یەکەمی ٢٠٠١.
١٥٥- یوسف محەمەد سادق، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سەردەمی شەری ساردا، گۆڤاری (نوێبوون)، ژ٣، بەشی روناکبیری مەڵبەندی یەکی (ی.ن.ك)، بەهاری ٢٠٠٨.

**ب/ بە زمانی عەرەبی:**

١٥٦- الاستاذ آزاد كرمياني، حزب العمال الكردستاني بين المجابهة العسكرية والتحرك السياسي، مجلة (ئالای ئیسلام)، ع٢، السنة السابعة، اربيل، مايس/حزيران ١٩٩٣.
١٥٧- أ.د.خليل علي مراد، العلاقات السورية-التركية في ضوء أزمة أوجلان تشرين الاول/أوكتوبر١٩٩٨، أوراق تركية معاصرة، العدد(١٦)، مركز الدراسات التركية، جامعة الموصل، ربيع ٢٠٠١.
١٥٨- أ.د.خليل علي مراد، الموقف الإقليمي من الحركة الكردية المسلحة في تركيا ١٩٨٤-١٩٩٨، مجلة (دراسات إقليمية)، ع(٣)، مركز الدراسات الإقليمية/جامعة الموصل، حزيران ٢٠٠٥.
١٥٩- صبرية احمد لافي، الاكراد في تركيا، دراسة سياسية واقتصادية واجتماعية، سلسلة الدراسات التركية رقم ٢٢، معهد الدراسات الأسيوية والأفريقية، الجامعة المستنصرية، بغداد، ١٩٨٥.

١٦٠- د.عبدالجبار قادر غفور، انقلاب عام ١٩٦٠ في تركيا (تحليل دوافعه الأقتصادية والسياسية)، مجلة (دراسات تركية)، العدد(١)، مركز الدراسات التركية، جامعة الموصل، ١٩٩١.
١٦١- د.عثمان علي، حزب العمال الكردستاني ومستقبل المسألة الكردية في تركيا، مجلة (ئالآى ئيسلام)، ع١، السنة السابعة، اربيل، كانون الثاني ١٩٩٣.
١٦٢- محمد نورالدين، المسألة الكردية في تركيا الامل والخيبات، مجلة (شؤون تركية)، تقرير فصلي، ع(٨)، مركز للدراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق، بيروت-لبنان، صيف ١٩٩٣.
١٦٣- محمد نورالدين، مجلة (شؤون تركية)، تقرير فصلي، ع(٣)، مركز للدراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق، بيروت-لبنان، تشرين الثاني ١٩٩٣.
١٦٤- محمد نورالدين، مجلة (شؤون تركية)، تقرير فصلي، ع(٥)، مركز للدراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق، بيروت-لبنان، كانون الثاني ١٩٩٣.

**حەوتەم/ ڕۆژنامەكان:**

١٦٥- (ولآت)، ژ. (٢٤)، ٣٠ى حوزەيرانى ١٩٩٤.
١٦٦- (ولآت)، ژ. (٣٥)، ١٠ى تشرينى يەكەمى ١٩٩٤.
١٦٧- (ولآت)، ذ. (٣٨)، ٣١ى تشرينى يةكةمى ١٩٩٤.
١٦٨- (ولآت)، ژ. (٤٣)، ٥ى كانونى يەكەمى ١٩٩٤.
١٦٩- (ولآت)، ژ. (٤٤) ١٢كانونى يەكەمى ١٩٩٤.
١٧٠- (ولآت)، ژ. (٥٣)، ٢٠ى شوباتى١٩٩٥.
١٧١- (ولآت)، ژ. (٥٨)، ٢٧ى ئادارى ١٩٩٥.
١٧٢- (ولآت)، ژ. (٥٩)، ٣ى نيسانى ١٩٩٥.
١٧٣- (ولآت)، ژ. (٨٦)، ٢٨ى ئابى١٩٩٥.
١٧٤- (ولآت)، ژ. (١٠٢)، ٢٣ى تشرينى يەكەمى ١٩٩٥.

١٧٥– (ولآت)، ژ. (١٢٢)، ١ى كانونى دووەمى١٩٩٦.
١٧٦– (ولآت)، ژ. (١٣٥)، ١٥شوباتى ١٩٩٦.
١٧٧– (ولآت)، ژ. (١٤٣)، ١٨ى ئادارى١٩٩٦.
١٧٨– (ولآت)، ژ. (١٦٦)، ١٠ى حوزەيرانى١٩٩٦.
١٧٩– (ولآت)، ژ. (١٧١)، ٢٧ى حوزەيرانى ١٩٩٦.
١٨٠– (ولآت)، ژ. (٢١٩)، ٢ى كانونى دووەمى١٩٩٧.
١٨١– (ولآت)، ژ. (٣١١)، ٦ى ئابى ١٩٩٨.
١٨٢– (ولآت)، ژ. (٣١٨)، ١ى تشرينى يەكەمى١٩٩٨.
١٨٣– (ولآت)، ژ. (٣٢٠)، ١٥ى تشرينى يەكەمى ١٩٩٨.
١٨٤– (ولآت)، ژ. (٣٢١)، ٢٢ى تشرينى يەكەمى ١٩٩٨.
١٨٥– (ولآت)، ژ. (٣٢٤)، ١٢ى تشرينى دووەمى ١٩٩٨.
١٨٦– (ولآت)، ژ. (٣٢٥)، ١٩ى تشرينى دووەمى ١٩٩٨.
١٨٧– (ولآت)، ذ، (٣٢٧)، ١٩ى كانونى يةكةمى ١٩٩٨.
١٨٨– (ولآت)، ژ. (٣٢٨)، ١٧ى كانونى يەكەمى ١٩٩٨.
١٨٩– (ولآت)،ژ. (تايبەت)، ٢٦ى تشرينى دووەمى ١٩٩٨.
١٩٠– (كوردستانى نوێ)، ژ. (١٧٠٠)، ١٧ى ئەيلولى ١٩٩٨.
١٩١– (كوردستانى نوێ)، ژ. (١٧١١)، ٤ى تشرينى يەكەمى ١٩٩٨.
١٩٢– (كوردستانى نوێ)، ژ. (١٧١٨)، ١٣ى تشرينى يەكەمى ١٩٩٨.
١٩٣– (كوردستانى نوێ)، ژ. (١٧٥٧)، ٧ى كانونى يەكەمى ١٩٩٨.
١٩٤– (كوردستانى نوێ)، ژ. (١٧٨٥)، ١٨ى كانونى دووەمى ١٩٩٩.
١٩٥– (كوردستانى نوێ)، ژ. (١٧٩٤)، ٣ى شوباتى ١٩٩٩.
١٩٦– (ئاوێنە)، ژ. (٩٨)، ٤ى كانونى يەكەمى ٢٠٠٧.


**هەشتەم/ سەرچاوەى ئەلكترۆنى:**


١٩٧– الأكراد والمشكلة الكردية: (www. Almoqatel.com).
١٩٨– رزاق حمد العوادي، جرائم الحرب والعدوان اخلالا بالشرعية الدولية وانتهاكا للقانون الدولي الانساني: (http://www.ahewar.org).

١٩٩- اولف بالمه:

(http://www.mnaabr.com/vb/showthread.php?t=26468&page=4)

٢٠٠- التطور التاريخى للوحدة الاوروبية (www.almania-info.diplo).

٢٠١- دەقی چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی ڕۆژی وڵات لەگەڵ دیار غەریب:

(ww.pcdk.org)

**202- Jîana Kemal Burkay (www.kurdistan.nu).**

**203- Ismet G Imset, The PKK Freedom Fighter or Terrorists, December 7,1995 (www.Kurdistan.org/Articleslismet.htm).**

**204- 1998 April 13 ,Press Release , Political Bureau of KDP on Today's Abduction of Shamdin Sakik in Iraq Kurdistan by Turkish Special and Airborne Forces(www.kdp.pp.se).**

**205-Turkey Human Rights Developments: (www.hrw.org/legacy/reports/1990/WR90/HELSINKI.BOU-04.htm%e2%80%8e).**

**206- Mijar, Gelo kevneşopên PDK - KUK ê û xebatkarên PDK - BAKUR ji hevdu çi dixwazin?, Thursday, 27.April 2006 (http://www.pdk-xoybun.com).**

**207-Doğu Perinçek:( http://www.kimkimdir.gen.tr/kimkimdir.php?id=2648).**

**208-Sosyal_Demokrasi_Partisi : (tr.wikipedia.org/wiki/Sosyal_Demokrasi_Partisi).**

**209-Halkçı Parti: (tr.wikipedia.org/wiki/Halk%C3%A7%C4%B1_Parti).**

**210- Tansu Çiller: (http://www.biyografi.net/kisiayrinti.asp?kisiid=278).**

**211- Guerrilla: (http://en.wikipedia.org/wiki/Guerrilla).**

# The Kurdish Issue in Turkey In the Years (1980-1999)

**Prof.Dr.Jabar Qadir Ghafur**